
خاوەنی ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**

سەرنووسەر
**ئازاد عەبدولواحید**

بەڕێوەبەری هونەری
**سەرکەوت وەلی**

مۆتیڤ و پۆرترێت
**قەرەنی جەمیل**




١٠٦

**مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە**

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ساڵی دەیەم/ ئادار ٢٠٠٦**

---

**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەلاحەدین**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**فاکس /** 00448701358681
**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**
**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**
**نرخ ٧٥٠ دینار**

**لۆگۆ**
**ئاسۆ مامزادە**

# ناوەڕۆکی


● **سەروتار**

- پاراستنی زمانەکەمان لە ئەستۆی کێ دایە؟/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

- یادی شەوێکی زستانی ۱۹۷۳ - ۱۹۷٤/عەبدوڵڵا پەشێو/ 4
- ئاوێنەکانی خوێن/ هەندرێن/ 5
- بەهاریش دەستی لە کوشتنی گوڵدا هەیە/ مەوجوود سامان/ 8
- پەیام/ د. فوئاد ڕەشید/ 10
- قوتابخانە و برادەرەکانی/ لە ئینگلیزییەوە: مەحموود ئیبراهیم پێماڵکی/ 11
- خەون و چاوەڕێبوونی «ئەو»ێک/ یووسف عزەددین/ 13
- گوڵە وەنەوشەکانی پەری دەریایی ئورمیا/ شێرکۆ جیهانی/ 16
- نازانم چی ناوبنێم/ فەوزیە سوڵتان بەگی/ 19
- من لە دایک نەبووم تۆ چی؟/ سەدرەدین ڕەسووڵی/ 21
- گیلەمەرد/ لە فارسییەوە: بێهرووز ڕەحیمی/ 22
- سیتافک/ زیاد عابد/ 32

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ نووسەر و ڕەخنەگری لاو (ڕەهبەر مەحموودزادە)/ ئا: عەبدولخالق یەعقووبی/ 36
- دیمانەیەک لەگەڵ شاعیری لاو (زانا خەلیل)/ ئا: د. سەروەر عەبدوڵڵا/ 49

● **لێکۆڵینەوە و ڕەخنە**

- شاری مۆسیقارە سپییەکان و شالیسێک لە ئاگر/ هاشم سەراج/ 57
- ڕۆمان بە واتای ژانری ئەدەبی و دامەزراوی کۆمەڵایەتی/ لە فارسییەوە: عەتا جەمالی/ 76

● **چیرۆکێک و دوو خوێندنەوە**

- چیرۆکی مەزادخانە... مستەفا شێخە/ خوێندنەوەی: عەبدولخالق یەعقووبی- کەمال حەسۆ/ 84
- ئیگزیستێنتیالیزم یان فەلسەفەی بوونگەرایی/ عەبدولقادر عەزیز سەعید/ 89

● **تیۆری ئەدەبی**

- زانستی ئەدەبی بەراوردکاری/ ئا.و: د. کەمال مەعرووف/ 102

● **وتار**

- شیعر و ئەزموون: پیاوێک پڕ لەوشە/کۆسار ئەنوەر/108
- پوختەیەکی مێژووی کورتە چیرۆک/ هیدایەت جان/ 111
- هارۆڵد پینتەر دۆستەکی دێرین و خەلاتێ نۆبل/ ئەحمەد قەرەنی/ 114

● **ئەزموون**

- یەکەمین کتێبی خۆمم چۆن نووسی و بڵاوکردەوە/ د. فەرهاد پیرباڵ/ 118

● **هزر و فەلسەفە**

- لە دانایی میللی ئاکارەوە بۆ میتافیزیکی ئاکار/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 123
- پۆست کۆلۆنیالیزم/ لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی/ 136
- مافی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی ژن لە دەقەکانی کۆنینەناسیدا/ لەیلا ساڵحی/ 145
- دروستبوونی کەسایەتیی مرۆڤ/ نەوزاد کەلهوڕ/ 150
- تێزی کۆتایی مێژوو لەنێوان فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیادا/ لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل/ 153

● **مێژوو - کەلەپوور**

- سەقز و سەکا/ عومەر عەبدوڵلابەگی/ 162
- قوربانی لە میتۆلۆژیادا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 170

● **هونەر**

- ڕەوتی ڕیژیسیۆر/ د. فازیل جاف/ 174
- قەیرانەکانی موزیکی کوردی بەرەو کوێ؟/ زۆزک قەرەداغی/ 180
- وێنەی ڕۆژنامەنووسی لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا/ فارس سەعدی/ 183

● **خوێندنەوەی کتێب**

- ناوم بنێن ماڵەوە/ لێدوانی: کەمال غەمبار/ 186
- کۆمەڵگەناسی کارگێڕی هۆزایەتی/ لێدوانی: عەباس سلێمان سمایل/ 190

● **مێزگرد**

- ئینستالەیشن و پرۆژەی هونەری لە کوردستاندا/ ئا: کامەران سوبحان/ 194

● **ڕیپۆرتاژ**

- حەوتەمین فیستیڤاڵی چیرۆک لە بانە/ ئا: مستەفا شێخە/ 200

● **ئێستێک**

- دەوڵەمەندیی ئەدەب و دەسکورتی ڕەخنە/ سەعدوڵڵا پەرۆش/ 208

سەروتار

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# پاراستنی زمانەکەمان لە ئەستۆی کێ دایە؟

* کەم کەس هەن هەستی نەتەوەییان هەبێ و نەتەوە و نیشتمانی خۆیان خۆش بوێ، بە هەمان ئاست زمانی نەتەوەی خۆیان خۆش نەوێت و گرنگیی پێ نەدەن. زۆر ڕاستییان وتووە کە (زمان) بڕبڕەی پشتی نەتەوەیە، چونکە زۆر نەتەوەی بچووکی ئەو دنیایە لەپاش نەمان و توانەوەی زمانەکەیان خۆشیان وەک (نەتەوە) توانەوە و چوونە گۆشەی لەبیرچوونەوەوە. باوک و باپیران و دایک و داپیرانی ئێمە زۆر بە پەرۆش و خەمخۆرانە ئەو زمانەیان بۆ گەیاندینە ئەمڕۆ و نەیانهێشت بفەوتێ، بەڵام داخەکەم ئەمڕۆکە نەتەوەیەک لەو دنیا پان و بەرینەدا نابینین بە قەدەر ئێمە بەرانبەر بەزمانی زگماکی خۆی کەمتەرخەم و بێباک بێت.

* داهێنەرانی نەتەوەکانی دنیا پێش هەر شتێ شانازی بەزمانی نەتەوەکەی خۆیانەوە دەکەن، وەک چۆن داهێنەرە مەزنەکانی بواری «شیعر»ی لای ئێمەش خۆیان بەزمانی نەتەوەکەیان هەڵداوەتەوە. حەزرەتی (نالی) دەڵێ:

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە
(نالی) ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە

دیارە (نالی) لە کاتێکدا ئەوەی نووسیوە کە زمانی کوردی لەژێر دەستوپێی زمانی نەتەوەکانی سەردەستە بووە کە بە چاوێکی نزمەوە تەماشای زمانی کوردییان کردووە و بەبێ نموودیان زانیوە و گوایە داهێنانی گەورەی پێ نانووسرێ شان لە شانی داهێنانی زمانەکانی ئەو نەتەوانە بدات، بۆیە هاتووە تەپوتۆزی لەسەر زمانی نەتەوەکەی تەکاندووە و (زوبدەی مەتاعی حیکمەت)ێکی لەو شیعری کوردییە دروست کردووە کە (حەرفی بە گەوهەرێک) هەرزان بێ وەک شێخ ڕەزای نەمر دەڵێ. ئەوجا خۆی و هاوەڵانی بە دەیان شاکاری نەمریان بەو زمانە نووسی و تەحەدای ئەوانیان پێکرد و سەلماندیان ئەو زمانە هیچی لە زمانی وان کەمتر نییە، بۆیە (حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە).

* ئەو زمانەی ئەمڕۆکە پێی دەدوێین و پێی دەنووسین و بۆمان ماوەتەوە، ئەو زمانەیە کە هەزاران ساڵ پێش ئەمڕۆ هەبووە و ڕووبەڕووی هەموو هەورازێکی سەخت و ڕۆژگارێکی ڕەش و پڕ وەیشوومە و فەرامۆشی بووەتەوە، بەمەشەوە نەک هەر پارێزگاری لە بوون و مانەوەی خۆی کردووە، بگرە ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش پەرەی سەندووە و نەشونمای کردووە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم و قۆناغەکان ڕۆیشتووە و کاژی خۆی فڕێ داوە و خۆی نوێ کردووەتەوە. مانەوەی ئەو زمان و فەرهەنگی زمانە دەوڵەمەندە بەو شێوەیەی ئەمڕۆکە لەبەردەستمانە بۆ خۆی بەڵگەی زیندوویی زمانەکە و نەتەوەکەمان دەگەیەنێ، دەنا بە گوێرەی پلانی ڕەش و شێواندنی گێرەشوێنان بوایە کە ناحەزەکانی ئەو نەتەوەیە بەسەریاندا هێناوە، دەبوو زۆر لە مێژە ئاداری بەسەر پادارەوە نەمێنێ.

* ئەمڕۆکەش خەمخۆرانی زمانی کوردیی زۆرن کە بەردەوام لە نووسین و گفتوگۆیەکانیاندا باسی کەمتەرخەمی بەرانبەر بەو زمانە دەکەن و داوای پاراستنی دەکەن، بەڵام ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە: ئەرکی پاراستنی ئەو زمانەمان لە ئەستۆی کێ دایە؟ کە ڕۆژی سەد جار زمانی کوردی فەلاقە بکرێ کێ داکۆکی لەو زمانە بکات؟ ڕۆژانە هەر لەتابلۆی سەر دوکان و بازاڕەوە بیگرە تا دەگاتە تابلۆی نووسراوی سەر بینایەی داوودەزگایەکان، تەنانەت تا بە نووسینی تابلۆی نووسراوی سەر داوودەزگا ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکان دەگات، دەپرسین: کێ لەم پاشاگەردانییە بەرپرسیارە؟ بەرنامەکانی خوێندن پڕاوپڕن لە هەڵە و پەڵەی زمان و هەر کەس بە ئارەزووی خۆی وشە دادەتاشێ و زاراوە دادەنێ، نووسەر و شاعیر دەق دەنووسن و کوردیی نازانن، (پسپۆڕە!) لە زمان و ئەدەبی کوردی و لە زانکۆ نەوەیەک پێدەگەیەنێ و زمان و ئەدەبی کوردی دەڵێتەوە، بەڵام کوردی نازانێ! تەنانەت جاری وا هەیە فەرهەنگ دادەنێ، بەڵام بۆ ڕستەیەکی کوردی کە بەزمانێکی سفت و ڕەوان نووسرابێ دەچێ بە حەوادا. ئەگەر ئەمە کەمتەرخەمی و سووکایەتی بە زمانی کوردی، نەبێ ئەی چی ناوبنێین؟

* هەر کەسێک دێ و خۆی لە بەرپرسیارێتی خزمەتکردنی زمانی زگماکی خۆی دەدزێتەوە و ئەرکی پاراستن و خزمەت کردنی ئەو زمانە بە ئەرکی خۆی نازانێ، لە کاتێکدا ئەرک و بەرپرسیارەتییەکە هی هەموو لایەکمانە، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەرکی یەکەمی دەزگایەکی زانستی و ئەکادیمی وەک (کۆڕی زانیاری کوردستان)ە کە دەبێ خزمەتکردنی زمان و فەرهەنگ و دانانی ئینسکلۆپیدیا بێ، نەک خۆی بە شتی لاوەکییەوە خەریک بکات. پاشان ئەرکی هەردوو وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردەیە، هەروەک چۆن ئەرکی هەموو نووسەران و ڕۆشنبیرانە، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەرکی سەرشانی (پەرلەمان کوردستان)ە کە بە یاسا ئەو زمانە بپارێزێ، بۆیە پێویستە هەرچی زووە لیژنەی ڕۆشنبیری ناو پەرلەمان بەسوود وەرگرتن لە یاسای پاراستنی زمان کە میللەتانی دنیا بۆ خۆیان دایانناوە، ئەوانیش پرۆژەی یاسایەک گەڵاڵە بکەن و پێشکێشی پەرلەمانی بکەن تا چیتر ئەو زمانە بە خەمساردی لە گرێژەنە نەچێ و بەو دەردە نەبری کە براوە.

* ئەو نووسەرەی زمانی نەتەوەکەی خۆشدەوێ و لە غەمی پێشخستنی دایە، دەبێ پێش هەموو کەس خۆی بە کوردییەکی جوان و بێ گرێ و گوڵ بنووسێ، بەرلەوەی بەرهەمەکەی بۆ گۆڤارێک- ڕۆژنامەیەک بنێرێ، یان نامیلکە و کتێبەکەی لە چاپ بدات چەندین جار بە زمانەکەی خۆی دابێتەوە، ئەو جۆرە نووسەرانەش نەک هەر حسێب بۆ زمانی پاراو، بگرە بۆ مۆسیقا و زەنگی وشەکانیش دەکەن کاتێ لە تەنیشت یەکترەوە دایاندەنێن، ئەگەر خۆشی ئەوەی پێنەکرا ئەوە دەکرێ بیداتە (زمانزانێک) تا بە زمانەکەیدا بچێتەوە، هەروەک چۆن پێویستە لە هەموو دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە و گۆڤار و ڕۆژنامەیەک (زمانەوانێک) هەبێ ئەرکی پێداچوونەوە و چاککردنی زمانی نووسینی ئەو نووسەرانە بێ وا بەرهەمیان بۆ دەنێرن، کە دانانی (زمانزان) زیاتر بۆ دڵنیایی و سەلامەتی زیاتری نووسینی کوردیی ئەمڕۆیە و نابێ هەرگیز پشت گوێ بخرێ.

* گۆڕەکەت پڕ لە نوور بێ مامۆستا شوکور مستەفا کە بارتەقای دەزگایەک بەتاقی تەنێ کارت دەکرد و پرۆژەت لەبەردەست بوو، وەک لاوێکی خوێن گەرم پرۆژە دوای پرۆژەت دادەمەزراند و دواجار کە نائومێد بووی ئەو دەزگا و مەزگایانە لە قسە و خۆهەڵکێشان زیاتریان پێ ناکرێ، هەر خۆت شانت دایە بەر دانانی فەرهەنگێکی گەورە و فراوانی کوردی- کوردی و ئاگام لێ بوو کەوتیتە (کارت) دروست کردن بۆ ئەم پرۆژەیە و هەموو فەرهەنگە کوردییەکانیشت بۆ ئەو مەبەستە کۆکردەوە تا ئەو شاکارە جێ بەجێ بکەی، بەڵام مەرگی ناوەخت مەودای نەدا تەواوی بکەی.

* ڕەحمەتیی مامۆستا شوکور مستەفا لەگەڵ ئەو هەموو کوردیی زانیبەی خۆی کە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردیی دەزانی دەیفەرموو: من ئێستاش هەموو ڕۆژ نیو سەعات لەسەر ئەژنۆ دادەنیشم و شەرەفنامەکەی مام هەژار کردوویە بەکوردی دەخوێنمەوە، زۆر لە ڕستە کورت و چڕ و پڕەکانی ڕادەمێنم، تا بزانم چۆن ئەو ڕستانەی داڕشتووە و ئەو وشانەی چۆن و لەکوێدا بەکارهێناوە؟ سەرەڕای ئەوەش کە مامۆستا شوکور مستەفا خۆی بە فەقێیاتی و مەلایەتی، بە دەربەدەری و خۆشاردنەوە کەم گوند و شار هەبوو نەگەڕابێ و لە شێوەزاری ناوچەییان وردنەبووبێتەوە، بەڵام دەزگای ئەکادیمی وامان هەیە ئەندامەکانی پێڵاوەکانیان تۆز و گەردی ئەودیوی جادەی قیری نەگرتووە، کەچی ئەگەر سەری زمانت سووتاو خوانەخواستە ڕەخنەیەکت لێیان گرت، ئەوە لە جیاتی ئەوەی گوێت لێ بگرن و بکەونە خۆیان و گورج بینەوە، دەچن کۆبوونەوەت لەسەر دەکەن، بۆیە ئەگەر بە تەمای ئەوانە واز لە زمانی کوردی بهێنین دەبێ فاتیحایەک بۆ زمانی کوردی بخوێنین.

سەرنووسەر

# یادی شەوێکی زستانی
# ١٩٧٣ - ١٩٧٤

عەبدوڵڵا پەشێو
(فینلاند)

بیستووتە بەفر
ئاگر بەرداتە شەوێکی خامۆش،
کراسی لە گوڵ بۆ شەو بدوورێ،
بۆن و بەرامەی خوێن بێنێتە جۆش؟!

بەسەرهاتێکی ئاوام لە یادە:
شەوێکی ساردی چلەی زستان بوو،
لە کەنارێکدا،
کە ڕایەخ زەوی و بنمیچ ئاسمان بوو،
بە داگیرسانی
دەماری جووتێک جەستەی تێکئاڵاو
بەفری نیوەشەو
ببوو بە مێرگ و مەفتەنی هەتاو!

٢٠٠٣/١١/٢٦
(هێلسنکی)



# ئاوێنەکانی خوێن

هەندرێن
(سوێد)

١

چراکان وا بەدەم هەناسەی مەنفاوە دەکوژێنەوە.
شوێنەکان وا بەدەم پیتەکانی بیرکردنەوە ڕەش دەبنەوە.
نالەی ئەو شەمەندەفەرانەی کە ناگەن بە کۆتاییەک
کتوپڕ بەسەر دەریاچەی **Soderbysjo** دا
دەکشێن و بێدارت دەکەنەوە.
بایەکە بە پیاسە قوڕسەکانییەوە تەنکاوەکە دەورووژێنێ.
ڕوخسارێک وەک ناسیاو بێ و نەشیناسیتەوە، بەردێک
فڕێ دەداتە ناو یادەوەریتەوە.
بازنەکانی سەر ئاو لە ژێر پێڵووەکانت هەڵدەبەزن،
زایەڵەکان دەتبەن بۆ ناو دارستانێکی نادیار و
داربەڕووەکان دەبینی لەناو گۆمەکانی خوێندا زەوی
ژەنگڕێژ دەکەن.
مامزێکی سوور لە هەورازەکەوە بێباباکانە بەسەر
سێبەرێکدا باز دەدا، هەر دەڵێی شەبەنگێکی
بیرەوەرییەکانتە و لە چیای «هەورێ»دا باڵ دەگرێ،
ئێستاش وەک بارانێکی مردوو لە ژێر پێڵووەکانتدا
دەبێتە باوەشێک دڕکەزەردە و لەسەر لمی ڕۆحتدا
دەڕسکێن.
تۆ ناخێکی ڕاماویت و لە ڕاڕەوی چۆڵستانێکدا،
کات لە سەمتی ڕۆژێکی سەرقاڵ بە ناوەختییەکەی
دەچنێتەوە.
منداڵێک تا چاوبڕ کا بە ڕێچکەی ناو درەختەکاندا
غاردەدا.
بێدەنگی لەناو یەکەی خۆیدا دەپچڕێ و بەناو نادیاریدا



پەرش دەبێتەوە.
غەڵبەغەڵبێک بەرەو دواوە هەڵتدەگرێ:
ئایا دەگەیتەوە؟ ێ و ە ئـ
بەسەر پردی ئێستایەکی پەرتەوازەدا
تۆ گفتوگۆیەکی داگیرساوی و
ئاسۆ بە سێبەرەکەی داتدەپۆشێ.
وەک غەوارەیەک دەکەویە ناو دوودڵی ئێوارەوە.
لەو ڕێگایانە دەگەڕێی کە بە کۆچەکەت دەستیان پێکرد:
سارایەک دەڕژێتە نێو گیانتەوە.
خۆت بە سوڵە بچکۆڵەکانی باران هەڵدەواسی:
زریانێک لە دەستەکانتەوە دەردەچێ
کە لە ماڵی مەرگەوە هەڵیدەکرد.
شەو وەک هەورێکی ڕەماو
وا بەسەر چاوە ماتەکانی بوولێڵ کەڵەکە دەبێ.
ڕوخسارت وەک لە بیرچوونەوە وا بەناو ئاسماندا نقووم دەبێ.
لەبەردەم دوو ماوەی شەوکوێردا،
بیرکردنەوەیەک بۆ ناو بۆشاییەکانی جەستەت
وەسوەسە دەگوازێتەوە.
ڕادەچڵەکێی:
زیندەخەوێک بە ناو ڕەوتی داستانێکی ئابلۆقدراو ڕاتدەکێشی.
گوێت بۆ دەنگە نەناسراوەکانی نائاگایی شل دەکەی:
لە نەشوەی کۆتایی پەیڤینێکی نێوان مەرگ و خودادا دەسرێتەوە.
ئاوا ژیانیش دەست لە گیرفان لە شارەوە بۆ ماڵێکی ناچاوەڕوان دێتەوە.
تۆ خودێکی بێئۆقرەیت و مێژوویەک لە زەمانتدا گومڕا دەبێ.
هێشتا نە شەو بوولێڵی تەنیوەتەوە، نە ساراش قووتی داوی،
لە خۆرئاوابوون دەڕوانی:
بوویێک بەدەم لە دایکبوونەوە، یان مەرگەوە؟
ا د ە د ڵ گ ن گ
گەردوونیش وەک دایکێک بە ڕەنگی مانا باغچەکەی گومانڕێژ دەکا و پەردەیەکی سوور بەسەر خۆردا شۆڕ دەکاتەوە. دەنگێکی سەهەندەیت و لە ماوەکانی پێش مەرگ و پاش ژیاندا، سروودێک دەهۆنێتەوە، تا هاواری دەنگت بدرکێنی.
ماخولیایەک ڕامت دەکا و بە زەین ڕۆح دەپشکنێتەوە.
وەک باڵندەیەک کە وەرز پەنایەک بە کۆچەکەی نادا،
لە دوورگەکانی نیگەرانی نەبوون ئاڤا دەبیت.
مانگی سەرمەست بە سەربردەکانی شەهوەت
ڕامووسانی مەمکی زەریا،
بە دەست پیرێتی خۆیەوە ڕادەکا.

٢

زەوی وا ژێر پێیەکانت جێدەهێڵێ و
جەستەشت بەناو تاریکیدا تێدەپەڕێ.
پەپوولەیەکی هاوسەفەر، تاڵە تیشکێ بۆ گوڵی نیلۆفەرێک سواڵ دەکا، کە ژیان بە سزایەک گەمارۆی داوە.
وەک منداڵێتی تۆ لە نابینایی خەیاڵ و ئێشە دەرکنەکراوەکانی ماڵەوە، بەنێو کەڤرە ڕووتەکاندا سەرهەڵدەگرێ.
ورد دەبێتەوە:
سەرابێک بە بەر چاوتەوە دەچرپێنێ!
دەتەوێ بە دەستت دەمارە لەرزیوەکانت هێور بکەیتەوە:
عەدەمێک بە سنگتەوە دەناڵێنی.
تۆش لە ماڵە پەرتەکەتدا ڕاوەستاوی:
ڕووناکییەکی مەییو لەگەڵ ژوورەکەتدا یەکت دەخات.
هەروەک یادەوەریت بەدیار داربەرووی لە خوێن خلتاو،
یان بەدەم شکانی بێدەنگییەوە لە دەستدابێ،
لەناو بۆشایی ژوورەکەتدا بە دوای ئاگاییەک دەگەڕێی.

ئێستای پەنگخواردوو دەتوێتەوە و ڕابردووش دەبێتە
دەقیقەیەک ناخت ڕادەگرێ.
تەلەفۆنەکەش ژیان نادوێنێ.
خانووەکان سێبەر دەوەرێنن.
بشێ ئەم شارە چۆڵ بووبێ، یان دەمی پەیوەندییەکان
کلیل؟ ن ب ا ر د!
بەرەو پەنجەرەکە دەچیت:
بۆنی شەو لێت نزیک دەبێتەوە.
فەرامۆشییەک بەناو دەمارەکانتدا پەل دەهاوێژێ،
شەویش لە ژێر تەمی تریسکاوەی مانگدا ڕاوەستاوە،
ئەستێرەیەکی خۆڵاویش، وەک ئەو پەیڤەی کە بەدەست
بڕیارێک عاسێ بووبێ، بەناو جەنگەڵی پەراسووەکانت
دەجمجمێ.
زرینگانەوەی گەڵایەک لە ژێر پاسارییە خەو لێزڕاوەکەی
هاوسێم، دەخزێتە نێو کەشتی دڵمەوە.
بە ڕامانەوە بۆ زەوی دەچەمێیتەوە:
ساردییەک لە لۆچەکانی ڕووتدا دەچۆڕێتەوە.
چەقۆیەک تووڕ دەدەیتە ناو گۆماوی بێدەنگییەوە:
تەرمێک بەسەر شانی کۆڵانێکەوە،
وەک کەشتیەوانێکی کارکەنار،
لە بورجەکانی زەریای ژێر کازیوەی مانفا دەڕوانێ.
بەرەو دواوە هەنگاو دەنێی:
گەرمییەک بە قاچەکانتەوە دەئاڵێ و
شنەیەک لە قووڵاییەکانی جەستەدا، ختووکەت دەدا.
ڕوخسارت دەخەیتە نێو لەپەکانتەوە،
تارماییەکی ڕاسکاو لە ئاوێنەی خوێنی سەر عەردی
ژوورەکەتدا، خۆی دەنوێنێ.
دەبا لە ڕەگەکانتەوە،
بەناو ئەم ژوورە خنکاوەی ناو کتێبە لاڵەکانی
بیرەوەریتەوە:
بەناو مێژووی نەبینراو و
بەناو ئێستای پەرتەوازە و
بەنێو نامۆیی بە ڕۆژژمێرەکان و
بەنێو تاریکی تیشکەکان و
بەسەر لمی ڕۆحتدا،
خوێن بڕژێ و
ژان کۆچ بکا و
پەیڤین لەگەڵ مەرگدا ئاشنا بێ و
ئەم عەدەمەش شوێنێکت پێببەخشێ.
تا دەبینی، ئەم مەنفایە هێشوو هێشوو لێتەوە
بەردەگرێ.
تا دەزانی، ئەم ناخە ڕاماوەت شەپۆل شەپۆل بە ناوتدا
سەرهەڵدەگرێ.
ئەو کاتەی تۆ لەبەردەم نیوەشەوێک، سەرایی
ئاژاوەیەکی خپکراو و
غەوارەیەکی ساراگری:
خەونەکان بەناو دەنگتەوە دادەڕمێن،
دەنگەکان بەناو خەونەکانتەوە ڕادەسێن.

١٩٩٩/٧
ستۆکهۆڵم

# بەهاریش دەستی لە کوشتنی گوڵدا هەیە

مەوجود سامان



ئەو بوو وای کرد گوڵەکان ڕێ ون کەن
لەسەر میراتی باخچە ڕێک نەکەون
بکەونە ژێر هێرشی بەفر و دەمە سوێرەکەی دڕک و شمشێر
گوڵەکان، ئەوەندە نەفام و ساویلکە بوون
خۆیان بۆ ئاهەنگی مەرکانەکانی جەهەنەم ڕازاندەوە
بەهار وادەی پێدان وەک دایکێکی سروشتی
هەتا شوو نەکەن جێیان نەهێڵێ...
چونکە جەنگ، جەنگی گوڵەکان لە هیچ پێشبینی و
لاپەڕەیەکی کتێبی مێژوودا چاوەڕوان نەدەکرا!
هەڵگیرسا، کە هەڵگیرسا
گوڵ بوو گوڵەکانی باخچە و هاوسێکانی دەفرۆشت
گوڵ بوو دۆستەکانی خۆی دەناردە دادگاکانی پشکنین
گوڵ بوو پێڕانەدەگەیشت بەو هەموو ڕاپۆرتە سپییانە
بەهاریش لەولاوە زۆر بێبەزەیی و بەفیزەوە
بە مۆم یاداشت و بەڵێنەکانی بە دەم خەندەیەکی
ساردەوە دەسووتاند..
تا وای لێهات گوڵ لە گوڵ هەڵدەهات
«شیزۆفرینیا گوڵستانی گرتەوە»
گوڵ هەبوو سەری هەڵگرت بۆ نادیاری، ئێستاش
ئەدرەسەکەی نەدۆزراوە
گوڵ هەبوو لە ئینجانەکاندا تەسلیم بەژوورە
بێ پەنجەرەکان بوو
گوڵ هەبوو لە نێو بۆن و عەتری خۆیدا خۆی کوشت
گوڵ هەبوو یادەوەری خۆی لە دەست دا و لە ژێرەوەی
ژیان
هەموو عومری بەسەر برد
گوڵ هەبوو ناو و ئاوەڵناو و ڕاناوی خۆی گۆڕی

گوڵ هەبوو بێ پەنا و پەرتەواز ملکەچی جەللاد بوو
گوڵ هەبوو کاڵفام و بێ ئەزموون لەگەڵ یەکەمین (با)ی
کارەسات
تۆبەی کرد و وازی لە گوڵێتی هێنا
گوڵ هەبوو لە دەمی هیچ بولبولێک چرپە و ئاواز و
سترانی نەبیستبوو
یەکسەر بە گەڵ مارشی سروودی نیشتمانی کەوت
گوڵیش هەبوو وەک هاجەر
دەخرایە هەر تابلۆیەک بۆ سپێدە جیهانێک ڕەنگی
سەمەرەی
لە دوای خۆ جێ دەهێشت
هەشبوو گوڵە یووسف دەخرایە هەر چاڵێک زیاتر
جوانیی لێ دەنیشت
هەشبوو مەریەم گوڵ کە گەمارۆ دەدرا شەوانە
خاچە گوڵینەکانی دەباراندە سەر زارۆکەکەی
هەشبوو گوڵ بێجان بە تاقگەی خەندە و خوێن
دڵنەوایی دەبەخشیە گوڵە فیراریيەکان
وەرزی قیامەتی گوڵاڵەکان زەمەنێکی ئێجگار درێژی
خایاند
بەڵام لە پڕ هەڵپرووکا... هێدی هێدی بەسەرچوو
گوڵەکان یەک یەک، دوو دوو
گەڕانەوە ماڵەوە و ئاوێزانی باخچەکانی خەون بوون
هەتاو و عەتر ڕژایە نێو ڕۆح و ڕوخسار
پایز بەشەرمەوە پێشوازی لێکردن
هاوین سەری کز دانواند بۆ گەمژەیی و بێ ئاگایی
زستان تا ئەم ساتەش سەرسام ببوو، نەیدەزانی چ
پۆزشێ بهێنێتەوە
بەهاریش درەنگ زۆر درەنگ
ئاخێکی پڕ لە برینی هەڵکێشا (گوایە ئەو مەبەستی
نەبووە گوڵ تەفرە بدرێ)
ئیدی حیکایەتی گوڵ بووە وێردی وەرزەکان
حیکمەتی مناڵ بوو ئەرکێکی پێویست لە قوتابخانەکانی
بوون
دەبوا ڕۆژی چەندان جار
لە جادە پارک و پەیژە ئاوییەکانی ئاسمان بخوێندرێ
زەمەن هات و چوو گوڵ فرۆشتن، گوڵ کوشتن نەما
گوڵ هەموو ئەم دنیایەی داگیر کرد.

# پەیام

د. فوئاد ڕەشید
(کەرکووک)

له گەنجێکەوە بۆ گۆچانێک
چ زوو خزایتە بن پەنجەی خەونەکانمەوە

* * *

لە ڕەنجاوێکەوە بۆ ژیان
لەسەرە مەرگیشا ئاشتمت نەکردەوە

* * *

«لە کوژراوێکەوە بۆ گوللەیەکی وێڵ» (١)
نیوەمت ڕچاند
نیوەکەی ترمت بەگڕی
فیراق سووتاند

* * *

لە (قوباد)ەوە بۆ (دیلان)
چۆن پێت بڵێم بەرەو ئێرە هەڵتووتێ؟
ئەوە (ڕەز) نییە ئێستا
مەیلی نێوان خەڵک و خاکە
وا ئەسووتێ(٢)

* * *

لە (پیرەمێرد)ەوە بۆ کلیپکارانی
خانووە بێخودانەکەی (خانی):
«ئێمە قەومێکین وا لەژێر بارین
حەیفە ئەوەندە خەریکی یارین»(٣)

* * *

لە (هێمن)ەوە بۆ کوڕوکاڵی ئەنفالستان:
«ئەم هەوەسبازانە جێێ متمانە نین
هەر دەزانن گوڵچنین و بەی ڕنین»(٤)



پەراوێزەکان:
(*) شێوازی داڕشتنی ئەم چەند برووسکە شیعرە کە لەسەر بنەمای دواندن و پەیام ناردن دامەزراوە، لە دەقی (بەشێک لە برووسکەکانی ژیان)ی (بورهان ئەحمەد)ی شاعیر وەرگیراوە.
(١) دێڕە شیعرێکی (بورهان ئەحمەد)ی شاعیرە.
(٢) زادەی خوێندنەوەی دەقی (فشیەکی ڕەحمەت)ی قوبادی جەلیزادەی شاعیرە.
(٣) دێڕە شیعرێکی (هێمن)ی شاعیرە.



# قوتابخانه و براده‌ره‌کانی

وینسرۆپ ماکویرس پراید (۱۸۰۲- ۱۸۳۹)
له ئینگلیزییه‌وه: مه‌حموود ئیبراهیم پێماڵکی

دوازده ساڵ پێش ئێستاکه گاڵته‌م به
بازرگانی و ئاڵوگۆڕی ناپه‌سه‌ند ده‌کرد:
سێ خشته‌کی به‌چێژم نووسیوه
به‌شه‌قامه‌کانی «ڕۆماوترووی»م زانیوه،
ناخۆشی و ڕق و کینه‌م چه‌شتوون، -
دوازده ساڵ به‌ر له ئێستاکه منداڵ بووم،
منداڵێکی به‌ختیاربووم له «درۆری».
دوازده ساڵ به‌ر له ئێستاکه چه‌نده‌ها
بیری ئه‌شکه‌نجه‌و خۆشی ڕابوردووم به‌سه‌رداهاتوون
ئه‌و که‌سانه‌ی چه‌ند شتێکیان به گوێدا سرکاندووم
هاتۆته‌وه گه‌نجینه‌ی بیره‌وه‌رییه‌کانم!
کێڵگه‌کان، ده‌رماڵه‌کان(۱)، ڕیکته‌کان، کتێبه‌کان،
شکۆدارییه‌کان و شوورهییه‌کان،
ده‌نگی براده‌رانی ئازیزم، ته‌ماشای
ده‌موچاوی ئاسایی!
مه‌یته‌ری میهره‌بان(۲) دیسان زه‌رده‌خه‌نه‌ی پێم دێتێ،
به‌هه‌مان ئه‌ودەم و چاوە دره‌وشاوه‌ی کاتێک لێک
جیابووینه‌وه؛
دیسان واده‌رده‌که‌وم که مرۆڤێکی قسه له ڕوو
سه‌ربه‌ست بم،
تێکسڕماو و دڵپاک
به‌شوێن هه‌موو خه‌ونێکی بێهووده‌دا ده‌چووم،
خۆم له هه‌موو مه‌ترسیه‌ک وه‌دوور ده‌خست؛
هیچ کارێکم نه‌بو ته‌نها ئه‌وه نه‌بێ بچمه ڕوباری
«بۆڤنی»،
هه‌رگیز سه‌رمام نه‌ده‌بوو له به‌یانییه درێژه‌کاندا نه‌بێ:
ئێستاکه تۆپی ڤیرۆن ده‌وه‌ستێنم

کە بە وێنەی ساروخ دەیوەشێنێ؛
ئێستاکە پەنیرو قەیرغەی مەڕ دەخۆم،
ئێستاکە لە دەفری مسدا دەخۆمەوە،
ئێستاکە لەسەر خەندەکی چاڵقی بازدەدەم،
ئێستاکە بە مامۆستاکەم پێدەکەنم.
برادەرەکانم لە کوێن؟ من تەنهام؛
هیچ برادەری یاریم نییە هاوبەشی یاریم بکا:
هەندێکیان لە خوار کورسی حەوشی کەنیسە پاڵ
کەوتوون،
هەندێکیان بەرانبەری میکروفۆنن؛
هەندێکیان تراژیدی دەنووسن،
هەندێکیان ڕەندە دەنووسن،
هەندێکیان شمشێر هەڵدەکێشن بۆ سەربەستی،
هەندێکیان بۆ جۆن دۆ دەعوای دادگا جێبەجێ دەکەن.
تۆم میل چاوەکانی دەرێژێ
بێ ئەوەی لە کوڕەکان سڵ بکاتەوە؛
چارلز میدلار نەفرەت لە چەند ساختەیەک دەکا،
بەهەمان چەند نەفرەت لە پیشەکانی ساختەش دەکا؛
ئێستاکە میل دادوەرێکی وردبینە،
کاروباری زەوی و زارەکەی ڕێک دەخا، و
لاقی مێدلەر لەژێردەریا لوشی ئەتلانتی پان و بەرین
ڕاکشاوەو نەدۆزراوەتەوە.
نیکی وشکە تەبیات کە کاروباری دوکتۆر مارتێس دەکا،
سوێندەکانی زۆر دەنگیان داوەتەوە؛ و
میولێۆن بەو چەناگە ناشیرینەیەوە،
کچێکی جوان شووی پێکردووە؛
داریل حەفتە بەحەفتە دەخوێنێ
بۆل کە لە زمانی یۆنانیدا خراپە،
لە زمانی سویسریدا زۆر پسپۆڕە،
منیش ئێستاکە تەمەنم بیست و هەشت ساڵە؛-
کۆت و زنجیرە ساردەکانی دنیا منیان بەستۆتەوە؛ و
تاریکایی ڕەش لەسەر برۆم نیشتۆتەوە، و
چەند دیمەنی غەمباری دەوریان داوم:
من لە پەرلەماندا لە شوێنی خۆم دادەنیشم،
لەگەڵ زۆر کەسانی ساویلکەی تردا؛ و
سەرم لەسەر شەقامی جێرمین دادەنێم،
و لە بوودل(٣) مەشرووبی هۆک (٤) دەخۆمەوە.

بەڵام زۆر جاران غەم و پەژارەی ژیان
تووشی ژانەسەرم دەکا،
کاتێک خەیاڵاتی ژنم دەچێتە کەللەوە،
کاتێک ئەسپی کوێت چاوەڕوانی بەخەبەر هاتنمە
کاتێک خانم جەین لە دەستەملاندایە،
کاتێک کەفتان هەزارد گرەو دەباتەوە،
یاخود بیولیو چێشتی یەکەری (٥) لێنراو خراپ
دەکا،...
بۆ چەند ساتێک بیر دەکەمەوە و دەربارەی هەریەکە
لەو ئارەزووانە دەدوێم؛
ئینجا بە دوورو درێژی پیاسەیەکی شاعیرانە دەکەم، و
لە ساڵۆنی چاوەڕوانی بە لەرزە لەرزەوە دەڕۆم؛
ئاوات دەخوازم کە بمتوانییایە ڕابکەم
لە ماڵ و دادگاو پێشوازی،
لەو شوێنانەی ئیمرۆ کە پیاوانی ڕیشداری لێ
دەردەکەون
دەقاودەق منداڵانی «ئیتون»(٦)ی لێ گەورە دەبن،...
کە بمتوانییایە خۆم دابایە بەر خۆری منداڵی و
لەسەر گڵەباغی منداڵی شاییم کردبایە، و
سامانێکی زۆرم دەست کەوتبایە بەکێشەی یەک پاوەند،
ئەقڵێکی زۆرم دەست کەوتبایە بە تەپڵە سەرێکی
شکاوەوە، و
یاریم لەگەڵ سێرکایلز کردبایە لە کۆڵانی داچێت، و
بانگی هۆریسی بێریم کردبایە؛
خۆزگە دووبارە ببامەوە منداڵ،....
منداڵێکی بەختیار لە «درۆری».

پەراوێزەکان:

١- ئەو ئەرزەی لە خوار ماڵ دەکرێ بە شینایی
٢- ناوی کەسێکە
٣- ناوی شوێنێکە
٤- مەشروبێکی ئەلمانیە
٥- ناوی بەهاراتێکی هیندیە
٦- ئیتون: ناوی شارێکە لە ئینگلتەرە.

سەرچاوە:

English Verse. Volumeiv Scott to E. B. Browning.

# خەون و چاوەڕێبوونی «ئەو»ێک

**یووسف عزەددین**
**(سدنی- ئوستورالیا)**



پاش ئەوەی بە ڕێکەوت خۆم لەژێر گومەزێکی شووشەبەندا بینییەوە.. هەموو شتێک بە ئاسایی دەهاتە بەرچاو، هەر لە پانتاییە بێ کۆتاکەی نێو گومەزەکەوە.. یان چەشن و شێوەی ئەستێرەکانی ئاسمان.. بۆنی مێخەک و بوخوردو گوڵاویش، پێدەچوو تایبەتمەندییەکی ئەو شوێنە بێت جارجارە دەنگێکی ناسک بەچەشنی شنەبایەک هەستی فێنکی و ئارامی تێدا دەبزواندم. ساکاری و سادەیی شوێنەکە زیاتر بووە مایەی دڵنیاییم و بێ دوودڵی لێی ڕاکشام.

سەیرترین و نامۆترین ساتی ژیانم ئەو دەمە بوو کە پێڵووەکانم لێک ترازان.. لەجێی گومەز و ئەستێرە و بۆنی مێخەک، خۆم لەجێگەیەکی دیکەدا بینییەوە. هۆڵێکی فراوان و سپی؛ پەنجەرەیەکی گەورە دەیڕوانییە سەر دەریاو بەئاسانی نەوڕەسەکانت دەبینی.. تابلۆی کچۆڵەیەک، کە لەنێو چاڵە قەبرێکدا ڕاکشابوو، سەرنجی ڕاکێشام. گوڵی نێو ئینجانەکەم بۆ ساغ نەبۆوە؛ دەبێت ڕاستی بێت یان دەستکرد؟ لەسەر کورسییەکی بەرزو درێژ ڕاکشابووم.. لەوەدا بوو هەستمە سەرپێ کاتێک کەسێکی کەمێک بەتەمەن، لەبەر دەممدا قووت بۆوەو ئاماژەی بۆ سەدرییە سپییەکەی بەری کرد، تێگەیشتم لەوەی کە دکتۆرە.. یەک دوو ئاماژەی تریشی کرد.. بۆ

دەبێت قسە نەکات؟ پاش تاوێک ژنێکی پرچ سپی بەتەمەن گەیشتە لای، کە پێدەچوو کەسێکی نزیکی بێت.

دەمزانی باسی من دەکەن، بەڵام تەواو لە ئاماژەکانیان حاڵی نەدەبووم.. پاش تاوێک دکتۆرەکە بە تەباشیرێکی سپی کەوتە نووسین و تەختە ڕەشە کۆنەکەی کە بەو مەبەستە ئامادەکرابوو، سەرتاپا پڕی کردەوە.

بێ دوودڵی وتم: «تەواو لە نووسینەکەتان حاڵی نابم.. دەتانەوێت چیم پێ بڵێن؟ نەخۆشی چی؟ من بۆ لێرەم». ژنە پرچ سپییەکە تەباشیرەکەی لە دکتۆرەکە سەندو بە خەتێکی درشت نووسی: «تۆ لەنێوان هەموو خەوتن و هەڵسانەوەیەکدا.. حەزدەکەم پێت بڵێم، ئەو چاوەڕێیە!»

وەڵامم دایەوەو گوتم: «ئێوە باسی چی دەکەن، ئەو کێیە؟»

دکتۆر بە ئاماژەکردن بۆ خاڵێکی ڕەش کە لەنێو چاوانیدا بوو، تێی گەیشتم لەوەی کە دەبێت تێی بڕوانم.. کە بە ئاگا هاتمەوە لە کەنار دەریایەکدا ڕاکشابووم؛ گەرچی پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، دکتۆر قەناعەتی پێ کردم، کە لە هەمان ژوورەکەی پێشوودام.. یان دەبوو خۆم وا پیشان بدەم کە لەوێدام. هەر بۆیە گوتم: «ئەو چەپکە گوڵەی نێو ئینجانەکە چەند جوانە» ژنە پرچ سپییەکە وەڵامی دامەوە: «بەڵام ئەمڕۆ گوڵمان تێ نەکردووە».

هەر بۆئەوەی ئاراستەی قسە کردنەکە بگۆڕم، وتم: «ڕاست دەکەیت.. بەڵام تابلۆکە»... دکتۆرەکە وەڵامی دامەوە: «هیچ کاتێک لەم ژوورەدا تابلۆم هەڵنەواسیوە» گومانم لە ڕاستگۆیی دکتۆرەکە پەیداکردبوو.. پێدەچوو زۆر شتم لەبارەوە بزانێت و لێم بشارێتەوە؛ کاتی منداڵی و ڕابردووم تەواو وەبیر نەدەهاتەوە.

حاڵەتێکی سەیربوو.. پاش هەموو خەوتن و هەستانەوەیەک، خۆم لەنێو ژیانێکی نوێ و جودادا دەبینییەوە.. خۆم لەشێوازێکی دیکەداو لەجێگەیەکی نوێدا دەبینییەوە.. بەناوێکی جودا و کەسایەتییەکی نوێوە ناچار دەبووم کە ژیان ببەمە سەر.

هەروەک چۆن ئیش و کارو ناوی من دەگۆڕا، ئاواش ئیش و کارو ناوی کەسەکان دەگۆڕان.. هەنگاو هەنگاو پێم وابوو لەشتێک نزیک دەبمەوە.. پاش تەواو بوونی ڕێگە خۆڵاوییەکە شارۆچکەیەکی ڕووخاوم لێ وەدەرکەوت، هەر هەنگاوێکم زیاتر نزیکی دەکردمەوەو ڕوونترو ئاشکراتر ماڵۆچکە ڕووخاو و شوێن پردە دێرینەکانم دەبینی.. مێژوو مانایەکی سەیرو سیحراوی هەبوو.. ئێستای هەنگاوەکانی من و ڕابردووی ڕێگەو بەردو دارە ڕزیوەکان.. دەستەملانێی یەکدی دەبوون و شتێکیان دەدرکاند؛ شتێک کە لە چەندان وشە و دێڕ و خاڵ و فاریزە و نیشانەی سەرسوڕمان و پرسیار پێکهاتبوو.

شتێک کە ئەندێشە ئاسا لە زەینمدا جێگەیەکی بۆخۆی دەکردەوە.. شتێک کە ئۆقرەی پێ نەدەگیراو گینگڵی دەدا: «دەبوو بێتە دەر و بیدرکێنم» هەروەک ئەوەی لە زەمەنی ئەم هەموو شتە دێرینەدا ژیابێتم و ڕۆڵی سەرەکیم هەبووبێت. شارۆچکەیەکی بێدەنگ، شارۆچکەیەکی تەڵخ و خۆڵەمێشی، شارۆچکەیەکی سەیر و سەمەرە، لە هەموو ڕێگەکانەوە دەهاتمە سەریەک شارێگەی سەرەکی و لەوێشەوە ئیتر ڕێگەکە تەواو نەدەبوو.

حەوسەڵەی ژماردنی هەنگاوەکانم نەمابوو، لەنێوان زیندە خەون و واقیعدا بەدووی حەقیقەتێکدا وێڵ و عەوداڵ بووم. دەمزانی ئەوەش چەشنێکە لە خەون و زۆر ناخایەنێت. یەکەم ساتی ترازان و ونبوونم، لەودەمەوە دەستی پێکرد، کە نزیک دەریاکە بوومەوە، لەوێوە هەروەک ئەوەی کەسێک ڕێنومایيم بکات و ڕێگەم پیشان بدات.

ئاوا بەرەو دارستانەکە کەوتمە ڕێ و لەوێدا بەدەر لەویستی خۆم پێڵووەکانم لێک نا!

هەمــوو ئەو کــەســانەم دەهاتنە پێش چاو کــە پێشتر ناسیومن و لەگەڵیاندا ژیاوم؛ تەنانەت مردووەکـانیش.. ناو و شـێـوەی قـسـەکردن و کـەسـایەتـیـیـان جـیـابوو.. سـەرەتا منیـان نەدەناسییەوە، بەڵام دواجار، بێ ئاگایانە ڕۆڵی هەمـان ئەو کـەسـانەیان دەبینی کـە پێـشـتـر ناسیبووم.

بۆجارێکی دیکە، لە ژووری دکتـۆرەکەدا بە ئاگا هاتم.. ژوورەکەی تەواو لە گۆڕەپانی تۆپ تۆپێن دەچوو.. دووگـۆڵی بەرامـبـەر بەیەک و تۆپێک لە ناوەڕاستـا.. دکـتۆر جلی حەکـەمی لەبەردابوو؛ کـەسم نەدەبینی.. بەڵام هەروەک ئەوەی یـارییـەکی ڕاسـتـەقـینە بێت.. حەکـەم کـارتی سـووری دەردەهێنا، فـیـکەی لێـدەدا.. گـێـرمـەو کـێـشـەو ڕاکـە ڕاکـەی، هێندەی تر سەرنجی ڕادەکێشام؛ دەمزانی کە ئێستا دکتۆر پاش تەواوبوونی یـارییـەکـە، باشی و خـراپی یاریزانەکـانم لێ دەپرسێ، گەرپێی بڵـێم، لە تۆ زیاتر کـەس نـابینم، ڕەنگە تەواو بەشـێـتم لە قــەڵەم بدات.. هەر بۆیەو پاش تەواوبوونی یارییەکە بۆ خۆم دەست پێشکەریم کردو گوتم: «ئاگام لە هەموو یارییەکە نەبوو!؟»

دکـتـۆر بەزەردەخـەنەیەکی پڕ مـاناوە تێی ڕوانیم: «یاری چی؟ ئێـرە عـیـادەی تایبـەتی منە» نائومـێـدی و بێـهـوودەیی تەنگـیـان پێ هەڵچنیم و لە ناوەوە ڕا هەسـتم بە ڕووخـانی شتێک دەکرد.. بۆ تاوێک ڕوانیمە گۆشەیەکی ژوورەکـەو پاشـان بەتیلەی چاو تەمـاشـای دکـتـۆرەکـەم کـرد؛ لەنێـو دەفـتـەرێکی کـۆندا، وێنەیەکی دەرهێناو پیشانی دام؛ کە گوایە من و ئەوین و لە باڵیۆزخانەی وڵاتێکداین و پێش (١٥)ساڵ لەمەوپێش ئەم وێنەیە گیراوە. زارم هەڵهێناو گوتم: «بەڵام ناکرێت. من ماوەیەکی کەمە دێمە عیادەکەتان و ناشێت لەو زەمانەدا یەکـترمان ناسیبێت» دکتۆرەکە زۆر بە باوەڕ بەخۆبوونەوە گوتی: «ئەوەی دەیبینی حەقیقەتە دڵنیـــام لەوەی کـــە ئەم جـــارە وەیادت دەکەوێتـەوە.. ئەم حـاڵەتە دەروونیـیـەت بووە ڕێگر لەبەردەم جـێـبـەجـێکردنی کـارە نهێنییـەکەدا.. بەڵام پێدەچێت هێدی هێدی بێـتـەوە سـەرخـۆت.. پێش ئەوەی (ئەو) بەتەواوی تووڕەو کەللەیی بێت، دەبێت کارەکە بە ئەنجام بگەیەنیت». دکتۆرەکە دەمانچەیەکی لە چەکـمـەجـەی مـێـزەکـە هێنایە دەرو بە دوودڵیـیـەوە دایە دەسـتم... لەسـەرەخـۆ لێم پرسی: «بەڵام چی بکەم؟!» دکـتـۆرەکـە پاش تاوێک بێدەنگی و هەناسـە هەڵکێـشـانێکی قووڵ.. گوتی: «لە دوای ئەم ساتە وەختەوە خۆ گـێل کـردن فـریات ناکـەوێت... یان ئەوەتانێ پاش (٢٤) سـەعــات، ئەوەی کــە پێت ڕاسپێردراوە بە ئەنجامی دەگەیەنیت.. یان!؟

نەمتوانی هیچ بڵێم و هیچی لێ بپرسم؟!

پاش ڕامـــان و وردبوونەوەم لە پەڵە هەورە ڕەش و تووڕەکـان، هێندەیتـر زەینم کـوێربۆوەو ئەوەی دەشـــــزانی لەیادم دەچۆوە... زۆر بەخێرایی ساتەکان بەهەدەر چوون و زیاتر ئەو دەنگە ئاشنایەم وەیاد دەکـــەوتەوە: «دەبێت بیکوژی!؟»

لەبەرخـۆمــەوەو بەردەوام ئەم دێڕەم دووبارە دەکردەوە: «کێ بکوژم!؟»

هەروەک ئەوەی دکـتـۆرەکـە هەر لە نزیکمـەوە بووبێت و ئاگای لە هەموو شتێک بووبێت.. بۆ دواجـار گـەیشـتـە لام و هێـمنی کـردمـەوەو لەسەرەخۆ گوتی: «دڵنیابە لەوەی کە جارێکی تر بێزارت ناکـەین.. (ئەو) ئیـتـر هیـچی لەتۆ ناوێت، تۆ سەربەستیت..!؟»

لەوەدابوو کـە بپـرسم: «لەمـەودوا بۆم هەیە ئازادانە خەون ببینم؟!»

دکـتـۆرەکە هێدی و لەسەرەخۆ دەمانچەکەی لـەدەست دەرهـێـنـام و پـاش ئەوەی سێ چوار هەنگاو لەمن دوورکەوتەوە و گـەیشـتـمـەوە ئەو یەقـینـەی، کـە ئەسـتـەمـە جـارێکی تر خـەون ببینم!!؟

# گوڵە وەنەوشەكانی پەری دەریایی ئورمیا

شێرکۆ جیهانی
(مەهاباد)



پەنجـەرەی مـیلەمـیلەی سللوولـی زیندانەکـەم، ڕوو بە دەریای ئورمـیایە. ئێرە تا شـاری ئورمـیا سێ کیلۆمێـتر دوورە. دەریا شـەپۆل دەدات و لە قـەراغ ئاو هەزاران گـوڵ ڕواون. چەند جــەزیرە لە دوورەوە دەبـیندرێن. ئاخ چەند حــەز دەکــەم لەو جــەزیرانەدا بژیم. بە هەرحــاڵ ئەوێش شــوێنێکی ئازادە، تەنانەت ئەگــەر دیلی باوەشی دەریا بێت. لە ژووری زیندان پیــــاســــە دەکــــەم. دەنگی هەنگاوەکــانی ســەربازێکی تورک دەبیــسم کــە بەرەو سللوولی من دێت. دەرگا دەکاتەوە و دەوری خواردنەکەم لەســەر زەوی دادەنێت، پاشــان دەرگــاکــە دادەخــات و دەڕوات. دەچمـە پێش و خـواردنەکـە هەڵدەگـرم، پاشـان بەنێو میلەکانی پەنجەرەدا دەیرێژم. چل و حەوت ڕۆژە لەو سللووڵە دام. بەبێ هێـزی درێژە بە هەنگاوەکـانم دەدەم. ژووری زیندان ٣×٤ دایە و سەیری نووسـراوەکـانی سـەر دیوار دەکـەم. نووسراوەی ئەو زیندانیـانەی بەر لەمن لەو سـیللوولەدا بوون. لە هەر کـەلێنێک شـتێک نووسـراوە. دیسان دەیانخوێنمەوە.

«دایە گیان خۆشم دەوێی»

«خودایە یارمەتیم بدە»

«نەفرین لە خیانەت»

«M. R مەحکووم بە ئیعدام»

«Z. W پازدە ساڵ زیندانم پێ دراوە»

«ژیان کردن ئاسان نییە، مردنیش ڕێگە چارە نییە»

«ئاخ، بریا زانیبام ئێستا خێزانم و کچە جوانەکەم چی دەکـەن. کـچی یەک سـاڵ و نیـوەم کـە یەک سـاڵ و نـیوە نەمدیتووە!»

«بەرخوەدان بکەن،.. ژیان ئاخرەکەی مردنە...»

هەر کـەسـێک شـتـێکی نووسـیـوە و هەر کـەس بە چارەنووسـێک گـەیشـتـووە. لەناکـاو بە دەنگی گـوللەکـان ڕادەچەنم. ئەو جـار کێ گوللەباران کرا؟ ڕەنگە بە زوویی

نۆبەی منیش بگات. تا ڕادەیەک ترساوم. بەدڵە خورپەوە دەچمە قەراغ پەنجەرە. وێنەی پەرییەکی دەریایی لەسەر دیواری قەراغ پەنجەرە کێشراوەتەوە. پەرییەک لەنێو شەپۆلەکانی دەریادا... کاری هەر کەس بوو بێت، دیارە زۆر هونەرمەند بووە. زۆر لەمێژە قسەم لەگەڵ کەس نەکردووە. وەڕەزم... وەڕەزم... وەڕەز... لە بێ تاقەتیان لەگەڵ وێنەکە دەدوێم:

– تۆ لە کێی ئەی خەیاڵی جوان؟!

لەناکاو دەنگێکی ناسکی کچانە وەڵامم دەداتەوە:

+ من خەیاڵ نیم، من ڕاستییەکم.

پەرییەکە زیندوو دەبێت و لە دیوار دێتە دەرێ. سللوولەکەم پڕ دەبێت لە ئاو. ئاوەکە بەتەووژمەوە تا کەمەرم دێت. حەپەساوم. لەتاو سەرسووڕمان هیچ جووڵە و قسەیەکی دیکەم بۆ ناکرێت. پەرییەک ڕوو بە ڕووم ڕاوەستاوە:

+ پێت سەیر نەبێت... ئەمن پەری دەریاییم... لێم مەترسێ... منیش وەک تۆ خەڵکی وڵاتی ڕۆژ و میدیام.. من چل و حەوت ڕۆژە چاوم لە تۆیە کە بەرخۆدان دەکەیت و مانگرتنی تۆ دەبینم.

– پەری دەریایی، پەری جوانی دەریایی... تۆ چۆن لە دیوار هاتیە دەر؟!

+ من لە دەریاوە هاتووم و لە هەر شوێنێک دەریا هەبێت، لەوێ هەم. تەنانەت دەریایەکی کێشراوە لەسەر دیوار، یان دەریایەک لەنێو سینگی مرۆڤێکدا.

زمانم تێکەڵ دێت. قسەم بۆ نایەت. هەردووکمان لەنێو ئاو داین و ئاوەکەش وەکو دەریا شەپۆل دەدات. پەری دەریایی چاوەکانی بنەوشە. تاجێکی چندراو لە گوڵی بنەوشی لەسەرە. مانگێک لەنێو چاوانی دەدرەوشێتەوە و چاوەکانی گەش و مژۆڵەکانی درێژن. دەستەکانی بە حاڵەتی باوەش گرتنەوە ئاواڵە کردووە و دوو چەپکە گوڵی بنەوشیش لەنێو پەنجەکانیدان. پەری دەریای شۆخ، لە کەمەر بۆ خوارەوە ماسییەو پوولەکەی هەیە. ئەو دەستێک بەسەر لێوەکانی مندا دێنێ و دەڵێ:

+ تۆ تا ئێستا، گوتار و کردەوەت باش بووە. هەوڵ بدە دەروونیشت تەواو تەواو باش بکەی.

– دەروونم؟!

+ ئەرێ تۆ هێندێک دەترسێی! تۆ لە مردن دەترسێی؟

– پێم خۆش نییە وا بە زوویی و بەم ساکاریە بمرم، بەڵام خیانەتکار منی بۆ ئێرە ڕاکێشا.

+ خیانەت، ئەوە گەورەترین نەخۆشی ئەم وڵاتەیە، ئەگەر وایە بۆچی مانت گرتووە؟!

– ئامانجێکی گەورەم هەیە.. ڕەنگە لەم پێناوەدا گیانیشم فیدا بکەم!

پەری دەریایی ڕووی بەرەو دەریا وەردەسووڕێنێ و دەڵێ:

+ کەوابوو بەبێ ترس بەرەو مردن بڕۆ، لە دەروونندا تەواو ئاسوودەبە... ئەگەر لە مردن بترسی، ڕەنگە تۆش بەرەو خیانەت هان بدرێی! بەڵام قارەمانەکان لە مان و بەرژەوەندی خۆیان نافکرن، من زۆر حەکایەتان دەزانم. بەسەرهاتی ئەو کەسانەی، هیچ لە مردن نەترساون و بەبێ دوودڵی، بۆ ئازادی مرۆڤ بەرەو مردن چوون. تۆ حەکایەتی کچی ئورمیات بیستووە؟!

– کچی ئورمیا؟! نا، نەمبیستووە!!

+ زۆر حەکایەت لەم وڵاتەدا بوونەتە ئەفسانە و زۆر ڕاستی ون بوون. تەنانەت ئەفسانەکانیش بە قەرەمانەکانیانەوە ون بوون... ون بوون.

ڕووی وەردەسووڕێنێتەوە و دەڵێ:

+ چەند هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، شاری ئورمیا، یەکێک لە گەورەترین شارەکانی میدیا بوو. میدیا ئیمپراتۆریەکی گەورە بوو. ئیمپراتۆریەکی وەها گەورە کە ئیمپراتۆریەکانی جیرانی لێی دەترسان و هەوڵیان دەدا بیرووخێنن. میدیا وڵاتی زوڵم نەبوو، وڵاتی شادی بوو. خەڵکانی میدیا خەڵکێکی شاد و مرۆڤدۆست بوون. ئەوان بەردەوام لە جەژن و دیلاندا بوون و هەرگیز حازر نەبوون کۆیلایەتی قەبووڵ بکەن. وڵاتی میدیا پێغەمبەرێکی زانای هەبوو. پیرێک بە ناوی زەردەشت. پێغەمبەرێک کە موعجیزەی گەورەی هەبوو، تەنانەت جارێک قورقوڕشمی داغیان بە سینگیدا کردبوو، بەڵام هیچی لێ نەهاتبوو. ئەو بەسەر ئاوی دەریادا دەڕۆیشت و هەمیشە جلوبەرگی سپی لەبەر دەکرد و لەکاتی شادیدا گوڵی سپی و لەکاتی خەمیشدا گوڵی بنەوشی دەدا بەدەستی خەڵک. ئاخر بۆ ئەوان ڕەنگی بنەوش نیشانەی خەم بووە و سپییش مانای پاکی و شادی داوە. زەردەشت خەڵکی فێر دەکرد کە هەمیشە لەسەر بنەمای ئەندێشەی باش، گوتەی باش و کردەوەی باش، ژیان بکەن. خەڵکی میدیاش هەوڵیان بۆ ئەم شتانە دەدا، بەڵام ٧١٤ ساڵ بەر لەوەی مەسیح لە دایک بێت، یەکێک لە پادشاکانی ئاشووری بەناوی ساراگۆنی دووەم هێرشی کردە سەر وڵاتی میدیا و شاری ئورمیای سووتاند. لەشکرەکانی میدیا، بۆ شەڕ لە شار چووبوونە دەرێ و ژنان و کچانی شار بەدیل گیران. ساراگۆن دەیهەویست کە تەواوی میدیا بسووتێنێ و هەموو خەڵک بە کۆیلە بگرێ. ئورمیا

دەینالاند، بەڵام لەشکرەکانی میدیا، لەنێو دوورگەکانی دەریای ئورمیا و قەراغ دەریادا بڵاو ببوون و گوێیان لەناڵە و شیوەنی ئورمیا نەبوو.

شەو کە داهات، ساراگۆن لەترسی گەڕانەوەی لەشکرەکانی میدیا، فەرمانی دا کە هیچ کەس ئاگر نەکاتەوە. ژنان و کچان و منداڵان، لە گۆشەیەکی دەریا کۆکرابوونەوە. ئەوکات دەریا، ئاوەکەی شیرین و پڕ لە ماسی بوو. لەنێو کچەکاندا کچێک هەبوو کە پێیان دەگوت کچی ئورمیا. دایکی ئەو کچە شاری ئورمیای ساز کردبوو و شاژنی ئەم شارە بوو. کچی ئورمیا پرچی درێژ بوو، بەڕادەیەک کە تا کەمەری دەهات.

ئەو جوان بوو. جوانتر لە تەواوی کچانی وڵات. کچی ئورمیا نیوەشەوێ چرایەکی هەڵکرد و سەردانی کچان و ژنانی برینداری کرد. ئەو کاتێک ویردێکی دەخوێند و دەستی بەسەر برینەکانیاندا دێنا، برینەکان چاک دەبوونەوە و ژانیان تەواو دەبوو. کچی ئورمیا لە قەراغ دەریا لەسەر بەردێک دانیشت و لەسەر ئەساسی ئەندێشەی باش لەبەر خۆیەوە گوتی؛ «ئێستا شەرڤانەکانی میدیا بەرەو ئێرە دێن و ئێمە دەبیننەوە»

پاشان ئارەزووی کرد و گۆرانییەکی زەمزەمە کرد.

ساراگۆن خەوی لێکەوتبوو. ئەستێرەناسەکانی ساراگۆن، چاویان لە ئەستێرەکان بڕیبوو، ئەوان بە پەلە چوونە ناو خێوەتەکەی ساراگۆن و لە خەویان هەستاند؛

«ساراگۆن... ساراگۆن... هەستە... ئەستێرەکان بە ئێمە دەڵێن کە لەشکرەکانی میدیا بەرەو ئێرە دێن.. ئەستێرەکان بەئێمە دەڵێن کچێک لەنێو دیلەکانی تۆدایە کە بە ئارەزوو و گۆرانییە سیحراوییەکانی، دوژمن بەرەو ئێرە ڕادەکێشێ، ئەگەر هەروا درێژە بە گۆرانییەکانی بدات، ئاوی دەریا بەرز دەبێتەوە و هەموومان دەخنکێین ئەو کچە نابێ ڕازی دڵی خۆی بە دەریا بڵێ.

ساراگۆن خێرا لە خێوەتەکەی هاتە دەرێ و بە فەرمانی ئەو، کچی ئورمیایان گرت و دەستەکانیان لە پشتەوەڕا بەست، دواتر لێوەکانیان دروویەوە ئینجا لە قەراغ دەریا فڕێیان دا تا بمرێت! کیژی ئورمیا، دوای ماوەیەک هۆشی هاتەوە سەر خۆی. لەسەر چۆک دانیشت و تا بەیانی بە ژان و ئێشەوە ڕوو بە دەریا لە ناخی دڵەوە ئارەزووی دەکرد و گۆرانی دەگوت. ئەو بە شەپۆلەکانی ئەندێشەی، ڕازی دڵی خۆی بەدەریا دەگوت.

بەیانی کاتێک لەشکرەکانی میدیا و ئاشوور، بارانی تیریان بەسەر یەکتردا دەباراند، کچی ئورمیا، لەکاتی ڕاز و نیازدا، تیرێکی وەگەروو کەوت. کچی ئورمیا تیرێک لە گەروویدا هەستایە سەر پێ و چووە ناو ئاوی دەریا، پاشان بەرە بەرە لەنێو ئاوی دەریادا ون بوو.

لەو ڕۆژەوە ناوی ئەم دەریایە، دەریای ئورمیایە و لەو ڕۆژەوە کە خوێنی کچی ئورمیا ڕژایە ناو ئاوی دەریا، ئاوەکە سوێر بووە و ئیتر ماسی لێ ناژی! لەو ڕۆژەوە لە قەراغ دەریای ئورمیا گوڵی بنەوش دەڕوێن. ئاخر کچی ئورمیا چاوەکانی بنەوش بوون. فرمێسکەکانی بنەوش بوون. لە فرمێسکە بنەوشەکانی ئەو گوڵی بنەوش ڕوواون. کچی ئورمیا ئێستا پەری دەریاییە. لەنێو هەموو دەریایەکدا. میدیا هەزاران پەری دەریاییە. لەنێو هەموو دەریایەکدا. میدیا هەزاران پەری دەریایی هەیە، بەڵام تەنیا چاوەکانی من بنەوشە.

مچوڕکێک بە لەشمدا هات. یانی من لە بەرامبەر قارەمانێکدام؟! هەرگیز باوەڕم نەدەکرد پەری دەریاییەکانیش قارەمانیان هەبێت. ئیتر ترس لە دەروونمدا نەمابوو. هەر لەو کاتەدا چەپکێک گوڵی بنەوش دەداتە دەستی من. دەنگی هەنگاوی سەربازەکان دێت. ڕەنگە بۆ گوللەباران کردنی من بێن، یان شایەدیش بیانهەوێ لێوەکانم بدروونەوە. ئاخر لێوی هەزاران کەسیان تا ئێستا گرێ داوە، بەڵام ئەوان نابێ پەری دەریایی ببینن. ئەگەر دەرگا بکەنەوە چی ئاوی سیللوول هەیە دەڕژێتە دەرێ. هەر لەو کاتەدا پەری دەریایی دەبینم کە خەریکی ئارەزووکردن و گۆرانی گوتنە. گوڵە وەنەوشەکانی قەراغ دەریا، وەسەر ئاو کەوتوون. ئاوی دەریا خەریکە بەرز دەبێتەوە و بەرەو زیندان دێت. دەنگی هەنگاوی سەربازەکان بەرز و بەرزتر دەبێتەوە. سەیری گوڵە وەنەوشەکانی نێو دەستم دەکەم. خوێن لە پەنجەکانم دەچۆڕێتەوە. شەوقی خوێن کە نازانم لەکوێڕا دێت، لەم گوڵانەوە دەڕژێتە سەر قامکەکانم و دڵۆپ دڵۆپ دەتکێتە ناو ئاوی پڕ لە شەپۆلی سیللوولەکەم... ئەو ئاوەی گوڵی بنەوشی لەسەرە و ماسی تێدا بەدی دەکرێ! ئاوەکە تا سەر سینگم هاتووە، لەناکاو دەرگا دەکرێتەوە..

لوولەی تفەنگەکان ڕوو بەمن وەدیار دەکەون. سەربازەکان دێنە ژوورێ و بەسەرسوڕمانەوە سەیری من دەکەن، وێنەی پەری دەریایی بەدیوارەوەیە و من لە پەنای ڕاوەستاوم، چەپکە گوڵێکی بنەوشی خوێناویم بەستەوەیە و هەموو گیانیشم وەک ئەو ماسییانەی لە ژوورەکەدا گیان دەدەن، تەڕە!!

٢٠٠١/١/١٧

# نازانم چی ناو بنێم

فەوزیە سوڵتان بەگی
(بۆکان)



هێشتا بە تەواوی خەو بەری نەدابووم و هەر خەواڵوو بووم، دەنگی ئایفۆنەکە دایچڵەکاندم. «خێر بێت و بەم بەیانییە ڕوو لە ماڵی من ناکات بێت بەڵای ناگەهانییە». دەستێکم بە قژە ئاڵۆزەکەمدا هێنا و بە پەلە دەرگاکەم کردەوە، بێ پرس و سڵاو خۆی کرد بە ژووریدا و وەلای سەروو کەوت. هەوەڵێ زۆر پێی دڵگران نەبووم پێم وابوو تاوێک دادەنیشێ، هیلاکییەک دەردەکات و دەڕوات، کەچی ئەو دانیشتنەی دانیشت هەستانی نەبوو. هەرچی بە ئیما و ئیشارە هەوڵم دا تێیبگەیەنم، ئەمن ئافرەتێکم تەنیا، جوان نییە غەریبەیەک شەو و ڕۆژ لە ماڵمدا بمێنێتەوە. خۆی لێ گێل دەکرد و لەم گوێیەوە دەبیرد بۆ ئەو گوێی. مەجبوور لای دەرگام لێگرت و گوتم: «جەناب فەرموو وەدەرکەوە خۆم لە خۆمدا نیم چ دەگا بە مۆتەکەیەکی وەک تۆ...».

لە ژێر چاوەوە خێسەیەکی لێ کردم و بزەیەکی هاتێ. هەرچی قسەی ناشیرین بە سەر زارمدا هات پێمگوت، کەچی وەک ئەوەی لەگەڵ ئەویشم نەبێ هەستا لە نێو کتێبخانەکە هەزار و یەک شەوی دەست دایەو لەسەر جێگای خۆی دانیشتەوە. بەیانی زوو هێشتا خەو بە تەواوی بەری نەداوم. دڵم تێکەڵ دێت دەڵێی چنگی تێوەردەدەی، ژان دەکات. هەڵدەستمە سەر پێ. سەرم لە گێژەوە دێت. دادەنیشمەوە هێڵنجم دێتی. ڕادەکەمە حەمامەکەوە، نەجارێک و نە دووان و نە سێیان. ئاو بە چاومدا دێتە خوارێ.

دایکم بە سەرمدا دێت. بە چرنووک لە گۆنای خۆی بەر دەبێ:

«بۆ وات لە خۆت کرد ماڵوێران. تازە پێ بەند بووی».

دەڵێم: نا دایە هیچ نییە پێم وایە سەرمام بووە.

ئەو لەو سەری دێتەوە و بە گریانەوە دەڵێ: «هێلکە لە قەل نادزرێ».

هەزار و یەک شەو تێپەڕی و من هەزار و یەک عەشقم لەبار چوو.

ئێوارێ حامیلەم. شەوێ خەون دەبینم لەگەڵ بابم یان لەگەڵ براکەم دەست تێکەڵ دەکەم. بە ئالۆزییەوە لە خەو ڕادەپەڕم، بۆ بەیانی دەکەومە سەر خوێن

دایکم هەموو ڕۆژێ دەرگام پێدەگرێ: «کەی ئەو غەریبەیە لە ماڵەکەت دەڕوات؟» بە بێزارییەوە دەڵێم: «دەڕوات دایە، دەڕوات، تۆ بۆ وا زۆرت هێناوە» ؟.

خۆ لە نیگای خەڵک دەدزمەوە، هاموشۆی هیچ کوێ ناکەم، ئەو بۆتە خاوەنی کتێبخانەکەم، کام کتێب پێی خۆش بێ دەمداتێ بیخوێنمەوە.

دەڵێم: «ئەوەم پێشتر خوێندۆتەوە وەڕەز بووم ئەوەندەم دووپاتە و چەند پاتە کردنەوونەتەوە».

عەینەکەکانی خۆیم لە چاو دەکا و دەڵێ بە دیدێکی تازەترەوە بیانخوێنەوە. دەیخوێنمەوە. هیچی تێناگەم، هەر تەقەم لەسەریەوە دێ. دەڵێی گوێزم بۆ دەبژێرن. کتێبەکە لێک دەنێم، دەچمە ئاشپەزخانە بە قاپ و کەوچکی ناو کابینێتەکەوە خۆ دەخلافێنم، لە بیانوویەک دەگەڕێم خەشی خۆمی پێ هەڵڕێژم. بە کێشە دێین، ئەو دەست دەداتە کەمەربەندەکەی. لەبن دەستی ڕادەکەم. بە ئاوێنەی قەد دیوارەکەدا دەکەوم ئاوێنەکە لە هەموو لایەکەوە درز دەبەستێ، وێنەی ورد بووی خۆم لە ئاوێنە شکاوەکەدا دەبینم. شەرمەزارییەکی تاڵ دامدەگرێ.

دەڵێم ئیدی تەحەمولم نەماوە ئێرە یان جێی تۆبە یان ئەمن. دەست دەدەمە چارشێوەکەم و لە ماڵێ وەدەر دەکەوم. پێ دەنێمە کۆڵانەوە. ئەنگوستە چاوێکە چاو چاو نابینێ. گڵۆپی هەموو ماڵەکان کوژاونەتەوە، تەنیا شەوخابە سوورەکەی بێوژنەکەی ڕووبەڕوومان نەبێ لە پەنجەرەوە چاو لە کۆڵان دادەگرێ. خرمەی باران و گڤەی با لە شەقامەکانەوە دەنگ دەداتەوە، سام دامدەگرێ، پشتاوپشت دەکشێمەوە و خۆ بەژوورێدا دەکەمەوە. لە گۆشەیەک دادەنیشم. ئەژنۆم لە باوش دەگرم و فرمێسکەکانم بێدەنگ دێنە خوارێ، ئەو لە بن چاوەوە خێسەیەکەم لێدەکا و بزەیەکی سەرکەوتووانە دەکەوێتە سەر لێوی.

ئێرە گۆشەی خۆمە هەموو جارێک دوای ئەوەی دەستم دەشکێ، بەرچاوم شین دەبێتەوە، سەرم دەشکێ و خوێن بەلووتمدا دێتە خوارێ، دێم لێرە هەڵدەکورمێم، تێرتێر دەگریم و دەردەڵی خۆمی لێ دەکەم. دوایی هەر ئەو بۆ خۆی دێت برینەکانم دەپێچێ، دەمباتەوە سەر جێگاکەی خۆی و ئاشتم دەکاتەوە.

نایەتە ژوورێ. لەو دیوی دەرگاکەوە بە تووڕەیی دەڵێ: «کەی ئەو واوا لێکراوە لە ماڵەکەت دەردەکەیت؟».

بە بێزارییەوە دەڵێم: «دەری دەکەم دایە دەری دەکەم تۆ بۆ وا زۆرت هێناوە؟»

هەرچی بیری لێ دەکەمەوە دڵم نایات، عادەتم پێ گرتووە، ئەگەر ڕۆژێک ورد وردم نەکات و شەو لە سەرڕا سازم نەکاتەوە دڵم تەنگ دەبێ، دەماسێ، دەماسێ، لە ژێلا دێت، ژان دەکات، دەڵێی چنگی تێوەردەدەیت.

ئەگەر بە هەڵکەوت کەسێک ببینێت دەڵێ: «ئاااا... دڵت چەندە گەورەیە، دەڵێی حەوت کێوی تێدایە...».

# من له دایک نەبووم تۆ چی؟

سەدیق ڕەسوڵی
(بۆکان)

له ژێر دار چنارەکه
: شاییه... چەپڵە ڕێزانه... چۆپییه
: بووک و زاوا دانیشتوون
: گۆرانیبێژ به سەریاندا هەڵدەڵێ
: ئەمن ئەو کات زۆر چکۆڵە دەبم...
یەکجار زۆر چکۆڵە دەبم... به قەرا نووکه دەرزییەک
: من هەرگیز گەوره نەبووم... تەنانەت ئەوڕۆش که دار چنارەکەیان بڕیوەتەوه
: زاوا کورسییەکی لێ دروست کردووه و له حەساریّ دایناوه و ئێوارانه پیرێژنێکی
سەڵت و سپاده له سەری دادەنیشێ و جگەره دەکێشێ.

## پرسه له چاوەکانم

لای ئێواریّ پەپوولەیان ناشت.

–

«پەری»ی خوشکم، خەریکی ئاوپڕژێنی ڕیحانەکانی حەسارێیه.
دایکم باسی مردنی پیرێژنێکی سەڵتی پەنا ماڵی کابرا مەیفرۆشەکەی بۆ دەکا.

–

لیوانێک شیری سارد دەخۆمەوه. دەرگای یەخچاڵەکه پێوه دەدەم.
به دەنگەدەنگی دایکم دەچمه دەریّ.
لەبەر دەرگا لەگەڵ پیرێژنێکی ڕەنگسواڵکەر دەمەتەقەیەتی.
: بۆ هەموو ڕۆژێ دەرگای ئێمه......
: بۆ دەرگای ئەو ماڵانەی دیکه.....
دەچمه پێشێ. پیرێژن به دیتنی من شاد دەبێ. وەک ئەوەی خۆشەویستی خۆی دیبێ.
لێی نزیک دەبمەوه. دەستی دێنێ.
دەڵێ: چاولێکه. چیم بۆ هێناوی؟
دەستی دەکاتەوه.
: پەپوولەیەکی جوان... یەکجار زۆر جوان... پڕ له ڕەنگ... له نێو لەپی دەستی هەڵدەفڕێ و ڕوو له حەساریّ و ڕیحانەکان و دیوەکان و دیوەکەی من دەکا

–

له مێژه لەو دیوه چکۆلەدا لەو پەپوولەیه دەگەڕێم. دەبێ بیبینمەوه.
چەند ساڵە دایکم دەگری و باوکم دەپاڕێتەوه.
: ڕۆڵە وەره دەریّ
دایکم هەزار تف و لەعنەت له پەپووله دەکا
باوکم دەڵێ: ئەگەر پیرێژنەم به دەست دەکەوێ.....





# گیله مەرد

**بوزورگ عەلەوی**
**لە فارسییەوە: بێهرووز ڕەحیمی**
**(سەقز)**

باران هەرا و هۆریای دانابوو. با سمکۆڵی دەکرد و دەیویست زەوی لەبن بێنێ.

پیرەدارەکان بە گژ یەکتردا دەچوون. لە دارستانەوە دەنگی شیوەن و ئازاری ژنێک دەهات. لرفەلرفی با گۆرانییە بێدەنگەکانی پچڕپچڕ کردبوو. ڕێژنە باران ئاسمانی لێلێی بە زەوی قوڕاوییەوە گرێ دەدا. ڕووبارەکان سەر ڕێژ و ئاو لە هەر لاوە دەڕۆیشت.

دوو فەرمانبەری چەک بەدەس گیلەکیان دەبرد بۆ «فوومەن». گیلەک پەتۆیەکی بۆری ئاڵاندبووە ملی و توورەکەیەک کە بە پشتیدا شۆڕەوە ببوو، بەدەستیەوە بوو. بێ ئەوەی گوێ بداتە باو بۆران و فەرمانبەر و دارستان و دارە ترسهێنەرەکان و تفەنگ و مەرگ، بە قاچی ڕووتی دەیدا لە ئاو و هەنگاوی چکۆڵە لەسەرخۆی دەنا. قۆڵی چەپی شۆڕەوە ببوو، لەوە دەچوو قورس بووبێ. لەژێر چاوەوە تەماشای ئەو فەرمانبەرەی دەکرد کە لە شانیەوە دەڕۆیشت و سەرە نێزەیەک کە بە قەد لەپی دەستێک لە ئەنیشکی قۆڵی ڕاستیەوە مەودای هەبوو و تکە تکە ئاوی لێ دەچۆڕا. قۆڵی کراسەکەی کورت بوو و ئاوی پەتۆیەکە بە هاسانی دەچووە ناوی. گیلەک جارجار پەتۆکەی بەردەدا و دەسرۆکە گرێ دراوەکەی دەدا بە دەستەکەی دیکەیەوە و ئاوی نێو قۆڵی دەڕژان و دەستێکی بەڕیشیدا هێنا، وەک ئەوەی دەسنوێژی گرتبێ و تکە تکی ئاوی دەم و چاوی لێ چۆڕاندبا. تەنیا ئەو کاتەی شەوقی کزی چرای ڕێبوارێک ڕوخسارە پانە ئێسقانییەکەی و چاوە سپی و قەوی قەوییەکانی و لووتە شکاوەکەی ڕووناک دەکردەوە، ترس و سامێک لە ڕووی نیشتبوو، بەرچاو دەکەوت.

فەرمانبەری یەکەم بەنێوی محەمەد وەلی وەکیل باشی لە بەندییەکە دڵپڕ بوو. لێی نەدەگەڕا. قسەی سووکی

پێـــدەگـــوت. جـــوێنی پێ دەدا و تەواوی ئەو ئێش و ئازارانەی ڕێگا دوور و درێژەکـــە و باران و تاریکی و سەرمای پاییز پێی دەگەیاند لە گیلەکییەوە دەزانی.

«سیـخوڕ، بێگانەپەرەست. تۆ ئیـتر گەرەکت بووچی بکەی؟ گەرەکت بوو ئاژاوە بنێیتەوە، وا دەزانی وڵات بێ خاوەنە....»

وەکیل باشی لە فەرماندەوە و فێری «بێگانە پەرەست» و «سیخوڕ» ببوو و فەرماندەش لە ڕادیۆ و چاپەمەنییە نەتەوەییەکان.

«شـەش مـانگە دەوڵەت هەر هاوار دەکـا، دەڵێ وەرن مەختانەی ئاغا بدەن، مەگەر کەس گوێچکە شل دەکا، بە مـفـتـە خـۆری ڕاهاتوون. ئەو دەورە نەمـاوە، تێـپـەڕی، دەورەی ئاژاوە و هەرکی بەسـەرچوو. ئەی ئـاغـا لەکـوێوە بژی؟ باج و سەرانە لەکوێ دا؟ دەوڵەت پارەی نەبێ، ئەی چارەی ئێمە چییە؟ پارەکە هەرواتان کرد.

چوار مـانـگ مـووچەکـەی ئێـمـەیان دواخـست، بەڵام ئێستـا ئیـتـر دەوڵەت بەهێـز بووە. بلشـویک بازی تەواو بوو. مانگێکە ڕۆژ نییە نەیەمە قاوەخانە. لەم دێ بۆ ئەو دێ دەچم: دەڵێم بابە وەرن مـەخـتـــانەی ئـاغـــا بدەن. ڕاگـــــەیـاندراوی دەوڵـەتم هـێـناوە، ڕامـکـوتاوە، بـۆم خوێندنەوە بێت و ڕەعیەتەکان نەیانەوێ مەختانەی ئاغا بدەن «بچـینە لای سـەرکـار.. فـەرمـاندەی سـەربـازگـە تا بەهۆی ئەمنـیــیـەوە گـشت مـەخـتــانەی ئاغـایان لێ بستێندرێ.» پێشم گوتن فەرماندەی سەربازگە کێیە، دام بە گـوێـیـانـدا کـە هەمـوو کـارەکـانی بەدەس منن. تێم گەیاندن پێدان و وەرگرتن چییـە. کـوا قسـە دەبیسن؟ دەڵێن: ئاغـا زەویمان پێ بدە، تۆومـان پێ بدە، خـەرجی ئاوداشتن بگرێتە ئەستـۆ و ئاخریش نەزانێ مەختـانەی ئاغایانەی وەردەگرێ یان نا!

نەیاندا، ئێـسـتـا دەوڵەت بەدەسـەڵاتە، دوو ئەوەندە دەستـێنێ. ئێـمە کە هەین. مل ئەسـتـوورتریش بووین. جلی ئامـریکایی، ژاکـەتی ئامـریکایی، ئۆتۆمـبـێلی ئامـریکایی، هەمـوو شـتـێکمـان هەیە. ئەی بۆ کـەسێ گوێچکەی شل دەکرد. مەختانەی ئاغاچییـە؟ حەیفیـان لێدەهات پیاڵە چایەکمان بدەنێ. ئێستا... ئێستا...»

پاشان قاقای لێدەدا و دەیگوت: «ئێستا بە خزمەتتان دەگـــەن، بڵێ بزانم تۆ چ کـــارە بووی؟ ڕێبـــەر بووی؟ خوێندەواری....»

گـیلەک گـوێی بەم قـسـانە نەدەدا و هەر وەڵامـیـشی نەدەداوە.

لە توولەمـەوە تا ئێرە پتر لە چوار سـەعـات بە ڕێگەوە بوون و لەو مـاوەدا وەکـیل باشی دەسـتی هەڵنەدەگـرت. هەڕەشـەی دەکـرد، تەشـەری دەخـست، کـای کـۆنی بە با دەکرد. گیلەک تەنیا لەبیر ئەوەدا بوو چۆن هەڵبێت.

ئەم تفـەنگەی بەدەست وەکـیل باشـیـیـەوەیە، ئەگـەر یەکـێکیش بەدەست ئەمـەوە دەبوو، نەیاندەگرت، ئەگـەر تفەنگی دەبوو، هەر کەس ئەوی لە مەزرا نەدەدی کەوا بە خۆڕایی فەرمانبەر بتوانێ بیگرن و ببەن.

چ تفەنگ گەلێکی چاکیان هەیە!

ئەگـەر ئاگلیـەکـان سـەد تفـەنگیـان دەبوو، هیچ کـەس نەیدەتوانی پێ بنێتە نێو دارستان. ئەگەر لەم تفەنگانەی دەبوو، زۆرشت، ئەو جۆرەی ئیمرۆ هەیە، نەدەبوو، ئەگەر ئەو ڕۆژە تفەنگی ببوایە، ئیمرۆ سوغرا زیندوو بوو و ئەو ناچار نەبوو بەبۆنەی مناڵە شێرە خۆرەکەیان بگەڕێتەوە مەزرا و گوێی لە قسە سووکەکانی ئاگل لوولمانی بێ کە پێی دەگـوت: «تۆ پیـاونیت، تۆ ژنی منداڵ بە بەری» ئەگـەر سـەد تفـەنگ بەدەست ئەو و ئاگل لوولمانیـیـەوە دەبوو، ئیـدی کـەس نێـوی مـەخـتـانەی ئاغـای نەدەبرد. تفـەنگ چییـە؟ ئەگـەر داردەستـێکیشی دەس دەکـەوت، مشووری ئەم وەکیل باشییە بەرەڵایەی دەخوارد. خۆزگە باران خۆشی دەکردەوە و دەیتوانی دار دەستێک پەیداکا. ئەوکاتە خۆی دەدا بە عەرزا و، لەناکاو هەڵدەستاو و لە چاو تروکانێکدا بە دارەکە وەها دەیدا بەسەر نێزەکەدا، کـە تفـەنگەکـە لە دەست وەکـیل باشی بپـەڕێ...... مـشـووری دەخـوارد..... بەڵام فـەرمـانبـەری دووەمی سێ هەنگاو پێش گـیلەک دەڕۆیشت! وێ دەچوو بوونی ئەو کـۆسـپـێـک بێ لە ڕێ خـسـتنی پیـلانەکـەدا. ئەوی نەدەناسی، هێشتا قەڵافەتی نەدیبوو، قسەیەکیشی لەگەڵ نەکردبوو.

کوشتنی کەسێک پیاو نەیدیبێ و نەیناسیبێ سووک و هاسـان نەبوو. ئۆ، ئەگـەر قـاتڵی سـوغـرای بەرپیل دەکـەوت، دەیزانی چی لەگـەڵ دەکـا، بەددانی بینەقـای هەڵدەدڕی. بەنینۆک چاوی دەردێنا... گیلەک دەلەرزی، تەمـاشـایەکی کـرد. دیتی وەکـیل باشی لە تەنیـشـتـیـەوە دەڕوا و ئاو لەسـەرە نێـزەکـەی دەتکێ. لە دارسـتـانەوە دەنگی ژنێک دەهات کە فێی لێ هاتبوو و دەیزریکاند.

ئیـمرۆ بە بۆنەی مناڵەکـەیەوە گـیری خواردووە. قسـە لەسـەر ئەمـەیە تا چ ڕادەیەک ئەمـانە لە دۆخی ئەم ئاگادارن. چەندی لێ دەزانن؟

وەکیل باشی پێی گوتبوو: «خان نایب گوتوویەتی بێت

تا فوومەن و بگەڕێتەوە، دەیانەوێ بزانن هەواڵت لە ئاگل هەیە یان نا.» نابێ متمانە بە قسەی ئەمانە بکەی و ئاگل تا دوایین دەقیقەش پێی دەگوت: «مەڕۆ، مەگەڕێوە، مەچووە مەزرا!» ئەدی چ بکا لە مناڵەکەی؟ بە کێی بسپێرێ؟ ئەگەر مناڵەکەی نەدەبوو، ئیدی کەس نەیدەتوانی بیدۆزێتەوە. ئەو دەم تۆڵەسەندنەوەی سوغرا چ هاسان بوو. دەرەقەتی سەد کەس لەمانە دەهات، بەڵام ئاگل لوولمانی پیاوێکی دیکە بوو. چاویشی دەنووقان و تفەنگیشی دەتەقاند. بە تایبەت لەو کاتەوە، کچەکەی مرد، زۆر دڵڕەقی لێ دەرهاتبوو. هەروا لەخۆوە دەیتوانی هەر کەسێ بکوژێ. ئاگل دەیتوانی بە گوللەیەک، لە پشتە سەرەوە مێشکی فەرمانبەری دووەمی هەڵتەکێنێ کە سێ هەنگاو لە پێش ویدا پۆتینەکانی دەدا بەنێو قوڕ و ئاودا، بەڵام ئەو، ئەم کارەی لە دەس نەدەهات. پێی نەدەکرا. وەکیل باشی دیتبوو. دەیناسی، بیستبووی ڕۆژێک هاتووە بۆ کوختەکەی و گوتبووی: «ئەگەر خێرا نەچێ بۆ لای خان نایب لە فوومەن، گەرووی مناڵەکەی دەکەم بەسەری نێزەوە و دەیبەم تا بە شوێنیدا بێ.» ئەمەی بە مەرجان گوتبوو.

فەرمانبەری دووەمی پێش ئەوان دەڕۆیشت. پتر لە سێ هەنگاو لەوانەوە مەودای هەبوو. ئەویش لە بیری داماوی و کلۆڵی خۆیدا بوو. لە «خاش»ەوە هێنابوویان. بێخەبەر لە هەموو شوێنێک هاتبوو بۆ گیلان. برنجی ئەو وڵاتەی پێ نەدەکەوت.

هەمیشە زگەشۆڕەی بوو، سەرمای دەبوو. باران و تەڕی بێ حاڵی کردبوو. شەوانە بەدوو پەتۆشەوە، هەر سەرمای دەبوو. ڕۆژانی هەوەڵ هەرچییەکی کەم بوو لە کۆختەی گیلەکییەکان، کۆی کردبۆوە، بە هاسانی دەتوانی نێوی لەسەر دانێی. «ئەمانە ئەو کەلوپەلانەن گیلەکیەکان بەر لە هاتنی هێزەکانی دەوڵەتی لەماڵی ئاغا دزیبوویان.» بەڵام بەدبەختی ئەمەبوو کۆختەکانیان هیچی تێدا نەبوو. لەو هەموو شتومەکە، پارچە شووشەیەک دەس نەدەکەوت و بتوانێ ڕیشی پێ کورت کاتەوە چ بگا بە ئاوێنە. فەرمانبەری بلووچ تامی ئەم ژیانەی چەشتبوو. بەردەوام ژیانی خۆیانیان ڕاو و ڕووت کردبوو. لە وڵاتی ئەوان پیاوەکانی خان کتوپڕ وەک مار ومێروو دەرژانە نێو دێهاتەکانەوە، لەمەڕ و گاوە گرتووە تا جووچکە و هێلکە، هەرچییەکیان بوو، دەیانبرد. بەزەییان بە منداڵ و پیرێژن نەدەخاتەوە. داخیان دەکرد، یەک دووجار کە خەڵکی لادێ ماڵ وێران دەبوون، کوێخایان دەنارد بۆ لای خان و یارمەتییان لێ دەخواست و بەم شێوەیە دێهاتێک دەکەوتە ژێر دەست خانێک. بلووچ ئەم چیرۆکەی لە باوکییەوە بیستبوو. بلووچ بۆ خۆی هەرگیز ڕەعیەتی نەکردبوو. لەوکاتەوە لە بیریەتی چەکدار بووە و هەمیشەش گزیر بووە، بەڵام لە منداڵیدا تامی تاڵان و بێ خانە و لانەیی چەشتبوو. بلووچ کاتێ بیری دەکردەوە هەنووکە بۆ خۆی فەرمانبەری دەوڵەتە سام دەیگرت، بۆ ئەوەی باشتر لە هەموو کەسێ دەیزانی لە سەردەمی چەکدارییەکەدا، چەند ئەمنییە و سەربازی کوشتووە. خۆی دەیگوت: «بە قەد تاڵ تاڵی قژی سەرم» بۆ ئەو ژیان بێ تفەنگ مانای نەبوو. لەگەڵ تفەنگ لە دایک ببوو، لەگەڵ تفەنگ گەورە ببوو لەگەڵ تفەنگیش دەمرێ، پیاو کوشتن بۆ ئەو وەک ئاو خواردنەوە وایە، تەنیا جارێ کە ڕەنگە لە پیاو کوشتن پەژیوان بووبێتەوە ئەوکاتە بوو بە سواری ئەسپ لە بیابانێکی گەرم و قاقڕدا، شوێنی سەربازێکی گەنجی بەسواری وشترێکەوە هەڵگرتبوو. وشترەکە تاقەتی نەهێنا، یخی خوارد، سەربازەکە تفەنگەکەی دانا و لە پشت کورتانی وشترەکەوە خۆی مەڵاس دا، بلووچ چەند تەقەیەکی لێی کردو چووە نزیکییەوە. تفەنگەکەی هەڵگرت و دەیویست سەری ببڕێ کە لە پشت کۆپارەی وشترەکەوە دیاربوو، کە سەربازەکە هاواری کرد: «ئامان برا. مەمکووژە» بلووچ گوتی: «ئەی چیت لێ بکەم؟ نەتکووژم لە بێ ئاویدا دەمری!» دوایی بیری کردەوە و گوتی: «گوللەیەکیش خۆی گوللەیەکە» هەوساری وشترەکەی گرت و گەڕایەوە: «مەیدانێک ئەولاتر، کانییە. بچۆ بۆ ئەوێ.» سەد هەنگاوێک وشترەکەی بەدوای خۆیدا کێشا و پاشان ویستی بەرەڵای کا، چونکە بەکارنایە. دیتی نابێ هەروا لێیان گەڕێ، گەڕایەوە و بە گوللەیەک سەربازەکەی ساردکردەوە. ئەمە تەنیا قەتڵێکە جاروبار خەمباری دەکا. بۆ خۆیشی دەیزانێ، ئاخری چارەنووسی ئەویش چاوەڕوانی وەها مەرگێکە. باوکی، دووبراکەی، زۆربەی خزمەکانیشی بە گوللەی دوژمن کوژرابوون. کاتێ خانەکان هاتن بۆ تاران و بوونە پارێزەر، ئەویش چارەی نەما جگە لەوەی ببێتە ئەمنییە، بەڵام هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوو لە وڵاتی خۆیان ئاوارەی کەن و بینێرن بۆ گیلان کە ئەوەندە شێدار و ساردە. بلووچ هەر ئاگای لە گیلەکیش نەبوو و بۆوی جیاوازی نەبوو هەڵبێت یان هەڵنەیەت. پێیان گوتبوو هەر کات گەرەکی بووهەڵبێت بە گوللەیەک کاری تەواوکا و دڵنیاش بوو لە

تفەنگەکەی. بلووچ لە بیری ئەوەدا بوو هەر جۆر بووە پووڵ و پایەیەک پەیداکا و دیسان بچێتەوە بۆ بیابانە گەرمەکان، چونکە بیابان ئەوەندە پان و بەرینە ئەمنییەکان ناتوانن بیدۆزنەوە. هەر کام لەم فەرمانبەرانە کاتێ خانووی کەسێکیان دەپشکنی، شتێکیان وەچنگ دەکەوت، لە حاڵێکدا ئیمڕۆ بەیانی لە کۆختەکەی گیلەکدا، وەکیل باشی چوار چاو وریا بوو بلووچ شتێک نەخاتە گیرفانییەوە. خۆی هەرچییەکی دەویست کردی، پەنجا تمەنی کە لە گیرفانی گیلەک دەرهێنا، لە کاغەزێکدا نوسییان و دایانەوە بە خۆی. تەنیا شتێک بەردەستی کەوت، دەمانچەیەک بوو. لەنێوان سواڵە برنجەکاندا دۆزییەوە. لەناکاو بیرێکی تازە کەوتە مێشکی بلووچەوە. دەمانچەکە لانی کەم پەنجا تمەن دێنێ،. زۆرتریش دەکا، هەڵکەوێ، زۆر کەس سەد تمەنیش دەدەن، دەسکردی ئیتالیایە. گوللەی کەمە... ئێستا کەسیش تفەنگ ناکڕێ. ئەم لادێیانە تفەنگەکانی خۆشیان دەخەنە نێو زەریاوە. پەنجا تمەن دێنێ. بەو مەرجەی پارەی لەگەڵ خۆی هێنا بێ و نەیدایێ بەکەس. با دەستی هەڵنەدەگرت. شڵپ شڵپ بارانی دەدا بە گوێچکە و چاوی جەندرمەکان و بەندییەکەدا. دەیویست پەتووەکە لە ملی گیلەک بکاتەوە و چاکەتی بارانی فەرمانبەرەکان برفێنێ. خوڕەی ئاوە خەستەکە زریکەی سۆنەکێوییەکانی دەخنکاند. دەڵێی لە دارستانەوە ژنێک شیوەن دەکا و دەناڵێنێ. جار جار تێکشکانی ریشەی پیرە دارێک زەوی ڕادەتەکاند. شەپۆلە بایەک لە دوورەوە بەخشەخش دەستی پێدەکرد و لەگەڵ لوورەیەکی سامناک دوایی دەهات. تا قاوەخانەیەک، کە بەرەو ئەوێ بەڕێوەبوون، چەند سەد گەز پتر مەودای نەمابوو، بەڵام لە تاریکایی و باوباراندا، شەوقەکزەکەی چرا نەوتییەکەی قاوەخانەکە دوورتر دیار بوو.

کاتێ گەیشتنە قاوەخانەکە، محەمەد وەلی لە قاوەچییەکەی پرسی: «کەتەتان هەیە؟»

- هەسمان.
- چایی چی؟
- چایشمان هەس.
- چراشتان هەیە؟
- هەر ئەو یەکەس.
- خێرا ژووری سەرێ چۆڵ کە.
- تووتنمان تیا هەڵخستووە.
- ناوە کەی چۆڵە؟
- چۆڵە.
- ئێرە بنکەی ئەمنییە نییە.
- بۆ چەهەس
- لەکوێ؟
- نەختێک لەولاتر، شەوێ لێرەبووین، ڕۆیشتن.
- وەرە بمانبە بۆ ژووری سەرێ.

«ژووری سەرێ» ڕوو بە هەیوان دەکرایەوە لە تەیمانی هەیوانەکەوە، ئاسۆی ڕووناک وەبەرچاو دەکەوت، بەڵام هێشتا باران دەباری و لە ژوورە کاگڵییەکەدا، کە بە ساپیتەکەیەوە گەڵا تووتن و شووتی و پیواز و سیریان هەڵواسیبوو، بۆنی تەڕی دەهات. محەمەد وەلی گوتی: «یاڵڵا، دەچێتە سووچێکی ژوورەکە، بجووڵێیتەوە دەتکوژم.» پاشان ڕووی کردە قاوەچییەکە و لێی پرسی: «ئەولا ڕێگەی بۆ دەرەوە نییە؟»

قاوەچی کاتێ گیلەکی لاوی لەبەر شەوقی کزی فانۆسەکە دیت، تێیگەیشت ئەم کارە لە کوێوە ئاو دەخواتەوە و لە وەڵامدا گوتی: «ڕێگای نییەس، سەرکار، ئەمیشە لەو کەسانەس ئۆتمۆبیل دەڕووتێنێتەوە؟»

- بچۆ بەلای کارتەوە، پیاویلکە. بێ شەرەف، تەماشای سەرێ بکەی دەورو دووکانت دەشێوێنم.

پاشان ڕووی کردە بلووچ و گوتی: «خان، لێرەبە، من لە خوارێ ئێشک دەگرم، دوایی من دێمە سەرێ، تۆ بچۆ و خوارێ ئێشک بگرە و چایش بخۆوە.» گیلەک لە ژوورە تاریکەکەدا کراسە قۆڵ کورتەکەی داکەند و گووشی و ئاوەکەی لێ چۆڕاند، دەستێکی بە لاقیدا هێنا، دەستی بەدەم و چاویدا هێنا و ئاوەکەی لێ چۆڕاند. پانتۆڵەکەی هەڵکرد، نەختێک دەستی هێنا بە بەلەک و سەر ئەژنۆکانی و ڕانیدا، لە سەرمادا تەزیبو. تەکانێکی لەخۆی دا و لەژێر چاوەوە تەماشایەکی بلووچی کرد. بلووچ تفەنگەکەی بە هەر دوو دەستی توند گرتبوو و لە هەیوانە باریکەکەدا کە لەنێوان تەیمانەکە و دیواری ژوورەکەدا ڕاوەستا بوو، دەیڕوانییە ئاسۆ.

لەو تاریکاییەدا جگە لە گژەگژی با و خوڕە خوڕی باران و جار جار زریکەی سۆنەکێوییەکان دەنگێکی تر نەدەبیسترا. وێ دەچوو لە قوولایی دارستانەوە ژنێک شیوەنی دەکرد، وەک ئەوەی بییەوێ دنیا پڕ لە هاوار و ناڵەبکا.

بە پێچەوانەی محەمەد وەلی بلووچ هیچی نەدەگوت. تەنیا سێبەرەکەی لە بەستێنی هەورە خۆڵەمێشییەکانی

ئاسۆدا، کە دایم لە جموجووڵ دابوون نیشانەی ئەمە بوو ڕێگەی ئازادی و ژیان بە ڕووی گیلەکەوە گیراوە. با کۆختەکەی ڕادەژەند و هاوارێک کە لە شیوەنی ژنێکی دەردەدار دەچوو، خەونی لە چاوی گیلەک دەتاراند. بەتایبەت جارجار با ئەو هەورانەی دەڕەواندەوە کە ببوونە لەمپەری مانگ و تیشکی سەرە نێزە و ئاسنی تفەنگەکە چاوی بەشەوارە دەخست.

ئەو دەنگەی لە دارستانەوە دەهات، لە ناڵەی سوغرا دەچوو. ڕاست هەر ئەو کاتەی لە توو لەم، لە هەیوانی کۆختەکەی کوێخاوە، گوللەیەک لە بندەستی درا.

سوغرا منداڵەکەی دانا و دەستی بە شیوەن کرد.

– ناتەوێ ڕابکەی؟

– نا!

لەخۆوە وەڵامی دایەوە: «نا» بەڵام لاق و دەستی کۆکردەوە. بڕیاری دابوو لەگەڵیان قسە نەکا. چوون بیستبووی نابێ لەگەڵ فەرمانبەر زۆر قسە بکەی. ئەمانە لە هەر وشەیەک لە زاری بنیادەمەوە بێتە دەرێ، بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن. لە لێپرسینەوەدا دەبێ بێدەنگ بی. چما لەخۆوە وەڵام بداتەوە. ئەمنییە دەیویست بزانێ خەوتووە یا بە خەبەرە و تێگەیشت، ئیدی وەڵام ناداتەوە.

«بزانە چی دەڵێم!» دەنگی گیراو و سەرما بردووی بلووچ لە گژەگژەی بادا ون بوو. تۆفان گورەگوڕی بوو، بەڵام لە ژوورەکەدا بێدەنگییەکی ترسهێنەر فەرمانڕەوا بوو. گیلەک پشووی لەخۆی بڕیبوو.

«مەترسە!»

گیلەک دەترسا. چونکە دەنگە زیقەکەی بلووچ کە لەنێوان لێوی و ڕدێنییەوە، دەهات دەیترساند.

«منیش وەک تۆ چەتە بووم.»

بلووچ بێدەنگ بوو. گیلەک دڵی داکەوت، لەوە دەچوو ئەمانە سووسەیەکیان کردبێ.

«وەک تۆ چەتەبووم.» نا موسڵمان درۆدەکا، دەیەوێ قسەی لێ دەرکێشێ. سامی بێدەنگی بلووچی تۆقاند. بە کاوە خۆتر قسەی کرد: «ئەم بەیانییە کە لە کروج خەریکی پشکنین بووم...»

لە تاریکیدا خشە خشە دەهات. وەک ئەوەی دەستیان لەشیشە تووتنەکان دابێ، کە بە بنمیچی ژوورەکەوە هەڵواسرابوو.

«نەبزووی دەتکوژم!» دەنگی بلووچ بڕاو و هەڕەشە هێنەر بوو. گیلەک دیتی لە تاریکاییەکەدا قەرەوڵی لێ گرتووە.

«دانیشە!»

لادێیەکە دانیشت و گوێی هەڵخستبوو تا سەرەڕای گڤەگڤی باو باران و لافاو ئەو وشانەی لە دەم بلووچەوە دێنە دەرێ ببیسێ. بلووچ چپە چپیەتی.

«لە کروج– دەژنەوی؟ لەنێوان سواڵە برنجێک دەمانچەیەکم دۆزییەوە. دەزانی دەمانچەکە هی کێیە. ڕاپۆرتم نەدا. بۆ وەی ڕەنگە تیاچوویایە. لەگەڵ خۆم هێناومە. کە بیدەم بە فەرماندە، دەزانی کوشتن چاوەڕوانتە.»

هێمنی. دەتگوت ئیدی تۆفان نییە و پیرەدارەکان نانرکێنن و دەنگە زیقەکەی بلووچ گشت ئەم نەڕەو گڤە و خوڕەم و بارینەی شەق دەکرد.

«گوێ دەدەی؟ مەترسە، من خۆم ڕەعیەت بووم، دەزانم چەند بە پەژارەی، ئێمە بە دەستی خانەکانی خۆمان زۆرمان زەرەر لێکەوت، بەڵام دیسان ڕەحمەت لەخان، لەوان خراپتر ئەمنییەت، من خۆم ماوەیەک چەتە بووم، بە قەدەر تاڵەتاڵەی قژی سەرم پیاوم کوشتووە. بۆیە بوومە ئەمنییە، تا لە دەس ئەمنییە ڕزگاربم، لەمن مەترسە! خواپێی خۆش نییە، یەکی وەک تۆ تیابچێ، ببێتە قوربانی پڕوپووچ، مانگێکە هەواڵم لە ژن و منداڵەکەم نییە، خەرجیم بۆ نەناردوون. لەبەر ئەوان نەبوایە ئێستا لێرە نەدەبووم. دەتەوێ ئەم دەمانچەیەت پێ بدەمەوە؟»

گیلەک مرخەمرخ پشووی دەدا، شتێک بەربینگی گرتبوو، دڵی لێ دەدا، عارەق کەوتبووە نێوچاوی. ڕواڵەتێکی سامناکی لە بلووچ، لە زەینی خۆیدا نەخشاندبوو و لێی دەترسا؛ نەیدەزانی چ بکا. پێی خۆش بوو هەستی و هێورتر پشوو بدا.

«نەبزووی! دەمانچە بەدەستمەوەیە.. حەوت گوللە دەخوا، هەر حەوت گوللەکەی لە سەرپێیە، ئامادەی تەقاندن نییە، بتەوێ تەقە بکەی، دەبێ چەخماغی ڕابکێشی، ئەم دەمانچەت دەدەمێ.» ئیدی گیلەک تاقەتی نەهێنا. «نایدەی، درۆ دەکەی! بۆچی ناهێڵی بخەوم؟ ئازارم دەدەی! موسڵمانان فریام کەون! چیتان لێم دەوێ؟» بەڵام هاوارەکانی نەیدەتوانی بە هیچ کوێ بگا، چون تۆفان هەر چەشنە دەنگێکی نزمی لە شەپۆلی باو باراندا نغرۆ دەکرد. «هاوار مەکە! مەترسە! دەتدەمێ، پێت دەڵێم، ئەگەر پێ بنێیتە دایرەی ئاسایشی فوومەن، کارو تەواوە. مەگەر نەتژنەفت چەن ڕۆژ بەر لەمە

پاسێکیان لەناو ڕێگادا ڕووت کردبووەوە؟ لەو ڕۆژەوە تائێستا هەرچی پیاوە، گرتوویانە. من موسڵمانم.
باوەڕم بە خودا و پێغەمبەر هەیە، خوا پێی خۆش نییە کە..»
گیلەک ئەهوەن بووەوە. ئاسوودە بوو، زۆریان لە ئێمە گرتووە. دەیانەوێ لێکۆڵینەوەی لێ بکەن.
«بۆچی هاوار دەکەی؟ دەتدەمێ؟ هەر پێت دەفرۆشم. دەمانچە هی تۆیە. بێتو ڕاپۆرت بدەم بە ماڵی تۆدا پەیدام کردووە، بۆ خۆت دەزانی کوشتن چاوەڕوانتە، بە خۆتی دەفرۆشم، پەنجا تمەن دێنێ، تۆ، تۆ خۆت دەزانی لەگەڵ محەمەد وەلی، ها؟ نایەنێ؟ پارەکەت لای خۆتە. یا داوتە بەکەسێ؟» گیلەک ئەهوەن بووەوە و ئیدی هەڵنەدەلەرزی، دەستی برد لەژێر پەتوەکەوە دەسرۆکەی گرێ دراوی کە پێ بوو، کردەیەوە و پەنجا تمەن قاقەزی دوو تمەنی کە تەڕبوون و وەک هەویری لێ هاتبوو، ئامادە لە دەستیدا ڕایگرت.
«بێ بیگرە!»
ئێستا نۆرەی بلووچە بترسێ.
«نا، وانابێ. هەڵدەستی و ڕادەوەستی، پشت لەمن دەکەی، پارەکە دەخەیتە گیرفانتەوە، منیش پارەکە لە گیرفانت دەردێنم، ئەو وەختە دەمانچەکە دەخەمە گیرفانتەوە، دەبێ دەس هەڵبێنی. بزووی بە قۆناغە تفەنگ دەدەم بە کراکەتا. گوێ بگرە هەموو ئەو فێڵ و کەڵەکانەی تۆ دەیانزانی، من دەزانم. تا من ئێشک دەگرم. دەبێ ڕوو بکەیتە دیوار و پشت بە من ڕاوەستی، بزووی زگت پڕ لە گوللە دەکەم. وەختێ ڕۆیشتم، خۆت دەزانی لەگەڵ وەکیل باشی.»

* * *

خوڕە خوڕی ئاو یەکسان دووپات دەبووەوە. ئەم ئاهەنگە جەرگبڕە، گیانی هێنابووە سەر کەپووی. ئاو لە پلوسکەوە دەپەڕی. ئەم ورتە ورتە زایەڵەیەکی چکۆلە بوو لەنێوان ئەم جۆش و خرۆشەدا، بەڵام پتر لە هەموو شتێک جەرگ و دڵی گیلەکیان دەخوارد. دەستی بە دیوارەکەوە نابوو. تاوتاو با یەکێ لە توورەکە سیرەکانی دەهەژاند و سەر پەنجەکانی ختووکە دەدا. کراسە کرباسییەتەڕەکە بە پشتییەوە دەلکا. دەمانچەکە لە گیرفانیدا قورس بوو. جارجار دەقیقەیەک پشووی نەدەدا تا چاکتر بتوانێ دەنگێک کە دەیهەوێ، ببیسێ. چاوەڕوانی دەنگی پێی محەمەد وەلی بوو لەسەر پلیکانە دارییەکەدا. تاوتاو لوورەی با کزتر دەبوو، تاوتاو لە

بارینی یەکسانی باران وەستانێ بەدی دەهات و زەبریشی لە ئاهەنگی خوڕە خوڕی پلوسکەکەش هەبوو، بەڵام دەنگی پێ نەدەهات. کاتێ بلووچ نەڕاندی: «محەمەد وەلی؟ ئای محەمەد وەلی!» هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا. ئەمە ئاڵوگۆڕێ بوو. «ئای محەمەد وەلی...» گیلەک گوێی هەڵخستبوو. هەرکە، دەنگی پێ لەسەر پلیکانە دارییەکە بەرگوێ کەوێ، دەبێ چاک بە ئاگابێ و لەو ساتەدا کە بلووچ جێگاکەی خۆی دەدا بە محەمەد وەلی، بگەڕێتەوە و لەو چەند ئان و ساتەیدا کە ئەوان پێکەوە قسە دەکەن و خشەخشی دەست و لاقی نابیسن، کەڵک وەرگرێ، دەمانچەکە لە گیرفانی دەربێنێ و ئامادەبێ. لەوە دەچوو لە خواری، دەنگێک وەڵامی دەنگی بلووچی دایەوە.
خۆزگە بۆ چەند دەقیقەش بووە باران، ڕادەوەستا؛ خۆزگە گژەگژی با بێدەنگ دەبوو؛ خۆزیا نرکەنرکی شاڵاو بۆ یەک دەقیقەش بووە، کپ دەبوو. ژیانی ئەو، هەموو شتێکی ئەوگرێ دراوە بەم چەند ساتەوە؛ چەند سات یا کەمتر. ئەگەر لەم چەند ساتەدا خوڕە خوڕی ئاوی پلوسکەکە ڕادەوەستا، بەو گوێچکە سووکانەوە هەیەتی، دەیتوانی لە بچووکترین جووڵە تێبگا. ئەوسا کۆتایی بە هەموو، ئەم ناڵە و هاوارانە دەهات. دەچێتەوە بۆ لای منالەکەی، منالەکەی لە مەرجان دەسێنێتەوە؛ هەر بەم تفەنگی وەکیل باشییەوە دەچێتەوە دارستان و لەوێ دەزانێ چ دەکا.
لەخوارێ جگە لە هاژە هاژی باو خوڕە خوڕی ئاو و خشەخشی لقوپۆپی دارەکان دەنگێ تری نەدەبیست. دەڵێی ژنێک لە دارستانەوە دەیزریکاند، بەڵام بلووچ خەریکی قسەکردن بوو. هەموو دەمار و ماسوولکەکانی، هەموو هەست و هێزی جەستەی سەرنجی دەنگێکی دەدا کە لەخوارێ دەهات، بەڵام گژەگژی باو بارشت لە هاتنی دەنگێکی دیکە بەرگری دەکا.
«نەبزووی، دەس بنێ، بە دیوارەکەوە!»
گیلەک جووڵابووەوە، لە خۆوە دەجووڵایەوە تا چاکتر ببیسێ.
گیلەک بە ئەسپایی گوتی: «گوێ بگرە بزانە چی ئێژم»
بلووچ نەیبیست. بیری کردەوە. ئەگەر بە زمانی گیلەلی قسە بکا. شاراوە تر دەبێ.
«ئای برا، من کارم وەتۆ نییە. لێی گەرێ بابگەڕێمەوە کە وەختێک هات بیوینم» دیسان بلووچ نەیبیست. زرمەی ئەو پۆتینانەی بەسەر پلیکانەکەدا دەدرا، ئەوی

ترساند و هاوکات هیواشی خستە دڵیەوە.

«بارانێکی سەیرە، خۆش ناکاتەوە!»

ئەمە دەنگی محەمەد وەلی بوو، ئەم دەنگەی دەناسی. لەچاو تروکانێکدا گیلەک بڕیاری دا. گەڕایەوە. دەستی کرد بە گیرفانیدا. دەسکی دەمانچەکەی گرت. تەنیا پێویست بوو چەخماخەکە بکێشێ و تەقاندن بێ، بەڵام ئێستا کاتی گوللە تەقاندن نەبوو، بۆ ئەوەی بەم چەشنە بلووچ بۆ ڕزگاری گیانی خۆبشی بووە، ناچار بووە، تەقە بکا و دەرەقەتی هەردووکیان نەدەهات، خۆزگە دەیتوانی چەخماخ بکیشێ تا ئیدی لە هەر کاتێکدا بیەوێ ئامادەی هێرش بێ. دەمانچەکەی چاک دەناسی و لە گیرفانی دەری هێنا، هەڵیسەنگاند، وەکو ئەوەی بەم جۆرە پتر دڵنیا دەبوو. هەر لەم ساتەدا دەنگی هەڵکردنی شەمچە، پیلانەکەی لێ تێک دا. بەخۆشییەوە چڵی هەوەڵ نەیگرت.

«مەگەر باران دێڵێ؟ شەمچەکە لە گیرفانمدا خووساوە.»

چڵی دووەمیش نەیگرت، بەڵام هەر لەم چەند ساتەدا گیلەک ڕێگای بەرگری دۆزیبییەوە، دەمانچەکەی خستەوە گیرفانی. پەتوەکەی وەک چاکەتەکەی خستە سەرشانی و لە سووچێکی ژوورەکەدا خۆی کزۆڵە کرد،

«ئای، چراکە بێنە بزانم، شەمچەکە خووساوە.»

بلووچ پرسی: «دەتەوێ چی بکەی لە چراکە؟»

– ماوە؟ نەڕۆیشتبێ؟

– بۆ کوێ دەتوانێ بچێ؟ بە خەبەرە، بانگی لێ بکە، وەڵام دەداتەوە.

محەمەد وەلی پرسی: «ئای گیلەک؟.. خەوتووی یا بە خەبەری...»

هەر لەم ساتەدا شەمچە ئاوری گرت و شەوقە ڕەنگ زەردەکەی قەڵافەتی لادێیەکەی رووناک کردەوە. لە ڕوخساریدا تەنیا تەوێڵی پانی و کڵاوە قووچە درێژەکەی دەبینرا. هەر بەو شەمچەیە جگەرەیەکی داگیرساند: «دەڵێی سەفەری قەندەهاری لەبەرە پەتووشی لەگەڵ خۆی هێناوە. کەتەکەشت خوارد؟ ئەی برای سەلکە ماسی خۆر. ئێستا دەبێ ماوەیەک بچی بۆ تاران تا ئاشی گوڵ گیوە گوڕ و تینت وەبەرنێتەوە. بۆچی خەوت لێ ناکەوێ.»

محەمەد وەلی تلیاکی کێشابوو، بە نەشە بوو. «چلۆنی؟ حاڵی ڕێبەر چلۆنە؟ تۆش ڕێبەر بووی یانە؟ بێگومان تۆ ڕێبەری وەرزێرەکانی توولەم بووی؟ ها؟ وەڵام نادەیتەوە؟

حا- حا- حا- حا.»

گیلەک پێی خۆش بوو ئەم قاقایە نیسکێ درێژتر دەبوو. تا دەرفەتی پێ بدایە چەخماخ بکێشێ و ئاگری جگەرەکەی نیشانە بگرێ و تەقەی لێ بکا. «بڵێ بزانم، ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ سەرگورد هاتین بۆ توولەم پاسگە دروست کەین، ئەوەتۆ نەبووی، ببووی بە ئاڵا هەڵگری هەموان و گوتت: «ئێمە لێرە خۆمان داروغەمان هەیە و کەسمان ناوێ؟ بێ شەرەفانە، ئێمەتان کردە خانوویەکەوە و خەریک بوون ئاورتان دەدا. مەخابن. سەرگورد لەوێ بوو و نەیهێشت ئەگینا هەر بەم ڕەشاشە هەمووتانم درووێنە دەکرد. ڕێبەرە نۆکەرەکەشتان خۆم تۆپاندم، بڵێ بزانم، تۆش لەوێ بووی؟ بەڕاست ئەو ڕێبەرانەی زمانیان بە قەد لەپی دەستێک دەبوو، ئێستا لەکوێن؟ بۆچی بەهاوارتەوە نایەن؟» پاشان چەند جوێنێکی هزری پێدا.« لەتاران بەرەیان ڕیشەبڕ کردن. ئیدی کەس زاتی نییە جووکەی لێوەبێ، دەتانەویست بلشویک بازی دەربێنن؟ ژنەکانیشیان؟ چ ژن گەلێکی بێ حەیا و چەرداوە ڕوو؟ ئای؛ ئای؛ هەر لەبەر ئەوان بوو سەرگورد نەیدەهێشت تەقەیان لێ بکەین. چۆنە ئێستاکە بوونەتە مشک و چوونەتە کونەوە، ئاخ ئەگەر بە دەس من دەبوو؟ نازانم چیم لێ دەکردی؟ بۆچی گوتیان ساخ و سەلامەت بتگەیەنم؟ بێ گومان تۆ یەکێ لە نۆکەرەکانیانی. ئەگینا هەر ئەم بەیانییە کە چاوم پێت کەوت، چارم دەکردی، لەبەر چاوتا ژنەکەت... ئەهای، دەتەوێ چی بکەی؟ بجووڵێتەوە دەتکوژم.» دەنگی چەخماخی تفەنگ، گیلەک کە بێ ئاگا کاری دەکرد، لە جێگاکەی خۆی داینشاندەوە. گیلەک لە خۆوە دەستی بۆ دەسکی دەمانچەکە برد. هەر ئەو ژنەی چەند مانگ پێش لە ڕووداوەکەی توولەم، گوللە لێی داو پاشان مرد، ژنی ئەو بوو، سوغرابوو، مناڵی شەش مانگانەی بە بەرەوەبوو و ئێستا لە کۆختەکەیدایە و نازانێ چی بەسەردێ. مەرجان، ئەو کەسە نییە مناڵەکەی ڕابگرێ. قەت، ئەو کارەی لە دەست نایە. ئیدی کێ لە بیری مناڵەکەی ویدایە. گیلەک تاوتاو گوێی نەدەدا بە قسەکانی وەکیل باشی. لە بیری شتێکی دیکەدابوو. نەکا دەمانچەکە گوللەی تێدا نەبێ. نەکا بلووچ و وەکیل باشی گاڵتەیان پێی کردووە و دەمانچەی خاڵییان پێ داوە، بەڵام قازانجی ئەم گاڵتەیە چییە؟ شتی وا هەر نابێ. لەبەر ئەم مناڵەی ناچار بوو جار بەجار بگەڕێتەوە توولەم.

دەمانچەکەی هەڵسەنگاند. دەستی لە گیرفانیدا ڕاگرت، لە ڕاستیدا بە کێشەکەیدا، دەیزانی کە دەراغەکە بە گوللەوە لە جێگای خۆی ڕایەیانەن. هەر ئەم جووڵەیە بوو سەرنجی محەمەد وەلی ڕاکێشاو لوولەی تفەنگەکەی تێکرد. نووکی سەرە نێزەکە پتر لە گەزێک لەگیلەکەوە دوور بوو ئەگەینا لە پڕ لوولەکەی دەدا بەزەویدا و تفەنگەکەی لەدەست دەردێنا: «ئای برادەر، خەوتووی یا بە خەبەری؟ بڵێ بزانم ڕەنگە بتبەن بۆ فوومەن کە لەگەڵ ئاگل لوولهانی پێوەندیت هەیە؟» چەند جوێنێکی خەڵات کرد. «حەوتوویەک خەوی لە ئێمە حەرام کرد. ڕۆژی ڕووناک لەناوەڕاست شۆستەدا ئۆتۆمبێلێکی ڕووتاندەوە. سمێڵی ئەویش دووکەڵاوی دەکەن، نۆرەی ئەویش دەگا. بڵێ بزانم، ڕاستە ئەو ژنەی کە ئەو ڕۆژە لە توولەم گوللەی وێ کەوت کچی ئەوە؟..»

تۆفان تاوتاو ئەوەندە بەهێز دەبوو کە بیستنی دەنگی براو و بێ گرێ و گۆڵی محەمەدوەلیش، بۆ گیلەک، لەگەڵ ئەو هەمووە سەرنجەی دەیدایە، چەتوون بوو لە حاڵێکدا ڕاست گیلەکیش دەیویست هەر ئەم بابەتانەی وی بزانێ و دەیتوانی لە وتەکانی وەکیل باشی تێبگا بۆچی دەیبەن بۆ فوومەن. فەرمانبەرەکان (یان لانی کەم ئەو کەسەی فەرمانی گرتنی وییان دابوو) دەیانزانی زاوای ئاگل بوو و هێشتا پێکەوە پێوەندییان هەیە. گیلەک دەیزانی دارۆغە، ئەوی خستە داوەوە. زۆرجار بە خەزووری گوتبوو نابێ متمانە بەم پیاویلکە خوێڕییە بکەی و ڕەنگە ئەگەر لەبەر ئەم پیاویلکە خوێڕییە نەدەبوو، ئیمڕۆ ڕووداوی توولەم کە محەمەد وەلی چاک لێی ئاگەدارە، ڕووی نەدەدا و ڕەنگە سوغرا زیندوو دەبوو و ئیدی ئاگلیش نەدەچوو بۆ دارستان و هەموو ئەم ڕووداوانەی دوایی ڕووی نەدەدا و ئیمڕۆ گیانی لە مەترسیدا نەدەبوو.

هەژانێکی توندی با، کۆختەکەی لەراندەوە. ڕەنگە پیرەدارێکیش شکایەوە و لەززەمەی ئەو کۆختەکە ڕاتەکا، بەڵام محەمەد وەلی لە پەسا قسەی دەکرد حا حا حا پێدەکەنی و هەڕەشەی دەکرد و لە تەشەر خستن چێژی دەبرد.

چ چاک دیمەنی دارۆغەی خوێڕی لەبەرچاوە. ساڵەهای ساڵ خەڵکی ڕووتاندەوە و لە سەردەمی پیریشدا باجی وەردەگرت. بۆ وەی لەشەڕ و ئاژاوەی خەلاس بێن، کردیانە دارۆغە، چونکە لەو چەند ساڵەی پێش شەڕ ئاغا لە تاران، هەمە کارەبوو و پێی فەرمانبەرەکانی لە ملکی خۆی بڕیبوو و ئەوان نەیاندەوێرا لە ملکی ویدا فەرمانڕەوایی بکەن. هەر ئەم ئاگلی خەزووری وی نێوبژی کرد کە ئەو پیاویلکە خوێڕییە بکەنە دارۆغە و بەڕاستیش ئیدی جگە لەماڵی خەنیمەکانی خۆی، ماڵی کەسی دیکەی تاڵان نەدەکرد.

محەمەد وەلی جگەرەیەکی دیکەشی داگیرساند. ئەم جارە ساتێک شەمچەکەی هێنایە پێشەوە دەم و چاوی گیلەکی ڕووناک کردەوە. دووکەڵی بنەوش ڕەنگ لووتی گیلەکی تووزاندەوە. «بزانە چی دەڵێم. بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟ تۆ هەر ئەو پیاوەی، ئەو کاتەی ئێمە هاتین بۆ توولەم پاسگە دابنێین، بەسەرگوردت گوت ئێمە مەختانەی خۆمان داوە و قسەت دەکرد. ئیتر بۆچی ئێستا لاڵ بووی...»

چاکی لەبیر بوو. ڕاستی دەکرد: کاتێ دێهاتییەکان گوتیان ئێمە دارۆغەمان هەیە، گوتی: بڕۆن نوێنەرەکانتان دیاری کەن. قسەیان لەگەڵ دەکەم. ئەویش یەکێ لە نوێنەرەکان بوو. سەرگورد لێیانی پرسی مەختانەی ئەمساڵتان داوە یان نا؟ هەموویان گوتیان داومانە. پاشان پرسی، پێش ئەوەێ ڕێبەرتان بوو، داتان یا دوایش هەر داتان دێهاتییەکان گوتیان: «هەم ئەوکات دابوومان و هەم ئێستاش داومانە.» پاشان سەر گورد ڕووی کردە گیلەک و لێی پرسی: «تۆ چیت دا؟» گوتی: «من هەورێشمم دا، برنجم دا، هێلکەم دا، سیر، قۆرە، هەناری ترش، پیواز، گسک، چووکوول، کلۆش، ئاردەبرنج، هەموو شتێکم دا.» پاشان پرسی هی ئەمساڵیشت داوە؟ گیلەک گوتی: ئەمساڵ هەورێشمم دا، برنجیش دەدەم.» پاشان لە پڕێکا گوتی: «بڕۆ پسوولەکەت بێنە.» بێچارە لوتفعەلی پیرەمێرد گوتی: ئێوە کە نوێنەری ئاغا نین!» تا هات قسەکەی تەواو کا، سەرگورد لە پەناگوێی سرەواند، ئەوسا دێهاتییەکان لە ژوورەکە هاتنە دەرێ و کەس نەیدەزانی کێ فووی بەشەیپوردا کرد کە نزیک چەند هەزار وەرزێر ئاپۆرەی خانووەکەیان دا. پاشان تەقە هەستا و سوغرا گوللەیەکی وێ کەوت و لوتفعەلی دەسبەجێ مرد.

دێهاتییەکان شەو کۆبوونەوە و هەر ئەم دارۆغە خوێڕییە پێشنیاری کرد ئاگر لە خانووەکە بەردەن و ئەگەر شەو دەستەیەکی دیکە سەرباز نەگەیشتبا، شوێنەواریان بەجێ نەدەما...

محەمەد وەلی جگەرەی دەکێشا. گیلەک بیری دەکردەوە، چاکترین دەرفەت هەر ئێستایە چەکی بکەم.

گشت گیانی دەلەرزی. هێنانە بەرچاوی مەرگی دڵتەزێنی سوغرا دەسەڵاتی لەدەست سەندبوو. خۆیشی نەیدەزانی لەسەرما هەڵدەلەرزێ یاکو لەشپرزەییدا... بەڵام محەمەد وەلی دەستی هەڵنەدەگرت: «تۆ زۆر شارەزای. لەو کۆنەکارانەی. یەک قسەش ناکەی. دەترسی خۆت بدۆڕێنی. بڵێ بزانم، کام یەک لەوانەی لەناو ژوورەکەدابوون قسەیان لەگەڵ سەر گورد دەکرد. ئاگل بوو؟ من لە هیچ کەس ناترسم. ئاگل بێ دینە خۆم دەمەوێ جەزرەوەی دەم. هاوڕێکانی خۆم بە چاوی خۆیان دیتوویانە قورئانی ئاورداوە. پێم خۆشە گیری خۆم بکەوتایە، کامیان بوو. بێگومان کۆسەکە بوو کە لەسەرووی تۆوە ڕاوەستابوو، ها، بۆچی وەڵام نادەیتەوە، خەوتووی یا بەخەبەری؟...» گژەگژی با نەڕە نەڕێکی سەیری لە قووڵایی دارستانەوە بەرەو لای کۆختەکە دەهێنا: زریکەی ژن، بۆڕە بۆڕی گا، هاوار و ناڵەی وەڕەزی و ناڕەزایی. هەرچییەک زیاتر، گیلەک گوێچکەی هەڵدەخست، پتر دەیبیست، وەکو ئەوەی ناڵە ناڵە دڵتەزێنەکەی سوغرا کاتێ گوللەی وێ کەوت، لەم هەراو هۆریایەدا بوو، بەڵام خوڕە خوڕی ئاوی پلوسکەکە پتر لە هەر شتێک دڵی گیلەکیان کوڵەوار دەکرد، دەتگوت کەسێ بە نینۆک برینێک هەڵدەکەنێ. چۆقە چۆقی ددانی لەگەڵ ئاوازی بارانەکە ڕێ کەوتبوو و خەریک بوو وەڕەز دەبوو.

هێمنییەک باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو، بە ڕواڵەت وەکیل باشییان تووشی گومان و دوو دڵی کردبوو. دەیویست بزانێ گیلەک خەوتووە یان نا.

– بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟ ئێوە دوژمنی خودا و پێغەمبەرن. کوشتنی هەمووتان حەڵاڵە، بیستوومە ئاگل گوتوویەتی ئەگەر بکوژی کچەکەی بکوژن، ئامادەیە خۆی بە دەستەوە بدا، ئەرێ، گیانی تۆ، من هەر بەلامەوە گرنگ نییە ئەو ژنەی کە ئەو ڕۆژە بە گوللەی من کوژرا کچی ئەو بووە یان نا. بەمن چی؟ من ئەرکی دینیم بە جێ هێناوە. دەڵێم ئاگل دوژمنی خودایە و کوشتنی ئەرکە لەسەر شانم، بیستت؟ من باکم لە کەس نییە . من کوشتم، هەر کارێک لە دەستی دێ بیکا...

– تفەنگەکە دانێ ببزووی مردوویت....

ئەمە گیلەک گوتی. دەنگێکی خنکاو و گیراو بوو، وەکیل باشی شەمچەیەکی هەڵکرد و هەر ئەمە بۆ گیلەک ئاژیرێک بوو. لە چاو تروکانێکدا دەمانچەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و هەر لەو ساتەدا کە شەوقی کزی زەرد و دووکەڵی بنەوشی شەمچەکە، ژوورەکەی ڕووناک کردەوە، گیلەک توانی چەخماخەکە بکێشێ و سێرەی لێ بگرێ. محەمەد وەلی بۆ هەڵکردنی شەمچەکە قۆناغی تفەنگەکەی نایە سەر عەرزەکە، لوولەکەی لەنێوان هەردوو باسکیدا ڕاگرتبوو. کاتێ دەستی بە شەمچەکەوە ڕاداشت، سەرەنێزەکە لەژێر باسکی چەپیدابوو.

لە شەوقی شەمچەکە لوولەی دەمانچەکە و چاوێکی هەڵبڕاو و سپی گیلەک دەبینرا. وەکیل باشی گێژ بوو. ئاگری شەمچەکە دەستی سووتان و باسکی وەک ئەوەی سڕ بووبێ درا بە ڕانیدا.

– تفەنگەکە بنێ سەر عەرز! ببزووی کوژراویت!

لوولەی دەمانچەکە لاجانگی وەکیل باشی ماچ کرد گیلەک یەخەی گرت و هێنای بۆ ناو ژوورەکە.

– پەلە مەکە، ئێستا کرێکەت دەنێمە مشتت. ڕەجەز بخوێنە. من دەناسی؟ چما تەماشا ناکەی؟...

باران دەباری، بەڵام ئاسۆ خەریکبوو ڕووناک دەبووەوە. هەورە ڕەشەکان وردە وردە دەڕەوینەوە.

– دەڵێی لە کەس ناترسی! مەترسە، ئێستا ناتکوژم، بەدەست دەتخنکێنم. سوغرا ژنی من بوو. ناپیاو، ژنەکەمت کوشت، تۆ بکوژی سوغرای، تۆ مناڵەکەمت بێ دایک کرد، قڕتان تێ دەخەم. بێچارەتان دەکەم. ئاگل منم. لێی مەترسە. ئای، بۆ نابزووی؟..

تفەنگەکەی لەدەست سەند. وەکیل باشی وەک دیواری خووساو داتەپی. گیلەک تفەنگەکەی بە دیوارەکەوە هەڵپەسارد. «گوتت لە ئاگل ناترسی. ئاگل منم، داماو، ئاگل لوولمانی لە خەم و خەفەتی کچەکەی دیقی کرد. من گوتم ئەگەر بکوژی سوغرا بدەن بەمن، ئاگل تەسلیم دەبێ. ئەرێ ئاگل نییە کە خۆ بە دەستەوەبدا. پاسی ناو شۆستەکە من ڕوووتاندمەوە. هەموو ئەوانەی لەگەڵ منن، لەوانەن کە ئیدی بێ خانە و لانە بوون، هەموو لەوانەن لەسەر زەوی و زار دەریان کردوون. ئەمانەت پێ دەڵێم کە کاتێ مردی، زانیبێتت. هەستە، دەمامچەکەم خستەوە گیرفانم. دەمەوێ بەدەست بتکوژم، دەمەوێ گەرووت هەڵپچڕم. ئاگل منم. دڵم خەریکە فێنک دەبێتەوە...»

لە هەژمەت تووڕەییدا دەیهەسکاند. نەیدەزانی چلۆن دوژمن لەناوببا، پەشۆکابوو. لە تیشکی بەیانیدا قەڵافەتی وەکیل باشی وردە وردە دەردەکەوت.

– ئەرێ، من خۆم ڕێبەربووم. خوێنەواریشم. ئەم پێنج ساڵە فێر بووم. زۆر شت فێر بووم. دەڵێی وڵات بێ سەرەو بەرە نییە؟ ئەی بێ سەرەو بەرە چییە؟ ئێمەیان

تالان دەکرد، لەماڵ و حاڵمان ئاوارەتان کردین. ئیدی ئێمە هیچمان بۆ نەماوەتەوە، ڕەعیەتی ئیدی نەماوە. چەندە بۆ خۆت منت فریو دەدا و پارەت لێ ئەستاندم؟ تەمەنت درێژ بوو، ئەگەر دەمزانی بکوژی سوغرا تۆی. ئێستا حەوت کفنت دڕاندبوو؟ کێ بێ دینە؟ ئێوە کە هەزار جار دەستاندا بە قورئانا و بەڵێنییەکانتان شکان؟ نەهاتن سوێندتان نەخوارد کە ئیدی هەموو پەنا و پەسێویان هەیە؟ چما خەڵک لەخۆوە دەگرن؟ چما لە خۆوە دەکوژن؟ کێ دزی دەکا؟ باب و باپیری من لەم سەر زەوییەدا ژیاون، کام یەک لە ئاغاکان پەنجا ساڵ پێش لە گیلاندا بوون؟

زمانی گۆی نەدەکرد، ئەوەندە توند توند قسەی دەکرد برێ لە وشەکان مانایان نەدەدا. وەکیل باشی چۆکی دادابوو و تەوێڵی نابووە سەر تەختەدارییەکەی ژوورەکە و بە هەر دوو دەست پشت ملی گرتبوو. کڵاوەکەی لەسەری داکەوتبووە سەر تەختی ژوورەکە: «مەترسە، بەم جۆرە ناتکوژم. هەستە، دەمەوێ خوێنت بخۆمەوە، گوللەیەک حەیفە. ئاخر بەدبەخت، تۆ چیت تا گوللەیەک لە کیس بدەم. هەستە!» بەڵام وەکیل باشی نەدەجووڵایەوە. تەنانەت گیلەک لەقەیەکیشی دا بە لاقی ڕاستیدا، تەنیا سەری درا بەزەویدا، ئێسقان و ماسوولکەکانی ئیدی هێزی فەرمان بردنیان نەبوو. گیلەک دەستی برد و یەخەی چاکەتە بارانییەکەی گرت و سەیرێکی دەم و چاوی کرد. لە ڕووناکایی خنکاوی بەیانییە باران لێ دراوەکەدا قەڵافەتی محەمەد وەلی دەرکەوت. عارەق لە ڕوخساری دەتکا. چاوەکانی سپی دەیاننواند. بێ حاڵ ببوو. کەفی زەرد لە دەمی دەهات و مرخەمرخی دەکرد.

هەرکە چاوی بە چاوی گەش و ڕووناکی گیلەک کەوت. کەوتە پرتەپرت. زمانی بەربوو: «مەمکوژە، پەنام بە! پێنج منداڵم هەیە، بەزەییت بە منداڵەکانما بێ. هەر کارێ بڵێی دەیکەم. بەلاویەکەت ببەخشە. درۆم کرد من نەمکوشت. من سوغرام نەکوشت. خۆی تەقەی دەکرد. ڕەشاشەکە بەمن نەبوو....»

* * *

دەگریا. پاڕانەوە و داماوی و لالانەوەی جەندرمەکە، وەک ئاو بکەن بە ئاگردا، ڕق و قینی گیلەکی کوژاندەوە. بیری کەوتەوە پێنج منالی هەیە. ئەگەر ڕاست کا! منالەکەی خۆی بیرکەوتەوە کە لە سووچێکی کۆختەکەدا کایەی دەکرد. باران خۆشی کردبووەوە و لە بێدەنگی و پاک و خاوێنی بەیانیدا لاوازی و بێ غیرەتی محەمەد وەلی ڕقی وی هەڵدەستاند. ڕووناکی ڕۆژ پەلەی پێ دەکرد.

گیلەک تفی کردەوە و لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا، چاکەتە بارانییەکەی لەبەر وەکیل باشی داکەند و قەتارە گوللەکەی لێ کردەوە و پەتوەکەی خۆی بەسەرو ملیدا دا، کڵاوەکەی کردە سەری و چاکەتەکەی کردە بەری و لە دەرگای ژوورەکە هاتە دەرێ. لە دارستان هێشتا شیوەنی ژنێک کە ئازاریان دەدا، بەر گوێ دەکەوت. هەر لەم ئان و ساتەدا دەنگی گوللەیەک هات و باسکی ڕاستی گیلەکی پێکا. هێشتا نەگەڕابووەوە، گوللەیەکی دیکە سینگی سمی و لە هەیوانەکەوە گلۆربووەوە.

بلووچ دەستی خۆی وەشاند.

**هووشەنگی گوڵشیری لە بارەی ئەم چیرۆکەوە دەڵێ: «گیلە مەرد» بە ڕاستی شاکاری عەلەوییە. ئەو دوو جەندرمە و وەرزێرەی لەم چیرۆکەدان کتومت چیرۆکی «خەونەکانی»ی چیخۆفمان بیردەخەنەوە، بەڵام ئەم بەرهەمەی عەلەوی، ڕەنگێکی کۆمەڵایەتی توندتری بەخۆوە گرتووە و لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداوێک ڕوودەدا. ڕەنگە تەواودیش بێ، کە بۆ چیرۆکنووسی ئێمە وێنەیەکی دەروشاوەیە و هەر کۆڕێکی چیرۆکنووسی بێشی کردنەوە و ڕاڤەی ئەم بەرهەمە، ناتەواو دەبێ.**

**پەراوێز:**

*** «گیلەمەرد» بە واتای پیاوێک، کە خەڵکی گیلانە، گیلانیش پارێزگایەکە لە باکووری ئێران.**

**سەرچاوەکان:**

**١- گیلەمرد، بزرگ علوی، چاپ اول، نگاه ١٣٧٧.**
**٢- باغ درباغ، هوشنگی گلشیری، چاپ اول پاییز ١٣٧٨.**

«ئەزمــوونەکــا نوی یا شــانۆیی. فــانتــازیا گــیــانێ پێشمەرگەکێ نەدیارە».
**کەسێن شانۆگەریێ:**
١- گەنج (پێشمەرگە)
٢- سیتافکا گەنجی
٣- کچ یارا گەنجی
٤- کورس ١٤ چواردە کەس

# سیتافک

زیاد عابد
(دهۆک)

**رۆناهیا ئێکێ**

گورستـانەکا بەردایی و نەرێک و پێک دەنگێ قێژیان وەسـا دیارە کـو ئەشکەنجـەدان یا دهێت کـرن و سـتـێـچێ شـانۆیێ یێ دلڤلڤـیت عـەرد دیاردبیت ژ ترسـا یێ خـۆ دهەلاڤـێت مـینا پێلێن ئاڤێ رۆناهی بەلاڤـەدبیت گـەنج ژبانێ بلندێ شانۆیێ دکەڤیت عەردی دگەل کەتن و قێژیا هەرا بلند عـەردێ شانۆگەریێ هەمـوو مـرۆڤن ژبن پەرۆکا دەردکـەڤن و ئەو هەمــوو مـرۆڤ قــێـژیا ڤــەددەن و لدۆر مێـهـڤانێ خۆ یێ نـوو دزڤرن، زڤرین پاش کـەنی و دگەل حێبەتیا دیتنا گەنجی هەموو تشـتەک وەسا دیاردکەت کو ئەڤە نەجیهانا زیندەوەرایە. گەنج درەڤیت دچیتە دویماهیا شـــانۆیێ و دکـــەتە هەوار و گـــری پاش ئەو تەرمـــێـن هشیـاربوین دکەڤن جهێ خودا هەر ئێک مینا دەستپێکی پاش گەنج ب بەرێخودانێن خۆ دکەتە کەنی کەنی هەتاکو دکەڤیت ژبەر وێ کەنیا بلند و بهێز دەما دکەڤیت ژ پشت وی کەسەک (سیتافک) ب جلێن رەش ل بەژن و بالا وی رادبیـتـەڤـە و ب وەریسـەکی بەرەف ئەسـمـانێ شـانۆیێ دچیت و دگـەل دەنگێن ڤـەکـرن و گـرتنا دەرگـەهان شـانۆ تاری دبیت.

**رۆناهیا دوویێ**

شانۆ دگەل رۆهن بوونێ دیاردبیت کو ب لەشێ مرۆڤان

مینا چیایەکێ بلندە و کچ یا لەیزۆکا خەمگین دکەتن و ئەڤ لەیزۆکە هەستێن ترس و بەرزەبوونێ پەیدادکەن. ژ بن عەردێ شانۆیێ سیتافک دەردکەڤیت و کچ یا بەردەوامە د لەیزینێ دا سیتافکا تەماشەی لەیزینا وێ دکەت کچ بلەزدکەڤیت سیتافک خۆ نێزیک دکەتن سیتافک هەولدانا ئاخفتنێ دکەتن کچ بەردەوامە د لەیزۆکا خودا و سیتافک مینا ئاگەهدارکرنێ.

سیتافک.. جانێ.. جانێ

کچ بەردەوامە دلەیزینێ دا و سیتافک دەم بۆ دەمی تورە دبیت و ئاخفتنا خوە مینا گازیکرنەکا ب توند لێ دکەتن

**سیتافک:** جانێ... کچێ ئەزیێ دگەل تەدئاخڤم جانێ.. بێژمەتە راوستێ ئەزێ دگەلتە

دئاخڤم... هێ جانێ هێ هێ هووووووووووووو.

دگەل پەیڤێن دوماهیێ ئەو چیایێ مرۆڤان دهەرفت و بزاڤا ڕێزگرتنێ بۆ لەیزینا نەخۆشا کچێ دگێڕن و سیتافک حێبەتێ دمینیت سیتافک هەولددەت ب تۆندی وان بزاڤان براوستینیت لێ دیارە نەدەنگ و نە رەنگێ وی ئاگەهداریا خۆ نینە.

**سیتافک:** هێ.. جانێ ئەڤە ئەزم زێمار بەرێ خۆ بدە من ئەز یارێ تەمە بخێرهاتنا من وەکی جاران بکە ئەزێ ژ شەرێ ئازادیێ ڤەگەریایم.. «ددەمێ گوتنا ڤان ئاخفتناندا کورس و کچ بەردەوام یێ لەیزۆکا ڕێزگرتنا مریان دگێڕن و ئاگەهـ ل سیتافکێ نینە» باوەڕیکە لەشکەرێ حوکمدار شکەستنەکا مەزن لسەر دەستێ من و هەڤالێن من خوار... جانێ ئەزێ دگەلتە دئاخڤم هێ ێ ێ ێ.....

هەولدانا دکەتن دگەل گوتنێن دوماهیێ خۆ د وان مرۆڤ و کچێ وەردکەت لێ هەر جار دکەڤیت رادبیتەڤە حێبەتی دمینیت وەسا دیاردکەت کو تشتەکێ سەیر ب سەرێ وی هاتیە

**سیتافک:** ئەڤە ئەزم ئە--------------ز

کورس مینا شەمەندەفرەکێ چێدکەن ب لەشێ خۆ و دگەل دەنگێ شەمەندەفرێ کورس بلەیزین و بشێوێ شەمەندەفرێ دەردکەڤیت و کچ دمینیت وەسا دیاردبیت دێ دگەل خۆ ئاخڤیت و سیتافک ژ ئاخفتنێن وێ حێبەتی دمینیت.

**کچ:** بۆچی تۆ چووی من هێشتا چاڤێن خۆ بدیتنا تە تێرنەکربوون من هێشتا لێڤێن خۆ بلێڤێن تە نە ئاڤدا بوون تە هێشتا ئەز ژ کچینێ ئازاد نەکربووم.

لڤی دەمی سیتافک دزانیت بەحسێ وییە و بەرسڤا وێ ددەت لێ کچێ ئاگەهـ ژێ نینە و هۆسا پرسیارێن کچێ و بەرسڤێن سیتافکێ بێ دانوستاندن دمینن.

**کچ:** تە ئەزهێلام ڤێ جارێ بێ خاتر خواستن

**سیتافک:** ئەڤە ئەزم بەرێ خۆ بدە من ما تۆ من نابینی... ئەڤە چاڤێن منن ئێدی پشتی ئەم رزگار بووین ئەز ناچمە ڤە شەڕی ئەز ئێدی دێ د چەپەرێ ئەڤینداریێ دا سەرهلدانێ کەم دێ چەکێ من بیتە لێڤێن من و هزرا من بیتە هەست، هەست بۆ خۆشکرنا ژیێ مایێ.

**کچ:** خۆزیکا ڤێ جارێ تو قورتال ببای ئەز دا د رۆژا نوبیا ئازادیا مە خۆ کەم بویکەک بو تە و ئێکەم گرنژین بۆ لێڤێن خەلکێ وەلاتی دروستکەم

**سیتافک:** بەلێ بویک تو دێ ببە بویکا وەلاتی و شەهیانا تە دێ لسەرێ کەپکێ بریندار کەین داکو بخوینا عەشقەکا هار برینێن وێ دەرزێ ئەم پنی بکەین.

**کچ:** هەردەم خوین ڕێتن بەهرا تەبوو... وەلات ئازادی بەرخودان دوژمن گەل ئەڤە هەمی پارزینکێ تەبوون.

**سیتافک:** هەمی ب دوماهی هات و دێ نوکە مزگینیا سەرخۆبوون و ئێکبوونێ راگەهینن کا هەرە ئێزگەی ڤەکە دەنگ و باسێن خۆش دێ هەبن.

دەنگێ تۆپ و تەیاران بەردەوامە و قێژی بەردەوامن و دەنگێن دوریشمێن نەدیار تێکهەل دبن و کچ دویف وان دەنگان دچیت و سیتافک هەولددەت لدویف بچیت لێ بێ مفایە.

**سیتافک:** ئەزێ دبێژمەتە ئەڤە ئەزم ئەڤە ئەز «گری» کا ئەز.... کانێ ئەز

دکەڤیت و کورسێ مرۆڤان ب لەیزۆکا رۆژهەلاتێ (مەگولی و چینیا ) دهێن وەسا دیاردکەت کو یێ روحا وی بەر ب عەسمانی دبەن و پاش دکەڤن وتاری بوون.

**رۆناهیا سێیێ**

جهـ وەکو پەردا ئێکێ دیارە پێشمەرگە کەتیە وەکو خۆ و دەنگێ قێژیا بەردەوامە و هێدی هێدی گەنج رادبیتە ڤە، بترس و حێبەتی جیهانا خۆیا نوی دبینیت. ئێکسەر کورسێ مرۆڤان ژبن پەرۆکان دەردکەڤن دگەل قێژیا و پێکڤە دبێژن دادگەهـ ب مۆسیقەکا بلەز ئەو دچن گەنجی د هەلگرن و دئینە نیڤا شانۆیێ و مێزەکا سپی ددانێن پشت وی و ب شێوێ دادگەهەکێ دەست پێ دکەن. و لڤێرە کورس ١ و ٢ و ٣ و ٤ دئاخڤن وەکو دادوەر و پارێزەر.

**سیتافک:** هوین کینە ئەز وە ناسناکەم

**کورس١:** هششششششش خۆ بێ دەنگ بکە دێ ئەزبەنی ئاخڤیت.

**گەنج:** من چ ئەزبەنی نەبووینە و نابن و ئەز دەست ژ

مافێن گەلێ خو بەرنادەم

**هەمی پێکڤە:** ~~هههههههههههه~~ یێ دبێژیت بەرنادەم «ب ستران ڤـە» و ئەم بەرنادەین بەرنادەین بەرنادەین وەلاتێ خو ئەم بەرنادەین

ب ستران ڤە و لدۆر گەنجی دزڤرن و بلەیزین و گەنج دیارە تورە دبیت و هەولدانا رەڤێ دکەتن لێ نەشێت.

**کورس٢:** بەس.... بەس هەر ئێک بچیتە جهێ خۆ و دا دەست ب دادگەهکرنا ڤی گیانی بکەین ئەڤێ هەتا دوهی مرۆڤ.

**گەنج:** چەوا

**کورس١:** هششششششششش وەختێ ئەزبەنی دئاخڤیت تۆ بەس گوهاڤەکە.

**کورس٢:** هەلبەت هاتنا ڤی مرۆڤی بۆ ناڤ رێزێن مە نەوەکی هەمی هاتنایە ژ بەرکو ئەڤ مرۆڤە ب چەکەکێ پیسێ گەلەک پیس یێ پرت پرت بوی و بهنەکا گەنی یا ئێخستیە ئاخا مە یا نەرم و تەروک «گەنج هەولدانا ئاخفتنێ دکەتن لێ کورسەک دەڤێ وی دگریت و کورس٢ بەردەوام دبیت» هاتنا مرۆڤێ ژەنگی ژ ئەگەرەکێ نە رەوا بوویە نە ئەگەرەکێ خوداوەندیە وەکی هندەکان کو ب بیڤەلەرزەکێ هاتبیت یان نە ئەگەرەکێ زانستیە کو ئەندامێن لەشێ وی ژ کارکرنێ کەتبن یان نە ئەگەرەکێ تەکنەلۆژیە کو کەهرەبێ گرتبیت یان سەیارەکێ لێ دابیت.

**کورس٣:** من زانی کرمە.

**کورس١:** هشە کورۆ پێلە دا شەکر بێتەخوارن.

**کورس٢:** ئێ ئێ ئەو ئەگەرێ ئەڤ کابرایێ دفن درێژ پێ هاتی ئەگەرەکێ سەیرو سەمەرە ئەوژیک ئەوژیک.

**کورس٣:** دێ بێژە نێ ئەز پەقیم.

**کورس١:** هشە تو جارەکا دی دلوپەکا دی بکەی دێ ئەزمانێ تە یێ شێن ژ گەلالیشکێ ئینمە دەر «هەمی دکەنە کەنی بەس گەنج یێ حێبەتیە»

**کورس٢:** دا دادگەها مە درێژ نەبیت ئەم دێ بێژین کو ئەگەرێ هاتنا ڤی مرۆڤی بۆ ناڤ مە و سەروبەرێ ئەم تێدا ژبەر وی نوکە... ئەو بخۆیە.

**هەمی پێکڤە:** چەوااااااا؟

**کورس٢:** بەلێ ئەڤی مرۆڤێ هێن دبینن وی بخۆ ب پێت خۆ خۆ هاڤێتیە دۆزەخا مە.

**کورس١:** (بۆ گەنجی) ماتو دگەل پێت خۆ نەبووی.

**کورس٢:** ب دلێ خۆ و ب هەمی هزرا خۆ بڕیار دایە خۆ بهاڤێتە ناڤ ئاگری ئو وی دزانی ئەو ئاگرێ کۆژەکە و هەر گاڤەکا خافلەتیێ دێ وی سۆژیت پرت پرت کەتن بێ سیچ و سەبەب واتە وەکی مەزنا گوتی ئاگرێ وی ژ دەهمەنا وی بەربووی (پەیڤا دوماهیێ هەمی دوبارە دکەن هەتاکو گەنج د ئاخڤیت)

**گەنج:** بەسە «گری» من نوکە زانی ئاڤ د سەر چ ڕا دچیت من زانی کو ئەززز...! بەس گرنگ ئەو نینە یا گرنگ ئەوە ئەز لڤێرە ژی گونەهبار ببم ئەو دەمێ ئەز مرۆڤ و من هزرێت ڤێرە دکرن من دگۆت ب گول و نێرگزێن وەلاتێ من هوین دێ پێشوازیا من کەن من دگۆت دەمێ ئەز ئەڤینا خۆ دکەمە گوری رێبازەکا مەزن دەمێ ئەز حەزێن خۆیێن مرۆڤانتی بکەمە حەزێن وەلاتەکێ پڕ ئاخ و شاخ وی دەمی ئەز وان حەزان دێ لڤێرە وەکو دیاری وەرگرم «هەمی دکەنە کەنی»

**کورس٣:** پشتی مری شنیکا ژنەک دڤێت «کەنی»

**گەنج:** جانێ... دیتنا وێ ئەز دپالدام کو ببمە قەهرەمان من دگوتە خو شەرمە کو ئەز مرۆڤەکێ وەکی هەر ئێکێ دی هەژی ڤێ نازکێ بم حەزا ماچیکرنا وێ ئەز بەرەف پیرۆزیا برم بهزرا من مرۆڤانتی و مانا مرۆڤی دل خۆش ئەوە کو دەوروبەرێ مرۆڤی ب مرۆڤی د دل خۆش بن هەردەما وەلاتێ خۆ ئێخسیر ددیت من هەولا خوگوری کرن و گیان بەخشینێ هەبوو باوەربکەن ل وەلاتێ خو ژ پێشمەرگاتیێ من پیرۆزتر نەدیتن.

**کورس٣:** پێشمەرگاتیا چ کورۆ تۆ یێ مری.

**گەنج:** ئەز ددلێ وان دا ساخم ئەز دزانم نوکە ئەز یێ دبینم.

**کورس٤:** ئەگەر هێژایێ دادوەر دەلیڤێ بدەتە من ئەز تێبینیەکێ پێشکێش بکەم بەری نیڤ دەقیقێ برۆسکەک گەشتیە مە ژ سەری کو دبێژن ل وێ دەڤەرا ئەڤ کابرایە ژێ هاتی شەڕەکێ دی یێ چێبووی.

**گەنج:** شەڕێ چ؟ ئەم یێ بسەرکەفتین.

**کورس٢:** پێلە دا تمام کەت.

**کورس٤:** دبێژن شەڕێ ڤێ جارێ سەرا پارچێن عەردێ یێ چێبووی «هەمی دکەنە کەنی» بەلێ بەلێ باوەڕبکەن و ئەز خیلافێ نابێژم گوتن پارچێن عەردی نەماینە بۆ هەژار و خێزانێن بێ کەسان ژبەرکو هەمی عەردل وێ دەڤەرێ یێ دبیتە پرۆژێن روی سپی و ماقیلا و دبێژن هندەکان سێ چار پێنج حەفت پارچە وەرگرتینە و خێزانەکا (١٧) نەفەرە بێ زەلام لبن چادرێ بەرا بخۆ دکەنە بالیفک و ئاخێ بسەر خودادەن ژ سەرما.

**گەنج:** ئەڤە درەون ئەز باوەڕ ناکەم.

**کورس٤:** راوستێ هێشتا یا تیر یا دبنی مایی، دیسان ژێدەرێ مەیێ باوەڕ پێکری دبێژیت کو دەولەتێن دەوروبەر یا گوتیە سەرکێشێن وێ دەڤەرێ ئەگەر هوین مافێ خەلکی نەدەنێ ئەم پاشی دێ هێین دەینێ و دیسان دبێژن جنرالەکێ بیانی یێ هاتیە وێرە و ئنیەتە کارەکێ

گەلەکێ باش ئەنجام بدەت بۆ پالپشتیا وێ دەڤەرێ ژ مەترسیا حەزا دەوروبەر د سامانێ وێ دەڤەرێ دا و ئەڤەژیک یا شمن ڤە ها وەکو پێشبینی دێ وێ دەڤەرێ ل نێزیک توشی مەترسیێن مەزن و تێکدانێ کەتن نەخاسمە ب هەبوونا تابوورێ شەشێ کو رویە درێژ و چاڤ بەرزەنە

**گەنج:** ئەڤە هەمی درەون بۆ جارا دەهێ دێ بێژم درەون چنکو ئارمانجا مە یادیار بوو ل وی شەرێ دوماهیێ ئەڤێ ئەز تێدا، دگوتن هەردەما ئەم سەرکەفتین هەمی ئارمانج دێ بجە ئێن.

**کورس۳:** نەگوتبوونە وە دێ دولار هێتە ب نیڤێ هههههههه «هەمی دکەنن»

**کورس۱:** هششششششششش گوهێ خۆ بدەنە بریارا ئەزبەنی.

**کورس۲:** ما دێ چ بریار دەین ژ بەرکو ئەڤ کەسێ خۆ دایە کوشتن دیارە بە لەنگازە و هەژارەکێ وەلاتێ خۆیە و نەزانیە دێ چەوا خۆشیێ و سەرەدەریێ دگەل ژیانێ کەتن و هێشتا خۆ نەدیتە، مە بریاردا ئەوژیک وەکی مە بیت و دناڤ مەدا بمینیت و نانێ مە دوو کەرکەت.

هەموو ب ستران بزاڤا ئینانددنا وی بۆ ناڤ خۆدا دکەن و گەنج هەولددەت باخڤیت لێ دەرفەت نینە بستران ڤە مینا برنا وی بۆ حەهەکێ گورستانێ دبەن.

**ستران**

**ب ئێک دل ب ئێک جان**
**بۆتە دبێن هەموو ستران**
**پیرۆزە ژ وەلاتی تۆ باریکە**
**شەهیدێ رێکا ئازادیە**
**دل و جان ڤێکرا چوون**
**عەشق و یار ڤێکرابوون**

«دگەل دوماهیک هاتنا ڤێ سترانێ و بزاڤێن دگەلدا شانۆ بەرەڤ تاریێ دچیت»

**رۆناهیا چوارێ**

شانۆ ب لۆرینا کچێ رۆهن دبیت کو سەر کەڤرەکێ مرۆڤان روینشیە و سیتافک ژ ئالێ دی نێزیک دبیت وەسا دیارە سیتافک بێ ئومێدە.

**کچ:** تۆ هاتی یارێ دلێ من «گەنج حێبەتی دمینیت» دیارە ژ چاڤێن تە تە مزگینیا سەرکەفتنێ ئانیە وەرە دا لەیزینا سەرکەفتنێ بکەین.

کچ دلەیزیت گەنج دمینیت پاش دکەتە کەنی ئەوژیک دلەیزیت د دەمەکی دا گەنجی دڤێت کچێ هەمبێز بکەتن لێ نکاریت، بێ ئومێد دبیت و دکەتە گری لەیزینا کچێ و گریا گەنجی جارەک دی تێکەل دبیت.

**سیتافک:** ئاه من چەند هێز دڤێت کو ئەز بشێم چاڤێن تە رۆهن بکەم، هشێن سەرێ تە پڕ بکەم من هێزەکا خوداوەندی دڤێت کو ئەز بشێم بتنێ پەیڤا ئەز حەژتەدکەم بێژم... ئەز حەژتەدکەم دەرمانێ هەمی جۆدابوونایە.

لگەل پەیڤێن گەنجی کچ لۆرینکان دبێژیت وەکی دینان دگەرێت و کورسێ مرۆڤان ژ کەڤرێ خۆ مینا پرەکێ چێدکەن هەتا سەرێ شانۆیێ و کچ د سەرا دچیت.

**سیتافک:** نەههههههههههه

**کچ:** ئەڤە ئەز هاتم بۆتە بم هێلینکا خۆ ل تاریێ چێکەین دا کەس مە نە بینیت من نەڤێت ژبلی تە کەسەک من دناڤ وەلاتی دا ببینت.

گەنج بەردەوام د هەوارێ دایە هەتاکو رۆناهیەکا سپی شانۆیێ هەمیێ دگریت و دیاردبیت سیتافک دهێتە پشت گەنجی و پالددەت هەتا بۆ دەڤ کچێ و دیاردبیت کو کچ حێبەتی دمینیت.

**کچ:** یارێ دلێ من.

**گەنج:** ئەڤینا من ئەڤە ئەزم گیانێ من دگەل تەدایە سیبەرا من لدۆرتەیە.

**کچ:** دبێژن تویێ مری.

**گەنج:** ما شەهید دمرن؟

**کچ:** من دڤێت دگەلتەدابم یارێ دلی.

**گەنج:** مانە تە بۆ ڤەژاندنا بیرئانینێن من مانا تە بۆ پتر ئاڤاکرنێ و بەردەوامیا ڤەژاندنێ مانا منە د ژیانێ دا ساخ و سەرفەراز.

**کچ:** من نەڤێت من بهێلی.

گەنج لڤێرە دویر دکەڤیت و پەیڤێن دوماهیێ دبێژیت.

گەنج بمینە هشیار بمینە رزگارکەر بمینە بۆ ژیانێ بۆ ڤی وەلاتێ پڕ ب ئومێد و نەدیتی بمینە بۆ بیرئانینا خۆشترین رۆژ رۆژا ئازادیێ.

**کچ:** هەمی دەما ئەڤ فلمە دوبارە دبیت چوون و هاتن بەرزەبوون و لێگەریان مان و نەمان زنجیرا ڤێ چیرۆکێ دێ ل کێرێ بدوماهیک هێت؟ خۆزیکا من زانیبا.

(شانۆ تاری دبیت بتنێ رۆناهیا شانۆیێ وەکو پانوراما رویدانێن خۆش و نەخۆشێن ژیانێ دیاردبیت وەکو تێپەکێ فلمی پاش رۆناهی سەر کچێ دیاردبیتە ڤە گەنج بەرزە دبیت پرا کورسی دهەلوەشیێت و بتنێ کچ و سیتافک دمینین و سیتافک بەرێ خۆ ددەتە کچێ کچ بەرەڤ رۆناهیەکا سۆر دچیت کورس بلەیزینا خاتر خواستنێ بدوماهیک دئینیت.



# ڕەهبەر مەحموود زادە:
# شیکاری مێژوویی لە ڕەخنەدا بە پێوەری مارکسیزمی لە پلەی یەکەمدا گوتارێکی سیاسی و ئابووری بەرهەم دێنێ

**هەڤپەیڤین:**
**عەبدولخالق یەعقووبی**
**(بۆکان)**

ڕەهبەر شنۆیی مەحموودزادە، ڕەخنەگر و نووسەری لاو، ساڵی (١٩٧٥) لە شاری شنۆ لە دایک بووە. هەر لە سەرەتای کاری جددیی ئەدەبیی خۆیەوە کەڵکەڵەی تازەکردنەوەی چەمک و باسە تیۆریی و پراکتیکەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی بووە و ئەم ڕاستییەشی لە ڕێگای چاپی کتێبی «پێکهاتەی بەیتی کوردی»یەوە کە ساڵی (٢٠٠٣) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرچووە، سەلماند.

ئەم کتێبە شیکردنەوە و خوێندنەوەیەکی پێکهاتەخوازانەی کۆمەڵێک دەقی بەیتی کوردییە و مەحموودزادە بە وردی چەمکە تیۆرییەکانی قوتابخانەی پێکهاتەخوازی لەسەر ئەم دەقە خۆماڵییانە دابەزاندووە. جگە لەمە مەحموودزادە گەلێ وتار و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی نوێی لە بڵاڤۆکە ئەدەبییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا بڵاوکردۆتەوە.

ڕەهبەر مەحموودزادە ماستەری فەلسەفەی زانستی لە تاران وەرگرتووە و هەنووکەش پڕۆژەی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی شیعری مامۆستا هێمنی موکریانی لە دووتوێی کتێبێکدا بەدەستەوەیە.

ئەم وتووێژە حاسڵی دەیان دانیشتنی دووقۆڵیمانە کە بە مشتومڕی فیکری و ڕەخنەیی پاراو دەبوون و دواجار لەم چەند لاپەڕەیەدا پوخت بوونەتەوە.

* ئایا گـوتاری ڕەخنەی ئەدەبی مـۆدێرنە وەک بزاڤی ڕۆشنگەری، یان وەک چەمکی ڕۆشنبیری و گەڕیانێکی تایبەت بە جیهانی مۆدێرنە دەبینی؟

**ڕەهبەر مەحموودزادە:** گـوتاری ڕەخنەی ئەدەبیی مۆدێرن، مۆدێرنە.. ئەم قسەیە، ئەو مانایە دەگەیەنێ کە گـوتاری ڕەخنەی پێش مـۆدێرنیـشـمـان هەیە. پێم وایە ئێوەش لەگەڵ من کۆکن کە پێشینەی سونەتی ڕەخنەی ئەدەبی جـیـهـانی بۆ ئەفـلاتوون و بۆچوونەکـانی دەگـەڕێتـەوە. بۆ نموونە شـیکار کـردنی چیـیـەتی ئەدەب بەهۆی تیـۆری جیـهـانی ئایدیالەکان و بەنزمـتـر دانانی شـیـعـر و بەرزتر دانانی چیـرۆک بۆ دەبێ بۆچوونێکی مـۆدێرن بێ؟ بەڵام حاشا لەوە ناکرێ کە بەهاتنە کایەی تیۆرییە ڕەخنەییەکانی مۆدێرن، تیۆرییەکانی کۆنیش بە چاوێکی تازەوە تەماشایان دەکرێ.

حەز دەکەم ئەوەش بڵێم ئەگەر تیۆرییە ئەدەبییەکان وەک تاک چاویان لێبکرێ (نەک وەک ڕایەڵە و کۆیەک لە تیـۆرییـەکـان، یان وەک قـوتابخـانەیەکی ڕەخنەیی) لەوانەیە ئێـمـە لە مـێـژووی تیـۆریی ئەدەبدا، تووشی هەندێک تیـۆری هەڵوەشـانەوە بێین، بەڵام بەدڵنیـاییـەوە دەتوانم بڵـێـم هیچ قـوتابخـانەیەکی ڕەخنەیی هەڵوەشانەوەمان نییە. تۆ ئەمڕۆش بۆت هەیە سەتاسەت لەسەر بنەمای بووتیـقای ئەرەستوویـیەوە، خـوێندنەوەت لەسـەر دەقی جـۆراوجۆر هەبێ، ڕاستـە زۆر قـوتابخـانەی ڕەخنەیی ئەمڕۆ هەرمـێنیـان لە جاران کەمـترە، بەڵام کەم بوونەوەی هەرمـێن جیـایە لە هەڵوەشـانەوە، بۆیە ئێـمـە ئێستاش لەگەڵ ئامادەبوونی هاروۆژێنەر و زەق و زۆپیی تیۆری مایێسیسی ئەرەستۆ لە ڕەخنەی ئەدەبی مۆدێرندا بەرەو ڕووین.

هەڵبـەت ئەم تیـۆرییـە کـۆنانە دەبێ وەک پاژێک لە ڕایەڵەی هزری ڕەخنەیی، لەگـەڵ پاژەکـانی دیکەی هزرەکـەدا بتـوانن خـۆ ڕێک بخـەن و لەناو ڕایەڵەکـەدا بتـوانن جێگایەکی شیـاو بدۆزنەوە. بەم چەشنە دەتوانین بڵـێین بیـری مـۆدێرن توانیـویەتی باسـە کـۆنەکـانی ڕەخنەییش بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەگەر بەم شێوەیە بڕوانینە مەسەلەکە دەکرێ بڵێین گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی مۆدێرنە.

لە بارێکی دیکەشەوە دەکرێ داکۆکی لە مۆدێرن بوونی گـوتاری ڕەخنەی ئەدەبی بکەین، پێم وایە یەکـەم جـار لەلایەن بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە زاراوەی «پیـشـەسـازیی ئەدەب» ڕۆنرا. ئەگـەر وەک کـاڵایەکی بەرهـەم هاتـوو چاو لـە دەقی ڕەخنـەیی بـکەیـن، ئەوەدەم دەتوانین بڵـێین ئەم کاڵایانە مەشموولی یاسای (عرض و طلب) دەبن. ئەمڕۆ لە جیهانی مۆدێرندا، هەر بەم شێوەیە ئەدەب بە گوێرەی داخـوازییـەکی بەربڵاوەوە بەرهەم دێ، ڕەخنەی ئەدەبیش لەم داخوازییە بەربڵاوە بێبەری نییە. کـەواتە دەکرێ بڵـێین بەرهەم هاتنی بەلێشـاوی کـاڵای دەقی ڕەخنەیی، لە چوارچێـوەی پیـشـەسـازیی ئەدەبدا، تایبەت بە جیهانی مۆدێرنەیە.

* ئەو خـاڵانەی گـوتاری ڕەخنەی ئەدەبی لە گـوتاری ئەدەبی جـیـا دەکـەنەوە چین؟ ئەو شـوێنانەی ئەم دوو گوتارەی تێدا یەک دەگرنەوە کامانەن؟

**ڕەهبەر مەحموودزادە:** وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بەوەی لە چ ڕوانگەیەکی ڕەخنەییەوە بۆ بابەتەکان بڕوانین. مادام خـۆمـان بە دەربەست نەزانین ڕێوشـوێنی ڕەخنەی بنەما شکـێنانـە ڕەچاو بـکـەیـن، بـۆ نمـوونـە بـە گـــــوێرەی پرەنسیـپەکانی فۆرمـالیزم یان پێکهـاتەخوازی بۆ دەق و ڕەخنەی ئەدەبی بڕوانین، دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە لانی کـەم بە کـردەوە جـیـاوازییـەک لەنێـوان ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیـــدا هەیە. بەپێی ئەم ڕوانینە، ئەدەب جـیـهـانی تایبـەت بەخـۆی هەیە و ڕەخنەی ئەدەبیش، جیـهانێکی جیـاوازی تر بۆ خۆی دەستـەبەر دەکا، بەڵام ڕەخنەی بنەماشکێنانە، ئەم سنوورە دەسڕێتەوە و ڕەخنەی ئەدەبی بەجـۆرێک لە جـۆرەکـانی بەرهەم هێنانی ئەدەبی دەناسێ.

لە گـوتاری ڕەخنەیی پێش بنەمـاشکێنی، دیارترین خـاڵی جیـاکـەرەوەی ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەدەب، لایەنی زانستی بوونی ڕەخنەیە، لە پانتاییەکدا ئەگەر تۆ بتوانی باسی ڕاستـیی یان ناڕاستـیی گوزارەیەک بکەی، باسی چۆنیـەتی ئیـسـپـات کـردن یان بەتاڵ کـردنی تیـۆرییـەک بکەی، باسی سـەرەتی تیـۆرییـەک بەسـەر تیـۆرییـەکـانی دیکەدا بکەی، بێگومـان ئەم پانتـاییـە، کەشوهەوایەکی زانسـتـیـیـانە یان مـەیلە و زانسـتـیـیـانەی بەسـەردا زاڵە. گوتاری ڕەخنەیی بەر لە بنەماشکێنی ئاوا بوو، بەڵام لەم پانتـــاییــەدا ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی لە چیــدا یەک دەگـرنەوە؟ بە بڕوای من یەکگرتنەوەی ئەم دوو گـوتارە لەوەدایـە کـــە ڕەخنەی ئەدەبی، «لە بارەی ئـەدەبەوە» دەدوێ. تۆ بڵـێی گـوتارێک لە بارەی گـوتارێکی دیکەوە بدوێ، بەڵام ڕاستـەوخـۆ یان ناڕاسـتـەوخـۆ شـوێنی لەم

گوتارەی دیکە وەرنەگرتبێ؟

لەوانەیە ئێمە هەرگیز نەتوانین دیاری بکەین گوتارێکی مەیلەو زانستی چۆن دواجار سروشتێکی هونەری بۆ خۆی دەستەبەر دەکا، بەڵام ئەوە تەواو ناتوانین تێبگەین چۆن گوتارێکی زانستی، دەبێتە خاوەنی سروشتێکی هونەری، نابێتە پاساوی ڕەتکردنەوەی هونەری ڕەخنە، بەڵگەشم بۆ ئەو بۆچوونەم ئەوەیە کە تەنانەت ئێمە ناتوانین بە تەواوی بە چۆنیەتی هونەری بوونی دەقێکی هونەریش بزانین. بۆ نموونە کاتێک شیعرێکی جوانی نالی دەدەن بە ئێمە، دەتوانین زۆر فاکتەری وەک کێش و سەروا و ناسکی وشەیی و مانایی بۆ دەستنیشان بکەین، بەڵام هونەری بوونی پارچە شیعرێکی جوانی نالی، پێم وا نییە بارتەقای هیچ کام لەم فاکتەرانە بەرتەسک بێتەوە.

با ئەم بەشە کە لە وتارێکی ڕەوشتمەندی ڕەخنەیی هەڵبژێردراوە، پێکەوە بخوێنینەوە: «هەموو شت بە زمان دەناسین، بەڵام زمان بە زمان نەبێ بە چیتر ناناسرێ. زمان بە تاقە شتێکی لە جیهاندا بکرێ بشوبهێندرێ، نوورە، چونکە ئێمە هەموو شتێک بە نوور دەبینین، بەڵام نوور بە نوور نەبێ نادیترێ. نوور ڕووناک کەرەوەی خۆیەتی. ڕووناک کردنەوەیەکی بەم تەرزە کە هەموو شتێک وەدیار دەخا، کەچی بۆ خۆی شاراوە دەمێنێتەوە. ئەوە نوورە توانای بینینی گشت شتێکی بینراومان دەداتێ، بەڵام بەزمان هەرچی هی بیستنە، دەبیستین. زمان نووری گوێچکەکانمانە و بە تیشک خستنە سەر هەرچی بینراو و نەبینراوە، هەست و هۆش و ئاوەزمان بینا و زانا دەکا».

ئەم نووسراوەیە هی داریووش ئاشوورییە، لەوانەیە ئێوەش هەستتان بەمە کردبێ کە تروسکەیەک لەم دەقە خۆیدا دەبێ گوزارش لە بوونی سروشتێکی هونەری دەکا، بەڵام ئێوە چۆن ئەم هونەری بوونە تەتەڵە دەکەن؟ توێژکارێک (محەمەد نەبەوی) تاڕادەیەک هەوڵی داوە، بەم شێوەیە کە لە زۆربەی ڕستەکاندا، موبتەدای ڕستە (بەتایبەت وشەکانی زمان و نوور کە زۆر دووپات دەبنەوە) خەبەری ڕستەکانی پێشوون و بەو چەشنە، ڕستەکان وەک زنجیرەیەک تێکئالاون، بەڵام ئایا هونەری بوونی ئەم دەقە، بارتەقای ئەم تێکئالانە بەرتەسک دەبێتەوە؟ من دەڵێم بەرتەسک نابێتەوە.

## من نالێم ڕەخنەی ئەدەبی زانستە، بەڵکو لایەنی زانستی تێدا بەدی دەکرێ

کەواتە باسەکەمان ئاوا کورت دەکەینەوە: لە ڕەخنەی ئەدەبیی بەر لە بنەماشکێنی، ئەو فاکتەرەی ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەدەب هەڵداوێرێ، لایەنە زانستییەکانی ڕەخنەیە، بەڵام لەم بارەیەوە دەبێ چەند خاڵ ڕەچاو بکرێن:

**یەکەم:** بوونی لایەنی زانستی لەناو ڕەخنە، بە مانای داماڵدرانی دەقی ڕەخنەیی لە لایەنی هونەری نییە.

**دووەم:** لە دەقێکی ڕەخنەییدا دەتوانین هەموو فاکتەرەکانی زانستی بوونی ئەم دەقە دەسنیشان بکەین، ئەگەرچی دەشتوانین هەندێک فاکتەری بوونیشی دەسنیشان بکەین، بەڵام ناتوانین هونەری بوونی دەق بارتەقای ئەم فاکتەرانە بەرتەسک بکەینەوە.

**سێیەم:** ئەم بەرتەسک نەبوونەوەی لایەنی هونەری دەقی ڕەخنەیی، بارتەقای فاکتەرە بەرباسەکان، هاو سروشتە لەگەڵ دەقی ئەدەبی، چونکە لە دەقی ئەدەبیشدا، ئەگەرچی زۆر فاکتەر بۆ هونەری بوونی دەق دەکرێ دەسنیشان بکرێ، بەڵام بەشێوەیەکی میکانیکی ناتوانین بڵێین هونەری بوونی دەق هاوسەنگی ئا ئەم فاکتەرانەیە.

وەک باسمان کرد، کاتێک بۆ بواری ڕەخنەی بنەماشکێنانە دەپەڕینەوە، ئیتر سنوورێک لەنێوان دوو بەستێنی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا نامێنێتەوە هەتا ئێمە بەدوای جیاوازییەکان و هاوبەشییەکاندا بگەڕێین.

دریدا کە داهێنەری تێفکرینی بنەماشکێنییە، هاودەنگە لەگەڵ نیتشە کە دەڵێ: حەقیقەت لەشکری مەجازەکانە. نیتشە پێی وایە خوازە نابێ وەک زینەتێک بۆ زمان چاوی لێ بکرێ، زینەتێکی وا کە هەر لە ئەدەبدا بەکاردەهێندرێ، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا سروشتی زمان، سروشتێکی خوازەییە، واتە لە فەلسەفە و زانستیشدا، ئێمە جگە لە بەرهەم هێنانی خوازە- باوەکو بەشێوەیەکی تێکچنراو و پێچەڵاوپێچیش بێ- کارێکی تر ناکەین. جیاوازییەکە لێرەدایە ئەدەب سروشتی خوازەیی بوونی خۆی ناشارێتەوە، بەڵام زانست دەیشارێتەوە.

من پابەندی ئەم شێوە تێفکرینە نیم، بەڵگەکەشم بنەمایەکی پراگماتیستیانەی هەیە، لە ڕووی عەمەلییەوە ئەوەی لە زانست دەکەوێتەوە، لە ئەدەب ناکەوێتەوە. بۆ نموونە زانست چ سروشتی خوازەیی هەبێ و چ نەیبێ، تەکنۆلۆژی لێ دەکەوێتەوە، کەچی ئەدەب بۆ نموونە چێژێکی زەوقی لێ دەکەوێتەوە.

نازانم لە کامە سەرچاوەی فارسیمدا خوێندۆتەوە دەڵێ: بۆچوونی دریدا لە مەڕ دەق و زمان و مانا، نموونەیەکە لە شتێک کە فارسەکان پێی دەڵێن «متە بە خشخاش گذاشتن». لەوانەیە بتوانین ئەم زاراوەیە بە «فوو لە دۆ کردن» وەرگێڕین. دریدا لە ڕاستیدا فوو لە دۆ دەکا.تۆ لە چەند لاپەڕەی ڕۆمانێکدا، لەوانەیە سەدان وشە بخوێنییەوە و لە خوێندنەوەی هەر وشەیەکیشدا، بە پازدانێکی خێرا لە دالەوە بۆ مەدلوول، زوو مانای وشەیەک لە مانای وشەکانی دیکە ببەستیەوە. دریدا دەڵێ هەرگیز پێوەندییەکی ڕاوەستاو و یەکجارەکی لەنێوان دال و مەدلوولدا نییە. مەدلوولی هەر دالێک دواجار بۆ خۆی دەبێتە دالێکی تازە کە پێویستی بە مەدلوولێکی تازە هەیە و بەم شێوەیە لەنێوان دال و مەدلوولێکی دوایی (کە بە بڕوای دریدا ئەم مەدلووڵە دواییە بوونی نییە و هەر گریمانەیەکە و چیتر) زنجیرەیەکی بێ بڕانەوە لە دال و مەدلوولەکانی تر هەیە. دیسان بۆ داوەری کردن لەسەر ئەم بۆچوونە، پەنا دەبەمە بەر ئاراستەیەکی پراگماتیستی. ئەگەر بۆچوونی گۆرین ڕاست بایە، لە خوێندنەوەی یەکەمین وشەی ڕۆمانێکدا، تووشی هەزار زیلەیەک لە دال و مەدلوولەکان دەبووین کە هەرگیز نەماندەتوانی لە وشەی یەکەمەوە بپەڕینەوە بۆ وشەی دووەم. ئایا بە ڕاستی وایە؟

هەندێک لە بیرمەندان پێیان وایە فەلسەفە دەبێ وەک چالاکییەکانی زمانی چاوی لێبکرێ، نەک وەک کۆمەڵێک تیۆری کە توانای کردنەوەی هەندێک گرێپووچکەی میتافیزیکی هەیە. من دەمهەوێ ئەم بۆچوونە، بەشێوەیەکی تر و بە ئاراستەیەکی دیکەدا بەکاربێنم. بە بڕوای من ئەو بۆچوونەی دریدا ئەگەر وەک چالاکییەکی زمانی لەبەرچاو بگرین، قسەی ئەو وەڕاست دەگەڕێ. تۆ دەتوانی کەسێک لە شوێنێک دابنیشێنی و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەرقاڵی بکەی؛ بەم شێوەیە کە فێری بکەی کاتێک وشەیەک دەبیسێ، مەدلوولێکی بۆ بدۆزێتەوە و دوایی ئەو مەدلوولانە بکا بە دالێک و مەدلوولێکی تری بۆ بدۆزێتەوە و هەر بەم شێوەیە بچێتە پێش. بە ڕاستی هەتا کاتێک ئەوکەسە بۆ خۆی بڕیاری ڕاگرتنی چالاکییەکەی نەدات، دەتوانێ درێژەی پێ بدا. لە ڕاستیدا بڕیارێکی ئەوتۆ لەکاتی وتووێژدا بەبێ ئەوەی خۆت پێ بزانی، بڕیار دەدەی بە زووترین کات، دالەکان بە مەدلوولەکان بگەیەنی و وێکیان بێنییەوە. لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیشدا، ڕاستە بە گوێرەی بڕیارێکی تر زنجیرەکە درێژتر دەکەیەوە و حەول دەدەی وردبینانە و بە پارێزەوە لە دالەکانەوە بپەڕییەوە بۆ مەدلوولەکان، بەڵام دواجار هەر وێکیان دێنییەوە، چونکە ئەگەر وانەبێ، هیچ خوێندنەوەیەکت دەستەبەر نەکردووە.

* چ پێوەندییەک لەنێوان هزری فەلسەفی و هزری ڕەخنەییدا دەبینی؟ ئایا ڕەخنەی ئەدەبی بێ پەنابردنە بەر چەمک و واتا فەلسەفییەکان بوونی کارای دەبێ؟

**ڕەهبەر مەحموودزادە:** هزری ڕەخنەیی، پێوەندییەکی گشتی و پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ هزری فەلسەفیدا هەیە. تێگەیشتن لە چۆنیەتیی پێوەندیی گشتی هزری و ڕەخنەیی لەگەڵ هزری فەلسەفی، بەندە بە تێگەیشتنی سروشتی بەرخۆر بوونی (مصرف کننده بودن) ڕەخنە و تیۆریی ئەدەب. دیارە ئەم بۆچوونە لەسەر ئەو باسە دامەزراوە کە زۆربەی لکە زانستییەکان و زەمینە مەعریفییەکان، بەسەر دوو تاقمی هەراودا دابەش دەبن. تاقمی یەکەم، زانستە بەرهەمهێنەکانن، واتە ئەو باسانەی کە نەک هەر خۆبژێون، بگرە پێداویستی زۆریەک لە باسە زانستی و مەعریفییەکانی دیکەش دابین دەکەن. تاقمی دووەم، باسە بەرخۆرەکانن. واتە ئەو باسانەی بۆ دابین بوونی پێداویستییەکانیان، بە لێشاو کەڵک لە بەرهەمی زەمینە زانستی و مەعریفییەکانی دیکە وەرگرن و هەر ئەم کەڵک وەرگرتنە لە بەرهەمی دیترانە کە دەبێتە هۆی بە کەڵک بوونیان و ئەگەر وانەبێ بە جارێکی پەکیان دەکەوێ و لە باروبوو دەکەون. بۆ نموونە زانستی پزیشکی، زانستێکی بەرخۆرە، کەچی زانستەکانی فیزیۆلۆژی و بایۆلۆژی کە زانستی پزیشکی زۆریان کەڵک لێ وەردەگرێ، زانستی بەرهەمهێنن، یان زانستی ئابووری بەرهەمهێنە و زانستی مودیرییەت بەرخۆرە.

دیارە ڕەخنە و تیۆریی ئەدەبیش بە بارێکدا، بۆ لای زانستی بوون دەشکێتەوە. من ناڵێم ڕەخنەی ئەدەبی زانستە، دەڵێم لایەنی زانستی تێدا بەدی دەکرێ. ئێستا ئەو پرسیارە لە ئێوە دەکەم. بە بڕوای ئێوە تیۆریی ئەدەب وەک زەمینەیەک کە خاوەنی لایەنی زانستی بێ، زەمینەیەکی مەعریفی بەرهەمهێنە یان بەرخۆر؟ ئەگەر هەردووک وەسف لەبارەیدا وەڕاست دەگەڕێ، کامەیان بە ڕێژەیەکی زیاتر و بەشێوەیەکی بەرچاوتر لە بارەیدا وەڕاست دەگەڕێ؟

به ئاوڕدانەوەیەکی سووک و خێرا لە مێژووی تیۆریی ئەدەب، بە سانایی دانی پێدا دەنێین کە تیۆریی ئەدەب، بە لێشاو کەڵکی لە بەرهەمی بوارەکانی تری زانستە مرۆڤییەکان وەرگرتووە و دانیشتووە و زۆر بەجێ لە بەرڕا لێی خواردوون و خۆی پێ قەبە و قەڵەو کردووە و ئا بەم شێوەیە هەڵیداوە و هەراش بووە.

بە جەسارەتەوە دەتوانم بڵێم زۆر کەم شۆڕشی زانستی ئەوتۆ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستگەلی ئینسانیدا ڕوویداوە کە ئەم شۆڕشە کاریگەریتی بەرچاوی لەسەر باس و خواسەکانی تیۆریی ئەدەب دانەنابێ. سەرنج بدەنە گوتاری مارکسیزم، ڕەخنەی مارکسیستی هێنایە ناو بەستێنی تیۆریی ئەدەبەوە. دیارە مارکسیزم تیۆرییەکی تایبەتە بۆ خوێندنەوە و شیکاری مێژوو کە هەر ئەم شیکارییە مێژووییە، ڕاستەوخۆ تیۆریی ئابووری و سیاسی گونجاو و سازاو لەگەڵ خۆیشی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. هیچ حوکم نەبوو هەروەک چۆن خوێندنەوەی مارکسیستیی مێژوو، تیۆرییەکی تایبەتی سیاسیش لەگەڵ خۆی دێنێ، هەر ئاواش تیۆرییەکی ئەدەبی مارکسیستیش بەرهەم بهێنێ. کەچی ئێمە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیشمان هەیە. بەدەبڕینێکی دیکە گەرەکمە بڵێم شیکاری مێژوویی بە پێوانەی مارکسیستی، لە پلەی یەکەمدا گوتارێکی سیاسی و ئابووری بەرهەم دێنێ و لە پلەکانی دواتردا کاردەکاتە سەر بواری تیۆریی ئەدەبیش. هەر ئەم پێودانە لە گوتار گۆڕکێکانی دیکەشدا بەدی دەکەین. تیۆری فرۆید لە بەستێنی دەروونناسی دایە، کەچی تیۆریی ئەدەب خۆی لێ دەکاتە برابەش و پشکی خۆی لێ دادەڕنێ. ئینجا دواتر لاکان تەعبیرێکی تر لە دەروونناسی فرۆید ڕادەنێ. شوێن وەرگرتنەکەی تیۆریی ئەدەبیش بە ئاوایەکی تر و بە تەرزێکی دیکە خۆی دەردەخا. ئالتوسێر دێت، ڕەخنە بە هاتنەکەی دەزانێ. دریدا دەپەیڤێ، ڕەخنە بەشی خۆی دەقۆزێتەوە.

**ئەدەبییەت لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا، بەهۆی کۆدێکی تایبەتەوە دەسنیشان دەکرێ**

ئێستا پێوەندیی گشتی ڕەخنە و فەلسەفەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. وانییە ڕەخنە بۆ هەموو داهێنانە فیکری و مەعریفییەکان لەبەر ڕاوان ڕاوەستێ، بەڵام خۆی لەبیری فەلسەفی نەبان بکا و فەلسەفەی پێ غەواره بێ. هەروەک نموونەیەکی زۆر بەردەست، دەتوانین ئاماژە بە دیاردەناسی هۆسرل بکەین کە لە باسوخواسەکانی تیۆریی ئەدەبدا جێگای خۆی هەیە. هەروەها گوتاری دریدایی لە بنەڕەتدا گوتارێکی فەلسەفییە و دەبینین دابڕانێکی تەواوی لە بەستێنی ڕەخنەی ئەدەبیدا پێک هێناوە و بنەماشکێنی، ڕەخنەی ئەدەبی تەواو بە ئاراستەیەکی تازەدا بردووە.

بەڵام ئەگەر لەو پێوەندییە گشتییە بترازێین، پێوەندییەکی تایبەتی تریش لەنێوان فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبیدا لە گۆڕێدایە. بە درێژایی مێژوو فەلسەفە بە دوو ئاراستەی بنەڕەتیی جیاوازدا کاری کردووە. لە ئاراستەی یەکەمدا پێداگری لەسەر لایەنی ئیسپاتگەرانەی تێفکرینی مرۆڤ کردووە. هەندێک لە فەیلەسووفان دەڵێن بۆچوونێکی بکرێ بسەلمێندرێ، لەبەرامبەر پشت پێ بەستنە و ئەوەی بەشێوەیەکی ماقووڵ نەسەلمێندرێ، نابێ وەربگیرێ، شیاوی پشت پێ بەستنە و ئەوەی بەشێوەیەکی ماقووڵ نەسەلمێندرێ، نابێ وەربگیرێ. لە بەرامبەر ئەم داگەرانەدا ئاراستەیەکی تری فەلسەفی پێی وایە مرۆڤ هەر بە تەنیا توانای ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی هەیە.

هەر بەم پێیە فەلسەفەی ڕەخنەگرانە هەر لە چاخی سوقراتەوە تائێستا، سوننەتێکی بەردەوام و بەربڵاوی فەلسەفی بووە. سوقرات و کانت بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە لە چیدا پێکەوە کۆ دەبنەوە؟ یان کەسێکی وەک پۆپەر، بەو هەموو ناکۆکییەی لەگەڵ بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرتی هەیە، لەچیدا لەگەڵیان هاوبەشە؟ بێگومان ئەم هاوبەشییە لە پابەندبوون بە سوننەتی فەلسەفی ڕەخنەگرانەدایە، بەڵام ئایا هەر لەبەر ئەوەی ڕێکەوەندی «فەلسەفەی ڕەخنەگرانە» هەڵگری وشەی ڕەخنەیە، یەکەوڕێ دەبێ بەم ئاکامە بگەین کە ڕەخنەی ئەدەبیش خزمایەتی دوور و نزیکی لەگەڵ ئەم شێوە تێفکرینە فەلسەفییەدا هەیە؟ هەموومان ئاگادارین وشەی ڕەخنە لە زاراوەی «ڕەخنەی ئەدەب»دا مانایەکی زۆر بەربڵاوتری لەڕەتکردنەوە و دژایەتی کردن هەیە. بۆ وەڵامدانەوەی تێروتەسەلی ئەم پرسیارە، پێویستمان بە پێشەکییەکی کورت هەیە.

تەجرەبەی خوێندنەوە بێگومان هەڵگری بارێکی جوانیناسانەیە. تەجرەبەی جوانیناسانە پێویستی بە دروست کردنی پێوەندییەکی گەشبینانە و هاودڵانە لەگەڵ

دەقی ئەدەبی هەیە. تۆ دەبێ خۆت لە کەشوهەوای دەقەکەدا تخێڵ بکەی، هەتا بتوانی دەقەکە «بچێژی» یان «هەستی پێ بکەی». تۆ ئەگەر هاملێت دەخوێنییەوە تەنانەت ئەگەر بتهەوێ داوەرییەکی بێ لایەنانەشی لە بارەیدا بکەی، لە قۆناخی یەکەمدا دەبێ بتوانی لەناو کەشوهەوای هاملێتدا «هەناسە بکێشی» و «چێشتەی بکەی»، ئەگەر نەڵێین پێویستە بچییە قاڵبی یەکێک لە کەسایەتییەکانەوە و لە ڕوانگەی وییەوە لە ڕووداوەکانی بڕوانی.

دیارە ئەوە لایەنێکی باسەکە پێکدێنێ. من پێم وایە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە هەرگیز ناشێ سەداسەد بارتەقای تەجرەبەیەکی جوانیناسانە بەرتەسک بێتەوە. ئەو هۆکارەی لێرەدا ڕۆڵی هۆکارێکی هاوسەنگ کەرەوە دەگێڕێ، داگەڕانێکە بۆ لای ڕەتکردنەوە و ڕەشبینی، بەڵام ڕەشبینییەکی تەکنیکی. لێرەدا من وەسفی تەکنیکی تەواو بە مانایەکی ڕەخنەیی بەکاردێنم و بەو داکۆکییەش دەمهەوێ ڕەشبینی تەکنیکی لەو ڕەشبینییە جیابکەمەوە کە بۆ نموونە بناغەی لەسەر هیرمێنوتیکی بەدگومانی دامەزراوە. لەسەر بنەمای هرمێنوتیکی بەدگومانی، بۆ نموونە ڕەخنەگرێکی مارکسیست دەیهەوێ پێگەی چینایەتی هەندێک لە کەسایەتییەکانی ناو دەق بدۆزێتەوە و کێشە و ململانێی شاراوەی چینایەتی نێوانیان ئاشکرا بکا، بەڵام ڕەشبینیی تەکنیکی لە ڕوانگەیەکی بووتیقاییەوە دەیهەوێ لایەنە کزەکانی فۆرم و پێکهاتە و تەکنیکەکانی ناو دەق ئاشکرا بکا و ئا ئەم کردە ڕەخنەگرانەیە، لەگەڵ فەلسەفەی ڕەخنەگرانە خاوەنی بنەمایەکی هاوبەشن و لەوانەیە هەدووکیان بە ئاراستەی پاکەو کردن و داماڵیندا کار بکەن.

من پێم وایە خوێندنەوەی ڕەوشتمەندانەی دەقی ئەدەبی، بەندە بە پێکهاتنی هاوسەنگیی گونجاو لەنێوان تەجرەبەی جوانیناسانە لەلایەک و مەیلی ڕەتکردنەوە و دیدی ڕەشبینانە لەلایەکی تر.

***** تێگەیشتنی جوانیناسانەی دەقێکی ئەدەبی تا چ ڕادەیەک پابەندی تێگەیشتنی ڕەخنەگرانەی ئەو دەقەیە؟ چ جیاوازییەک هەیە لەنێوان پەرچە کرداری جوانیناسانە و پەرچەکرداری ڕەخنەگرانە لە هەمبەر خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبیدا؟

**ڕەهبەر مەحموودزادە:** پێشتر گوتم خوێندنەوەی ڕەوشتمەندانەی دەقی ئەدەبی بەندە بە پێکهاتنی هاوسەنگییەکی گونجاو لەنێوان تەجرەبەی جوانیناسانە لەلایەک و مەیلی ڕەشبینی تەکنیکی ڕەخنەگرانە لەلایەکی دیکەوە. ئێستا دەمهەوێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تازەیەت بەشێوەیەکی وردتر بەم گوتەیەدا بچمەوە.

بەگشتی هەر خوێندنەوەیەکی هاودڵانە و هارمۆنیکی دەقی ئەدەبی، خاوەنی لایەنی جوانیناسانەیە. لەوانەیە زاراوەی «خوێندنەوەی هارمۆنیک» پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر هەبێ. کاتێک دەقێک دەخوێنینەوە و هەر لە سەرەتادا- لەسەر بنەمای هەندێک هۆ و بەڵگە- بڕیار دەدەین ئاسۆی زانینمان لەگەڵ جیهانی دەقەکەدا لە هارمۆنییەکی تەواودا بێ و جگە لەمەش هەوڵ دەدەین هارمۆنی نێوان بەشە جیاجیاکانی دەقەکە بدۆزینەوە، دەکرێ ئەم خوێندنەوەیە بە خوێندنەوەیەکی هارمۆنیک نێودێر بکەین.

زۆرێک لە تیۆرکارەکان بەشێوەی جۆراوجۆر باسی ئەم بابەتەیان کردووە. گادامێر دەڵێ گوتاری ڕەخنەکارانە هەر لە بنەڕەتدا گوتارێکی جوانیناسانەیە. دەڵێن گادامێر هەموو کات خۆی لە بەکارهێنانی زاراوەی «تیۆریی ئەدەب»، لە مانایەکی بەرتەسکدا پاراستووە و لە جیاتی ئەو، وشەی Poesisی بە مانای گوتاری جوانیناسانە یان بە مانای نرخاندنی بەرهەمی هونەری بەکارهێناوە. ئەو دەڵێ وتووێژی نێوان بەرهەمی هونەری و مرۆڤی ڕاڤەکار، تەنیا کاتێک ڕوودەدات کە ڕاڤەکار لە چوارچێوەی ڕێساکانی جوانیناسیدا بیربکاتەوە و شوێن وەرگر بێ. (سەرنج بدەنە جەختی گادامێر لەسەر شوێن و وەرگربوونی خوێنەر و شوێن دانانی دەق لەسەر خوێنەر).

تیۆرکارێکی دیکە بەناوی جاناتان کالێر، باسی ئەسڵێک دەکا بەناوی «ئەسڵی هاوکاریی ئێجگار پارێزراو» (hyper- protected cooperative principle). کالێر دەڵێ ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی لە بەرهەمی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەمەیە کە دەقی ئەدەبی پرۆسەی هەڵبژێردرانی تێپەڕاندووە، چونکە ئەم بەرهەمە بۆ چاپ و بڵاوبوونەوە وەرگیراوە و هەڵسەنگێندراوە و ڕەخنەکاری کراوە و دووبارە چاپ بۆتەوە. کەواتە کاتێک خوێنەر ئەم بەرهەمە دەخوێنێتەوە، پێش گریمانەکەی ئەمەیە کە ئەم دەقە، دەقێکی شیاوی لێ وردبوونەوەیە و دەبێ بە شێوەیەکی کەلێن پشکنانە بخوێندرێتەوە.

ئەم بۆچوونەی کالێر دەکرێ بەشێوەیەکی تر دەربڕدرێ.

دەقی ئەدەبی جۆرێکی تایبەت لە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، کە ئەم سەرنجە جیاوازە لەگەڵ ئەو سەرنجەی بە دەقەکانی دیکە دەدرێ. کالێر دەڵێ کاتێک ئێمە یەکەمین ڕستەی کتێبێکی فەلسەفی کە ئەم کتێبە بۆ نموونە هی کواینییە، بە گوێرەی باوی نووسینی شیعر، جیا لە یەک و بەشێوەی بڕبڕ، بنووسین، خوێنەریش نابەئاگایانە وەک شیعر دەیخوێنێتەوە.

**شتێکی سەیر**
**لەمەڕ بابەتی هەستیناسی**
**ساکار بوونیەتی.**

کەواتە خوێندنەوەی ئەدەب، جۆرێک لە سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ کە دەکرێ وەک سەرنجی ئەدەبی ناوی بنێین. هەر ئەم سەرنجە ئەدەبییە وات لێ دەکا لە دێڕ بە دێڕی دەقێکی ئەدەبیدا بەدوای وردەکاری فۆرمێک یان مانایدا بگەڕێی، بۆیە زۆر جار خوێنەر وردەکاری ئەوتۆ دەدۆزێتەوە کە لە ڕاستیدا نووسەر بۆ خۆی پێی نەزانیوە. ئەم وردەکارییانە لەناو میکانیزمی ئەو زمانەدا خۆیان حەشار داوە کە نووسەر بەکاری دێنێ. حوکم نییە نووسەر بە هەموو وردەکارییەکانی ئەو میکانیزمە بزانێ کە لەناو زمان و شێوازە هەڵبژێردراوەکەیدا خۆیان حەشار داوە. نووسەر هەر بە تەنیا ئاگاداری بەشێک لەم وردەکارییانەیە.

بە بڕوای من ئەم ئەسڵەی کالێر باسی لێ دەکا، لە چاو بۆچوونەکەی گادامێر، ئەرکێکی چالاکتر دەدا بە خوێنەر، چونکە گادامێر جەخت لەسەر شوێن وەرگرتنی خوێنەر لە دەق دەکا، کەچی کالێر باسی بڕیارێک دەکا کە خوێنەر بە ڕەچاوکردنی، چالاکانە دەکەوێتە سەرنجدانی دەق و لێوردبوونەوەی، بەڵام هەردوو بۆچوونەکەی گادامێر و کالێر لە شوێنێکدا یەک دەگرنەوە کە ئەویش جەخت کردنی هەردووکیانە لەسەر خوێندنەوەی هارمۆنیکە.

هەندێک لە نووسەران ویستوویانە لایەنێکی تازە بدەن بە خوێندنەوەی هارمۆنیک کە بریتییە لەلایەنێکی ئیرۆتیک. لەم نووسەرانە بەرچاوترینیان ڕۆڵان بارتە. بارت دەڵێ ئەمن کاتێک زاراوەی «چێژی دەق» بەکاردێنم، هەوڵ دەدەم بە جەخت کردن لەسەر وشەی چێژ، بانگهێشتنی وشەیەکی قەدەغە کراو و سانسۆر کراو بۆ بەستێنی ڕەخنەکاری بکەم. بارت دەڵێ تەنانەت هەندێک دەق هەن هەستێکی زیاتر لە چێژ دەخولقێنن. ئەم هەستە کە سەرووترە لە چێژ و خاوەنی لایەنی ئیرۆتیکە کەیفە. بارت لە زمانی فەرانسەویدا بۆ دەربڕینی چەمکی کەیفکردن، کەڵک لە وشەی (Jouissance) وەردەگرێ کە جیاوازی هەیە لەگەڵ چێژ (Plaisie). بابەک ئەحمەدی کاتێک ویستوویە وشەی یەکەم وەرگێڕێتە سەر زمانی فارسی، کەڵکی لە وشەی «خۆشی» وەرگرتووە کە پێم وایە مەبەستەکە ناپێکێ. ئەمڕۆ لە زمانی ئاخاوتنی فارسیدا، زاراوەیەک کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە بۆ ئەو وشەی بارت بەکاری هێناوە، هاوتایەکی پڕ بە پێستە. ئەم زاراوەیە (حاڵ کردن)ە. بۆ نموونە لەوانەیە کەسێک بڵێ: (با خواندن این کتاب حال کردم). ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا بۆ دەربڕینی چێژی جینسی کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لەکوردیدا «کەیف کردن» ڕێک ئەم مانایە دەگەیەنێ.

هەر چۆنێک بێ، چ شوێن وەرگرتنی جوانیناسانەی گادامێر، چ ئەسڵی هاوکاریی ئێجگار پارێزراوی کالێر و چ خوێندنەوەی وێڕای کەیفکردن کە بارت باسی دەکا، هەموویان نموونەگەلێکن لە سەرەتی دان بە خوێندنەوەی جوانیناسانە، بەڵام ئایا بە ڕاستی ئەم خوێندنەوەیە، بەتەنێ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی تەواوە؟ ئێوەش هەست بەمە ناکەن ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لاسەنگە؟ من پێم وایە ئەگەرچی لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، ڕەچاو کردنی ئەم ستراتیژییانە پێویستن، بەڵام خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە، بارتەقای ئەم چەشنە خوێندنەوەیە بەرتەسک نابێتەوە. ڕەخنەگر لە بەرامبەر ستراتیژی هاوکاریی ئێجگار پارێزراودا جاری وایە ستراتیژی وەلانانی هاوکاری ڕەچاو دەکا.

لەم شێوە خوێندنەوەیەدا ڕەخنەگر لە جیاتی ڕوانینێکی گەشبینانە ڕوانینێکی ڕەشبینانە ڕەچاو دەکا. لە جیاتی نوقم بوون لەناو کەشوهەوای دەق، مەودایەک لێی دوور دەکەوێتەوە و لە جیاتی خوێندنەوەی وردبینانە بۆ دۆزینەوەی شاکارە لە پەردوودا شاردراوەکان، خوێندنەوەیەکی کەلێن پشکنانە بۆ بەتەماڵ هەڵێنانی کەمایەسییە لان گرتووەکان پەیڕەو دەکا. ئەگەر بکرێ بڵێین خوێندنەوەی جۆری یەکەم، خوێندنەوەی سەرخۆشانەیە، دەکرێ بڵێین خوێندنەوەی جۆری دووەم

**ئەگەر دەق ڕاڤە هەڵگربێ زەحمەتە ڕەخنەیەکی باش لەسەر ئەم دەقە بنووسرێ**

خوێندنەوەیەکی لاسارانەیە.

جاری وایە ڕەخنەگر هێندە کارامەیە لە تاقە خوێندنەوەیەکدا هەردوو ستراتێژی پێکەوە ڕەچاو دەکا و لە ئەنجامی ئەم چەشنە خوێندنەوەیەدا دەقەکە بە دیاردەیەکی حەجمدار و خاوەن قەبارە دەبینێ و جاری واشە لەوانەیە بە چەندین جار خوێندنەوەی لەسەر دەق دەبێ و هەر جارەیان ستراتێژییەک، لەم دوو ستراتێژییانەی باسیان لێ کرا، ڕەچاو بکاو لە خوێندنەوەی دواییدا، ستراتێژییەکان تێکەڵ بکا. هەموو ئەو کەسانەی کاری ڕەخنەیان کردووە، بە ئاگایانە یان نا بە ئاگایانە، ئەم ئەزموونەیان تێپەڕاندووە. کەواتە ئەو قسانەی من، دەکرێ باری وەسفیشیان هەبێ و بۆیان هەیە باری دەستووریشیان هەبێ. ئەم گوتانە لە پلەی یەکەمدا وەسفین. واتە من چ ڕێوشوێنێکی تازەی ڕەخنەگرانەم دانەهێناوە. هەر هێندەیە بە وردبوونەوە لەو شێوازانەی ڕەخنەگر لە کاتی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی دەقێکی ئەدەبی ڕەچاوی دەکا، شێوەی خوێندنەوەکەیم، وەسف کردووە. لە پلەیەکی خوارتردا دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی ئەزموونی ڕەخنەکاری دەقی ئەدەبییان نییە، ئەم قسانە لایەنێکی نۆماتیڤ یان دەستووریشیان هەبێ.

ئێستا ئیزنم پێ بدەن بادەمەوە بۆ لایەنێکی دیکەی ئەم باسە، باسی ئەوەم کرد کاتێک ڕەخنەگرێک لە خوێندنەوەکەیدا، هاوکات دوو پرەنسیپی هاوکاریی ئێجگار پارێزراو و وەلانانی هاوکاری، ڕەچاو دەکا، دەقەکە بەشێوەیەکی حەجمدار و خاوەنی قەبارە دەبینێ. من دەمهەوێ لەسەر خوازەی «حەجمدار دیتنی دەق» پێ داگرم. تۆ لە تاریکاییدا، دیاردەکان یان بەدی ناکەی یان وەک پەڵەیەکی یەکدەست دەیانبینی. کاتێکیش ڕووناکایی ئەوەندە زۆرە کە چاوت بەشەوارە دەخا، هەر ئەم پێودانگە لە گۆڕێدایە، بەڵام کاتێک نوورێکی ئاسایی هەیە، دیاردەکان بە خاوەن قەبارە و حەجمدار دەبینی و «سایە- ڕۆشنەکان»، لەنێوان تاریکایی ڕووت و ڕووناکایی ڕووتدا، زنجیرە پلەیەکی تاریک و ڕوونت بۆ ساز دەکەن.

من پێم وایە ئەم بۆچوونە، تەنانەت لە حوکم دەرکردنی ساکاری ڕۆژانەشماندا سەبارەت بە چۆنیەتی خوێندنەوەی دەق، بەکاربوون و لە زەبربوونی خۆی دەسەلمێنێ.

با وای دابنێین کابرایەک دێ و سەرلەبەری دیوانی نالی دەخوێنێتەوە و هەموو ئەو دیوانە، بەیت بە بەیت وەک یەک بە شاکار لە قەڵەم دەدا، بێگومان لە خوێندنەوەی ئەو کابرایە دەکەویە شک. بانگی دەکەی و تاقی دەکەیەوە. سەرەتا ئەم دوو بەیتەی خوارەوەی لە دیوانەکەدا بۆ دەخوێنییەوە:

**لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان**
**بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان**
**لە خەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەر وەکوو شێت**
**بە ڕووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان**

کابرا بە شاکاری دەزانێ. ئینجا ئەم دوو بەیتەی خوارەوەی هەر لەو دیوانە بۆ دەخوێنییەوە:

**لایەک زەبانییە لە سەروکاری نارە، نار**
**هل من مزید، زوبانیە وەک ماری ئەژدەرە**
**لایێکی کەش لە جەننەت و ڕیزوان تەدارەکە**
**حۆری ئەوا بە مونتەزیری دێنە مەنزەرە**

کاتێک لێی دەپرسی ئایا لە جوانی و ناسکی و ڕەوانیدا، ئەم بەیتانەش هەروەک ئەوانەی پێشوون، وەڵامت دەداتەوە بەڵێ وەک یەک جوان و ناسکن! ئاخۆ بەرامبەر بەم خوێنەرە و بەرامبەر بەم شێوە خوێندنەوەیە، ڕات چۆن دەبێ؟ بێگومان دەزانی ئەم خوێنەرە چاوی بە شەوارە کەوتووە.

یان دەبینی کەسێک هەموو شیعری هێمن، بە هوتاف کێشانێکی ناشاعیرانە لە قەڵەم دەدا. دیسان بانگی دەکەی و ئەم جووتە بەیتانەی خوارەوەی بەجیا بۆ دەخوێنییەوە:

**خاین، خوێڕی، درۆزن، بەدفەڕ شەڕانی، سەر شۆڕ**
**پیاو کوژ، تاوانبار، ڕووڕەش، ناکەس، ملهوڕ، دیکتاتۆڕ**
**خەڵکی ئێران بەدەس تۆ کران زیندەبەگۆڕ**
**ئەوە تۆی لێت قەوماوە، دەریان پەڕاندووی هەی گۆڕ**

.......

**ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر**
**کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لەناخمدا خەمێکی تر**
**لە بادە ئەم ژەمە تێر کە منی تینووی جگەر سووتاو**
**بەچی دیارە کە دەیبینم شەوێکی تر، ژەمێکی تر**

ئەگەر ئەم کەسە پێت بڵێ، ئەم دوو جووتە بەیتە، وەک یەک نا شیعرن، لە بارەی خوێندنەوەکەیدا چ ڕایەکت

دەبێ؟ بێگومان پێت وا دەبێ ئەم خوێنەرە لە تاریکاییدا بۆ دیاردەکان دەڕوانێ.

ڕاستە هەندێ جار ئەو دەقە وات لێدەکا یەکێک لەو دوو ستراتیژییە بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ بکەی، بەڵام ئەوە جیاوازی ئەو دۆخەی تۆ لە سەرەتای خوێندنەوەی هەر دەقێکدا، زاڵ بوونی یەکێک لەم ستراتیژییانە، بێ ئەم لا و ئەولا قبووڵ بکەی.

* ئەگەر بمانەوێ ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی بخەینە دوو تای تەرازووی هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنەوە، تۆ چۆنیان پێناسە دەکەی؟

**ڕەهبەر مەحموودزادە:** من پێم وایە تیۆری ئەدەب وەک چوارچێوەیەک وایە کە ڕێزمانی چەندان زمانی جیاجیا بۆ ئاخافتن لەناو خۆیدا کۆ دەکاتەوە، بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی وەک وتوویژێکی تایبەتی وایە کە بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێزمانی یەکێک لەو زمانانە، بەڕێوە دەچێ، کەواتە چوارچێوەی هەڵگری ڕێزمانەکان چوارچێوەیەکی گشتییە و دیالۆگەکەش تایبەتە و لەناو چنراوە (بافت)ێکی دیاریکراودا دەکرێ. تیۆری ئەدەب کۆمەڵەی ئەو باسوخواسانە لە خۆی دەگرێ لە چاخی ئەفلاتوونەوە هەتا دەگاتە دریدا، لە بارەی چییەتی دەقی ئەدەبی و چۆنیەتی خوێندنەوەی هاتوونە ئاراوە. ڕەخنە بریتییە لە بەکارهێنانی یەکێک لەو تیۆرییانە بۆ خوێندنەوەی دەقێکی دیاریکراو. هەڵبەت دەبێ ئاماژەش بەمە بکەم کە زۆر جار ئێمە لە بەکارهێنانی مەجازیدا «ڕەخنەی ئەدەبی»، لە جیاتی «تیۆریی ئەدەب»یش بەکاری دێنین و بۆ نموونە باسی «ڕەخنەی ئەدەبیی پێکهاتەخوازانە»یان «ڕەخنەی ئەدەبیی فێمنیستی» دەکەین. دیارە ئەم کەڵک وەرگرتنەش، کەڵک وەرگرتنێکی چەسپاوە.

خاڵی شیاوی سەرنج لەم بارەیەدا ئەوەیە کە نە ئاخافتن بە بێ زانینی ڕێزمان دەکرێ و نە ڕێزمانیش بە بێ گەیشتن بە ئامانجی بەکارهێنانێکی تایبەت، سەنگ و زەنگێکی ئەوتۆی دەبێ. لەم پێشەکییەوە دەتوانین بگەین بە دوو مەبەستی سەرەکی:

**یەکەم:** لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد کە تیۆری ئەدەب وەک بوارێکی لە خۆگری لایەنی زانستی، بوارێکی تەواو بەرخۆرە. ئەو سروشتەش بێ کەڵکی نەکردووە، بەڵکو زۆر هەڵسووڕ و بەکاریشی کردووە، بەڵام من پێم وایە کاتێک ڕەخنە لەسەر بەرهەمێکی دیاریکراو دەنووسرێ ئەم دەقە ڕەخنەیە، ئەگەر دەقێکی سەرکەوتوو بێ، تایبەتمەندییەکی تەواو بەرهەمهێنەرانەی هەیە.

بەرهەم هێنەر بوونی دەقی ڕەخنەیی لەگەڵ بەرهەم هێنەربوونی زانستەکانی گۆڕین جیاوازی هەیە، لێرەدا بەرهەم هێن بوون بەندە بەلایەنی هونەری و ئەدەبی دەقی ڕەخنەیی و بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتریشەوە بەندە بەو کەڵکەی بۆ هەندێک بواری زانستی وەک زمانناسی دەیبێ.

هەر بەرهەمێکی هونەری بە حوکمی ئەوەی هونەرییە، شوێنەوارێکی بەرهەم هێنەرە. لەبیرمان بێ کاتێک ئەرستۆ جۆرەکانی حیکمەت دابەش دەکا، بێجگە لە حیکمەتی نەزەری و حیکمەتی عەمەلی، باسی حیکمەتی بەرهەم هێنیش دەکا کە هونەرەکان دەگرێتەوە.

لێرەدا بەرەو رووی پێویستی سازبوونی جۆرە هاوسەنگییەکی دیکە لە دەقی ڕەخنەییدا دەبینەوە. لایەنی ئەدەبی و هونەری دەقی ڕەخنەیی، لە رووی بەرهەم هێنەربوونەوە، قەرەبووی بەرخۆربوونی تیۆریی ئەدەب دەکاتەوە.

**دووەم:** ڕەخنە دەبێ بپەرژێتە سەر ئەو فەردانییەت و تاکایەتییەی دەقێکی ئەدەبی دیاریکراو هەیەتی. تیۆریی ئەدەب بە حوکمی ئەوەی خاوەنی لایەنێکی زانستییە، تاکایەتی دەقەکان، بە قازانجی دۆزینەوەی یاسا و ڕێسا گشتییەکان لەبیر دەکات. تیۆری ئەدەب لە بەرزترین ئاستی لێکۆڵینەوەکانیدا، بە نیازی روونکردنەوەی چەمکی «ئەدەبییەت»ە. واتە ئەو جەوهەرەی کە هەموو دەقە ئەدەبییەکان پێکەوە کۆ دەکاتەوە و لە دەقە غەیرە ئەدەبییەکانیان هەڵدەوێرێ، دیارە چەمکی وەک ئەدەبییەتیش هەر بەتەنیا، زۆر لەوە دەرهەستتر و ئینتزاعیترە کە بتوانێ بەشێوەیەکی کۆنکرێت و ئینزیمامی، باسێک لەسەر دەقێکی دیاریکراو بکا کە هەر بە تەنیا لە بارەی ئەم دەقە دەسنیشان کراوەدا وەڕاست بگەڕێ. ئەوەی ڕاست بێ من پێم وایە ئێمە خراپ لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم چەمکە گشتییانەی تیۆریی ئەدەب گەیشتووین.

ئەدەبییەت ئەگەر چەمکێکی گشتی بێ و لە هەموو دەقە ئەدەبییەکاندا وەبەرچاو بکەوێ، لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا، بە کۆدێکی تایبەت دەدۆزرێتەوە کە ئەم کۆدە تایبەتە، پێودان و مەرجەکانی ئەم دەقە جیای دەکاتەوە لە کۆدی دەقەکانی دیکە، ڕەخنەگر لە کاتی نووسینی ڕەخنە،

خەریکی دۆزینەوەی ئەم کۆدە تایبەتە لەناو چنراوی دەقە دیاریکراوەکەدا دەبێ. دیارە باسەکانی تیۆریی ئەدەب، زۆر لەوە گشتیترن کە بپەرژێتە سەر دیاریکردنی دانە دانەی ئەم کۆدانە کە ئەدەبییەتی دەقەکانیان پێ ئاشکرا دەبێ، بەڵام تیۆریی ئەدەب ئاراستە گشتییەکانی ئەم شێوە کۆد دۆزینەوەیەمان پێ نیشان دەدا. بۆ ئەوەی قسەکانم بە بێ بەڵگە نەکردبێ، بە هێنانەوەی نموونەیەک پشت ڕاستیان دەکەمەوە.

دیارە یەکەم جار فۆرمالیستەکانی ڕووس بوون کە ئەم پرسیارە بنەڕەتییەیان هێنایە ئاراوە کە چ هۆکارێک دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی غەیرە ئەدەبی جیادەکاتەوە. وەڵامی وان لە قۆناخی یەکەمدا، «ئەدەبییەت» بوو، ئەوە ئەدەبییەتی دەقێکی ئەدەبییە کە ئەم دەقە لە دەقەکانی تر هەڵداوێرێ، بەڵام ئەم وەڵامە هێشتا وەڵامێکی قەناعەت هێن نییە، چونکە جارێ دیار نییە ئەم ئەدەبییەتە چییە کە لەناو دەقێکی ئەدەبیدا هەیە، بۆیە فۆرمالیستەکان پرسیارێکی تازەتریان هێنایە گۆڕێ.

چ هۆکارێک لە دەقی ئەدەبیدا دەبێتە هۆی وەدی هاتنی ئەدەبییەت. وەڵام، ناسیاوی سڕینەوە بوو. زمانی دەقی ئەدەبی بە پێچەوانەی زمانی ئاسایی، زمانێکی شەفاف نییە و ناسیاوی لێ سڕدراوەتەوە، بەڵام دیسان دەکرێ پرسیار بکرێ ناسیاوی سڕینەوە چۆن لەناو دەقدا جێبەجێ دەبێ. ئەم جارە وەڵامی وان ئەوەبوو کە بەکارهێنانی زۆری تەکنیکە ئەدەبییەکان و سەنعەتە زمانییەکان، ئەدەبییەت دەبەخشێتە دەقی شیعری. بۆ نموونە شیعری کلاسیک هەم کێشدارە و هەم سەروادار. کەواتە ئەدەبییەت دەدا بە شیعر و لە دەقی غەیرە ئەدەبی جیای دەکاتەوە، بەڵام کاتێک فۆرمالیستەکان ویستیان هەر ئەم پاساوە بۆ ئەدەبییەتی دەقی چیرۆکیش بەکاربێنن، تووشی گرفت بوون، چونکە سەنعەتە زمانییەکان بەو خەست و خۆڵییەی لە شیعردا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، هەرگیز لە چیرۆکدا دەکار ناکرێن. هەروەک ئاماژەیەکی ڕوونکەرەوە، دەڵێم خۆ لە چیرۆکی کلاسیکدا، نە لە کێش کەڵک وەردەگیرێ و نە لە سەروا. کەواتە ئەدەبییەتی دەقی چیرۆک نابێ بەندبێ بە بەکارهێنانی بەلێشاوی سەنعەتە زمانییەکان. ئەدی ئەدەبییەتی چیرۆک بەندە بە چ هۆکارگەلێک؟ فۆرمالیستەکان جیاوازبوونی گەڵاڵە لە داستان، بەهۆی ناسیاوی سڕینەوە و لە ئەنجامدا بەهۆی ئەدەبییەتی دەقی چیرۆک دەزانن. لە چیرۆکێکی پۆلیسیدا، ئەگەر داستانەکە چۆن ڕوویداوە بە گەڵاڵەش هەر ئاوا ڕێکبخرێ، گێڕانەوەکە، کێشێکی ئەوتۆی نابێ، بەڵام عادەتەن گەڵاڵەکە وەها ڕێکدەخرێ هەتا بەو جیاوازییەی کە لەگەڵ ڕەوتی واقیعی ڕووداوەکان هەیەتی، خوێنەر پتر بخاتە دڵەڕاوکێ و پرسیار کردنەوە.

ئێستا من دەمهەوێ ئەنجامێکی زۆر گرینگ لەم باسە وەربگرم، وەک دیارە سەرەتای باسەکەمان، بابەتی ئەدەبییەت بوو، بەڵام کاتێک بەجیا هاتینە سەر دەقی شیعر و دەقی چیرۆک، دیتمان کە لەناو هەر کامیاندا، ئەدەبییەت بە جۆرێکی تایبەت وەڕاست گەڕا. لە شیعردا بە هەندێک تەکنیک و سەنعەتی زمانی و لە چیرۆکدا بە هەڵبژێرانی گەڵاڵەیەکی هونەری. من پێم وایە ئەم ڕەوتە لەوە زیاتریش دەتوانێ درێژەی هەبێ. دابەشکردنی دەقە ئەدەبییەکان بەسەر دەقی شیعری و دەقی چیرۆک، دابەشکردنێکی زۆر گشتییە، هەرچی خەسڵەتە تایبەتییەکانی دەقێک زیاتر وەدیار کەوێ و ڕێژەی تاکایەتی دەقەکە، زیاتر بێتەوە، چۆنیەتی وەڕاست گەڕانی سروشتی بنەڕەتی ئەدەبییەت لەناو دەقدا شێوەیەکی تاقانەتر بۆ خۆی دەستەبەر دەکا، بۆیە دەڵێم ئەدەبییەت لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا، بەهۆی کۆدێکی تایبەتەوە دەسنیشان دەکرێ.

* ئایا ڕەخنەگر تەنیا پردی پێوەندی نێوان دەق و خوێنەرە، یان بۆشی هەیە دەست لە تێڕوانینەکانی خوێنەر وەربدات و تەنانەت هەندێ جار هەڵیان وەشێنێتەوە؟ ئایا ڕەخنەگر جیهانی ئەدەب ڕاڤە دەکات یان دەیگۆڕێ (ئاماژە بە قسەکەی مارکس). ئایا ڕەخنەگر نەخشەی ڕابردوو دەخوێنێتەوە یان گەڵاڵەداڕێژی داهاتووە؟

**ڕەهبەر مەحموودزادە:** بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە کۆتایی پرسیارەکەوە دەست پێدەکەم. ڕەخنەگر جیهانی ئەدەب بە ڕاڤە کردنەکەیەوە یان بە گوتەیەکی تەواوتر بە ڕەخنەکارییەکەیەوە دەگۆڕێت. بە دەربڕینێکی تر بە بڕوای من، نووسینی دەقێکی ڕەخنەیی لەسەر دەقێکی ئەدەبی، عەینی گۆڕینی ئەم دەقەیە. دیارە ئەگەر ئێمە وەک «نووسراوەی سەر کاغەز» بڕوانینە دەق (وەک ئەو ڕوانینەی ڕەخنەگرانی قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ بۆ دەقیان بوو) ناتوانین ڕاستیی ئەم بۆچوونەی گۆڕین بسەلمێنین، بەڵام لە ڕاستیدا دەقی ئەدەبی زۆر بەربڵاوترە لەوەی هەر بە تەنیا وەک نووسراوەی سەر کاغەز چاوی لێ بکرێ. تۆ

دەقێکی وەک (t1)ت لەبەردەست دایە و ڕەخنەیەکی سیستماتیکی وەک (c) لەسەر دەنووسی. دوای نووسرانی ڕەخنەی (c) لەسەر دەقی (t1) ئەم دەقە ئیتر دەقەکەی پێشوو نییە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و بووە بە (t2). من دەڵێم ئەو «شەمشەکوێر»ەی ئەمڕۆ لەبەر دەستی ئێمەدایە، هەمان ئەو «شەمشەکوێر»ەیە نییە کە سادق هیدایەت لە هیندستان نووسی.

دیارە ئەم دەربڕینە، دەربڕینێکی خوازەیی نییە کە بمانەوێ بە هۆیەوە تەمسیلێک بۆ کاری نووسینی ڕەخنە بدۆزینەوە. زماناسێک بەناوی هالیدەی دەڵێ، دەقی ئەدەبی بە درێژایی زەمان، هەندێک دەقی دیکە (کە ئەو ناوی «دەقی ئەقماری» یان «دەقی پەیڕەو»یان لەسەر دادەنێ) لە ناو خۆیدا کەڵەکە دەکا. ئەم دەقانە بریتین لەو ڕاڤە و شەرح و ڕەخنانەی لەسەر دەقە ئەدەبییەکە نووسراون. هالیدەی دەڵێ ئەگەر بمانەوێ بزانین دەقی ئەدەبی چۆن خاوەنی ئەو مانایەیە کە هەیەتی و چۆن ئەو بایەخەی هەیەتی وەدەستی هێناوە، دەبێ لە تەتڵە کردنەکانماندا (explanation)، حیساب بۆ بۆچوونی کەسانی دیکەش لە بارەی مانای دەق و ئەو بایەخەی هەیەتی بکەینەوە. ئەو پێی وایە هەرچی دەقە، بێجگە لە دەقە کلێشەییەکان، ئۆبژەیەکی تێکچنراوە. دەقی ئەدەبی لە زەماندا پەرەدەستێنێ و هەندێک لایەنی تازە بە لایەنەکانی زیاد دەبێ و دەبێتە خانەخوێی هەندێک دەقی تر کە ئەگەر ئەم نەبوایە ئەوانیش بوونیان نەدەبوو. ئا لێرەدایە کە من پێم وایە هەڵەیە ئەگەر بڵێین ڕەخنەگر پردی نێوان دەق و خوێنەرە، چونکە لەم ڕوانینەدا وا دانراوە کە ئاسۆی مانایی دەق و تێگەیشتنی خوێنەر هەر کامەیان بوونێکی سەربەخۆیان هەیە و ڕەخنەش بوونێکی سەربەخۆی دیکەی جیا لە هەردوو بوونی گۆڕین هەیە و دەبێتە پردی پێوەندیی نێوان دەق و خوێنەر.

بە بڕوای من ڕەخنە، گۆڕان بەسەر ماهییەتی دەقی ئەدەبیدا دێنێ و هەر بۆیە ڕەخنەکان بە درێژایی زەمان دەبن بە بەشێک لە دەقە ئەدەبییەکە، دەقی ئەدەبی بریتییە لە نووسراوەی سەر کاغەز بە ئیزافەی هەموو ئەو دەقە ڕەخنەییە کاریگەرانەی لەسەری نووسراون.

حەز دەکەم ئەم سروشتەی ڕەخنەی ئەدەبی، لە بارێکەوە لەگەڵ سروشتی علوومی تەبیعی هەڵسەنگێنم. لە علوومی تەبیعیدا، زانایان بەدوای دۆزینەوەی تەتەڵەکردن بۆ دیاردەکانن. دیارە لەبەر ئەوەی دیاردەیەک دەکرێ زیاتر لە تەتەڵەکردنێکی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوان دواجار بەشێوەیەکی زانستی کاری هەڵبژاردن لەناو تەتەڵەکردندا بەڕێوە دەبەن و باشترین تەتەڵەکردن هەڵدەبژێرن. بەم کارە دەڵێن ئیستنتاجی باشترین تەتەڵەکردن (Inference to the best explan-tion). لە بواری زانستی سروشتیدا، عادەتەن هەڵبژاردنی یەکێک لە تەتەڵەکردنەکان، بە مانای وەلانانی تەتەڵە کردنەکانی دیکەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەقی ئەدەبی هەندێک دەقی پەیڕەو– کە بریتین لە شەرح و ڕاڤە و ڕەخنە– لەخۆی دەگرێ، بە درێژایی زەمان هەندێک تەتەڵەکردن لەناو خۆیدا کەڵەکە دەکا. کەواتە دەکرێ بڵێین لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، هەموو کات تەتەڵەکردنە تازەکان، لەسەر تەتەڵە کردنەکانی پێشوو دادەمەزرێن.

ئەم گۆڕانەی ڕەخنەگر بەسەر دەقی ئەدەبیدا دێنێ، جیاوازە لەو گۆڕانەی فەیلەسووفێکی مارکسی دەیهەوێ بەسەر جیهانیدا بێنێ. مارکس دەیگوت فەیلەسووفانی بەر لەمن هەر بە تەنیا بە نیازی لێکدانەوەی جیهان بوون، من دەمهەوێ جیهان بگۆڕم. کەواتە ئەو بڕیارەی مارکس، چۆنیەتی فەلسەفەکەشی دیاری کرد، بەڵام کاتێک ڕەخنەگر ڕەخنەیەک لەسەر دەقی ئەدەبی بەرهەم دێنێ، بڕیار بدات یان نا، پێی خۆش بێ یان پێی خۆش نەبێ، گۆڕانی بەسەر دەقە ئەدەبییەکەدا هێناوە و کردوویە بە دەقێکی تر. لە ڕوانینی مارکسدا گۆڕینی جیهان، شتێکی جیا لە ڕاڤەی جیهانە، بەڵام لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕاڤەی دەق، عەینی گۆڕینیەتی. کەواتە ڕەخنەگر لە یەک کاتدا نەخشەی ڕابردوو دەخوێنێتەوە و گەڵاڵە داڕێژی داهاتووشە.

* ئەگەر ئەرکی تەئویل دۆزینەوەی مانای بەرهەمی ئەدەبی بێ، ئەرکی ڕەخنە دەشێ چی بێ؟ ئایا تەئویل خۆی پاژێکە لەکاری ڕەخنەیی یان ڕەخنە بەشێکە لە کاری تەئویل؟

**ڕەهبەر مەحموودزادە:** تەئویل بەشێکە لەکاری ڕەخنەی ئەدەبی. ئەگەر دەق ڕاڤە هەڵگر بێ، زەحمەتە ڕەخنەیەکی باش لەسەر ئەم دەقە بنووسرێ، بەبێ ئەوەی ڕاڤەیەکی باشمان لە دەق لەبەر دەستدا هەبێ، بەڵام ئەوە شێوازی ڕەخنەیە بۆت دیاری دەکا ڕاڤە تا چ ڕادەیەک لە ڕەخنەکەتدا دەوری دەبێ. لەوانەیە لە نووسینی ڕەخنەیەکدا ئامانج بە دەستەوەدانی ڕاڤەیەکی تازە و

ڕێتێـچـوو بێ. لەوانەیە لە ڕەخنەیەکی دیکەدا لەسـەر بنەمـای ڕاڤـەیەکی دەسنیـشـانکراو بتـهـەوێ لەسـەر هەندێک لایەنی فـۆرمـێک و پێکهـاتەیی دەق قـسـە بکەی، حوکم نییە لەم شێوە ڕەخنەی دواییدا، ڕاڤەکەش هی خۆت بێ. ئەگەر لە بیرتان بێ لە زمان هالیدەیەوە گوتمان سروشتی دەقی ئەدەبی بە چەشنێکە کە بەدرێژایی زەمان هەندێک دەقی پەیڕەوی دیکە لەناو خۆیدا کەڵەکە دەکا. ئەگەر کەسێک ڕاڤەیەکی پتەوی لەسەر دەقێکی ئەدەبی نووسیوە، تۆ دەتوانی لەسەر بنەمای ئەم ڕاڤەیە، بۆ نموونە ڕەخنەیەکی فۆرمالیستی یان پێکهاتەخوازانە لەسەر دەقەکە بنووسی، جاری واش هەیە تۆ ڕاڤەیەکی خۆت دەکەیە بناغەی هەندێک تەتەڵەکردنی ڕەخنەکارانە، بەڵام ئەم ڕەخنانەی هەر بە تەنیا دەیانهەوێ لێکدانەوە و ڕاڤـەیەک لە دەق ڕابێنن، ئیـتـر ئەمـڕۆ وەک نموونەی ڕەخنەی بەهێـز ناناسـرێن. لەکـاتی کـارکـردن لە بواری لێکدانەوە و ڕاڤەدا، ئێمە لە مەڕ «چی گوتن»ەوە پرسیار دەکـەین. دەق دەڵێ چی؟ بەڵام ئەو ڕەخنانەی بەدوای تەتەڵەکردنی بووتیـقـایی دەکەون، لەسەر «چۆن گـوتن» قـسـە دەکـەن. کـاتێک دەپرسی بۆ ئەم دەقـە فـڵانە تایبەتمەندییە یان فیسارە کارکردەی هەیە، بۆ وەڵامدانەوە ناچارەکی دەبێ باسی چۆن گوتن بکەی. کەواتە ڕاڤـەی هێرمینوتیکی دەتوانێ نوختە دەسپێکێک بێ بۆ تەتەڵە کردنی بووتیقایی.

ئێستا ئێمـە زۆر چاک دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیـارە بدەینەوە کە باس و خواسی جۆراوجۆری کۆمەڵناسانە و دەروونناسـانە و سیـاسی و فێـمینیسـتی و ڕەگەزی و... چۆن دێنە ناو هەرێمی ڕەخنەوە. ئەم باسـانە بە دوو شێوەی جیاواز دێنە ناو باسوخواسی ڕەخنەییەوە.

**یەکەم:** لە کاتی ڕاڤەکردنی هێرمینوتیکیدا.

**دووەم:** لە کاتی تەتەڵەکردنی بووتیقاییدا.

کەواتە هەر لەسەر بنەمای ئەم باسانە ئێمە دوو پرسیار دێنینە گـۆڕێ و هەوڵی وەڵام دانەوەیان دەدەین. ئەو باسانەی پێوەندییان بە جیهانی دەرەوەی ئەدەبەوە هەیە، چۆن دزە دەکـەنە ناو ڕاڤـە و لێکدانەوەکـانی دەقی ئەدەبی؟

جاناتان کالێر هەرچی لێکدانەوەی دەقە، دەبێ وەڵامی ئەم پرسیـارە بداتەوە کە «ئەم دەقە لە بارەی چیـدایە؟» خاڵێکی شیـاوی سەرنج ئەوەیە کە کالێر دەڵێ وەڵامی ئەم پرسـیـارە نابێ وەڵامـێکی زێدە ئاشکرا و بەڵگە نەویست بێ. بۆ نموونە کەسێک پرسیـار دەکـا: «دەقی هاملێت لە بارەی چیــدایە؟» ئەگــەر لە وەڵامی ئەم پرسیـارەدا بڵێین «دەقی هاملێت لە بارەی شـازادەیەکی دانیمـارکیدایە» ئێمە نەمانتوانیوە یان نەمانویستووە بێینە ناو کـایەی لێکدانەوە و ڕاڤـەوە، بەڵام هەمـوو ئەم وەڵامـانەی خـوارەوە، نموونەی لێکدانەوەی تایبـەت لە بارەی دەقی هاملێتن.

- دەقی هاملێت لە بـارەی هەڵوەشـاندنەوەی نەزمی جیهانی ئێلیزابێتدایە.
- دەقی هاملێت لە بارەی ترسی پیـاوان لە هەوەسی جینسی ژناندایە.
- دەقی هاملێت لە بارەی شیـاوی پشت پێ بەسـتران نەبوونی نیشانەکانە.

هەر کـام لەم وەڵامـانە باسـەکـەت بۆ بوارێکی تایبـەت ئاراسـتـە دەکـەن، وەڵامـێک باسـەکـە بۆ بەسـتێنی کـۆمـەڵناسی ئاراسـتـە دەکـا، وەڵامـێکی تر، دەرگـای باسوخواسی دەروونناسانە دەخاتە سەر پشت و...

من بە داکـۆکی کـردن لەسـەر ئەم بۆچوونەی کـالێـر، دەمهەوێ بەشێوەیەکی نوێ دەربیبڕمەوە. کاتێک کالێر دەڵێ وەڵامی ئێمە نابێ بەڵگەنەویست بێ، لە ڕاستیدا پێـمـان دەڵێ وەڵامی ئێـمـە نابێ لە قـاڵبی گـوزارەیەکی تەحلیلی یان شیکراو (analytic)دا بدرێتەوە، بەڵکو دەبێ زانیارییەکی تازەی لەمەڕ جیهانەوە لە خۆی گرتبێ، واتە لە قـاڵبی گـوزارەیەکی تەرکـیـبی یان لێکدراو (synthetic)دا بگوترێ.

گوزارەی شیکراو، شتێکی تازەت پێ ناڵێ و چەمکی مەحموول لەناو چەمکی مەوزووعدا هەیە و بە شیکاری چەمکی مەوزووع دەگەی بە چەمکی مەحموول، بەڵام لە گوزارەی لێکدراودا، مەحموول چەمکێکی سەربەخۆ لە چەمکی مەوزووعی هەیە.

ئێـسـتـا بۆچی گـوزارەی «دەقی هاملێت لە بارەی شـازادەیەکی دانیـمـارکی دایە» گـوزارەیەکی شیـکراوە؟ چونکە لە ڕاستیدا هەمان بێژی یان تۆتۆلۆژییە. تۆ هەر لە خـوێندنەوەی یەکـەم لاپەڕەکـانی دەقی هاملێت-دا دەزانی کـە ئەم دەقـە لە بارەی شـازادەیەکی دانیـمـارکی دایە. کەواتە ئەم ڕستەیەی گۆڕین لە ڕاستیدا ئاوای لێ دێ؟

«دەقی هاملێت کە لە مەڕ شازادەیەکی دانیمارکی-یە، لە بارەی شازادەیەکی دانیمارکیدایە».

وەڵامـەکـانی دیکە بۆیان هەیە بەشـێـوەی خـوارەوە بنووسرێنەوە و دیارە زانیـاری تازەیان لەخۆ گرتووە:

– دەقی هاملێت کـە لەمــەڕ شـازادەیەکی دانیمارکییە، لە بارەی هەڵوەشانەوەی نەزمی جیهانی چاخی ئێلیزابێت دایە.

– دەقی هاملێت کـە لەمــەڕ شـازادەیەکی دانیــمارکـیــیــە، لە بارەی ترسی پیـاوان لە هەوەسی جینسی ژنان دایە.

کـــەواتە بـۆ ئەوەی بزانین ڕاڤـــەکـــە بە چ ئاڕاســتــەیەکـدا دەڕوا، ســەرنج لە چەمکی مەحموولەکە دەدەین. دیارە بۆ نموونە مەحمولی «لە بـارەی هەڵوەشـانەوەی نەزمی جـیـهــانی چاخی ئێلیـزابێـتـدا بوون» لە جــیــهــانی باسوخواسەکانی کۆمەڵناسانە، یان سیاسییەوە خواستراوە.

هەڵبەت لێکدانەوەکان هێندە ساکاریش نین بـارتەقــای ڕســـتـــەیەک بەرتەسک بنەوە. ڕەخنەگرێکی مارکسی بۆ دەربڕینی ئەم گوتەیە کـــە «فـــڵانە دەقـــە لە بـارەی کـــێـــشـــەی چینایەتیــدایە» لەوانەیە لە ڕوونکردنەوەی چۆنیـەتیی پێـوەندیی ژێرخـان و سـەرخـان و هەروەها چۆنیەتیی پێوەندیی تێز و ئانتی تێز و سەنتێز و قسە کردن لە بارەی ڕەوتی بزاڤی مـێژوو و زۆر شـتی تریشەوە دەست پێ بکا و دوای شـرۆڤـەیەکی تێـر و تەسـەل، دواجـار بگا بەم ڕستە باسکراوە.

ئێــســتــا دەبێ وەڵامی پرســیــارەی دووەم بدەینەوە: ئەو باسانەی پێوەندییان بە جیهانی دەرەوەی ئەدەبەوە هەیە، چۆن دزە دەکـــەنە نـاو تەتڵە کردنی بووتیقاییەوە؟

لـەم بـاســانـەدا قـــســـە لـەوە دەکــرێ چۆن پێکهـاتەکـانی دەرەوەی دەق، شـوێن دادەنێنە سەر پێکهاتەکانی ناو دەق. بۆ نموونە ئەگەر تۆ پێت وابێ میکانیزمی شیعر، شوێن وەرگرتوو لە مـیکانیـزمی ئەو پرۆسـە نابەئاگـایانەیە کـە لەکـاتی خەون بینینیـشـدا دەسـەڵاتدارن، لەبەر ئەوەی لە بۆچوونەکــــانی فــــرۆیدییــــەتدا خـــــوێندۆتەوە هێندەک ئەســـــڵی وەک تێکگۆشــراویی و شــوێن گــۆڕکێ و ئەســڵی ئەندێشەی وێنەیی بەسەر میکانیزمی خەوندا زاڵن، کەواتە دواجار لەناو شیعریشدا بەدوای وەڕاست گەڕانی ئەم ئەسڵانە دەکەوی. یان لە پێکهــاتخــوازی ڕسکانەییــدا (genetic structuralism)دا تۆ بـەدوای وەڵامی ئـەم پرســیـــارەدا دەگـــەڕێی کـــە چۆن ئاڵوگـــۆڕی ستـراکتـۆرە کۆمەڵایەتییـەکان، شـوێن دادەنێنە سـەر پێکهـاتەی دەقی ئەدەبی. بۆیە دەڵێن ئەم باسانە دوو جەمسەرین. جەمسـەرەکەی تریان هەرچی بێ، جەمسەرێکیان دەچێتە ناو دەق و چۆنیــەتیی دەقگرتنی فـۆرم و پێکهـاتەی ناو دەق. هەر لەبەر ئەوەیە کـــە بۆ نموونە ئەگـــەر کـەسێک هەر بە تەنیـا لە باسـوخـواسەکـانی دەروونناسیدا شارەزابێ و شارەزای باسەکانی دەقـنـاســـــانە نـەبێ، ناتـوانێ ڕەخـنـەیەکی دەروونـنـاسی لەســـەر بەرهەمـــێکی ئەدەبی بنووسێ. یان بیرمەندێکی مارکسی هەرچەندە لە شـیـکاری مــارکـسی بزانێ، دواجــار دەبێ ئەزمـوونێکی باشی ناسینی دەقی ئەدەبیـشی هەبێ.

من پێم وایە لەم پێـودانەی دووەمــدا، واتە کـاتێک ڕەخنەگر دەیهەوێ لە چۆنیـەتی شـوێن دانانـی فـاکــتــەرەکــانی دەرەوەی دەق لەســەر داڕشت و پێکهـاتەی دەق بکۆڵێتـەوە، ڕاڤە بە شـێــوەیەکی ئاراســتــەمــەندتر لە خـزمــەتی ڕەخنەدایە. لە پێـودانگی یەکـەمـدا، کـاتێک باسەکانی دەرەوەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی بۆ لێکدانەوەی دەق بەکــاردەهێـندرێن، لەوانەیە باسـەکە هێندە لە بابەتی دیکە ورد بێتـەوە کە دەقـەکە لەبیـر بچێـتـەوە و بە کـردەوە بیکا بە پەراوێز.



# زانا خەلیل:
# لە شیعری ئێستای کوردیدا پێویستمان بە گۆڕینی بنەڕەتی هەیە

**دیمانە: د. سەروەر عەبدوڵڵا**
**(ئەڵمانیا)**

لەم جیهانەی ئیمڕۆماندا نووسینی شیعری بووەتە ئەو وێستگە ئارامئامێزەی کە لێی ڕادەوەستین، ڕاوەستانێک تێیدا کۆمەڵێک ڕووی جوانی لێ بەجێبێڵین و بەخێرهاتنیش لە کۆمەڵێک ڕووی دیکە بکەین، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە چەندیان لەم ڕووانە دووبارە نین و چەندیشیان دووبارە دەبنەوە؟

لێرەوە کاری شیعری لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی دیکە جیا دەبێتەوە، ئەم جیابوونەوەیش، ئاستێکی نوێتر بە هەوڵی شیعری دەدات.

لە وێستگە شیعرییەکانی ئەم شاعیرەدا خۆشبەختانە چەندین دووبارە نەبوونەوە بەدی دەکرێت، بەشێوەیەک ئێستا هەوڵدەدات هەر کۆمەڵە شیعرێکی بڵاوی دەکاتەوە وەکو ئەوەی پێشتر نەبێ، یان بە کەمی کۆمەڵێک هەوڵی تازەی تێدابێت. ئەو هەوڵانەی کە گومانی تێدا نییە بە چەندین و چەندین خوێندنەوەی شیعری خودی ئەدەبی کوردی بە هەموو لایەنێکەوە بەندە، هاوکات لە لایەکی دیکەوەش لە خوێندنەوەی شیعری ئەوروپی دابڕاو نییە، بەتایبەت شیعری هاوچەرخی ئەڵمانی، ئەم دوو لایەنە جگە لەو لاسارییانەی خۆی لە ئاست باوکسالاری ئەو تێکستە شیعرییە هاوچەرخە کوردییەی کە دەمێکە لە بازنەکەی هەشتا ئامێزی خۆیدا خول دەخواتەوە، کە خۆیشی سەوڵی لێداوە.. ئەم بازنە هەشتا ئامێزە شیعرییە کوردییەی کە یەکێکە لە وەرچەرخانە گرینگەکانی شیعرگەری کوردی، بەڵام وا خەریکە ئەویش دەبێتە باوکسالار، ئەگەر هەروا لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە و بۆ خۆی زێوانی نوێ پەیدا بکات.

من لێرەدا نامەوێت بە باڵای کاری شیعری «شاعیر»دا هەڵدەم، چونکە هەوڵە شیعرییەکانی ئەو خۆیان قسە دەکەن، مێژووش کەمتر باسی قسەی ئێمە دەکات، زیاتر شیعر و شاعیر جێگەی باسن، کەواتە شاعیر بەرپرسە لە پرسی شیعر نووسین و منیش بەرپرسم لەوەی شاعیر بهێنمە قسە و باس، هەر بۆیەش بەم چەند پرسیارەم خۆم لە بەرپرسیەتی خۆم دەدزمەوە و دەبمە میوانی وەڵامەکانی ئەو، ئنجا وەڵامەکانی بە دڵم بێت یان بەدڵم نەبێت. هاوکات بە دڵی خەڵکی بێت یان ئەو ئەمە بۆ خودی خۆی دەهێڵێتەوە.

# ئێستا بەدوای برادەرایەتی نوێترین تێکستە شیعرییەکانی دنیادا وێڵم

* چۆن دەڕوانیتە ئاستە هونەرییەکانی تێکستی شیعری هاوچەرخی کوردی، بەتایبەت ئەو تێکستانەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆی کوردستان بڵاودەبنەوە؟

– بێگومان ناکرێ سەد دەرسەد یەک تەماشاکردن و تێڕامانێکی هاوئاست و ڕەهامان بۆ ئاستە هونەرییەکانی تێکستی شیعری هاوچەرخی کوردی هەبێ واتە: عەقڵ و چێژ و خوێندنەوە، ڕێگا نادەن بەیەک چاو لە ئاستە جیاجیاکانی تێکستە جیاجیاکان بڕوانین، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی کە لەو زەمەنەی ئێمەدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو دەبنەوە لە -با- دەچن، (با)یەک کە دێ و دەچێ بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەک لە دوای خۆی بەجێ بێڵێ..

ئاستی هونەریی شیعری هاوچەرخی کوردی بەشێوەیەکی گشتی وەک «کەمپێکی زۆرەملێ» وایە کە خانووەکانی هاوشێوە و هاوجۆر و هاوژمارەی ژوور و هاوپەنجەرە بن و لەسەر تەنیا تاکە نەخشەیەک بنیات نرابن..

بێگومان نابێ تا ئەو ئاستەش دڵڕەق بین کە غەدر لەو تەلارە شووشەیی و کریستاڵاوییە ناسکانە بکەین کە لەو کۆمەڵگایەدا وەستاون و بزەمان بۆ دەکەن و جوانیی نمایش دەکەن..

* تا چ ڕادەیەک شیعر توانیویەتی ئێوە لەگەڵ خودی خۆتان کۆبکاتەوە و مانایەکی نوێ بە بوونت ببەخشێ؟

– لەو ڕووەدا دەتوانم بڵێم: « شیعر ئیکسیرە، کیمیایە، لە توانایدایە شاعیر و خودی شاعیر ئاوا خەڵتان و ئاوێتە بکا کە دەرئەنجام تەنیایی لێ بێنێتە ئافەریدە» بێگومان تەنیاییەک کە دنیایێ چەمک و مەدلوول بە بوون دەدا.

زۆرجار کە لەبەرامبەر ئاوێنەی خودی خۆمدا دەوەستم و بەهێوری و وردی و کۆنستراتسیۆن، پرسیارێکی ئاوا ئاراستەی خۆم دەکەم: «ئەگەر ئەو ئیکسیرە بەڕەڵڵایە نەبووایە کێ یان چ شتێ دەیتوانی ئاوا فێری ئاوێتەکردنی ڕەنگەکانی نێوانی من و خودی من بکا؟ خۆ ئەگەر ئەو کیمیا خۆرسک و خوداییە نەبووایە کەی من فێری ئەو هەموو شیکار و گومان و هەڵوەستە و گریان و عیشق و لێکدانەوە و شیتەڵکردنی گریمانەکان و هاوکێشەکانی خودی خۆم و دەرەوەی خودی خۆم دەبووم؟»

من ناچارم بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بڵێم: «بۆ خۆم باش دەزانم کە تەنیا شیعرە ڕۆڵی خوداوەند دەگێڕێ لەسەر زەمین، بەلایەنی کەم لای من.. خۆ هەر ئەو کیمیایە کە وادەکا تۆ و خودی تۆی شاعیر بە گۆشەگیریی لەگەڵ گۆشەگیری و ڕامان و وردبوونەوە کۆبکاتەوە و بەشێکی گرینگ لە پانتایی زەمەن بۆ خۆی قۆرخ بکا».

شیعر وا دەکا شاعیر لەگەڵ زەمەندا بیر لە تێپەڕینی زەمەن و ژیانی ڕۆژانە و وردەکارییەکانی ناو ژیان و مردن بکاتەوە، من وا دەزانم کە شیعر کتێبی ئاشکراکردنی کۆدی هەستکردنە بە شتەکان و کتێبی تەفسیر و ڕاڤەکردنی هاوکێشەکانی ژیان و مردنە، هەروەها کتێبی ماتماتیکیشە لەو کاتانەی جوانییەکان و ناشرینییەکانی وجوود کۆدەکاتەوە و لێکیان دەردەکا..

من پێم وایە: بۆ هەمیشەیی شیعر لۆژیکیترین دۆزەرەوەی کۆدی هاوکێشە کۆدکراوەکانی خود و دەرەوەی خودە، بۆ هەمیشەیی بەشێوەیەکی ماتماتیکی مانای نوێ و مەدلوولی نوێ دەداتە دیاردە و حاڵەتەکانی خۆت و ناوەوەی شتەکان و دەرەوەی خۆت و ناوەوەی خۆتیش..

شیعر منی چۆن لەگەڵ خودی من ئاوێتە کردووە؟ زۆرجار کە لە ژوورێکی ئاسایی ڕۆنیشتوومە و شیعر بە پەنجەرەی نائاسایی حاڵەتێکی نێوانی ئاسایی و نائاسایی دەمگەیەنێتە نێو ئاسمانێکی نائاسایی ئەوە هەست دەکەم کە شیعر بۆتە نیگارکێشێک و ڕەنگەکانی من و ڕەنگەکانی خودی منی ئاوێتە کردووە و بەتەنیا ڕەنگێکی لێ خوڵقاندووم کە جیایە لە هەموو ڕەنگەکانی دی، جگە لەو شتانەیش کە باس کران، دەتوانم بڵێم: بۆ من شیعر ڤێللایەکی هەمیشە کەسکە، پڕە لە ئەستێرەی سپی و خەونی پرتەقاڵی و تاووسی خودایی، من دەتوانم تا هەتایێ لەناویدا پیاوێکی ئامادە بم و زەمەن تێپەڕێنم.

* ئەو خەوش و کلۆرییانە چین بە جەستەی شیعری کوردی ئیمڕۆوە دیارە؟

– ئەگەر شێوەکار یا نیگارکێش بم و نەتوانم سکێچی ڕوخساری مرۆڤێک دروست بکەم، چۆن دەتوانم سوریالی و ئەبستراکت و ئایندەیی و مۆدێرن و پۆست بم؟

من وای دەبینم کە زۆر لە تێکستەکانی ئێستای شیعری کوردی کۆمەڵێ ڕەنگی ئاوێتەکراوی خۆڕسکن، هەرچی دێ دەست دەکاتە فلچەیەک و کۆمەڵێ ڕەنگ

دەهێنێ و بە خۆرسکی ئاوێتەیان دەکا و ناوی دەنێ «تابلۆ».. ئاوێتە و خەڵتانکردنی وشەو ڕیزکردنیان و ئەبستراکت کردنیان و ماسک کردنی ڕستەو هەندێ گاڵەگیڤەی خۆرسکی بێ بنەما، نەک هەر بەتەنیا تێکستێکی ئێستێتیکی ناهێنێتە بەرهەم، بەڵکو فەوزایەکی نائێستێتیکیش لەناو پانتایی تێکستە ئێستێتیکییەکان دێنێتە ئاراوە.

ڕۆشنە تێکستی لێڵکراوی دەستکرد و خۆرسک و ڤالا لە هەموو خاسیەتەکانی شیعری داهێنەر، خۆ لەخۆ شێواندنێکی خودی شاعیرێکی خۆلێشێواوە، بۆیە خوێنەری داناو وەرگری زانا هەمیشە قووڵایی ئەو جۆرە تێکستانەی لێ دیارە کە تەنانەت چەند سانتیمێکیش قووڵ نین، نەک قووڵاییان لە قووڵایی دەریا بچێ و هیچ غەواسێک پەی بە زمرووت و مەرجانی ناوەوەی نەبا..

بەشێکی زۆری ئەو تێکستانە لە پەیکەرێ دەچن کە بە ماسک شێوازی ڕوخساری خۆیان دەگۆڕن، هەموویان لەژێر ماسکەکەدا یەک سیماو ڕوخسارن، هەمان دەم و لێو و چاو و گوێچکەیان هەیە گەر هەیانبێ؟ بێگومان ئەوەشیان بێ هۆکار نییە، یەک بابەتی و لاسایی و زاڵبوونی نەوەی پێشوو بەسەر ستایلی شیعری و هاوکەرستەیی زمانی شیعری و ... تاد هۆکاری بەهێزن بۆ بە دیاردەبوونی ئەو حاڵەتە.

خەوشێکی گەورەی شیعری کوردی لە کەم ئەزموونی و تەسکی جیهانبینی و نەبوونی ڕۆشنبیری چاو و مەعریفەی پراکتیکی شاعیری کوردە..

زۆربەی زۆری شاعیرانی کورد لە ناوەوەی وڵات لەناو سێگۆشەیەکدا ژیان و زەمەن دەگوزەرێنن، لووتکەی ئەو سێگۆشەیە «یانە»یە.. ئەوانی دیش یەکێکیان «وەزیفە»یەو ئەوی دیش «ماڵ»ە.. من پێم وایە لەگەڵ سەفەری تیۆری لە ڕێگای کتێبەکانەوە، شاعیر پێویستی بە سەفەری ڕاستەقینە و ڕۆشنبیری پراکتیکی و ئەزموونەکانی چاو و کۆکردنەوەی یەک دنیا تاقیگە دەبێ، تا تووشی بازنەگیری و بابەتگیری نەبێ..

لە ڕۆمانی «زۆربا»دا بە ئاشکرا دەبینین کە «سەرۆک» پیاوێکی مەعریفی بەتوانایە و هەمیشە لەنێو کتێبەکاندا ژیان دەبینێ و خاوەنی مەعریفەیەکی تیۆری جوانە، کەچی زۆربەی جارەکان سەر سوڕماوی و واق وڕماوی خۆی بەرامبەر بە زۆربا نیشان دەدا، کە پیاوێکی نەخوێندەوارە و هیچ پێوەندییەکی بە دنیای کتێب و ڕۆشنبیری تیۆرییەوە نییە، بەڵام خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی گەورەی پراکتیکییە و خاوەنی کولتوورێکی گەورەی چاو و ئەزموونە.. یان لە ڕۆمانی «کیمیاگەر»ی پاولۆکۆیلۆ، پاڵەوانەکە کە دەگاتە بیابان، کتێبەکەی توور هەڵدەداو دەڵێ: بیابان کتێبە.. یا «نالی» لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێ:

**مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و گوڵ و موول**
**بە دووسەد مەدرەسەو دەرس و کیتابی نادەم**

من لێرەدا دەمەوێ بە تەنیا ئاماژە بە گرینگی ڕۆشنبیری چاو بکەم، کە تا چ ڕادەیەک ڕۆڵی هەیە لە بەرەوپێدانی مەعریفەی تیۆری.. بێگومان من لەگەڵ هەڵدانی کتێب نیم بە بیانووی ئەوەی بیابان کتێبە، بەڵام پێم وایە دەبێ هەردوو ڕۆشنبیرییەکە وەک یەک بڕۆن تا تێکست خۆی دووبارە نەکاتەوە.. دیارە بێ بەشی بەشێکی زۆر لە شاعیرانی کورد لەو ڕۆشنبیرییانە پێوەندی هێندە بە کەمتەرخەمی خۆیانەوە نییە، بەقەد ئەوەی بەو قەدەرەوە پەیوەستە کە ژیانی ئەوانی بە دەستەوەیە.

خەوشی تر ئەوەیە کە خوێندنەوەی جددی و وردبینانە بۆ شیعری هاوچەرخ بەتایبەتی و شیعریش بەشێوەیەکی گشتی نییە، کە ئەوەیان بە بۆچوونی من پانتاییەکی فراوانی بۆ ئەو فەوزایە هێناوەتە کایەوە.. کورد بە درێژایی مێژووی خۆی کەم جار «بیرمەند و ڕەخنەگر»ی بەتوانای بەرهەم هێناوە کە بتوانن و توانییان قسە لەسەر تێکست و مەعریفە و فیکر بکەن.. بێگومان ئەگەر بە دوای هەموو خەوشەکانی شیعری کوردیدا بگەڕێین، ئەوە قسەی زۆرترمان دەبێ، بەڵام من بە ئومێدێک واز دەهێنم کە ئەویش ئەوەیە: «ئومێدم وایە نەوەی نوێ هەوڵێکی جددی لە پێناوی نەهێشتنی ئەو هەموو خەوش و کلۆرییانەی بدا کە لە جەستەی شیعری کوردیی ئێستادا هەیە».

* لەم دوا دواییە دەستتان کردووە بە نووسینی «SMS»ی شیعری و بەچەند هەوڵێکی جوان دیوانێکی تازەت بە ناوی «مۆبایلە شیعر» لێ دەرکرد، چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو کارەت بە ئارای جیهانی شیعری ئێستا گەیاند؟

ئایا ئێوە تا چ ڕادەیەک بە ماددەیەکی شیعریی تێدەگەن؟ دەکرێت ئەم ماددە شیعرییە نوێیە زیاتر پەرەی پێبدرێ؟ چونکە وەک دەزانین ئەم «SMS»انە بواری نووسینەکەیان لە دوو تا سێ دێڕ زیاتر تێپەڕ ناکا، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری لە دوو دێڕدایە؟

– زووتر بیرۆکەی نووسینی «SMS»ی شیعریم لە

یەکێ لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا لەلا گەلاڵە بوو. چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە گۆشەی یەکێ لە ڕۆژنامەکان خوێندمەوە کە ڕۆژانە بە ملیۆنان (SMS) بەتەنیا لە ئەڵمانیا دەگۆڕدرێتەوە. من ئەو دیاردەیەم زۆر لا سەیر بوو. دواتر هەر لەم ڕۆژنامەیەدا چەند نموونەیەکی «SMS»ی نا ئاسایی دابوو.. ئەو بیرۆکەیە هەر لە یادگەی من بە خەوتوویی مایەوە تا مانگی «٢»ی ٢٠٠٥.. کە گەڕامەوە کوردستان هەمان دیاردەم دیت، ئەوەی کە بە خۆم دەمدیت لە گۆڕینەوەی SMS جێگای پرسیار بوو، بەڵام ئەوەی کە زیاتر هانی دام تا ئەو بیرۆکە خەوتووە خەبەر بکەمەوە، نا شیعریەتی ئەو ڕستانە بوون کە بۆ یەکتر دەنووسران.. زمانێکی وشک و خاڵی لە هەموو شیعریەت و ئەدەبیاتێک.. قسەی ڕووت و بازاڕی.. ئیدی کارەسات بوو، بۆیە دەستم کرد بە نووسینی «SMS»ی شیعری و لە حەفتەیەکدا زیاتر لە «٢٦٠» نامەی کورتم نووسی..

دواتر لەگەڵ پێشەکییەکی مامۆستا مەحموود زامدار و پێشەکییەکی بەڕێز «د. سەروەر عەبدوڵڵا» و پێشەکییەکی خۆم لە کتێبێکدا بڵاوم کردنەوە..

وەک لە پێشەکی کتێبەکە باسم کردووە «SMS ی شیعری» هونەرێکی تایبەتە، ژانرێکی سەربەخۆیە، بەتەنیا شیعر یا وێنەی شیعریی نییە، بەڵکو ژانرێکە لەنێوانی قسەی ئاسایی ڕۆژانە بە زمانێکی شیعری و شیعردایە، لە «هایکۆ» دەچێ بەڵام هایکۆ نییە.. ئەگەرچی لە پۆستەرە شیعر و برووسکە شیعر و ئەو شتانە دەچێ، بەڵام ئەوانیش نییە، چونکە زمانەکەی هەندێ جار هێندە ساکار دەبێتەوە تا دەگاتە ئاستی زمانی ڕۆژانە.. بە کورتی دەڵێم: «من ئەو کارەم کرد و لەنێو کورد بەکارێکی نوێی دادەنێم، ئەوەیش کە دەمێنێتەوە، ناوی ژانرەکە و سەرکەوتنم و سەرنەکەوتنم لەو بوارەدا بەکارێکی دەستە جەمعی دەزانم، «خوێنەر» دەتوانێ ئەو بڕیارە بدا».

* لە ڕووی تەکنیکی شیعرییەوە چۆن دەڕوانیتە ئەزموونی شاعیرانی نەوەی پێش خۆت؟ هەروەها لە ڕووی بابەتگیری و ڕووەکانی دیکەی شیعر چ دەڵێی؛ پێت وانییە شاعیرانی بەر لەخۆت ڕێگە خۆشکەر بوونە بۆت نەوەک بەربەست، یان ڕەنگە هەر هەمان ئەم شاعیرانەی بەر لەخۆت بەربەستێکی سایکۆلۆژی بن بۆ شتە نوێیەکانی ئێوە، بەتایبەتی مرۆڤی گەنج بە سرووشتی خۆیەوە شتی نوێی پێیە، بەڵام هەمیشە توانستیش سەرپشکە؟!.

– نەوەی بەر لە ئێمە درێژبووەوەی نەوەی بەر لە خۆیانن، ئێمەیش درێژبووەوەی نەوەی بەر لە خۆمانین، پێم وایە دابڕانێکی ڕەها لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دوای خۆی کارێکی وا سانانییە.. نەوەی بەر لە ئێمە کاری باش و شایستەیان کردووە.. هەموویان جێگای ڕێز و خۆشەویستین، چونکە ڕێگایەکیان هەڵبژاردووەو کاریان تێدا کردووە و بێ بەرامبەر ماندوو بوونە. لە ڕووی تەکنیکی شیعرییەوە، یان شیعر بەشێوەیەکی گشتی دیارترین ناوی حەفتاکان (عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت)ن کە هەریەکە و بەشێوەیەک کاریان لە نەوەی دوای خۆیان کردووە، بەڵام دواتر کە ئەوان تووشی بازنەیەک دێن بەناوی بازنەی بابەتگیری و خۆ دووبارەکردنەوە، بازنەیەک کە تێیدا بە بەردەوامی خول دەخۆن و لەسەر ستایلێکی تایبەت کاردەکەن و هەمان تێمەی پێشوو دووبارە دەکەنەوە، سێ شاعیری بەتوانا لە هەولێر بە ڕۆح و ستایل و تەکنیک و فۆرم و فەرهەنگ و لێکسیکۆنێکی جیا لە نەوەی بەر لەخۆیان، یان ئەوانەی پێش ئەوان کەوتبوون لە زەمەنێکدا دەردەکەون و وەرچەرخانێک بە ستایلی شیعری باوی بەر لە خۆیان دەکەن.. (هاشم سەڕاج و دڵشاد عەبدوڵڵا و کەریم دەشتی) هەر یەکە و بەشێوەیەک وەرچەرخانێ بە پۆزەتیڤ دژ بەشێوازی باو و بابەتگیری و یەک ستایلی نەوەی بەر لە خۆیان ئەنجام دەدەن و تا ئێستایش بەردەوامن..

**ئەوەی ژیانی ڕۆژانەی خۆی نەنووسێتەوە شاعیر نییە**

بە بۆچوونی من ئێستای شیعری کوردی پێویستی بە وەرچەرخانێکی نوێ و بنەڕەتی هەیە لە بابەت، شێواز، تەکنیک و جۆری ئێستێتیک و هارمۆنیەتی ئێستێتیک بە گۆڕانکارییەکانی چاخ، کارکردن لەنێو ئەو شتە بچووکانەی کە لە دەرەوەی تۆ پێوەندی بە ناوەوەی تۆوە هەیە و هێنانە کایەوەی زمان و فەرهەنگ و لێکسیکۆنێکی نوێ کە لەگەڵ ڕۆحی چاخدا هەمئاهەنگ بێ..

من دەیڵێمەوە: پێویستمان بەگۆڕینی بنەڕەتی هەیە لە شیعری ئێستای کوردی.. بێگومان ئەو وەرچەرخان و گۆڕینەش بە تێکست دەکرێ، نەک بە هەڕەشە و قسەی

نێو ڕۆژنامە و گۆڤار و سەرمێز..

من کە باس لە (عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و شێرکو بێکەس و دڵشاد عەبدوڵڵا و کەریم دەشتی و هاشم سەراج) دەکەم، ئەوە ناگەیەنێ کورد جگە لەو ناوانە کەسی تری نەبێ، بە پێچەوانەوە کەسانێکی زۆر هەن کە بەردەوام بەخشین و بەرهەمیان هەیە، بەڵام لە چاوپێکەوتنێکدا هەر ئەوەندە دەرفەت دەبێ هەڵوەستە لەسەر چەند وێستگەیەک بکەین.

* «نالی» شاعیر بۆ تۆ چ دەگەیەنێت و چۆن بووەتە سەرچاوەیەکی شیعری ئێوە؟

– بێ پرس و بەبێ ڤیزە «نالی» زۆرجار خۆی کردووە بەنێو ژووری بەرەڵڵای تێکستەکانم. بەبۆچوونی من «نالی» یەکێکە لە ئێستێتیکیترین وێستگەکانی شیعری کوردی..

وەک چۆن کە باس لە شیعری ئەڵمانی دەکرێ نابێ «گۆتیە» و «شیلەر» لەیاد بکرێ، وەک چۆن کە باس لە شیعری فەرەنسی دەکرێ نابێ بەسەر «بۆدلێر» و «ڕامبۆ» تێپەڕین، هەروەها کە باس لە ئەدەبی ئینگلیزی دەکرێ نابێ باس لە «شیکسپیر» نەکرێ، ئاواش کە باس لە شیعری کوردی دەکرێ نابێ باس لە «نالی» نەکرێ.

نەک هەر بەتەنیا بۆ من، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەی کە کوردن و دەیانەوێ شیعر بنووسن، «نالی» وەک کوتینی سەردەمی منداڵی وایە دژ بە نەخۆشییەکان، یا وەک ئەلف و بێی کتێبی کوردی «باڵدار» وایە بۆ قوتابیانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی، هیچ چارێک نییە، دەبێ «نالی» بخوێنینەوە تا بە ئێستێتیک بگەین لەنێو شیعردا.. زەحمەتە تۆ «نالی»یت نەخوێندبێتەوە و لە شیعری کوردیدا باس لەنوێخوازی بکەیت!

من بۆ خۆم سوودی زۆر زۆرم لە «نالی» وەرگرتووە، بەڵام دەمێکە خۆمی لێ دەدزمەوە، چونکە زۆر دەترسم هێشتا لەگەڵی هەروا تەبابم، ئێستە «نالی»م جێهێشتووە بە دوای برادەرایەتی نوێترین تێکستە شیعرییەکانی دنیادا وێڵم.. زۆرجار لە کتێبخانەی گشتی «بیلەفێلە»دا بەدوای خوێندنەوەی ئەو شاعیرانەدا دەگەڕێم کە هێشتا نەمردوون.

* سەرچاوە شیعرییەکانی شاعیریەتیت لە پاڵ ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا چییە و چۆن ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەی؟

– لە ئێستا ئەدەبی کلاسیکی کوردی لای من نەک هەر بەتەنیا وێنەی حەقیقی نییە، بەڵکو زۆرجار وەک باکگراوەندیش نامێنێتەوە و پچڕانێکی ڕەها لە نێوانی من و کلاسیکدا دێتە ئافەریدە.. ئەدەبی کلاسیکی کوردی بەهیچ جۆرێک سەرچاوەی شیعرەکانی من نین..

هەندێ جار وەک ئەوەی کە چۆن «هاینە» یا «هێرمان هێسە» دەخوێنمەوە، هەر ئاواش «نالی» و «مەحوی» بۆ چێژی خۆم دەخوێنمەوە..

ئێستا سەرچاوەکانی شیعری من «خۆم»م، ئەزموون و تاقیکردنەوە و جیهانبینی و وردبینیەکانی خۆمن بۆ دنیای ناوەوە و دنیای دەرەوەی خۆمدا.. ڕامان و تێڕوانینی خۆمن بۆ ژیان و مردن، بۆ پێکەنین و گریان.. بۆ ئاشتی و جەنگ و بۆ خێروشەڕ، بۆ گومان و یەقین، بۆ دۆزەخ و بەهەشت و بۆ خوداو زەمین.. بۆ پیرۆزی و تێکشکاندن و.... تاد

بێگومان جیهانبینی و قووڵایی تێڕامانی کەسێک بۆ هەموو ئەو شتانەی کە ناومان هێنان هەروا بەخۆرسکی لە دایک نابێ، مەبەستم ئەوەیە کە «جیهانبینی و تێرامانێکی جددی وا بە خۆرسکی لە دایک نابێ»، بۆیە هەر کەسێکی قووڵ پێویستی بە مەعریفەی قووڵ هەیە لەگەڵ بەهرەو پێکهاتەیەکی خۆرسکی قووڵ.. لێرەدا مەبەستم لە «خۆرسک» هەموو ئەو پەروەردەو ژینگە و حاڵەتی ئابووری و سیاسی و... تاد دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی عەفەوی کار لە کامڵ کردنی پێکهاتەی کەسێکی سادە دەکەن.

بە یەقینیەوە دەڵێم: بۆ هەر بەهرەیەک یان پێکهاتەیەکی بە تواناو بە جورئەت، پێویستیمان بە مەعریفەیەکی قووڵ و ئاگادارییەکی ڕۆشنبیری قووڵ هەیە.. دەبێ مەعریفە شان بەشانی بەهرەو بەهرەش شان بەشانی مەعریفە بڕوا، چونکە مەعریفە و بەهرە نێرومێن.. کە من ئێستا دەنووسم، بێگومان کۆمەڵێ کتێب و تێکست هەن کە تا سەر ئێسقان خۆشم دەوێن، بەڵام پێم وایە ناوەکانیان نەهێنم باشترە.

* ئایا پێت وانییە شیعر پێویستە بەدەر نەبێت لە ڕووداوە وردەکانی ڕۆژانەی شاعیر؟

– هەموو تێکستە نەمرەکانی دنیا «خۆشم نازانم نەمری چییە!»

بەڵام هەموو ئەو تێکستانەی کە لە هەموو زەمەنەکاندا دەخوێندرێنەوە، ئەو تێکستانەن کە بە جورئەتەوە ڕۆحی نووسەر لەنێو پانتاییەکانی دەقدا گەمە دەکا..

کە ڕۆحی نووسەرێک ئاوێتەی دەقێک دەبێ، واتە ئاوێتەی ژیان بوو، کە نووسەر ژیان دەنووسێتەوە واتە خۆی دەنووسێتەوە، کە خۆشی دەنووسێتەوە واتە وردەکارییەکانی ژیانی خۆی دەنووسێتەوە، کێشە لێرەدا

ئەوەیە «A» بە چ شێوازێک و «Z» بە چ شێوازێکی جیاتر ژیان و وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەنووسێتەوە.

ئەوەی کە ژیانی ڕۆژانەی خۆی نەنووسێتەوە شاعیر نییە.. ناوی چ شاعیرێکی گەورە و بچووکی دنیام پێ دەڵێی کە شیعرێکی لەسەر خۆی نەنووسیبێ؟ خۆ ئەوەیش کە شیعری لەسەرخۆی نووسی واتە شیعری بۆ ژیان نووسی.. هەموو ئەو شاعیرانەی کە بەهەڵە لە «تەوزیف کردنێکی ئاشکرای ژیانی ڕۆژانە بۆ شیعر» تێگەیشتوون با پرسیارێ ئاراستەی خۆیان بکەن: ئایا ئەوان لە ژیانی خۆیاندا لەسەر هیچ ئافرەتێکیان نەنووسیوە؟

خۆ ئەگەر وەڵامەکە بە «بەڵێ» بوو، ئەوە ئەوان ژیانی ڕۆژانەیان نووسیوەتەوە، چونکە ئازاری نەگەیشتن بە خۆشەویستەکەت وەک ئازاری ئەوە وایە لای یەکێکی تر کە دەیەوێ دەوڵەمەند بێ و دەوڵەمەند نابێ.. یان وەک ئازاری من وایە کە دەمەوێ جگەرە تەرک بکەم و پێم تەرک ناکرێ.. کەوابێ ئێمە هەموومان ژیانی ڕۆژانەی خۆمان دەنووسینەوە، بەڵام بە جیهانبینی و شێواز و ستایلی جیاجیا.

شاعیری بەلەنگازی کورد ژیانی ڕۆژانەی بە چ شێوازێک بنووسێتەوە؟ چی دەبینێ تا بینووسێتەوە، پیکابێک دەبینێ دارەبازەیەکی لەسەرە، هەندێ ژنی ڕەشپۆش لەخۆیان دەدەن و هەندێ پیاوی دەمامکداریش لە چواردەورەی دارەبازەکەدا بە غەمبارییەوە ڕۆنیشتوون، هەڵەبجەو ئەنفال و شەڕی عێراق و ئێران و سەدام و چوزانم..!

قەدەری شاعیری کورد هەر مەرگەساتە، بۆیە ناچارن بە تەنیا تراژیدیا بنووسنەوە و گرینگی بە مەرگ بدەن نەک ژیان، کەچی بەپێچەوانەوە لە ئەوروپا شاعیر تا پێی بکرێ هەوڵ دەدا دڵی خوێنەر بە جوانییەکانی ژیان بەختەوەر بکا..

بەکورتی من وای دەبینم: ئەو خاڵەی کە شیعری ئێستای «ئەوروپی- ئەمەریکی» لە شیعری کوردی جیادەکاتەوە ئەوەیە «هێندەی شیعری کوردی لە مەرگ نزیکە، شیعری «ئەورۆ ئەمەریکایی» لە ژیان نزیکە، هەروەها ئەوەندەی شیعری کوردی لە ژیان دوورە، شیعری ئەورۆ ئەمەریکایی لە مەرگ دوورە.

من لێرەدا دەتوانم بە نموونەیەکی بەرچاو ئەو بۆچوونەی خۆم بسەلمێنم، ئەگەرچی ڕەنگە لەشوێنی تریش ئەو شیعرە کورتەی «ئێریش فرید» بە نموونە بهێنمەوە.

**لە جیاتی پاشەکی**
**هەروەها ئەو شتانەیش**
**کە من دژ بە ژیان نووسیومن**
**بۆ ژیان نووسراون.**
**هەروەها ئەو شتانەیش**
**کە من بۆ مردن نووسیومن**
**دژ بە مردن نووسراون.**

من لەو باوەڕەدام ڕۆژێ لە ڕۆژان شاعیرانێک دێن دەست دەکەن بە نووسینی ئەو جۆرە شیعرەی بۆ ژیان دەنووسرێن بەڵام کەی؟

دیارە من لێرەوە بڕیار دەدەم بوێر بم و دەستپێشخەربم، ئەگەرچی باشیش دەزانم ئەو جۆرە شیعرە وا زوو لای شاعیرانی کورد و خوێنەری کوردیش هەزم ناکرێ، بەڵام خۆ ڕۆژێ دادێ؟!

من لە دیوانی «دیالۆگی لاڵێک لە مێسێنجەری پەپوولەکاندا» و لە «مۆبایلە شیعر» و لە «کتێبی شێوازەکان» ئەو هەوڵەم داوە، خۆ بڕیاریشم داوە لە ئایندەدا هەوڵی باشتر بدەم لە پێناوی نووسینەوەی هەموو ئەو حاڵەتانەی کە ڕۆژانە بەسەر مندا دێن، جا لەهەر شوێنێکی ئەو زەمینەدابێ.. بڕیارم داوە بەر لەهەر کەسێک ژیانی ڕۆژانە و نهێنییەکانی «خۆم» بۆ خوێنەر بنووسم، چونکە من خۆم و نهێنییەکانی ناوەوەی خۆم لە هەموو کەسێ باشتر دەزانم و حەزیش ناکەم کە مردم لەگەڵم بچنە ناو گۆڕ.

دیارە ڕووداوی ڕۆژانە بخەیتە نێو بۆتەی شیعرێ، کارێکی هەروا سانا نییە.. نەک هەر سانا نییە، بەڵکو لەو شێوازە باو و سەرلێشێواوەی ئێستای شیعری کوردی زۆر زۆر گرانترە.. وشە تێکەڵکردن و گەمەکردن بە فەرهەنگی دەشت و چیا کارێکی سانایە، هەر کەسێک دەتوانێ فێری بێ گەر خاوەنی بەهرەیەکی بچووک بێ، بەڵام ئەگەر تۆ خاوەنی بەهرەیەکی قووڵیش بیت، ناتوانی بەبێ ئەزموون، خۆت و ڕووداوە وردەکانی ژیانی خۆت بکەیتە شیعر، بەتایبەتیش گەر بتەوێ ڕۆح و ئێستێتیک لەو تێکستەدا لە دەست نەدەیت و موزیکێکی سیحر ئامێزیش لەژێرەوەی دەقەکەدا کاربکا.. بێگومان دەبێ ڕێگا نەدرێ سۆز شوێن بزربێ، دەبێ پرسیار دروستکردن لای خوێنەر وجودی هەبێ و.... تاد.

زۆر لە بینەرانی ئاسایی و شاعیران تووشی گومان هاتن لە شیعرییەتی تێکستی «لۆتۆ لە ئێوارەیەکی

چوارشەممەدا» کاتێ لە (TV) خوێندمەوە، چونکە هێشتا ئەو جۆرە شیعرە بە گوێچکەیان ڕانەهاتبوو. تا ئێستا شیعری کوردی دەبێ بەو پێوەرە هەڵبەسەنگێندرێ کە نەوەی بەر لە ئێمە دایانناوە.. دیارە وەک پێشتر باسم کرد، نەوەی بەر لە ئێمە توانییان شێواز و جۆری نووسینی شاعیرانی بەر لە خۆیان تووشی گۆشەگیری و تەنیایی بکەن و هەنگاوێک بیانخەنە دوای خۆیان، من لێرەدا حەق بە نەوەی نوێ دەدەم کە بە تێکستەکانیان هەنگاوێکی بوێر بهاوێژن و نەوەی بەر لە خۆیان، واتە نەوەی هەشتاکان هەنگاوێک یان چەند هەنگاوێک بخەنە دوای خۆیان، چونکە شیعر ژیانە و مومکین نییە هەموو جارێک باوک لە کوڕ سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ئەوڕۆی دنیا زیاتر بزانێ بە یەقینەوە دەیڵێم:

کوڕ لەگەڵ گۆڕانکارییەکان هارمۆنیەتی زیاتری هەیە، نەک باوک، بۆیە من هەمیشە گەشبینم کە نەوەی نوێ دەبێ شتێکی نوێتر لە نەوەی بەر لەخۆی پێشکەش بکا.

**قەدەری شاعیری کورد هەر مەرگەساتە، بۆیە ناچارن بە تەنیا تراژیدیا بنووسنەوەو بایەخ بە مەرگ بدەن نەک ژیان**

* تۆ وەک شاعیر تا چ ڕادەیەک شیعری تازەی ئەوروپی بەتایبەت شیعری ئەڵمانی وەک تەکنیک و جیهانبینی لەبەر شیعری خۆت کردووە و تا چ ئاستێک سوودت لێ وەرگرتووە؟

– لەو ساڵانەی دوایی بە باشی هەوڵی خوێندنەوەی شیعری نوێی ئەڵمانیم داوە، دیارە شیعری ئەڵمانیش وەک شیعری کوردی لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێک دەگۆڕێ، بەڵام من وای دەبینم ئەو شاعیرانەی هەوڵی بەشیعرکردنی دیاردە و ڕووداوە تایبەتییەکانی خۆیان دەدەن و خودی خۆیان بە هەموو وردەکارییەکەوە بە شێوازێکی ڕووناک و فێنک دەنووسنەوە لە پێش ئەوانی دیکە دان..

بە کورتی ئەوڕۆی زەمەن پێویستی بە شێوازی سووک و سانا و ئاسایی هەیە، ئەو جۆرە شێوازەش وەک پێشتر ئاماژەم پێیدا دەبێ شیعریەتی خۆی بپارێزێ.. من بۆ خۆم تا ئاستێکی باش سوودم لەو جۆرە شێوازانەی شیعری ئەڵمانی وەرگرتووە، زۆرجار هێندەی شیعرێکی مۆدێرنی «٥» دێڕی ئەڵمانی تووشی بیرکردنەوە و ڕامان و چێژم دەکات، قەسیدەیەکی «٣٠٠» لاپەڕەیی شیعرێکی کوردی تووشی ئەوەم ناکات.

* هەر لەبواری شیعری ئەڵمانییەوە، ئێوە چەند تێکستێکی شیعری ئەڵمانی هاوچەرختان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، قورسی وەرگێڕانی تێکستی شیعری ئەڵمانی بۆ سەر زمانی کوردی ئاشکرایە، بەڵام ئەو هۆکارانە چین کە وا بکات شاعیرێکی وەک تۆ ڕوو لە وەرگێڕانی هەندێ تێکستی شیعریی بکا..؟ ئەم تێکستانە چی بەشیعری کوردی دەبەخشێت و چی پێدەناسێنێت و چی بەشاعیری گەنجی ئیمڕۆ دەبەخشێت؟

– من دەزانم کە «وەرگێڕان» کاری من نییە و ناشیکەم بەکاری خۆم، چونکە بەشێوەیەکی گشتی دەبێ کاری وەرگێڕ «وەرگێڕان» و کاری شاعیر یا ڕۆماننووس و چیرۆکنووس، نووسینی «تێکست» بێ.

من زۆرجار لە نووسینی «تێکست»، بەتایبەتیش لەو دواییانە کە خەریکی نووسینی «ڕۆمان» بووم هیلاک دەبووم.. بۆ حەسانەوەی گیان دەستم دەکرد بە وەرگێڕانی شیعرێک، تا وای لێهات ژمارەی ئەو شیعرانەی وەرمگێڕاون گەیشتە نزیکەی (٣٠- ٤٠) دەقێک. ئەوە هۆیەک بوو، هۆی دووەمیشیان کە بەلای منەوە گرینگی زیاترە، ناساندنی شیعری ئەڵمانی بوو بە شیعری کوردی و لەوەش گرینگتر ناساندنی شیعری نوێی ئەڵمانییە بەشیعری نوێی کوردییەوە.

نەوەی نوێ و نەوەی کۆنیش پێویستیان بەوە هەیە ئاگاداری شیعری زمانەکانی دی بن، بەتایبەتیش شیعری نوێ، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا سەبارەت بە گەنج گرینگە ئەوەیە، ئەوان دەبێ زیاتر لە پیر تێنووی خوێندنەوەی ئەو جۆرە شیعرانە بن، بەتایبەتیش کە ڕاستەوخۆ لە زمانی زیندووەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی.

* چۆن دەکرێ تێکستێکی شیعری هاوچەرخ ببێتە سەرچاوەیەکی شیعری بۆ تێکستێکی تازەتر؟

– تێکستێکی جوان و چێژبەخش هەیە، بارگاوییە بە کۆمەڵێک تەکنیک و باس لە تێمەیەک دەکا کە یەکێکی تر هەرگیز بیری بۆی نەچووە، بەشێوازێک نووسراوە جیایە لەو شێوازەی کە تۆ پێی ڕاهاتووی، شەفافە و قووڵایی تێدایە، گەمەیەکی نامۆ بە وشەکان کراوە و لە چوارچێوەی ئەو تێکستەدا کە هەرگیز ئێمە بیرمان بۆ گەمەی ئاوا سەرسوڕهێنەر نەچووە، بەسۆز و ڕۆح و واتا بەخشینێک نووسراوە کە جیا لەو کەسێکی تر نییە هێندە ڕۆبچێ و مەدلوول بدا و مەئلووف بکاتە نامەئلووف.

حەزێکی پرسیارکردن دەداتە خوێنەر کە هەمان حەزی گەڕانیش دەبێ بە دوای وەڵام، کەوابێ کە شیعر بارگاوی و بەرهەمی ئەو هەموو هاوکێشە قورس و لێکدانەوە ماتماتیکییانە بێ، دەبێ شاعیر بیربکاتەوە و ئەو جۆرە تێکستانە لە هزری خۆیدا هەڵبسەنگێنێ و بیر لەوە بکاتەوە کە ئەویش بەو جۆرە بنووسێ، بەڵام لەکاتی نووسینی ئەو جۆرە شیعرەدا حیساب بۆ خۆی بکا و بەس.

لە ئەنجامدا شیعرێکی هاوچەرخ و مۆدێرن هەمیشە دەتوانێ سەرچاوە بێ بۆ نووسینی شیعرێکی تری هاوچەرخ و مۆدێرن، بەڵام بە ڕۆح و سۆز و گەمە و عەقڵیەت و خودێکی جیاتر لە خودی داهێنەری یەکەم.

* کێ یا چ شتێ تۆی بە مەملەکەتی شیعر ناساند؟

– من پێم وایە شیعر کائینێکی بێ مەملەکەت و ئەدرێس و خودایە.. شیعر شەڕێکە تووشی ئەو کەسانە دێ کە دەزانن ئەوان وەک ژیان بێدەسەڵاتن..

شیعر کچێکە لە زەمەنی هەرزەکاریدا لە چاوترووکانێکدا سەرنجت ڕادەکێشێ و ئیدی بۆ هەمیشە عاشقی دەبیت..

خۆ هەر واش بوو، من شیعرم نەدەناسی، خۆ ئێمە کەسمان شیعرمان نەدەناسی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان و چرکەیێ لە چرکەکان هاتووە سینەو بەرو مەمکی خۆی بۆم ئاوەڵاکرد و بە نازێکەوە گوتی: «من شیعرم، دەکرێ پەیمانی خۆشەویستی و وەفا ببەستین؟ «من وام کرد، بووم بە عاشقی شیعر، بەبێ ئەوەی «کەسێک» یا «شتێک» من بە «ئەو» بناسێنێ.. من بە دوای تیلە و تیغی چاوانی ئەو کەوتم، ئێستا و ئێستەش لە هەوڵدام و دەمەوێ پێی بگەم.. گەیشتووم یان نا، نازانم! بەڵام خۆ ئەویش سیفەتی سۆزانی تێدایە، بە سانایی دەچێتە ژێر هەمموو کەسێ!

* چ جیاوازییەک لە نێوانی تۆ و شیعردا هەیە؟

– شیعری ڕاستەقینە و ئیستێتیکی و جوان هەمیشە لە نوێ بوونەوەدایە، هەمموو ڕۆژێ لە پرۆسەی لە دایکبووندایە، جەستەی مرۆڤیش هەمیشە بەرەو پیربوون و لە ناوچوون و نەمان و سڕانەوە دایە..

کەوابێ من پیردەبم و دەمرم و لەناو دەچم، بەڵام شیعر بۆ هەمیشەیی گەنج دەبێتەوە و مردنی بۆ نییە، ئاکام ئەوەیە شیعر هەمیشەییە و ئێمەیش کاتین.

* تا چ ڕادەیەک مانی خۆت بە مانی شیعرەوە دەبەستیتەوە؟

– ئەگەر شیعر نەمێنێ واتە خوێندنەوەی هەستەکان بۆ خودا و زەمین نامێنێ.. کە خوێندنەوەی هەستیارانە نەمێنێ واتە ڕۆح ڕووت دەبێتەوە، ڕۆحی ڕووتی بێ هەست و خوێندنەوە لە کەنارەکانی مەرگ نزیک دەبێتەوە.. کەوابێ مانەوەی سەفاداری من بە مانەوەی شیعر پەیوەستە.. نەمانی شیعر واتە: نەمانی ئەو دنیا گەورەیەی کە من ڕۆژانە بۆ خۆمی دەخوڵقێنم، کە ئەو دنیایەشم نەمێنێ، من ناچار دەبم لەو دنیا مەتریالەدا هەمیشە ئامادەبم کە تەنیا بۆ تێپەڕاندنێکی دوور لە سەفا دروست کراوە.. کەوابێ بوون و نەبوونی من بە بوون و نەبوونی شیعرەوە گرێدراوە.

* کەی واز لە شیعر دەهێنی؟

– ئەو کاتەی شیعر وازم لێدێنێ.. من گوتم: شیعر کچێکە و لە هەرزەکاریدا لە چاوترووکانێکدا تووشت دەبێ و تا هەتایە عاشقی دەبیت.. شیعر مرۆڤە و شاعیریش سێبەرەکەیەتی.. شیعر لە کوێ بێ شاعیر لەوێیە، ڕەنگە ئەگەر ئەلتەرناتیڤێکی باشتر لە شیعر بدۆزمەوە واز لە شیعر بهێنم، تا ئێستە نەمدۆزیوەتەوە و بەگرێنتیش لە ئایندەدا نایدۆزمەوە، با وەکو بشیدۆزمەوە، بەڵام بۆ هەمیشەیی زاکیرەی شاعیر بەشی هەرەگرینگی خۆی دەداتە ئەو خۆشەویستییە ئەبەدییەی کە لەگەڵ شیعردا تووشی هاتووە.

* دنیای شیعری تۆ لە کوێوە دەست پێدەکات و لە کوێ کۆتایی پێدێ؟

– من لە کاتێکدا دەستم بە نووسینی شیعر کرد کە نەمدەزانی شیعر چییە! بەڵام لە کاتێکدا ناتوانم دەست لە نووسینی شیعر هەڵگرم کە دەزانم شیعر چییە؟ من وەختێ دەستم پێکرد کە هیچ هۆکارێ نەبوو بۆ ئەوەی دەست پێبکەم، کەچی کاتێ کۆتایی پێدێنم کە هێشتا کۆمەڵێ هۆکار هەن بۆ ئەوەی کۆتایی پێنەهێنم..

من پێم وایە لە کۆتاییدا دەستپێک و کۆتایی هەمان شتن، چونکە هیچ بڕیارێک لە دەستی ئێمەدا نییە.. هەر چۆن بیر بکەیتەوە و هەر چۆنێ بژیت و هەر چۆنێ زەمەن تێپەڕێنی و مەرام و ئاوات و ئومێد و خەون و خۆشی و ناخۆشییەکانم هەر شتێک بن، هێشتا هیچ نین، چونکە لە کۆتایی و لە دەستپێکدا هەمموومان خوێندەوار و نەخوێندەوار، عاقڵ و ناعەقڵانی، زیرەک و تەمبەڵ، دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات و...تاد لە پێناوی گەمەیەک لە دایک دەبین پێی دەڵێن ژیان و دواتر هەڵپەهەڵپمانە بۆ گەیشتن بە وشەیەک پێی دەڵێن: مردن.

# شاری مۆسیقاره سپییەکان و شالیسێک لە ئاگر

هاشم سەڕاج

**ئاسمان هەورین دەبێ، ئێمەش بە غەمگینی دەڵێین:**
**ئەی خودا چ بکەین لەژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو؟**
«نالی»

(نیـتـشـە دەڵێت: ئەگـەر دەتەوێت لەگـەڵـمـدا بێـیت، لەگەڵ خۆتدا دەست بە ئاخاوتن بکە)..

ئەی خـودا؛ من چیـم کرد دوای خـولـقـاندنی ئەم هەمـوو کـاراکـتـەرە پشـوویەکم دا و جگەرەیەکم داگـیـرساند و لە ئاگـری دڵـی گـەردوون ڕامـام، ئەمـە ئـیـقـاعی دەروون و هەناسـەی سـارد و حـەسـرەتاوی بەهرەیەکی ئاگـرین و سـەرشـێـتـە، لە فـەزای ڕەنگاوڕەنگی دەقی «کوکوختییەکان»دا چوون (سوردیلۆ) ئاگری ئەڤینی دڵ و تیـشکی جـەسـتـەی کـچـانی فـیـردەوسی سـەرزەمین دەنووسێتەوە.

«نیـتـشـە گـوتی: شـتـێک بۆ هەتا هەتایە ون بووە و ناگـەڕێتەوە» کـەواتە، پێویسـتـە وەک خـوێنەرێک لەگەڵ هەست و هەڵـچوونەکـانی ڕۆح بدوێم و بکەومە ئاخـاوتن تا هێدی هێدی ڕوو لە مەفـتەنەکـانی لەززەت و تراژیدیا بکەم و لە دورج و فەزای تێکسـتی «شـاری مـۆسـیـقـارە سـپـیـیـەکـان)دا بەدوای چەمک و چێژی ڕەنگی سپی و جوانی شـالیـسـێکدا بگەڕێم کـە بەشێـوەیەکی بەردەوام ڕووی لە گـەشـە و تژی و لێـوانلێـوبوونە بە ئاگـر، ئەو شالیسی میـهر و مۆسیـقا و جوانی و شێتی و بوێری و عـازیفێکی موسـافیـری گوزارشـتخـانەی ئاوازە سپی و ئامـاڵ هەورینەکـانی گـەردوونە، بەندەوار و ڕەند ( کـە دەسـتی کـرد بە یەکـەم وانەی فلووت، دەیگوت: «دەبێت



**بەختیار عەلی**

گەردوون کورت بکەینەوە، شتێک بژەنین، نە ئاسمان، نە ئاو پێش ئێمە نەیانبیستبێت، دەبێت خودا وا لێبکەین بە ئاوازێک لە هەمـوو گوناهەکانمان خـۆشبـێت، تەنیا گوناهەکانی خۆمان نا، گوناهی هەموو ئادەمیزادەکان، گـوناهی بەرد و درەخت و ئەسـتێرەکـان).. دەربازکردنی هێمای بەرتەسکی ڕەنگی سپی و فراوانکردنی بونیاد و تێکشکاندنی چوارچێـوە و دەسـەڵاتە تەقلیـدییـەکـانی دەلالەتی (کـفن و ئاشـتی).. ڕامـاڵـینی مـانا و دەلالەی ڕەنگەکـان، نەخاسـما ڕەنگی- سپی- ڕووەو سبـحری، گـەردوونیی، کـارێکە شـەپۆلێک ڕەونەق و ئەڤـینی ئیـــســـتـــێـــتـــیکی بە فـــەزای نـازپەروەری تێکست دەبەخـشێت.. (ئیـسحـاق نیـوتـن) دەڵێت: «سـەرجەم ڕەنگەکان لە ڕەنگی سپییەوە سەرچاوە دەگرن».. ڕستە و دەستەواژە سپییەکانی «کتێبی سپی» بەم شێوەیە مانا و دەلالە جیاوازەکان هەڵدەدەن.

– «کوڕێکی گەنج بوو، سەرتاپای جلی سپی بوو، تی شێرتێکی سپی، لەوانەی یاریزانەکـانی گۆلف لە بەری دەکەن، پانتـۆڵێکی سپی، جووتێک پێڵاوی بریقەداری سپیشی لەپێدا بوو».

– «زەرفـێکی سـپی دامێ و گـوتی.. بیگەیەنێـتـە دەستی کچێک بەناوی ڕەوشەنی مستەفا سەقزییەوە».

– «زەرفی سـپی، ئەو سـپـیـپـۆشـە نەناسـە، هەر بەدەستـمەوە بوو لەدوای ئەو کوڕە سـپـیـپـۆشـە گـەڕام و نەمدۆزییەوە»

– «فلووتێکی سـپی کـە جەلادەت لە تەمـەنی هەشت ساڵییەوە لە مردوویەکی بۆی مایەوە».

– «فلووتێکی سـپی لە مـامـۆسـتـا «سـەرمـەد تاهیـر» بەجێما ئەو پیاوەی دراوسێی ماڵیان بوو».

– «دەسـتـێک بیـجـامـەی سـپی (سپی وەک کـفن)، بە دارتووەکەوە دۆزییەوە».

– «مـاڵێکی سـپی، یان خـانوویەک لەناو کـوچەیەکـدا سـەرتاپای سـێـبـەری درەخت، سـپی وەک بەردی سـەر ئەســتـێــرەیەکی دوور، ژوورەکــان بەبـۆیەی ســپی بـۆیە کرابوون».

– «سـەرهەنگ هێـدی هێـدی شـێـوەی ڕۆحـێکی سـپی وەردەگرت و بەزەحمەت لەناو تەم و هاڵاوی سپی سوبحدا دەبینرا».

– «ئاخ ئەی سپێتی، ئاخ ئەی ڕۆشنایی».

– «دوو ئەسپی سپیم لە تاریکیدا دەبینی، دوو ئەسپی سپی کـە ڕۆژگـارێکی تر لە تەپوتۆزی جەنگێکی دیکەدا هاتنە ڕێگام»

– «پرتەقاڵی سپی»

– تیاتری «پرتەقاڵی سپی»

– دالیا کراسێکی سپی درێژی لەبەرکردبوو

– مێزێکی سپی کۆن، باڵندەی سپی

– عەبا سپییەکەی، ئەسپی سپی

– شازادەی سپی سپی لەناو ڕیواقەکاندا

– ئەو دەســـتـــێـک جلی ســـپی ســـپی لەبەردابوو، فلووتێکی سپی پێبوو

– قـەڵای سـپی و بورجی سـپی، باڵندەی سـپی بە ئاسمانیدا دەڕۆیشتن، پاسکیلی سپی دەڕۆیشتن، ئەسپی سپی، درەختی سپی.

– دالیا زۆربەی شـەوان کراسێکی سپی و هێلەکێکی شینی لەبەردایە،

– هەندێکیان کۆتری سپییان پێبوو

– خاولییەکی سپی، پیکابێکی سپی چڵکن

– شاری مۆسیقارە سپییەکان، شاری ئەو مرۆڤانەیە کە پەیوەندییان بە ئەبەدییەتەوە هەیە.

– شاری مـۆسیـقـارە سـپـیـەکـان شاری ئەو جـوانییـە ئەبەدی و نەمرەیە و کە لەناوماندایە.

– فریشتە سپیپۆشەکانی ئاسمان،

– پاڵتۆیەکی درێژی سپی

– دەزوویەکی دووکەڵی سپی، باڵندە سپییە سەیرەکان

– چاکەتێکی سپی درێژ، بە فلووتێکی سپییەوە دەهاتم
– ئوتێلی گێلاسی سپی
– لە توورەکەیەکی سپی چەکوشێک و چەند شتی دیکەی دەرهێنا
– دوو ئەسپی سپی
– شاری مۆسیقارە سپییەکان بەشێکی تایبەتی هەموو شارەکان و شوێنەکانی دونیایە.
– شاری مۆسیقارە سپییەکان جگە لە مرۆڤ خوای تیا نییە
– شاری مۆسیقارە سپییەکان، شاری هەڵهاتنی جوانییەکانی مرۆڤە لە مردن.
– تیپی مۆسیقای کەشتی سپی.

دواجار کەرنەڤاڵی ڕەنگی سپی لە فەزای «فیردەوس»ی کۆمیدیای خوداوەندی– دانتی ئەلیێجیری– و [شاری مۆسیقارە سپییەکان»دا بەشێوەیەکی تەلیسماوی ڕووەو یۆتۆپیا بەڕێ دەکرێت، مانەندی شارێکی سپی و فەنتازیای لەنێو ئاخڵەی تەمێکی مۆسیقاداری سپی و ئەڤینیدا بلەنجێت،.. شارێکە لە پاژە جوانەکانی ئەبەدییەت و وەهمە جوانەکانی (نیتشە).. [هەموو شتەکان بۆ هەتا هەتایە دەسووڕێنەوە و بەردەوام دەگەڕێنەوە و دووپات دەبنەوە].. «دووبارەبوونەوەی بێ کۆتایی، گەڕانەوەی هەتا هەتایی زەمان»... لای «نیتشە» ژیان سەرەڕای مەرگ بەشێوەیەکی نەبڕاوە دەگەڕێتەوە «کە ژیان تاقە بەهاو تاقە سەرچاوەی بەهاکانە و بەگوێرەی ئەمە دەبێ هەموو بەهاکان لە ئەسڵی ژیانەوە هەڵبهێنجرێن، ئێمە دەبێ لەگەڵ زیندوویێتیدا بین».

«ئێمە خۆمان بەهاکانی خۆمان دەخوڵقێنین، تۆ دەتوانیت چۆنیەتی هەر بەرهەمێکی زەینی بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی دیاری بکەیت، هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ بنەچە و سەرچاوەکان لەناخی خۆتدا بەسەر حەز و دڵنیایی و ترسنۆکی و بەخشندەییدا زاڵ بیت، ئادەمیزادەکان پڕن لە ژیان» مرۆڤە باڵاکانی «نیتشە» یەکێ «گۆتە» بوو، ئەوی تریان «ناپلیۆن» و هەندێ جاریش «مارتن لۆسەر» و پاپا گەورەکانی سەر بە بنەماڵەی «بورجیا»، تەنانەت هەندێ جار «سوکرات»یش بە مرۆڤی باڵا دەژمێرێ، لەبەرئەوەی خاوەن هێزێکی ڕۆحی ڕەها بووە کە توانیویەتی ئەو بەرنامەیەی هەیەتی پراکتیزەی بکات، بە بۆچوونی «نیتشە».. مێژوو دووبارە دەبێتەوە، کە هەر دۆخێکی مێژوویی لەتوانایدایە بەرزترین شتێک کە مرۆڤ دەتوانێ بیخوڵقێنێت لەخۆی بگرێت.

«دووبارەبوونەوەی بێ کۆتایی، ئیرادەی هێز، مرۆی باڵا، سوپەرمان، دووبارەبوونەوەی هەتا هەتایی، گەڕانەوەی هەتا هەتایی زەمانە، هاوکات پەیبردن بە ژیان لە ڕوانگەی ئیستێتیکی و هونەرەوە».. (نیتشە). چەمکی ئیرادەی لە [شۆپنهاوەر] وەرگرتووە، بەڵام بە چەمکی پێچەوانە، چونکە شۆپنهاوەر ئیرادەی بەسەرچاوەی هەموو خراپەکان و بەدبەختی مرۆڤ دەزانی، لەکاتێکدا لای نیتشە ئیرادەی هێز، ئەسڵ و سەرچاوەی هێزی ئادەمیزادە، بەشێک لە بەشەکانی هەر کولتوورێکی دروست ئەوەیە کە ئازادیی پێویست بڕەخسێنێ تا ئەوەی لە توانای ئیرادەدا هەیە بۆ پراکتیزە بکات، بیروڕا مەزنەکانیش ناخرێنە ناو قالبی سیستمێکی ڕێک و گونجاوی فیکرییەوە، باڵا مرۆ «مرۆڤی باڵا» ئادەمیزادێکە لە ئاستی دەسکەوتەکانی ئیرادەی هێزدا دەژی و بە کاملی و پڕاوپڕ لە ژیان دەژی، دەتوانێ بۆ هەتا هەتایە خواست و ئیرادەی دووبارە بکاتەوە. «نیتشە» دژی ڕژدی و چاوچنۆکی و کینەیە، باڵا مرۆ بەرز دەڕوانێ و بەخشندەیە، دووبارەبوونەوەی هەتا هەتایی لای نیتشە، کە هەموو مێژوو دەسووڕێتەوە و لەسەر چەرخی گەورە دەجووڵێتەوە، بەجۆرێک کە هەموو شتەکان بۆ هەتا هەتایە دەسووڕێتەوە و بەردەوام دەگەڕێتەوە و دووپات دەبێتەوە، لە کتێبی «لەدایکبوونی تراژیدیا»ی نیتشە بوونی مرۆڤ و جیهان تەنیا وەک دیاردەیەکی هونەریی تا ئەبەد پاساوی هەیە، ڕەنگە مردن بە ئاستەم وێنا بکرێ، چونکە لەناخی قووڵاییەکانی زەویدا درەختی زیندوو خۆراک وەردەگرێ.. ئەو گوفتاری «ئیریش ماریا ریمارک» کە لە دەسپێکی تێکستدا هاتووە و دەڵێ: ئێمە هەمیشە دەژین، ئەوەی دەمرێت و بەسەر دەچێت زەمان خۆیەتی» لەگەڵ هەمان چەمکی «گەڕانەوەی بێکۆتایی» نیتشە تێکدەکاتەوە، هاوکات تێکست لەسەر چەمکی «دەیمومە»ی سروشت و گەمەی وەرزەکان و زەمەنی بازنەیی کاری کردووە، کە ڕۆح و ئیکسیر و پیت و بەرەکەتی سەوزیی سروشت بەشێوەیەکی بەردەوام لە شکڵ و شێوەی بووکێکی ڕازاوەی بەهاریدا دەگەڕێتەوە، ئەم بۆچوونە زەمەنییەش

**مۆسیقا دەتوانێت کارەساتەکان هێور بکاتەوە**

سەر بە میتۆلۆژیای ئەدۆنیس و پیت و فەڕ و بووژانەوە و بە نەمر ڕاگرتنی ڕۆحی سروشتە، بەڵام سەبارەت بە توخمی موزیک. [شۆپنهاوەر] پێیوایە [تەنیا میوزیک دەتوانێت، ڕاستەوخۆ گوزارشت لە ئیرادەی [بوون] بکات، هەر ئەویشە کە قوولترین نهێنییەکانی ئەم ئیرادەیە دەگوازێتەوە. هەروەها [نیتشە] پێی وایە کە [ڤاکنەر] دەتوانێت بە باشترین شێوە لە ڕێی میوزیکی دیۆنیسۆسییەوە گوزارشت لە ئەفسانە تراژیدییە جێرمانییەکان بکات.

ئەگەر لە «وتاری زەردەشت»ەوە لە مرۆڤی باڵا بڕوانین «مرۆڤی باڵا مۆراڵی تایبەتی خۆی هەیە و ئەم مۆڕاڵەش بەهۆی ویستی هێز پێکدێ»، بەڵام وتاری زەردەشت «وتارێکی شیعریی شێوە نیهلیستی و میتافۆری و باخوسی و ئەپیکۆرییە، چونکە زەردەشت پێغەمبەرێکی نائاسمانییە و گەڕۆکە و هاوکات سەماکەرێکی بلیمەت دیۆنیزۆسییێکی نوێ و بێ باکە. زەردەشت پێغەمبەری مرۆڤی باڵا و داهێنەری بەهای تازە و ڕەوشتە نوێکانە، لەژێر کاریگەریی ویستی هێزدایە و مرۆڤی گەڕانەوەی هەمیشەییە»، کەچی بۆچوونی هیندۆسی بەم شێوەیە لە مۆرک و خەسڵەتی ئەبەدییانەی مرۆڤ دەڕوانێت «ئەم ژیانە لە ڕۆح Atman دروست بووە، مرۆڤ نە جەستە و نە هەستیارەکانە، چونکە ئەمانە تەنیا پێکهاتەن، دەگۆڕێن و دەمرن و دەڕزێن، مرۆڤی ڕاستەقینە ڕۆحێکی ئەزەلی و ئەبەدی و سەرمەدییە و لە سروشتی خودا خۆیەوە هاتووەتە دەرەوە»، بەڵام ئەم دیدە لاهووتییە بەم شێوەیە لە زیندەگی دەڕوانێت [ژیان وەک چرایەک وایە کە لەتاریکی گەردووندا داگیرسابێت و با و ڕەشەبا لە هەموو لایەکەوە یاری پێبکات] هەروەها: [مانەوەی هەمیشەیی «نێرڤانا»، کە چڵەپۆپەی بەختەوەرییە، بیرکردنەوە بەرەو نەمریت دەبات، ئەوەی بیردەکاتەوە نامرێت، بەڵام هەڵەشەکان هەر زوو دەمرن مرۆڤ پێکهاتەیەکە، هێزێکی ناوەکی هەست پێنەکراو دەیبزوێنێت، ئەم هێزە شاراوەیە، ژیان بەخشە و پێی دەوترێت «دارما- ڕۆح»... نێرڤانا.. شوێنێکە نە زەوی تێدایە نە ئاسمان، نە بای تێدایە نە ئاو، نە تاریکە و نە ڕوون، خۆشە بێدەنگ بێ خۆر و مانگ، بێ ڕق و کینەیە، پڕە لە دەسەڵات، پڕە لە ئارەزوو هەتا لێی دوورکەویتەوە ئازیزتر و خۆشەویستتر دەبێت، کە دەچیتە ناوی، ڕابردووت لەبیردەچێتەوە نازانی کێ بوویت، تەنیا ڕۆح نێرڤانا دەناسێت، تەنیا نێرڤانا دەتوانێت پاداشتی ئەو کەسانە بداتەوە کە ڕۆحی خۆیان لە دەست ئارەزووەکانیان ڕزگار دەکەن، نێرڤانا دوا پلەی بەهەشت و خوایەتی بودایە، هەرکەس بگاتە ئەم پلەیە، جارێکی دیکە لە دایک نابێتەوە و ژیانی هەتا هەتایی دەباتەسەر، ئەم دەربازبوونەش پێویستی بە وەرزشە ڕۆحییەکانە- یۆگا- دواتر لە وەرزشە بوداییەکانی- ئیسحاق و جەلادەت و سەرهەنگ» دەدوێین، بە تایبەتی- ئیسحاق- کە لەوەوە هاتووە و بۆ ئەوێش دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو جوانییەی کە لە جوانی ڕوخساردا شەپۆل دەدا ئەو جوانییە ئەبەدی و ڕاستینییەی بە بیر دێنێتەوە.

بەرلەوەی ڕووەو جیهانی دەقئاوێزانی هەنگاو بهاوێژم حەزدەکەم لە تەهی دڵ و دەروونەوە ڕازێ بدرکێنم و بڵێم سەرپاکی داهێنەرە وەهم و ئێستێتێک نووسەکانی سەر ڕووی ئەم سەرزەمینە- دز-ن، بەڵام دزییەک تێکەڵ و ئاوێتە بە ئەڤین و نەشئە و جوانی، سۆفی و سەرمەستانی ئەهلی دڵ کە بەردەوام لە کونج و کولبە و خەڵوە و ژیاندا سەرقاڵی ڕامان و موتالاَن، بەبێ ئەوەی ئاگایان لەخۆ بێت ئیکسیری پاژ و ڕەحیقی مۆناد و نەشئە ئیشراقییەکانی ئەوی دی دەدزن، چونکە ئەوان لە چرکەکانی جەزبە و حاڵ و مەستی و نەشئەبازیدا ئاوێزانی بوقعە ڕۆحانییەکان دەبن، هەربۆیەش لەنێوان کتێبە سۆفیزمەکانی هەریەک لە – ئیبن عەرەبی، سەهرەوەردی، مەولانای ڕۆمی، مەولانا خالید، حەللاج، قدیس ئۆگستین، ڕابیعەی عەدویە، جونەید..تاد لێکچوونێک هەیە لە ڕووی هزر و بۆچوون و وێناکردن و وەجدەوە، بەڵام لێکچوونێک لە دووتوێی ئیحساس و جیهانبینی و فەزا و بونیادی تێکستێکی جیاوازدا، کام تێکستی سۆفیزمی هەس لە کاستالیای- ئۆرفیۆس- و- هورمس و غنوص و ئەفلاتونیەتدا- ساغەری عیشق و جوانی هەڵنەدابێ و وەجدی یەکتاپەرستی یا ئیکسیری «حلول»ی نەنۆشیبێ، ئاوێزان بوونی ئەڤینی بە تێکستەکانی تر، لەو چرکە ساتانەدا دەردەکەوێت، کاتێ تێکستی غایب لە میانی تۆڕی زمانییەوە مانەندی

برووسکەیەک بە سێبەرەکانی هزر و نەشئەکانی ئیحساس و زەین و دڵ و دەروونی خوێنەر دەخرۆشێنێت. خۆ بوارەکانی ئەدەب و هونەر و هزر و فەلسەفەش لەم کردەی دەقئاوێزانییە بێلایەن نین، ئەوەتا جان کۆکتۆ لە بارەی -ڕامبۆ-وە دەڵێت: ڕامبۆ گەوهەرەکانی خۆی لە شوێنێکەوە دزیوە، بەڵام کوێ؟.. هەروەها باختین سەبارەت بە کردەی دەقئاوێزانی پێی وایە هەر تێکستێک پاژێک لە جیهانی تێکستەکانی پێشەخۆی هەڵگرتووە، یان [ژۆلیا کریستیڤا] دەڵێ: تێکستی نوێ بەرهەمی زیوالزیوالی تێکست گەلێکی ناسراو و نەناسراوی پێش خۆیەتی، هەروەها دەنگی لەمێژینەی «دەقی غایب»یش لە دەنگی تازەدا شاراوەیە.

کەواتە لە زیندەگی تێکستگەلدا هیچ تێکستێکی پەتی و پالاوتە و ڕەسەن و بێلایەن بوونی نییە.

من لەم نووسینەدا، بەهیچ شێوەیەک مەبەستم ئەوە نییە داکۆکی لەو کردە بەرفراوانەی دەقئاوێزانییە بکەم کە لە ڕۆمانی [شاری مۆسیقارە سپییەکان]دا ئەنجام دراوە، بە پێچەوانەوە ئەم حاڵەتە ئاوێتەکارییە بوقعە و پانتاییە لەززەتاوییەکانی جیهانی نووسینی سووتێنەرترو خرۆشێنەرتر کردووە، بەڵکو پێشتریش لە چەندین نووسیندا، سەبارەت بە ڕۆمانە جیهانییەکان هەمان بابەتم وروژاندووە، چونکە ئەگەر تۆزێ لە پرۆسەی نووسین و بوونی مرۆڤ و چارەنووسی گەردوون ڕامێنین هەست دەکەین سەرلەبەری وەچەو زاروزێچی ئادەمی و تا ئایین و زمان و کولتووری مرۆڤایەتیش بەشێوەیەکی ئالۆز و نادیار لەم کردەی دەقئاوێزانییە بێ بەش نین، سەرەڕای ئەوەش دوایین جار «مەرگ» دیدالۆسیترین پرۆمیسیۆسێکی بێ ناسنامە و شوێنە و لەناکاو دێ و تریسکەکانی گیان دەدزێت. پێم خۆشە لەم دەرفەتی خوێندنەوەیەدا ئاوێتەی سەراپای تێکستەکە ببم، بەڵام ناکرێ بەم دەمودەستە و لە نووسینێکی وا کورتدا لە دنیای جوان و ڕەوش و خەسڵەتی سەرلەبەری کاراکتەر و چۆنیەتی هونەری نووسین و شێوە و شێواز و بنیادی قووڵ و رووکەشی ئەم دەقە بدوێم. دەکرێ بڵێم ڕۆمانێکی فرە دەنگی «پۆلیفۆنی»، لێوانلێو لە توخمەکانی فەنتازی و شێوازی واقعیەتی سیحری و ئەپارتمانەکانی یۆتۆپیای ترسناک ترسناک، ئیتر هەوڵدەدەم وشەی [شالیس] وەک هێمایەک لە دەقی «شفرەی دافنشی»دان براون بخوازم، بەڵام بە پێچەوانەی [دان براون] لە شالیسە پیرۆزەکە بڕوانم، یان مانەندی کاسەیەک کە دوایین جار [دالیای مەجدەلی] چەند تنۆک و دڵۆپە خوێنێکی تیا دەپارێزێت.

هەڵبەتە ئەم هێما ئینجیلییە لە «شیفرەی دافنشی» دا بوونی نییە، کەچی «شالیس» لە کۆدخانەی دافنشی-دا دەلالەت لە جوانییەکی پیرۆز دەکات، دەکرێ لەیرە [شالیس] ڕەمزی بەهرە و عیشقێکی سۆفیزم و جوانیی بێ گوزارشت لە پیاڵەی دڵێکی پڕاوپڕ لە سۆز و هەیەجان و بوێری بکات کە لە گەشت و سەفەری سەخت و دژوار و ناوادەی «خود»دا بە ئەشکەنجە و ئازار و تراژیدیاکانی بوونەوە ڕووی لە گەشە و پەرەسەندن و هەڵکێشان و بالابوون بێ، یەکەمین دەرکەوتنی «شاروخی شاروخ» لە فرۆکەخانەی سخێپهۆڵەوە، بەشێوەی لەقتەیەکی سینەمایی و شاروخ فروستادەی شاری مۆسیقارە سپییەکانە و هەواڵی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بەهرەیەکی خەتەرناکی ئێستێتیکی بەخودی عەلی شەرەفیاری نووسەر دەگەیەنێت، شەرەفیار لە ڕێگەی سپیترین شەبەنگی ڕۆح و تەنکترین سێبەری خودییەوە لەززەتدارترین و تراژیدیترین گەمەی نووسینێک ئەنجام دەدات، گەمەیەک لە ڕێگەی گەردوونیترین ڕەنگ و ئەبستراکیترین زمانێک، کە دوایین جار بەرهەمهێنانی ئەفسوونێکە بەنێوی [مۆسیقای سپی] لەیرە کردەی تیکە تیکە و زیوالّ زیوالکردنی خودی نووسین «منی نووسین»



بۆ سەر چەند کەسایەتی و کاراکتەرێکی هۆگر و تەبا و ئولفەتدۆست دابەش دەکرێت، بەڵام ئولفەتدۆستییەک پڕیەتی لە کۆمەڵێک خەسڵەت و سیفاتگەلێک لە نێو دژی و ناتەبایی لەگەڵ ڕەوت و تایبەتمەندیی شاری مۆسیقارە سپییەکان ناگونجێن، پێویستە ئەم خەسڵەتە خودییانە لەنێو ببرێن و هێدی هێدی ڕوو لە جیهانی پڕ میهر و عیشق و جوانی شاری مۆسیقا بکەن، چونکە «کتێبی سپی» ، یان «سەمفۆنیای سپی» ... مانەندی «وێرانە خاکی» .. تی-ئێس- ئیلیەت- کورتکراوە و چڕکراوەی کتێبی «کۆمیدیای خوداوەندی» .. دانتی ئەلێجێرییە، بەڵام بەشکڵ و شێوە و ڕۆح و هەرەو شێوازێکی جیاواز و ژانرێکی جیاواز، دەربازکردنی خود لە سیفاتەکانی نەوسنی و چڵێسی زیاتر لە ڕۆحی کەسایەتی «مستەفای شەونم»دا بەرجەستە دەکرێت، سیفاتی مەرگدۆستیش پابەندی کەسایەتی محەمەدی فیردەوسییە، «سەرهەنگ قاسم»یش لەتی دووەمی خودی تەباو ئەڤیندۆستی جیهانی نووسینە، «منی نووسەر»... مانەندی دانتی ئەلێجیری باوەڕی بەتۆڵە و تۆڵەسەندنەوە هەیە، دادگایی کردنی نەقیب «سامیری بابلیس»یش لەلایەن کەسوکاری قوربانییەکانەوە» بە تەواوکەری ڕەوت و ڕێچکەکانی «کۆمیدیا» لە قەڵەم دەدرێت. ڕاستە «سامیری» وەک فریاد ڕەسێک بە ڕێکەوت و لەبەر خاتری ئاوازە سیحراوییەکەی فلووتە سپییەکە «جەلادەت» لە مەرگەساتی جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکە دەرباز دەکات و هاوکات وێسگەیەکی تری گەشە و پێگەیاندی شالیسی بەهرە و داهێنانی ڕۆحی جەلادەتە، بەڵام تاوان و گوناهەکانی زۆر لەوە گەورەترە، ئیتر شالیسی داهێنان تا دێ هێدی هێدی وێسگەکانی عیشق و بەهرە و جوانییەکان دەبڕێت. هەڵبەتە «جەلادەت» لە سەرەتاوە هەڵگری پەیامە سپییەکەی «فلووتی سپی» مامۆستا «سەرمەد تاهیر»ە کە بەدارتووەکەوە دۆزرایەوە، بەڵام «سەرمەد» جارێ لە پانتایی ڕۆحی شاروخی شاروخدا دەردەکەوێت و جارێکی تر لە پاژەکانی گیانی ئیسحاقدا تەجەللا دەکات. «سەرمەد» یەکەمین دۆزەرەوەی حاڵەتی- شێتی و بوێری و ئەڤینەکانی بەهرە و داهێنانە، ئەو بەنرخترین و دانسقەترین میراتێک کە لەتێکی گیانیەتی بۆ زارۆکێکی ماڵە دراوسێکەی جێدەهێڵێت «جەلادەت» لەسەرەتاوە شالیسێکی بوێر و سەرشێت و سەرەڕۆیە، ئەو چرکە ساتانەی لە خیابانەکانی میهردا وێڵ و سەرگەردان بە دوای خودی خۆیدا دەگەڕێت، شالیسی دڵی لێوانلێوە لە ئەڤینەکانی سۆفیزم و بێباکی و جەربەزەکی و بێ موبالاتی.

جەلادەت «ڕامبۆ» ئاسا بەرگەی ئاگرەکانی بەهرە و ئیشراقاتی ڕۆح و هەڵچوونەکانی سۆز ناگرێت، شێت و سەرگەردان هەڵوەدای دۆزینەوەی لەتەکەی تری گیانیەتی، فلووتژەنێک، تا ڤێکرا پەیامە سپییەکە هەڵگرن و ئاوازە غەمگین و لەززەتدارەکانی عیشق بۆ ڕۆحی مرۆڤ و گەردوون بژەنن، لەیرەوە شەبەنگێکی تری خۆی لەدنیای ژەنیندا دەدۆزێتەوە کە «سەرهەنگ قاسم» ، ئیتر قۆناغەکانی تری هەڵکشان و گەشەی شالیسی داهێنان گەیشتنە بە وێسگە و پایە و پێگە ڕۆحی و ئەڤینییەکانی هەریەک لە بودا و یووسف و مەسیح، چونکە «جەلادەت» بەرلەوەی کوڕی باوکێک بێت، کە نەیدیوە فرزەندی دایکێکە «ژنێک کە سەفەرێکی کورت بەسەر زەویدا دەکات و دەمرێت بێ ئەوەی وێنەیەکی چکۆلانەش دوای خۆی جێبێڵێت، «مەریەمی فەیزی» دایکی جەلادەتە، پاشان ئەگەر بتوانم لە چەمک و مانا و دەلالەتی وشەگەلێک دەدوێم کە پێوەندییەکی توندوتۆڵ و ڕاستەوخۆیان بەجیهانی ئەهلی دڵ و سۆفیزمەوە هەیە، وەک کردەی چاولێکنان، چاو لێکدەنێن، هەروەها وشەی قەلەندەر، فەیز، تەجەللا و جەلادەت..تاد، چونکە «مەریەمی فەیزی ئیرادەی خۆی لە جەلادەتدا جێهێشتووە] .. سەرەتا ئەوان [وەک شێت، دوو شێت چاولێکدەنێن و عەزف دەکەن و فلووت دەژەنن، دەرکەوتنی «ئیسحاقی لێوزێڕین» .. وەک کاراکتەرێکی بودایی و ئێستێتیکی لەسەر سنوورەوە، بەدوای ئەو مۆسیقارەدا دەگەڕێت [ئامادەین هەموو شتێک تووڕ بدەین و تەنها بۆ مۆسیقا بژین] ، ئیسحاق لە هەندێ خەسڵەت و سیفاتدا نزیکە لە کەسایەتی ئەفسانەی «زوڕناژەنی ئەفسوونکار» ئەو زوڕناژەنە ساحیرەی کە دێ و وڵاتێک لە تەراتێنی «مشکان» پاک دەکاتەوە و هاوکات پاشای پەیمانشکێن دڵی ناسکی ئەو ئەفسوونکارە دەشکێنێت، ئەویش لەبری ئەوە بەرە بەیانێک ئاوازێک دەژەنێت هەرچی مێرد منداڵ و کیژۆڵەی ئەو شارە هەس بەدوای دەکەون و مناڵێک کە بەشەلە شەل دەڕوات و فریای ئەو سەفەرە سیحراوی و جوانە دەچوون، دەڵێ کابرای ئەفسوونکار دەیگوت

ئەمێستا بۆ شوێنێکتان دەبەم پڕیەتی لە گوڵ و گوڵزار و کانی و گۆرانی و مۆسیقاو خۆشی و بەختەوەری و ئاشتی و جوانی، لەوێ شەڕ و ئێرەیی و درۆ و پەیمانشکێنی و پووڵپەرستی بوونی نییە، ئەوێ شاری عیشق و مۆسیقا و جوانی و نەمری و جاویدانییە، ئەوێ خاکی بەهەشت و «دلمون»ی سۆمەر و یۆتۆپیای «تۆماس مۆر» و «شاری خوداوەند»ی قدیس ئۆگستین و [دۆزەخ و پاقژگە و فیردەوسی»ی دانتی و «شاری مۆسیقارە سپییەکان»ی بەختیار عەلی-یە [ئەوکات زستان ترسناکترین بابەتی ژیانی جەلادەت بوو، کە پێیوابوو لەگەڵ نزیکبوونەوەی تەواوی بەهاریشدا، هێشتا مەترسی مردن لە سەرمادا هەر بەهێزە.. لەبەردەم عەترفرۆشێکدا کە ڕۆژانە جەلادەت بە پێش دەمیدا دەڕۆی، ئیسحاقی لێوزێڕین لێی نزیک بووەوە و خۆی وەک مامۆستایەکی پیری مۆسیقا پێناساند، ئیسحاق دوور بە دوور ناوی جەلادەتی بیستبوو، خەڵکانێک وەک بلیمەتێکی منداڵ و خەڵکانێکی تریش وەک شێتێکی تازە بۆیان باس کردبوو، کە ئێستا جەلادەتی دەبینی ئێجگار لەوە جوانتربوو کە چاوەڕوانی دەکرد، لەوەش هێمنتربوو کە بیستبووی، هەندێک لە شێتییەکانیشی بەدیدی ئەو هیچ نەبوو جگە لە کاریگەریی لاوەکی بلیمەتییەکەی.. ئیسحاقی لێوزێڕین «بە قسەی خۆی» لەسەر سنوورەوە هاتبوو تا بەدوای دوو قوتابی مۆسیقادا بگەڕێت].

ڕەنگە کردنەوەی کۆدە ئاڵۆز و جوانەکانی تێکست ببێتە هۆی لەدەستدانی شەپۆلگەلێک لەززەتی ڕۆحی و ئێستێتیکی، چونکە وەک (بێرکلی) دەڵێت [ئێمە جگە لەو شتانەی هەستەکانمان پێمان دەڵێت ناتوانین زیاتر دەربارەی جیهان بزانین «تێکست»..هـ..س].. ئاخر نووسین گەمەیەکی ئێستێتیکی و دەلالی و مەعریفی و فەنتازییە، لەنێو تۆڕە ئاڵۆسکاوەکانی «فارماکۆن»ی زماندا بەرپا دەکرێت، نووسینەوەی ئەو شەپۆلە ئێستێتیکیەی «ئەمانوئێل کانت»ە دوور لە هەر مەبەست و بەرژەوەندییەک کە لەنێو چاو و نیگاو بینین و فۆنیمە لەززەتدارەکاندا نادیار و شاراوەیە، ئەو تیشکە جوانەی «ڕامبۆ» نەیتوانی دەستەبەری بکا و مانەندی تابلۆیەکی فیردەوسی لەسەر ئەژنۆی دایبنێ و بەچاوەکانی دڵ لە پرشەنگە لەززەتاوییەکانی ڕامێنێت، ئەمێستا وەک خوێنەرێکی شەیدا بە تاسەوە لەو گەمەی نووسینە دەڕوانم و حەزدەکەم بەشێوەیەک بەشداری وازییەکە بکەم چالاکی نووسەر [چالاکی هونەرمەند وەک یارییەک وایە، مرۆڤیش تەنیا ئەوکاتە سەربەستە کە یاری دەکات] ماڵەکەی ئیسحاق [ماڵەکە خانوویەکی گەورە و نوێ بوو، هەموو ژوورەکانی بە بۆیەیەکی سپی بۆیە کرابوون،.... دەرگایەکی چکۆلانەی سپیشی لە پشتەوە هەبوو دەچووەوە سەر باغێکی مەزن.

باغێک ماڵبەندی هەموو جۆرەکانی درەخت و باڵندە بوو، لێرەوە تێکست گورج هەنگاوە ئێستێتیکییەکان بە گوڕتر دەهاوێژێت، هەنگاوە ترسناک و جوانەکان ڕووەو جیهانی پرشنگە ئاگرینەکانی دەقئاوێزانی بەرەو دنیای کۆمارە ئەبەدییەکەی داهێنان.

**گرنگ نییە تۆ چ وشەیەک بەکاردێنیت، گرنگ ئەوەیە بتوانی گوزارشت لە ئیحساس و نادیار و نەزانراوەکان بکەیت**

ئەو شاکارە غەریب و بێخاوەن و بێ پشت و پەنایانەی کە سەیرووڕەی زەمەن هێدی هێدی ناوی نووسەر و تۆڕە جوان و ئاڵۆسکاوەکانی «عیشق و لەززەت»یشیان لەنێو دەبات، ئاوێتە بوون بەم پرشنگە کریستاڵی و مۆنادە ئەڤینییانە، بەشێوەیەکی تر ژیان و ڕۆحی درەوشاوەی تێکست پڕاوپڕ لە کۆنسێرتی حەز و زەماوەندی ئیحساس و کەرنەڤاڵی لەززەت دەکەن.

ئیسحاق/ مانەندی.. زوڕناژەنی ئەفسوونکارە، پێویستە چوون بودا ئەو بەهرە ئاگرینە بپارێزێت و پەیتا پەیتاش لە کولتووری میهر و چرکە فەنائامێزەکانی وەجدی «نیرڤانا»ی نزیک بکاتەوە، ئاخر شارێک ئەگەر هاوسەر و کچەکەی لێ بسێنێت چلۆن تەلاری ئەو بەهرە ئاگرینە نغرۆ و سەربەرەوژێر ناکات کە مۆژدە و دیارییەکی خوداییە.. ئیتر لێرەوە مەشقە بوداییەکان دەست پێدەکەن و تێڕامان لە ڕۆحی گەردوون و وردبوونەوە لەتوخم و ڕەگەزەکانی سرووشت لە ڕێگەی زانستەکانی «زن»ی بودایی و پراکتیزەکردنی مەشقە ڕۆحانییەکان و تێکەڵبوون بە دنیای «سیدهارتا» و «گەمەی تۆپە شووشەییەکان»ی هیرمان هیسە و وێناکردنە خەتەرناکەکانی ڕاماکریشنا..تاد. جەستە چەنێ لاواز و بنێس بێت، ڕۆح زیاتر هەست بە مەزنیی

دەکات، جەلادەت و سەرهەنگ چوون سیدهارتا لەبەر تینی خۆر و ڕێژنەی باران دەوەستن و ئازار و ئەشکەنجەی جەستەی خۆ دەدەن و گوێ هەڵدەخەن بۆ ترپە و مۆسیقای باران و لەنجەی نادیاری سروشت و بۆنی عەتری شتگەلە نەزانراوەکان.

[چەند ڕۆژی یەکەم ئیسحاقی لێوزێرین هیچی نەکرد، لەبەر خـــۆرەتاوی کـــۆتایی ئازاردا، یان لەبەردەم ڕەهێڵەکانی بەهاردا دەوەستاو دەیگوت لێگەڕێن هەتاو بچێـتـە ڕۆحـتـانەوە... باران ناوەوەتان تەڕ بکات... دەیگوت کێشەی هەرە گەورەی جەستە و ڕۆحمان تاریکی و وشکییـە هیچ شـتێک وەک تاریکی و وشکی ڕۆح دوژمنی مۆسیقانین].. ئیسحاق دەیگوت.. [هێشتا زۆر زووە بۆ باسکردنی مـۆسیـقـا، مـۆسیـقـا درەنگ دێت.. لەدوای هەمـوو شتەکان باس لە مۆسیقا دەکەین، گەر لە مانای هەمـوو شتەکانی تر تێنەگەین، مـۆسیقا چییە] خۆشوردن بە ئاوی سارد و لەسەر یەکسفرە نان خواردن و.... [کە مرۆڤ دەچێتەوە ناوخۆی، کە دەڕوات بەرەو سرووشت، کە دەڕوات بەرەو خودا، بەتەنیایە، ئەوە تەنیا چاوی خۆمانە فێرمان دەکات ئەو مرۆڤە ببینین کە لە ناوماندایە]

[بە تـەنیـا دەبێت تـەبیـعـەت بهـێنینە زمـان و گـوێی لێبگرین، بەتەنیا دەبێت خودا بدۆزینەوە، خودای دیندار و وشکە سۆفیـەکان نا، خوای ئێمـە.. خودایەک دواتر دەبێت خۆتان بیبینن و بیناسن، خودایەکی مۆسیقار].. دەیگوت «سـەیری مـانـگ بکەن و زەردەخـەنە بکرن».. ئیسحاق دەیگوت «هەمـوو دەنکێک باران مـۆسیقایەکی تایبـەتی خـۆی هەیە، هەر ترپەیە و بەشـێـوەیەک بەر لەشمان دەکەوێت، یەکەمین مۆسیقا دۆزینەوەی ئاوازی ئەو ترپانەیە».. [دەبێت جیـاوازی ترپەکـان ببیـستن و تامی جـیـاوازییـەکـان بکەن، مـۆسـیـقـا تـامکردنی جیاوازییەکانە].. ئیسحاق هێدی هێدی قوتابییەکانی بەرەو دنیـای «حلول» و «یەکـێـتی بوون» دەبات. «من ئاوم، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێـوەش دەبنە ئاو.. ئاو جگە لە خوڕەی خۆی ناتوانێت بە زمانێکی تر قسە بکات- من بام ئێوەش ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبنە با.. مۆسیقا بیستنی ئەو شتـانەیە کە دەنگیـان نییـە، سەفـەرێکە لەودیوی دەنگەوە، سەفـەرە بە بێـدەنگیـدا»... چاویان لێکدەنا و... ئیسحاق پێیدەگوتن «قوتابییە ئازیزەکانم هەزاران چاوی نهـێنی و شـاردراوە لەناخی مـرۆڤـدایە، ناوەوەی

ئینسـان پڕە لە چاوی تر، بەڵام ئەو چاوانەمان خەوتوون، دەبێت هەوڵبـــدەین بگەینە ئەو چاوانە و لە خـــەویان هەستێنین» ئازیزەکانم با بە مۆسیـقا ڕووناک ببینەوە، زمـانێکی تر قسـە بکەین، دەرگـای تر بکەینەوە.. گـەر گـوێی لە دەنگی خـۆی نەبێت چۆن دەتوانێت گـوێی لە دەنگەکانی تر بێت.

ئیسحاق دەیگوت: [دروستکردنی مۆسیقار، گرنگترە لە دروستکردنی مۆسیقا].. [ئیسحاق کە لەقووڵاییدا پیـاوێکی کەمـدوو بوو، لەبەردەم جەلادەتدا کـە سیـمای فـریشـتـەیەکی تیـا دەبینی زیاتر دەکـرایەوە، زیاتر ئەو هەسـتـەی تیـا دروست دەبوو کە لەگەڵ مـەخلووقـێکی بە هەشـتـیـدا قـسـە دەکـات.. زۆربەی ئێـواران کـە دنیـا دەگـەیشـتـە ئارامـتـرین و هێـورترین سـاتەکـانی خـۆی، ئیـسـحـاق و جەلادەتی کـۆتر لەنێـوان دارەکـاندا، لەسـەر سەکۆیەکی چکۆلانەی داپۆشراو بەسێبەری درەخت و گوڵ قـسـەیان دەکـرد.. سـەرهەنگیش خۆی بە ئامـادەکـردنی خواردن و گۆرانی گوتنەوە سەرقاڵ دەکرد].

ئەگـــەر لە ڕوانگـەی «ڕۆلان بارت»ەوە لە چرکــــە ئێستێتێکییەکانی دنیای مەشقە بوداییەکانی ئەم بەشە ناوازەیەی ڕۆمانی «شاری مۆسیقارە سپییەکان» بڕوانین (کە چۆن مـانایەکی تاقانە دەبێتە ماناگەلێکی جۆراوجۆر و دەقێکی داخراو دەبێتە دەقێکی کراوە، لەلایەکی ترەوە دەشێ لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەمـوو مانا شاردراوەکان، یان مـانـایەکی «بۆش» کـە هەمـوو ئەو مـانایانە لەخـۆ بگرێ، بدۆزینەوە). بڕوانە.

[ڕەخنە و حـەقـیـقـەت].. بارت- وەرگـێـڕانی عـەتا نەهایی- سەردەم- ژ-١١.

«ئەم زانستـە، هەوڵی دۆزینەوەی مـانا پڕەکـانی بەرهەم نادا، بە پێـچـەوانەوە لە مـانایەکی «بۆش» دەگـەڕێ کـە هەموو ئەو مانایانەی لەخۆ گرتبێ...

[هەمـان سـەرچاوەی پێـشـوو].. بونیـادێکی بۆش و شاراوەی «مانا» ئاماژە بە تیشکە ئێستێتیکییەکانی ڕوخسار و لەززەتەکانی هۆگری دەدا، تا دێ ئەم تیشک و پرشنگانە ئاوێتـەی هالاوەکـانی ڕۆح دەبن و دوایین جار سـەرجـەم بونیـادەکـان بە یەکـدی دەلکێنرێن و ڕوو لە کەرنەڤاڵی نووسین و هاوکات لە جیهانی دەقئاوێزانیدا. ئەم حاڵەتە ئاماژەیەکە بۆ کردەی هەستە خەتەرناک و کوشندەکانی نەشئەی شەرابەکانی ئیستێتیک کە کۆتاییەکەی بە مەرگ و وڕێنە و شێتبوون دێت وەک لە

تێکستی «مردن لە ڤێنسیادا»ی تۆماس مان و مەرگی ئایشنباغ دوای سەفەری تاتزیۆ، یان وڕێنە جەنوونییەکانی ئەفلاتوون لەبەردەم ڕوخساری «دیۆن»دا جەلادەتی کۆتر کە تەقسە غەیبووبە ئامێزەکەی ئیسحاقی بینی لەوێوە جەلادەت باوەڕی هێنا کە ئیسحاق ئامێرێکی مۆسیقایە، باوەڕی هێنا ئەم پیاوە نەیەکی کون کونە، ئەو خۆی فلووتێک بوو بۆنی زەمان و تاریکی و ترس و نائومێدییەکانی لێدەهات، بەڵام هەمیشە باسی جوانی و ژیان و ئاسوودەیی بۆ ئەو دوو کوڕە دەکرد، ڕەنگە وەک هێمایەکی ئاوێتە چەمکی بلیمەتیی و ئوستورەی کەسایەتی «زریاب»ی مۆسیقاژەن بنوێنێت، چونکە ئیسحاقی لێوزێڕین سوبحانیترین فروستادی ئەمارەتی مۆسیقارە سپییەکان و ئەڤینیترین ئیستێتیک پەروەرێکی «کانت»ییە ئیسحاق دەیگوت «پردێکی گەورە هەیە هەموو جوانییەکانی دنیا بە مۆسیقاوە گرێدەدات، «بەڵام جیاوازی جوانی لە دیدی مۆسیقارەوە شتێکی ترە، هەموومان جوانی دەبینین، هەتا ئەوانەش کە ناوی هونەرییان نەبیستووە دەتوانن جوانی ببینن.. مۆسیقارەکان، هونەرمەندەکان دەبێت جوانی خالیس ببینن، جوانییەک پاڵاوتە لە هەموو شتێک کە جوانی نییە، هەموو شتە جوانەکانی ئەم دنیایە بە هەزاران جەمسەرەوە بە شتەکانی ترەوە گرێدراون]. هەموو شتەکانی ئەم دنیایە دەبێت وەک جوانی ببینن، درەخت بۆ ئێوە درەخت نییە، مۆسیقایەکە ڕوخسارێکی تایبەتی وەرگرتووە خوێندنی باڵندە بۆ ئێوە دەنگ نییە، بەڵکو مۆسیقایەکە لە مەخلووقێکی تردا بەرجەستە بووە، ئافرەت بۆ ئێوە ئافرەت نییە، بەڵکو جوانییەکە پاڵێوراو لە هەر ئارەزوو و شەهوەتێک، ئافرەت مۆسیقایە، وەک مۆسیقاش گوێیان لێبگرن و سەیریان بکەن]. ئیسحاق دەیگوت هیچ شتێک وەک مۆسیقا دەرگاکان ناکاتەوە، مۆسیقا کلیلە... کلیلە.. کێشەکە ئەوەیە نازانین چ دەرگایەکمان لێدەخاتە سەر پشت، بەڵام دوای کەون مۆسیقا بۆ کوێی بردن و دوای کەون، مەوەستن، گەر بۆ ناو ئاگر بێت یان ناو ئاو بۆ ناو ڕۆشنایی یان تەم، بۆ ناو خنکان یان هەناسەدان کە پێی گوتن بوەستن بوەستن، کە پێی گوتن بمرن بمرن، مۆسیقا دەنگی خودا خۆیەتی، دەنگی ئەوە لە سافترین هەناسەیدا..[ئیسحاق مۆسیقای دەژەن و جەلادەت چاوی دەنووقاند و گەردوونی لە سافترین وێنەیدا دەبینی، منداڵی خۆی و گەورەبوونی دەنگی ئەو ئاوازانە، بێ قەرار بەرەو جێگای ئەوتۆی دەبرد کە لەدەرەوەی ژیان و زەمان و ئەو جێگایانە بوو کە دەیناسین، بۆ یەکەمجار هەستی بە پێوەندی نێوان مۆسیقا و فڕین دەکرد.. جەلادەت دەفڕی جەلادەت چاوانی لێکدەنا و هەستی دەکرد لە ئاسمانە بۆ یەکەمجار قاچی لەسەر زەمین بەرز دەبووەوەو بۆ یەکەمجار دەیبینی درزێکی مەزن دەکەوێتە نێوان جەستە و ڕۆحییەوە.. هەستی دەکرد لەشی تەواو سووک و ئاسان خۆی ئامادە دەکات بۆ فەرامۆشییەکی قووڵ] ئەم پەرەگرافە، ئیشراقیی و حەشیشی و ئاگراوییە لێوڕێژە بەشەتەحاتی سۆفیزم تادێ تلیاکەکانی جوانی و هەستە غەمگینەکانی زەمان و بەدبەختییەکانی مەرگ و لەززەتەکانی زیندەگی لە حەسرەتخانەی ڕۆح و ئەفیونخانەی دڵدا دەتەقێنێتەوە.. لەناکاو بە زەردەخەنەیەکی ئیڤانی و تاسە و خامۆشی و غوربەتەوە بیر لە چارەنووسی بوون و گەردوون دەکەیتەوە و هەست دەکەی چرکە خۆش و لەززەتدارەکانی زەمەن لە دەست دەچن و (جەلادەتی کۆتر)یش تەنیا لە چرکە فەرامۆشییەکانی «نێرڤانا»دا بەختەوەرییەکانی ئیسحاقی لێوزێڕین ئاتەشین دەکات، بۆیە پێویستە سەفەر بکەن، سەفەرێک بۆ ئەودیوی زێ ئیسحاق هیچ دەرفەتێکی تری لەبەردەمدا نەماوە ئەو دەمێکە گەیشتۆتە چرکە بوداییەکانی نیرڤانا و لە ئاگرە نهێنییەکانی وەجد و یەکێتی بووندا تواوەتەوە.

ئیسحاق دەیگوت: مۆسیقا ڕۆحمان دەهێنێتە قسە، ڕۆح چییە، ئێوە وادەزانن ڕۆح چییە؟ ڕۆح لاڵە، شتێکە بێ زمان.. عەردێکی بێدەنگە، عەردێکە هیچ شتێک تیا ناخوێنێت، وەک دارستانێک وایە پڕە لە باڵدارو جانەوەری خەوتوو، پڕە لە ئامێری مۆسیقی کپ و بێدەنگ، ژوورێکە مرۆڤ پڕی کردووە لە هاوار و دایخستووە. هەندێ جار دەنگێک لەدوور دێت و هەموو ئەو شتە خەوتووانە بە ئاگادێنێتەوە ئیسحاق دەیگوت [گەردوون هیچ نییە جگە لە مۆسیقایەکی بێدەنگ، هەموو شتێک لەگەڵ لە دایکبوونی خۆیدا ئاوازی خۆی هەڵگرتووە، هەموو زیندوویەک پارچە مۆسیقایەکی تایبەتە، هەموو مردوویەک ئاوازێکە بۆ خۆی، هیچ گەڵایەک نییە، مۆسیقای خۆی لەگەڵ خۆیدا نەهێنێت فڕینی هیچ باڵدارێک نییە..

ئاوازێک لە ئاسماندا دروست نەکات، دونیا سەرتاپای مۆسیقایە].. جەلادەت تا دێ مانەندی شالیسێکی

**بیرکردنەوە بەرەو نەمریت دەبات ئەوەی بیر دەکاتەوە نامریت**

کریستالّی لە فەزای چراخانی ڕۆح و مۆسیقا و «بوون» و «نێرڤانا» و «حلول»دا دەدرەوشێتەوە و شالیسی دڵ و بەهەرەی پڕ دەبێت لە نهێنییەکانی مۆسیقای ڕۆحی سروشت و پڕشنگە نادیارەکانی ئەزەل و ئەبەد. ئاخر «جەلادەت»ی فەرزەندی «مەریەمی فەیزی».. لەسەرەتاوە نیشانەکانی «مەسیح»ی تیا بەرجەستە کراوە و ئەو لە منداڵییەوە عارفێکی بێ موبالاتی دەروون پڕ عیشق و ئاگر و جوانی و ئیشراق هەڵکەوتووە، ئەمێستاش شالیسی شەرابە نهێنیی و دەگمەنەکانی ڕۆحی گەردوونی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، هەتا لە دوایین ژەمی ئێوارەدا لەگەڵ «دالیای سیراجەدین» دابنیشێ و بە یاوەرەکانی بڵێ هانێ ئەوە خوێنمە و ئەو لەتە نانەش جەستەمە من بە ڕێکەوت لە مەرگەساتی وڵاتێک دەربازم بووە، [شەوێک بەسەر ئاوی گۆمیچکەیەکدا ڕۆیشتن، وەک چۆن بەسەر زەویدا دەڕۆن، هەنگاویان بەسەر وردە شەپۆلەکانی گۆمێکدا نا، جەلادەت گوتی «خودایە ئێمە بەسەر ئاوەکاندا ڕۆیشتین وەک ئەوەی بەسەر ڕێگایەکدا بڕۆین و نەخنکاین» ئیسحاق دەیگوت.. «مۆسیقا حەشیشێکی ڕەشە.. تلیاکێکی شیرینە].. [کاتێک هەست بە ترس دەکەن، هەست بە نزیکی مەرگ و کۆتایی دەکەن، مۆسیقا بژەنن، مۆسیقا دەتوانێت کارەساتەکان هێورکاتەوە.. دەتوانێت مردن ئاسانتر بکات» «مۆسیقا بۆ هیچ کەس ناگەڕێت ئەو ڕێگای نییە.. ئاراستەی نییە.. نە هیچ زارێک دەناسێت و نە هیچ گوێچکەیەک ئەوە ئێمەین دەبێت بۆی بگەڕێین... ئەوەی ئێمە بەزار دەیژەنین بەر لە ئێمە لێرەبووە، بە جۆرێک لە جۆرەکان و بەشاردراوەیی لێرە بووە.. کێ گوێ لە مۆسیقا بگرێت ئەوە دەیدۆزێتەوە، مۆسیقا پێوەندی بە زیندوو و مردوو و گیاندار و بێگیانەوە نییە».. ئیسحاق دەیگوت «مۆسیقا جاویدانە، هەمیشەییە، بەڵام هەندێ جار لە بەرانبەر مردنی ئینساندا بێ باک و کەم غەمە» «جەلادەتی کۆتر.. تا پتر فێری مۆسیقا دەبوو، شتێکی قورس و غەمگینتر لە ڕۆحیدا سەری هەڵدەدا، تا پتر دەیتوانی بە فلووتەکەی ئاسمان و ڕووبار و گیا و تریفە بکاتە مۆسیقا، پتر غەمگین دەبوو، تا زیاتر هەستی بە شادی داهێنان و فێربوون بکردبایە، غەمێکی دیکەی تاریک و تالاوێکی دیکەی پڕ تەلیسم لە دڵیدا بەنهێنی گەورە دەبوو، تا زیاتر لە کەماڵ نزیک ببایەتەوە هەستی دەکرد شتێکی ون کردووە]

ئیسحاق دەیگوت «ئەم زەمینەی ژێر پێمان زەمینێکە تەنیا بۆ ئێمە دروست بووە، لێرەدا مۆسیقا وەک هەر سیحر و وزە و ئەفسوونبازێکی دی شێوە و ڕوخساری خۆی دەگۆڕێت، وەک چۆن ڕۆح دەتوێتەوە و دەبێتە جوانی، دەبێتە ڕەنگ، دەبێتە شێوە، ئاوەهاش مۆسیقا لەبێڕەنگی و بێڕوخساری خۆی دەچێتە دەرێ و دەبێتە شوێن، دەبێتە زەمین، دەبێتە باغ.. ئەو دنیایەی مۆسیقا فەرمانڕەوایە تیایدا نەخشەیەکی تری هەیە جیاواز لە دنیاکانی دی.. زەوی و گیا و شەوگارەکانی شتێکی دیکەن» ئیسحاق گوتی: «هەموو مۆسیقارێک ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگاتە سەرزەمینی مۆسیقا، سەرزەمینێک کە سەر زەمینی خۆیەتی، وەک چۆن درەخت و مانگ و هەوا مۆسیقای خۆیان هەیە، مۆسیقاش درەخت و مانگ و هەوای خۆی هەیە].

ئیسحاق وەک هێزی ڕۆحی و توانەوەی لەنێو پاژ و مۆسیقاکانی گەردووندا مانەندی «سوزوکی»یە کە ڕۆحانیترین کاراکتەر و ئەڤینیترین مورشیدی «یۆکۆ ناکینا»ی نۆڤلێتی «بەفر»ی ماکسێنس ڤێرمین»ە، بەڵام ئیسحاق لە دوایین چرکەساتدا شاراوەترین دنیای نەغەم و مۆسیقای جەلادەت دەدۆزێتەوە و شالیسی دڵی جەلادەت پڕ دەبێت بە ئاگرە سپییەکانی گەردوون و توخمە دیار و نادیارەکانی سروشت لە دەوری ئاخڵەی ئەو شالیسە مۆسیقارە پیرۆز و درەوشاوەیە سەما دەکەن و گۆرانی بۆ جوانییەکانی ژیان دەچڕن، گۆرانییەک بۆ توند و تیژی زەمەن و پڕشنگی ڕوخساری نەرسیس و دۆریان گرای.

ئیسحاق هەستی دەکرد لەو قووڵاییە بێ بنەشدا بوونی دوو ئینسان مۆسیقایەکی تایبەتی هەیە بەرزترە لە هەموو مۆسیقایەکی دی. هەستی دەکرد ئەو جەستە کپ و بچووک و ناسکەی ئەو دوو گەنجە دەنگێکی لێدێت گەورەتر و بەسەداترە لە دەنگی هەموو مەخلووقاتەکانی دیکەی ناو ئاو، ئیسحاق دەیبیست جەستەی جەلادەت قسە دەکات، گوێی لێبوو بە ئاوازێکی سەیر لەگەڵ شەودا

دەدوێت، هەناسەکان گرەیەکیان تیا بوو پڕ لە وشەی ئاگرین، یارییەکانی دونیایان دادەگیرسان.. ئیسحاق دەیبینی هەموو سەنگ و سیحر و هوشیاریی ناو ئەو ئاوەش لە دەوری جەلادەت کۆدەبێتەوە دەیزانی هەموو گیا و ماسی و سەدەف و رووەکە نەناسراوەکان روو لە جەلادەت دەکەن.. جەستەی قسەی دەکرد، قسەیەک بەدەر لە لۆژیکی زمان، جەستەیەک بوو ئەو دەریاچەیەی دەکرد بە پارچەیەک عەشق، کلۆیەکی گەورە بوو لە ئەڤین و کەوتبووە ئاوێکی مەزنەوە، ئیسحاق لەو زنجیرە ناسکانەی دەوری مەچەکی خۆیەوە هەستی بە ئارامی و عەشقی ئاو دەکرد. لە دڵەوە هاواری دەکرد «ئیلاهی- ئیلاهی.. ئەم منداڵە، هەموو ئەم بەحرەی کردووە بە عەشق، ئیسحاق لەو ژێر ئاوەدا بەخیلی بەو هەموو ژیانە دەبرد کە لەو گەنجەدایە، بەخیلی بەو هەموو درەوشانەوە و زیندوویێتییە دەبرد کە بەحرێکی ئاوەدانکردۆتەوە.. لە دڵی خۆیدا دەیگوت «خودایە ئەمە چییە، ئەم منداڵەی سەرتاپای ئەم بەحرەی پڕ کردووە لە ژیان»

[شۆپنهاوەر] سەبارەت بە مۆسیقا دەڵێت: مۆسیقا هونەری گوزارشت کردنە بە نەغمەکە لە ئامێرگەلێکی جیاوازەوە پرشنگ دەدا، ئەو زمانی دەنگە و وێناکردنێکی وردبینە بۆ تەواوی ویستی ژیان، کە کۆی خۆشییەکان و ناخۆشییەکان دەردەبڕێت، بۆیە بە پێچەوانەی هونەرەکانی تر کە تەنیا سێبەری وجوود دەردەبڕن، مۆسیقا بۆ دوای نەمانی گەردوونیش دەمێنێتەوە. هەمدیس شۆپنهاوەر دەڵێت: هەست عەقڵێکی مۆسیقییە جیا لە عەقڵی ماتماتیکی، مۆسیقا وێنای ئەو جووڵە گەلە دەکات کە کیانمان دەهەژێنێت، بێ ئەوەی هیچ جۆرە ئێش و ئازارێکی واقیعیانەی لەگەڵدابێت، ئەو جووڵە گەلێکی پەتی دەربازبووە لە هەموو ویستگەلێک.. جەلادەت لەنێو ئیقاعەکانی مۆسیقای سروشت و دەریاچە کاستالیاییەکەدا دەبێتە «نەرسیس» و بەدوای شەبەنگی جوانییەکانی خۆیدا دەگەڕێت..

[جەلادەتی کۆتر وەک ئەوەبوو ئاو بەرەو ئەوسەری دونیایەکی تری بەرێت، هەستی نەدەکرد لە دەریاچەیەکی نوردا سەما دەکات، ئەو لەناو مۆسیقادا سەمای دەکرد]..[لەناو ئەو ئاوەدا کە شەپۆلەکانی وەک نەغمەیەک، وەک سەما لەسەر ئیقاعی فڕینی شاعیرانەی باڵندەیەک دەجووڵایەوە، ئێستا هەستێکی دی دەژیا، ئەو هەستە خرۆشاوەی جەلادەت هەست نەبوو بە بەختەوەری، هەست نەبوو بە شادیی، بەڵکو هەست بوو بە کرانەوەی رۆح و جەستەی بەسەر دونیایەکدا کە تا ئەوکات هەستی پێنەکردبوو، پاشان «سەرهەنگ قاسم»یش دەگاتە حاڵەتی نەرسیسی .. [سەرهەنگ قاسم کە دەگەیشتە بنی ئەو دەریاچەیە، وەک لە تیشکئابادێکدا ون ببێت، دەگەیشتە ئاوێنە خاکێک لەویادا وێنە دووبارەکانی خۆی دەیانویست دەستی بگرن و شوێنێکی دیکەی نەزاندراو بیبەن. لەویادا دەترسا، هەستی بەسامێک دەکرد لە عەشقی مۆسیقا گەورەتر، خۆی بەرز دەکردەوە و بەهێزێکی گەورەو رووە و سەرەوە دەگەڕایەوە، بەڵام هاوارێک لە قووڵایی رۆحییەوە پێیدەگوت، گەر رۆژێک مردی وەرەوە بۆ ئێرە، وەرەوە بۆ ئەم دەریاچەیە، ئێرە دەروازەی زەمینێکە تێیدا ئاوازێک دەست پێدەکات و تا ناکۆتا خامۆش نابێت ئێرە دەرگای شارێکە سەرنشینەکانی بەبێ مۆسیقا دەخنکێن]

ئەوان وەک سێ کاهینی بودایی لەچرکە فەرامۆشییەکانی «نیرڤانا»دا دەژین و وەک سێ مۆسیقاری «تروبادۆر»یش بە سروشت دەکەون گەرەکیانە چەپکێ ئاوازی دانسقەی ئەفسوونی بۆ رۆحی گەردوون و چرکە لەززەتاوییەکانی بوون بچڕن و تێکەڵ بە مۆسیقا سپییەکانی ئەبەدییەت بن.. جەلادەت گوتی: من دەڵێم با لە زێ نەپەڕینەوە، با لەزێ نەپەڕینەوە، «هەرسێکمان سێ فلووتمان پێ بوو..

ئیسحاق وەک یەکێک لەوەجدا بێت، شتێک ئیشراقێکی ترسناک لە رۆحیدا دروست بکات روناکییەکی کوشندە پێش چاوی رووناک دەکردەوە» «مۆسیقا بێهۆشی دەکردین و ئێمەش دونیامان بێهۆش دەکرد.. «من وام بە ئیسحاق دەگوت: گەر ئەوان حەز لەم مۆسیقایە نەکەن من دەمرم «نازانین لەکوێوە هاتووین و بۆ کوێ دەچین، خۆ ونکردن لەناو سروشتێکی بێناو و بێ ئاراستەدا بەشێک بوو لە خۆ ونکردنمان لە مۆسیقادا، لەو ساتەدا خەیاڵم لای هەموو ئەو مۆسیقا رژاوە بوو کە دەشێت لە خوێنی ئیسحاقدا بێت.

ئەمەش مانەوەی هەمیشەیی «نیرڤانا» کە چڵەپۆپەی بەختەوەرییە، ئەم خوێندنەوە خاکەڕاییە گەران و یارییە لەنێو ژوور و زاخۆن و ڕاڕەوی کەرنەڤاڵی تێکستێک کە سەر بە جیهانی بەرفراوانی دەقئاوێزانییە.. «باختین» لە پێناسەی دەقئاوێزانیدا حاڵەتی دەقی ئەدەبی بە

«کەرنەڤاڵ» چواندووە، بەمانای بەیەکدا چوون و ئاوێزانی شتەکان.. «هەموو دەقێک دەنگدانەوەی دەقێکی ترە» دەقئاوێزانی بریتییە لەوەی کە «دەق شتێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو نییە، بەڵکو کۆمەڵێک پێوەندییە لەگەڵ دەقەکانی تر لە دنیای لەززەت و خوێندنەوەدا «دەق دەکەوێتە بەر تەوژمی خوێنەر و هیچ فکرەیەکی نووسەر نامێنێ و دەلالەکانیش لەبەردەم خوێنەردا دەکرێنەوە، خوێنەری زانا بەدوای مانایەکدا دەگەڕێ کە نەوتراوە، هیچ دەقێکیش یەک مانای نییە.. گەڕانێک لەمیان بنیادەکانی دەق و خەیاڵی زمان و کۆنتێکستی ڕستە و مۆسیقای شێواز و شیعرییەتی نووسین و زەماوەندی مۆرفیمە نازپەروەرەکان و دنیای دەلالەی بنیادی قووڵ- لە پێناو دەستەبەرکردنی گوڕزێک لەززەتی ڕۆحی و ئێستێتیکی و ئەپیکۆری، کەواتە هەردەقێکی کراوەی سەر ئەم ڕووی زەمینە سەر بە جیهانی دەروەشاوەی دەقئاوێزانییە و نووسەریش مانەندی موسافیرێکی بێباک و سەرەڕۆ ئەو «پرۆمیسیۆس»ەیە کە تیشک و ئاقیقە دانسقە و ناوازەکانی لەدورج و کوانووی خوداوەندان دەدزێت! تا وەهمە جوانەکانی وجوودی پێ بنووسێت، ئیتر وەک «بارت» دەڵێ پێویستە چەشنی «خەیاڵ» لە تێکست بڕوانین و وەک خەیاڵیش خوێندنەوەی بۆ ئەنجام بدەین.. «خەیاڵ ئەرکێکی هێرمێنیوتیکی هەیە و خزمەت بەو مانایە دەکات کە جێگەی پرسیارکردنیەتی».

**ئەو دنیایەی مۆسیقا فەرمانڕەوایە تیایدا، نەخشەیەکی تری هەیە جیاواز لە دنیاکانی دی**

دوایین جاریش هیچ شتێک بەنێوی «دوا واتا» بوونی نییە، چونکە «واتای هەر دەقێک «دوا واتا نییە و بەردەوام هەڵدەوەشێتەوە، یاخود جیا دەبێتەوە لەخۆی و بەم جۆرەش دەقەکان دەبنە «چەند یارییەکی زمانەوانی»..

ڕەنگە ئەم خوێندنەوەیە وەک دیاریکردنی ناوونیشان و پڕاوپڕبوونی شالیسی دڵی جەلادەت کۆتایی پێبێت وەلێ سەفەرە تراژیدییەکانی ئەو کە بەردەوام بێت چی بکەم ئەز؟

چۆن دەکرێت، لە نووسینێکی وا کورتدا لە دنیای ئاڵۆز و شاراوەی ئەو هەموو کەسایەتی و بابەتگەل و ڕووداو و کەرنەڤاڵی نووسینە بدوێم؟

ڕۆمانی «شاری مۆسیقارە سپییەکان» وێڕای جیهانە تایبەتییەکەی خۆی، هەوڵی داوە وەک هەر شاکارێکی تر لەسەر تیشکەکانی دەقئاوێزانی کاربکات و هاوکات کاراکتەری چەندین شاکاری جیهانیش لە فەزای دەقدا چوون هێماو ماسک و کۆد و دەلالە بەکاربێنێت، تا بە نەشئەی ئەبەدییەتی مۆسیقای سپی سەرمەست و نەشئەداربن و لە ڕێگەی هونەرێکی بالاش لە مەرگەسات و تراژیدیای نەتەوە و ولاتێک بگەن کە لە دێرزەمانەوە جینۆساید دەکرێت و تا ئەو چرکە ساتەش سروشتە بە پیت و فەڕ و جوانەکەی داگیرکراوە.

حەزدەکەم بەر لەوەی ڕوو لە جیهانی هەندێ لە کەسایەتی و کاراکتەرەکان بکەم، لە ڕەفتاری خوێنەرێکی نادیار و ون و نەناسی «حەلاج» ئاسا بدوێم کە لەنێو ڕۆح و بنیادی قووڵی تێکستدا شاراوەیە و بەردەوام وەلامی پرسیارە ئاڵۆز و ئەزەلییەکان دەداتەوە، ویستم بە «زمان پاککەرەوەکان» بڵێم نووسین کردەیەکی خەتەرناک و ئاڵۆزی گەردوونییە، گرنگ نییە تۆ چ وشەیەک بەکاردێنیت، گرنگ ئەوەیە بتوانی گوزارشت لە ئیحساس و نادیار و نەزانراوەکان بکەیت.. [ئەو یەکسەر وەلامی دامەوە].. گوتم ئەم تێکستە سپییە بەکراوەیی دەمێنێتەوە و بۆی نییە دابخرێت: لەدوا لاپەڕەکاندا وەلامی دامەوە و لە چەمکی میتۆلۆژیی- پان-و- کریشنا»ش دوا کە هەندێ سیفەتیان بە جەلادەت بەخشیوە. لەلایەکی تر تێکست هەڵگری باکگراوندێکی فراوانی مەعریفییە و تادێ بەپێی پێویستی ڕووداو و جۆری ڕەفتاری کاراکتەر و جێگە و شوێن و زەمەنی چڕ کراوە و هەڵسوکەوت و کردەکان ڕستێک زانیاری گەلی ئیشراقی جۆراوجۆر هەڵدەدات، لەسەرەتاوە لە ئاواز و سیمفۆنیای مۆسیقارگەلێک دەدوێت، وەک.. بیتهۆڤن و مۆزارت و چایکۆڤسکی و هایدن و شۆپان..تاد، وێڕای ئامێرە مۆسیقییەکانی وەک کەمان و چەلۆ و فلووت و نەی و ئۆکۆردیۆن، ئەمەش پەیوەستە بە بنیادە مۆسیقییەکەی ڕۆمانەکەوە، یان کاتێ لە ژوورەکەی تەنیشت کتێبخانەکەی «دکتۆر مووسای بابەک» دەدوێت لە ڕێگەی کۆمەڵێک فیلمی سینەمایی گوزارشت لە دنیای ئەو پیاوە دەکات [وێنەیەکی گەورەی هند ڕۆستەم لە

فـیلمی (باب الحـدید)، پلاکـاتی فـیلمی (غـرام و انتقام)ی ئەسمەهان و ئەنوەر وەجدی عومەر شەریف و پلاکـاتی فـیلمی (فـي بیـتنا رجل) لەگـەڵ زوبیـدە سـەروەتدا، لەولاشـەوە هەر عـومـەر شـەریف لە فـیلمی دکتۆر ژیڤاکۆدا لەگەڵ جولیا کریستیدا، وێنەی یاریکەرە کۆنەکان بیلییە و پێکەنینە ئەسمەرەکەی، بۆشکاش لە یارییەکدا دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی زێڕینی ڕیال مەدرید، ئۆزیبیۆ خـاولییـەکی دابوو بە شـانیـدا و دەگـریا، بۆبی شارڵتۆن و سەرە کەچەڵەکەی، بۆبی مۆر لە فانیلەیەکی سوور و دەرپێیەکی سپیدا کاتێک جامی جیهانی ساڵی ١٩٦٦ بەرز دەکاتەوە- لەقتە و دیمەنی ئەو هەموو ئەکتەر و فـیلم و جام و وەرزشیـارانەی سەردەمێکی ڕابردووی دێرین، هەسـتی ڕۆیشـتنی زەمـەنێکی ونـبووی غوربەتئامێزی تراژیدی لە ڕۆحدا دەورووژێنن، یان هەندێ جار بە تێروتەسەلی لە بواری هونەری شێوەکاری دەدوێت و فـیـگەری هەندێ لە تابلۆکـانی [مـۆدلیـانی]. وەک کـۆمـیـدیایەکی ڕەش بەشکڵ و شـێـوەی مـرۆڤی کـورد دەچوێنێت.. یان لە تابلۆ گەرم و ئاگرینەکانی ڤان کوخ دەدوێت، هەروەها لە چەندین بەش و شوێنی ئەم ڕۆمانەدا چەندین جۆرە دیالۆگی جیاجیای فەلسەفی سەبارەت بە عیشق و جوانی بوون و خوا، زەمەن و یادەوەری مۆسیقا و ڕەنگی سپی، مەرگ و جاویدانی بەرپادەکرێت، بەڵام پاژ پاژ ئەو مـۆتیـڤی زانیاری و زانسـتە ئێسـتێـتیـکی و تراژیدی و ڕۆحـیـانە لە فـەزای «شـاری سـۆزانیـیـە غەمگینەکان)دا دەدرەوشێن و بەشێوەیەکی ئەفسووناوی تێکەڵ بە شەپۆلەکانی فەنتازیا دەکرێن. شاری «تەپوتۆزە زەردەکان» شاری مەجدەلییە پیرۆزەکانی شالیسی جوانی «ئاخر شاری مـۆسیـقـارە سپـییـەکان بەشـێکی تایبـەتی هەموو شارەکان و شوێنەکانی دونیایە».

شارێک لەماوەی جەنگی- عیراق و ئێران- بەهێزێکی یۆتۆپی وەک جوگـرافـیا لەو بوقـعەیەدا هەڵدەکـەنرێت و ڕوو لە خـەیاڵ و لەززەت و تراژیدیا دەکـات، تیـاتری «پرتەقـاڵی سپی» و شـاری بێ ناوونیـشـانی سۆزانییـە گەرۆکەکان، ساڵۆنی تەڕەب، مۆسیقارانی تیاتری سپی، شەحاتە رضوان، غـازی هویل، فـهمی البصري، عـیـزەت وەردان «ابو ورود» کـەمـانچـەژەنی سـەرەکی پرتەقـاڵی سپی، سۆزانییە بەدبەختەکانی و ئەوانی تر، هودا تەواب «هود هود».. «بەدریە ڕەحـمـان»ی سـەمـاکـەر، سـودا ڕەمـەزان «أم فـەزڵ» شـاژنی تەپوتۆز، هەروەها «دالیـا سیـراجەدین»... و گـێـڕانەوەی هەقـایەتی نوێی هەزار و یەکـشـەوە لەسـەر زاری «نەقـیـب سـامـیـری بابلی» و مـەرگەساتەکـانی ئەنفـال و دۆزینەوەی بەڵگەنامـەکـان.. لێرە پێویستە لە جیهانی ئاڵۆزی «دالیا سیـراجەدین» بدوێین.. پێوەندی دالیا بە جەلادەت هەندێ جار شێوەی پێوەندی یووسف و زولەیخا وەردەگرێت و دوایین جاریش «مـەسیـح و مـەریەمی مـەجدەلی»، بەڵام بەر لەوی وەک «شـالیـسـێکی پیـرۆز» لە «دالیـا سـیـراجـەدین» بدوێم حاڵەتێک هەس چوون بونیادێک دەردەکەوێت و لەشێوەی هەودایەکی باریک بەکلافەی بنیادەکانی تری تێکستەوە گرێ دەدرێت ئەویش قـووڵـترین کێشـە و سـەرەکیـترین گـرفـتی «عـەلی شـەرەفیـار»ی نووسـەری ئەم تێکسـتـە خەتەرناکەیە، چونکە لە هەمان چرکە کارەساتاوییەکەی ئیـسـحـاقی لێـوزێڕیندا دەژیت، ئەو بەرلەوەی یارییـە ئەڤینی و جوانشوناسییەکەی کردەی نووسین ئەنجام بدات ژنەکەی لە دادگاوە تەڵاقنامەیەکی بۆ ناردووە.. [هەر لەو هەفتـەیەدا ژنەکەم بێ هۆ تەڵاقنامـەیەکی لە دادگـاوە بۆ ناردم و نێوان من و ئەو بۆ هەتا هەتایە کۆتایی هات، بۆ چارەسـەرکـردنی ئەو کـێـشـەیە و سـەرپەرشـتـیکردنی منداڵەکـانم، دەبایە لە ڕێگای شـامـەوە بگەڕێمـەوە بۆ وڵات] کێشەی دابڕان و لەدەستدانی ئاگرەکانی ئەڤین و خۆشەویستی:

**بە ئۆغرکردنی من بوومە قەقنەس**
**کە ئەو چوو بۆ سەفەر، من بۆ سەقەر چووم.**

قـەقنەس= عـەنقـا، فـینیکس، فـینیق، سـیـمـورغ [بوونەوەرێکی گـەردوونیـیـە و مـامـۆسـتـای لەحـزە سیحرئامێزەکانی ژیان و مردنە]. [ابن عـربي] دەڵـێ: گـەردوون وەهمـە، وجـوودێکی ڕاسـتـەقـینەی نییـە، [زۆرجـار] عـیـشـق دەبێـتـە مـورادیفی مـەعـریفـە و مەعریفەش دەبێتە مورادیفی عیشق، یان [سەهرەوەردی] دەڵێ: عیشق بزاڤێکە بۆ تەواوکردنی کەمالی زەینی یان عـەقـڵی، یان غـەیری هەردووکـیـان، خـوایان ڕووناکی ڕووناکـیـان یەکـەم دولبـەرە، خـودا بە عـیشـق بوون بەرەو هەڵکشـان ڕێکدەخات و بە «قەهر» بەرەو دابەزین ڕێکی دەخات].

ئیـتر مەعریفە دەبێتە مورادیفی «عیشق» و ئەو هەموو گـەمـەی کـەرنەڤـاڵی مـوزیکی بنیـادی «ڕووکـەش»ە، بەلەنجەی مۆرفیم و سەمای ڕستـەی شیـعری و زمـانی

حەشیشئامێزی توخمی شیعرییەت و گەمەی ڕەنگی سپی و ئاقیقە پڕشنگدارەکانی میلۆد و مۆسیقای گەردوونی لەژێرەوە لەبناوانی بنیادی «قوولّ»دا، کۆد گەل و دەلالەگەلێک بە شاراوەیی ڕێکدەخرێن گوزارشت لە جیهانی خودێک دەکرێت لێوڕێژە بە حەسرەت و ئولفەت و هۆگری و عیشقێک»، چونکە زەماوەندی سەرجەم پێکهاتەی ئامرازی ڕستە و دەستەواژە بە فرمان و پێشگر و پاشگر و هەرچی ئامرازی پێوەندیش هەیە گشتی لەپێناو درەوشاندنەوەی ئیکسیری شالیسێکی خوداییە ئەویش [ناو]ە، ناوێک لە شێوەی ئەو شۆخە پەری شێوانەی کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گەورەترین جەنگی خوێناوییان بەرپاکردووە، مەعریفەی ئێستێتیکی شوێنی ژیلەمۆی ئاگرێک دەگرێتەوە و حەسرەتەکانی لەوحی ڕۆح و ئاگری دڵ دەنووسێتەوە هەر بۆیە لە فیردەوسی مۆسیقارە سپییەکاندا دوایی دەرکەوتنی شاروخ= فەرجیلۆ وەک دەلیلێک- «بەیاتریس»ێک دەرناکەوێت ڕووەو دوایین تیشکە ئەبەدییەکانی فەناو بەختەوەری ڕێبەرایەتی بکا و ڤێکڕا لەنێو ئاوازە سپی و نادیارەکانی زەمەنی جاویدانیدا تێکەڵ و ئاوێزانی یەکدی بن. ئەم خاڵی موورادیفکارییەی عیشق و مەعریفە کاریگەرترین و لەززەتدارترین زەماوەندێک لە جیهانی تێکستێکی کراوەدا بەرپا دەکات، زەماوەندێکی ئێستێتیکی بە گوفتاری «ئارتۆ» هەرگیز دووبارە نابێتەوە.

## شاری مۆسیقارە سپییەکان
## بە مەفهومی «ڕۆلان بارت»

تێکستێکی خەتەرناکی کراوەیە و هەڵگری شارێکە لە دەلالە و دەریاچەیەک لە مانای ترسناک ترسناک، لە هەمان کاتدا دەقێکی داخراو و موقەددەسە بەشێوەی بۆچوونەکانی «پۆل ڕیکۆر» و هیرمنیوتیکای پیرۆز، چونکە هیچ خوێنەرێک بۆی نییە پەنجەی بۆ درێژ بکا و کۆدەکان بکاتەوە و مانا شاراوەکان لە ڕێگەی ڕاڤەوە بەپەیڤین بێنێت، کردەی نووسین لە بنج و بناوانی بنیادی قووڵدا خوێنەرێکی پاسەوان سیفەت و ڕەخنەکارێکی عەقڵانی دروست کردووە، لە پڕێکا دەردەکەوێت و وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی خوێنەری زانا و لەززەتمەند دەداتەوە، ئەو ڕەخنەکارە یان ئەو خوێنەرە عەقڵانییە نمایندەی ئەو یاساوڵ و پاسەوانەن کە لە کۆماری ئەفراندن و جوانیدا یا لە فیردەوسی ئەرزی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا پاسی جوانییە ئەبەدییەکان دەکەن، بەڵام خودی پاسەوان لە هیچ کات و شوێنێکدا خاوەندی عەقڵێکی ڕاڤەکارانە نییە، بە بۆچوونی «عەلی حەرب» پاسەوانەکان پاسی ئەمبارەکانی کولتوور دەکەن، واتا عیشق و جوانییەکان لە زیندان دەنێن و بە کۆمەڵێک چەک و جبەخانەی تەقلیدیانە لەشالاوەکانی کرانەوە دەیانپارێزن تا ژەنگ هەڵدێنێت. یاساوڵەکانی سەرجەم کۆمەڵگای ئەم سەرزەمینە، هێما پەرست و دروشم پەرستن، لەکاتێکدا توانای ئەوەیان تیا نییە، تۆسقاڵێک لە عیشق و جوانی پێشکەش بە ڕۆحی کولتووری لۆکاڵی و گەردوونی بکەن پاشان «جوانی» مانەندی «ئاوە» کە هەڵدەچێت سەرەتا پاسەوانەکانی دەخنکێنێت.. لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا «ئیسحاقی لێوزێڕین» لە ترس و نهێنییەکانی «جوانی» گەیشتووە و هەر ئەویش بۆی هەیە کایە و کەناڵە پیرۆزەکانی [کتێبی سپی] بە پەیڤین بێنێت.. دەکرێ «جوانی» بە ئاگرەکەی «باشلار» بچوێنین. [ئاگر بە شێوەیەکی گشتی نەرم و نیان و زۆرداره].. ئەو بەرانبەر شالیسی عیشق و مەحەببەتدا شەرم دایدەگرێت، جوانی کریستاڵێکی پیرۆزی تیشک بەخشە و ڕۆحی گەردوون و دڵ و دەروونی بوونەوەرە سەرگەردانەکان ڕۆشن دەکاتەوە، تەنیا ڕێگایەک بتوانێت دەرگە و دەروازەکانی فیردەوسی جوانی بکاتەوە ئەڤینە، ئەڤینداریش دێوانەی سیحرە ئاڵۆز و جیلوە بەخشەکانی خەلق و گەردوونە، جوانی بە بورکانەکانی ترس و لافاوەکانی سەفا و بوومەلەرزەکانی عیشق و شەرم و شکۆ زیندانی تەنگ و وشک و برنگی پاسەوانەکان خاپوور دەکات، هەر سێ فلووتژەنە گەڕیدەکانی گەردوون لە ڕێگەی ئاگرەکانی عیشق و جوانییەوە دادەڕژێنە نێو چرکە فەرامۆشییە پڕاوپڕ لە بەختەوەرییەکانی [نێرڤانا] و لەنێو پاژ و مۆنادە ئەبەدییەکانی زەمەنی جاویدانی ئەڤین و جوانی ئەفراندندا ون دەبن و دووبارە دەگەڕێنەوە، ئەم هزرەش پابەندە بەوەهمە جوانەکانی دووپات بوونەوەی زەمەنی ئەبەدییەتی «نیتشە» و فەڕی دەیموومەی سرووشت «هەموو شتەکان بۆ هەتا هەتایە دەسووڕێنەوە و بەردەوام دەگەڕێنەوە و دووپات دەبنەوە] دووبارەبوونەوەی بێکۆتایی» [چۆن زۆرجار لە ناوەڕاستی پاییزدا چاو لێکدەنێین و لەناکاو لەناو ڕۆحی درەخت و خەزان و خەزەڵوەردا سەوزییەکی کوترپڕ دەبینین].. [من

هەمیشە لەخۆمم پرسیوە کە پایز دێت بەهار دەچێت بۆ کوێ؟ بازدانە دیوە نەبینراوەکەی وجوود، ئاواش کە مردن دێت مرۆڤ بازدەداتە دیوە نادیارەکەی وجوود، بەڵام «جەلادەت» وەک عارفێکی گەڕیدەی بودایی و شالیسێکی تژی لە ئاگرە سپییەکانی ئیشراق هەمیشە و بەردەوام لەم گەردوونە بێ سنوورەدا هەست بە چرکەساتەکانی ئاوارەیی دەکات و دەیەوێت مانەندی «باڵامرۆیەک» لەنێو ڕۆح و لۆگۆسی گەردووندا موسافیرێک هەمیشە بەختەوەر و گەڕاڵ بێت.. [لە ڕاستیدا ئاوارەیی هەندێ جار ئەوە نییە ماڵت نەبێت، بەڵکو ئەوەیە نەزانیت بچیت بۆ کوێ، لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکەیت و هەست دەکەیت دەبایە تۆ لە جێگایەکی تر بایتایە] فەزای «ئەبەدییەت» لە تێکستی «کتێبی سپی»دا شوێنی «ڕۆحی ڕەها»ی فەلسەفەی «هیگڵ» دەگرێتەوە و دەبێتە مەفتەن و جیلوەخانەی بەرجەستەی هونەری نەمر و جاویدان.

لەوێ لە «فیردەوسی» دانتی-دا مرۆڤە بەختەوەرەکانی ئەبەدییەت هەمیشە بە ئاماژەکانی خەندە و گۆشەی چاو و ئیماژەکانی جەستە دەدوێت، چونکە «زمان ئاسەوارێکی عەقڵییە و شتێکە لە کارەکانی مرۆڤ و کارێکی خودایی نییە، بۆیە چەشنی گەڵاکانی درەخت بەردەوام لە گۆڕاندایە».

لە سروودی سی و یەکی «فیردەوس»دا، [بەیاتریس» زەردەخەنەی لەسەر لێوا نەخشاند و نیگای «دانتی» کرد، لەیرە «پەیڤ» چ شتێک دەدات، خەندە و ڕوانین لە گشت قسەیەک کاریگەرترە، لە سروودی ئاسمانی ئاسماناندا کە بە سروودی ڕووباری نوور و گوڵی ئاسمان نێو دەبردرێت، «دانتی» هزر گەلی سەردەمی خۆی لەوێنەیەکی ئاوازداری هونەریدا بەرجەستە دەکات و دەڵێی سیمفۆنیایەکە و ڕووەو مەلەکووتی ئاسمان ڕێدەکات، کەشوهەوای فیردەوس یەکبارە سەما و گۆرانی و نوور و مۆسیقا و عیشق و مەحەببەت و لالانەوە و تەراتیلە- فیردەوس خۆشترین و شیرنترین ژیانە و چەنێ هەڵدەکشێی بە جووڵە و بزاڤ و سەما و نوور و مۆسیقا و لالانەوەوە جوانتر دەبێت.

ڕۆمانی «شاری مۆسیقارە سپییەکان» لە دوایین بەشی نووسیندا بەشێوەیەکی ئێستێتیکی کاری لەسەر ئیقاعە هێمنەکانی فیردەوس و ئەبستراکت کردنی زمان و کەشوهەوای ڕۆحانیەتی ئەبەدییەتدا کردووە.

تێکست سەبارەت بە مۆسیقا و ئێستێتیک و نیرڤانا تێکەڵ بە هزر و بۆچوونەکانی هەریەک لە «ئەمانوئێل کانت» و «شۆپنهاوەر» بوو «کانت» لە پێناو پێناسەکردنی چەمکی «جوانی پەتی».. ئەم خاڵانە دیاری دەکات، هەستکردن بە لەززەت و ئازار، هەماهەنگی هزر لەگەڵ خەیاڵگە و کارە ئازادەکانی، ئەو ڕۆحەی کە هزر گەلە هونەرییەکان دەخولقێنێت، «جوانی پەتی» لای «کانت» ئازادە لە هەر سوودێک، هەماهەنگییەکە لەنێوان هزر و هەستگەلەکاندا بەبێ هیچ مەبەست و ئامانجێک کە هەر خۆی ئەنجامی دەدات، وەک ئەوەی لەگەڵ نەخش و نیگار و سروشتی وێنەکراودا هەیە، هونەر لای «کانت» ئافەریدەی هۆشمەندانەی بابەتەکانە، ئەوەی لێی ڕامێنێت هەستی پێدەکات چەشنی سروشت بەبێ هیچ ئامانج و مەبەستێک ئافەریدە کراوە، بەڵام لای «شۆپنهاوەر» تێڕامان لە شتگەلەکان بەبێ گوێدانە بە بنەماکانی عەقڵ، جیهان لە دیدی ئەو جگە لە مۆسیقایەکی بەرجەستەکراو چیتر نییە، بایی ئەوەش ویستێکی بەرجەستەکراوە، بە مانایەک وەسفی جوانی دەکات کە بابەتی تێڕامانی ئێمەیە، ئەوکاتەی «تیاڕاماو» بەهۆی پاککاری ئێستێتیکی لە سەراپای ویست و ئازار و زەمان دەربازی دەبێت و دەبێتە خودێکی عارف و پەتی، ئێستێتیک شوێنی ویست دەگرێتەوە، کەچی لەپێناو گەیشتن بە «بەختەوەری قووڵ» مۆسیقا بە تەنیا بەس نییە، دەبێ شوێنی ئەو بەختەوەرییە بۆ خامۆشییەکی هێمن خاڵی بکرێت، حاڵەتەکە بەوپەڕی جوانییەکی ڕەها کۆتایی دێت تا ئەو ڕادەیەی لە عەدەم دەکا و ئینجا ئێستێتیک دەگۆڕدرێت بۆ سۆفیزم و ئەو مرۆڤەیش کە دەگاتە پلەی ئیلغاکردنی «ویست» چی وای نامێنێ لە فەنای خود و نیرڤانادا نوقم بێت».

حاڵەتە «کانت»ی و «شۆپنهاوەر»ییەکان لە جیهانی جوانشوناسی و چرکە نیرڤاناییەکانی «ئیسحاق»دا بەدی دەکرێت، چونکە دەگاتە دوایین چرکەی هەڵایسانی جوانی «دەشیزانی گەر لەناو ئەم تەنهایی و سەختی و جوانییە گەورەی سروشتدا نەبێت، هیچ کەس نابێت بە مۆسیقارێکی گەورە، مۆسیقا لای ئەو تێڕامان بوو لە نهێنی دونیا، لە نهێنی مەخلوقاتەکانی سروشت، لە نهێنی گەڵاکان و تەلیسمی شەونمەکان».. «بەڵام سروشت لای ئەو شوێنێکی گەورەتر بوو، جگە لە جوانی دیوی دیکەشی هەبوو بە جۆرێک دەتوانم بڵێم مردن لەو

گەشتەدا بۆ ئەو بەشێک بوو لە مۆسیقا، ئەو مەخلوقێک بوو بەبێ هیچ ئامێرێک دەیتوانی ئاوازی ئەفسووناوی بژەنێت».. یان حاڵەتە فیردەوساوییەکان ئەودەمەی زمان سەراپای دەسەڵاتی لەدەست دەدات و دەگۆڕدرێت بۆ مۆسیقا و ئاماژە ئاوییەکان «شاروخی شاروخ.. وەک هەمیشە پتر لەوەی بەقسە بۆی بدوێت، بە مۆسیقا لەگەڵ جەلادەتدا دەدوا، دەڕۆیشتن و دەڕۆیشتن و ئاوازە جاویدان و پڕ ئەفسوونەکەی شاروخ هەستی ونبوون و نوقمبوونێکی قووڵی لە ئەبەدییەتدا تیا دروست دەکرد» ئیتر هەوڵ دەدەم دەلالەی هەندێ وشە و ناوی کاراکتەرەکان لەخۆوە بەرەو خەیاڵ و لەززەتی فۆنیمی وڕێنەم ببەن نووسەرانی «چین» لە بواری ئێستێتیکدا فیکرەی «یۆن» بەکاردێنن «یۆن» واتای چالاککردن دەبەخشێت، یان گەڕانەوەی سەدایەک بۆ دڵی گوێگر و وورووژاندنی زەین و درککردنی مانای تەواوی وشە و هێما، ئەم کارەش لە پڕێکا فەزای ڕۆح و خەیاڵ دەخرۆشێنێت، چونکە مەعریفە «شتێکی جێگیر و دیاریکراونییە، بەڵکو گەڕانەوەی سەدایەکە بۆ دڵ و دەروون.

**ئیشتیاق:** دانتی ئەلیجیری لە غوربەتدا دەمەو ئێوارەو سوب سەحەر لەگەڵ یەکەمین دەنگی ڕۆیشتنی شەمەندەفەردا، هەستی دەورووژا و عیشقی «بەیاتریس» و دووری وڵات و کێشەی نێوان باکوورنشین و باشوورنشینان ئاگریان لەدڵ و دەروونی بەردەدا.. ئیشتیاق دەلالەی ڕەنگێکی سپی ئامالشینم پێ دەبەخشێت، «جەلادەت سەرەتای هەڵکەوتنی مانەندی «ڕامبۆ». بارستێک بوو لە یاقووتەکانی شەیدایی و بەهرەیەکی ئاگرین و زەینێکی لێوانلێو لە ئاگر و حەشیش، تەنیا پەناگەیەک لەم گەردوونە بێ سنوورەدا بۆ ئەو ژەنینی تارەکانی ڕۆحیەتی بەرانبەر میحرابی ئەڤینەکانی خودا ئیشتیاق ئیسحاقی لێوزێڕین ڕووەو تەفروتونای نێرڤانا ڕادەماڵێت لەنێو پشکۆکانی ئەڤین و جوانیدا ون دەبێت.

**تیاتری پرتەقاڵی سپی:** تەلارێک لە شیر و پەیژە کریستاڵییەکانی لەکافوور و ئەبەنۆس و زافەران دلۆپ دلۆپ ڕەهێڵ ڕەهێڵ: نەغمەگەلێک لەهەوری غوربەت بارانێکی سووریاوی ئیرۆتیکی بەسەردا دەبارێ.

**سەرمەد تاهیر:** پشکۆیەک لە حەشیشەکانی ئەڤین، عوودژەنێکی سەرشێتی گەڕەک لنگەپابوجی شۆڕە ژنێکی باڵا بەرزی قژ ئاڵتوونی دەڕفێنێ و شەونووستنان جریوە جریوی ئەستێران دەژەنێ، گوڵفرۆشێ شەیدای ڕوخساری کچە قەرەجێکە و سپێدەیەک بە بنمیچی ژوورەکەیەوە دەدۆزرێتەوە، ئەو ڕەبەنەی بەهێرمینیوتیکای موقەددەس دەرگا داخراوەکانی دەقێکی ئاوەڵا دەکاتەوە و شێتانە لە قاقا دەدا.

**سامیری بابلی:** بۆنی پرتەقاڵی تاوان و خورافە و ئیرۆتیک، کەنیشکێکی گەنمڕەنگ کراسێکی ئاگرینی لەبەردایە و لە باخچە هەڵواسراوەکان سەما دەکا و لە ڕۆخ پەرستگایەکی خاپووردا کاروانێک دیل بەڕێوەیە و بورجێک لە بەلبەلەکانی زمان ڕادەمێنێت.

**شاناز سەلیم:** لە خێوەتێکی سووری شەودا «میرا»ی یاساشکێن چنگ چنگ پشکۆکان هەڵدەدا و زەمهەریرخانەی لەشی دەلەرزێ.

**موسای بایەک:** تیشک و تریسکەیەک لە ئاتەشکەدە و چراخانەکانی «میترا»وە دێ و دڵی نیگارخانەیەک ڕۆشن دەکات.

**دالیا سیراجەدین:** «هیام»ی پاکیزەی «هەرەس»، گوڵی لالەی ئەفسانەیە و کراسێکی بەفر ڕەنگی لەبەردایە و لە چیاو چۆڵەکانی گەردوونا سەما دەکا و چەپکێ لە گۆرانییەکانی مەجدەلی بۆ «جەلادەتی کۆتر» دەچڕێ.

**مستەفای شەونم:** «بودا» پێی گوت، واز لە چڵێسی بێنە «ڕۆح» لەتە مۆسیقایەکی جیوەڕەنگی ڕەوتەنییە.

**مەریەمی فەیزی:** کوانوویەک لە دڵدایە پشکۆکانی پڕاو پڕە لە عیشق و جوانی و شەیدایی «فیض»ی گیان کە دادەڕژێ مۆرفیمەکان مانەندی مەرجانەکانی دورجی خودا ڕوو لە درەوشانەوە دەکەن.

**شاروخی شاروخ:** ئاو ئاوێنەی «نەرسیس»ە، دوایین چرکەی گیانەڵا پابەندە بە نووسینەوەی ئاخرین هەودای درەوشاوەی جوانی.

**جەلیلی باران:** زۆرجار هەڵچوون ڕێگاکانی داهێنانمان لێ دادەخا.

**سەرهەنگ قاسم:** قاوەییترین شەبەنگێک سەرتاسەری بەدەنی «جەلادەت»ی داپۆشیبێ ماسکێک لە شووشە و پۆشاکێک لە مەلەس و ئاگرێک لە کحول.

**ئیسحاقی لێوزێڕین:** سوکرات و ئەفلاتوون و داوود بە ئەفیونەکانی عیشق و ئیکسیری جوانی سەرمەست و حەیران لە ڕاز و نهێنی پرشنگە تەلیسماوییەکانی

ئاوێنەی گەردوون ڕادەمێنن.. دواجار «زەمەن» بنیادی لەوحە ترسناکەکانی جوانی هەڵدەوەشێنێ.

**گێلاسی سپی:** مەفتەنی شکۆی دەربەدەر و سیاچاران دڵۆپ دڵۆپ دایسانی دڵۆپ دڵۆپی هەست و زەین و ئاونگی سۆزخانەی دڵ و ڕۆح، بۆ ڕوخساری پاکیزەیەکی باڵابەرزی سپی پۆشی چاوسەوزی، ئەگریجە ئاڵتوونی، گێلاسی سپی سەراب و ئاوێنەی دەرکەوتنی «ئیرەم»ی ئەبەدییەت و هەمیشە بەهاری لەتە مۆسیقای سەوزی ڕۆحە گەڕیدەکانی گەردوون و زێدی نەشئەدار و جاویدانی شاروخ و ئەدۆنیس و دەمووموەی بێ بڕانەوەی سرووشتی کەنەفت و شەکەت، [شاروخ لەنێوان دوو سنەوبەری بەرزدا وەستابوو، دەیگوت «جەلادەت» گیانی تۆ مۆنادێکە لە فۆنیم و تریسکەیەک لە ئاگر و ئاوازێکی ئاوارەی وەنەوشەیی، هەموو مۆسیقارێکی گەورە فریشتەیەکی هەیە منیش فریشتەی تۆم «دەیگوت» من هەمیشە لەم باغچەیەدام، مۆسیقا زمانی من و تۆیە، تارمایییە و ناگیرێ.

**لەیلای نەیلۆفەر:** شمشادێک لە شووشەکانی فیردەوس، ڕستێک گوڵە مۆری جەهەنەمی پیا ئاڵاوە و شەپۆل شەپۆل، تنۆک تنۆک عەتر و پەرەنگی ئاوازەکانی ناکامی ڕووەو ماهومیهر دەپرژێنێ.

**چاولێکنان:** غەیبزان گوتی: بەدیدەی دڵ لەوحێ دەبینم، نەخشی وشە پێم دەڵێ: هەمووومان لە ڕۆحی گەردوونەوە هاتووین، ڕۆژێ دادێ بەبێ دەنگی بۆ ئەوێ دەگەڕێینەوە.

**قەلەندەر:** ئەو دەمەی دڵ بەرگەی ئاگری عیشق ناگرێ ڕەهەندەی کێوانم من، دابڕانی تەواو لە چێژ و ئازاری زیندەگی.

**محەمەدی فیردەوسی:** نیگارخانەیەک تژی لە ڕەنگە حەشیشییەکانی مەرگ، دواجار ڕۆح پارچە نەغمەیەکی سەرگەردانی شاری مۆسیقارە سپییەکانە.

**جەلادەت:** حاخامانی «تەلمود» لە ڕێگەی زانستی زمان و «ئەتباک»ەوە لە پێکهاتەی وشە و هێماکان دەڕوانن و جێ گۆڕکێ بە چەندین پیت و مۆرفیم دەکەن تا بتوانن «کۆد»ە ئاڵۆز و جوان و شاراوەکان بکەنەوە و چەمکی مانا و دەلالەی دەلالەکان بدوێنن.

جەلادەت وشەیەکی لێکدراوە و لە شێوەی کێش و سەروای هەریەک لە وشە سەعادەت، حەسادەت، عەمادەت..تاد بنیاد نراوە، «جەلادەت» ناوە، لە هەمان کاتدا هەڵگری تیشک و پڕشنگگەلێکی زەردباوی ئاوەڵناوییە.

جلا «جەلا» واتا ئاشکرایی، ڕوونی، زانراوی، دیار، هەروەها وشەی «جلد» «جەلدە»، مانای جەڵدەی لێدا، بە قامچی لێیدا فەلاقەی کرد، جلاد «جەللاد» جەڵدە لێدەر، پێستەفرۆش، جـلادة، جەللادە، بەستەڵەک، جلل= جەلەل= گەورە، مەزن، شکۆدار، هەروەها وشەی جلا «جەلا».. تیژی کرد، سافو لووسی کرد، ساویەوە.. «فەرهەنگی شیرین- بەرگی یەکەم- فاضل نظام الدین».

جەلادە+ جەلا+ پاشگری «ت».. هاوکات پیتی «لا»ی وشەی «جەلا» جێگۆڕکێی پێ دەکرێ و شوێنی پیتی «لە»ی وشەی «جەلادە» دەگرێتەوە و لە هەمان کاتدا ئیکسیری هەردوو تاقە وشەی «تەجەللا»ی جیهانی سۆفیزم واتا «دەرکەوت، جیلوەی دا، ڕۆن بۆوە» و جەلالە «ڕێز و شکۆ» چوون تیشک و پڕشنگێکی نادیار ئاوێتەی دەلالە و کۆدی وشەکە دەکرێن.. ڕەنگە لەم گەمەی نووسینەدا کردنەوەی کۆدی ئەو ناوە پرتەقاڵییە ببێتە هۆی لەدەستدانی لەززەتگەلێک حاڵەتی ئێستێتیکی، پێویستە وشەی جیلوەدار مانەندی لال و لالە بدرەوشێ و دورجە ئەڤینییەکانی دڵ ڕۆشن بکاتەوە، لەوێ لەنێو ماڵی تێکستدا، پۆلێک کۆتری سپی «لیس»ە پیرۆزەکانی هەوری سپی جێدێڵن و هۆگری چرکە مەحەببەتییەکانی «مەسیح» دەبن و شاری مۆسیقارە سپییەکان پڕ دەکەن لە گەمەی ئاوازە سپییەکانی [ڕۆحی دالیا سیراجەدین]ی دایساو بە ئاگرەکانی عیشق و مویتەلاو شەیدا بە ڕۆحی «باسم جەزائیری» و خاوەند سیفەتگەلێکی «تیریزا باتیستا».. جارێک زولەیخایە و جارێکی تر [مەریەمی مەجدەلی].. دالیا پێچەوانەی «زولەیخا» چارەنووسی «یووسف» دەنوێنێت، «کاروانچی»یانی کورد لە تەهی بیرێک دەیدۆزنەوە و خورد و خۆراک و پۆشاکی پێ دەبەخشن، وەلێ بە پووڵ و پارە نایگۆڕنەوە، لەسەر داواکاری خۆی ڕەوانەی شاری پرتەقاڵی سپی دەکرێت، دالیا مانەندی زولەیخا هۆگری جوانییەکانی «جەلادەت» دەبێت، کەچی ئەو دڵ و گیانی لێوانلێوە لە ئاگرەکانی نێرڤانا و تەئویل، هێدی هێدی بیر لە عیشق و ئولفەت و فریشتە سپییەکانی زولەیخا دەکاتەوە و بەوپەڕی شکۆ و

خانەدانی خۆی لە کردەی ناچیزی سێکس دەپارێزێت.. دوایین چرکەسات دالیای مەجدەلی بزمارەکانی «خاچ»ی مەسیح کۆدەکاتەوە، «دالیا» ڕۆحێکی مۆسیقادارە. «شاری مۆسیقارە سپییەکان- شاری هەڵهاتنی جوانییەکانی مرۆڤە لە مردن، جەلادەت دەیگوت: هەموو قەقنەسێک دوایەمین دەرکەوتنی خۆی هەیە، ڕۆژێک دێت بە کوچەکانی ئەو شارە سپییەدا سەردەکەوێت و ئیدی ناگەڕێتەوە، ئەوساتە وەختانەیە کە ئارەزووی مرۆڤ بۆ جوانی تێکەڵ بە ئارەزووی دەبێت بۆ مردن، لەناو هەموو بانگەوازێک بۆ جوانی ئارەزوویەکی قووڵی مردن هەیە و لەناو هەموو ئارەزوویەکی مردنیشدا بانگەوازێکی گەورەی جوانی هەیە».

دڵی ئەو شالیسێکە و پەیتا پەیتا لە وێستگە جیاجیاکانی ژیان و بە گەشتە مەینەتییەکانی پڕ دەبێ لە ئاگرەکانی ئەڤین و شەیدایی تیشکە سپی و نادیارەکانی ئەبەدییەت، ڕۆحی ئەو شالیسێکە لێوانلێوە لە نەغمەگەلی مۆنادەکانی موزیک و میهر و جوانی.. ئەمێستا «جەلادەت» قەقنەسێکە و بە شالیسی ئاگرەوە تێرتێر ئاوی لە ڕووباری- لیتی- خواردۆتەوە.. هەموو یادەوەرییەکانی وەلا دەنرێن و لەوێ لە گەردوونی ئەبەدییەتی سپیدا پارچە کریستاڵێک هەس هەمیشە و تاهەتایە دەدرەوشێتەوە «هەموو قەقنەسێک دواجار خۆڵەمێشێکی هەیە کە خامۆش بووە و بڵێسە ناگرێتەوە، دەبێت بڕۆم، تا تینی ڕۆیشتنم تێداماوە دەبێت بڕۆم، گەر قەقنەسەکان درەنگ بسووتێن ئیدی هەڵناستنەوە».

«جەلادەت» بەزمانی ئێستێتیک بە «کاتۆکان»ی دەگوت ئەی پاسەوانانی بەردەرگە و دەروازەکانی شاری میهر و جوانی و نەغمە سپییەکانی ئەبەدییەت.. بڕۆن تێکڕای کلیلی ئومێد و ئاوات و ئارەزووەکانتان هەڵدەنە قووڵایی دۆزەخەوە، من بوونەوەرێکی بێ سێبەر و شەبەنگم.. پێم نەگوتن نووری جوانی پێویستی بە «یاساوڵ» نییە، بڕۆن لەبەردەم ئاوێنەی «نەرسیس»دا بوەستن و فەزاکانی ڕۆح و ئەڤین بنووسن، پێم نەگوتن جوانی لە ئاو دەکا، ئاو بەخشندەترین بوونەوەرێکی جوان و ترسناکی بێ شوناس و مەفتەنە، ئاو مۆسیقای زمانی ئەبەدییەتی گەردوونە. «جەلادەت» دەیگوت «هەموو شتێک پڕە لە خودا» «تەنانەت لە گوڵە باخێکدا و لەگوڵە نێرگزێکیشدا ئەو جۆرە تیشکە خودایانە دەبینین» «ئەم ڕووناکی خودایانەیە لە بوونەوەرەکاندا هەیە، بەڵام مەزنترین نهێنی خوایانە لە ڕێگەی ڕۆحی خۆمانەوە لێی نزیک دەبینەوە، لەوێ لەگەڵ نهێنی ژیاندا ببینە یەک». «جەلادەت» دەیگوت: «سپینۆزا» خودای لە هەموو بوونێکدا دەبینی لە هەموو بوونێکیشدا خودا دەیبینی» مادە ڕەسەنەکە، سروشت، خودا، تەنیا لە ڕێگەی یاساکانی سروشتەوە خۆی نیشان دەدات» ئاخر تەمەنی هەموو شتێک، کەمخایەنە».. «سروشت و ئاگایی مرۆڤ.. دەتوانێ لە ڕۆحی جیهان بگەڕێن» ڕۆحی مۆسیقا سپییەکانی ئەبەدییەت. جەلادەت.. بەزمانی ئێستێتیک بە پاسەوانەکانی دەگوت پێویستە «نەرسیس» ببینن، تا بزانن چۆن پرشنگەکانی جوانی و خانەدانی ڕووەو ڕۆحی گەردوون و ئەبەدییەت پەرش و بڵاو دەکات... دەیگوت: «مرۆڤ هەموو گەردوونی لەناوەوەیدا هەڵگرتووە، ڕێگا پڕ نهێنییەکە بەرەو ناوەوە دەڕوات».

بە یاساوڵ و کاتۆکانی دەگوت [نووسین گەمەی دالەکانە، نووسین بۆ خۆی جەستەیە و چێژ لە خۆشێتی خۆی وەردەگرێت نووسین گەمەیە، لە ڕێگەی ئەو گەمەیەوە جیاوازییەکان دەردەکەون، ئەگەر لەمیانی ئەو وازییەوە چێژ بڕژێ ئەوە لە ئارەزووکردنی ئەویدیکەوە خۆشەویستی پراکتیزە دەبێ»... نووسین پێکەنینە بەو مانایەی کە توانی لۆگۆسێنترالیزم و فۆنۆسێنترالیزم لەم شوێنە بەرزەوە بە پێکەنین بخات و ڕووتیان بکاتەوە.. ئەوی دیکەی جیاواز و کپکراو لەترس ئازاد دەکات، کاتێک ئەوی دیکە لە ترس ئازاد دەبێ ئیتر پێویستی بە هیچ خوداوەندێک نامێنێ» «جەلادەت» دەیگوت: ئەی پاسەوانانی سەردەمی من.. «خۆشەویستی تاسەیەکی زۆری دەروونییە بۆ یەکبوون لەگەڵ گشتدا، ئارەزوویەکی دەروونییە بۆ نوقم بوون لە یەکتابووندا، سەرچاوەی خۆشەویستی دابڕانە، نووسین ئەڤینە، مرۆڤ کاتێک کە هەیەتی دەبێ ببەخشێت، خۆشەویستی بۆن و بەرامەیەکە دەبێت لەگەڵ خەڵکدا دابەشی بکەیت» ، بەڵام بەدبەخت ئەو کەسەیە کە سەرچاوەیەکی شادمانی لەناوەوەی خۆیدا نییە».. ئیسحاق.. دەیگوت جەلادەت «دەق هەرچەندە مەزن بێ کاتێ بە عەقڵێکی بچووکدا گوزەر دەکات بەپێی ئەو عەقڵە بچووک دەبێتەوە» «دەستی بۆ لای ئەو خەڵکەی بە گۆڕەپانەکەدا دەهاتن و دەچوون ڕاداشت و پرسی ئەو عالەمە لە چ دەگەڕێ؟»

جەلادەت دەیگوت: ئەی هەمدەمی من کاتێک دڵت خەبەر دەدا، ڕۆحت لە دەمەساتێکی بێ ڕادە کورتدا بەخێرایی بەنێو دەروونی گەردوونی ژیاندا شۆڕدەبێتەوە، پێم نەگوتی خۆشەویستی ئەو هێزەیە کە ڕۆحی جیهان دەگۆڕێ و باشتری دەکا» «هێشتا نووسینی ئەم کتێبە وەکو تلیاکە و ئارامی دەبەخشێتە مرۆڤ، تلیاک ئازارەکان هێور دەکاتەوە، بەڵام بنبڕی ناکات و نەخۆشییەکە لەناو نابات، بۆیە ئەم نووسینەوەیەش من ئارام دەکاتەوە، بەڵام ناتوانێت کردەوە دزێوەکانی من لەناو ببات و خۆشم خاوێن بکاتەوە».. جەلادەت دەیگوت: [جیهان بەبێ «من- منی هونەرمەند» بوونی نییە، ئەوەی ناسنامە بە هونەر دەدا ئەوە جەستەی منە یان بوونی منە، ئەوەی لەسەمادا مانا بە نمایش دەدا، ئەوە جەستەی مرۆڤە نەک شتی تر]، بەڵام «سەرباری هەموو بەدگومانییەک و تەنانەت سەرباری ڕەشبینی قووڵیشمان، پێویستە دڵخۆش و کامەران بین بەژیان، چونکە ژیان پڕ جیاوازی و ناکۆکییە».. دواجار جەلادەت گوتی:

«نیتشە» نەینووسیوە بۆ ئەوەی شت دابمەزرێنێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بنەماکانی ئاوەز سەراو ژێر بکات. نووسین لای «نیتشە» بریتییە لە هەستکردن بە بوون و دەربڕینی «دەیان وزە» کە وا لە فۆرمەکەی دەکات کراوە بێت لەسەر سەما و کەرنەڤاڵی پێکەنین و ئاهەنگ و ئێسک سووکی و خولانەوە و سەراوبن کردنی هێما و دابونەریت و سرووتەکان.. یاریکردنێکی توندوتیژ و جەنگاوەرانە لەگەڵیاندا و لەپێناو بەدیهێنانی بەختەوەری لەبن نەهاتووە و چێژی هەمیشەیی، نووسین لای «نیتشە» مانای دانیشتنە لەسەر برووسک و بورکانەکان، بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان و کەوتنە بەر لەعنەتی خودا و چوونە ناو ئەشکەوتە دوور و درێژەکان و تەڕایی هەمیشەیی نێو زەوی.

بەڵام «ئیسحاق» گوتی: «نیتشە» «ئیرۆس» لە تراژیبیادا بەرجەستە دەبێتەوە، ئەوە تراژیدیایە کە مرۆڤ هاندەدات تاموچێژی خەیاڵە بەرزەکان بکات، ئیرۆس بەندە بە خودی هەستی ژیان، بە دیدی «نیتشە» جەستەش هەر ڕۆح دەگەیەنێ.. ئەو ئارەزووەی کە ڕووبەڕووی ئاوەز دەبێتەوە چێژ وەرگرتنە لە جوانی، بە تایبەتی چێژی جوانی جەستە، کە پێی دەگوترێ ئیرۆس بۆیە [ئەڤین هەمیشە دەستی هەستێکی چێژ بەخشینی ڕۆحە، لێ ئەڤیندار دەبێ دێوانە بێ، سوکرات دەڵێ (فیادرۆس تۆ بە ئاخاوتنێکی خراپ هاتی، ئەوە تۆ بوویت کە منت ناچاری ئەو ئاخاوتنە خراپە کرد».. ئیسحاق گوتی: سوکرات بە جوانی «فیادرۆس» مەست بووە، ئیرۆس هێزێکە بۆ جوانی و دڵکێش کردنی بەرانبەر، بەڵام مرۆڤ چۆن دەتوانێ فەیلەسووفانە ئیرۆتیک بکات؟ بەڵێ مرۆڤ خۆی دەداتە دەست شێتایەتی ئەڤین، یان ئەشقێکی شێتانە، سوکرات دەڵێ: ئەو فەیلەسووفە ئاشقە، مەبەستی خۆیەتی، بۆ مەبەستی خۆی لەگەڵ «فیادرۆس» ئیرۆتیک ناکات، بەڵکو بۆ مەبەستی ئەو جوانییەی کە لە ئەوەوە شەپۆل دەدات، هەر ئەویشە کە ئەو جوانییە ئەبەدی و ڕاستینەیە بیر فەیلەسووف دێنێتەوە»، بەڵام «مرۆڤ سۆزێکی بێهوودەیە» ئیسحاق دەیگوت: «ئێمە لە فێنکی ئەو ئێوارە غەمگینەدا هیچمان نەبوو بیڵێین، مەستانە سەیری ئەومان دەکرد کە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە دەستنووسێکی گەورە و فلووتێکی لە بن دەستدا بوو و بەرەو ئەو شارە سپییە کە نیوەی لەژێر خۆر و نیوەی لە تەمدا بوو ماڵاوایی لێکردین، ئاخۆ بەرەو مردن دەچوو؟ بەرەو جاویدان دەچوو؟ بەرەو زەمینێکی دیکە دەچوو کە ئێمە هیچ لە ماهییەتەکەی نازانین؟ نازانم».

شاروخ بە هێمنی دەیگوت: من نە خودا ناردوومی نە شەیتان، من هیچ نیم جگە لەو مۆسیقا خەوتووەی ناوخۆت؟ تۆ لەبیرت چۆتەوە مۆسیقارێک لە ناوتدایە و کوژاوە..

زەردەخەنەیەکی دەگرت، هەموو تاریکی ڕۆشن دەکردەوە.. من نە زیندووم نە مردووم

جەلادەتی کۆتر من نە زیندووم

نەمردووم جەلادەتی کۆتر.

**سەرچاوە:**

**شاری مۆسیقارە سپییەکان، تێکست: ڕۆمان، نووسەر: بەختیار عەلی، لە بلاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند، چاپ و دابەشکردن: چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٥.**

# ڕۆمان بەواتای ژانری ئەدەبی و دامەزراوی کۆمەڵایەتی

میشێل زرافا
لە فارسییەوە: عەتا جەمالی
(بۆکان)

(١ - ٢)

لە کۆمەڵناسی ڕۆماندا کۆمەڵناس سەروکاری لەگەڵ هونەرێکدا هەیە. چیرۆکی گێڕانەوەیەکی ڕاستەقینەیە کە لەنێو زماندا دەگونجێندرێ و زۆربەی تایبەتمەندییەکانی خۆی لەوەوە وەردەگرێ. ڕۆمان لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە، لەچاو هونەرەکانی دیکە، ڕەنگە جگە لە سینەما، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتر لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ و لەگەڵ ئەوەدا ڕۆمان زیاتر بە کاتە تایبەتەکانی مێژووی کۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە. لەکاتی خوێندنەوەیاندا دەبێ سەرنج بدرێتە ئەوە کە لەگەڵ جۆرێک لە هونەر ڕووبەڕووین. پرۆست، بەرهەمەکانی فلوبێر دەخوێنێتەوە و فلۆبێر بەرهەمەکانی بالزاک.

بەڵام بەرهەمەکانی ستاندال، جیمز جۆیس، کافکا و فاکنەر بۆ تەواوی بەرەی نووسەرەکان ئەگەر وەکو سەرچاوە نەبووبێت، لانی کەم بووەتە خاڵێک بۆ گەڕانەوە سەریان. بێگومان هێندێکی زۆر لەو بیرۆکانەی لەسەدەی هەڤدەهەمەوە بەدوا لەسەر ڕۆمان گەڵاڵە کراون، دۆخێکی جوانیناسانەی پێ بەخشیوە. ڕۆمانیش وەکو هەر هونەرێکی تر خاوەنی شێوازگەلی ڕاپەڕین و شێوازە خۆپارێزەکان بووە و شێوازی تەواو پێشڕەو و هەروەها درۆینیشی بووە. ڕۆمان دابەش دەبێتە سەر شێوە و بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر کە هەموان بۆ چێژ، یان خەم ڕەوێنی تیپگەلێکی جۆراوجۆر دابین کراون.

لەگەڵ تەواوی ئەمانەدا، ئایا ئێمە دەتوانین خاڵێکی وردی جیاوازی لەنێوان ڕۆمان بەواتای هونەر و ڕۆمان بەواتای «دەرکەوتی کۆمەڵایەتی..دا دابنێین؟ لایەنە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرهەمەکانی بالزاک و پرۆست-دا

ئەوەندە باون کە کۆمەڵناس پێی وایە بە لێکدانەوەی ئەم ڕۆمانانە، هاوکات تایبەتمەندییە واقیعییە جوانیناسییەکانیان ئاشکرا بکات،

لەلایەکی ترەوە، کەسانێک کە ڕۆمان، بە بەرهەمی هونەری نووسەری دەزانن بە پەلە و بەدوور لە ڕاستی، کۆمەڵناس بەوە تاوانبار دەکەن کە بەلای ناوەڕۆکی زاتی و وجوودییدا دەکشێنێت، کۆمەڵناسیش بەنۆبەی خۆی ئەوان بە دارشتخوازی(١) بەرتەسک تاوانبار دەکات.

ئایا بوون و مێژووی کۆمەڵگا تەنیا، بنەمای جۆرەکانی داستانن؟ یاخود ئەم شێوازانە پێشتریش لە کۆمەڵگادا بوونیان هەبووە؟ پێداچوونەوەی رەخنەیی ڕۆمانیش زیاتر لەنێوان ئەم دوو پرسیارەدا گەلاڵە دەکرێت، کە لۆژیکێکی درۆیین و بێ چارەسەر و نامسۆگەرە.

## جۆرەکانی ڕۆمان و جۆرەکانی کۆمەڵگا

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە بە سادەیی لەبیرچۆتەوە کە لەڕوانگەی هونەرمەندەوە وێناکردنی فۆرم هەر ئەوەندە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگا پێوەندیدارە کە خودی بەرهەمی هونەری پێوەندی پێوە هەیە. باڵزاک و پرۆست هیچکام پێیان وا نەبوو کە واقیعی کۆمەڵگا تەنیا کۆمەڵێک ڕاستی دەست لێنەدراوی گریمانەیی بین. لێرەدا لە وتەیەکی هونەری «جیمز» کەڵک وەردەگرین کە دەڵێت: ڕۆماننووس «زانیاری»یەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لێکدەداتەوە و پاشان ڕاڤەی دەکات و هەوڵ دەدات کە تایبەتمەندییە پێویستیەکانی دەستنیشان بکات تا بتوانێ لەکاتی نووسیندا بە باشی بیانقۆزێتەوە. ئەگەر پێشەکی کتێبەکانی «کۆمێدیای ئینسانی(٢)» نووسینی باڵزاک، «وێنەی هونەرمەند بە واتای تاکێکی گەنج»(٣) بەرهەمی جۆیس و «هونەری داستان»(٤) نووسینی «هێنری جیمز» بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە هەر کام پەرە پێدەری بیرۆکە گەلێکن بۆ ڕۆمان و لەسەر ئەو بڕوایەن کە نووسەر دەبێ بەرهەمی بینین و ئەزموونی لۆژیکی ڕاستیەکی پێناسە کراو بێت. ڕۆماننووسێکی پلە دوو کە هەوڵ دەدات بە خەڵکدا هەڵبێلێت یان خۆی بە نووسینی زمانحاڵی خۆی- کە زۆرینەی کات یەک هەواو و دووپاتەیە - ڕازی بکات؛ یان تەنیا واقیعەکان دەکاتە ئامانجێک یان هەوڵ دەدات کە واقیعەکان «هەر بەو شێوەیەی کە بووە» دروست بکاتەوە. ستاندال یان فاکنەر، بە پێچەوانەوە بە شوێن پێوەندیگەلێکی لۆژیکی لەنێوان ژیان و ئاوێتەکردنی جۆرەکانی جوانیناسییەوەن و پێدەگەن. بەرهەمە کلاسیکەکان لە پێوەندی لەگەڵ لایەنە شاراوە و قەدەغەکانی ئەوە کە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری یان دەروونی پێدەگوترێ، جۆرێک کارکردی دەرخەرانەیان هەیە: ئەوان هەم بە شوێن هەستی خۆیانەوە و هەروەها دەربڕی هەست یان بگرە جەوهەری خۆیانن.

هونەری چیرۆکنووسی و هونەری شێوەکاری، جگە لە جیاوازییە ئاشکرا و بەربڵاوەکانیان لایەنێکی هاوبەشیان هەیە: هەردووک لەگەڵ بەرهەمی هەوڵی چڕوپڕ بۆ بە خەیاڵی کردنی واقیعن و دەلالەت دەکەنە سەر ڕاستیەکانیش.

واقع (و بە تایبەت واقیعی کۆمەڵایەتی) ئیتر بە گوێرەی فۆرم، کە کۆمەڵێک لە شێوەکانە، گردو کۆی پاژەکانی خۆی نییە. بۆ وێنە پێکهاتەی «ئابسالوم ئابسالوم»(٥)ی فاکنەر بەدووره لە بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوە زەمانییەکان و دنیایەک ئارەزوو بۆ سیستەمی ڕابردوو و نەفرەت لە کۆمەڵگای «مۆدێرن» لە خۆ دەگرێت و نووسەر بەدروستکردنی ئەوە تایبەتمەندی بنەڕەتی شارستانیەت و مێژووی ئامریکای باشووری لە خوێنەر دەگەیەنێت. هەروەها ئالێن ڕۆب گریە(٦) کاتی پێشنیار کردنی ئەم بابەتە کە «دەتوانرێت کات بخرێنە کەوانەکانەوە» پێمان دەسەلمێنێت کە لەسەر هێڵی ڕاستی جێنیشینی جۆیس-دایە، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵگایەک دەژێنێتەوە کە زیاتر و زیاتر، بەپێی شارەزایی و مەودای دۆخەکان مانا کراوەتەوە. بەڕای ئەم دوو ڕۆماننووسە، جۆرەکانی واقیع و خەیاڵ و هونەر، سێ تەوەری جیاوازن کە لەپاڵ یەک دادەنرێن.

بەرهەمەکانی باڵزاک، دیستۆڤسکی و پرۆست هەم ڕاڤەگەلی جوانیناسانە و هەم تێکەڵکردنی ڕاستیەکانە کە ڕۆماننووس بەر لە دەست پێکردنی نووسینی ڕۆمان ڕاڤەی کردووە و تێکەڵی کردووە. دژوازی(٧) نێو ڕۆمان، دژوازییەکە کە لە تەواوی بەرهەمە هونەرییەکاندا هەیە: ناتوانرێت بکرێتە ڕاستییەک کە تێیدا بەیان کراوە. کۆمەڵناس تەنیا دەتوانێ، ڕۆمان بەپێی ئەو مەرجانەی کە بەگشتی و بەتایبەتی کۆمەڵناسانەیە بخوێنێتەوە، بەمەرجێک کە لە ڕووی ئەم دوو ئاستی بەیانەوە بڕواتە بەر سەرنج. یەکێکیان ئەندێشەی پاڵپشتی بەرهەم و ئەوی تر خودی بەرهەم، واتا ئەوەی

کە نووسراوە ، هەردووک خاوەنی قەبارە و فۆرمن.

ڕۆمان چەندین دەرەنجامی جیاواز لە خۆ دەگرێت کە هەر کام خاڵی پێوەندی نێوان دیراسە و خوێندنەوەی مرۆیی یان زانستی ئینسانین، بەڵام ئەم ڕاستییە کە ڕۆمان کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە دەلاقەکان لەخۆ دەگرێت، بەومانایە نییە کە بۆ ڕاڤەی ئەوان پێویستی بە کۆمەڵێک پێداچوونەوەی- نیوە جوانیناسی، نیوە کۆمەڵناسیی-یە. دەروونیشکاری، ڕاست لەو خاڵەی کە کۆمەڵناسی دەست پێدەکات، ئیشی تەواو نابێت. دەتوانین ڕۆمان بە یەکدیخوازی شیکردنەوە جیاوازەکان بزانین، بەڵام تەنیا بەو مەرجەی هەر شیکردنەوەیەک بەپێی گریانە و میتۆدەکانی خۆی بە ئەنجام بگات. بۆ وێنە دەتوانرێت بەرهەمی کافکا لە چەند گۆشەنیگاوە هەڵسەنگێندرێت. کۆمەڵناسی، دەروونناسی و میتافیزیک- کە هەمووی ئەمانە پێوەندیدار و ڕۆشنگەرن. بەدڵنیاییەوە دەتوانرێت تەواوی ئەوانە پێوەندی بدرێنەوە بە لایەنەکانی دیکەی بەرهەمی ئەوەوە، بگرە لێکدانەوەی فۆرم.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڕاستییەک لە گۆڕێدایە، ئەویش ئەوەیە کە خوێندنەوەی ڕۆمان و بەتایبەت خوێندنەوە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، ناتوانێت دووربێت لە بەلارێدا بردنی بەرهەم و کاریگەری ئەم بەلارێدابردنە لەسەر خوێنەر و ئەمە ڕاستییەکە کە لە چیەتی خودی هونەردا شاراوەیە.

شێوازەکانی چیرۆک، مێژووی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەشێوەیەک کە ئیتر ناکرێت بەپێی مێژوو لێکبدرێنەوە. ئەگەر تاکی کۆمەڵناس، لەم لایەنە بێ وێنەیەی ئەدەبیات و تایبەتمەندی تەکنیکی چیرۆک بێ ئاگابێت، ناتوانێت بە باشی لەوە تێبگات کە ڕۆمان چۆن دەتوانێت نموونەیەکی لێکدراوە و تێکەڵاوی ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی بنوێنێت. هەروەها لەکاتی ڕاڤەی کاریگەری ڕۆمان لەسەر کۆمەڵگا یان فەرهەنگدا توانایی نابێت. ڕۆماننووس دەبێ تەنیا وەک هونەرمەند چاوی لێبکرێت: بەرهەمی ئەو درکاندنی ڕاستییەکە کە- دووپاتی دەکەمەوە- پێشتر لە مێشکی ئەودا واتا و فۆرمی بووە و ئەو، ئەو ڕاستییە بە تەکنیک گەلێک بەیان دەکات کە هەندێکیانی لە ڕابردووانی خۆی و هەندێکی لەو

**بەرهەمەکانی باڵزاک، دیستۆڤسکی و پرۆست هەم ڕاڤەگەلی جوانیناسانە و هەم تێکەڵکردنی ڕاستییەکانە**

دیاردانەی کە بەڕاستی ئەزموونی کردووە، بەدەستی هێناوە. «سێلین» (٨) بە سازدانەوەی حاڵەتە «کەم نرخە»کانی زمان، کە ئەدەبیات پێشتر چاوپۆشی لێکردبوو، ڕوانینێکی تازەی لە جیهان بە ئێمە بەخشی. سارتر، بەنۆبەی خۆی گرنگییەکی زۆری بە ڕوانینی سێلین لەجیهان و بەتایبەت بەشێوازی درکاندنەکەی دا. شێوازی کافکا، هونەری گێڕانەوەی هێڵی لەخۆ دەگرێت کە پێوەندی بە چییەتی یەک لایەنە بوونی جیهانەوە هەبوو بەو شێوەیەی کە ئەو دیتبووی و ئەزموونی کردبوو.

داس پاسۆس، ئەگەر لە سەرەتادا، «مانهاتان»ی بەشێوەیەکی فۆرمێک کە دەیتوانێ چوارچێوەیەکی سەرچاوەیی پێ ببەخشێ دەرک پێنەکردبوایە و پاشان تەماشای فیلمەکانی نەکردبوایە و لە ئەنجامدا زەینییەتێکی لە مۆنتاژی فیلم بەدەست نەهێنابوایە، نەیدەتوانی «تێپەڕین لەماناتان» (٩) بنووسێت.

بەرهەمی هونەری لە ڕێگەی تایبەتمەندی فۆرمی و ئەو تەکنیکانەی کە بۆ خوڵقاندنی ئەم تایبەتمەندییە کەڵکی لێ وەردەگیرێ، لەگەڵ ڕاستییەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە کەوابوو بۆ هەڵهێنجانی ناوەڕۆکی کۆمەڵناسانەی ڕۆمان، دەبێ لەو شێوانە کە فرانکاستێل سەبارەت بە هونەرە وێناییەکان بەکاری هێناوە، کەڵک وەربگیرێت: ڕوانگەی مێژوونووسی پراکتیکی ئەو لەسەر هەموو جۆری جۆرەکان، بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو چییەتی ڕاستەقینەی هونەرە بە باشی پێناسە بکات. واتا، هونەری وەکو زمانێک کە لە کۆمەڵگا دەدوێت و هەروەها لەلایەن کۆمەڵگاوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ، لە قەڵەم دەدا.

بیانووی گرنگتر بۆ ڕاکێشران بەلای جۆرەکانی ڕۆمان ئەوەیە کە ڕۆمان بە ڕاستییەکی بە تەواوی بێ بارستا دەدوێت، واتا ڕاستەقینەی مێژوو، کە هەر ڕۆمانێک بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی هەوڵ دەدات. ڕۆمان، ڕاستەوخۆ هاوپێوەندی لەگەڵ چییەتی دۆخی ئێمە لە مێژوودا و ئەو ئاراستەیەی کە ئەو دۆخە بەرەو ئەوێ دەڕوات. زۆرینەی ڕۆماننووسە گەورەکان بیردۆزانی هونەرەکەی خۆیانن، چونکە بەرهەمەکانی ئەوان هەڵگری بێ چارەسەرترین بابەتە ڕاڤەییەکانن: ئاخۆ ئێمە دەبێ چ واتا و چ

قەبارەیەک بدەین بەم پرۆسە ناتەواوەی ژیانی مرۆڤایەتی و هۆکاری ئەوە کە پرسیارگەلێکی وەکو «ڕۆمان چیە؟» و «ڕۆمان بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوا؟» گەڵاڵە کراوە، ئەمەیە کەوا پێدەچێ، دووپاتی دەکەمەوە واپێدەچێ کە خوڵقانی بەرهەمێکی داستانی نیشانەی پێوەندییەکی پڕ مانابێ لەنێوان قەزا و قەدەرو چارەنووسدا: ڕۆمان دەبێ هاوکات لەوە بدوێ کە چمان بەسەر دێت، واتاکەی لێ هەڵهێنجێت و ئەو ئاراستەیەی بۆ لای دەچین نیشان بدات. ڕۆمانی مۆدێرن وەکو شێوەکاریی مۆدێرن زۆر بە کەمی، بە ئاڵۆگۆڕی و بەلاڕێدا بردنی ڕوخسارەی مرۆڤ و پێناسەکردنی ئەو بەوێنەی بوونەوەرێکی تەواو جیاواز لە هاوشێوەکانی تاوانبارکراوە.

زۆر دەگوترێ کە ئەگەر نووسەر کەسایەتییەکانی خۆی لە بەستێنێکی تایبەتدا دانەنێت و بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی پێناسەیان نەکات و یاخود داهاتوویەکی تەواو ڕوونیان بۆ گەڵاڵە نەکات بەرهەمەکەی ناچێتە خانەی ڕۆمانەوە. گریمان کە شێوەی دروستی لێکدانەوەی چۆنیەتی کەسایەتی لە ڕۆماندا ئەوەیە کە یەکەم: ئەو لەلایەن کۆمەڵگاوە خاوەنی تایبەتمەندی خۆی بێت. دووەم: ببێتە قوربانی کۆمەڵگا، واتا قارەمان دەبێ بەم شێوەیە بسەلمێنێت- زۆرجاران بە مەرگی خۆی) کە کۆمەڵگا «شەڕ»ە؛ یاخود هێشتا مەودایەکی زۆری هەیە بۆ بە «خێر» بوون.

بە ڕەچاوکرنی ئەم جۆرە پێشبینیانە، لێکدانەوەی کاری پرۆست بەواتای تێکەڵاوییەک لەخۆپەرستی(١٠) و جوانیناسی و تاوانبارکردنی سێلین یان فاکنێر بە ڕۆنانی سروشتی مرۆڤایەتی جێ دەگرێت.

بەم پێیە هونەرەکان بە ئاشکرا لەگەڵ هاوکێشەی مانا و بایەخی هەلومەرجی بێ چارەسەری مێژوویی و کۆمەڵایەتی، ڕووبەڕوومان دەکاتەوە. ئەم بابەتە، کە هیچ کات مرۆڤ لە ژیانیدا تەنیا لەسەر پێی خۆی نییە و لەسەرووی ئەمانەشەوە خاوەنی ڕابردوو، ئێستا و داهاتووە، لە دەقی ڕۆماندا بەشێوەی پێویست دێتەوە. سەرهەڵدانی ڕۆمان وەکو جۆرێکی هونەری، وەک پێویستیەک سەلمێنەری ئەوەیە کە هیچ کۆمەڵگایەکی بێ مێژوو، وجوودی نەبووە و هیچ مێژووییەکیش بەبێ کۆمەڵگا نەبووە. ڕۆمان یەکەمین هونەرێکە، کە بە ئاشکرایی، هەر بەو شێوەیەی کە لە ڕوانگەی مێژوویی یان کۆمەڵایەتییەوە پێناسەکراوە، مرۆڤ پێناسە دەکات.

لە ئوستوورەدا مرۆڤ بە ئاشکرا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بەسەرهاتی ئەو تەنیا لە ڕێی هەندێک ئامرازی نادیاری دەست تێوەردانی خوداکان، یان قارەمانەکان و یان ڕووداوە جادووییەکان بە ئاکام دەگات. کۆمەڵگا لە ڕێگەی ڕۆمانەوە دەچێتە ناو بەستێنی مێژووەوە و مێژوو دەچێتە بەستێنی کۆمەڵگاوە.

## کۆمەڵگا: نموونە و دژە نموونە

بەهەرحاڵ، ئەگەر هەمیشە لە ڕۆماندا شوناسی مرۆڤ لە چوارچێوەی تێکەڵاویی مێژوو و کۆمەڵگادا ئامادەیی هەیە، لە ڕۆمانە خەیاڵییەکاندا جاری وایە، واتایەکی پۆزەتیڤ، وەکو بەرهەمەکانی باڵزاک، هەندێ جاریش بەمانایەکی نێگەتیڤ وەکو بەرهەمەکانی پرۆست دەبیندرێن. لە «کۆمیدیای ئینسانی»دا هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان هەر بەڕادەی ڕۆمانی «گەڕان بەشوێن زەمانێکی ون بوودا» (١١) ڕاستن، بەڵام ئەم هۆکارانە بەڕای باڵزاک لەبنەڕەتەوە ڕاستن، لەحاڵێکدا کە پرۆست زیاتر، ئەوانە بە ڕووکار و پەراوێز دەزانێت. کۆمەڵناسی ڕۆمان نابێ چاو لەم ڕاستیانە بپۆشێت کە ڕۆمان لە ڕێگەی فلۆبێر یان بگرە جۆیس، یان فاکنەر، پشتی کردۆتە مێژووی سروشتی کۆمەڵگا بەواتای «نموونە» و ئەو جەبرگەراییەی ڕەت کردۆتەوە کە بنەمای دنیای سروشتخوازی باڵزاکی پێکهێناوە. تەواویەتی مێژوویی ڕۆمان دوو ئاراستەی جیاواز لەخۆی دەگرێت: ڕۆمان بەپێی بارودۆخ و بەهۆی دیاردە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی وەک ژانرێک سەری هەڵداوە و گەڵاڵە کراوە، بەڵام کاتێک شۆپی هونەر وەربگرێت کە خۆی لەگەڵ دیکەی هونەرەکان بەرامبەر کردەوە. ئەگەر بمانەوێ بەهای ڕۆمان بەواتای «بالانوێنی کۆمەڵگا» هەڵسەنگێنین، پێویستە کە ئەمە لەمێشکی خۆماندا بگونجێنین کە ئێمە ناتوانین وەکو کۆمەڵناسەکان بۆ هەڵسەنگاندنی باڵزاک و پرۆست لە شێوازێکی یەکسان کەڵک وەربگرین. لەبەرهەمەکانی باڵزاکدا، ژیانی کۆمەڵایەتی دەست دەکەوێ، لەکاتێکدا لە بەرهەمەکانی پرۆست-دا دەبێ بۆی بگەڕێی. لە هەردووک جۆردا دەبێ سەرنجی پێویست بدرێتە شێوەی ڕوانینی نووسەر سەبارەت بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ئەم شێوە ڕوانینە لە ڕێگەی نووسراو و شێوەی نووسینەوە دەردەکەوێت.

ڕۆمانی باڵزاک یان دیکێنز زیاتر بەوێنەیەک کە دەربڕی ڕووداوێکە دەست پێدەکات و پاشان نووسەر هەوڵ دەدات بۆ پێوەنددانەوەی ڕاستیە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی و پێش ئەو و پاشان چیرۆکەکە کورت دەکاتەوە. بە پێچەوانە لای فاکنەر، ئەم جۆرە لێدوانانە دەبێتە کۆمەڵێک وێنەی تاریک و ڕووناک لە مێشکی کەسایەتیەکاندا. ئەم دوو شێوازەی نووسینی داستانە، ڕاستەوخۆ پێوەندی بە دوو ئاراستەی تەواو پڕ ماناوە هەیە لەمێژووی کۆمەڵگادا.

لەگەڵ ئەوەشدا، گێڕانەوەکانی فاکنەر ڕەت کەرەوەی ڕەچەڵەکەکانی ڕۆمان، کە بەواتایەکی تایبەت، کۆمەڵایەتی و مێژووییە، نییە. ڕۆمان بۆ کەسانێک کە دەیانویست پێگەی خۆیان لەدرێژی مێژوودا بدۆزنەوە و ئاگاداری دروست بوونی چینێکی دیاری کراوبوون، گەڵاڵە کرا. کەواتا ڕۆمان لە بەرامبەر سیستەمی تاڕادەیەک میتافیزیکی و ئۆرگانێک و گشتی ئوستوورەدا، بڕیاری ڕاڤەی سیستەمێکی دا کە گرووپێک لە پرۆسەی سەقامگیربوونی خۆیان وەکو چین، پێکی دێنن. گرووپێک کە لەخوێندنەوەی ڕاپۆرتە ڕوون و ڕۆژژمێرییەکەی ڕابردووی خۆی و هەروەها تایبەتمەندییە ئاشکراکانی دەسەڵات، سەروەری و لەززەتەکانی خۆیان تووشی دڵخۆشی دەبوون.

**بەرهەمی هونەری لە ڕێگەی تایبەتمەندیی فۆرمی و تەکنیکی لەگەڵ ڕاستییەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە**

ئەگەر ئەوە قبوڵ کەین کە «هونەر» بەشێکە لە بەهاکان کە بەشێوەیەکی بەرچاو جوان دەنووسرێت و «ژانر» جۆرێکی هونەرییە کە پێڕەوی چوارچێوەی زنجیرەیەک یاسای تایبەتە، بەم شێوەیە ڕۆمان لەسەرەتاوە وەکو جۆرێکی نا هونەری و نا ژانری سەری هەڵداوە.

لە پلەی یەکەمدا، ڕۆمان بە تەواوی خۆی لە کۆت و بەندی جۆرەکانی شیعری دەرباز دەکات. ئەوکات، شێوازی پەخشانی ئەو بەخێرایی لەگەڵ «پەخشانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان» «بەپێی وتەی هیگڵ»، تێکەڵ بوو و بەردەوام جێگەی ئوستوورە کە پێشتر دەسەڵاتەکەی تێکشکاندبوو، گرتەوە و دارمانی ئوستوورەی بەهۆی ڕەسەن بوونی خۆی زانی. ڕۆمان کە لە جیهانبینییەوە سەرچاوەی گرتبوو و توخمە خەیاڵیەکانی خەریک بوو دەستڕانەوە. بەنۆبەی خۆی دەستی کرد بە کەڵک وەرگرتن لە وەهمە ڕەمزاوییەکانی ژیان.

مێژووی ڕۆمان لە گۆڕان یان ڕووبەڕوو بوونەوەی حەقیقەت و بەلارێدا چوون لە «داستان»دا پێکهاتووە، تاڕادەیەک هەمیشە ڕۆمانێک هەیە کە هەموو شتێکی کردۆتە ڕاستیگەڵێکی سەر ڕاست. بەپێی دەستەواژەی کۆمەڵناسی، ئەم دابەشکردنەی ڕۆمان لەنێوان واقیعخوازی و نەبوونی واقیعخوازی، نیشاندەری ئەوەیە کە ڕۆمان، نموونەگەلێک بۆ ژیان و ڕەوشت و هەستی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا پێشنیار دەکات و ئەوە کە لە ئەنجامی ئەم کارەدا، توندوتیژییەکانیشیان دەنووسێتەوە. داستانی «فریوخواردووان» (١٢) بۆ دژایەتی لە بەرامبەر «ئاستریێ» (١٣) و «میۆلێنی گەورە»دا نووسرا، تا لەگەڵ «واقیع خوازی کۆمەڵایەتی» کە بەڕواڵەت لە ساڵی ١٩١٣دا باو بوو بەرەنگار بێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من وشەی «ئوستوورە»م تاڕادەیەک بەمانای «فکرە» بەکارهێناوە. چونکە ئەگەر ئەمجارەیان ئوستوورە بەمانای گرووپێک لە چەمکەکان یان ئەو بەهایانەی کە مانا بەڕاستییەکان دەبەخشن بەکاربهێنین، هەمیشە بۆ سەرکەوتنە گەورەکانی ڕۆمانی واقیعخواز پێویست بووە.

بەڵام چ ڕۆمان وجوود بگۆڕێ بە ئامانج و چ پاڵنەرە ناوەکییەکان ئاشکرا بکات، بەردەوام چییەتی بنەڕەتی مێژوویی- کۆمەڵایەتی خۆی دەپارێزێ. ڕۆمان بەم هۆیە، ئەم کارە دەکات کە ئەگەر ئێمە خۆمان لەجێی خوێنەر دانێین، لەجێی کەسێک بە ڕای ئەو ڕۆمان لە ڕاستیدا بەدوا یەکداهاتنی لاپەڕەکانە، دەبینین کە پێوەندیگەلێکی تاکی پێشکەش دەکات کە لە پرۆسەی گەشەی کەم و کورت درێژەدار، بەڵام بەردەوام لە بەرەو تەواوەتی و گەشەستێنیدایە.

نووسینەوەی «لە چاوەڕوانی گۆدۆدا» بەشێوەی ڕۆمان، بەتەواوی جێبەجێ دەکرێ بەڵام نووسەر لەوکاتەدا، ناچارە بەشێوەی گوتن شەرحی ئەوە بکات کە ئەکتەرەکانی شانۆ بەجووڵە و کردەوەکانیان بەردەوام چ شتێک دەردەبڕن. بەم شێوەیە کاتێ کە ئەم شانۆیە شێوەیەکی گێڕانەوەی بەخۆی گرت، شتێک کە

ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەم دوو جودایییە بوو دەبێتە جۆرێک پێوەندی کەس لەگەڵ کەس. هەردووک کەسایەتی بە جێگیر بوون لە زەمانی خۆیاندا ئاشکرا دەبن و چۆنییەتی تەواو ڕاوەستاوی «چاوەڕوانی» کە بیکێت وەکو شانۆنامەنووس بەدەستی دێنێت دەبێتە «چاوەڕوانی» لەڕوانگەی جوولەوە. لەکۆتاییدا نووسینەوەی «گۆدۆ» بەواتای جۆرێکی گێڕانەوەیی دەبێتە هۆی لەناوچوونی جیاوازییەکی بنەڕەتی کە لە حاڵەتەکانی تردا بەرهەمی شانۆیی بیکێت لە ڕۆمانەکانی جیا دەکاتەوە. شانۆنامەکانی ئەو بەگشتی بابەتی پووچی و بێ مانایی بڵاودەکەنەوە، بەڵام ئەوە لە دەروونی خۆیاندا دوو هێندە دەکەنەوە (ژیان بەشێوەیەکی کوشندە بەربەست کراوە، چەند پاتە و یەک هەوایە، چاوەڕوانییەکی ئارامە بۆ مەرگ، مەرگێک کە خۆی «ناگات») ڕۆمانەکانی ئەو لێکۆڵینەوەی ناخۆشی ئەم وتەیەیە کە ژیان هیچ مانایەکی نییە و ئەم ناخۆشییە هێڵییە (تا کاتێک کە وشەکان بوونیان هەیە ناچارین قسەیان پێ بکەین) واتا کۆتایی ڕێیەک کە تێپەڕی دەکات هی خودی ئەوە.

ئەمێستا هەموو کەسێک دەزانێ کە هیچ «هێڵێک» لە ڕۆمانەکانی بیکێت-دا نییە و بگرە فکرەی مەبەست و گەڵاڵە ڕەت دەکاتەوە. مرۆڤ دەبێ کۆمەڵناس بێت (بێگومان) تاکو بوونی پێوەندی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی لە «مۆلۆی»دا بدۆزێتەوە، بەڵام کۆمەڵناس ببین یان نەبین، بۆچی کتێبێک بخوێنینەوە کە بە مەبەستی ڕەت کردنەوەی هێنانە بەرچاوی چاخێکی مێژوویی نووسراوە و بۆچی پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان لە نووسراوەیەکدا بدۆزینەوە کە بگرە هێنانە بەرچاوی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی نابوود دەکات؟ دوو هۆکاری هەیە.

یەکەم، ئێمە «داستانی» ڕاسکۆڵنیکۆف(١٧) یان لیئۆپۆڵد بلۆم (دنیای بلۆم)مان خوێندۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاستی ئەوەیە کە لەسەرووی ئەو شتەی کە بیکێت لێی دەدوێ، کتێبەکەی ئەو خەڵک و شتەکان پێکەوە پێوەند دەداتەوە، بگرە ئەگەر ئەم کارە تەنیا لە ڕێی نزیکایەتییەوە بێت.

ڕاستی لەلای لویس بۆرخێسە(١٨) کە دەڵێت: «بابەتی بنەڕەتی ڕۆمان قەزاو قەدەرە.»

«بارتیز»(١٩)یش دەڵێت: ئەگەر بمانەوێ بە واتایەکی تایبەت لە ڕۆمان بدوێین چالاکییەکی بەکۆمەڵایەتی بووە. ڕۆمان ئەدەبیات وەکو دامەزراوێک باس دەکات.

لە «یۆهان دۆسانترەی چکۆلە»(٢١)وە بگرە هەتا کۆزن پۆن(٢٢)» ڕۆمان بەشێوەیەکی دوو لایەنە ئەدەبیات وەکو دامەزراوێک باس دەکات و جگە لەوە کە نیشان دەدات لە دەرەوەی مێژوو یان کۆمەڵگا هیچ حاڵەتێکی ئینسانی لە گۆڕێدا نییە، بەڵکو بە ئاشکرایش ئەو حاڵەتە شی دەکاتەوە و بە هەندێک نموونەی وردبینانە و پێوەندیدار، دەیهێنێتە بەرچاو. «تایبەتمەندیی بەکۆمەڵایەتی بوونی» ڕۆمان بۆتە سەرگەردنی هەندێک ئەرکی بەرچاوی فەرهەنگی، سیاسی و باوەڕ بە کەس. بۆ وێنە چیرۆک بگرە لە شیعر زیاتر لە هەندێک چەمکی نەتەوەیی و ڕاپەڕینی نەتەوەیی لە وڵاتە داگیرکراوەکان یان ئەو وڵاتانەی کە بە تازەیی سەربەخۆییان وەدەست هێناوە، دەدوێت.

ناودێرکردنی ڕۆمان بەواتای دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی دەتوانرێت لە ڕێی ژمارەی ئەو ڕۆماننووسانەی خەڵاتی نوبڵیان لە ئەدەبیاتدا بردۆتەوە، یان پۆستی زانکۆییان پێ بەخشراوە و هەروەها لەو دەرەنجامە قووڵە کۆمەڵناسانەی ئەو خەڵاتانەی کە پێشکەشی نووسەرەکان کران بهێنرێتە بەرچاو. ئالێن ڕۆب گریە ئاماژەیەکی باش «بە فەرهەنگێکی زەینی»ی تایبەت دەکات کە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمان، چوارچێوەی خەیاڵ کە تایبەتە بە باڵزاک پێک دێنێ. بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی بەرهەمی بیکێت «ناونەخواز»(٢٣) دەبێ مێشکی خۆمان لە چەمگەلی مێژووی و کۆمەڵایەتی جۆری مرۆڤ کە ناوی باڵزاک بەوەوە بەستراوەتەوە، پاک بکەینەوە. بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بیکێت دەبێ خۆمان لە بەندی چوارچێوەی خوێندنەوەی پێشترمان ڕزگاربکەین، ڕاست هەر بەو شێوەیەی لەکاتی ڕوانین لە بەرهەمە شێوەکارییەکانی مۆندریەن(٢٤)، خۆمان لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تایبەت دەپارێزین و ڕۆحی هونەری نیشان دەرەوە لە مێشکی خۆمان هەڵدەبڕین. گەشەی ئەم چوارچێوەی خوێندنەوەی ئیرجاعییە (لانی کەم لە ڕۆژاوادا) شەش سەدەی خایاند. واتا مەودایەکی زەمانی پێویستە تا ڕۆمان ببێتە جۆرێکی ئەدەبی ئەوەش ڕاستەکە ڕۆمان بە واتای شێوازی گێڕانەوەیی تایبەت لە سەدەی دوازدەیەم بەدواوە سەری هەڵدا، بەڵام ناسینی بەتەواوی بە واتای جۆری ئەدەبی، تا کۆتاییەکانی

ســەدەی هەژدەیەم ڕووی نەدا. واتە کــاتێکی نەک زۆر درێژ، بەر لەوەی کە ناوی باڵزاک بۆ ڕەمزی کردنی ڕۆمان و بەیانی تایبەتی ڕاستی مـێژوویی و کـۆمەڵایـتی ئەو وەســەر زاران بکەوێت. کــاتێ کــە ســەرەتا ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ڕۆمان ناسراو لە ڕاستیدا بە ئەرکی سەرەکی ئەو ژمێردرا حاڵەتی بێگومانی ژانری ئەدەبی وەدەست هێنا.

ڕۆمان کە هیگڵ بە «حەماسەی مۆدێرنی بۆرژوازی» پێناســەی کـردووە، ئەدەبیــاتی لەڕێگەی پرۆســەیەکی هیگڵیــەوە دامـەزراندووە. لە ڕاســتیــدا ئەدەبیــات لە ڕێگەی باڵزاکــەوە بوو بە ئاوێتــەی زاتی ویناکــردنی مێژوو، کۆمەڵگا و دەوڵەت. لەگەڵ تەواوی ئەمانەشدا هەرێمی ڕۆمان، بەواتای وێناکردنەوەی مێژووی کۆمەڵگا و میتۆدی زانیاری وەرگرتن لەو کە هەردووک لە جەغزی چینی دەســەڵاتداردا بوون- بە خــێــرایی تێکشکا و نیشاندانی بەشێوەی ڕاستییەکی جوانیناسانە، کەوتە پارادۆکسەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە وادەزانرا ڕۆمان لە مـــادده و شـکڵـــدا بە دیاردە مـــێـــژوویی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستراوەتەوە بەشێوەی بەرهەمێکی هونەری دەرکــەوت. ڕۆمــان وەکــو ژانرێکی ئەدەبی، پرۆســەکــانی قــەزاو قــەدەری و ئارمــانی مــێــژوویی کــۆمــەڵگای وەرگــرت و دەربــڕی. وەکــو هونەریش کـەسایەتی بەپێی پێـویست کـۆمـەڵایەتی کـە دیدرۆ، باڵزاک، دێنۆ یان دیکێنز لەسەری دوابوون گەڕاندەوە بۆ ناو بەستـێنەکەی. پرۆست گـوتوویەتی کە سەرکەوتنی فلۆبێـر شـۆڕشگێـڕانە بووە، ڕاسـتی لەلای ئەو بوو. بە سەرهەڵدانی ئێـمـا بۆڤـاری، ئیـتر کـەسایەتی لەلایەنی کـۆمـەڵایەتی یان مـێـژووییـەوە بە توخـمی سـەرەکی دانەدەنرا، هەروەها هونەرێک کە تایبەت بوو بە ڕۆمـان خەریک بوو ئاشکرا دەکرا و ئەمـە ڕاسـتـیـیـەک بوو کە نووسەرانی لەگەڵ هەندێک کێشەی زۆر ورد ڕووبەڕوو کردەوە.

لە ڕاســتــیــدا ڕۆمـان هەم ژانرێکی ئەدەبی بوو، هەم هونەرێکی ئەدەبی. ئەگـەرچی بەرلەوەی بە ڕەسـمی و بە ئاشکرا ببێتە هەرکام لەم دوو جۆرە، دانی پێدا نەدەنرا. شێوەکاریش هەر بەم شێوەیە گەشەی کرد، ڕۆڵی تایبەتی ئەو بەرلەوە کە لە سەدەی بیستـەمدا ببێـتە «ژانرێک» مــاوەیەکی زۆر بەشـێـوەی «نیـشـــاندەرەوە» مــابۆوە. جـۆراوجــۆر بوونی بەربەرینی ڕۆمــان لەلایەنی تەوەر و درێژاییــەوە، گـۆڕانکارییـەکی فـراوان و لە دوای یەک، ژمارەی بەستێنە خەیاڵی و واقیعییە گەلاڵەکراوەکانی نێوی هەمـوان هاندەری ئەم بیـرەن کـە ڕۆمـان نە خاوەنی یاسایە و نە چوارچێوە و واپێدەچێ کە بەڕێیەکی تایبەت بە خۆیدا دەڕوا کە لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هاوتەریبە. لە مێژوو دەکۆڵێتەوە و لە سەروو هەمووانەوە لەتایبـەتمەندییەکانی کە لام کەڵک وەردەگرێ. چیـرۆک وەک دامـەزراوێک، وەها لە ژیاندا جێی خـۆی کـردۆتەوە کـە زۆر بەکـەمی پێـویسـتـیـیــەک بە ئاشکرا کـردنی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی دەبێت. بۆ نووسینی چیرۆکی ژیانی یەک یان چەند کەس لە تاکەکان پێویستییەکی بە یاســای تێکەڵکردنی و ڕوانگە نییــە، بەڵام ڕۆمــان لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە هەندێک ڕێسای تایبەت بەخۆی بوو کــە پێناســەی ناوەرۆک و دەربڕی حــاڵەتەکــانی پێکهــاتەکـەی بووە. بەدڵنیــاییــەوە ئەم ڕێســایانە لە بەرامبەر ئەو ڕێسایانەی کە بەسەر شیعردا زاڵ بوون زۆر ورد نەبوون.

بەڵام ئەمە تا ئەو جێیەی کە لە شێوازەکانی چیرۆکی ئوستوورەیی سەرچاوەی دەگرت ڕاست بوو. لەگەڵ هەموو ئەمـانەشـدا، دەستـوورەکـانی ڕۆمـان ڕێگەی ئەوی دا کـە لەگەڵ ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیانەی کە بەشوێن وێڵ کردنی نەزم و ئەندێشـەی ئوسـتـوورەدا بوون، یەک بگرێتــەوە، ئەوان بەبێ ئاشکراکـردنی کـارەکـەیان لە هەوڵدا بوون. ئوسـتــوورە لەکـاتی دارمـانی خـۆیدا، چوارچێـوەگـەلی ناوەرۆک و شـێـوازی بۆ ڕۆمـان دەسـتـەبەرکـرد و هەر ئەو دیاردە کۆمـەڵایەتییـانەی کە هۆکاری دارمانی ئوستوورە بوون، بوونە یەکەمین یارمەتیدەرانی ڕۆمان.

کــاتی نووسـینی ڕۆمـان، یەکـەمین ئەرک پێـویسـتـە سیسـتـەمێکی مێـژوویی سـەربەخۆ و سنووردار گەڵاڵە بکرێت. باڵزاک، شێوەیەکی ڕۆژژمێری لە زەمان نیشان دەدات (زەمــانی کــەســایەتیــەکــانی ئەو، زەمــانی کــاتژمــێــرەکــانە، بگرە لەکــاتی وەبیــرهاتنەوەی بیــرەوەرییــەکــان). پرۆست بە پێــچـەوانەوە، زەمــانی ڕاستـەقینەی مێشک لە بەرامبـەر زەمانی دەستکردی کۆمەڵگادا دادەنێت، بەڵام هەردووکی ئەم ڕۆمانووسانە بە وردبینیــیــەوە دنیــایەکی هەرمــان وێنا دەکــەن و لەسەرووی بەردەوامیەوە.

- واتا لە سـەرووی دوایین وشەیەک کە دەنووسرێت و دەخوێندرێتـەوە- هیچ شتێک بوونی نییە. لەم بارەیەوە

دەکرێ بگوترێت کە گێڕانەوەی بالزاک کەمتر لە پرۆست بەرتەسک و بەربەستراوە، چونکە «کۆمیدیای ئینسانی» لە ڕوانگەی مێژوویی و پێکهاتەییەوە بەردەوام دەمێنێتەوە، بگرە لە پاش کۆتایی «گەورەیی و بەدبەختی ژنانی بەدناو» (٢٥) لە حاڵێکدا، وشەی زەمان کە کۆتایی بە بەرهەمی پرۆست دەهێنێت، دەرگایەکە کە بەسەرمانەوەی ڕۆحدا دادەخرێت و بەڕووی مەرگدا دەکرێتەوە.

لە ڕاستیدا دیتنی لەم جۆرەی بەسەرهاتی کۆمەڵگا کە بالزاک وەک ڕاستییەک، ڕێزی لێدەگرێت و پرۆست بەناوی فێڵ و تەڵەکە ڕەتی دەکاتەوە، چیرۆک بەداوی مەرگ و ژیانەوە گرفتار دەکات.

گەلاڵەی قارەمان یان گێڕەوەر بەپێی هەلومەرجی گەشەستێن کە پێویستە بۆ وەستانێک دەستەبەر بکرێت، پێک دێت. هەروەها هەر بەهۆی ئەوە کە مەترسی کۆتایی ڕۆمان، ڕەوتی ڕۆمان سازدەداتەوە و لاسایی پێکەوە بەسترانی هۆکار و کاریگەرییەکان دەکاتەوە، خوێنەر لەگەڵ حەسرەتی قووڵی کۆتایی تۆڵە هەڵنەگری ڕۆمان ڕووبەڕوو دەکاتەوە. ئەم هەستە لە ڕووبەڕووبوونەوە لە کۆتایی شانۆنامە قووڵترە. کۆتایی کتێب هەر شتێک بێت، شاد یان خەمین، هەستی خوێنەر سەبارەت بەو، هەرگیز وەکو بینەرانی ئەو شانۆنامەیە ئاینییە نییە کە حەزیان لێبوو هێرش بکەنە سەر یەهوودا یان کەسانێک کە لە کۆمێدییەکانی شێوازی «میلۆدرام» فیکەیان بۆ کەسی لات دەکێشا و ناڕەزایی خۆیان سەبارەت بەو دەربڕی.

ڕۆمانێک کە بەپێی پێویست چییەتیەکی «کۆمەڵایەتی» هەیە، لەسەر هاندان بۆ شۆڕش، کارێکی ئەوتۆ لە چاو کۆمەڵکا ناکات، بەهۆی سیستەمی سنووداری خۆی کە بەپێی وتەی لیڤی شتراوس، لە بەرامبەر سیستەمی داخراوی ئوستوورەدایە – نموونەیەکی باشە کە کۆمەڵناسی زەمان و کۆمەڵناسی مەرگ بەدەستی ئەو لقوپۆپ وەردەگرێت.

ڕۆمان لەدرێژایی سالانێکی زۆردا هەندێک یاسا و ڕێسای بووە کە خۆی لە مێژووی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ڕۆماننووسەکان- بەتایبەتی ئەوانەی کە هی چاخی ڕێنسانس بوون- پێیان خۆش بوو بسەلمێنن کە کۆمەڵگا هۆکار و بەرهۆی سروشتی مرۆڤایەتییە. واقیعخوازی فیلدینگ(٢٦) یان ماری ڤوو(٢٧) لە چەمکی هونەرێکی کە لەخۆیدا کۆمەڵایەتی و مێژووییە، سەرچاوەی گرتووە. هونەرێک کە بە پێچەوانەی تێگەیشتنی گەورەی زۆرینەی نووسەرەکان بوو. نووسەرانێک کە ژیانیان وەک قەسیدەیەکی کورت پێناسە کرد و کەسایەتییەکانی ئەوان وەکو بوونەوەرانێکی کامڵ بوون. لە «مۆل فلوندێرز» (٢٨) بەرهەمی دێفۆتا، «ژوستین» بەرهەمی ساد، ئەم جوانی ناسییە لە ڕێی دژایەتی و ڕیزپەڕ دروست بووە. ڕۆماننووس بە یارمەتی سەرپۆشەکانی سیستەمی ئاینی و سیاسی بەشوێن ڕێ بردنەوەیە بۆ ناو قووڵایی ڕاستی بنەڕەتی کۆمەڵایەتییەوە. ڕۆسۆ-ش کاتێک کە کێشە واقیعیە کۆمەڵایەتییەکانی لە نایەکسانی سیستەمی هاوچەرخ جیاکردەوە، تا بیکاتە جیهانبینییەک، کە بەڕای ئەو واقعی باش و «سروشتی» بوو، بە دژایەتی و ڕیزپەڕەوە هاتە کایەوە. بەم شێوەیە، ئەگەرچی یاسا و ڕێسا هەمیشە نوێ و سازدراوە دێتە بەرچاو، سەرکەوتنی تایبەتییانەی چیرۆک لە ئاکام و ئەرکی تێگەیشتنی کۆمەڵناسانەوە وەدەست دێت. ئەو تێگەیشتانەی کە لەنێوان نووسەرە ڕەسەنەکانەوە زۆر زۆر وردبینانەترە و ئەم وردبینییە، هەر بەو شێوەیەی کە کۆمەڵگا ئەوروپییەکان ئاڵۆزتر و جیاوازتر دەبنەوە، دیسانەوە زیاتر دەبێت.

ئەم لێک جیاکردنەوەیە (کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆچوونی «بەهاکان» سەرەنجام بوو بە هۆی سەرهەڵدانی بەستێنێک بە چەند واتای کۆمەڵناسییەوە، واتایەک کە لەوانی تر گەورەتر بوو زیاتر، کاتی هەڵوێست لە بەرامبەر چیرۆکدا، کە لە ڕاستیدا گرفتاری گێڕانەوەی کۆمەڵایەتی بوو، سەری هەڵدا: ڕۆمان لە حاڵەتی بەرهەمێکی هونەری ناڕاستەوخۆ بوو بە هونەرێکی ڕاستی بێژ و ڕوون. فلۆبێر و هێنری جیمز بەتایبەت یارمەتی دۆخی سەرەکی جوانیناسی ڕۆمانیاندا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەگەر هەستی «ڕۆمان بەواتای بەرهەمی هونەری» (بە گوتەی یەکێک لە ڕاڤەکارانی بەرهەمەکانی جیمز) تەنیا لە بەشی سێیەمی سەدەی نۆزدەیەمدا سەری هەڵدا و دەسەڵاتی گرتە دەست، لەگەڵ هەر بنەمایەکی «هونەر بۆ هونەر» هەروا بێ پێوەندی مایەوە.

**سەرچاوە: میشل زرافا، ادبیات داستانی، تهران ١٣٦١**

# دوو خوێندنەوەی چیرۆکی مەزادخانە

**عەبدولخالق یەعقووبی**
**(بۆکان)**

## مەزادخانە

**مستەفا شێخە**
**(شنۆ)**

– ڕۆڵەگیان هەزارجار لە چاوی نەنکت کەوێت بیکوژێنەوە. با چ دیکە نەیبینم.

داپیرە چەنەی کەوتبووە سەر ئێسکی دەرپەڕیوی سنگی و مەمکە داتەپیوەکانی تڵپاتی شیریان تێدا نەمابوو هیچ، وێدەچوو خوێنی ناو ڕەگەکانیشیان بەرەو دەمی بێ ددانی ئەو کچ و کوڕانە داچۆڕابێ کە شەوانی دوور و درێژ بەسەر بێشکەیاندا چەماوەتەوە و خەوەنووچکە بردوویەتەوە.

هەر جارەی سەری کەڵافەکەی لە دەس بەردەبوو لەسەر ڕێگای دۆزینەوەی سەرە داوی بەربوودا چاوی دە هەڵتۆقیواییەکانی سەر سنگی هەڵدەنگووت کە مزگێنی گۆڕانێکی تازەیان پێ بوو. ئەو لە گۆڕانەکە دڵی دەلەرزی و زۆر جاریش ئەو دڵ داخورپانە دەبووە هۆی ئەوە سەری کەڵافەکەی لە دەست بەربێت و ناچار بە شوێن سەرە داوەکەدا دیسانیش چاوەکانی ڕێیان بکەوێتەوە سنگی و بە ناو تاسە و ئارەزوو و ترس و دڵەڕاوکێ و دڕدۆنگیدا شۆڕبێتەوە. لە گرێدان و داکوتانی هەر هێلمێکدا بناغەی ژیانێکی ئارەزوومەندانەی سازدەکرد و دوای بڕین و جیاکردنەوە، داوەکە لە ماشەرو بەستنەوەی هێلمێکی دیکە بناغەیەکی تری دادەناوە. ئەوکاتەی لە پەراوێزەوە

بەرەو ناوەند دەچوو. هێلمەکان پاڵیان وێک دەدا و بەزەبری کەرکیت و دەفە و بە هۆی «پۆ»وە دەکەوتنە سەریەک. پێش ئەوەی لە پەراوێزەکە بەرەو تەختایی بپەڕێتەوە جووتێک باڵندە لە سەر لکێکی سەوز بە چەن گەڵای سەوزترەوە بە شێوەیەک هەڵنیشتبوون چریکە و پێکەنینیان لێ دەباری. ئەم جووتە باڵندە کە لە جووتێکی بەختەوەر دەچوون لە بەرینایی مافوورەکەدا بە درێژایی پەراوێزەکە لە ناو کۆمەڵێک لق و گەڵای وردتردا چەند پاتە دەبوونەوە. ڕووبەری مافوورەکە ماندووتری دەکرد، چونکە هەرکە لە پەراوێزەوە پەڕیباوە تەختایی، دەبوو بۆ ماوەیەکی زۆرتر سەرە کەڵافێکی یەک ڕەنگی بە دەستەوە بگرێ و بێ نێوەدان ڕایەڵی کرەکەی هێلم باران کات. بارستایی گرێیەکان پاڵیان وێک دەدا و دەکەوتنە داوی «تان و پۆ»یەکان و لەژێر زەبری کەرکیت تێک دەبەزین و سەرجەمیان دەبوون بە ڕووبەرێکی پەمەیی کە گوڵێکی ڕەشی گەورەیان لە ناوەندەوە لەخۆ گرتبوو. هەرچی دەیکرد ڕووبەری ڕەنگ پەمەیی و گوڵی ڕەش و پانی ناوەندەکەش کە قورساییەکی شان گریان خستبووە سەر کرەکە، لە چاو پەراوێزەوە هەر لە قەبارەیەکی قەبە و بێزراو دەچوون. ئەوکاتەی کرەکە بەرەو تەواو بوون دەچوو، جووتە باڵندەکەش بەدرێژایی مافوورەکە بە هەردوو پەراوێزی لای ڕاست و لای چەپدا دووپاتەتر دەبوونەوە. هێلمەکانی ئاخری تەختی فەرشەکە پۆی کۆتاییان کەوتە سەر و یەکەم هێڵی دیوی ناوەوەی پەراوێزیش گەمارۆی ناوەندە پان و یەکدەستەکەی تەواوتر دەکرد و جووتە باڵندەکە بە دووپات بوونەوەیان لا تەنیشتی چوارەمیشیان پڕ دەکردەوە. لای ڕاست و چەپی مافوورەکە بە هەودایەکی قایمتر شەتەک درابوون و سەرو بنیشی کەڵاش کوت کرابوون. ئەو هێلمانەی هێڵی ناوەوەی پەراوێزەکەیان پێک دێنا، تێکەڵاوێک لە دوو ڕەنگی ڕەشی لێواری پەراوێز و پەمەیی تەختی مافوورەکە بوون. تۆخ و زەق بوونی هێڵی لای دەرەوەی پەراوێز و نەرم و باریکی هێڵی لای ناوەوە ئیزنیان دەدا ئەو هەموو باڵندانەی بە درێژایی پەراوێزەکە دوو دوو شتێکی وەک ئەوین بە گوێی یەکتردا دەچرپێنن، لە شەقەی باڵیان دەن یان هەر نەبێ بە قوندە قوندە و پێفرکە بەناو تەختی پەمەییدا بلاوببنەوە و دەگەڵ قاچ و باڵیان تۆوی سەوزاییەکەش بلاوکەنەوە. ڕەنگە باڵیشیان کێشرابێت، ئەگینا لە شەقەی باڵیان دەدا و بەرەو شوێنی نادیار هەڵدەفڕین. وێشدەچێت کەس دەستی بۆ باڵیان نەبردبێ و هەر بۆ خۆیان ئەم ژیانەیان لە باب و باپیرانەوە بۆ بەجێ مابێ. هەر چۆنێک بێت وێدەچێ درەنگ یان زوو بالان دەرکەنەوە یان باڵە خەوتووەکانیان وەکار کەوێتەوە.

ئەو بۆ خۆی وێنەی مافوورەکەی دانەڕشتبوو. وێنەکە لە ڕووی مافوورێکی کۆنتر کە ئەویش لەبەر یەکی لە خۆی کۆنتر گیرابۆوە، وەرگیرابوو، بەڵام پەراوێزی ئەوەی تازەیان لەوی پێشتر گەش و ڕوونتر دیاری دەکرد. ئەوانەی وێنە کۆنەکەیان هێنابوو، دەیانگوت ئەوەی هێناویانە لەوی بەر لەخۆی گەش و تۆخترە.

چەنەی ئێستاقانی کە قوڵکە سەرنج ڕاکێشەکەی سەردەمی گەنجێتی شوێنەواریشی نەمابوو، سنگی ڕەق و تەقی ئازار دەدا سەری هەڵێنا و ڕاست ڕوانیە بەرانبەری.

– بەرخی من ناڵێم بیکوژێنەوە یان بیگۆڕە!

– نەنە گیان بۆ ئەوەندەی پێ قەڵسی؟ ئەدی بۆ خۆت هەمیشە باسی ناکەی؟

– نەنە لە دەوری سەرت گەڕێ حەز ناکەم لە مەزادخانەدا بیبینم.

**ئەم ڕەخنەیە لە حەوتەمین فستیڤاڵی چیرۆکنووسانی ڕۆژئاوای ئێران لەسەر چیرۆکی مەزادخانە خوێندرایەوە.**

چیرۆک لە سەرەتاوە بە داوایەکی تاڕادەیەک تەمومژاوی داپیرە دەس پێدەکات کە نازانین داوای کوژانەوەی چی دەکات تا نەیبینێ. پاشان کامێرای گێڕانەوە لەسەر ڕوخساری داپیرە لەنگەر دەگرێ و وەسفی ڕواڵەتیمان بۆ دەکات. لێرەوە تا دوابەشی چیرۆکەکە گێڕانەوە تەرخان کراوە بۆ شێوەی مافوورە چێکردن و چۆنیەتی نەخشەی ئەو مافوورەی داپیرە پێوەی خەریکە. ئەم پاژە لە پاژی سەرەکی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە. لە ڕاستیدا ئەوەندەی باسی جوانی نەخش و نیگاری مافوورەکەیە ئەوەندەش شاندانی ڕەنج و مەینەت و ترس و دڵەڕاوکێ و دردۆنگی ژیانی داپیرەیە. چیرۆکەکە شان بە شانی وەسفی جوانیناسانەی نەخش و نیگاری مافوورەکە زمانێکی تۆکمە و پتەو و واژەگەلێکی نەرم و

نیان و جوانی بەکارهێناوە:

**«هێلمەکان پاڵیان وێک دەدا و بە زەبری کەرکیت و دەفە و بەهۆی «پۆ»وە دەکەوتنە سەریەک. پێش ئەوەی لە پەراوێزەکە بەرەو تەختایی بپەڕێتەوە جووتێک باڵندە لەسەر لکێکی سەوز بە چەن گەڵای سەوزترەوە بە شێوەیەک هەڵنیشتبوون، چریکە و پێکەنینیان لێ دەباری.»**

ئەم شێوە گێڕانەوەیە کە لە زۆر جێدا حاڵەتی وەسف کردنێکی ڕاوەستاوی هەیە، لە هەندێ شوێن دەگۆڕدرێ و وەسفەکە وەسفێکی جموجۆڵ دار و ڕانەوەستاوە و ئەمەش خۆی دەبێتە هۆی وەسفی مافوورەکە. تەنیا بەپێی نەخش و نیگارە واقعییەکانی سەر مافوورەکە نەبێت، بەڵکو خەون و خەیاڵ و خولیای داپیرەش تێکەڵ بە گێڕانەوە بێت و زیندوویی پێ ببەخشێ:

**«تۆخ و زەق بوونی هێڵی لای دەرەوەی پەراوێز و نەرم و باریکیی هێڵی لای ناوەوە ئیزنیان دەدا ئەو هەموو باڵدانەی بە درێژایی پەراوێزەکە دوو دوو شتێکی وەک ئەوین بە گوێی یەکتردا بچرپێنن، لە شەققەی باڵیان دەن یان هەر نەبێ بە قوندە قوندە و پێفرکە بەناو تەختی پەمەییدا بلاوبنەوە و دەگەڵ قاچ و باڵیان تۆوی سەوزاییەکەش بلاوکەنەوە.»**

وێدەچێ چیرۆکنووس لە هەناوی دوایین وێنەی مافوورەکەدا کە باسی باڵندەکان دەکات هێمای نهێنییەکی شاردبێتەوە، هەر چەند وێدەچێ خوێندنەوەی ئەم هێمایە بەپێی مەنتقی گێڕانەوەیی چیرۆکەکە و پێکهاتەی گشتی داستانەکە کارێکی سانا نەبێت:

**«وێش دەچێت کەس دەستی بۆ باڵیان نەبردبێ و بۆ خۆیان ئەم ژیانەیان لە باب و باپیرانەوە بۆ بەجێ مابێ. هەر چۆنێک بێت وێدەچێ درەنگ، یان زوو باڵان دەرکەنەوە یان باڵە خەوتووەکانیان وەکار کەوێتەوە».**

دوایین بەشی چیرۆک کە وتووێژێکی کورتی نێوان داپیرە و منداڵێکە، پێشاندەری هۆی داواکاری سەرەتایی داپیرە و ئەو شەرح و شیکردنەوانەیە کە چیرۆکنووس لە مافوورەکە بە دەستەوەی دا: داپیرە نایوێ حاسڵ و دەسڕەنج و کوێرەوەری خۆی لە مەزادخانەدا ببینێ.

## چەند خوێندنەوەیەکی چیرۆکی مەزادخانە

**کەماڵ حەسۆ**
**(نەغەدە)**

**خوێندنەوەی یەکەم:**

(مەزادخانە هاواری قەتیس ماوی قورگی داپیرەیەکی دنیا دیتەیە بۆ لە قاودانی هەراجێکی نامرۆیانە).

سەرەتای چیرۆکی مەزادخانە بە وتووێژی داپیرە و نەوەکەی دەست پێ دەکا و داپیرە خوازیاری ئەمەیە نەوە تەلەفزیۆنەکە بکوژێنێتەوە:

**«ڕۆڵە گیان هەزارجار لە چاوی نەنکت کەوێت بیکووژێنەوە با چ دیکە نەیبینم».**

وتووێژ بە ئاخافتنی داپیرە دەست پێدەکات و ڕستەی کۆتایی چیرۆکیش هەر دەربڕینی داپیرەیە کە نایهەوێت لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە بەرهەمی تێکۆشانێکی دوور و درێژ ببینێت کە وا لەبەردەم هەموو بینەراندا هەراج دەکرێت.

لە ڕاستیدا دارشتنی مەزادخانە دارشتێکی ساکارە و بە ڕۆچوون بە ناو بیرەوەرییەکانی داپیرەدا بۆمان دەردەکەوێ، دارشتەکە کە هەراجی مافوورێکە لە دنیای ئەمرۆدا. لە دنیای پێشکەوتووی خاوەنی کەرەسەی ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو، دنیایەک خەریکە هەموو سنوورەکانی لە هەموو بوارێکەوە کەم ڕەنگ دەبنەوە و ڕەنگە لەوبەری ئاوەکان و لەو سەر دنیاوە، بەرهەمی ئەم هەوڵ و ماندووبوونە هەراج بکرێت. فەرشەکە تەنیا بەری تێکۆشانی داپیرە نییە، چونکە:

**«ئەو بۆ خۆی وێنەی مافوورەکەی دانەڕشتبوو. وێنەکە لە ڕووی مافوورێکی کۆنتر کە ئەوش لەبەر یەکی لەخۆی کۆنتر گیرابۆوە، وەرگیرابوو».**

ڕەنگە چەن ساڵ، یان چەندین ساڵ و چەند یا چەندین نەوەی بەر لە داپیرە شەونخوونییان کێشابێ و بە ڕۆژ ئارەقیان ڕشتبێ و ئەم وێنەیان بەم ڕۆژە گەیاندبێت و بایەخی ئەوەی هەبێ لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئەمڕۆییدا پێشانی جیهانیان بدرێ. ئەم شتە، شتێک نییە تەنیا لەلای داپیرە بایەخدار بێت. بەڵگەی پتەوی ئەم بۆچوونەش ئەوەیە تەواوی بینەران بۆ نرخ لەسەر دانانی لە تەلەفزیۆنەوە بانگهێشت دەکرێن و داپیرەش هاواری قەتیس ماوی تەنیا بە نەوەکەی ڕادەگا و پێی خۆشە لەو

هەمــوو تەلەفــزیۆنانەی ئەم کــەناڵە وەردەگــرن هەر نەبێ تەلەفزیۆنەکەی بەردەمی خۆی بە کوژاوەیی ببینێ:
**«نەنە لە دەوری ســـەرت گـــەڕێ، حـــەز ناکـــەم لە مەزادخانەدا ببینیم».**

**خوێندنەوەی دووەم:**

(ئەوەی لە مەزادخانەیە زۆر لە مافوورێکی مێژوویی بەبایەخترە).

**«داپیــرە چەنەی کــەوتبــووە ســەر ئێــسکی دەرپەڕیوی سنگی و مـەمکە داتەپیـوەکـانی تلّپـاتی شیـریان تێدا نەمابوو هیچ، وێدەچێ خوێنی ناو ڕەگەکانیشیـان بەرەو دەمی بێ ددانی ئەو کچ و کــوڕانە داچۆڕابێ، شــەوانی دوور و درێژ بەسەر بێشکەیاندا چەماوەتەوە».**

لێـرەدا بۆمـان دەردەکـەوێ داپیـرە تەنیـا فـەرشـەکـەی نەچنیوە، بەڵکو لەگەڵ چنینی هەر هێلمێک و داکوتانی هەر داوێک لەپۆ، خـەریکی پەروەردەکـردنی ئەو کچ و کــوڕانەش بـووە کــە دەبنە ژنان و پیــاوانی داهاتوو. بۆ پەروەردەکـردنیـان شیـری مـەمکان هیـچ، لە خـوێنی ناو دەمارەکانیش درێخی نەکردووە. دەکرێ بڵێین تەنیا ئەوە ژیانی داپیرە نییە کە دەگەڵ تان و پۆی فەرشەکە تێکەڵ بووە، بەڵکو ژیانی نەوەی پێش داپیـرە و پاش داپیـرەش لەگـەڵ ئەم تـان و پۆیە تێکەڵ و ئاوێتـەنە. بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە پەروەردەکردنی هاوکـاتی نەوەی نوێ و چنینی کـرەکـە لە لایەک و هێنانی ئەو نموونانەی لەلایـەن ڕابردووانەوە چنـراون و داپیـــــرەش وێنـەی لە بەرگرتوونەوە لەلایەکی تر دەگەڵ کری مافوورەکە تێکەڵ دەبن و شتـێکی گەورەتر لە فـەرشـەکە پێک دێنن. بەو ڕوانینە بەم دەرئەنجـامـە دەگەین، تان و پۆی فـەرشـەکە لەگـەڵ ژیانی داپیـرە و نەوەکـانی بەر لە داپیـرە و دوای داپیـــرەش تێکەڵە و ئێـــستــا هەر هەمــووی وێکڕا لە مەزادخانەدایە.

**خوێندنەوەی سێیەم:**

(مەزادخانە فەلسەفە ڕادەکێشێتە ناو ئەدەبەوە).

ئەگـــــەر ئەدەب وەک پاژێـکی ســــەرەکی لـە هونەر لەبەرچاوبگرین، فەلسەفەش پاژێکی سەرەکی و بەرچاوی بەرهەمی هزری مرۆڤە. ئەم چیرۆکـە پێـمـان دەڵێ ئەدەب وەک بوونێکی نێوان دەقی، هەموو دەقێکی ئەدەبی و نا ئەدەبی شـوێنی لەسـەر دادەنێ و هەروەها دەکـرێ شـوێن لەسەر دەقە ئەدەبی و نا ئەدەبیەکانیش دابنێت.

میـشـیـل فـوکـو لە تیـۆریەکـدا باس لە هەڵگەڕانەوەی پەراوێـز لە هەمـــــبــــەر نـاوەنددا دەکـــــات و بـۆ ئەم خـوێندنەوەیەش دەکـرێ ڕاسـتـەوخـۆ بگەڕێینەوە ناو دەقی چیرۆکی مەزادخانە. لە مەزادخانەدا ناوەند، ناوەندێکی چڕی تێکسرماوی پتەوە و بە تەکووزی تێکتەنراوە:
**«بارسـتـایی گـرێیـەکـان پاڵیـان وێک دەدا و دەکـەوتنە داوی «تان و پۆیە»کـان و لەژێر زەبری کـەرکـیت تێک دەبەزین و سەرجەمیان دەبوون بە ڕووبەرێکی پەمەیی کە گوڵێکی ڕەشی گەورەیان لەناوەندەوە لەخۆ گرتبوو».**

یان

**«ڕووبـەری ڕەنـگ پەمــــەیـی و گــــوڵـی ڕەش و پـانی ناوەندەکەش کە قورساییەکی شان گریان خستبووە سەر کـرەکـە، لەچاو پەراوێزەوە هەر لە قـەبارەیەکی قـەبە و بێزراو دەچوو».**

پەراوێز بە زۆر بە ناوەندەوە لکاوە. بەشێوەیەک هێڵی لای دەرەوە پتەوترە لە هێڵی دیوی ناوەوە:
**«ئەو هێلمــانەی هێــڵی پەراوێزەکـەیان پێک دێنا، تێکەڵاوێک لەدوو ڕەنگی ڕەشی لێـــواری پەراوێز و پەمەیی تەختی مافوورەکە بوون».**

ئەمـە وادەگـەیەنێ هێـڵی ناو بەینی ناوەند و پەراوێز ئەوەندە قایم و پتەو نییە، بەڵام:
**«لای ڕاست و چەپی مـافـوورەکـە بە هەودایەکی قـایمتـر شەتەک درابوون و سەروبنیشی کەڵاشکوت کرابوون».**

لەلایەکی ترەوە پەراوێز خاوەنی هێندێک تایبەتمەندییە کــە دەگــەڵ ئەو تـایبــەتمەندییـــانەی ناوەند نەک هەر جیـاوازیان هەیە، بەڵکو تەواو پێـچـەوانەی یەکـتـرن و ئەگـەر تایبـەتمەندی سـەرەکی ناوەند کـری قـەبە و تێک تەنراو و ڕەشـایی زەق و بێـزراوە، تایبـەتمەندی پەراوێز چەند پات بوونەوەی ئەو باڵندە جووتانەیە ئەوین بە گوێی یەکـتـردا دەچرپێنن و لە جووت بوونیشیـانرا بۆیان هەیە زاوزێ بکەن و لە گەشە و زیادبووندابن.

تەنیـا زەق بوونەوەی لایەنە ئەرێنییـەکانی پەراوێز لەم چیـرۆکـەدا بەرچاو نیــیـە، بەڵکو هەتا لەکـۆتایی دەقی چیرۆک نزیکتر دەبینەوە، لایەنە ئەرێنییـەکانی پەراوێز تۆختر هەرەشە لە بوونی ناوەند دەکەن:
**«تۆخ و زەق بوونی هێـڵی لای دەرەوەی پەراوێز و نەرم**

**و باریکی هێلی لای ناوەوە ئیزنیان دەدا ئەو هەموو باڵندانەی بە درێژایی پەراوێزەکە دوو دوو شتێکی وەک ئەوین بە گوێی یەکتردا دەچرپێنن، لە شەقەی باڵیان دەن یان هەر نەبێ بە قوندە قوندە و پێفرکە بەناو تەختی پەمەییدا بڵاوببنەوە و دەگەڵ قاچ و باڵیان تۆوی سەوزاییەکەش بڵاو کەنەوە».**

یان:

**«بەڵام پەراوێزی ئەوەی تازەیان لەوی پێشتر گەش و ڕوونتر دیاری دەکرد، ئەوانەی وێنە کۆنەکەیان هێنابوو دەیانگوت ئەوەی هێناویانە لەوی بەر لەخۆی گەش و تۆخترە».**

ئەم گوزارانەی سەرەوە و چەندین گوزارەی تریش جەخت لەسەر گەمارۆدانی دەق لەلایەن پەراوێزەوە دەکەن و لە ئاسۆی ئەم ململانێیەدا سەرکەوتنی پەراوێز لە دوارۆژدا بەدی دەکرێت.

**خوێندنەوەی چوارەم:**

(مەزادخانە لە پاژەوە بۆ گشت دەپەڕێتەوە)

لە چیرۆکی مەزادخانەدا ئێمە لەگەڵ پاژێکی گچکە لەم هەموو گشتە لەو دنیا بەرین و هەراوە ڕووبەڕووین. جیا لە وتووێژی کورتی مابەینی داپیرەو نەوەکەی تەواوی چیرۆکەکە تەنیا باس لە کڕی فەرشێک دەکات. ئەم فەرشە تەنیا پاژێکی گچکەیە و چڕی و تەکووزی گێڕانەوەکەش هەر لەسەر چۆنیەتی چنین و شەرحی ڕووبەر و پەراوێز و بەگشتی کڕی مافوورەکەیە. ڕەنگە لە یەکەم خوێندنەوەی مەزادخانەدا، خوێنەر ئەم کارەی بەخاڵێکی نێگەتیڤی چیرۆکەکە بەر چاوبکەوێ و پێی وابێ ئەم ڕاوەستان و پێ داگرییە سەبارەت بە شەرح دانی چۆنیەتی فەرشێک کارێکی زیادەیە و خەساری بە دەقی چیرۆکەکە گەیاندووە، بەڵام کاتێک وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕی چیرۆک بۆ دەرەوەی دەق بگەڕێنینەوە، بەم ئاکامە دەگەین کە ئەم ڕاوەستانە لەسەر گێڕانەوەی وردی چنینی مافوورەکە ڕەنگە کەمیش بێنێ. بە گەڕاندنەوەی ئەم پاژە گچکەیە بۆ دنیای هەراوی دەقەکان و دەرەوەی دەقەکان بەم ئاکامە دەگەین مەزادخانە بە باشی لە پاژەوە بۆ گشت دەپەڕێتەوە.

**خوێندنەوەی پێنجەم:**

(پرسیار سازکردن کەڵکەڵەی سەرەکی دەقی مەزادخانەیە)

دەقی چیرۆکی مەزادخانە کۆمەڵێک پرسیار دەورووژێنێ و پێویستە خوێنەر بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان لە دەرەوەی دەقدا بگەڕێت:

یەکەم مافوور کە ئەم وێنانەی لەبەرگیراوە لەکوێوە هاتووە؟

بۆ پەراوێزی هەموو مافوورەکانی دوایی لەوانی پێشتر تۆخترە؟

بۆ گوڵی ناوەندی مافوورەکە ڕەشە؟

ئاخۆ باڵندەکان باڵیان کێشراوە یان ئەم ژیانەیان لە باب و باپیرانەوە بۆ بەجێ ماوە؟

تۆ بڵێی باڵندەکان باڵ دەرکەنەوە یان هەر بە قوندە قوندە و پێفرکە بڕۆن؟

ئەگەر باڵندەکان بەرەو شوێنێکی نادیار لە شەقەی باڵیان دەن، بەرەو کێهە شوێنی نادیار دەڕۆن؟

ئاخۆ نەوەی داپیرە تەلەفزیۆنەکە دەکوژێنێتەوە یان کەناڵەکە دەگۆڕێ یان ئەویش بە کەرەسەی نوێی وەک تەلەفۆن و ئینتەرنێت لە هەراجەکەدا بەشداری دەکات؟ ئەگەر بەشداری هەراجەکە بێ، بڵێی بە تەمای کڕینەوەی مافوورەکە بێ؟ ئەگەر بەتەمای بردنەوەی هەراجەکەبێ، بڵێی توانای کڕینەوەی هەبێ؟ ئەگەر توانای بردنەوەی مەزادەکەی هەبێ ئاخۆ مافوورەکە چ لێدەکات؟

پرسیاری کۆتایی خۆم ئەوەیە ئاخۆ ئەم دەقە چەن پرسیاری ترمان بۆ ساز دەکا یان چەن خوێندنەوەی تری لێ دەکرێت؟

# ئیگزیستینتیالیزم یان فەلسەفەی بوونگەرایی؟

عەبدولقادر عەزیز سەعید

ماوەیەک لەمەوبەر کاک ئازاد بەرزنجی کتێبەکەی پرۆفیسۆری لاهووت و فەیلەسووفی ئەمەریکایی جۆن ماکواری «١» -John Maquarr e: Existential is لە عەرەبی «٢»- فارسییەوە«٣» کردووە بە کوردی و بڵاوی کردەوە.

بڵاوکردنەوەی ئەم شاکارە لە هەردوو زمانی ئاماژە بۆکراوەوە کە زۆربەی لاوانی کوردستانی باشوور لە یەکێک لەم دوو زمانە شارەزان و پێی دەخوێننەوە، لەخۆیدا بایەخی زانستی خۆی هەیەو کە لەبەرێک لە کتێبخانەی کوردی پڕ دەکاتەوە، بەتایبەتی بەو بابەتە گرنگەی فەلسەفەی سەدەی بیستەم، ئەگەرچی بەلای هەندێک شارەزاوە بووبێ بە بەشێک لە مێژوو، بەڵام بەشێکی گرنگە و دەور و کاریگەریی خۆی لە دەست نەداوە، چونکە ئەو هۆکارو فاکتەرە جۆراوجۆرانەی ژیان و دەوروبەر، ئەو هەلومەرجانەی بوونەتە مایەی بەرپاکردنی ئەو پرسیارانە ئەگەر تا ڕادەیەک لە شێوەو ناوەڕۆکدا گۆڕانیان بەسەرداهاتبێ، ئەوە لە جەوهەردا هەر ماونەتەوە، بەڵام لە قۆناغ و هەلومەرجی تردا ماون و وەڵامی تر داوا دەکەن کە لە پرسیاری تر کەوتوونەتەوە، بەڵام بەشێوازو چارەسەرکردنێکی تر کە گۆڕانە سەرتاپا گیرەکەی شۆڕشی زانستی و تەکنەلۆژی و گلۆبالیزم لەبەرچاو بگرێت.

لە کاتێکدا دەستخۆشی ئەم کارە لە کاک ئازاد دەکەم، هیوادارم ئەم چەند تێبینی و ڕەخنانەی لە بارەی وەرگێرانەکەی نووسیومە، بە سینگێکی فراوانی وەربگرێت و مەبەستم تەنیا ڕاستکردنەوەی چەند هەڵەیەکە کە بەرچاوم کەوتوون و پڕکردنەوەی چەند کەلەبەرێکن لە وەرگێڕانەکەیدا کە دەکرێ لە داهاتوودا پڕ بکرێنەوە، لێرەدا حەز دەکەم ئەم کارەی من بە چاوی نیاز باشی سەرنجی لێ بدرێت، وەک وتراوە: (إنما الاعمال بالنیات)، چونکە منیش وەک کاک ئازاد خوێنەرێکی

بابەتی فەلسەفەم و شان بەشانی سەرقاڵی گوزەران و ژیانی ڕۆژانە خەریکی خوێندنەوەی ئەم بابەتەم.

(١) لە سەرەتادا بەناوونیشانی وەرگێڕدراوی بابەتەکە دەست پێدەکەم ئەوەندەی من لێی بزانم وشەی (وجوودی وجوودییەتی) عەرەبی ئەگەرچی لە زمانی فارسی و کوردیشدا بەکاردێن تۆزێک بۆ خوێنەران سەر لێشێوێنەرن، چونکە مرۆڤ ناتوانێ بڕیار بدات ئایا ئەم وجوودە مەبەستی لە بوونی تاک، تاکەکەسییە کە بەرامبەر بە وشەی لاتینی Exist دێت، یان مەبەستی لە بوونی گشتییە کە ontology پێ دەوترێت. بێگومان وەک کاک ئازاد و خوێنەرانی فەلسەفە بەگشتی دەزانن ئەم دوو وشەیە لە ناوەڕۆک و ڕوخسارو مەبەستدا لەیەکتر جیاوازن و دوو بابەتی ئەو پەڕی لەیەکتر جیاواز نیشان دەدەن، لە کاتێکدا کێرکیگارد و سارترو کاموو دوبۆڤوارو کارل یاسپارزو گابریال مارسیل و میرلوپۆنتی وشە بەمەبەستی یەکەم بەکاردێنن، هایدگەر تاڕادەیەک خۆی لە مەبەستی دووەم نزیک کردۆتەوە، «٤» ئەمە دەمانخاتە ئەو کایەوە وای بۆ بچین کە وشەی وجوودییەت لە جیاتی Exist و Existentialism نەک بەرامبەر بە وشەی دووەم کە ئۆنتۆلۆژی مەبەستە بەکارهاتووە.

وشەی بوون لە کوردیدا هەمان کێشە بەرپا دەکات و مرۆڤیش ناتوانێ بەتەواوی بڕیاربدات ئایە ئەم پاشگرەی «گەرایە» لە جیاتی ism ی لاتینی دێت، یان نا؟

وەڵامەکەی هەر چۆنێک بێت هیچ پێویست ناکات بابەتەکە لە کوردیدا وەک زمانی عەرەبی و فارسی تەمومژاوی بکرێت، من وای بە ڕاست دەزانم هەردوو وشە لاتینییەکە بەپێی شوێن و مەبەست و بابەت بەکاربهێنرێت چونکە:

ئەلف: بابەتەکە خۆی ئەوروپاییە و ئەوروپاییەکانیش هیچ کامێکیان لە زمانی خۆیانەوە ئەم وشەیەیان نەخواستۆتەوە، بەڵکو وشە لاتینییە ئەوروپاییەکەیان بەکارهێناوە.

بێ- لەبەر ئەوەی نە وشەی وجوودی عەرەبی و فارسی و نە بوونگەرایی کوردی هەمان مانا دەدەنە دەست.

- ئەگەر وشەی بوون تاڕادەیەک مەبەستەکە بپێکێ، ئەوە پاشگری گەرایی پتر بابەتەکەی ئاڵۆز کردووە.

من وای بەباش دەزانم کاک ئازاد لە چاپێکی دیکەی ئەم بابەتەدا ناونیشانە ڕاستەکە بەکاربهێنێ کە تەنیا وشەی (ئیگزیستینتیالیزم) بێت. لەم وشەیەدا هیچ جۆرە هێمایەکی فەلسەفی تێدا نییە، بەڵکو بریتییە لە ڕێبازی بوون (ئەگەر بشێ لێرەدا وشەی بوون بەکاربهێنرێ). کاک ئازادو خوێنەرانی فەلسەفە باش دەزانن کە ئەم ڕێبازە بوونگەرایی (ئۆنتۆلۆژی) بەتەواوەتی ڕەت دەکاتەوەو پێ لەسەر بوونی تاک و تاکەکەسان دادەگرێ.

(٢) هەڵەیەکی زەق سەرنج ڕادەکێشی و ئەوەندەی من ئاگادار بم لەهیچ شوێنکدا پۆزشی بۆ نەکراوە دوای چاپکردنیش هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەیەوە نەنووسراوە. بۆ نموونە:

لەلاپەڕە «٤»دا نووسراوە:

«ناوونیشانی ئەسڵی الوجودیة- جون ماکواری و: عبدالرحمن بدوي کەچی لەلاپەڕە ٣٣٥دا نوسراوە: الوجودية جون ماكوری - ترجمة د. امام عبدالفتاح امام، مراجعة د. فؤاد زكريا.

بەپێی ئاگاداری من دووەمیان ڕاستەو ساڵی ١٩٨٢ ئەم شاکارە بە وەرگێڕانی دکتۆر ئیمام عبدولفەتاح لە چوارچێوەی (سلسلة كتب ثقافية)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی ڕۆشنبیری و هونەرو ئادابی کوێت- عالم المعرفة چاپ کراوە، ئیتر چۆن لەلاپەڕە چواردا ئەم هەڵەیە ڕووی داوەو ناوی دکتۆر عەبدولڕەحمان بەدەوی هێنراوە؟ پێویستە ئەم هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە.

(٣) وەرگێڕ بەبێ ئەوەی نیشان بدات، یان بیڵێ ئەو بەشەی نووسەر کە لەژێر ناوی (تصدير) دایە لەلاپەڕە (٨)ی عەرەبییەکەدا پشتگوێ خستووەو نەیکردووە بەکوردی کە دەبوو هەر نەبێ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم لایەنە ڕابکێشێ و هۆیەکەیمان پێ بڵێ.

(٤) وشەی بەشی لە جیاتی فەسڵ بەکارهێناوە کە نازانین بۆچی؟ هەر لە هەمان بەشدا وشەیەکی داڕشتووە کە بەهیچ بنەمایەکی زمان و ڕێزمانی کوردی پشت ئەستوور نییە و ساخ نابێتەوە. ئەویش وشەی فەلسەفاندنە (ل١٥)؟! وەک کاک ئازادیش ئاگادارە لە زمانی ڕۆژانەدا وەک توانج و گازندە دەوترێ (فەلسەفە مەکەو فەلسەفەمان لەسەر لێمەدە) بەڵام فەلسەفاندن بە هیچ شێوەو شێوازێک نەبەکارهاتووەو نەبیستراوە. باشتروابوو، وەک من بۆی دەچم و پێشنیار دەکەم هەر وشەی فەلسەفە لێرەدا بەکار هاتبا باشتربوو.

لەلاپەڕە (١٦)دا لەنێوان دەقە کوردی و تێکستە عەرەبییەکەدا جیاوازی هەیە، جگە لەوەی کە داڕشتنی ڕستە کوردییەکان پتر بۆنی ڕێزمانی عەرەبییان لێدێت.

لە عەرەبییەکەدا هاتووە: کاتێک هەوڵدەدەین بپرسین، کەچی وەرگێڕ وتوویەتی کاتێک دەمانەوێ وەڵامی ئەم

پرسیاره بدەینەوە، لە جیاتی وشەی (هلامی) وشەی ئاڵۆزی بەکارهێناوە، بەڵام ئەم وشە کوردی و عەرەبییە پڕ بەپێستی یەکتر نین، وشەکە نەرم و دەڵەمەیی نیشان دەدات. لە عەرەبییەکەدا وتراوە ئەم کێشەیە دەکەوێتەوە و پەیدا دەبێ، کەچی وەرگێڕ وتوویەتی: «دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە» ئەمە لە عەرەبییەکەدا نەهاتووەو خۆشی جۆرە عەرەبییەک نیشان دەدات کە (یعود الی) دەگەیەنێ و سەرەتاپای ئەم تێکستە بەگشتی ئەگەر بەوردی و ڕێکوپێکی بکرێت بەکوردی دەبێ بەم جۆرە بێت:

«کاتێک هەوڵدەدەین بپرسین: ئیگزیستینتیالیزم چییە؟

دەبینین ئەم ڕێبازە جۆرە تەمومژاوییەک نیشان دەدات، کێشەکە لەلایەکەوە، دەکەوێتەوە. بەهۆی ئەوەوە ئەگەر مەبەستی ئەوەبێ ببێ بە فەلسەفەیەکی جیدی....»

نازانم بۆچی وەرگێڕ لە هەمان لاپەڕەدا (ل١٦) ناوی سارتری گۆڕیوەو کردوویەتی بەسارتەر؟ قسەکەی سارتر و قسەکەی هێرمان دێم لەلایەن وەرگێڕەوە بە وردی نەکراوە بەکوردی.

دەربارەی قسەکەی هایدیگەر لەلاپەڕە (١٧) دەبوو وەرگێڕ بڵێ: هایدیگەر لەو باوەڕەدابوو کە ئەو شیکردنەوەی ئیگزیستینتالیزمەکەیەتی (بوون و زەمان) کردوونی، سروشتێکی زانستیانەیان هەبووە، نەک (مۆرکی زانستیان بەخۆوە گرتووە). ئەگەر بشێ جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر ناوونیشانی کتێبەکە دەبوو وەرگێڕ سوودی لەو قسەیەی نووسەر وەرگرتبایە کە لەلاپەڕە (١٧)ی کوردییەکەدا وتوویەتی ئێمە ئیگزیستینتیالیزمان بە فەلسەفە دانەناوە، بەڵکو وتوومانە جۆرێکە لە فەلسەفەکردن ئینجا لە عەرەبییەکەدا ئەو ڕوونکردنەوەیە نییە کە لە تێکستە کوردییەکەدا هاتووە (ل١٧: ئەوانەی سەربەتۆماس ئاکویناس ١٢٢٥- ١٢٧٤ بوون» ئەگەرچی دەبوو وەرگێڕ پیتی (ز) یان وشەی زایین لەگەڵ ساڵانی لە دایک بوون و کۆچی دواییەکەی دابنایە.

لەلاپەڕە (١٣)ی عەرەبییەکەدا وشەی Rationalism وشەی intellectualism بەکارهاتووە وەرگێڕ دوو وشەی بۆ داتاشیوە و لەبەرامبەریانی نووسیوە کە بە باوەڕی من هەردووکیان پڕ بەپێستی دوو وشە لاتینییەکە نین:

دەربارەی وشەی یەکەمیان دەکرێ بوترێ ڕێبازی ژیرەکی، یان ژیر Ratio خۆی لەجیاتی ئەقڵ و ژیر بەکاردێت. ئەم پاشگرە ism جۆرێکە لە ڕێباز، کەچی وەرگێڕ لەجیاتی ism وشەی دووەم (پەرستی) بەکارهێناوە کە زۆر لەگیانی زانستییەوە دوورە. ئەقڵ پەرستی و ڕێبازی پەیڕەوی ژیرەکی دوو شتی زەوی و ئاسمان لە یەکتری جیاوازن، وشەی دووەم پتر بەلای ڕۆشنبیرییەکی پشت ئەستوور بەژێر دایدەشکێنی و هیچ جۆرە کردەوەیەکی خواست و پەرستن و پەرستیی تیادا نییە.

(٥) دووپات-یان دووبارە بوونەوە:

لەلاپەڕە (١٩)ی کوردییەکەدا بەرامبەر ل١٤ی تێکستی عەرەبی لە زۆر شوێندا وشەو ڕستەکان بەوردی نەکراون بەکوردی و پڕ بەپێستی خۆیان هەقیان نەدراوەتێ، بۆ نموونە لە دوای ناوونیشانی «٢- هەندێ بابەت دووپاتکراوە:، لە جیاتی دووبارە کراوە بەکارهێنراوە. لە کوردیدا دووپات بۆ تەئکید) و دووبارە بۆ تێکرا بەکاردێت، ئەوی وەرگێڕ نووسیویەتی هەڵەیە. ئینجا دوو دێڕ دواتر لە جیاتی «مجموعة من النظريات الفلسفية» نووسیویەتی: کۆمەڵە دەستورێک، یان تیوریەک» کە ئەمەش دیسان مانایەکی وەک خۆی ناداتە دەست و دەبێ جارێکی تر چاوی پێدا بخشێنرێتەوە. دێڕێک دواتر دیسانەوە لەجیاتی «نحوتركيز الأنتباه» وەرگێڕ وتوویەتی: «جەخت لەسەر هەندێ بابەت دەکات» ئێمە دەزانین جەخت لە جۆرە (ضغط)ی عەرەبییەوە هاتووە و تارادەیەک لە «ترکیز»ەوە دوورە باشتر وابوو وەرگێڕ بڵێ «پتر سەرنج بۆ... ڕادەکێشێ».

هەر لە هەمان لاپەڕەدا لەجیاتی (الموضوعات السائدة) بەبابەتی جێگای بایەخ دان کردووە بەکوردی، ئەم وەرگێڕانە وردو پڕ بەپێستی عەرەبییە کە نییە.

لە جیاتی «المسؤلية» کە ئۆباڵی ئەستۆ و سەرشانە، هەست کردن بە بەرپرسیارێتی داناوە، کاک ئازاد خۆیشی دەزانێ کە کوردییەکەی لەو وشانەیە کە لەگەڵ دەستپێکردنی نووسینی کوردی نوێ لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە داتاشراوەو دروستکراوە.

(٦) سوننەتی یان کلاسیکی.

وەرگێڕ لەلاپەڕە (٢٠)ی کوردییەکەدا و لەدێڕی (١٣) بەرامبەر (ل١٦) تێکستی عەرەبی و دێڕی (٢-٣) لەجیاتی وشەی (التناهي) و (تقليدي) وشەی هەست بەکۆتابوون و سوننەتی بەکارهێناوە کە بەپێی بۆچوونی من پڕ بەپێستی وشە عەرەبییەکە نین.

تەناهی عەرەبی بەو مەبەستەیە کە شت سەرەتاو کۆتایی هەبێ و سنووردار بێت کۆتابوون جۆرە بەسەر چوونێک دەخاتە بەرچاو. سوننەتی وشەیەکی ئاینیەو

بەهیچ جۆرێک پێوەندی بە فەلسەفەی کلاسیکییەوە نییە.
هەر لە هەمان لاپەڕەدا لەجیاتی وشەی (دوالیزم)ی لاتینی هەر دوالیزمی بەکارهێناوە، کەچی خۆیشی دەزانێ کە کورد وشەی «دوو ڕەنگیی» هەیەو ئەمەش سەرەڕای ئەوەی وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە، پڕ بەپێستی وشە لاتینیەکەیە.
وەرگێڕ لەزۆر شوێن وشەی یەکێکە (ل٢٠) بەکاردێنی کە ئەمە لەکوردیدا زۆر باو نییە لە جیاتی بڵێ یەکێکە لەو بابەتانە، باشتر وابوو بوترێ بابەتێکە لەو... هەر لە هەمان پەڕەگرافدا لەجیاتی وشەی عەرەبی (الانماط الضیقة) نووسیویەتی جۆرە بەرتەسکەکان کە ئەمەش تارادەیەک پەسند نییە. لێرەدا بابەتەکە کەمتر پێوەندی بە تەسک و تەنگ و بەرتەسکەوە هەیە، بەڵکو بابەتەکە بریتییە لەبەرچاو تەنگی نەک بەرتەسکی و تاد
(٧) لەخاڵی ٣ لەلاپەڕە (٢١)دا لەجیاتی وشەی (تنوع) جۆراوجۆر دانراوە کە باشتر وابوو هەمەجۆری و فرە جۆری بێت. ئینجا نووسەر وتوویەتی (المایسمی) وەرگێڕ وتویەتی (کەناومان نا) نووسەر ئەوە نیشان دەدات کە بابەتەکە بەگشتی بەوجۆرە ناودەبرێ، کەچی قسەکەی وەرگێڕ وا دەگەیەنێ کە نووسەر ئەم ناوەی بە بابەتەکە بەخشیوە:
بە باوەڕی من دیسانەوە وەرگێڕ بە وردی قسەکەی (روجەر. ل. شین)ی نەکردووە بە کوردی....
لەجیاتی (انني لست الاذاتي ولا احب ماتبذله من جهد.... وتوویەتی: من بریتیم لە خودی خۆم- و پێم خۆش نییە خۆتان ماندوو بکەن و پۆلینم بکەن. لە کاتێکدا عەرەبی و فارسییەکەی بەم جۆرەیە:
من لەخۆم بەولاوە نیم و حەز لەو کۆششەت ناکەم کە دەیدەی بۆ ئەوی من بخەیتە ناوپۆلینەکەتەوە.
نووسەر کە هاتۆتە سەر هایدیگەر باسی ئیمانداری و بێ ئیمانی ئەو فەیلەسووفە دەکات، کەچی وەرگێڕ هەر لە (ل٢٢)دا باسی باوەڕبوونی هایدیگەر بەخوا و باوەڕنەبوونی دەکات، لەکاتێکدا هیچ مەسیحییەک وشەی خوا بەکارناهێنێ، بەڵکو دەڵێن ڕەب.
ئنجا هایدیگەر و نووسەریش ئەم وشەیان بەکارنەهێناوە ئیمانداریی و بڕوابوون بەخوا دووشتێ لە بواری تایبەتیدا بەکاردەهێنرێن و وەرگێڕ لێرەدا تێکەڵی یەکتری کردوون و لەجیاتی یەکتری بەکاری هێناون.
(٨) ناو نیتشێ- ی کردووە بە نیچە!!
هەر لە هەمان لاپەڕەدا وەرگێڕ ناوێکی نوێی بۆ فەیلەسووفی ناسراوی ئەڵمانی نیتشێ دۆزیوەتەوە لەجیاتی Nietzsche نوسیویەتی نیچە؟
لەکاتێکدا ناوە ئەسڵییەکەی نیتشێ-یە، ئەگەر چی لەزۆر شوێنی دیکەشدا ئەم هەڵەیە بەرچاو دەکەوێ.
لەسەرەتای ل ٢٤ی تێکستە کوردییەکەدا، وەرگێڕانەکە دەربارەی بڵاو کراوەکەی پاپ پێوسی دوانزەیە ئەوپەڕی تەموموژاوی و ئەو مانایەی نەداوەتە دەست کە نووسەر وتوویەتی. ئێستر نازانم بۆ دەبێ چەمکی (مذهب الشخصانیة) بەرامبەر بە Personalism کە لە کوردییەکەدا لەجیاتی (S) پیتی (C) دانراوە ببی بە کەسێتی گرایی؟! ئەم وشە داڕشتنە بە زمانی کوردی نامۆیەو ڕێبازی کەسایەتی بۆ دەبێ پێویستی بە گەرایی هەبێت؟!.
دوا کۆپلەی ل٢٤ کە دەڵێ:... لەڕێی هەڵبژاردنییە بۆ مەسیحیەت یان...) نەکوردییەو نە مەبەستی نووسەر بەڕاست و دروستی دەداتە دەست. نووسەر وتوویەتی ئەگەر مرۆڤ ببێ بە مەسیحی یان ببێ بە مارکسی، ئیماندار بێ و تەنانەت ئەگەر نازیش بێ بابەتێکە پێوەندی بەو کەسە خۆیەوە هەیە کە...
(٩) زانست بووە بە ناسین:
لە برگەی (٤)ی ل٢٥ی تێکستی کوردیدا لەجیاتی فینۆمینۆلۆجی وشەی دیاردە ناسی داڕێژراوە. کە هەموو کەسێک دەزانێ ناسین (معرفة)یەو لۆجی زانستە! باشتر وابوو هەر وشە بیانییەکە بەکاربهێنریت. ئەو وشەیەی وەرگێڕ دایڕشتووە دەکرێ لەجیاتی (معرفة الظواهر)ی عەرەبی بەکاربهێنرێ، چونکە وەرگێڕ بۆ ئەم کارە پشتی بەدەقێکی عەرەبی بەستووە. هەر لەلاپەڕە (٢٦) و دێڕی ١٠دا کاک ئازاد نەیتوانیوە جیاوازی لەنێوان وردو درشتدا بکات، بێگومان درشت بە پێچەوانەی وردەوەیەو ئەو وەک وەرگێڕ لەجیاتی (الوصف التفصیلي الدقیق) بەکاری هێناوە کە دەبوو بڵێ (وەسف)ی دووروودرێژ و ورد... تاد.
دوا کۆپلەی هەمان لاپەڕە کوردییەکی شێواوەو ئەو مەبەستە ناداتە دەست کەتێکستە عەرەبییەکە مەبەستی بووە «کتێبەکانی هوسرەڵ بووە بەکارەکان و کاری ڕاستەوخۆیان لە ژمارەیەک لە فەیلەسووف.. کردووە، بووەبە «کارەکانی... کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەندێ فەیلەسووف... کردووە» دەبێ ئەمە چ کوردییەک بێت.
(١٠) پێشوەخت یان پێشیانە:
لە ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو کۆڕی زانیاری کورد

له بەغدا فەرهەنگی وشەزانستەکانی بلاوکردەوە تێیدا بەشێک بۆ چەمکەکانی فەلسەفە دانرابوو تێیدا لە جیاتی وشەی (قبلي apriori) وشەی پێشیانە و لە جیاتی (بعدي aposteriari) پاشیانە دانراوە.

بە باوەڕی من بڕیار و وەرگێڕانەکەی کوڕی ناوبراو لە وشەی پێشوەختی کاک ئازاد ڕاستترە، چونکە وشەکە ئەوەندەی پێوەندی بە شارەزاییەوە هەیە و ئەوەندە کات و وەخت ناگرێتەوە. وشەی یەکەمیان پشت بە شارەزایی نابەستێ و وشەی دووەم (بعدي) پشت بە شارەزایی دەبەستێ، بۆیە پێشوەخت مەبەستی وشەکە ناداتە دەست.

لە دوا بڕگەی ل ٣١دا بەهیچ جۆرێک وەرگێڕ لە قسەی نووسەر و لە قسە خوازراوەکەی بردیایڤ نەگەیشتووە و وەرگێڕانەکە چ وەک ڕستەی ڕەسەنی کوردی و چ وەک ناوەڕۆک، نەک هەر تەمومژاوی، بەڵکو شێواوەو مەبەستی نەپێکاوە. نازانم بۆ دەبێ (ڕەخنە ئاراستە بکرێت)، ڕەخنە دەگیرێ.

لە کۆتایی قسە خوازراوەکەی بردیایڤ-دا ڕستەی «تدمر الشخصية المميزة» هاتووە کەچی وا پێدەچێ وەرگێڕ پەڕاندبێتی!

(١١) پێویست ناکات جارێکی تر دووبارەی بکەمەوە کە وەرگێڕ جارێکی تر لە ل٣٣ی کوردییەکەدا بۆ Humanism کە ڕێبازی مرۆڤ پەروەرییە وشەیەکی داتاشیوە کە (مرۆڤ گەراییە؟) دەبێ بۆچی «ئیگزیستینیتالیزم ڕێبازێکی مرۆڤ پەروەرییە) ببێ بەم ناوونیشانە داتاشراوە: «بوونگەرایی مرۆگەراییە» ئایا خوێنەری ئەم سەردەمەمان کە خەریکە زمانی عەرەبی لەبیر دەچێتەوە چی لەو ناوونیشانە داتاشراوە کە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی تێبگات؟.

هەر لە هەمان لاپەڕەدا و لە دێڕی ١٣- ١٤دا وەرگێڕ لە جیاتی بنوسێ ئەمە فەلسەفەی... بردیایڤیش دەگرێتەوە، ڕستەیەکی نووسیوە، بەبۆچوونی من کوردی نییە، بەتایبەتی وشەی «دەچەسپێ» لەم کایەیەدا بە هیچ جۆرێک پڕ بە پێستی خۆی نییە و قسەکەی نووسەر دەرنابڕێت.

لەلاپەڕە- ٣٥دا وەرگێڕ قسەکەی سارتری وشە بەوشە کردووە بە کوردی، بۆیە مەبەستەکە ئەوپەڕی ئاڵۆزە و تەمومژاویی دێتە بەرچاو، من وای بۆ دەچم مەبەستەکەی سارتر بەم جۆرە بووبێ:

«مێزەکە لە هۆشمدا نییە و تەنانەت لە توانامدا نییە بیهێنمە بەرچاوی خۆم، بگرە مێزەکە لە جێگادایە... تاد.

ئەوەی تا ئێستا خستمانە بەرچاوی خوێنەر ئەوە دەردەخات کە وەرگێڕان بە دوو شت پشت ئەستوورە:

یەکەم: وەرگێڕ شارەزایی لە تێکست و بابەتەکەدا هەبێت بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لە مەبەستی نووسەر بگات و ئینجا بەڕوون و ئاشکرایی مەبەستی نووسەر بە زمانی بۆ وەرگێڕدراو بینووسێتەوە.

دووەم: شارەزایی لە هەردوو زمانەکەدا هەبێ، لێرەدا مەبەست زمانی عەرەبی و فارسی و کوردییە، بەڵام تا چەند ئەم دوو مەرجە لە وەرگێڕانەکەی کاک ئازاددا بەدی دەکرێت؟ هەوڵدەدەین لە چوارچێوەی ئەم نووسینەماندا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

(١٢) نازانم بۆچی کاک ئازاد بەخۆی ڕەوا بینیوە وشە دابڕێژێ و ناوی ڕێبازە بەناوبانگەکانی فەلسەفە بگۆڕێ؟

هەمـوو ڕۆشنبیرێکی هەست و بیر فراوان دەزانێ کە پراکماتیزم ڕێبازێکی هاوچەرخی فەلسەفەیە و لە ئەمەریکا سەری هەڵداوە، وشەکە خۆی یۆنانییە، تەنانەت ولیەم جێمس و ڕابەرانی تری ئەم ڕێبازە خۆیان نەیانویستووە ئەم وشەیە بکەن بە ئینگلیزی، ئەوەندەی من ئاگاداربم عەرەبەکانیش بەپێی ڕێنووسی وڵاتەکەیان ئەم وشەیان وەک خۆی نووسیوەتەوە، بۆ نموونە میسرییەکان پیتی (ج) بە (گ) دەخوێننەوە، بۆیە دەنووسن براجماتیزم و بە براگماتیزم دەیخوێننەوە، لە سوریا و لبنان لەجیاتی پیتی «گ» پیتی «غ» دەنووسرێت، بۆیە دەربارەی ئەم چەمکە دەنووسرێ براغماتیزم چونکە پیتی «پ، گ» لە عەرەبیدا نییە.

هەق وابوو وەرگێڕ هەمان وشەی بیانی بەکاربهێنێ و وشەی کردەوە گەرایی (ل٣٥ دێڕی ١٣) دانەڕێژێ کە خۆشی دەزانێ لێرەدا کردەوە شتێکەو پراگما شتێکی ترە.

ئەگەر بیوتایە کار، ئەوە ڕێی تێدەچوو! لەم سەردەمەماندا کە سەردەمی (جیهانگیرییە) جیهان مەوداکان کورتکراونەتەوە و لە یەکتری نزیک بوونەوەی زمانەکانیش هەست پێدەکرێت. بمانەوێ و نەمانەوێ زمانە ئەوروپاییەکان بەگشتی و ئینگلیزی بەتایبەتی بووە بە زمانێک بە دەگمەن مرۆڤێکی ڕووناکبیر دەبینرێ کە هەرنەبێ شتێکی لێ نەزانێ. خۆزگە وشە ڕۆنان بە پسپۆڕان بسپێردرێت و هیچی تر مرۆڤی «ناپسپۆڕ» زمانە بێنازەکەمان بە وشەی داتاشراو و داڕێژراو بارگران نەکەن.

لە دێڕی «١٦»ی هەمان لاپەڕەدا دیارە وەرگێڕ وشەی بیانی ڕیسکی بەرامبەر بە (مخاطرە)ی عەرەبی داناوە

که لەنێو دووکەوانەدا وەک هەڵەی چاپ «مخاگرە» نووسراوە!. لە ڕستەی ٢١ی لاپەڕە (٣٥) وەرگێڕ دەسکاری واتاکەی کردووە و لەوەدا کە وشەی (الفکرة)ی پەڕاندووە. وەرگێڕ نووسیویەتی: «پێوەری ڕاستی لای کردەوەگەرا پێوەری بایەلۆژی و سوودخوازانەیە و ئەو هەستە قووڵەی ناوەوە....».

نووسەر لێرەدا بە هیچ جۆرێک بەگشتی باسی پێودانگی ڕاستیی نەکردووە، بەڵکو وتوویەتی:

پێودانگی ڕاستیی بیر (یاخود بیرێک) پێودانگێکی سوودەکی بیولۆجییە و لێرەدا زۆر بەکەمی ئەو هەستە قووڵەی ناخ هەیە، کە خەسڵەتێکی ئیگزیستینیتالیزمە.

پێودانگی ڕاستیی بەگشتی، وابزانم نە لەلای پراگماتیکییەکان و نەلەلای سارتر، و لایەنگرانی باس نەکراوە، بە واتایەکی تر ئەو پێودانگەی وەرگێڕ باسی کردووە هەمەکییە و ئەوی نووسەر (جون ماکواری) وتوویەتی هەندەکییە و دیاردەی بابەتی تاک و هەندەکی دەگرێتەوە، بۆیە جارێکی تر ئەوە دووپات دەکەمەوە کە زمانی بابەتی وەرگێڕدراو، دەبێ لەلایەن وەرگێڕەوە بزانرێت و وەرگێڕ بەباشی لێی شارەزابێت، ئەگینا لەم بوارەدا و لە بواری (نەکیرە و مەعریفە)دا هەڵەی زەق دەکات وەک لەم تێکستە کوردییەی کاک ئازاددا بە ئاشکرا سەرنج ڕادەکێشێ.

وەرگێڕ لە لاپەڕە- ٣٦دا نووسیویەتی (هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە) بە باوەڕی من ئەم ڕستەیە عەرەبییە و لە (یعود الی)وە کەوتۆتەوە باشتر بوو بڵێ هۆیەکەی... بەبێ دەگەڕێتەوە.

ئەوەی لە هەمان ڕستەدا بەلای منەوە ڕوون نییە بۆچی لە جیاتی وشەی عەرەبی (نزعـة)، وشەی ئاقاری بەکارهێناوە؟!

ئایا وەرگێڕ نازانێ ئەم دوو وشەیە پێوەندییان بەیەکەوە نییە؟

هەر بەهەمان شێوە لە دێڕی ٢٣دا لە جیاتی وشەی (یناضلون) نووسیویەتی دەجەنگی، بێگومان جەنگان و تێکۆشان دوو شتی لە یەکتر جیاوازن!

(١٣) وا پێدەچی وەرگێڕ ویستبێتی بە بەردێک چەندین کێل و نیشانە بپێکێ، سەرەڕای وەرگێڕان وشەو چەمک دابتاشێ. ئەوە هەر لە لاپەڕە (٣٦)دا لەجیاتی وشەی ڕەسەنی فیتالیستیک کە بریتییە لە پەیڕەویی زیندوو وشەیەکی داڕشتووە بەناوی ژیانگەرایی؟ ئینجا لە هەندێ شوێندا وەک پێکانی نیشانی سێیەم ڕاستکردنەوەی بیروبۆچوونی نووسەر! بۆ دەبێ وەسفکردن لە هەمان پەرەگرافدا بە کوردی (ببێ بە لەقەڵەمدان)؟

لە ل٣٧ی کوردییەکەدا لە جیاتی (أغلب الظن)ی عەرەبی نووسراوە لەو بڕوایەدام؟ لە لاپەڕە (٣٧)ی تێکستی کوردیدا ئەو دێڕە عەرەبییە نەکراوە بە کوردی کە لە عەرەبییەکەدا هاتووە «ویرفض کل ما اتفق، تقلیداً علی أنە ذو قیمة.» ئنجا دوو دێڕ دواتر لەجیاتی وشەی پابەندبوون نووسیویەتی ناچار نییە! لە وشەی یەکەمدا جۆرە ئازادی و دەستپێشکەرییەک هەست پێدەکەین کە ئەمە مەبەستی نووسەرەو لە دووەمدا جۆرە زۆر لێکردنێک هەیە کە نووسەر بڕوای پێ نییە.. لە لایەکی ترەوە ئەوەی نووسەر دەربارەی نیتشە وتوویەتی بەهەڵە کراوە بەکوردی. نووسەر وتوویەتی (ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من لێرەدا بەکوردی دەینووسم):

«ئەگەرچی ئەو لە ناخی دڵییەوە بە قووڵیی لە بەرامبەر ئەو ڕاستییەدا دڵتەنگ و خەمبار بووە». زۆر هەوڵم دا لە عەرەبییەکەدا هیچ شتێکم بەدی نەکرد کە باسی «شێوە سوننەتیانە» بکات کە وەرگێڕ خستوویەتییە نێو تێکستە کوردییەکە. (ل٣٨) دێڕی (١١). دوا پەرەگرافی فەسڵی یەکەم لە تێکستە کوردییەکەدا (ل٣٨) و دێڕی حەوت بەولاوە ئەوەنییە کە نووسەر مەبەستی بووە، ئیتر نازانم کاک ئازاد ئەگەر عەرەبییەکەش بەپێی پێویست نەبووبێ چ سوودێکی لە تێکستە فارسییەکە وەرگرتووە؟

(١٤) لە بەشی دووەمدا کە لەژێر ناوونیشانی لێکدانەوەی ئەفسانە و سەرهەڵدانی خودناسی دایە، ئەوەندەی تر (کردار) سەرگەردانە و زۆرجار مرۆڤ لێی تێکدەچێ مەبەستی سەرەکی نووسەر چییە؟

لە لاپەڕە (٣٩)دا وەرگێڕ لە جیاتی وشەی عەرەبی (شجـرة نسب) وشەی شەجەرەنامەی بەکارهێناوە. من لەلای خۆمەوە ئەم وشەیەش بە داڕێژراو دەزانم. مرۆڤ لە چوارچێوەی ڕستەی کوردیدا، بەتایبەتی لەکاتی ئاخاوتندا وشەی «سەجەرەی»ی بەرگوێ دەکەوێ، ئەگەر وشەکە خۆی عەرەبی بێت، ئەوە زۆر دەمێکە وشەی کوردی (سەجەرە)ی لێکەوتۆتەوە. لەوەدەچێ وەرگێڕ ئەم وشەیە کە بووە بە موڵکی کورد نەیبیستبێ.

سەیرەکەی ئەوەیە هەر لە لاپەڕە (٤١) بەرامبەر بەوشەی لاتینی- یۆنانی میتۆلۆجی، داڕێژراوە عەرەبییەکەی بەکارهێناوەو نووسیویەتی میتۆلۆجیا؟ باشە ئەم ئەلفە کوا لە وشە ئەوروپاییەکەدا هەیە. بۆچی دەبێ ئێمە هەمیشە پابەندی وشەیەک بین کە کرابێ بە عەرەبی؟ بۆ وشەکە خۆی چۆنە وا بەکاری نەهێنین؟.

وشەی Identity کە وەرگێڕی عەرەب وشەی (هویة)ی لە بەرامبەردا نووسیوە مەبەستی شوناس و تەسکەرەو دەفتەرنفوس نییە، بەڵکو مەبەستی لە جۆرێکی خود و خودێتییە.

ئەوەی ڕاست بێ نەمتوانی لە لاپەڕە (٤٣)ی تێکستە کوردییەکە تێبگەم، جگە لەمە تا ئێستا وەرگێڕ نەیتوانیوە جیاوازی لەنێوان (اله) و (الله)دا بکات کە ئەمەش هەڵەیەکی زۆر زەق و گەورەیە و ناکرێ چاوی لێ بپۆشرێ.

وەرگێڕ لە جیاتی (اله) نوسیوویەتی (خودا)، ئەمەش بەهیچ جۆرێک پەسند نییە، چونکە (إله)ی عەرەبی لە کوردیدا خوداوەندە! (ل٤٣ دێڕی ٧).

ڕستەکەش بەتەواوەتی بەهەڵە کراوە بەکوردی. ئەوەی دەربارەی میتۆلۆجی وتمان بەهەمان شێوە لەلاپەڕە (٤٣)دا وشەی ئەنترۆپۆلۆجی دەگرێتەوە کە وەرگێڕ دیسان ئەلفە عەرەبییەکەی پێوە لکاندووە!

لە دێڕی (١٨)ی (ل٤٣)دا وەرگێڕ نووسیویەتی:

«پراکتیک کردنی میتۆدەکانی لێکدانەوەی بوونگەرایانە بەسەر ئەفسانەکاندا قفلی لەسەر گەلێ ناوچەی فراوانی مانا کردۆتەوە» من لێرەدا ڕوو لە خوێنەر دەکەم و دەپرسم چ کوردێک و لە چ پارچەیەکی کوردستاندا مرۆڤ بەم زمانە دەدوێ و ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە بەکاردەهێنێ؟ ئایا ئەمە چ کوردییەکە؟! تێکستە عەرەبییەکە دەکرێ بەم جۆرە بکرێ بە کوردی:

بەکارهێنانی پەیڕەوە وجودییەکانی لێکدانەوەی ئەفسانەکان بۆتە مایەی کردنەوەی گرێ کوێرەی لایەنێکی پان و بەرینی واتا... تاد»

هەر دوای ئەمە وەرگێڕ لە جیاتی (العهد الجدید) کە بێگومان مەبەست لە ئینجیلە و بۆ جیاکردنەوەی ئینجیل لە تەوراتی جوولەکە کە بە «العهد القدیم» دانراوە، وشەی (چاخی نوێ)ی نوسیوە چاخ پتر قۆناخ و (عصر)ی عەرەبی دەگەیەنێ نەک عهدا!. هەرچەند ڕستەیەک دواتر وشەی (خراپە) نووسراوە کە مەبەستی تێکستە عەرەبییەکە بەدکارییە. دیارە وەرگێڕ هەر لە هەمان لاپەڕەدا جیاوازی نێوان گیان و ژیانی نەکردووە، بۆیە لە جیاتی (حەیوان) (زیندەوەر) وشەی گیانەوەری نووسیوە، گیان بەرامبەر بە ڕوحی عەرەبییە! بە باوەڕی من وەرگێڕ باشی بۆنەچووە کە وشەی «هوشیاری بەمەرگ»ی نووسیوە، چونکە نووسەر لە (تێکستە عەرەبییەکەدا) مەبەستی ئەوە بووە کە مرۆڤ بەوە لە زیندەوەر جیا دەکرێتەوە کە «مەرگ لەبەرچاویەتی و هەمیشە هەستی پێدەکات».

لەلاپەڕە (٤٥)دا بەتایبەتی لە دێڕی ١٧- ٢٣ کە قسەیەکی کارل یاسپەرز خراوەتە کەوانەوە، وەرگێڕ بەتەواوەتی لە تێکستەکە نەگەیشتووە و کوردییەکەشی نارێک و پێکە. وەرگێڕ وتوویەتی:

«ئەوەی لەم چاخەدا نوێیە ئەوەیە کە مرۆڤ هوشیاریی بەبوون وەک گشتێک و بەخودی خۆی و سنوورەکانی لا دروست بووە.... بە ئەزمونی ترس لە جیهاندا و ئەزموونی هەست کردن بە بێتوانایی خۆیدا تێپەڕی، کۆمەڵێک پرسیاری ڕیشەیی خستە ڕوو.... لە پێناوی رزگار بوون و... هەوڵیدا... ئامانجی باڵای بۆ خۆی دانا... خەسڵەتی ڕەهابوونی لە سامالی باڵایی و نوردا تاقی کردەوە... » ئەگەرچی هەندێ بەشە ڕستەی ئەم وەرگێڕانە وشە بە وشە عەرەبییەکە کراوە بەکوردی، بەڵام بەگشتی واتاکە روون نییە و مەبەست نەپێکراوە. مەبەستی یاسپەرز وەک من تێیگەیشتبم بەم جۆرەیە:

نوێ لەم قۆناغەدا ئەوەبوو مرۆڤ بەهۆشیارییەوە پەی بە بوونی گشتی خۆی بردووە و هەستی بەخودی خۆی و سنوورەکان کردووە. بە تاقیکردنەوەی ترسان لەجیهان و تاقیکردنەوەی هەست کردن بە بێتوانایی خۆیدا تێپەڕیوە و چەندین پرسیاری بنەڕەتی کردووە کە ڕووبەڕووی بۆشایی بۆتەوە لە پێناوی ڕزگاربوون تێکۆشاوە، کاتێکیش هۆشیارانە هەستی بەڕادەو سنووری خۆی کردووە چەند ئامانج و مەبەستێکی باڵای بۆخۆی دەستنیشان کردووە، لە قووڵایی ناخی خۆیدا لە خەسڵەتە ڕەهاکان شارەزا بووە... تاد.

ئینجا نازانم بۆچی وەرگێڕ کاتی کرداری گۆڕیوە، ڕابردووی کردووە بە تێنەپەڕ و جارێکی تر دووەمیانی کردۆتەوە بەیەکەم.

(١٥) لەلاپەڕە (٤٧)دا دێڕی (١٣) وەرگێڕ نووسیویەتی «بە مانای ئەم وشەیە» ئەم ڕستەیە نە کوردییە و نە عەرەبییە، لە کوردیدا ڕستەیەکی ڕەسەن هەیە کە بەم جۆرەیە:

«پڕ بە پێستی خۆی».

لە لاپەڕە (٥١) دێڕی ١٣ وەرگێڕ (دوافع) کۆی «دافع»ی عەرەبی کردووە بە «بە ئاگاهێنانەوە»، بێگومان ئەمە وەرگێڕانێکی هەڵەیە، چونکە ئەم دوو وشەیە لە ڕوخسار و ناوەڕۆک و مەبەستدا لە یەکتری جیاوازن. هەر دێڕێک دواتر وەرگێڕ قسەکانی نووسەری دەستکاری کردووەو «مظاهر العبادة» کە ڕواڵەتەکانی پەرستنە کردوویەتی بە (شتە ڕووکەشەکانی ئاین). ڕواڵەتی

پەرستن بەشێکە لە ئایین و ناکرێ ئایین لە جێگایدا دابنرێ.

ئیتر چۆن وەرگێڕ هەستی بەمە نەکردووە؟ جگە لەمە دوابەدوای ئەم ڕستەیە ڕستەی سەرەکی «ومافیها من حرفية و آلية) کە جەوهەری بیرۆکەکەیە پەڕیوەو نەکراوە بە کوردی!

دەبێ بە ڕیشی چ وەرگێڕێک ڕەوا بێت لە جیاتی ڕستەی عەرەبی (الطاعة المسؤلة والباطنة» بە کوردی بنووسرێت «گوێ هەڵخستن بۆ ناخ و بەرپرسیارێتی کردن» «ل١٥ دێڕی ١٥» بە باوەڕی من ئەمە هەڵەیەکی ئەوەندە زەقە ئەوە ناهێنێ ڕاست بکرێتەوە،؛ یان نازانم وەرگێڕ چۆن بەخۆی ڕەوا بینیوە قسەکەی بۆڵتمان کە بە عەرەبی بەم جۆرە نووسراوە «وردت في سفر الرؤيا اليهودي» دەستکاری بکات و بڵێ: «کە لای جوولەکە هەبووە)؟ ل٥١ دێڕی ٢٢. بە داخەوە وەرگێڕ قسەکەی ئینجیلی بەهەڵە وەرگێڕاوە دێڕی (٢٨-٢٩). ئەو وشەی «هیلاکەی» وەرگێڕ بەکاری هێناوە لە ناوچەی سلێمانی لەجیاتی ماندوو بوون بەکاردێت. دەقەکە بەم جۆرەیە: ئەوی خوازیاری ڕزگارکردنی خۆی بێت، خۆی لە ناو دەبات، ئەوی خۆی لەناوبرد خۆی زیندوو دەکاتەوە» (ئەمە مەبەستی قسەکەی مەسیحە لە ئینجیلی لۆکادا).

(١٦) ئەگەرچی وەرگێڕ لەلاپەڕە (٥٤)ی دێڕی ١٣-١٦دا کە قسەیەکی نیتشەیە، لە ناوەڕۆکدا زۆر دەستکاری نەکردووە، بەڵام وەرگێڕانەکە ورد نییە. تێکستە عەرەبییەکە بەم جۆرەیە: جیهان دەروازەیەکە...

بەرەو چەند بیابانێک کە بێدەنگ و بەساردوسڕیی درێژ دەبنەوە، ئەو کەسەی تاکە جارێک ئەوەی لە دەست دابێت کە تۆ لە دەستت داوە، لە هیچ جێگایەکدا ناحەسێتەوە. لەوە دەچێ وەرگێڕ قسەکەی نیتشەی بەدڵ نەبووبێ، بۆیە تا ڕادەیەک دەسکاری کردووە بۆ ئەوەی بۆی ڕێکوپێک بکات. شارەزا نەبوون لە کولتوور بە هەموو جۆرەکانییەوە مرۆڤ دووچاری هەڵەی زەق دەکات. بۆ نموونە لە پەراوێزی ل٥٥دا (أب من آباء الكنيسة) لەلایەن وەرگێڕەوە بووە بە یەکێک لە پاپاکانی کڵێسا.

ئەم ڕستە کوردییە دووجار هەڵەیە:

یەکەم: (أب) کە بەرامبەر باوکی کوردییە لە کولتووری ئایینی مەسیحیدا بە (أبونا) ناودەبرێ و دەکرێ بووترێ پلەی پێشنوێژ و مەلای هەیە (داوا لێبوردن لە مەلاکان دەکەم، چونکە مەبەستم تەنیا ڕوونکردنەوەی بابەتەکەیە).

دووەم: پاپ هی تێکڕای مەزهەبی کاتۆلیکی ئایینەکەیە و تەنیا هی کڵێسا نییە. هەرلە هەمان پەراوێزدا هاتووە کە ئەگیناتیوس خۆی قەشەی ئەنتاکیا بووە (تێکستی عەرەبی پەراوێز. ل ٦٢) ئیتر چۆن ئەم قەشەیە لەلایەن وەرگێڕ بووە بە پاپ؟.

- بە باوەڕی من هەموو قسە خوازراوەکانی ئۆگۆستین لە ل٦٢ی چاپی عەرەبی بە نارێک و پێکی و ئاڵۆزییەوە کراون بەکوردی، تەنانەت لەو تێکستەی ژمارە (١٧) و (١٨) و (١٩)یان لە سەرە ئۆگۆستین بەتاک دواوە، کەچی وەرگێڕ چەند جارێک ئەم تاکەی کردووە بە کۆ! دەبوو وەرگێڕ لەم لایەنە ئاگادار بێت. لەلاپەڕە (٥٦)ی کوردییەکەدا وەرگێڕ نووسیویەتی «ترس توندوتیژ» نازانم دەبێ ئەم جۆرە ترس و ترسانە چی بێ و چۆنە؟ ئەوی ڕاست بێ ئەم چەمکە لە گوێی مندا پتر بەلای نامۆدا دەچێت.

لەلاپەڕە (٥٧)دا بەتایبەتی هەردوو دێڕی ٢٧ و ٢٨ و ئینجا دێڕی یەکەم و دووەمی ل٥٨ چەند دێڕێکی عەرەبییەکەی پەڕاندووە و نەیکردوون بەکوردی بەتایبەتی: «نظام الكهنوت.... فساد رجال الدين....» نازانم بۆچی وەرگێڕ «گەندەڵیی پیاوانی ئایینی» کردووە بە «گەندەڵیی ئایین»؟!

ئەمە بوختانێکە وەرگێڕ بە نووسەری کردووە. (ل٥٧ دێڕی ٢٨) من وای بۆ دەچم کە وەرگێڕ بەڕاستی قسەکەی تەوراتی نەکردووە بەکوردی. وەرگێڕ نووسیویەتی «من یەهووە خودای تۆم» کتێبی دەرچوون بەشی ٢٠ ئایەتی ٢، بە باوەڕی من ڕاستییەکەی بەم جۆرەیە:

«من ڕەبم خواوەندی تۆم (سفری دەرچوون: ٢٠-٢)

چونکە لە عەرەبییەکەدا بەم جۆرە هاتووە:

«أنا الرب الهك: سفر الخروج ٢٠- ٢» ل٦٦. وەرگێڕ باش دەزانێ کە جیاوازیی گەورە لەنێوان (إله) و (خودا)دا هەیە.

لەلاپەڕە (٦٠) دێڕی ١١-١٢ وەرگێڕ هەمان هەڵەی پێشووی دووبارە کردۆتەوەو نووسیویەتی «خواکەی ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوبە» نەک خوای فەیلەسووفان و زانایان. بە باوەڕی من عەرەبییەکەی ئەگەر بەڕاستیی بکرێتە بەکوردی بەم جۆرەیە (ل٦٩ دێڕی ٢-٣) لە چاپی عەرەبیدا:

خواوەندی ئیبراهیم و خواوەندی ئیسحاق و خواوەندی یاقووب نەک خواوەندی فەیلەسووف و زاناکان!

وەرگێڕ لە ل٦١ دێڕی دوو سێ نووسیویەتی:

«ئەقڵ ئاراستەیەکی گومانکارانەی هەبووە» ئەگەرچی لە هەردوو ئەم حاڵەتانەدا سەروەریی هەر بۆ ئەقڵ بووە.

گلەیی لێرەدا لەبەکارهێنانی هەردوو وشەی حاڵەت و عەقڵدا نییە، کە هەردووکیان عەرەبین و لەکوردیدا باون، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە کە وەرگێڕ بیوتبایە:

ژیر پتر سروشتێکی ئەگەر و گومان کردنی هەبووە، بەڵام دەسەڵاتی ژیر لە هەردوو کایەو بواردا گومان هەڵنەگربووە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم وەرگێڕ لەلاپەڕە (٦١) بەتایبەتی دێڕی ١٧ بەپێچەوانەی ئەنجامەکەوە بابەتەکەی ناکردووە وەرگێڕ وتوویەتی: ئەوا کفرکردنیش لە ڕێبیانەوە گوناه نییە، کەچی نووسەر ئەوەی بە پێچەوانەوە وتووە کە بەم جۆرەیە:

«ئەگەر چی کفرکردن پێیان گوناهە» چونکە وەرگێڕ ئەم ڕەحمەتەی کردووە بە زەحمەت؟ هەرچەند دێڕێک دواتر (ل٧١ دێڕی ٢٠- ٢٢) بەلای منەوە وەرگێڕ قسەکانی بە ڕێکوپێکی نەکردووە بەکوردی وەرگێڕ وتوویەتی: کتێبی پیرۆز خۆی خۆ ناسینێکمان پێدەبەخشێ: «مێژووی کتێبی پیرۆز هەمووی لە پێشبینکردنێک بەولاوە نییە..»

– لە لاپەڕە (٦٢)دا ناونیشانی عەرەبییەکە: بەو جۆرەیە: ..... هەردوو سەدەی... نەک سەدەی وەک وەرگێڕ نووسیویەتی.

وەرگێڕ لە ل٦٣ دێڕی ١٦دا بەرامبەر بە وشەی بیانی– ئەوروپایی Reality وشەی عەرەبی (واقع) وشەی «ڕاستی» نووسیوە. بە باوەڕی من وشەی ڕاستی بۆ (حقیقة)ی عەرەبی ڕاستە ڕاستەقینە.

هەر دێڕێک دواتر لە هەمان لاپەڕەدا، وەرگێڕ وتوویەتی: «لەکاتی هەڵبژاردندا ئەوەی گرنگە مەسەلەی هەڵبژاردنی ڕاست نییە».

بەلای منەوە ڕاستتر وابوو بڵێ:

«لەکاتی هەڵبژاردندا گرنگ ئەوە نییە ڕاستیی هەڵبژێرین.» .. لەلاپەڕە ٦٤دا دێڕی ٨ وشەی ئینجیل زیادەو نەدەبوو بنووسرێت. لەوێدا نووسراوە: «ئەو مەسیحیەتەی کە چاخی نوێ (واتە ئینجیل وێنای دەکات» لە عەرەبییەکەدا ل٧٣ دێڕی (١٨- ١٩) بەم جۆرەیە کە بکرێت بەکوردی:

«مەسیحیەت هەروەک لە چاخی نوێدا نیشان دراوە»

لە هەمان لاپەڕە دێڕی ٢٤ نووسیویەتی:

(نیچەش وەک کیرکەگۆر زەمینەیەکی ئاینی هەبووە) پێویست ناکات بڵێم کە ئەم کەڵە نووسەرە نیتشەیە نەک نیچە، ئینجا ئایا دەکرێ لە جیاتی (خەلفیە)ی عەرەبی وشەی زەمینەی کوردی دابنرێت؟.

– لەلاپەڕە (٦٥) دێڕی ٨ وەرگێڕ وشەی (رب)ی کردووە بەخوا ئەوە لە جێگای خۆیدا نییە، چونکە وەک کاک ئازاد لە مەسیحییەکانی سلێمانی بیستوویەتی مەسیحیەت وشەی (ڕەب) بەکاردێنێ، وشەی خوا یان خودا تەنیا موسڵمان بەکاری دێنن، هەروەها لەدێڕی ١٣ی هەمان لاپەڕەدا ناوی (بوتمان)ی گۆڕیوەو کردوویەتییە بوزمان لەمە سەیرتر قسەی ئەم نووسەرەش وەک خۆی نەکردووە بە کوردی وەرگێڕ نووسیویەتی:

خواستی وتنی بەڵێ و ئامین بۆ ژیان.... ڕاستییەکەی وەک لە عەرەبییەکەدا هاتووە ل٧٥ دێڕی ١٣- ١٤ بەم جۆرەیە: «خواستێک کە بە ژیان بڵێین: بەڵێ و ئامین..».

– لەلاپەڕە- ٦٧ دێڕی ٩ جگە لەوەی کوردییەکەی ڕەوان نییە وشەی (عدم)ی عەرەبییە وەک خۆی بەڕێنووسی کوردی نووسیوەتەوە، بەباوەڕی من وشەی «هیچ»ی کوردی پڕ بە پێستی عەدەمی عەرەبییە وەک هایدیگر بەکاری هێناوە و لەم بەرهەمەدا جۆن ماکواری نووسیویەتی.

(١٧) سەرەتای بەشی سێهەم کە دەربارەی بوون و ماهیەتە لە دێڕی سێیەمەوە بابەتەکە بەجۆرێک وەرگێڕدراوە زۆر لە دەقە عەرەبییەکەوە دوورە و ئەوپەڕی تەمومژاوی و سەر لێشێوێنەرە. دوور ناڕۆم ئەگەر بڵێم کوردییەکە زۆر لە تێکستە عەرەبییەکە دوورکەوتۆتەوە، بۆیە ناکرێ سەرلەنوێ لێرەدا پەرەگرافەکە بەکوردی بنووسمەوە.

لەلاپەڕە (٧٢) دێڕی ٢٣- ٢٥ وەرگێڕ نووسیویەتی:

«لە سەرتاپای مێژووی فەلسەفەدا هەندێ جار ماهیەت و هەندێ جاری تریش بوون بەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفیدا باڵا دەست بووە....»

لە پێشدا من وای بۆ دەچم کە دەکرا لە جیاتی وشەی عەرەبی (ماهیەت) وشەیەکی تر هەیە کە پتر لە کوردیدا باوە، ئەویش وشەی (جەوهەرە) و بەکاردێت بنووسرابایە. ئنجا ڕاستیی ئەم دوو ڕستەیە بەم جۆرەیە نەک بەم شێوەیەی وەرگێڕ نووسیویەتی:

«لە مێژووی فەلسەفەدا زۆرجار ماهیەت و زۆرجاری تر بوون بابەتی سەرەکی بیرکردنەوە بوون.»

لەلاپەڕە (٧٩) دێڕی ٢٢- ژمارە- ١- وەرگێڕ لەجیاتی «الوجود بالفعل» نووسیویەتی بوون بەکردەوە، وا دیارە ئەو فەرهەنگەی نەدیوە کە دوای ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو کۆڕی زانیاری کورد ئەوسا لە بەغدا

فەرهەنگۆکێکی دەرکرد تێیدا (وجود بالفعل) بە بوونی کردەکی و (وجود بالقوه) بە بوونی هێزەکی دانابوو.

کە بەلای منیشەوە ئەوەی کۆڕ ڕاستترە لەوەی وەرگێڕ نووسیویەتی. لە ژمارە دووی هەمان لاپەڕەدا وەرگێڕ دوو ڕستەکەی بەنیوەچڵی کردووە بە کوردی لەوێ نووسیویەتی:

٢- «بوون ئازادییە، ئازادی خۆ دروست کردن نا بەڵکو بوون واتە ئازادی بەو سیفەتەی» ئەمە جۆرە پەڕاندن و ناتەواوییەکی تیادایە کە ڕاستییەکەی بەم شێوەیەیە:

٢- بوون خۆی ئازادییە نەک ئەو ئازادییەی کە خۆی دروست دەکات و دەکرێ دەرنەکەوێ، بگرە بوون خۆی ئازادییە لەوەدا کە... تاد» دەقی عەرەبی ل٩٤ دێڕی ١٥-١٦. خاڵی سێیەمیش لە هەمان لاپەڕەدا کە گوتەیەکی یاسپەرزە هەر بەنیوەچڵی کراوە بەکوردی.

لە لاپەڕە ٨١ و دێڕی ٢٦- ٢٨ قسەکەی دوبژانسکی بەشێواویی کراوە بە کوردی، لەوێ نووسراوە: «ویستێبیتان سروشتی گیانەوەرانەی خۆیان بگۆڕن»، بەڵام لە عەرەبییەکەدا بەم جۆرە هاتووە: «دەستیان کردووە بە تێپەڕاندنی سروشتی زیندوەریی خۆیان». ل٩٨ دێڕی یەکەم.

- وەرگێڕ لە ل٩٣دا بەرامبەر بە (فوضی) وشەی لاتینی Chaas بەکارهاتووە و تێکەڵەیەکی کوێری نووسیوە کە بە باوەڕی من باش بۆی نەچووە، چونکە کاتۆسەی کە لێرەدا بەکارهاتووە مەبەستی تێکەڵی و پێکەڵی و ئاژاوەو سەرلێدەرنەکردنە. هەر لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا کە باسی بارکلی کراوە لە جیاتی وشەی (إله) یەزدانی بەکارهێناوە، کە بە باوەڕی من ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە. (إله) بەکوردی خواوەندە و یەزدانیش وشەیەکە تایبەتە بە ئایینی زەردەشتی، بارکلی وەک لەوێدا هاتووە قەشە بووە، ناکرێ دەستبەرداری وشەی ئایینی مەسیحی بووبێ و پەنای بۆ وشە و چەمکی زەردەشتی بردبێ؟.

- لەلاپەڕە (٩٤)دا لەجیاتی وشەی (قبلیة- ap-riori) وشەی پێشوەختانەی نووسیوە، لەبەرئەوەی وەرگێڕ ئەو فەرهەنگەی کۆڕی زانیاری نەدیوە کە پێشتر ئاماژەم پێدا، بۆیە نەیزانیوە کە هەر لەوێدا لەجیاتی وشەی (قبلي) وشەی پێشیانە نووسراوە کە بە باوەڕی من ڕاستترە لەوەی وەرگێڕ بەکاری هێناوە، چونکە وەک من تێی بگەم و وەک لە عەرەبییەکەدا هاتووە هیچ جۆرە ئاماژەیەک بۆکات لەو وشەیەدا بەرچاو ناکەوێت، بۆیە وشەی «پێشوەخت» لەم کایەیەدا لە جێگای خۆیدا نییە.

- لە لاپەڕە (٩٥)دا و لە دێڕی ٤-٥ قسەکەی سارتر بە نارێکوپێکی کراوە بەکوردی. وەرگێڕ نووسیویەتی: «بە بێ جیهان هیچ کەسێک و هیچ خودێکی مرۆیی بوونی نییە و بەبێ خودی مرۆڤیش یان کەسان هیچ جیهانێک نییە» لە تێکستە عەرەبییەکەدا قسەکەی سارتر کوردییەکەی دەکرێ بەم شێوەیە بنووسرێ (ل١١٥- دێڕی (٢٣- ٢٥): «بەبێ بوونی جیهان کەس یان خودی مرۆڤیی بوونی نابێت و بەبێ خودی مرۆڤی یان کەسایەتی مرۆڤ جیهان بوونی نابێت».

(١٨) لە هەمان لاپەڕەدا وەرگێڕ لەجیاتی وشەی (مذهب أنا وحدی) کە بەرامبەر بە وشەی لاتینی So-lipsism نووسراوە وشەی (هەرمنی) بەکارهێناوە کە بەتەواویی هەڵەیە ئەم وشەیە ڕێبازێک نیشان دەدات کە دەکرێ بە (هەر من خۆم) بکرێت بەکوردی.

لە لاپەڕە- ١٠٥ دێڕی ٦-٨دا هاتووە: «بەڵام ئێمە لە بواری ئایینیدا پتر لە ئیمان دەدوێین وەک لە زانین... ئیمانیش ئەو شتە تێدەپەڕێنێت کە لە ڕێی یەقینی ئەقڵییەوە پێیدەگەین لە بنەڕەتدا ئیمان هەڵوێستێکە لەسەر بناغەی متمانەو پەیمان بۆیە...». بە باوەڕی من ئەم وەرگێڕانە ورد نییەو جۆرە شاشییەکی تێدا هەست پێ دەکرێت. ڕاستییەکەی وەک لە عەرەبییەکەدا هاتووە (ل١٢٩- دێڕی ٦-٨) بەم جۆرەیە:

«بەڵام ئێمە لەکایەو بواری ئاییندا قسە لە ئیمان دەکەین پتر لەوەی باسی زانین بکەین، ئیمانیش پێداویستی بە بازدانێک هەیە کە لەوە تێبپەڕێ کە بەهۆی یەقین ژیرەتیەوە دەیزانین، ئیمان لە بنەڕەتدا هەڵوێستی بڕوابوون و پەیمانە...».

لە پەراوێزی ل١٠٦دا کە باسی پەنتاییزم Panthe-ism دەکات، ئەگەر جارێکی تر عەرەبییەکەم نەخوێندبایەوە، تێنەدەگەیشتم وەرگێڕ چی کردووە بەکوردی؟ خالیق دەبێ مەبەستی وەرگێڕ لە «خوداییبوون» چی بێت؟

لە ل١٠٨داو لە دێڕی ٧ دوو دێڕی عەرەبییەکە پەڕێنراوە و نەکراون بە کوردی وەرگێڕ نووسیوبەتی:

«هەر ئەم تێگەیشتنەش بۆ مرۆڤ بووە مایەی گەلێ کێشەی فەلسەفی بێ چارەسەر سەبارەت بە چۆنێتی پەیوەستبوونی ئەم دوو بوونەوەرە لێکجودایە بەیەکترەوە: واتە: دەروون و جەستە هەروەکو لای مرۆڤ هەیە لە ڕاستیدا ئەگەر» بە بۆچوونی من ئەم وەرگێڕانە سەرەڕای پەڕاندنەکە نەڕەوانەو نە بەتەواوەتی قسەی نووسەری کردووە بەکوردی، ئەگەر عەرەبییەکە وەک لە (ل١٣٣

دێڕی ٢-٦)دا هاتووە بکەم بەکوردی بەم جۆرە دەینووسم: «بەو جۆرە تێگەیشتن لە مرۆڤ بۆتە مایەی بەرپابوونی هەموو ئەو کێشانەی فەلسەفە کە چارەسەریان بۆنییە، دەربارەی چۆنێتی شیانی بەیەکەوە بەسترانی ئەم دوو بوونەوەرە لێکجودایە بەیەکترییەوە و چۆن بە پەیوەستێکی توووند وتۆڵ، وەک بەڕاستی لە ڕەوشی مرۆڤ وایە، بەیەکەوە دەبەسترێنەوە: نەفس (یان ئەو شتەی بیردەکاتەوە Rescogitas) و لەش (یان ئەو شتەی دەکشێ Resextensa)، ئەوی ڕاست بێ (وەرگێڕ نووسیویەتی لە ڕاستیدا)...

لە لاپەڕە (١١٢) وەرگێڕ نووسیویەتی «لە ڕەوتی شیکردنەوەی بوونگەرایاندا بۆ شوێنمەندی» هەرچەندی سەرم هێناو برد نەمزانی مەبەستی لەو ڕستەیە چییە. خۆ ئەگەر مەبەستی ئەوەبێ «لە ڕوانگەی بوونەوە شوێن شیبکرێتەوە» ئەوەیە دەکرا ڕستەکە بەکوردی بنووسێ و بڵێ:

«شیکردنەوەی بوونگەرایی شوێن» ئەگەرچی ئەمەش دەربڕینێکی کۆڵەوارە.

(١٩) لە بەشی پێنجەمدا ل١١٧ خاڵی ٤ بە باوەڕی من ڕاستتر وابوو لە جیاتی ئەوەی وەرگێڕ نووسیویەتی:

«لە شێوە ڕەسەنەکەی و ساختەکەیدا» نووسرابایە:

«کاتێک ڕەسەن و ساختە دەبێ» هەروەها لەلاپەڕە -١٢٣- وە سەردێڕی ژمارە (٢-) وشەی (پەیوەندی) لە عەرەبییەکەدا بە کۆ هاتووە، کەچی وەرگێڕ بە تاک نووسیویەتی، دەبوو بینووسیبایە: «پەیوەندییەکان».

- لە ل١٣٤ دێڕی ٩ وەرگێڕ لە جیاتی (حب استحواذی) وشەی (خۆشەویستی مولْکدارانەی) نووسیوە.

هیچ لە خوێنەر ناشارمەوە کە بڵێم، من ئەمە یەکەم جارە نووسینی دوو وشەی وا لەیەکتر جیاواز بەیەکەوە ببیستم! هەر دواتر لە وشەی بیانی ئیگزیستییانیتالیزم پیتی (i) بووە بە (O).

لەسەرەتای ل١٣٥ و لەیەکەم دێڕدا وشەی (مخلوقین) نەکراوە بەکوردی و دیارە پەڕیوە، تەنیا هەر (موجودین) بە دوو بوونەوەر نووسراوە! ئەمەش مەبەستی نووسەر بە تەواوەتی ناداتە دەست.

لەلاپەڕە (١٣٨) دێڕی (٢٦) وەرگێڕ قسەکەی نیتشەی گۆڕیوەو شتێکی تری وتووە: ئەو نووسیویەتی: «کە خودا مردووە» نیتشە ئەم قسەیەی لەم پەرەگرافەدا نەکردووە تێکستە عەرەبییەکە وتوویەتی «وبعد ان سلمنا بانتهاء الایمان بالاله». لێرەدا باس لەوە کراوە کە هیچی تر بڕوا بەخواوەند نەماوە و بەهیچ جۆرێک باسی مردن نەکراوە. (ل١٧٤ دێڕی ٢١ تێکستی عەرەبی)، ئنجا نیتشە لەو کتێبانەیدا کە کراون بە عەرەبی و فارسی بەتایبەتی وەرگێڕانی (زەردەشت لەلایەن فلیکسی فارسی بە عەرەبی هەر تەنیا ناوی خواوەند هێنراوە، دەبوو وەرگێڕ بە وردی ئاگاداری ئەم لایەنە گرنگ و هەستیارانە بوایە.

- لەلاپەڕە (١٤٣) و خاڵی دووەم- بەشی شەشەم- لە جیاتی هەردوو وشەی (الاسقاط والتأویل) وەرگێڕ تەنیا وشەی (لێکدانەوەی) نووسیوە.

- ئەوەی پتر سەرنج ڕادەکێشێ وەرگێڕ بە چەند شێوەیەکی جیاواز چەمکە عەرەبی و بیانییەکانی کردووە بە کوردی و هیچ جۆرە ڕێکوپێکی و هارمۆنییەک لەنێوان داڕشتنەکانیاندا نابینرێ و هەستی پێ ناکرێ. تەنانەت وشەی بیانی Salpsism کە بەمانای (أناوحدی) عەرەبی هاتووە بەچەند شێوەیەکی جیاواز کردوونی بەکوردی.

بۆ نموونە لە (ل٩٥: هەرمنی) و لە (ل١٢٣: هەرمن) و لە (ل١٤٧: تاکخودی)... دەبوو وەرگێڕ لە بارەی ئەم چەمکانە جۆرە بنەمایەکی زانستی زمانی ڕەچاو بکردبایە، یان سوودی لەو فەرهەنگانە وەرگرتبایە کە لە ساڵانی حەفتاوە لە لایەن کۆڕی زانیاری کورد لە بەغداو وەزارەتی پەروەردەی بەغدا- خوێندنی کوردی بڵاوکراونەتەوە.

چونکە لەلای وەرگێڕ جۆرە سەرگەردانییەک لە وەرگێڕانی چەمک و وشەکان هەست پێ دەکرێت.

- لەلاپەڕە (١٤٨ دێڕی ٤) قسەکەی بردییایف بە ڕێکوپێکی نەکراوە بەکوردی و وشەی لێ پەڕێنراوە... بردیاییف باسی بوونی دەرەکیی کردووە، وەرگێڕ تەنیا هەربوونی نووسیوە و نووسیویەتی «ئیدراکی هەستی بەپێی سروشتی قوڵی بەتەنیا ڕەنگدانەوەیەکی ملکەچانەی واقیع یان گونجانیکی ڕاستەوخۆی پێدراوەکان نییە بەڵکو گۆڕینێکی ئیجابی شێوەی- بوون!- و مانا بەخشینیشە پێی) بەپێی تێگەیشتنی من دەبێ وەرگێڕانی ئەم بڕگەیە بەم جۆرە بێت:

«ڕێ پێ بردنی هەستەکی، چونکە سروشتێکی ئەوپەڕی قوڵی هەیە ناکرێ تەنیا هەر ڕەنگدانەوەی ملکەچی دەوروبەر یان گونجاندنی ڕاستەوخۆی دراوەکان بێت، بەڵکو هەروەها ئەو گۆڕینێکی لەباری بوونی دەرەکیی و واتا پێ بەخشینێتی.»

- نازانم چۆن وەرگێڕ لەجیاتی وشەی (خالص) کە لە

ناوونیشانی کتێبەکەی کانت وەرگیراوە «نقد العقل الخالص» وشەی (پەتی) بەکارهێناوە پەتی ئەگەرچی یەک دوو واتای هەیە، بەڵام لێرەدا بە هیچ جۆرێک ناگونجێ و ناشێ بەکار بهێنرێ، دەبوو وەرگێڕ بینووسیایە «ڕەخنەگرتنی ژیری بێگەرد» لە جیاتی ئەوەی ئەو نووسیویەتی «ڕەخنە لە ئەقڵی پەتی» ل١٥٢ دێڕی ٩-١٠)

- لە لاپەڕە (١٦٢) و دێڕی ١٩-٢٢ وەرگێڕ بەشێکی لە قسەکەی کیرکەگۆر پەڕاندووەو نووسیویەتی:

«هەر بۆیە دەبینین قەیرانی بوونەوەری تاک فەراموش دەکات کە ئاوێتەیەکە لە زەمانمەندی و ئەزەلییەت لەناو جەرگەی بووندایە».

(٢٠) لە لاپەڕە (١٦٤) و دێڕی (٩-١٤) قسەی توێژەرەکەی یاسپەرز شێوێنراوەو وەرگێڕ نووسیویەتی: «ڕەتکردنەوەی شێوەی توندڕەوانەی ئەقڵپەرستی مانای ئەوە نییە کە ئێمە خۆمان فڕێدەینە ناو باوەشی خود پەرستی و نا ئەقڵگەرایی... تاد.»

وەک من بزانم لە هیچ ڕێبازێکی فەلسەفەدا ئەقڵ نەپەرستراوە، بەڵکو وەک ئامرازێک پشتی پێ بەستراوە و بەکارهێنراوە.

یان ڕەخنەگیراوە وەک لەم کتێبەدا ناوی کتێبەکەی کانت هاتووە کە ڕەخنەی لە ژێر گرتووە، بۆیە وشەی ئەقڵ پەرستی بە تەواوەتی لە جێگای خۆیدا نییە، ئەگەر هەڵە نەبێت. لەلایەکی ترەوە تێکستە عەرەبییەکە دەکرێ بەم جۆرە بکرێت بەکوردی:

«ڕەتکردنەوەی شێوە توندڕەوە لە ڕێ لادەرەکەی ڕێبازی تەسکی ژیرەکی مانای ئەوە نییە ئێمە خۆمان دەخەینە باوەشی ڕێبازی خۆبەتییەوە، یان ڕێبازی ناژیرەکییەوە.

تۆمەتبارکردنی ژیر وەک خۆی کارێکی دەبەنگانەیە. ئێمە بەپێچەوانەی ئەمەوە دەبێ لەسەر هێز و کاریگەرێتی کە بوون وەک سەرچاوەیەک هەقیقەتەکەی ڕەگی تێدا داکوتاوە پێداگرین.» «تێکستی عەرەبی ل٢٠٦- دێڕی ٢٣-٢٤، ئنجا لە لاپەڕە- ٢٠٧ دێڕی ١-٣. لە پەراوێزی ل٢١٦ دێڕی ٢٢، تێکستی عەرەبی) ناوی ئێرنست ماخ بە هەڵە نووسراوە (باخ) لەوەدەچێ وەرگێڕ لەچاپی فارسییەکەی وەرنەگرتبێ، بۆیە هەمان هەڵەی چاپی عەرەبی دووبارە کردۆتەوە و نووسیویەتی (باخ). (ل١٧٢ پەراوێزی چاپی کوردییەکە).

- وەرگێڕ لەلاپەڕە (١٧٧- ژمارە- ٣) و لە لاپەڕە- ١٨٩ بەدواوە لەجیاتی وشەی (قلق)ی عەرەبی وشەی (دڕدۆنگ»)ی بەکارهێناوە ئەوەندەی من ئاگادارېم لە نووسینی کوردیدا کاتی خۆیشی و ئێستاش وشەی (نیگەران) بەکاردێت. لە ژمارە (٤) لە لاپەڕە- ١٧٧ و لاپەڕە (١٩٦) باشتر وابوو وشەی تر پێش «گرنگ» بنووسرێت واتە بینووسیبایە هەندێ هەست و سۆزی تری گرنگ چونکە لە نووسینەکەی وەرگێڕدا وشەی (تر) «گرنگەکە» دەردەبڕێ، بەڵام لە عەرەبییەکەدا پێوەندیی بەهەست و سۆزەوە (مشاعر) هەیە.

- لە لاپەڕە (٢٣٣) ژمارە -١- و لەلاپەڕەی دواتر وەرگێڕ لەجیاتی وشەی عەرەبی (الانسانیة) وشەی مرۆڤبوونی نووسیوە.

بە باوەڕی من ئەم وشە کوردییە لێرەدا پڕ بە پێستی عەرەبییەکە نییە، چونکە مەبەست (مرۆڤایەتییە) نەک ئەوی تریان.

- لە لاپەڕە (٢٣٩- دێڕی ٢٤- ٢٦)، وەرگێڕ شتی پەڕاندووەو قسەیەکی وەرگێڕی تێکستە عەرەبییەکە کە لە پەراوێزدا بووە خستوویەتییە نێوان دوو کەوانەوە و لە تێکستە کوردییەکەدا نووسیویەتی، ئەم کارە دووجار هەڵەیە:

یەکەم: ئەم قسەیە هی وەرگێڕی عەرەبییە نەک هی نووسەر، بۆیە بەهیچ جۆرێک کاک ئازاد مافی ئەو دەستکارییەی نەبووە بیکات، چونکە قسەکەی وەرگێڕی کردووە بە هی نووسەر، قسەکەش ئەمەیە (واتە ئیسحاق کە لە ئیسلامدا ئیسماعیلە)

دووەم: قسە هەڵبەستنە بە دەمی نووسەرێکی مەسیحییەوە کراوە و بەهیچ جۆرێک ئیسلام و بیروبۆچوونی ئەم ئایینییەی بەلاوە پەسند نییە، هەر لەهەمان شوێندا: نووسیویەتی: «هەڵپەساردنی مەبەست گەراییانەی ئاکار» وابزانم مەبەست گەراییانە لێرەدا ڕاست نییە، چونکە لە تێکستە عەرەبییەکەدا بیکەین بەکوردی بەم جۆرەیە (ئامانجەکیی ئاکار).

- لە لاپەڕە (٣١١) لە دێڕی ٢٧دا وەرگێڕ نووسیویەتی:

«بۆ نموونە- دۆن کیشۆت- ی ئۆنا مۆنۆ و شاسواری ئیمان لەلای کیرکەگۆر)، ئەم دێڕە ئەم وێنەیە لە مێشکدا ڕەنگ دەڕێژێ گوایە شاکاری دۆن کیشۆت هی ئۆنامۆنۆ بێت. بێگومان خاوەنی ئەم شاکارە دیارە چ کەسێکە. لە تێکستە عەرەبییەکەدا (ل٣٩١ دێڕی ٢) نووسراوە: دۆن کیشۆت (لەلای) ئونامۆنۆ. ئەمە مەبەستی نووسەر بووە. (دون کیشوت عند أونامونو).

هەر لە هەمان پەرەگرافدا وەرگێڕ لەجیاتی (اعجاب و موعجەب) کە بەکوردی پەسند و پەسندکردنە، وشەی (سەرسامی) نووسیوە مرۆڤێک بە شتێکەوە (موعجەبە) واتاکەی ئەوەیە بەلایەوە پەسندەو، ئەم وشەیە لێرەدا پێوەندی بەسەرسامییەوە نییە، هەر لە هەمان لاپەڕەدا قسە خوازراوەکەی هـ. ژ. پاتۆن شێوێندراوە. پاتۆن باسی ئەوەی کردووە کە ئەو پشتگیرییەی ئەمرۆ لە کیرکەگۆر دەکرێ نیشانەیەکە لەسەر ئەو ڕێگایەی بەو (مەترسییەی) گەیاندووین، کەچی وەرگێڕ نووسیویەتی:

«ئەو پەسندکردنەشی.... نیشانەیەکی ئەو ڕێگا مەترسیدارە کە پێی گەیشتووین.»

نووسەر مەبەستی ڕێگا نییە، بەڵکو مەبەستی ئەو مەترسییەیە (خطر) پێی گەیشتووین.

**ئەنجام**

ئەمە مشتێک بوو لە خەروارێک، خوێنەری خۆشەویست هیچت لێناشارمەوە، بۆیە دەمەوێت بەڕاشکاوی بدوێم و هیوادارم وەرگێڕی بەڕێز پشووی درێژ بێ و سینگی فراوان بێ و ئەم بۆچوونانەم بەرەخنەیەکی دۆستانە دابنێ. ئەوی ڕاست بێ وەرگێڕانە عەرەبییەکە بەلای منەوە ڕێکوپێک و ڕوون و ئاشکرایە و دەتوانم بڵێم ئەوەی عەرەبی بزانێ بەباشی سەری لێدەردەکات و لە مەبەستی نووسەر تێدەگات.

- جێگای داخە لاپەڕەیەک نییە لە کوردییەکەدا کە زمان شێواویی و تەمومژاوی و ئاڵۆزی بابەتەکەی نیشان نەدابێ، بە دەگمەن نەبێ دەنا لەمەبەستی وەرگێڕ نە دەگەیشتم و نەگەیشتووم.

- ئەو وشانەی دایڕشتووە بەبێ ئەوەی بەهیچ بنەمایەکی زمان و ڕێزمانی کوردی و دانانی وشەو ڕۆنانی زانستی وشەی ڕەچاوکردبێ و خستوویەتییە نێو ڕستەکانەوە، ئەم بەکارهێنانەش پتر تێکستەکەی شێواندووەو باری خوێنەری قورستر کردووە، تا ئەو ڕادەیە هەندێ جار مرۆڤ نازانێ تێکستەکە لەبارەی چ دەدوێ.

- خوێندنەوەی تێکستە کوردییەکەو بەراوردکردنی لەگەڵ وەرگێڕانەکەی د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام جارێکی تر ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە کە دەبێ وەرگێڕ لە هەردوو زمانەکەدا شارەزا و باڵا دەست بێت.

بە بۆچوونی من ئەو تواناو باڵا دەستییەی لەلای کاک ئازاد بەرزنجی-دا هەیە تا ئێستا فەریک و دەڵەمەیە و لە مەیدانی هیچ کام لەم دوو زمانەدا سوار چاک نییە.

- دەبێ کاک ئازاد چ سوودێکی لە زمانی وەرگێڕانە فارسییەکە وەرگرتبێ؟ ئەو هەڵانەی لە وەرگێڕانەکەدا ڕوویانداوە ئەم تەمومژاوی و ناڕێک و پێکییەی لە زمانە کوردییەکەی وەرگێڕانەکەدا هەست پێ دەکرێ ئەو وێنەیە لە مێشکدا دروست دەکات کە زۆر کەم سوودی لە فارسییەکە وەرگرتووە یان دوور نییە فارسییەکەش باش نەزانێ، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ فارسی و کوردی «وەک زمان» ئامۆزان و ئەوەی شارەزای زمانی فارسی بێت کوردییەکەشی چ وەک ڕێزمان و دارشتنی ڕستە و چ وەک وشە و چەمک ڕەوانتر و ڕوونتر دەبێت.

- هیوادارم کاک ئازاد ئەگەر جارێکی تر ئەم بەرهەمەی چاپ کردەوە، سوود لەو کەلەبەرانە وەربگرێ کە ئاماژەیان بۆ کراوەو سوودیش لە زمانزانێک وەربگرێ تا بەوەرگێڕانەکەیدا بچێتەوە پێش ئەوەی چاپی بکات.

- لە کۆتاییدا دەڵێم: چەند جوان و پەسندە، ئەگەر مرۆڤ توانای خۆی لە بوار و مەیدانێکدا بخاتەکار کە تێیدا شارەزاو باڵا دەست بێت.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**١- جون ماکواری: فەلسەفەی بوونگەرایی، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی نەوا، کوردستان. سلێمانی ٢٠٠٥. لە قەوارەی ٢٣٥ لاپەڕەدا.**

**٢- جون ماكوري: الوجودية: ترجمة: د. امام عبدالفتاح امام مراجعة د. فؤاد زكريا. عالم المعرفة- الكويت سلسلة كتب ثقافية تصور عن المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب الكويت ١٩٨٢.**

**٣- جان مك كوارى: فلسفه وجودى ترجمه: محمد سعيد حنايى كاشانى چاپ أول (١٣٧٧) (١٩٩٨) انتشارات هرمس- تهران.**

**٤- ريجيس جوليفية: المذاهب الوجودية من كيركجورد الى سارتر. ت: فؤاد كامل. مراجعة: د. محمد عبدالهادي ابوريده. الدار المصرية للتأليف والترجمة، القاهرة ١٩٦٦ في اماكن مختلفة.**

# زانستی ئەدەبی بەراوردکاری

ئا. و: د. کەمال مەعرووف
(کۆلیژی زمان - زانکۆی سەلاحەدین)

زانستی ئەدەبی بەراوردکاری وەک کەرەسەیەکی مێژوویی - ئەدەبی، دەچێتە نێو چوارچێوەی فراوانی زانستی ئەدەبەوە کە پێوەندیی بە مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و تیوری ئەدەبەوە هەیە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە ئەدەبی جیهانییەوە پەیوەستدارە، جا لە بواری زانستی ئەدەبیدا، (ڕەخنەی ئەدەبی) دیاردەکانی ئەدەبی دیاری دەکات و هەوڵی دەرخستنی بەهای هونەری و ڕەسەنایەتی دەدات، بەڵام (مێژووی ئەدەب) پرۆسەی تۆژینەوەی ئەدەبی ناوچەیی و جیهانی بە خۆوە دەگرێ، لەگەڵ بەدەرخستنی خاسیەتی هەر یەکێکیان و دیاریکردنی هێڵی داهێنانی کەسایەتییە ئەدەبییەکانی هەر یەک لەم ئەدەبە ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی هاوچەرخدا دەخاتە ڕوو.

(تیوری ئەدەب) دیراسەی پێشکەوتنی ئەدەب (شێوازەکانی، بەرنامەکانی، شەپۆلەکانی، جۆرەکان و ڕەگەزەکان و سیماکانی) دەخاتە بەرچاوان، بەڵام ئەدەبی بەراوردکار و ئەدەبی جیهانی دیاردەکانی ئەدەبی و شێوازە جوداوازەکان بەخۆوەدەگرن. ئەدەبی بەراوردکاری بە تەنیا دیاردەکانی ئەدەبی شی ناکاتەوە، بەڵکو هەوڵ دەدات سروشتییە گشتییەکانی، پێوەندییە ئەدەبییەکانی، وێک چواندنەکانی بەدەردەخات. لەو شیکردنەوانەشدا هاوکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری لەبەرچاو دەگرێ.

پێوەندییەکی ئۆرگانیک لە نێوان ئەدەبی بەراوردکاری و مێژووی ئەدەب هەیە، ئەرکەکانی مێژووی ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی یەکجار زۆرن، لێکۆڵینەوەی ڕیشەی دیاردە ئەدەبییەکان دەکات، لەوانە (سەرچاوەکانی، کاریگەرییەکانی، پێوەندییەکانی بە واقیعەوە، بە سروشت و بە کۆمەڵەوە. ئەدەبی بەراوردکاری کرۆک و

پێویستییە بۆ مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، چونکە سەرچاوەی شەپۆلەکانی هونەری و هزرەکانی ئەدەبی نەتەوەیی دەدۆزێتەوە).

تۆژینەوەکەمان لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی چەمک و پێناسە و زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری، مێژووی سەرهەڵدانی. بەشی دووەمی بوارەکانی تۆژینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری، بەشی سێیەمی گرنگی ئەدەبی بەراوردکاری و قەیران و کێشەکانی.

## پێناسەکەی

ئەدەبی بەراوردکاری بریتییە لە تۆژینەوەی ئەدەبی نەتەوەیی لە پێوەندییە مێژووییەکەی لەگەڵ ئەدەبەکانی تردا، چۆن ئەم ئەدەبە بەو ئەدەبەی تر پێوەندی کردووە؟ چۆن کاریگەرییان لێکترکردووە؟ چی وەرگرتووە و چی بەخشیوە؟ لەسەر ئەم بنەمایانە تۆژینەوەی ئەدەبی بەراوردی باسی ئەم گواستنەوانە لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێکی تر دەکات، ئەم گواستنەوانەش لە واتاکانی زمانەوانی، بابەتەکان، وێنەکان، شێوازەکانی هونەری، بەدەردەکەون، ئەدەبی بەراوردکاری کرۆک و بنەڕەتە بۆ مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، چونکە سەرچاوەی شەپۆلەکانی هونەری و هزری ئەدەبی نەتەوایەتی دەدۆزێتەوە. هەموو ئەدەبێکی نەتەوەییش لە چەرخی ڕاپەڕینیدا لەگەڵ ئەدەبی جیهانیدا پێک دەگەنەوە، کە هاریکاری لەگەڵیدا دەکا و بەرەو هۆشیاری مرۆڤایەتی و نەتەوەیی دەبات و بەم بە یەکگەیشتنە دەبووژێتەوە و کامڵ دەبێ، بەڵام بەرنامەی ئەدەبی بەراوردکاری و مەوداکانی تۆژینەوەی سەربەخۆیە و لە بەرنامەی مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا جیایە، پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی تایبەت هەیە، تا بتوانێ بە قووڵی لە پێک گەیشتنی ئەدەبەکانی جیهانیدا بکۆڵێتەوە، بەڵام ڕەخنە و مێژووی ئەدەب بایەخ بەو ئەنجامانە دەدات کە بە قووڵی تۆژینەوەی پێوەندییە ئەدەبییەکانی جیهان دەکات. گرنگی ئەدەبی بەراوردکاری لە سنووری تۆژینەوەی شەپۆلەکانی هزر و ڕەگەزەکانی ئەدەبی و کێشەکانی مرۆڤایەتی لە هونەردا ناوەستێ، بەڵکو لایەنی کارتێکردنی نووسەری نەتەوەیی بە ئەدەبی جیهانی دەدۆزێتەوە. دیارە کاریگەریی نووسەران لە ئەدەبی نەتەوەیی بە ئەدەبەکانی جیهانی خۆی لە خۆیدا مانایەکی قووڵی لە لای نووسەرە گەورەکانی هەر دەوڵەتێک هەیە. ڕەخنەگری فەڕەنسی (فیلمان) لە محازەرەکانی سۆربۆندا ساڵی ١٨٢٨ دەڵێ: «دزییەکانی ئەدەبی سەرمەدین و لە هەموو دەوڵەتەکاندا ئاڵوگۆڕی پێدەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەدەبی بەروارد ئاسۆ و تێڕوانینی قووڵ و ڕاستگۆترین ئەنجام لە تۆژینەوەی پێوەندییەکانی جیهانی دەخاتە ڕوو، ئەمەش لە لێکۆڵینەوەی کۆن و ئاسۆ تەسک و بێ سوود بە دزییەکانی ئەدەبی ناسراوە و لەو جیا دەبێتەوە».

توێژەرەوی فەڕەنسی (جۆن جاک ئەمپیر) زۆر زوو درکی بە گرنگی مێژوویی ئەدەبی بەراوردکاری کرد، لە محازەرەکانی سۆربۆندا ساڵی ١٩٣٢ دەڵێ: «ئێمە تۆژینەوەکانی بەراوردکاری ئەنجام دەدەین کە بەبێ بوونیان مێژووی ئەدەب ناکامڵ دەبێ. ئەدەبی بەراوردکاری چێ نابێ، ئەگەر هاوکێشە لە نێوان ئەدەبەکانی جوداواز پێوەندی مێژوویی دیار نەبێ، تا یەکێکیان کاریگەریی لەوی تر بکات و کارتێکردنەکەش ڕوون و ئاشکرا بێ».

نووسەری فەڕەنسی (ستانداڵ ١٧٨٣-١٨٤٢) کتێبێکی بەناونیشانی (ڕاسین و شەکسپیر) نووسی، کتێبەکە بەهایەکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لە بانگەوازی ڕۆمانتیکی کە شەکسپیر و ڕاسین ڕایانگەیاندووە، ئەم هاوکێشەیە ناچێتە ناو خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، چونکە لە نێوان شەکسپیر و ڕاسین پێوەندی مێژوویی نییە. هەروەها هاوکێشە لە نێوان شاعیری ئینگلیزی (ملتن ١٦٠٦-١٦٧٤) و (ابي العلاء المعري ٩٧٣-١٠٥٧)دا نییە کە هەردووکیان کوێربوون و نامۆ و ڕەشبینانە سەیری ژیانیان کردووە و بە تەنگژەی ژیانەوە گیرۆدە بوونە، هەردووکیان بەرامبەر ئایین توندڕەو بوونە، ئەگەر هاوکێشە لە بیروڕایان و باری ژیانیان و شوێنی کۆمەڵایەتییان وەک یەک بێ، ئەوە هیچ بەهایەکی مێژوویی نییە، چونکە یەکتریان نەناسیوە و پێکتر کاریگەر نەبوونە، ئەمەش ناچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، چونکە پێوەندی مێژوویی لە نێوانیاندا نەبووە.

ڕۆسۆ و پێشوا بەم جۆرە لە کتێبی (ئەدەبی بەراوردی)دا پێناسەی ئەدەبی بەراوردی دەکات و دەڵێ: «بە فرمانی تۆژینەوەی لە پێوەندییە لێکچوو نزیکی و کاریگەریدا هونەرێکی بەرنامەییە، بەراوردی ئەدەب دەکات لە بوارەکانی گوزارشتی تر، یان بە کێڵگەکانی زانیاری تر، یان بەراوردی دەقەکان و ڕووداوەکانی ئەدەبی دەکات، کە لە نێوانیاندا کات و شوێن دوور و

نزیکیشە، بە مەرجێ سەر بە چەند زمانێ یان چەند ڕۆشنبیرییەک بن، بۆ دیاریکردنی پێناسەیەکی نوێخوازانە لە کتێبی بەرنامەیی (ماریوس فرانسوا گیوباردا، زانستی ئەدەبی بەراوردی بریتییە لە مێژووی پێوەندییەکانی ئەدەبی جیهانی کە ئەدەبی بەراوردکاری لە سنوورەکانی زمانەوانی، یاخود نەتەوەییدا دەبووژێتەوە، لە پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕی بابەتەکان و هزرەکان و کتێبدا یان هەستەکانی نێوان دوو ئەدەب، یان زیاتر شوێن پێیان هەڵدەگرێ، بەڵام (ڤان تیگم) لە کتێبەکەیدا ئەدەبی بەراوردکاری دەڵێ: «مانای زانستی وشەی بەراورد، دەرخستەی وێکچوونەکان و جیاوازییەکانی نێوان دوو کتێب یان دوو دیمەن یان دوو بابەت یان دوو زمان یان زیاترە، ئەم بەراوردە خاڵێکی دەستپێکی پێویستییە کە بوارمان دەدا بۆ دۆزینەوەی کار تێکردن یان وەرگرتن، یان شتی تر، هەروەها بوارمان دەدا کە کارتێکردن بە کارلێکردن ڕاڤە بکەین. هەروەها (ڤان تیگم) لە وتارێکیدا دەڵێ: «ئەدەبی بەراوردی ئامرازێکە بۆ تێک گەیشتنی جیهانی».

زاراوەی زانستی ئەدەبی بەراوردی مێژووەکەی کورت نییە بۆ سەدەی هەژدەهەم دەگەڕێتەوە. میورال (١٧٢٥)ی فەرەنسی و ئەندریو (١٧٨٥)ی ئینگلیزی، هەروەها لە زۆربەی بڵاوکراوەکانی فەرەنسی وەک LAnnee literaire, Joumal etrange بەکار براون، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لەگەڵ جێگیربوونی ناوی ئەم زانستە ساوایە، زۆر لە زاناکان ئەم زاراوەیان بەکارهێنا لەوانە: (نوئێل و لابلاس) (١٨١٨)، فیلمان (١٨٢٧)، جان جاک ئەمپیر (١٨٣٢)، (لوی پیرنلاو (١٨٤٩)، لە کۆتاییدا (سانت بێف) ئەم زاراوەیەی بە شێوەیەکی کۆتایی جێگیرکرد.

لەگەڵ ئەو زاراوەی کە ئاماژەمان پێکرد، هەندێ زاراوەی تریان بەکارهێنا کە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام زیاتر دروستە، مێژووی بەراوردی ئەدەب کە (پیرنلاو و ئەمپیر) بەکاریان هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا هەموو توێژەرەوەکان زاراوەی زانستی ئەدەبی بەراوردیان بەکارهێنا، کە بە فەرەنسی (litterature compace) بە ئیتاڵی (Litteratwa comparata) بە ئەسپانی (literatura comparada) بە یابانی (Hikaku bungakn) بە ئینگلیزی (Comparative literature). بە ئەڵمانی (Vergleichende literaturwissenchaft).

## چەمکی ئەدەبی بەراوردکاری

زانستی ئەدەبی بەراوردکاری زانستێکی نوێیە لە جیهاندا ئەگەر بەرابەرەکانی نێوان ئەدیبانی یەک زمان یان بەراوردەکانی نێوان ئەدیبانی جوداواز بە زمانی جیاوازەوە پێش ئەدەبی بەراوردکاری پەیدابووبێ، ئەوا زانستی ئەدەبی بەراوردکاری وەک دەستور و بنەما و سنوورەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە درەنگ پەیدا بووە، دیاریکردنی چەمکەکەی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، یان لە قوتابخانەیەکی هزرەوە بۆ قوتابخانەیەکی تری هزرەوە جوداوازن. یەکەم وڵات کە زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری بەکارهێنا، لە ساڵی ١٨٢٧دا فەرەنسا بوو، بەم جۆرە چەمکی ئەدەبی بەراوردکاری دیاری دەکەن کە زانستێکە باسی بەراوردی نێوان پێوەندی لێکچووی ئەدەبە جیاوازەکان لە زمانەکانی جوداواز دەکات و هیچ هەوڵ نادات کە ئەدەب بە هونەر و زانستە مرۆڤایەتییەکان ببەستێتەوە، کەچی ئەمریکییەکان بەم جۆرەی پێناسە دەکەن، تۆژینەوە و بەراوردی پێوەندییەکانی لێکچوونی نێوان هەندێ لە ئەدەبەکانی جوداواز لەگەڵ هەندێکی تردا، ئەدەب و هزرەکانی مرۆڤایەتی لە هونەر و زانستدا، بەرهەمی مرۆڤایەتین پێکەوە ئاوێتەکراون، ناکرێ بەرهەمی ئەدەبی لە بەرهەمی زانستی و هونەری جودا بکرێنەوە ئەگەر بۆچوونی ئەمریکییەکان ڕاڤەبکەین و هەڵی بسەنگێنین ئەوە پرسیارێک سەرهەڵدەدا، مرۆڤ هەر چەندە زانست و زانیاری زۆربێ ناتوانێ هەموو هونەر و زانستەکان بەسەر بکاتەوە و بەراوردیان بکات، چونکە کارێکی زێدە ئاڵۆز و پڕ زەحمەتە، بۆیە پێویستە دەدان بەو ڕاستییەدا بنێین کە ئەم کارە لەسەرووی توانای توێژەرەوەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو پێوانە ئەمریکییەکە پەیڕەو بکرێت، ئەوا پێویستە لیژنەیەکی پسپۆر لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ ئەم کارانە تەرخان بکرێن، بەم ڕێگایە لە بەرواردکردن و تۆژینەوە دەتوانین وێنەیەکی نیمچە تەواو لەسەر کاروانی هزری مرۆڤایەتی و پێشکەوتن و پەرەسەندنی هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکان دیاری بکرێن.

بە هۆی ئەم گیروگرفتانەوە ئێمە قوتابخانەی فەرەنسی بە لۆژیکتر دەزانین بۆ دیاریکردنی چەمکی ئەدەبی

بەراوردکاری کە بوارەکەی تەسک کردۆتەوە، تەنیا بواری ئەدەبە جـوداوازەکـانی گـرتۆتەوە، بێ ئەوەی ئەدەب بە هونەرە جیاوازەکان و زانستەکانەوە گرێ بدات.

خـاوەنانی قـوتابخـانەی فـەرەنسی دەڵێن: ئەدەبی بەراوردکـاری باس لە شـوێنی بە یەک گەیشـتنی نێـوان زمانی ئەدەبە جوداوازەکان و پێوەندییە فرە ئاڵۆزەکانی ئێستا و ڕابردوو دەکات. ئەو پێوەندییە مێژووییە چ کـارتێکردن و کـاریگەرییـەکی هەیە، ئینجـا دیاردەی ئەو کارتێکردن و کاریگەرییە پێوەندی بە ڕەگەزە ئەدەبییەکان یان بەشـە شـەپۆلەکـانی هزرەوەبێ، یـان بە سـروشـتی بابەتەکـان و هەڵوێست و کەسەکـانەوە بێ کـە لە ئەدەبدا لاسایی دەکرێنەوە. لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە، دەتوانین بڵـێین ئەدەبی بەراوردکـاری پشت بە دوو کـۆڵەگـەی بنچینەیی دەبەستێ ئەویش جوداوازی زمان و پێوەندی مێژوویی.

## ١- جیاوازیی زمان

پێویسـتـە ئەو ئەدەبانەی لاسـایی و بەرابەر دەکرێن بە زمـانی جوداواز نووسرابن، هەر چەندە هاوکـێشـەکـان لە نێوان ئەدیبـانی یەک زمان بەهایەکی زۆر مـەزنی هەیە و سوودێکی گەورە بە تێگەیشتنی هێڵی ئەدەبی ئەو زمانە دەبەخشێ کـە لەسـەری دەڕوا، بەڵام ئەم هاوکـێشـانە بە ئەدەبی بەراوردکـاری دانـانرێن، بۆ نموونە هاوکـێشــە لە نێوان شیعری (ابي العلاء المعري) و (ابي العتاهية) لە ئەدەبی عـەرەبیـدا، ئەم هاوکـێشـەیە بە تەنهـا خـزمـەتی زمانی عەرەبی دەکات، خزمەتی ئەدەبی جیهانی ناکات کـە بایەخ بە بەراوردەکـانی نێـوان ئەدەبە جـوداوازەکـان دەدات. بۆ نموونە ئەگـەر هاوکـێـشــە لە نێـوان ئەدەبی شـەکسـپیر و ئەدەبی شارلز دیکنز لە ئەدەبی ئینگلیـزی بکرێ، ئەم هاوکـێـشــەیە ناچێــتــە خــانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، چونکە زمانەکە لە نێوانیاندا هاوبەشە. هەروەها ناچێتە ناو چوارچێوەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە هاوکێشـە لە نێوان (کـۆرنی) و (ڕاسین)، یان لە نێوان (ڤولتێر و ڕۆسۆ) هەردوو هاوکێشەکە لە بازنەی ئەدەبی نەتەوەیەکدایە، کـە ئەویش ئەدەبی فـەرەنسـییـە یان لە ئەدەبی عـەرەبیدا هاوکـێشـە لە نێـوان (المـتـنـبـي) و (شوقي) یان لە نێوان (ابي تمام)و(البحتري). هەروەها حـافظ و شـوقي، یان لە نێوان (باسکال)و(مونتینی)، یان لە نێوان (ڕاسین)و(ڤۆلتێر) لە ئەدەبی فەرەنسییدا، ئەم هاوکـێشـانە توێژەرەوەی ئەدەبی بەراوردی وازی لێ دەهێنێ بۆ توێژەرەوەی ئەدەبی نەتەوەیی ئەگــەر ئەم هاوکێشانە سوودیشیان هەبێ، ئەوە لە چوارچێوەی یەک ئەدەب دایە، بەڵام ئەدەبی بەراوردکاری نێو نەتەوەیی دوو ئەدەبی جیـاواز پێکەوە دەبەسـتـێـتـەوە، بەراوردکـردن لە نێــوان فــردەوسی و نیــزامی کــە باس لە کــەسـایەتی ئەسکەندەر یان چیـرۆکی خـسـرەو و شـیـرین دەکـەن، خـاوەنانی ئەم ڕایە پێـیـان وایە کـە زمـان دەفـرێکە ئەدەبەکانی تێدا هەڵدەکەوێ، بۆیە پێویستە ئەم دەفری زمانەوانییە جوداوازبێ لە حاڵەتی ئەدەبی بەراوردکاریدا. مەیدانی ئەدەبی بەراوردکاری مەیدانێکی نێو نەتەوەییە کە نێوانی دوو ئەدەبی جیاواز، یان زیاتر دەبەستێ، لەبەر ئەوە بەراورد لە نێـوان شـاعـیـرێ کـە بە زمـانی عـەرەبی بنووسێ لە میسر لەگەڵ شاعیرێکی تر لە هیند، یان لە ئێـران یان لە ئەندەنووسـیـا و ئەورووپایی، بە ئەدەبی بەراوردکــــاری دانـانرێ، هەر چەنـدە باری ژینگـەی کـۆمـەڵایەتی و بنەچەشـیـان وەک یەک نەبێ، گـرنگ جـوداوازی زمـانـە خـاوەنی ئەم ڕایە دەڵێ: دەبێ ئەدەبی بەراوردکـاری لە نموونەی ئەدەبی یەک زمـان وەدەربندرێ، هەر چەندە بارودۆخی هەر یەک لەم ئەدەبانەش جیاوازبێ، بەشـێکی زۆر لەسـەری ڕازی نین، ئەوانەی کـە بایەخ بە ئەدەبی بەراوردکــاری دەدەن بە تایبــەتی خــاوەنی قــوتابخــانەی ئەمــریکی. ڕایەکی تر دەڵێ: ئەدەبی بەراوردکـاری لە ئەدەبی یەک زمـاندا دەکـرێ بە ئەنجـام بگەیەنرێ، مادام نەتەوەکان جوداوازبن، بۆ نموونە ئەدەبی ئەمـریکی سـەرەڕای ئەوەی کـە بە زمـانی ئینگلیـزی نووسراوە، جیاوازە لە ئەدەبی ئینگلیزی کە لە ئینگلتەرا پێی دەنووسرێ، چونکە بارودۆخی ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەمریکا لە هی ئینگلتەرا جوداوازە، لەسەر هەمان جۆر ئایا دەتوانین بڵێین ئەدەبێ بە زمانی ئینگلیزی بنووسرێ لە ڕۆژئاوای ئەفریقا وەکو نێجیریا و غانا بەشێک بێ لە ئەدەبی ئینگلیزی دوورگەی بەریتانیا؟ لەسەر ئەم بنەمایە خاوەنانی ئەم ڕایە پێـیـان وایە کە ئەدەبی بەراوردکاری دەکـرێ لە یەک زمـاندا بە ئەنجـام بگەیەنرێ، مـادام نەتەوەکـان جـوداوازبن، بۆ کـۆک بوون لە نێوان خـاوەنی هەر قـوتابخـانەیەکدا، ئێـمـە ڕەچاوی ئەوە دەکـەین کـە هەمـوو نموونەیەکی ئەدەبی نووسـراوە بە زمـانێک لە ژێر باری ژینگەیەکدا هەر چەندە نەتەوەکـانیش جیـاواز بن، بواری ئەدەبی بەراوردکـاری چێ نابێ، بەڵام هەمـوو ئەو نموونانەی کە بە زمانێک دەنووسرێن ئەگەر باری ژینگەی کۆمـەڵایەتی نەتەوەکـان کـە بەرهەمی دێنن جیـاواز بن،

دەتوانرێ لە چوارچێوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا بەراورد بکرێن، هەروەها ئەدەبی بەراوردکاری لە نێوان بابەتەکانی ئەدەبی ئینگلیزی لە هیند و بابەتەکانی ئەدەبی ئینگلیزی لە ئینگلتەرا، یان لە خوارووی ئەفریقا چێ دەبێ، هەروەها دەتوانرێ بەراوردکاری بکرێت لە نێوان ئەدەبی فەرەنسی لە فەرەنسا و ئەدەبی ئەفریقی بە زمانی فەرەنسی نووسراو لە (ساحل العاج)و(سینیگال)، هەروەها زۆر لە ولاتانی تری ئەفریقایی کە بە زمانی فەرەنسی دەدوێن. دوان لەسەر پێویستی جوداوازی زمانەکان لە نێوان ئەدەبەکانی کە بەراورد و لاسایی دەکرێنەوە وامان لێ دەکات کە زانینی زمانە بیانییەکان پێویستییەک بێ بۆ توێژەرەوەی بواری ئەدەبی بەراوردکاری، بۆ نموونە ئەگەر لێکۆڵەرەوە یان ڕەخنەگر ویستی بەراوردی لە نێوان هونەری مەقام لە زمانی عەرەبی و فارسی بکات، پێویستە هەردوو زمانەکە بزانێ و نابێ پشت بە مەقاماتی فارسی کە بۆ عەرەبی وەرگێڕدراوە ببەستێ، چونکە تێگەیشتنی دەقی ئەدەبی بە زمانی خۆی زۆر باشترە لە خوێندنەوەی بە وەرگێڕانەوە. ئەو توێژەرەوەی کە بە دەقە وەرگێڕدراوەکە ڕازی دەبێ بڕیارێکی ناڕاست لە سەر مەقامە فارسییەکان دەدات، لە ڕاستیدا بڕیارەکەی بە وەرگێڕانە عەرەبییەکە پێوەندیدارە نەک بە ئەسڵە فارسییەکەی، بۆیە ئەنجامەکانی ئەم بەراوردییە ئەدەبییە لە ڕاستی و سەرکەوتنی کارێکی بە گومانی لێدەردەچێ، ئەگەر لێکۆڵەرەوە ویستی لە بواری ئەدەبی بەراوردکاریدا گفتوگۆ لەسەر شانۆگەری کلیۆپاترا لەلای شەکسپیر و ئەحمەد شەوقی بکات پێویستە دەقە ئینگلیزییەکە بە شێوازی شەکسپیر بخوێنێتەوە، نابێ بە وەرگێڕانە عەرەبییەکە ڕازی بێ هەر چەندە باشیش بێ، تا بتوانێ لەگەڵ شەکسپیر بە زمانی خۆی و دەستەواژەی تایبەتی مامەڵەی لەگەڵ بکات، پاشان لەگەڵ شانۆگەرییەکەی ئەحمەد شەوقی بەرابەری دەکات، دەردەکەوێ کە چۆن وێنەیەکی ناکۆکی شەکسپیر پێشکەش بە خوێنەری عەرەبی کردووە، هەوڵ دەدات ڕوونی بکاتەوە کە هۆکاری نەتەوایەتی، بۆتە هۆی ئەوەی بەرنامەیەکی جیاواز و ناکۆکی گرتۆتەبەر، بەم شێوەیە زمان ئامرازێکی گرنگی توێژەرەوەیە لە ئەدەبی بەراوردکاریدا، هەروەها پێویستییەکە لەو پێویستییانەی بە هۆیەوە تۆژینەوەی بەراوردکاری سەرهەڵبدات.

۲- پێوەندی مێژوویی، قوتابخانەی فەرەنسی هۆکاری مێژوویی بە مەرجێ دادەنێ، لە زانستی ئەدەبی بەراوردکاریدا کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ و نابێ دەستی لێ هەڵبگیرێ. خاوەنانی ئەم قوتابخانەیە بایەخێکی زۆر بەم بوارە دەدەن و ڕوونی دەکەنەوە ئەو بابەتانەی کە بەراوردی دەکەن، پێوەندی مێژوویی لە نێوانیاندا هەیە. کە جۆرێ لە کارتێکردن و کارلێکردنی لێوە پەیدابووە، هەروەها ئەم قوتابخانەیە گرنگی دەدا و دەیسەلمێنێ کە ئەو ئەدیبانەی بەرهەمەکانیان بەراورد دەکرێن یەکێکیان بەوی تر پێوەندی کردووە و پێی کاریگەر بووە، ئەم پێوەندییە ئەوە ناگەیەنێ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و لە یەک کاتدا بووبێ، لەوانەیە یەکێکیان شوێنی یەکێکی تر کەوتووە و پاش چەند سەدەیەک خوێندوویەتییەوە و بە بەرهەمەکەی کاریگەر بووە. ئەم هەڵچوونەش ئەدەبێکی کارتێکراوی هێناوەتە بەرهەم، ئەگەر خاوەنی ئەم قوتابخانەیە بوونی پێوەندی مێژوویی سەلماند، پاشان دەچنە ناو گفتوگۆوە، ڕووی گونجان و جیاوازی نێوان ئەدەبەکان، بابەتی تۆژینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری دەبێ و بایەخێکی زۆر بە لایەنی کارتێکردن و کارلێکردن دەدەن، ئایا ئەدیبەکە تەنها گەیەنەر یان وەرگێڕ بووە، یان هزری نوێی بۆ زیاد کردووە، کە لەگەڵ گیانی چەرخ و بارودۆخی کۆمەڵگاکە بگونجێ لەسەر بنەمای ئەو شتانەی خستمانەڕوو، سەلماندنی هۆکاری مێژوویی زۆر گرنگە، چونکە خاوەنانی قوتابخانەی فەرەنسی هیچ بایەخ بەبوونی وێکچوونی نێوان ئەدەبەکان نادەن، ئەگەر هۆکاری مێژوویی نادیار بێ، ناچێتە چوارچێوەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، ڕەگەزی مێژوو مەرجێکی سەرەکی ئەم تۆژینەوەیەیە، بە ونبوونی ئەم مەرجە، تۆژینەوەکە بە تەواوی ون دەبێ، چونکە مەبەستی سەرەکی زانستی ئەدەبی بەراوردکاری، وەک لایەنگرانی قوتابخانەی فەرەنسی لەوانە (د. محەمەد غونیمی هیلال) وای دەبینن کە لە ڕێگای مێژووییەوە بە ڕاڤەی ڕاستییەکان دەگەن، چۆنیەتی گوێزانەوەی لە زمانەوە بۆ یەکێکی تر، هەروەها چۆنیەتی لەدایک بوونی هەندێ ڕەوشتی گشتی کە پارێزگاری لێکراوەکانی گۆستراوەتەوە لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێکی تر، پاشان ڕەنگە تایبەتییەکانی کە ونی کردووە و یان ئەوەی کە بە دەستی هێناوە بەم گواستنەوەیە، جا ئەگەر مێژوو پێویستییەک بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکاری، ئەوە ون بوونی مێژووش دەبێتە ون بوونی ئەم تۆژینەوەیە، زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری دەربەندێکی گوزارشتی تەواوی ئەم

چەمکە زانستییە نییە، بۆیە ناوی تر بۆ ئەم زانستە بە دەرکەوتن وەکو مێژووی ئەدەبەکانی بەراوردکاری یان مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری، یان مێژووی بەراوردی ئەدەبەکان، بەڵام زاراوەی ئەدەبی بەراوردی بەسەر هەموو ناوەکانی تر زاڵ بوو، چونکە کورت و زۆر بەکارهاتبوو، هەندێ کەس ناڕەزایی بەرامبەر ئەم مەرجە دەردەبڕن کە بەرنامەی فەرەنسی داپناوە و بوونی پێوەندی مێژوویی بە پێویستییەک دەزانێ و دەڵێن بوونی لێکچوون لە نێوان جۆرەکانی ئەدەبی و هزرەکانی کۆمەڵە ئەدەبێکی جوداواز، یان لە نێوان دوو ئەدەبی جیاوازدا، دەبێتە پاڵنەرێک بۆ پەیدابوونی ئەدەبی بەراوردی ئەگەر نەمانتوانی ئەم پێوەندییە مێژووییەی نێوان جۆرەکان و هزرەکان لە کاتی ئێستادا بسەلمێنین، هەروەکو قوتابخانەی فەرەنسی داوامان لێدەکات، لەوانەیە توێژەرەوەکان لە دواڕۆژدا دوای توێژینەوەیەکی زۆر لە نێوان جۆرەکان و هزرەکاندا ئەم پێوەندییە مێژووییە ون بووە بەدەربخەن.

گریمان ئەگەر توانرا لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم پێوەندییە مێژووییە سەلمێندرا، ئایا لێکچوونی نێوان ئەدەبەکان و جۆرەکان و هزرەکان هۆکارێک نابێ بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراورد. لەوانەیە ئەم توێژینەوەیەی نێوان ئەدەبەکان کە پێوەندی مێژوویی لە نێوانیاندا نەبێ بتوانێ ئاسۆی هزری لێکچوومان بۆ بدۆزێتەوە، ئەگەر قوتابخانەی فەرەنسی باوەڕی بە پێویستی ڕەگەزی مێژوویی هەیە بۆ پەیدابوونی توێژینەوەی بەراوردکاری، ئەم مەرجەش دەکەوێتە سەر شانی توێژەرەوەی بواری توێژینەوەی ئەدەبی بەراوردیدا، ئەرکێکە پێویستە توێژەرەوە لەسەری سوور بێ و لەبەرچاوی بگرێ، بۆ ئەم ئەرکەش پێویستە زانیارییەکی تەواوی لەسەر بارە مێژووییەکە هەبێ کە توێژینەوەی لە بارەوە دەکات، کاتێ توێژەر باسی بابەتی کلیلە و دمنە دەکات لە نێوان ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا، پێویستە بارە مێژووییەکە بخاتەڕوو کە ئەم دوو ئەدەبەی لێکتر نزیک کردووەتەوە، چۆن زمانی عەرەبی لە ئێران قسەی پێ دەکرێ، ئەو بارەی کە یارمەتی ژمارەیەکی زۆری ئەدیبیان داوە کە لە بنەچەدا فارسن، بەڵام بە زمانی عەرەبی دەنووسن وەک (ابن المقفع)، پاشان توێژەرەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە بارە مێژووییەکە هانی ئەدیبانی فارسی داوە کتێبی عەرەبی بۆ سەر زمانی فارسی وەربگێڕن، زۆر توێژینەوەی تری مێژوویی کە جەخت لەسەر پێوەندی مێژوویی نێوان ئەدەبی عەرەبی و فارسی دەکەنەوە، لەو ماوەیەی کە (ابن المقفع) کلیلە و دمنە لە پەهلەوییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕا و پاشان لەلایەن (ابي المعال نصرالله الغزنوي) جارێکی تر لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕدرا. هەروەها پێویستە لەسەر توێژەر کە زانیاریی لەسەر مێژووی ئەدەبی عەرەبی و فارسی هەبێ. هەروەها سەر لە پێوەندیی نێوان هەردوو ئەدەبەکە دەربکات و لە چۆنیەتی پەرەسەندنی ئەم پێوەندییە بکۆڵێتەوە و بیخاتە ڕوو.


**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

**١. د.ابراهيم عبدالرحمن محمد: الادب المقارن، بين النظرية والتطبيق، القاهرة، ١٩٧٦.**

**٢. د.بديع محمد جمعة: دراسات في الادب المقارن، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٠.**

**٣. د.طه ندا: الادب المقارن، بيروت، ١٩٧٥.**

**٤. د.محمد عبدالسلام كفافي: في الادب المقارن، دارسة في نظرية الاداب والشعر القصصي، بيروت، ١٩٧٢.**

**٥. د.محمد غنمي هلال: الادب المقارن، دار العودة، بيروت، ١٩٦٢.**

**٦. د.محمد غنمي هلال: دور الادب المقارن في توجيه دراسات الادب العربي المعاصر، دار نهضة مصر، ١٩٥٦.**

**٧. محمود طرشونه: مدخل الى الادب المقارن، بغداد، ١٩٨٧.**

**٨. الكساندر ديما، ترجمة د.محمد يونس: مبادئ علم الادب المقارن، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد. ١٩٨٧.**

**بە زمانی فەرەنسی:**

**1. Henri chamard, Histoire de la pleiade, vol,1, paris, 1939.**

**2. P. Van Tieghan, la litterature comparee, paris, 1946.**

**3. Cnyard, lu litterature comparee, paris, 1951.**

**4. Cide (A), Antologie de la poesie francaise, paris, 1949.**

**5. Legouisetl. Gazamian, Histoire de la litterture Anglaise, paris, 1946.**

# شیعر و ئەزموون: پیاوێک پڕ لە وشە

**کۆسار ئەنوەر**
**(سلێمانی)**

ئەزمـوونی شیـعـر ئەزموونێکە دەقاودەق لەناو پێگەی وشـــەدا و هەردەم لەناو وتندا دەتوانێت پرســـیـــارە جەدەلییـەکـانی لە دەرەوەی خۆی بکات، بۆیە تا ئەمـڕۆ تاکە ژانری ڕۆشنبیری توانیویەتی بوونی خۆی بپارێزێت و پارێزگاری لە سیاقی زمانەوانی بکات، ئەمە جگە لەوەی شـیـعـر یەکـێکە لەو لایەنە بەهێـزانەی کـە تا هەنووکـە تێکەڵ بە زمـانی باو و سـایدی ڕۆژانە نەبووە، هەمـوو ئەمـانە وادەکـات کە هەردەم شـیـعـر پڕاوپڕبێت لە وشـەی نوێ و لە ماناو دەلالەتی قووڵ و پڕ مانا...

ئەنوەری ڕەشی عـەولا-ش یەکێکە لەو شاعـیـرانەی کە هەردەم بە ڕیتـــمـــێکی جـودا و بە شـــێـــوازێکی زۆر لەسەرخۆیانە لە دنیای شیـعردا کاری کـردووە، پێم وایە ئەم شاعیـرە یەکێکە لەو شاعیـرانەی کە لە نەوەی خۆیدا کـــەمـــتـــرین ئـیـــشـی لەســـەر کـــراوە لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، بێگومان ئەمەش هەرگیز لە داهێنانی ئەم شاعـیـرە کەم ناکاتەوە، یەکێک لەو ئەزموونانەش کە ئەم شاعیرەی وەک شاعیرێکی جددی بە نێوەندە ناسی کتێبە شیـعـری (وابزانم بووم...بە وشە) کە کـتـێبێکی قەبارە مـام ناوەندییـە و لە دووتوێی ( ١٧٠ لاپەڕەدا) لە لایەن چاپخانەی ڕەنج لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە(١).

ئەم کتێبەی شاعیر یەکێکە لەو وێستگانەی ئەزموونی شیـعـری ئەم شاعـیـرە کـە ئێـمـە دەمـانەوێت هەڵوەسـتـەی لەسەر بکەین، هەر چەند پێشتر لای هەموومان ئاشکرایە کە ئەم شاعیـرە یەکێکە لە شاعیـرە جددیەکـانی نەوەی هەشتـاکـانی شیـعـری کـوردی، بەڵام ئێـمـە لەم نـووسـینەدا زیاتر هەڵوێسـتـە لەسەر ئەزمـوونی کـتـێبی (وابزانم بووم

بە...وشە) دەکەین، بەو پێیەش ئەمە دیارترین ئەزموونی شیعری ئەوە کە بەو پڕییە کاری لەسەر وشە و ڕستە کردبێت لە سیاقی شیعردا، هەر بۆیە من وای دەبینم شاعیر یەکێکە لەو کەسانەی کە توانیویەتی مامەڵەیەکی جەبرییانەی لەتەک زماندا کردووە و بەمەش زمان لە ئەزموونی شیعری ئەودا تا ڕادە و پلەی ڕەها ئازادە، پێشکەوتنی زمانیش لە ئەزموونی ئەودا لە ئاستێکی بەرز دایە و خۆی لە میتۆلۆژیای زمان پاراستووە، ئەمە ڕێک پێچەوانەی ئەو پێناسانەیە بۆ پێوەندی نێوان زمان و ئاستە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکان، هەروەک ئەو تێڕوانینەی (سەعید غانمی) کە پێی وایە زمان ئاماژە بۆ شتەکان دەکات، بەڵام زمانی شیعر ئاماژە بۆ زمانی خۆی دەکات، بەمەش پێوەندی نێوان زمان و چەمکە ئەزموونگەرییەکان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیە و پێوەندی نێوان شیعر و زمانیش تەنیا بە هۆی زمانەوە تەواو دەبێت و بە شێوازێک دەتوانین بڵێین شیعر زمانێکە لەناو زماندا(٢).

ئەم بۆچوونەی غانمی تەواو پێچەوانەی دیدی (جۆرج شتاینەر)ە بۆ زمان و بۆ شیعر چونکە ئەم لە ئەساساوە کۆک نییە لەتەک تەسنیفی جەبرییانە بۆ زمان و بەخشینی وێنەی یۆتۆپی بە شیعر و زمانی شیعری.

بەڵام ئەم زیاتر دەیەوێت جیاوازی لە نێوان زمانی ئاخافتن و زمانی ئەدەبدا بکات. ئەو دەڵێت: «ئەدەب بریتییە لە پێکهاتەی زمان لە دەرەوەی زمانی ئاسایی، واتە پێویستە زمانی ئەدەب خاوەن تایبەتمەندی خۆی بێت، لە دەرەوەی پێناسەی سنووردارەکان».

شاعیر لە شیعری (ئەزموون)دا ئەم تێڕوانینەی تەوزیف کردووە و دەڵێت:

**ڕوونبوونەوەیە**
**هەروەک شەفەق گوێ بۆ هەناسەی شیعرە**
**فەرامۆشکراوەکانی نهێنی ڕادێرێ**
**کە کز کز و بێهاوتا لە دوورگەکانی**

**ت ە ن ی ا ی ی**
**بەرز دەبنەوە.**

لە شیعری (ئێوارە)شدا بە هەناسەیەکی پڕ لە واتا و دەلالەتەوە دەڵێت:

**غەریبییە**
**بەدوا شەقامەکانی هەتاودا هۆرە دەچڕێ**
**بۆ ماڵە بزربووەکەی**
**شەوگار دەگەڕێ...**

گەر سەرنج بدەین لەم دوو شیعرە کە هەردوو شیعر (ئەزموون، ئێوارە) هەردووکیان تەنیا لەو کۆپلەیە پێکهاتوون تەنیا دەتوانین بیانخەینە قالبی پۆستەرە شیعرەوە، بەڵام شاعیر گەمەیەکی سیحری بە تەکنیکی شیعر و زمان کردووە، ئەمەش یەکێکە لە سیما دیارەکانی ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە.

یادەوەری شیعری لەلای تەوژمی شیعری ڕەها تەنیا لە کۆکردنەوەی ڕستە و پەرەگرافدا خۆی نابینێتەوە، چونکە ئەوە تەکنیکی شیعرییە ئەو فەزایە دەخولقێنێ بۆ بەخشینی مانا بە شتەکانی دەرەوەی شیعر نەک ڕستە و پەرەگرافی زۆر و درێژ، چونکە گەیشتنە قووڵایی مانا تەنیا لەو تەکنیکەیە کە دەتوانێت شیعر و یادەوەری پێکەوە ببەستێتەوە و هیچی دی.

لەسەرەتای چلەکانی سەدەی بیستیشدا (بلانشۆ) گرنگی بە خوێندنەوەی جیاوازداوە بۆ دەقی ئەدەبی بە تایبەت بە تێڕوانین بۆ چوارچێوەی شیعر و ئەزموونی شیعری، هەموو ئەمانەش لە میانەی تێبینییەکانی (مالارمێ)ی شاعیر لەسەر زمانی شیعری و پێوەندییەکانی بە وجوود و نەبوونەوە، بلانشۆ لەو تێڕوانینانەی بۆ شیعری مالارمێ گەیشتە ئەو بڕوایە کە ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی بریتییە لە نەفیکردن، ئەو نەفییەش قۆناغێکی نەستی بێت یان خودی، لەلای مالارمێ شیعر گەڕانە بەدوای مەرگێکی قەدەغەکراو کە تەنیا شاعیر جورئەتی ئەوە دەکات لەو دەرگایە بدات کە بە کردنەوەی مەرگ بۆ دێت(٣).

لە شیعرێکی تردا بە ناوی (ئازیز) زیاتر لەو فەلسەفەیەدا ڕۆدەچێت کە بە کورتترین و پڕترین وشە زۆرترین مانا و وێنە بەرهەم بهێنێت.

**گەر پێ**
**بنێیتە کتێبخانەکەی تەمەنمەوە**
**تەنێ... پەرتووک و**
**شاڵاوی ئەندێشەی شیعری دەبینی.**
**کە بەرگیان ئاو و**
**ناونیشانیان -با- و**
**پیتەکانیان**
**لە جنسی شاژنەکانی ئاگرن.**

لەم شیعرەوە و لە پەرەگرافەکانی ئەم شاعیرە تێدەگەین کە چۆن شیعر تا پلەیەکی بەرز دەسەڵات خواز نییە، هەروەک (ئەدۆنیس) پێی لەسەر دادەگرێت و کاری لەسەر دەکات، کە شیعر هێمایەکە بۆ هەموو ئەوانەی بەناوی ڕاستییەوە دەسەڵاتخوازی ڕەت دەکەنەوە،

قوولترین و راستیترین شتێک که شیعر پێمان بلێت ئەوەیە کە ڕاستی و مەعریفە هەمیشە لە دەرەوەی دەسەڵاتە(٤).

پێم وابێت تاکە شتێک کە ئەم شاعیرەمان پێدەناسێنێت تەنیا شیعرە و هەر شیعریش دەبێتە خاڵی پێکگەیشتنی نێوان ئێمە و ئەو، لەمەوە من پێم وایە شاعیربوونی ئەو تەنیا لەناوەوەی زماندا نییە، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە لەناو خودی وشە و ڕستە و پەرەگرافەکاندایە هەروەک چۆن ناوی ئەم کتێبە شیعریەشی بۆتە (وابزانم بووم بە...وشە)، وشە دیارترین ڕەگەزی تەکنیکی و هونەری ئەوە لە شیعرنووسیندا. زۆر جاریش یاریکردن بە تەکنیکی زمان وشەکان لای ئەو دەبێتە جۆرێک لە وەرزشکردنی زمانەوانی وا کە تەنیا لە ئەفسوونی خوێندنەوە و پەیبردنی وردی شاعیردا ئەو مانا حەقیقیەی خۆی دەردەکەوێت یەکێک لەو شیعرانەی کە بەم تەکنیکە کاری کردووە شیعری (ئاڵا)یە کە دەڵێت:

**من... ئێمە**
**تۆ... ئێوە**
**ئەو... ئەوان نین**
**ئێمە: من و تۆ و ئەوین**
**ئێوە: تۆ و ئەون**
**ئەوان ئێمە و ئێوە نین!!**
**- من کێم؟**
**- تۆ کێی؟**
**- ئەو کێیە؟**
**ئاخر نە تۆ منیت**
**نە من ئەوم!!**
**گەرچی دەزانم... کەس پێویستی بەوە نییە بزانێ و**
**کەسیش پێویستی بەوە نییە پێی بوترێت..**

**سەرچاوەکان:**
**١- ئەنوەری ڕەشی عەولا (وابزانم بووم بە... وشە) چاپ و بلاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج بە سلێمانی - ٢٠٠٤.**
**٢- سعيد الغانمي، المعني والكلمات، بغداد. ١٩٨٩.**
**٣- رولان بارت، درجة الصفر للكتابة، ترجمة: د. محمد براده.**
**٤- ئەدونیس، کلام البدايات، بيروت ١٩٨٩.**

# پوختەیەکی مێژووی کورتە چیرۆک

کورتە چیرۆک بە پێچەوانەی شیعر، ڕۆمان، شانۆ و... تاد کە ڕابردوویەکی دوور و درێژیان هەیە، قالبێکی نوێی ئەدەبی کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و لەلایەن نووسەرگەلێکی وەک «ئیدگار ئالان پۆ» و «نیکولای گۆگۆل» هاتە ئاراوە، پاشان هەر زۆر زوو نووسەرانێکی وەک «ئانتۆن چیخەف» و «ئۆ هێنری» بەجۆرێک پەرەیان پێدا کە سەرنجی زۆربەی ئەدەبدۆستانی تا ئاستی بە ئالتێرناتیڤکردنی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

«ئالان پۆ» لەسەر هەرچی جوانتر کردنی چیرۆک دەڵێ: چیرۆک دەبێ ئەوەندە کورت بێ کە بتوانین لە یەکجار دانیشتندا بیخوێنینەوە و پاشان بەگشتی توخمەکانی چیرۆک لە تەرح و پەخشان و شێوازەوە بگرە تا دەگاتە کەسایەتی و ڕوانگە و ڕووداوەکان دەبێ بەجۆرێک خاوەنی هاوئاهەنگی ئۆرگانیکی بن کە باندۆڕییێکی قووڵ لەسەر خوێنەر دانێین. چیرۆکی ئێستا بە ئاستێکی وەها لە جوانکاری گەیشتووە کە بە ئاسانی ناکرێ پێناسەیەکی تایبەتی بۆ دیاری بکرێ، تەنانەت ئەو پێناسە گشتییەی «ئالان پۆ»ش گشتگیری ڕەهای خۆی لە دەست داوە. هێندێک توخم کە لە ڕوانگەی ڕەخنەگرە کلاسیکییەکانەوە، وەک پاژی نەگۆڕی چیرۆک دەژمێردرێن لە زۆربەی بەرهەمە مۆدێرنەکانیدا وەلانراون. بۆ وێنە لە زۆربەی چیرۆکەکانی «چیخەفدا» تەرح «Plot» ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە و ڕووداوێکی ئەوتۆ ڕوونادا و چیرۆک دەسپێک و ناوەڕاست و کۆتاییەکی دیاریکراوی نییە لە بەرهەمەکانی «ڤیرجینیا وۆلف»دا

**هیدایەت جان**
**(مهاباد)**

ڕوانگە «Point- of- view» بەمجۆرەی کە باوبوو بەکار ناهێندرێت، بەڵکو بگێڕەوەی چیرۆک هەرکاتێ حەز بکات دەتوانێ دەگەڵ نەستی هەرکەسێک واتا کەسایەتییەک کە حەزی لێبێ، ڕێک بکەوێت. چیرۆکەکانی «ویلیام فۆکنەر» بەشاردنەوەی ڕوانینە تراژیدییەکان و بەکارهێنانی کۆمێدی و بەگێڕانەوەیەکی حەماسی، هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە دەروون شیکاری توانییان ئاسۆیەکی بەربلاو بەو ژانرە ئەدەبییە ببەخشن.

چیرۆکەکانی «داندێل بارتێلمی» بەهۆی ئەوەی کە لە بێ تەرحی و ڕووداو و کەسایەتیدا بەرهەم هاتوون، زیاتر لەدان پێداهێنانێکی ساکارانە دەچێ، بەڵام نهێنییەک، مچورکەیەک لە پێوەندی لەگەڵ مرۆڤایەتی و فرەلایەنی-ڕاستەقینە بەخوێنەر دەبەخشێ. لێرەوە دەگەین بە نووسەرگەلێکی وەک «ئالان ڕۆب گرێ» کە بەرهەمەکانیان نە تەنیا شێوەی چیرۆک نادەن، بەڵکو مرۆڤ لانی کەم لە ڕواڵەتدا ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە بەرهەمەکانیان دان بەو جۆرە چیرۆکانە شێوەی ڕاپۆرتێکی بینگەرایی دەدەن کە بگێڕەوە بەبێ لە بەرچاوگرتنی هیچ لایەنێک، چۆنیەتی ڕووداوێک دووپات دەکاتەوە کە مرۆڤ ڕۆڵێکی پەراوێزی تێدا دەگێڕێ. کەوابوو نەتەنیا سەردەمی قارەمانێتی بەسەرچووە، بەڵکو نەستی مرۆڤیش بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە لەلایەنی «سامۆیل بیکت» و «جیمز جۆیس»ەوە وەک هۆیەکی گرینگی چیرۆک چاو لێ ناکرێ.

گۆڕانکارییەکان لە بواری فیزیکدا بوونە هۆی دۆزینەوەی ڕێژەیی خوازی زەمانی، هەروەها دەروون شیکاری فرۆید و یۆنگ کە یەکدەستی مرۆڤیان ڕەد دەکردەوە بە دۆزینەوەی خەزێنەی نادیاری بێ کۆتایی نەست و نەستی گشتی وێنەیەکی ئاڵۆز و نامۆی هێنا ئاراوە، پێ بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە هونەر و ئەدەبیاتیش تووشی گۆڕان دەبن و دەگەنە ڕوانینێکی تازە. ئێستێ هێندێک لە نووسەرانی پێشڕەو واتا «AVANTGAVDE» خەریکی نووسینەوەی ئەو بەشە لە ژیان و ڕاستەقینەکانن، کە جیا لە زەین، ڕاستەقینەی بینگەیی مرۆڤیان تێدا دەبینرێ، بەڵام دیسانیش ئەوە بەم مانایە نییە کە سەرجەم چیرۆکنووسە هاوچەرخەکان درێژەدەری ئەو ڕێبازەن، بەڵکو ئێستاش نووسەرانێک هەن بەکەڵک وەرگرتن لە توخمە کلاسیکییەکانی چیرۆکنووسی بەرهەمگەلی سەرنجڕاکێش دەخوڵقێنن.

لێرەدا سیفەتی مۆدێرن زۆرتر بە مانای خوڵقاندن و نوێخوازی کەڵکی لێ وەردەگیرێ تا بە مانای سەردەم، بەو پێیە «جۆیس» مۆدێرنتر لە زۆربەی نووسەرانی ئێستا و تەنانەت پێشڕەوتر لە «ئێرنست هەمەنگوای» دێتە بەرچاو، بەپێچەوانەوە زۆرێک لە نووسەرەکانی هاوچەرخ وەک «گراهام گرین» و «ئالیسن ڤاکێر» مۆدێرنتر لە نووسەرە نهێلیزم و ئاوانگاردەکانی وەک «کافکا» و «گرتۆداشتاین»، «سامۆیل بیکت» نین.

لە ئێرانیش چیرۆکەکانی بەهرامی سادقی لەناو کتێبێکیدا بەناوی «سەنگەر و مەتارەی بەتاڵ» بەشێوازێکی داهێنەرانە و پڕ لە خەیاڵ ڕوانگەیەکی تراژیدی کۆمیک «TROJI COMIC»ی لە مرۆڤی هاوچەرخ لانی کەم لە ئێرانی دەیەی ٤٥ی هەتاوی نیشان دەدا. لە بوارێکی تریشدا لە بەراورد لەگەڵ زۆربەی چیرۆکەکانی هاوچەرخی جیهانی، مۆدێرن و نوێخوازن. بە وتەی «ڤیرجینیا وۆلف» کە دەڵێ ساتەکانی ژیان وەک فانۆسی چواردەوری دلیجانێک نییە کە لە ڕیزێکی ڕێک و پێک و بەرامبەر بە یەکتری داندرابن، بەڵکو خەرمانەیەکە کە سەرەتای هۆشیاری مرۆڤی تا کۆتایی خستۆتە ژێر هەژموونی خۆی.

ئەو وتەیە هۆکارە کاریگەرەکانی هاتنە ئارای ئەدەبیاتی نوێ دەگرێتەوە. یەکەم ئەوەیە کە ڕاستەقینە زیاتر بیرەکییە تا چاوەکی، دووهەم ئەوەی کە نەستی مرۆڤ کانگای سەرەکی ئەزموونی ژیانە و هونەرمەند دەبێ شێوە جۆراوجۆرەکانی هۆشیاری خۆی بدۆزێتەوە کە پێویستە بۆ ئەم کارەش دەروونشیکارێکی کارامە بێت. سێیەم ئەوەی کە زەمان نە بەو مانایە کە چرکە بە چرکەی دوابەدوای یەک و لە ڕووداوێکی زنجیرەیی بیرەکیدا کە هەم لایەنی ڕابردوو، هەم بیرەوەرییەکان و هەم لایەنی داهاتووش دەگرێتەوە. هەر ئەم بۆچوونە نوێیە شێواز و تەکنیکی نوێی سازکرد و بوو بە بنەمای تەکنیکێک کە «جۆیس» و «وۆلف» و «فاکنەر» و «پرۆست» لەژێر ناوی «جریان سیال ذهن» واتە شەپۆلی هۆش داڕشت کە بە گەڕان لە تاریکترین سووچەکانی ژیاندا دەستیان بە داڕشتنی بنەماکانی ئەو تەکنیکە کرد.

جیا لەوەش ئەو بۆچوونانە دەبوونە هۆی سەلماندنی تەنیایی چارەسەرنەکراوی مرۆڤ، بۆ هەر مرۆڤێکی سەرگەردان لە ناو نەستی خۆیدا. کەوابوو لەناو ئەو

جیهانە نامۆیەدا، لەناو کۆمەڵگای لەگەڵ خۆ نامۆی هاوچەرخدا چەند ئەڤین و لێک تێگەیشتن دەست دەکەوێ؟ لەخۆوە نییە (گەورەترین چیرۆکەکانی هاوچەرخ بەدەوری قەیرانی چارەسەرنەکراوی مرۆڤدا خول دەخۆن. ئەوەش خۆی نیشاندەری وەڕزی مرۆڤەکانن کە لەناو لافاوێک لە ڕاستەقینەدا هەوڵ دەدەن ئەو شتەی خۆیان پێیان ڕاستە بیدۆزنەوە) لە «دی ئێچ لۆرانس» و «کۆزادە»وە بگرە تا «فۆکنەر» و «هەمەنگوای» نووسەر گەلێکی مۆدێرن هەرکام بەشێوەی تایبەتی خۆیان قەیرانی بنەڕەتی ژیانی هاوچەرخ نیشان دەدەن، ئەگەرچی لە زۆربەی بەرهەمەکانیاندا ڕێگا چارەیەکی ئەوتۆیان نەدۆزیوەتەوە، بەڵام هەر ئەوەندە کە نیشاندەری ئەو قەیرانە گشتگیرەن، لای ئێمە شایانی ڕێز لێ گرتنن.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە تێگەیشتن لە چیرۆکی مۆدێرن پێویستی بە بەشداری چالاکانەی خوێنەرە لەناو ساتەکانی دەقدا، هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد، هێندێک لە بەرهەمەکان زیاتر لە دان پێداهێنانێک دەچن، دان پێداهێنانێکی نهێنی کە لەلایەن مرۆڤێکی ژیرەوە بۆ مرۆڤێکی لەو چەشنەی دیکە دەگوازرێتەوە. زۆربەی ئەو بەرهەمانە شێوازێکی تایبەت و ناسکیان هەیە کە بەکەڵک وەرگرتنی بەجێ لە پشتی ڕواڵەتێکی ئاساییەوە بەلایەنێکی سەمبۆلیک دەگەن. بەو پێیە چیرۆکی نوێ دەربڕینی جۆراوجۆر بەرهەم دێنێ. بەگشتی دەتوانین بڵێین کورتەچیرۆک پاژێکی نوێی ئەدەبییە کە هەر لەو تەمەنە کورتەدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەرداهاتووە.

ئێستا چیرۆکی مۆدێرن بە ئاستێکی وەها گەیشتووە کە ڕەنگە نەکرێ پێناسەیەکی ستانداردی بۆ دەسنیشان بکەین، هێندێ جار توخمە بنەماییەکانی وەک چوارچێوە، تەکنیک و ڕوانگە و... تاد وەلا دەنرێ هێندێ جاریش بە کەڵک وەرگرتن لەو توخمە کلاسیکانە بەرهەمێکی شاز دەخوڵقێ.

جیا لەوە زۆربەی ئەم بەرهەمانە شێوازێکی تایبەت و جیاوازیان هەیە کە ڕاڤەگەلی جیاجیا بەرهەم دێنن، ئەوەش لە ڕاستیدا خوێنەرێکی خاوەن ئەزموون و هۆشیاریان دەوێ تا بتوانێ ژیرانە نە تەنیا دێڕەکان، بەڵکو وشە بەوشەی دێڕەکان بخوێنێتەوە و بەکەڵک وەرگرتن لە خەیاڵی بەهێزی تەنانەت ئەو کەلێن و بۆشاییەی نێو چیرۆکەکە بدۆزێتەوە.

# هارۆلد پینتەر دۆستەکێ دێرین و خەلاتێ نۆبل و نهێنییێن مەزن

خەلاتێ نۆبل بۆ ئەدەبیاتێ، ئەڤێ جارێ ژ بەهرا شاعیر و شانۆنامەنڤیسێ بەریتانی (هارۆلد پینتەر)ی بوو. ئەڤێ رێزلێنانێ ژی گرنگیەکا مەزن هەبوو، چونکە گەلەک رامان دبەخشین ژ ئەوانا:

١- گرنگیدانە ب هونەرێ شانۆیێ، چونکە هارۆلد شەشەمین شانۆنامەنڤیسە ئەڤی خەلاتی وەردگریت پشتی جۆرج بەرناردشۆی (١٩٢٥) و بیراند یللو (١٩٣٤) و ئۆجین ئونیل (١٩٣٦) و سامۆئیل بیکیت (١٩٦٩) و داریو فۆ (١٩٩٧).. ئەڤە ژی بەلگە و بیانگەکا دیکەیە کو شانۆ دکاریت بچیتە د ناخا مرۆڤی هەڤچەرخ دا و، تەڤایا وردەکارییێن ژیانا ئەڤرۆ ب خوەڤە بهەلگریت، هەروەکو هارۆلدی توانایا خوەداهێلانا زیرەکانە هەبوویە کو چوویە دناڤ کویراتیا رەوشا دراماتیکا ئینگلیزیدا و، ب راشکاوی رۆژەڤێن چاندی و سیاسییێن هاوولاتییێ بەریتانی شرۆڤەکرین، ئەڤە ژی پەنجەرکەکا بچووک و هەردەم ڤەکرییە لسەر جیهانا مرۆڤایەتییێ.

٢- ژ ئالییێ دارایی ڤە، بەهایەکێ دراڤی مەزن هەیە، کو (١٠) ملیۆن کروونن و دکەتە (١,١) ملیۆن دولار، ژبلی کو کاریگەرییەکا مەعنەوییا مەزن هەیە، کو هارۆلد ب ئەڤێ خەلاتکرنێ گەهشتە لۆتکەیا شوهرەتا ئەدەبی و، جهێ خوە یێ دروست دناڤ مێژوویا ئەدەبیاتێن جیهانێدا گرت. هەرچەندە ئەڤ خەلاتکرن و رێزلێنانا یەکەمین نییە، چونکە بەری نوکە چەندین خەلاتێن جیهانی ل فیستیڤالێن نیڤدەولەتیدا وەرگرتینە وەکو فیستیڤالێن هونەرییێن بەرلین و کان و هامبۆرگ... و هەروەها خەلاتێن تۆنی و ویتبرید و رەخنەگرێن ئەمریکاییێ وەرگرتینە و، هنەک جاران خەلات رەتکرینە هەروەکو

ئەحمەد قەرەنی

دەستپێشخەرییا جۆن میجوریێ سەرۆک حکومەتی بەریتانیا قەبوول نەکری کو خەلاتی سوارچاکییێ پێرا بهێتە بەخشین.

٣- هەلویستی هارۆلدی دەربارەی دۆزا مللەتێ کورد، گەلەکا جوامێرانەبوو، و راوەستانا وی دگەل رەوایا مافێن گەلێ کوردستان، جهێ شانازیا هەموو مللەتێ کوردە. ئەڤ هەلویستە ژێ حالەتەکی ئاساییە ژبۆ ئەڤی نڤیسکاری چونکە بەردەوام دگەل کێشێن مرۆڤایەتییێدا بوویە، ل سەرانسەری جیهانی و، بەرامبەر ئەڤێ چەندێ ژی هەمدیسا هەلویستێن توند هەبووینە دژی شەرِ و روودانێن سلبی ئەوێن گەف و گورِ ل سەر هێمنی و ئاسایشا جیهانێ هەین.

پشتی رۆژا (٢٠٠٥/١٢/٨)ێ و، بەخشینا خەلاتێ نۆبل بو هارۆلد پینتەری شادی و خوەشحالییەکا گشتی ل سەرانسەری جیهانێدا چی بوو و، ب تایبەتی ل گۆرەپانا ئەدەبی دا... لێ ل کوردستانێ وەکو نووچە و هەوالەکا سەرپێ هاتە بەحسکرن و زوی ب زوی ژێ هاتە ژبیرکرن، ئەڤە ژی جهێ سەرسوورمانێ بوویە، چونکە لایەنگیریا هارۆلدی بۆ بزاڤا مافێن مرۆڤی ل سەرانسەری جیهانێ حالەتەکێ دەگمەنە و ب تایبەتی پالپشتیاوی ژبۆ دۆزا کورد کو چاوا وەلاتێ وان کوردستان دناڤبەرا چار دەولەتاندا دابەشبوویە و، هارۆلد دبێژیت: کو کوردستان وەلاتەکی گرگرتیە دناڤ مێشکی (٣٥) ملیۆن کورداندا دژیت، چونکە ناسنامەیا وان هاتیە زەفتکرن و گەلەک ژ ئەوانان دەربەدەر و ئاوارەیی وەلاتێن دەوروبەر و ئەوروپایێ بوونە هەروەها ئەڤ وەلاتە دناڤ مێشکێ (١٣) هەزار زیندانیێن دناڤ گرتیخانەیێن بێدەنگ دا دژیت.

لڤێرەدا یا فەرە بەحسا گەشتا هارۆلد پینتەر و ئارسور میللەری بۆ کوردستانێ ل سالا (١٩٨٣)ێدا بکەین، کو ل سەر داخوازا رێکخراوا (پێن) یا نیڤدەولەتی هاتبوونە کوردستانێ و، ژ نیزیکڤە ئاگاداری رەوش و کاودانێن کوردستانێ بوون، و د ئەڤێ تەڤلیهەڤبوون و تێکەلیا وان دگەل ئێش و ئازارێن مللەتێ کورددا.. هارۆلدی شانۆنامەیا (زمانێ چیان) یان ژی چیایێ زمان نڤیسی کو پشتی زڤرییەڤە ل سەر دەپێ شانۆیێن لەندەن و ستوکهۆلم و گەلەک شارێن دن یێن ئەوروپی هاتە نمایش کرن. شانۆنامەیا زمانێ چیان، ماوەیێ وێ بیست و چەند خولەکن، مژارا وێ لسەر دراما پیرەژنەکی دهێتە بەرچاڤ کو دایکا زیندانیەکییە و ژبلی زمانێ چییان چو زمانێن دن نزانیت. دەما ئەڤ پیرەژنە دچیتە گرتیخانێ داکو کورِێ خوە ببینە، لێ لدویڤ یاسا و دەستوورێن


هارۆلد پینتەر

وێرێ، رێنەدانە پیرەژنێ ب زمانێ چیای، کو تەنێ ئەوی زمانی دزانیت دگەل کورِێ خوە بئاخڤیت، ناچار دبیت ب ئیماژە و بزاڤێن دەستان و گوهرِینا سوهن و دەموچاڤان هەست و موشتاقیا خوە دەرببرِیت. د ئەڤێ شانۆنامەییێدا هارۆلد پینتەری ئافراندنەکا مەزن کرییە و ب جوانترین شێوە ئەو زۆلما لسەر کوردان دناڤ کارەکی هونەریدا دارشتییە. ئەڤ شانۆنامە (دهێتە هەژمارتن یەک ژ بەرهەمێن بەرچاڤێن هارۆلدی کو هەر ل سالا (١٩٥٧)ێ یەکەم شانۆگەرییا وی بناڤێ (مەزەل) (مەزەل- The room) هاتیە نمایش کرن و هەتانها کو چەندین شانۆنامە نڤیسینە ژ ئەوانان: (پەپوولە ١٩٦٠) کو دووەم شانۆگەرییا وییە و، د ئەڤی بەرهەمیدا سنوورێن خۆیێن هونەر و ئەفراندنێ دارشتن. لێ تشتی گرنگ ئەوە کو ئەم پتر لسەر شانۆنامەیا «زمانێ چیا» راوەستین. هەرچەندە ل سالا (١٩٩٤) ژی د گۆتارەکا خوەدا من داخواز ژ تیپێن شانۆیێن کوردستانێ کربوو، هەروەها دەزگاییێن هونەری و هەموو جوامێر و خزمەتخوەشێن رەوشەنبیر کو گرنگی و بایەخێ ب بەرهەمێن هارۆلدی بدەن و ب تایبەتی ئەڤێ شانۆمەیێ بکەنە سەرە داڤەک بۆ دروستکرنا پەیوەندییان دگەل جیهانا دەرڤەدا، چونکە دکەمتر ژ (٢٥) خولەکان کو دەمێ نمایشکرنا ئەڤێ شانۆنامەییێیە هارۆلد جەختێ دکەتە سەر کۆمەلگەها هۆڤانەیا ناهێلیت خەلکێ دن بیروراییێن خوە دەرببرِن. راستە هەڤپەیڤین و گۆتن و ئاخفتنا د ئەڤێ شانۆگەرییێ دا یا کێمە لێ راستیا سیستەمێن ستەمکار بۆ بینەری

شرۆڤە دکەت، ب رێکا هنەک کار و پرۆسەیێن حەنەکدار و پێکەنین هەموو رەفتارێن زۆلم و زۆریێ خویا دبن ب تایبەتی دژی بکارئینانا زمانی کو هەردەم و ل هەموو دەڤەران هۆکارێ تێگەهشتن و دەربڕینا مرۆڤانە، لێ د ئەڤێ شانۆنامەییێدا دژایەتیا ئینسانی گەهشتییە لوتکەی هەروەکو د سەرەتایا وێ هەتا دوماهییێ ئەڤ حالەتە بەرجەستە دبیت.

بۆ یەکەم جار ئەڤ شانۆگەرییە ل (رۆژا ٢٠ی تشرینا یەکێ ١٩٨٨)ێ لسەر دەپێ شانۆیا نیشتمانی ل شارێ لەندەن هاتە پیشاندان و ئەکتەرێن وی ژی ئەڤەبوون:

١- میراندا ریچارد- ئافرەتەکا گەنج.
٢- ئیلین ئاتکینز- پیرەژنێک.
٣- مایکل گامبۆن- پۆلیسی چاوەش (سەرباز).
٤- جولیان واهام- زێرەڤان.
٥- تۆنی هاریگارس- زیندانی.
٦- ئەلیکسی هاردی- ئاژاوەچی.
٧- دوگلاس میکفەرن- زێرەڤانی دووەم.

د ئەڤێ شانۆگەرییێدا بارودۆخێ ژیانا کوردان ب تایبەتی ئەوێن لسەر گوندێن خوە هاتینە راگواستن و ئەوێن د زیندانانىدا دژین. هەر چەوا بیت ئەڤ شانۆگەرییە کارەکێ هونەری بوو ژبۆ ناساندنا دەرد و ئازارێن مللەتێ کورد ب جیهانێ رە و، ئەڤە یەکە ژ (٢٩) شانۆگەرییێن هارۆلدی، کو ژبلی وان ژی (٢١) سیناریۆ ئامادەکرینە و، (٢٧) بەرهەمێن شانۆگەری رێڤەبرینە، لڤێرە ب تشتەکی فەر دزانین کو ناڤێ سکێچ و شانۆنامەیێن وی تۆمار بکەین ژبەر زنجیرەیا لدویڤ هاتنا چالاکیێن وی دناڤبەرا سالێن (١٩٥٧-٢٠٠٢)ێ. (ئۆدە-١٩٥٧)، (ئاهەنگا جەژنا ژ دایکبوونێ- ١٩٥٧)، (چاڤەرێی کەڕ-١٩٥٧)، (ژانەکا کچۆچ- ١٩٥٨)، (جێنیکا جامدار- ١٩٥٨)، (بریکار- ١٩٥٩)، (شەڤەک ژ دەرڤە- ١٩٥٩)، (رەش و سپی- ١٩٥٩)و (ئاریشەیەک د کریاراندا- ١٩٥٩)، (دوماهییێ چوو-١٩٥٩)، (داخوازا راوەستانێ- ١٩٥٩)، (پیشاندانەکا تایبەت- ١٩٥٩)، (ئەو ئاریشا تەیە- ١٩٥٩)، (ئەڤە و ب کۆتاییی هات- ١٩٥٩)، (چاڤپێکەفتن- ١٩٥٩)، (داخوازنامەیا کارەکی- ١٩٥٩)، (هەڤپەیڤینا سێییێ- ١٩٥٩)، (شەڤەک- ١٩٥٩)، (قوتابخانەیا شەڤێ- ١٩٦٠)، (ئەوێن کورتەبالا- ١٩٦٠)، (کۆمەڵە- ١٩٦١)، (یار- ١٩٦٢)، (ئاهەنگا چاڤەخوارنێ- ١٩٦٤)، (زڤڕین بۆ مالێ- ١٩٦٤)، (ژێرزەمین- ١٩٦٦)، (وێنەی سروشتی- ١٩٦٧)، (بێدەنگی- ١٩٦٨)، (دەمێن کەڤن- ١٩٧٠)، (راز- ١٩٧٢)، (خاکەکا بێلایەن- ١٩٧٤)، (خیانەت- ١٩٧٨)، (دەنگێن خێزانی- ١٩٨٠)، (هنەک جهێن دن- ١٩٨٢)، (جۆرەک ژ ئالاسکا- ١٩٨٢)، (ویستگەها فیکتۆریا- ١٩٨٢)، (یەک ژبۆ رێکێ- ١٩٨٣) (هەر ئەوە- ١٩٨٣)، (زمانی چیا- ١٩٨٨)، (سیستەمێ نوی یێ جیهانێ- ١٩٩١)، (دەمێ ئاهەنگێ- ١٩٩١)، (تریفە- ١٩٩٣)، (ژخولییێ بۆ خولییێ- ١٩٩٦)، (ئاهەنگێڕان- ١٩٩٩)، (یادەک ژ بۆ تشتەکی- ٢٠٠٠)، (کۆنگرەیەکێ رۆژنامەڤانی- ٢٠٠٢)...

هارۆلد دبێژیت: (وەکو ئەزێ سەرنەکەفتی بووم، من خوە نەددیت سەرنەکەفتی، و دەمێ ئەز سەرکەفتم، نەبوومە شێتێ سەرکەفتنێ)، ئەڤ گوتنە کلیلەکە کو مرۆڤ بشێت ب ساناهی بچیتە دناڤ جیهانا وی دا، چونکە بەرهەمێن وی یێن شانۆیی و نڤیسنیێن دن و تەنانەت شعری ژی دپڕن ژ نهینی و تشتێن نەپەن، کو خوینەرێ ئاسایی ب ساناهی ب سەر هەلنابیت. لەوما ژی یافەرە لڤێرە ئەڤان چەند پرسیاران بکەین:

١- ئەزموونێن تال و شرینێن ژیانێ هارۆلد پەروەردە کرییە و، مینا هەر نڤیسکارەکی مرۆڤپەروەر، هەلویست بەرامبەر رویدان و بوویەرێن جیهانی هەبووینە لەوما ژی، ئەوێن ئەوی د هەلسەنگێنن دبنە دوو بەش، بەشەک وەسا دزانیت کو یێ درستە و توانایا جۆداکرنا راستی و نەراستیا هەیە و، بەشێ دیکە وەسا هزر دکەت کو ژ



میراندا ریچاردسۆن و مایکل گامبۆن
ل شانۆگەرییا «زمانی چیا»دا

دەرڤەی حەقیقەتێن مێژوویی رەفتارێ دکەت، ب تایبەتی دەربارەی راوەستانێن وی دگەل یان دژی شەڕ و جەنگێن ل جیهانی رویددەن. ئەڤە پرسیارەکە و ژمێرە وەکو سیتافکەکی لگەل کەسایەتیا هارۆلدی تێکەل بوویە یان بوویە جمکەک.

٢- هارۆلد زۆر مەلەڤانە دناڤ قولاتیا ناخێ مرۆڤیدا، پرت و پارچەیێن هویرێن هزر و بۆچوون و بیرێن مرۆڤی ڤەدخوینیت، لێکددەت و وەکو ئاوێنەیەکێ ددەتە دەستێ خوینەری، لەوما هنەک جاران راشکاوی و رۆنی و بێ چەپوچیرییا دەربڕینان هارۆلد ئێخستیە دناڤ گۆماناندا، ئەو گومانێن خەلکی دروست کرین، لێ ئەو گرنگییێ پێ نادەت و دڤێت بێژیتە بەرامبەر خوە کو چو سنوور دناڤبەرا تشتێن راستیخواز و تشتێن زەغەل دا نینە، بەلکو چێ دبیت هەر تشتەکی هەردوو روویێن خوە هەبن، ئەڤە ژی پرسیارەکە کو چاوا ڤەکۆلین و لدویڤچوون لسەر ئەڤان پرۆسە و مەسەلەیان دێ هێنە کرن، بەرسڤا ئەڤان گۆمان و پرسیاران دێ تشتەکی هەڤچووت بیت دگەل ژیانا هارۆلدی کو ئاوازا دوماهیا ژیێ وی دێ چ بیت.

٣- ئەڤ سەلیقە و رێسایێن بەرهەمێن هارۆلدی پێکڤە گرێددەن، ب تایبەتی دناڤبەرا شیعر و پەخشانێن وی دا، سیستەمەکێ زۆر رێکوپێکە، لێ دگەل هندێ ژی ئەوی باوەڕی ب ئەڤان یاسا و قانونان نییە، کو سەدی سەد دێ د بەرژەوەندییا مرۆڤایەتییێدا بن، بەلکو هەمیشە دەولەت دروست دکەت و هەر د بەرژەوەندییا وێ دایە وەکو دەسەلاتەک، کو زۆربەی جاران نکاریت دادپەروەرییێ دروست بکەن. لەوما ژی مەسافەیەک هەیە دناڤبەرا وی و سیاسەتێن دەولەتان چ بەریتانیا بیت یان ژی دەولەتێن دن. ئەڤە ژی پرسیارەکە کو بۆچی ئەڤ هەڤرکییە هندە بەردەوام بوویە؟

٤- هەلویستی هارۆلدی دژی حکومەتا ترکیا ئاشکرایە و، ب رژدی لایەنگیرێ مللەتێن هەژارە دناڤ سنوورێن ئەڤێ دەولەتێدا، ب تایبەتی دگەل دۆزا مللەتێ کورد، لێ ئەڤ پالپشتیە تەنها ئەوێ پارچەیێ ڤەدگریت و، لجەم وی نەبوویە پرسەکا فراوان کو کورد وەکو مللەتەکی ژێر دەست و خودانێ وەلاتەکی پارچەکرییە و، ئەڤە ژی پرسیارەکە هێشتا پێویستی ب شرۆڤەکرن و ڤەدیتنا بەرسڤا وێیە.

٥- د بوارێ سیاسەتێدا هارۆلدی بیروڕا و هەلویستێن خوە هەنە، ب تایبەتی ل سەر ناتو و شەڕی کەنداڤی و شەڕی سربیا و شەڕێ عیراقێ و کاودانێن ئەمریکا ناڤەراست و ئەمریکا باشوور، لێ هەمیشە وەکو نڤیسکارەک و شانۆنامەنڤیسەک رەفتار کریە و وەکو سیاسیەک نەهاتیە ناسین و، مەزنیا شاعر و نڤیسکاری لڤێرەدا دیار دبیت، کو رەوشەنبیرییەکا فراوان هەبیت، و، سەری وی ل هەموو تشتی دەربچیت ب تایبەتی ئەو حالەتێن راستەوخۆ پەیوەندی ب چارەنڤیسێ مرۆڤایەتییێ ڤە هەبیت، لێ وەکو کاکلەکا ساخ سەرەدەرییێ دگەلدا بکەت وچو جاران نەبیتە پارییێ هەلپەرستییێ و خۆفرۆتن و یان ژی بێ ئاگاداری ببیتە نێچیرێ بەرامبەر خوە. هارۆلدی ئەڤ سەخلەتە لجەم هەنە کو وەکو مرۆڤەکێ ئاسۆ فراوان و دویربین رێکا خوە دناڤ حمحما ژیانێدا ڤەدکەت و، تشتی ژ هەمیان مەزنتر کابرایەکێ هۆسا ژ نیزیکڤە سەرەدەرییێ دگەل دۆزا کورد دکەت، کو ئەڤرۆ پتر هەر رۆژەکێ مە پێویستی ب دۆست و هەڤال و لایەنگیران هەیە، ب تایبەتی کەسانێن وەکو وی.


**سەرچاوە و دەهمەن:**

**١- مقتطفات من حوارات مع هارولد بينتر، ترجمە: سامر أبو هواش، مالپەری jehat.com.**

**٢- زمانی چیا، هارۆلد پینتەر، وەرگێڕان بۆ کوردی (د. م. بایز) چاپخانەی گەل، ١٩٩٠.**

**3- Harold pinter.org- Turkey and the Kurds.**

**٤- سەردار عەزیز، هارۆلد پینتەر.... بۆ؟، رۆژنامەیا هاولاتی، ژمارە ٢٤٦ چوارشەممە ١٩/ ١٠/ ٢٠٠٥)، ل١٥.**

**٥- ئەحمەد قەرەنی، پەیڤەکا ئەمەکدارییێ... بۆ دۆستەکێ هێژا، گۆڤارا مەتین ژمارە ٣٤ تیرمەه ١٩٩٤ ل١٩- ٢١.**

**٦- شانۆنامەیا (زمانێ چیا) وەکو دەستخەت لجەم برایێ رەوشەنبیر پالە پاوانی هەیە و دڤێت ب کورمانجی ئامادە بکەت. بۆ بەلاڤەکرنێ یان ژی نمایشکرنێ.**

**٧- احمد قرنی- جوهرة عالمیة فی جید کردستان، جریدة خبات، العدد ٦٣٠/ اب ١٩٩٢، ص٨.**

**٨- رۆژناما کوردستان پرێس- ستۆکهۆلم- هەژمار ٥٩، ١٩٨٩/٢/٢.**

**٩- گۆڤارا رۆژا نوو- ستوکهۆلم- هەژمار ٢٣- ١٩٨٩، ل١٢.**

**١٠- د. سمیر سرحان، المسرح الانگلیزی المعاصر، بغداد، ص٣٣-٥٨.**

# یەکەمین کتێبی خۆمم چۆن نووسی و بڵاوکردەوە؟
## «ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم...»

فەرهاد پیرباڵ

«ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم...»، شانۆنامەیەکی یەک پەردەییە، لە (٥٢)لاپەڕەی نیو A4، یەکەمین کتێبی چاپکراوی منە، لە ئەیلوولی ١٩٨٤، لە شاخ یەکیەتیی نووسەرانی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە. وەک گێڕانەوەیەکی ئەزموونی نووسینی خۆم، حەز دەکەم لێرەدا چەند تیشکێکی بخەمە سەر.

### پۆرترێتێکی گشتی

من پێش ئەوەی دەست بکەم بە نووسینی ئەم شانۆنامەیە، پێشتر دەیان شیعری ئاوهام نووسیبوو کە شایستەی بڵاوکردنەوە بن و تەنیا یەک دووانێکم بڵاوکردبوونەوە؛ بەڵام بە بیرمە پێنج چیرۆکم بڵاوکرابوونەوە لەگەڵ چەند وتارێک. کەواتە، یەکەمین کتێبم بریتی بوو لە یەکەمین ئەزموونم لە بەستێنی نووسینی شانۆنامەدا.

ئەو زەمانەی من دەستم کردە نووسینی ئەم شانۆنامەیە (١٩٨١-١٩٨٢) یەک دوو ساڵێک بوو جەنگی عیراق و ئێران دەستی پێکردبوو، خەڵک و نەسلی گەنجی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی خستبووە نێو وەحشەت و نائارامییەکی هەژێنەری ئەوتۆوە کە وایان لێ بکات بۆ یەکەمین جار لە ژیانی خۆیاندا هەندێ پرسیاری تازە لە خۆیان بکەن (یان بە لانی کەمییەوە من - خۆم نیشانەی پرسیارم خستە سەر ئەم مەسەلانەوە):

١- ئایا عیراق نیشتیمانی منە تا بەرگریی لێ بکەم و شەڕی لە پێناو بکەم؟!

٢- ئەگەر عیراق نیشتیمانی من بێت، بۆچی منی تا ئەمڕۆ ئاوها زەلیل و برسی و کۆیلە و نوغرۆ کردووە؟!

٣- ئایا ئەم جەنگە لە پێناو «نیشتیمان» و لە پێناو عیراقە؟! باش. کەواتە عیراق یەعنی چی؟

کەواتە «نیشتیمان» واتای چی دەگەیەنێ کە هێندە گرنگ و بەرز بێت کە من و هەزارانی تر خۆمانی لە

پێناو بە کوشت بدەین؟

٤- ئایا ئەگەر چەمکی «عیراق» و «نیشتیمان» چەمکێکی ڕەوا و «پیرۆز» و شایستەش بێت، ئەوە دەهێنێ «من» خۆمی بۆ فیدا بکەم و هەزاران کەسی لە پێناو بکوژرێت؟!

٥- خوا لەم نێوەندەدا، چۆن بیری لێ بکرێتەوە؟ (دین) یەعنی چی کە ئەم میللەتەی ئێران و عیراق، بە ناوی سوننە و شیعەوە، بە گژ یەکترەوە دەنێ؟ بەڵام نەخێر، لەوانەیە بۆرژوازیەتی شۆڤینیزمی عەرەب و فارس بن کە ناوی خودا و ئیسلام و دین بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار دەهێنن و خەڵکی پێ فریو دەدەن. دە کەواتە هەردوو لایان کافرن. بەڵام نا، چۆن؟!

٦- کەواتە، لەم دوو بۆرژوا شۆڤێنیستە، کامەیان ڕاستن؟ هیچیان؟! ئایا هەردووکیان، هەر یەکە و پابەندی بلۆکێکی سەرمایەداریی جیهانی جیاوازن؟

٧- مانای وایە، هەموو مەسەلەکە پارە و دەسەڵاتە؟! دین و خوا و ئیسلام گوناحیان نییە، بەڵام باشە خۆ تەنیا ڕژێمەکە وا بیر ناکاتەوە، خەڵکەکەشیان هەر وا بیردەکەنەوە کە ئەم جەنگە جەنگی خودا و ئیمان و ئیسلامە بەسەر ناهەق و زوڵم و باطڵدا؟!

دەیان پرسیاری دیکەی لەم جۆرە کە پێشتر خەڵکی عیراق بیریان لێ نەکردبۆوە: من لەم شانۆنامەیەمدا بە دوای وەڵامەکانیاندا گەڕاوم.

### پۆرترێتێکی خۆم

لەو زەمانەدا (٨١-١٩٨٢) زەمینەی فیکریی من تێکەڵەیەک بوو لە نێوان مارکسیزم و ناسیۆنالیزم و کەمێک لە ئێگزیستانسیالیزم.

لەسەر ئەوە بووم زانکۆم تەواو دەکرد و دەمزانی سەنگەری دیزفووڵ یان «عەبباوان» چاوەڕێمە. زەندەقم چووبوو! چ بکەم، چۆن بتوانم نەچم؟! هەرگیز ناکرێت و نابێت من بچم خەڵکی بەستەزمان بکوژم و لەم جەنگە شۆڤینیستەدا بەشدار بم! هەرگیز.

کەواتە هەوێن و هۆکاری نووسینی ئەم شانۆنامەیەم، چەنێک لە بیرکردنەوەیەکی مرۆڤایەتییانە و ئایدیۆلۆژی و دژ بە جەنگی دینی و سەرمایەدارییەوە سەرچاوەی گرتبوو، هێندەش پێوەندیی بە کیان و سروشت و هەڵوێستی خۆمەوە هەبوو. دانی پێدا دەنێم: من لەم بەرهەمەدا بە پێش ژیانی خۆم کەوتبووم بە چەند ساڵێک. قوتابی زانکۆ بووم و دەترسام یەک دوو ساڵی دیکە، کە هێشتا تێر بۆنی ژەویم نەکردبوو، بە هەدەر بڕۆم...

### چیرۆکێکی بڵاونەکراوە

من لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی (١٩٨٠) ئەم شانۆنامەیەم لە شێوەی چیرۆکێکدا نووسیبوو؛ بە ناونیشانی (لە جەنگەڵێکی سەر سنووردا). لە کۆتایی هەمان ساڵدا دامە دەست مامۆستای گەورەمان، مەحموود زامدار، بۆ ئەوەی لە گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوی بکاتەوە!

هەڵبەتە لەبەر ئەو سانسۆرە توندوتیژەی ئەو زەمان لە بەغدا فەرمانڕەوای ئەدەبیات بوو، بڵاوکردنەوەیان پەسەند نەکردبوو.

لە سەرەتای ئەو چیرۆکەدا من ڕاستەوخۆ (بە ناوی یان لەسەر زمانی پاڵەوانە کوژراو - شەهیدەکەمەوە) قسە لەگەڵ خوێنەر دەکەم. بە بیرمە ئەم تەکنیکەشم لە چیرۆکێکی ئادگار ئالان پۆوە دزیبوو.

چیرۆکە بڵاونەکراوەکەم هەر لەلای مامۆستا زامدار مایەوە و منیش خەریک بوو شێت بم: چۆن قسەیەک لەسەر ئەم جەنگە شوومە نەکەم؟

چەند مانگێک تێپەڕی، دیتم: ئەوەی لەو چیرۆکەدا گوتوومە، زۆر کەم و ناچیزەیە لە چاو ئەوەی کە لەناو دڵ و مێشکی مندا لە بارەی ئەم جەنگە هەژەندە وێرانکارەوە پەنگی خواردووەتەوە.

### بۆچی چیرۆکەکەم خستە نێو قاڵبی شانۆنامەوە؟

من لەو زەمانەدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو شانۆگەرییانەم تەماشا کردبوو کە لە سلێمانی و هەولێر پیشان دەدران. جاری وا هەبوو سەفەری تایبەتیمان بۆ بینینی شانۆگەرییەک دەکرد، کە لە سلێمانی پیشان دەدرا جگە لە بینینی هەموو نواندنە تەلەڤزیۆنییەکانیش. ئەمە وێڕای ئەوەی کە خوێنەرێکی باش و بەردەوامی ئەو شانۆنامانە بووم کە بە کوردی و عەرەبی دەکەوتنە بەردەستم. وا بزانم ئەو کاتە شانۆنامەم لە ڕۆمان و چیرۆک زیاتریش دەخوێندەوە. بە کورتی: شانۆنامە بۆ من ژانرێکی جوان و دڵنشین بوو، پێی دەوێرام. ئەو کاتە ڕەواجیشی زۆر بوو.

ئەوەش با نەشێرمەوە: دەرەقەتی ئەوە نەدەهاتم بیکەمە ڕۆمانێک!

کەواتە، هەقم بووە ئەم لافاوی هەست و فیکر و موعاناتەی جەنگ، لە نێو قاڵبێکی غەیری چیرۆک و ڕۆماندا دابڕێژم؟ تاقیکردنەوەیەکە، بۆ نا؟!

پرسم بە هیچ کەسێک نەکرد، دەستم دایە قەڵەم و گوتم «شانۆنامەیەک دەنووسم!».

پاش نووسین و تەواوبوونی، کێ دەیخاتە سەر شانۆ؟ لە کوێ؟ کەی؟ چۆن حکوومەت ڕێگە بە پیشاندانی دەدا؟! گوێم نەدایە هیچ لەم پرسیارانە. پڕ بووم و

دەبووایە خۆم هەڵڕێژم.

**بۆچی ئەم ناونیشانەم بۆی هەڵبژارد؟**

«ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم...» ناونیشانێکی شاعیرانە و کەمێک خەفەتبارە. لە کوێم هێنا؟

دەزانم! بەبیرمە: چەمکی «وڵات» و «نیشتیمان»، لەگەڵ دەسپێکی جەنگەکەدا لەلام ببووە «قۆندەرە»؛ ڕقم لێی دەبۆوە و بێزم لێی دەکردەوە.

ئەو کاتە چەمکی نیشتیمان و عیراق لای شووعییەکانی برادەرەم زۆر بەرز و ئازیز و پایەدار بوو، بەڵام من نەمدەتوانی بەو دوو فاقییە (ئیزدیواجیەتە) فیکرییەوە بژیم: من نیشتیمانێکم ناوێت و بەرگریشی لێ ناکەم کە من بە ناهەق بە کوشتن بدات؛ من شەڕ لە پێناو «عیراقێک» ناکەم کە میللەتەکەی خۆی سەربڕیوە! بە کورتی، ناونیشانی شانۆنامەکە، وەک ناوەرۆکەکەی، ماڵئاوا کردنێکە لە چەمکی «وڵات»؛ دەستبەرداری بوونە لە ماناکانی «نیشتیمان». ویستم بڵێم کە من چیتر باوەڕم بە (عیراق) و (نیشتیمان) و ئەم قسە قۆڕانە نەما. تەواو: تاکە کەس گرینگە! بۆیە، دەتوانم بڵێم: ئەم شانۆنامەیەی من یەکەمین هەنگاوی فیکریی منە بەرەو ئیگزیستانسیالیزم و بردنەوەی گرەوی تاکە کەس Individu لە هەمبەر «مێگەل»! هەڵگەڕانەوەی منە لە مارکسیزم و کۆمەڵگەرایی، کە ساڵانێکی زۆر بوو پێی فریودرابوون/درابووین.

هەر بەم بۆنەیەوە، لەسەر ئەم مەسەلەیە، شیعرێکیشم لە دیوانی Exil دا هەیە بە ناوی (نەخشەی عیراق) کە پێشکەش بە سێ برادەری عیراقچی و شووعیی ئەو کاتی خۆمم کردووە!

**شێرزاد حەسەن و شێرکۆ بێکەس**

ئەو زەمانە، شێرزاد حەسەن ئەگەر بەرهەمێکی تازەی نووسیبایە، پێش هەموو کەسێک بۆ منی دەخوێندەوە، منیش بە هەمان شێوە.

وا بزانم لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٣ دا بوو کاتێ ئاخرین نوقتەم لەسەر بەرهەمەکەم دانا، ئەو کاتە قوتابیی پۆلی دووەم، یان سێیەم بەشی کوردی بووم لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی. بەرگێکی جلدی ئەستووری قاوەییم تێ گرتبوو. دامە شێرزاد، گوتم:

– حەز دەکەم بیخوێنیتەوە!

دوای چەند ڕۆژێک شێرزاد بۆی گەڕاندمەوە و کۆمەڵێک قسەیشی لە بارەوە کرد (بەبیرم نایەتەوە چی گوت)؛ بەڵام هێندەم لەبیرە گوتی:

– بە ناوی موستەعار، با لە شاخ بڵاوبکرێتەوە!

پاش چەند ڕۆژێک شێرزادم دیتەوە، ئێوارەیەک بوو، گوتی:

– فەرهاد، دوێنێ شیعرێکی ئینگلیزیم کەوتە بەرچاو، هەمان ناوەرۆکی شانۆنامەکەی تۆی هەیە. شاعیرێکی ئینگلیزییە نووسیویەتی: باس لە دوو سەربازی دوو وڵاتی دوژمن بە یەک لە کاتی جەنگدا دەکا... نایانەوێ یەکتر بکوژن و دەبن بە برادەر!

گوتم:

– تۆ بڵێی خەڵک وابزانێ من لەمم وەرگرتووە؟!

شێرزاد لچێکی هەڵقورتاند و گوتی:

– فشەیە!

هەمان ڕۆژ بە شێرزادم گوت:

– شێرە حەز دەکەم ئەم بەرهەمەم بدەمە شێرکۆ بێکەس و بیخوێنێتەوە، بەڵکو پاشان بە ناوێکی مستەعار لە (شاخ) چاپی بکەم!

ئەو کاتە، شێرکۆ بێکەس و ڕەئووف بێگەرد و حەسیب قەرەداغی و سەلام مەنمی و برادەرەکانی دیکەیان، لە چاپخانەی (کارۆخ) دادەنیشتن، لەگەڵ شێرزاد لێیان چووینە ژوورەوە و شێرزاد شانۆنامەکەمی دایە کاک شێرکۆ و هەندێک قسەیشمان کرد. بەڵام دواتر، کاتێ شانۆنامەکەی بۆ گەڕاندمەوە کاک شێرکۆ گوتی:

– شتێکی جوانە.

ئیدی زەمان وا هەڵسووڕا کە من بۆ خۆم و شانۆنامەکەم پێکەوە ڕوو بکەینە شاخ!

**بیرۆکەی شانۆنامەکەم چۆن بۆ هات؟**

شێرزاد حەسەن یەکەمین کەس بوو (جلیل القیسی)ی بە من ناساند:

– «زلیخة البعد یقترب». دەبێ بیخوێنیتەوە، فەرهاد!

دوای ئەوە کەوتمە سەر شانۆنامەکانی جلیل القسیی بە ناوی (مسرحیات). دیتم شانۆنامەکانی، لە چاو چیرۆکەکانی، جوانتر و هونەری ترن! لەناو ئەو شانۆنامانەی ئەودا، یەکێکیان بە ناوی (زفیر الصحراء) سەرنجی ڕاکێشام. نووسەر لە پەراوێزی (زفیر الصحراء)دا نووسیویەتی کە فیکرەی ئەم چیرۆکەی لە هەواڵێکی ناو ڕۆژنامەیەکی میسرییەوە وەرگرتووە کە باس لەوە دەکات فڕۆکەیەک لەناو بیاباندا کەوتۆتە خوارەوە و چەند کەسێک لەناو فڕۆکەکەدا بە زیندوویی لەناو بیابانەکەدا ماونەتەوە، ون، سەرگەردان، دەنگیان بە هیچ کەسێک ناگات و نازانن چ بکەن! ئەو کەسە زیندووە سەرگەردان و وێڵ و بێ کەسانە، لەناو بیابان بە تەنیا گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن...

ئەم هەواڵە، چیرۆکی زفیر الصحراءی لای جلیل

القیسی دروست کردبوو؛ (زفیر الصحراء)یش شانۆنامەی (ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم)ی لەلای من دروست کرد.
من حەز دەکەم هەمیشە بە ڕاستگۆیی و شانازییەوە باسی دزییەکانی خۆم بکەم! بەڵێ، من ئەمەی خۆمم لە ئەوەی جلیل القیسیی دزیوە؛ بەڵام دە بڕۆن بەراوردی هەردووکیان بکەن: بزانن عەرد و عاسمانیان فەرق نییە! بزانن ئەوەی من شیلاوی ڕۆحی خۆم و وێنەی دەقاودەقی چەهرەی من نییە!؟

### یەکەمین ئەزموونی شانۆییم

پێش ئەوەی جارێ نووکی قەڵەم بە کاغەزدا بهێنم، من دەمزانی تەنیا و تەنیا دوو پاڵەوانم هەیە بە قسەیان بێنم و هیچی تر نا: سەربازێکی ئێرانی کە لە دەست لەشکری ئێرانی فیرار دەکات و دەیەوێ بێتە عیراق بپێتە پەناهەندە؛ دووەم: سەربازێکی عیراقی.. بە هەمان شێوەی پێچەوانەیی.
کەواتە هەڵبژاردنی تەنیا یەک (تاکە کەس) لە مێگەلی ئێرانەوە، هەروەها هەڵبژاردنی یەک (تاکە کەس) لە مێگەلی عیراقەوە، لەلایەن منەوە کارێکی بە ئانقەست بوو؛ سمبولێک بوو. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە من دیارە، دەمەوێ تەنیا باس لە یاخیبوونێکی تاکەکەسییانە بکەم لە دەست «مێگەل»، دەمەوێ هەڵوێستێکی ڕەفزکارانەی تاکەکەسی پیشان بدەم بەرامبەر بە «ڕژێم». ئەم یاخیبوون و هەڵوێستە بە «مێگەل» ناکرێ، مێگەل نایکا؛ بەڵکو تەنیا (تاکەکەس) دەتوانێ! بۆیە دوو تاکەکەسم هەڵبژارد. باشە، من لە باری تەکنیک و هونەرییەوە، ئەم کارە چۆن ئەنجام بدەم؟!
لە وەڵامدا بە خۆمم گوت «نەخێر، نایخەمە قاڵبی ڕۆمانەوە، چونکە لە ڕۆماندا دەبێ وەسفیان بکەم و وەسفی ڕووداوەکان بکەم، ئەمە لە کاتێکدا من زیاتر و پێش هەموو شتێک دەمەوێ ئەم دوو فیرارە تەنیا قسە بکەن. کارەکەی من دەیەوێ (کانگای) موعاناتێک و (ناخی) ژیانێک و (دەروونی) مردنێک بدوێنێت نەک کۆمەڵێک ڕووداو بگێڕێتەوە».
لێرەوە، پێش هەموو شتێک پێویستیم بە (دیالۆگ) و (مۆنۆلۆگ) و هونەری (فلاش باگ) هەبوو، ئینجا بە ڕاستیش بە درێژایی تێکستەکە، هەوڵمدا لە ڕێگەی ئەم سێ توخمە هونەرییەوە کار بکەم، تەنانەت هەندێ جار (دیالۆگ)م دەکرد مۆنۆلۆگێکی هێند درێژ کە لە مۆنۆدراماوە نزیک دەبۆوە. دەمگوت «قەیناکە»، چونکە بەهانەیەکی هونەری و پاساوێکی دەروونی - واقیعیم هەیە. دەرهێنەر/ڕێژیسۆر کەیفی خۆیەتی چۆن ئەم مۆنۆلۆگە درێژ درێژانەم دەخاتە سەر شانۆ، ئەمە گرفتی من نییە؛ من دەنووسم.
بەڵام لە هەمان کاتدا باش باش حیسابم بۆ ئەوە دەکرد کە ئەم مەنەلۆگ و مۆنۆدراما و دیالۆگانە بۆ سەر شانۆن و پاشان بە قسە دەگوترێنەوە! لە شوێنێک خوێندبوومەوە:
- دیالۆگی شانۆیی دەبێ کورت بێت.
بەڵام کاتێ ئەو دیمەنەی شانۆنامەکەی (باوک)ی (ئۆگۆست ستریندبێرگ)م بیردەکەوتەوە؛ کاتێ ئەدۆڵف، بە تاقی تەنیا، لە ژوورەکەی خۆیدا خەریکە شێت دەبێ... دەمگوت: «با دەرهێنەر، ئەگەر زیرەک بێت و لە شانۆی تەعبیری تێ بگات؛ بێت خۆی ئەم مۆنۆلۆگە درێژانەم پارچە پارچە بکات و بە دەرهێنانێکی مایرهۆڵدی، یان چۆن خۆی حەز دەکات ڕۆح ببەخشێتە ئەم مۆنۆدرامایە».
بە کورتی: هەر یەکێک لەم دوو فیرارەم کاتێ دەستیان دەکردە قسەکردن لە بارەی ژنەکانیان و منداڵەکانیان و ئەشکەنجە و خەفەتە قوولەکانیان؛ من بە هیچ شێوەیەک نەمدەتوانی و دڵم نەدەهات ڕایانبگرم و بڵێم «ڕاوستن کاکە؛ دەبێ حیوارەکانتان کورت بێت!». بە پێچەوانەوە حەزم دەکرد چەندی پێم بکرێ ئەزیەتیان بدەم و بیانگریێنم و وایان لێ بکەم دۆزەخی ژیانیان، پیسیی ئەم جەنگەیان بیربکەوێتەوە: بۆ ئەوەی من بتوانم تەعبیر بکەم، تەعبیر...
هەر بۆیەش هاتم، بۆ دەستپێکردنی شانۆنامەکە، زەمەنێکم هەڵبژارد کە تێیدا هەموو شتێک ئامادە بێت بۆ گوتن، کاتێکم هەڵبژارد کە هەموو موعانات و ئازار و کارەساتەکان ئامادە بن بۆ دەربڕین: ساتەکانی کۆتایی ژیانی هەردووکیانم هەڵبژارد؛ ئەو ساتانەم هەڵبژارد کە هەردووکیان تێرتێر جەنگەکەیان دیوە و ڕایانکردۆتە ناو جەنگەڵەکە. ئەمەش بۆ ئەوەی دەربڕین بتوانێت تێر و پڕ و چارەنووسساز بێت، بۆ ئەوەی دەربڕین، لە لووتکەی تەقینەوەکانی خۆیدا، نەفرەت لە ڕابردوو و تف لە ئەمڕۆ بکات!
هاتم شوێنێکی سمبولێکم هەڵبژارد بۆ ئەو دەربڕینە درامییە: ناو جەنگەڵێکی سەر سنووری عیراق - ئێران. جەنگەڵ شوێنی حەیواناتە، ئەوانەی یەکتر دەخۆن. جەنگەڵ ئەو شوێنەیە، ترسناک، تێیدا (ئاژەڵەکان) لەگەڵ یەکتر بەشەڕ دێن و یەکتری تێدا لەناو دەبەن.
کەچی دوو پاڵەوانەکەی من، ئەگەر چیش دوو وڵاتەکەیان/دوو ڕژێمەکەیان، بە تۆپ و گوللە و گازی کیمیای لە یەکتر دەدەن، بەڵام ئەوان لەناو ئەم جەنگە - جەنگەڵە - دوژمنکار و ترسناکەدا، بە پێچەوانەوە دێن

دەبنە برادەر، باوەش بە یەکتـردا دەکـەن و بۆ ژیان و ئەمـرۆی یەکـتـر دەگـرین؛ بۆ «مـرۆڤـایەتیی لە دەستچوویان» دەگرین.
بەم شـێـوەیە ئەم شـانۆنامـەیەی من، پیـشـاندانی روخسـارە مـرۆڤـایەتییـەکـانی مـرۆڤـە لە زەمـەنی نامـرۆڤـایەتیـیـدا، دەربڕینی خـێـر و ئاشـتی و خۆشەویستییە، لە سەردەمی شەڕ و جەنگ و کینەدا: لە سەردەمی سەدام و خومەینی دا!
هێشـتـا لاپەڕەی یەکەمم نەنووسیبـوو، لەناکاو لە خۆمم پرسی:
- باشە، ئەم دوو فیرارە عیـراقی و ئێرانییە، بە چ زمانێک قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن؟
بە فـارسی؟ عـەرەبی؟ کـوردی؟ مـازەندەرانی؟ ئازەربایجـانی؟ ئاشـووری؟ ئەرمـەنی؟ بلووچسـتـانی؟ تورکمانی؟ بیرم لەوە کردەوە هەردووکیان بکەمە کورد و بیرێکی کوردستـانییـانە و ناسیونالیستـانەش لە پاڵیدا دەربڕم. گوتم «نەخێر» چونکە لەو کاتەدا زوڵم لە هەموو ئەو میللەتانەی دیکەی ناو عیـراق و ئێران دەکەم. بڕیارمدا ئەسڵـەن هەر وەڵامی ئەم پرسیـارەش نەدەمـەوە... وەڵامی ئەمـەش نەدەمـەوە کـە ئەم دوو فیرارە چ دین و نەژادێکیان هەیە!
(لە چاپی دووەمدا؛ بڕوانە (حەشیـشـەکێشـەکان)، بڵاوکـراوەی وەزارەتی ڕۆشنبـیـری، هەولێـر: ٢٠٠٣؛ وام لێکردووە کـە تـەعـبـیـر لە شـەڕی براکـوژیش بکات!).
بڕبڕەی شـتی ئەم شـانۆنامـەیەی من دیالۆگ و مـۆنۆلۆگـەکانە، نەک ڕووداو. واتە لەسـەر تەختـەی شانۆدا (لەناو تێکستـەکەدا) هیچ ڕووداوێکی ئەوتۆ نابینرێن. من دەمـزانی: نەبوونی ڕووداو و ڕووداوی گـەورە دەبێـتـە هۆی نەبوونی جـوڵـە و جـووڵانەوە و چالاکی لەسەر شانۆدا، بەمەش شانۆگەرییەکە تووشی ڕۆتین و یەک نەوازی و خاوی دێت.
چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە دیسانەوە گرفتی من نییە؛ گرفـتی دەرهێنەرە. چونکە من توانیومە دراما و ململانێ و زۆرانبـارییـەکـان تەعـبیـر بکەم و لەناو دیالۆگ و مۆنۆلۆگەکاندا بیانتەقێنمەوە، تەواو. (ئەم کێشـەیەم لە کاتی نووسینی شانۆنامەی دووەمیشمدا «بەیانی ئەی غەریبی...» تووش هات).
هەر بـۆیـەش، بـاوەڕم وایـە، هیـچ دەرهێـنـەرێـکی ئارەزوومـەند و تازە پێگەیشـتـوو، بە هیچ شـێـوەیەک ناتوانێ بە ئاسـانی بزانێت دەرەقـەتی ئەم بەرهەمـەی من بێت و بیخاتە سەر شانۆ!

**چۆن چاپم کرد؟**

لە بەرگـەڵوو، لە مـەکـتـەبی ڕاگـەیاندنی یەکـیـەتیی نیشتیمانی کوردستان (بێ ئەوەی حزبی بم) لە ساڵی ١٩٨٤، لەناو چاپخـانەی شـەهیـد ئیـبـراهیـم عـەزۆ، (هەڵەچن) بووم. لە دەست عەسکەری و ڕژێمی سەدام غـارم دابووە ئەوێ و بە شانازییەوە (ئێسـتـاش دەڵێم بە شـانازییـەوە) لەوێدا کـارم دەکـرد و حەوابوومـەوە. ئەو ماوە کورتەی «پێشمەرگایەتیم» لەوێ یەکێکە لە جوانترین قۆناغەکانی ژیانم.
چوار سـاڵ بوو لەگـەڵ ئەم شـانۆنامـەیەم دەژیام و ئێـسـتـاش دەبینم ئەوەتام لەناو چاپخانەیەکدا، لەناو چاپخـانەیەکی ئازاددا، چاپخـانەی شـۆڕش! بۆ چاپی نەکەم؟ ڕەزامەندیی کاک ئەرسەلان بایزم وەرگرت کە ئەو کـات بەڕێوەبەری گـشـتـیی ڕاگـەیاندن بوو. کـاک سەعدوون فەیلی یەکەمین کەس بوو لەوێ تێکستەمی خـــوێـنـدەوە و لەو ڕۆژەوە پێـــــمی دەگـــــوت «تۆ مـەسـیـحی!». ویسـتـم داوا لە (ڕەمـزی قطب الدین) بکەم تابلۆیەکم بۆ بەرگی کـتـێـبـەکـەم بۆ بکات، کـە لەوێ پێکەوە لەگـەڵ (باسم الرسـام) لە یەک ژووردا دەخـەوتین. پاشـان گـوتم «نە ء»، تابلۆیەکی ڕووسـیم لەگەڵ خۆم هێنابوو؟ بە مـامۆسـتـا حەیدەرم گوت، کە بەڕێوەبەری چاپخانەکە بوو:
- ئەم وێنەیەم بۆ بکەن بە بەرگ!
لەسـەر دیوارەکـانی ژووری چاپخانەکـەی مـامـۆسـتـا حـەیدەر دەیان کلیـشـەی خـەتی فـارسی (حـەرفی عەرەبی) هەڵواسرابوون، کە لە ئێرانەوە هێنابوویانن. فۆنتێکم لەناویاندا هەڵبژارد و گوتم:
- ناونیشانەکەش بەم خەتە بنووسرێت!
ئەو کاتە، هاوڕێیانم، بەختیار و ڕەوەز، هەر هەموو تێکسـتـەکـەمـیـان، بە ئامێـری ئای بی ئێـمی دەسـتی (آلة طابعة) نووسیبۆوە و ئامادە بوو بۆ چاپ.
لە ژێر ڕەشماڵێکدا، لەگەڵ (باسم الرسام) مۆنتاژ و کۆلاژ و کـارە هونەرییـەکانمان تەواو کـرد و، شـەوێکی درەنگ بوو، بردمـانە لای مـامـۆسـتـا حـەیدەر. کـتـێبی شیـعری (داستـانی هەڵۆی سوور)ی شێرکۆ بێکەس، ژمـارە (١٧)ی بڵاوکـراوەکـانی یەکـیـەتیی نـووسەرانی کوردستان بوو، تازە تەواو ببوو؛ لەوێ لەسەر یەکتر بە سەفتە داندرابوو.
ئیـدی مـامۆسـتـا حـەیدەر (هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی، شەهیدکرا)، ئەوەی منی کردە ژمارە (١٨) و گوتی:
- سبەینێ دەست بە چاپی دەکەم.

# لە دانایی میللی ئاکارەوە بۆ میتافیزیکی ئاکار

ئیمانۆییل کانت
لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

(١ – ٢)

ئەگەر ئێمە تاوەکو ئێستا بۆچوون و چەمکی ئەرک-مان لە بەکارهێنانی ژیری باو و ناوکۆییەوە خستبێتەوە و وەرگرتبێ، نابێ بەهیچ جۆرێک وا دابنرێت کە ئێمە ئەومان وەکو چەمک و بۆچوونێکی ئەزموونیی (تەجرەبەیی) داناوە و بەکاربردووە، بەڵکو پتر لەمە، ئەگەر شارەزایی کارو کرداری مرۆڤ لەبەرچاوبگرین، چەندین سکاڵای ڕەوا بەرگوێمان دەکەوێت کە بریتین لەوەی مرۆڤ ناتوانێ نموونەیەکی دڵنیایی لێکراو دەربارەی ڕاز و نیاز کە لە هەستکردن بە ئەرکی سەرشان و ئۆباڵی ئەستۆوە کەوتبنەوە بخاتە بەرچاو، ئەگەرچی چەندین کردار هەن کە بە پێی فرمانی ئەرک پەیدابوون و کەوتوونەتەوە، بەڵام ئەمە ڕێگا لەوە ناگرێت مرۆڤ گومان لەوە بکات کە ئەمە بە ڕاستیی لە هەستکردن بە ئەرکی سەرشان کەوتۆتەوە و ئایا بەم پێیە بایەخێکی ئاکارییانەی هەیە. بۆیە هەموو کات و سەردەمێک فەیلەسووف هەبوون کە نرخ و بایەخی ئەم نیازەیان لە کرداری مرۆڤدا حاشا کردووە یاخود بەلایەنی کەمەوە هەموو شتێکیان داوەتە پاڵ خۆ پەسەندیی و خۆ خۆشویستن، بەڵام بەبێ ئەوەی گومانیان لە ڕاستیی بۆچوون و چەمکی ئاکاریی کردبێ (Begriff von Sittichkeit)، بگرە بە خەمبارییەوە باسی بێهێزیی و لاوازیی سروشتی مرۆڤ و ناڵەباریی و تەمومژاوییەکەیان کردووە، ئەو سروشتەی بە پێی پێویست چاکە و خانەدانە بۆ ئەوەی بتوانێ بیرۆکەیەکی شایستەی ڕێزلێنان دەربارەی ڕێوشوێنەکانی ڕەنگ بڕێژێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوپەڕی بێهێزە و ناتوانێ پەیڕەویان بکات و

ژیرەکەی، کە دەبێ قانوونی بۆ دابنێ، تەنیا بۆ سوود و قازانج و مەیل و ئارەزووەکانی بەکاری دێنێ، جا ئەم ئارەزووانە تاک بن یاخود وەک کۆ سەرنج بدرێن و لەگەڵ یەکتری بەپێی توانا تەبا و بگونجێنرێن.

ئەوی ڕاست بێت هەرگیز لە کردن نایەت، پشت ئەستوور بە ئەزموون، تاکە ڕەوشێک بەوپەڕی دڵنیاییەوە دیاری بکەین، کە بنەمای کردارەکەی تەبا و گونجاو تەنیا لەسەر بنچینەیەکی ئاکاری و بۆچوونی ئەرکدا دامەزرابێت. هەڵدەکەوێت کە هەندێک جار، تەنانەت، ئەگەر بەوپەڕی وردیی خۆمان تاقی بکەینەوە، شتێک نادۆزینەوە ئەوەندە بەهێز و بەتوانا بێت کە هانمان بدات کارێکی خێر و چاکە بکەین یاخود قوربانی بدەین ئەگەر ئەو شتە لە بنەمای ئاکارەکیی ئەرکەوە نەکەوتبێتەوە، بەلام نابێ لەمەوە ئەو دڵنیابوونە بکەوێتەوە کە پاڵنەرێکی شاردراوەی خۆویستیی لە ئارادا نەبووە و لەژێر پەردەی ئەم بیرۆکەیەدا خۆی حەشار نەداوە و هۆکاری ڕاستەقینە نەبووە کە خواستەکەی دیاری کردووە و گوایە ئێمە نامانەوێ خۆمان وا نیشان بدەین کە هۆکارێکی ئەوپەڕی چاکە کە بە ناڕەوا بۆ خۆمانی ڕەوا دەبینین، پاڵنەرەکە بووە و لە ڕاستیشدا ئێمە هەرگیز لەتوانامان‌دا نییە، ئەگەر ئەوپەڕی بە وردی خۆمان بخەینە ژێر تاقیکردنەوە و ئەزموونەوە، هۆکارە شاردراوەکان بدۆزینەوە و بزانین، هۆیەکەش ئەمەیە، کاتێک ئێمە سەرگەرمی باسکردنی بەها و نرخە ئاکارییەکان دەبین، بایەخ بەو کارانە نادەین کە دێنە بەرچاوی مرۆڤ بگرە بەو بنەما ناوەکییانە کە ئەم کارانە لێیانەوە دەکەونەوە و کە مرۆڤ لە توانایدا نییە بیانبینێ.

ئەو کەسانەی گاڵتە بە ئاکار دەکەن و وای دادەنێن کە ئەفسانە و چاو و ڕاوە و ئەندێشەی سنوور بەزێنی مرۆڤ دایهێناوە، ناکرێ لەوە بەولاوە خزمەتێکی تریان بکرێت کە بۆیان پەسند بکرێت چەمک و بۆچوونی ئەرک (Pflicht) (وەک ئەوەی بەدڵی مرۆڤە، بۆ ئاسوودەیی، خۆی بەوە ڕازیی بکات کە سەبارەت بە هەموو چەمک و بۆچوونەکانی تر هەروایە) دەبێ هەر لە تاقیکردنەوەوە بکەوێتەوە، مرۆڤ بەم دانپێدانانە سەرکەوتنێکی بێ ئەگەریان بۆ دابین دەکات. من دەمەوێ لەوەوە کە من مرۆڤم خۆش دەوێت، پێی لێبنێم، زۆربەی کارو کردەوەکانمان لەگەڵ ئەرکی سەرشاندا تەباو گونجاون، بەلام کاتێک مرۆڤ لە نزیکەوە سەرنج دەدات ناوەرۆک و ئامانجیان چییە، لە هەموو کات و شوێنێکدا مرۆڤ ڕووبەڕووی هەمان هاندەری خۆشەویستی دەبێتەوە کە لەبەردەمدا قووت دەبێتەوە و کە کارو کردارەکان پشتی پێدەبەستن و بە فرمانی بێمەرجی ئەرکەوە بەند نییە، ئەو ئەرکەی واپێویست دەکات مرۆڤ دەستبەرداری خۆویستی بێت، پێویستیش ناکات مرۆڤ بەبێ چەند و چۆن دوژمن و نەیاری چاکەکاریی بێت، بەڵکو تەنیا ئەوەندە بەسە کە سەرنجدەرێکی خوێن سارد بێت، کە ئارەزووی بە تەوژمی چاکەویستی بە چاکەی ڕاست و ڕاستەقینە دانەنێت (بە تایبەتی دوای ئەوەی بەساڵادەچێ و هێز و توانای بڕیاردانی بە ئەزموون و تاقیکردنەوە مشتوماڵ دەکرێ و دەگات) بۆ ئەوەی لەناخیدا جاروبار دەربارەی ئەوەی ئایا بە ڕاستیی لەم جیهانەدا چاکەکاریی هەیە جۆرە ئەگەر و گومانێک بورووژێت. لێرەدا هیچ شتێک ناتوانێ لەوە بمانپارێزێ دەستبەرداری بیرۆکەی Idee ئەرک نەبین و دەستەبەری ئەوە ببێت کە لە ناخی خۆماندا قانوونەکەمان خۆش بوێت، ئەگەر ئەو قەناعەتە ڕوون و ئاشکرایە لە ئارادا نەبێت کە ئەگەر هیچ جۆرە کردارێک لە بووندا نەبێ کە لەم سەرچاوە سازگارانەوە هەڵقوڵاون و کەوتوونەتەوە، ئەوا بابەتەکە بریتی نییە لەوەی ئایا ئەم کارە یاخود ئەوی تریان کراوە، بەڵکو بابەتەکە پێوەندی بە ژێر خۆیەوە هەیە بەبێ پابەند بوون بە هیچ دیاردەیەکەوە، فرمان دەدات چی پێویستە بکرێت ئینجا چەند کردار هەن کە تا ئەم ساتە جیهان هیچ نموونەیەکی لێ نیشان نەداون، دوورنییە گومان لەوە بکات کە بکرێ و بشێ بیکات و هەموو شتێک لە ئەزموونەوە بخاتەوە و لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە چەند کارێک بوون بەبێ پاشگەزبوونەوە ژێر فرمانی کردنیانی داوە، بە ئەمەک بوون و دڵسۆزیی لە دۆستایەتیدا، بۆ نموونە، شتێکە دەبێ لە هەموو مرۆڤێکدا هەبێت تەنانەت ئەگەر لە هەموو جیهاندا تاکە دۆستێکی بە ئەمەک نەبێت، چونکە ئەم ئەرکە وەک ئەرکێکی سەرشان، بێ چەند و چۆن، پێش هەموو ئەزموون و تاقیکردنەوەیەک لە بیرۆکەی ژیردا کە بەهۆی بنەماکانییەوە پێشیانە خواست دەستنیشان و دیاری دەکات، هەیە.

سەرەڕای ئەمانە، ئەگەر بمانەوێ چەمک و بۆچوونی ئاکارەکییانە بە تەواوەتی لە هەموو ڕاستییەک و پێوەندییەک بە بابەتێکی شیاوەکییەوە دانەبڕێن و بێبەش

نەکەین ئەوا ناتوانین لاریمان لەوە هەبێ کە قانوونەکەی ئەوپەڕی بەرفرە و بەرین و فراوانە و نەک تەنیا هەر بۆ مرۆڤ بەڵکو بۆ هەموو جەوهەرێکی ژیر (ئاقڵ) بە گشتی و نەک هەر بە تەنیا لە هەلومەرجی لاوەکیی و بارودۆخی نائاساییدا، بەڵکو هەمیشە ناچارەکی و پێوبستە و گونجاوە و دەبێ دەستبەکاربێت، لەمەوە دەردەکەوێ کە هیچ شارەزایی و ئەزموونێک ڕێگای شیاوەکیی کەوتنەوەی ئەم قانوونە بێ قەیدو مەرجە ناچارییە دابین ناکات. بە چ هەقێک دەتوانین، شتێک بە تەنیا لە هەلومەرجی لاوەکی مرۆڤایەتیدا دەستبەکار و گونجاو بێت، وەک ڕێوشوێنی گشتی بۆ هەموو سروشتێکی ژیر بەبێ چەند و چۆن، بەبێ قەید و مەرج ڕێزی لێبنێین؟ چۆن دەگونجێ ئەو قانوونانەی کە خواستمان دیار و دەستنیشان دەکەن بە چەند قانوونێک کە بەبێ قەید و مەرج خواستی و جەوهەری ژیر دەستنیشان دەکەن، دابنێین و نابێ بە چەند قانوونێکی چاک و سوودبەخشی خۆمانیان بزانین ئەگەر تەنیا هەر لە ئەزموون و تاقیکردنەوەوە کەوتبنەوە و بە تەواوەتی پێشیانە (apriori) لە ژێری بێگەرد، بەڵام پراکتیکییانە پەیدا نەبووبن و لەوەوە سەرچاوەیان نەگرتبێ؟

هەروەها لەو بەدکارییە گەورەتر نابێت لەگەڵ ئاکاردا بکرێت ئەگەر مرۆڤ چەند نموونەیەکی ئەزموونی و تاقیکردنەوە (تەجرەبە) بەسەرچاوەی کەوتنەوە و پەیدابوونی دابنێت، چونکە هەموو نموونەیەک کە دێتە بەرچاوم دەبێ پێشەکی بەپێی بنەماکانی ئاکار هەڵبسەنگێنرێن بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا نموونەی شیاون و شایستەی ئەوەن ببنە نموونەی بنەڕەتییانە، واتە وەک نموونەیەکی ڕەسەن کە پەیڕەو بکرێن، بەڵام بە هیچ جۆرێک ئەوان ناتوانن هەر لەسەرەتاوە چەمک و بۆچوونی ئاکارمان بدەنە دەست. هەروەها پیرۆزیی ئینجیل خۆی لەگەڵ ئەو بیرۆکەمان کە دەربارەی تەواوێتی و کەماڵی ئاکار هەمانە پێش ئەوەی ئێمە ئەو بەوە بناسین بەراورد بکەین، هەروەها ئەو دەربارەی خۆی دەڵێ:

چۆن من بە خێرخواز- چاکەکار دادەنێن (من کە ئێوە دەمبینن)؟ کەسێک نییە (نموونەی چاکەکاریی) چاکە و خێر بێ لە تاکە ڕەب خۆی بەولاوە (کە ئێوە نایبینن؟) بەڵام لەکوێوە ئێمە بۆچوونی ڕەب وەک ئەوپەڕی چاکەکاریی بەرز دەستگیرمان بووە؟ تەنیا لەو بیرۆکەوە دەستگیرمان بووە کە ژیر (ئەقڵ) پێشیانە دەربارەی ئەوپەڕی تەواوەتێتی کەماڵی ئاکاریی ڕەنگی ڕشتووە و توند و تۆڵ بە چەمک و بۆچوونی خواستی ئازادەوە بەستراوەتەوە. لاساییکردنەوە بەهیچ جۆرێک لە پاوانی ئاکاردا نییە، نموونەکانیش تەنیا هاندەر و پاڵنەرن، واتە ئەوان کار و کردار کە قانوون فرمانەکەیان دەدات لە کایە و پاوانی ئەگەر و گومان دەرباز دەکەن، ئەوانە دەخەنە بەرچاو و دیدە کە ڕێو شوێنی پراکتیکییانە بە گشتی دەریان دەبڕێت، بەڵام هەرگیز ناتوانن لادانی ڕەسەنێتی ڕاستەقینەکەی کە لەژێردایە ڕەوا بکەن و پەنابەرنە بەر نموونەکان.

ئەگەر بنەمایەکی ڕەسەنی بەرزی ئاکار نەبێت کە تەنیا لە ژێری بێگەرد پەیدا بووبێ و هیچ پێوەندی بە ئەزموونەوە نەبێ، ئەوا من لەو باوەڕەدا دەبم هیچ پێوبست نییە تەنانەت بپرسن، ئایا چاک و باشە، ئەم چەمک و بۆچوونانە بەو جۆرەی لەگەڵ تێکڕای ئەو بنەمایانە پێیانەوە بەندن، پێشیانە هەن، بەگشتی و ئەبستراکت نیشان بدرێن، بەو پێیەی کە زانین دەبێ لە باو و ناوکۆییەکە جیاواز و جیا بێت و ناوی زانینی فەلسەفەییانەی هەبێ، بەڵام وا دێتە بەرچاو ئەم بابەتە لەم کاتەماندا شتێکی پێوبست بێت. خۆ ئەگەر دەنگ کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین لەمانە کامیان پتر پەسندە، زانینی ژێرییانە لە ئەزموون دابڕێنراوە، میتافیزیکی ئاکار، یاخود فەلسەفەی میللی پراکتیکییانە: Pop-ulare Praktische Philosophie، ئەوا دەستبەجێ دەردەکەوێ تای تەرازووەکە بە چ لایەکدا لاسەنگ دەبێت.

هاتنە خوارەوە بۆ ئاست و ئاقار چەمکە میللییەکان بە ڕاستی کارێکە مایەی ستایشکردن و پێدا هەڵدانە ئەگەر بەرزبوونەوە بۆ ئاستی بنچینەکانی ژێری بێگەردی لە پێشەوە بووبێت و لەمەوە بگەینە ڕادەیەک بە تەواوەتی ڕازی بین و ئەمەش مانای ئەوە دەدات ڕێبازی ئاکار لە پێشدا لەسەر بنەما و بنچینەی میتافیزیک دابمەزرێنین، جا ئەگەر جێگیر بوو ئەوا بە ڕەوتی میللی ئاسا کاری بۆ دەکرێت، بەڵام لە جێگای خۆیدا نییە کە لە لێکۆڵینەوەی یەکەمدا کە ڕاستیی بنەماکانی پێوەی بەند دەبن شتێکی چەواشە و نا شیاوەکییە. کێشەکە تەنیا ئەوە نییە کە ئەم پەیڕەوە ناتوانێ لاف لێبدات کە فەلسەفەیەکی ڕاست و

راستەقینەی میللییە، ئەمە هیچ جۆرە هونەرێک Kunst نییە مرۆڤ قوربانی بە قووڵی و بەپێزیی بیرکردنەوەی بدات بۆ ئەوەی بە گشتی خەڵک لێی تێبگەن، ئەمە جۆرە تێکەڵوپێکەڵییەکی ڤێزهێنەری لێ پەیدادەبێ، چونکە تێبینییەکی تێکەڵاو کە لێرە و لەوێ، لەملاو ئەولا کۆکراونەتەوە و لە نیمچە بنەمای ژێربیانە بەولاوە نین کە دڵی ژێر لاواز و بێهێزیان پێخۆش دەبێت، چونکە ئەمانە لە ورێنەی ڕۆژانەیاندا پێویستیان بەم جۆرە شتانە دەبێت، بەڵام مرۆڤی زیرەک و دووربین ئەمە بە جۆرە سەرلێشێواندنێک دادەنێن و دەبێتە مایەی نارەزامەندییان بەبێ ئەوەی بتوانن شتێک بکەن لەوە بەولاوە ڕووی لێ وەربگێڕن، خۆ ئەگەر چەند فەیلەسووفێک هەبن و بتوانن لەنێو تاریکیی و تەمومژاویی ئەم دۆخ و ڕەوشەدا سەرەوەدەرکەن ئەوا کەسانێکی کەم هەن کە گوێیان لێبگرن، کاتێک هەندێک جار خەڵکی لەم بەناو میللییەتە ئاگادار دەکەنەوە و دەری دەخەن کە مرۆڤ بۆی نالوێ میللی بێت ئەگەر بە ڕاستیی چەند زانینێکی دیاریکراوی ژێرانەی دەستگیر نەبووبێ.

تەنیا ئەوەندە بەسە مرۆڤ سەرنجی ئەو هەوڵانە بدات کە دەربارەی ئاکار بەپێی چێژە شیرین و پەسندەکە دراون بۆ ئەوەی دەستبەجێ بۆی دەسبکەوێ چارەنووسی تایبەتی سروشتی مرۆڤ چۆنە (هەروەها بۆ ئەوەی ناوبەناو، جاروبار، بەگشتی لە بیرۆکەی سروشتی ژێر شارەزابێت) کە جارێکیان ئەوپەڕی تەواوەتی کامڵە و جارێکی تریان بەختەوەرییە، لێرە بە هەستی ئاکارییانە و لەوێ بە لەخودا ترسیی ناودەبرێت، لەمە شتێک لەوی تریان شتێکی تر لە تێکەڵەیەکی سەیر و سەمەرەدا دەردەکەون بەبێ ئەوەی بە بیری مرۆڤدا بێت بپرسێ: ئایا بەگشتی لە زانینی سروشتی مرۆڤدا (ئەگەر چی ئێمە ئەمەمان لە ئەزموون و شارەزاییەوە دەستگیر دەبێ). دەکرێ بە دوای بنەماکانی ئاکاردا بگەڕێین و کاتێک بابەتەکە بەم جۆرە بێت و ئەم بنەمایانە پێشیانەن و لە هەموو ڕەگەزێکی ئەزموون و تاقیکردنەوەوە دوورن و ناکرێ ئەمانە یاخود بەشێک لەمانە لەنێو چەمک و بۆچوونە بێگەردەکانی ژێر بەولاوە لە جێگایەکی تر بدۆزرێنەوە، ئەوکاتە وای بۆ نایەت بڕیاربدات ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەو پێیەی داناییەکی پراکتیکییانەیە، یاخود میتافیزیکی ئاکار بە تەواوەتی جیابکاتەوە (ئەگەر بشێ مرۆڤ ناوێک کە ڕێزی لێنانرێ بهێنێ) بگەیەنێتە لووتکەی تەواوییەتییەکەی و لە کۆمەڵانی خەڵک، کە سەرگەرمی میللەتییەتن داوابکات تا کۆتایی ئەم ئەرکە پشوودرێژ بن.

ئەوە میتافیزیکی ئاکارە (ئەخلاق) کە بەتەواوەتی سەربەخۆ و جیاکراوەیە، کە لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆجی و لەگەڵ هیچ لاهوت و فیزیک و سەروفیزیک و لەمەش کەمتر لەگەڵ چەندێتییە شاردراوەکان (کە دەکرێ مرۆڤ بە ژێر فیزیک ناویان بەرێت) تێکەڵ نییە، ئەمە نەک هەر تەنیا کەرەسەیەکی پڕ بایەخی هەموو زانینێکی تیۆری جێگای دڵنیایی لێکردنی دیاریکراوی ئەرکە، بەڵکو لە هەمان کاتدا بۆ بەڕاستیی و دروستی تەواوکردنی ڕێو شوێنەکانی شتێکی پەسندی خوازراو و گرنگە، چونکە ئەو بۆچوونە بێگەردەی ئەرک و قانوونی ئاکار بەگشتی کە تێکەڵاویی هیچ زێدە ورووژێنەرێکی بیانی ئەزموونی نەبووە تەنیا لە ڕێگای ژێرەوە (خۆی لێرەدا پێدەزانێ کە دەکرێ هەر خۆیشی بۆ خۆی ببێ بە ژێرێکی کردەکی) کارێکی ئەوتۆ گەورە لە دڵ و دەروونی مرۆڤ دەکات لە هەموو ئەو پاڵنەر و هۆکارانە گەورەترە کە دەکرێ مرۆڤ لە کایە و پاوانی تاقیکردنەوەوە دەستگیری بێن. ئەو لە هەستکردن بە ئابڕووی خۆی ڤینی لەو پاڵنەرانە دەبێتەوە و وردە وردە دەتوانێ کۆنترۆڵیان بکات و لە بەرامبەر ئەمەدا ڕێبازی تێکەڵاوی ئاکار دێتە بەرچاو کە لە پاڵنەر و هۆکاری جیاجیای هەست و سۆز و مەیل و لە هەمان کاتدا لە چەندین چەمک و بۆچوونی ژێری پێک هاتووە، ئەمەش وا لە ویژدان دەکات لەنێوان هۆکارە پاڵنەرەکاندا کە سەر بە هیچ بنەمایەک نین و بەوپەڕی ڕێککەوت چاکە و زۆرجار بەدکارییان لێدەکەوێتەوە، بە حەپەساوی و دووڵیی و بێ بڕیاردان بمێنێتەوە.

لەوەی تائێستا وترا ڕوون دەبێتەوە کە هەموو چەمک و بۆچوونە ئاکارییەکان بەوپەڕی پێشیانە جێگاو سەرچاوەکەیان لەژێردا هەیە، جا ئیتر ئەمانە لەژێری باو و ناوکۆیی مرۆڤدا بن یاخود لەژێری ڕووتی وردبووەوەدا کە گەیشتۆتە چڵەپۆپەی وردبوونەوە و ڕامان و ئەم بۆچوونانە ناکرێت لە زانینی ئەزموونییەوە بکەونەوە بۆیە چەند زانینێکی ڕێککەوتی ڕوخسارەکێن و لە ڕوونی و ڕەوانی سەرچاوەکەیانەوە شیاویی و شایستەیەکەیان دەردەکەوێ بۆیە وایان لێدێت بە بڵندترین بنەمای پراکتیکی دابنرێن. هەر جارێک مرۆڤ چەندە کەرەسەی

ئەزموونی بخاتە سەر ئەوەندە كاركردنە كە لە ڕەسەنییەكەی كەم دەكاتەوە و بایەخی بێ قەید و مەرجەكانی كردارەكانی لادەبات و وەلادەنێ، شتەكە بریتی نییە لەوەی كە ئەم پێداویستییە ناچارەكییە هەر تەنیا لەلایەنی تیۆری دەكەوێتەوە كاتێك بابەتەكە بریتی دەبێ لە سەرنجدان و وردبوونەوەی ڕووت، بەڵكو گرنگترین شت لە كایە و بواری پراكتیكییانەدا ئەوەیە چەمك و بۆچوون و قانوونەكانی لەژێری بێگەردەوە هەڵبهێنجرێن و بە بێگەردیی و بێ ئەوەی تێكەڵ بە شتی تر بكرێن، بدرێنە دەست، سەرەڕای ئەمە ڕادەو بڕكردنی ئەم زانینە ژیربیە كردەكییە كە ئەگەرچی زانینێكی بێگەردە واتە هەموو توانایەكی ژیری پراكتیكی، دەستنیشان دەكرێت، ئینجا بەمە بەو ڕادەیەی فەلسەفەی تیۆریی ڕێگا دەدات، خۆمان لەوە دەپارێزین، بنەماكان پابەندی سروشتی تایبەتی ژیری مرۆڤ نەكەین. ئەگەرچی هەندێ جار ئەمە وەك تۆزیی و ناچاریی دێتە بەرچاو، لەبەرئەوەی پێویستە قانوونەكانی ئاكار هەموو جەوهەرێكی ژیر (Vernunftiges Wesen) بگرنەوە ئەوا دەبێ بەگشتی لە چەمكێكی هەمەكیی جەوهەرێكی ژیر بكەونەوە، بەم ڕێگایە هەموو ئاكارێك پێویستی بە ئەنترۆپۆلۆجی هەیە بۆ ئەوەی بەسەر مرۆڤدا جێبەجێ بكرێت یەكەم شت وای لێدەكەین بە تەواوەتی لە بەرامبەر ئەم زانستەی دواییدا سەربەخۆ بێت بەوپێیەی فەلسەفەیەكی بێگەردە واتە میتافیزیكە (ئەمەش بە سووك و ئاسانی لەم جۆرە زانینە پاكانە و تایبەتییانەدا دەكرێت، چونكە لە هەموو جۆرە تێكەڵییەك دوور و پاكە)، كاتێك ئێمە ئەمە دەكەین دڵنیاین كە بێهوودەیە ئەگەر ئەم جۆرە میتافیزیكەمان نەبێت، ناڵێم بەوپەڕی وردیی لایەنی ئاكاریی ئەرك بۆ بڕیاردانی تیۆرییانە دەستنیشان بكرێت، بگرە ئەمە شتێكە لە كردن نایەت تەنانەت لە بواری بەكارهێنانی گشتی و پراكتیكیشدا، بە تایبەتی لەوەدا پێوەندی بە ڕێوشوێنەكانی ئاكارەوە هەیە، ئاكار لەسەر بنەما ڕەسەكانی دابمەزرێنرێت، ئیتر بەمە ویژدان و دەروونی ئاكارییانە بەكاردەخرێن، هانی دەدەین هەوڵی ئەوپەڕی چاكەكارییەك كە لەم جیهانەدا لە تواناداییێت، بدات.

بەڵام بۆ ئەوەی لەم لێكۆڵینەوەیەدا تەنیا لە بڕیاری ناوكۆیی و هەمەكی ئاكارەوە نەچینە ناو كایە و پاوانی بڕیاری فەلسەفەییەوە (ئەگەرچی لێرەدا شایستەی بایەخێكی زۆرە) هەروەك لە شوێنێكی تری ئەم كتێبەدا كرا، بەڵكو بۆ ئەوەی لە فەلسەفەیەكی میللییەوە كە بەدەست كوتان و پەنابردنە بەر نموونەكان پتر لەوە بڕ ناكات كە بگاتە میتافیزیك (كە ڕێگا نادات شتێكی ئەزموونیی ڕێگای ڕۆیشتنەكەی لێ بگرێت و كە دەتوانێ لە هەموو بوارێكدا، بە ئەركی سەر شانیشی دادەنرێت تێكڕا و سەرجەمی ئەوەی بە زانینی ژیرەكیی ئەم جۆرە دادەنرێت، پێوماڵ بكات، بگاتە چەند بیرۆكەیەك، كە لەوێ هەموو نموونەكان دەستبەردارمان دەبن)، پێویستە لەسەرمان بۆ ئەوەی لەم لێكۆڵینەوەیەدا پلەو پلیكانەی سروشتییانە ئاسا سەركەوین پەیڕەوی توانای ژیری پراكتیكی بكەین هەر لەو ڕێوشوێنە گشتییانەوە تا دەگاتە ئەوەی چەمكی ئەرك لێوەی دەكەوێتەوە و بە ڕوون و ئاشكرا بیخەینە ڕوو.

هەموو شتێكی سروشت بە پێی قانوون كار دەكات. تەنیا جەوهەری ژیر (ئاقڵ) ئەو توانایەی هەیە بەپێی بۆچوونی خۆی دەربارەی قانوونەكان، واتە بە پێی چەند بنەمایەك كاربكات یاخود ئەو بوونەوەرەیە كە بۆ ئەمە خواست (ئیرادە)ی هەیە. بۆ ئەوەی كردارەكان لە قانوونەكانەوە بكەونەوە پێویست بەژیر دەبێت، خواستیش خۆی لە ژیری پراكتیكی بەولاوە شتێكی تر نییە. ئەگەر ژیر بێ قەید و مەرج خواست دەستنیشان و دیاری بكات، ئەوا كردارەكانی ئەم جەوهەرە كە وەك بابەتیی ناچاریی دانیان پیادا دەنرێت، ئەوا لە كایە و بواری خۆبەتیشدا هەر ناچارەكین، واتە خواست خۆی ئەو هێز و توانایەیە تەنیا ئەو شتە هەڵبژێرێ كە ژیر دوور لە هەموو مەیل و ئارەزوویێك دەزانێ كە لەلایەنی پراكتیكییەوە ناچارەكییە واتە خێر و چاكەیە. خۆ ئەگەر ژیر خۆی لەتوانایدا نەبێت بە تەواوەتی خواست دەستنیشان بكات، ئەوا وا دەگەیەنێ كە خواست خۆی هەر پابەندی چەند قەید و مەرجێكی خۆبەتییە (یاخود چەند هێزێكی پاڵنەر) كە لەگەڵ قەید و مەرجە بابەتییەكاندا ناگونجێ، بە واتایەكی تر ئەگەر خواست لەخۆیدا بە تەواوەتی لەگەڵ ژیر تەباو گونجاو نەبێت (وەك ئەمە لەلای مرۆڤ وەهایە) ئەوا ئەو كردارانەی كە لەلایەنی بابەتییانەوە بە چەند كردارێكی ناچارەكیی و تۆبزی دادەنرێن، لەلایەنی خۆبەتییەوە دەبن بە چەند كردارێكی لاوەكیی ڕێككەوت و ئینجا دیاریكردنی ئەم جۆرە خواستە بەپێی قانوونە بابەتییەكان دەبێ بەجۆرە

پابەندکردنێک واتە ئەو پێوەندییەی لەنێوان قانوونە بابەتییەکان و خواستێکدا کە بە تەواوەتی چاکە و چاکە خوازیی نییە دەکرێ وا دەربېردرێ کە بەهۆی چەند بنەمایەکی ژێرییەوە خواستی جەوهەرێکی ژێر (ئاقڵ) دیاری و دەستنیشان دەکات، بەڵام ئەم خواستە بەپێی سروشتی خۆی گوێڕایەڵ نییە.

بۆچوونی بنەمایەکی بابەتییانە لەوەدا کە خواست پابەندیەتی بە فەرمانی ژێر ناودەبرێ، ئەو فۆڕم و چوارچێوەیەی ئەم فرمانەی تێدا دادەڕێژرێ پێی دەوترێ فرمانی ڕەها.

هەموو فرمانە ئاکارییەکان بەهۆی کرداری «دەبێ» دەردەبڕدرێن و بەمەش پێوەندی قانوونێکی بابەتیی ژێر لەگەڵ خواستێک کە بەپێی خەسڵەتی خۆیەتیی خۆی ناچارەکیی بەمە دیاری ناکرێت (پابەندکردن)، نیشان دەدەن. ئەوان دەڵێن چ باشە بکرێت و دەستبەرداریی چی بکرێت، بەڵام ئەوان ڕووی گوفتار و قسە دەکەنە خواستێک کارکردنەکەی لەوەوە نییە کە وای نیشان دراوە چاکتر وایە بیکات. کردار لەلایەنی کردەکییەوە، باش چاکە دەبێت ئەگەر بۆچوونەکانی ژێر، نەک لەبەر چەند هۆکارێکی خۆیەتی، بەڵکو لە ئەنجامی هۆکاری بابەتییەوە واتە بەهۆی چەند هۆکارێک کە بۆ هەموو جەوهەرێکی ژێر دەستبەکارن، بۆ خواست دیار و دەستنیشان بکەن. باشترە باشیی و چاکییەکی جیاواز ئەگەر لە چەند هۆکار و پاڵنەرێکی خۆیەتییەوە کەوتبێتەوە و بایەخ و مانای بۆ ئەم و ئەو هەبێ، وەک بنەمایەکی ژێر کە بۆ هەموو کەسێک دەستبەکار و گونجاوە و کار لە خواست دەکات.

خواستی ئەوپەڕی چاکە خواز پابەندی قانوونە بابەتییەکانی (چاکەخوازی)یە، بەڵام ناکرێ وا بە بیر و مێشکدا بێت کە ناچارە کاری وابکات لەگەڵ قانووندا گونجاو بێت، چونکە ئەو لە خۆیدا و بەپێی پێکهاتەی خودی خۆی، تەنیا هەر لەلایەن بۆچوونی چاکەوە دیار و دەستنیشان دەکرێت، ئیتر بۆیە و هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە فرمانی ڕەهای ئاکارەکییانە Imperativ بەگشتی خواستی ڕەب و خواستی پاک و پیرۆز ناگرێتەوە، کرداری «دەبێ- Sollen» لێرەدا لە جێگای شیاو و ڕاستی خۆیدا نییە، چونکە کرداری خواست (Wollen) لەخۆیەوە ناچارەکیی لەگەڵ قانووندا گونجاو و تەبایە. هەربۆیە فرمانە ڕەها ئاکارییەکان تەنیا چەند چوارچێوە و فۆرمێکی پێوەندی قانوونە بابەتییەکانی خواست بەگشتی بە ناتەواوەتی خۆیەتی خواستی ئەم یاخود ئەو جەوهەرە ژێرەوە، بۆ نموونە هی خواستی مرۆڤ دەردەبڕن.

هەموو فرمانە ڕەهایە ئاکارییەکان فرمانەکانیان بە ڕێگایەکی گریمانەییانە یاخود بە ڕێگایەکی ڕەها (کاتیگۆرییانە) دەدەن. ئەوان بە تۆبزیی و ناچارەکی کردەکی، وەک ئامرازێکی گەیشتنە شتێک کە مرۆڤ دەیخوازێ کارێکی شیاوەکی دەردەبڕن (یاخود دوور نییە بیەوێ). فرمانی ڕەها ئەوەیە کە کردارێک بۆ خۆی و لەپێناو خۆیدا بەبێ ئەوەی بە ئامانجێکی ترەوە پێوەندی هەبێ، وەک ناچارەکییەکی بابەتییانە دەردەبڕدرێت.

لەبەر ئەوەی هەموو قانوونێکی پراکتیکی، کردارێکی شیاوەکی و چاکە کار و ئینجا وەک ناچارەکی بۆ خۆیەک کە لەلایەن ژێری پراکتیکییەوە دەستنیشان کراوە نیشان دەدات، ئەوا هەموو فرمانە ڕەهایە ئاکارییەکان چەند فۆرمێکی ڕوخسارەکی دیاریکردنی کردارێکن کە بەپێی بنەمای جۆرێکی خواستی چاکەخواز ناچارییە. ئەگەر بێتو کارەکە هەر لەبەر ئەوە چاک بێت، چونکە شتێکی تر بە دی دەهێنێ، ئەوا فرمانی ڕەها شتێکی گریمانەیی دەبێ، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە دامانناکە لە خۆیدا چاکەیە و لە خواستێکدا کە لە خۆیدا لەگەڵ ژێر تەبایە ناچارەکییە، وەک بنەمایەکی ئەم خواستە، ئەوا ئەو کاتە فرمانێکی ڕەها دەبێ.

کەوابوو فرمانی ڕەها دەڵێ: کام کردارەی من دەیکەم چاکەیە و ڕێوشوێنی کردەکی پێوەندیدار بە خواستێک نیشان دەدات کە دەستبەجێ کارێک ناکات هەر لەبەر ئەوەی، چونکە کارەکە چاکەیە، چونکە، لەلایەکەوە خۆ Subjekt لە خۆیەوە بەردەوام و بە هەمیشەیی نازانێ کە خۆی کاری چاکە دەکات و لەلایەکی ترەوە، چونکە ئەو بنەمایانەی Maximen بڕوای پێیانە، ئەگەر بشزانێ کە ئەمە کارێکی چاکەیە ئەوا بە پێچەوانەی بنەما بابەتییەکانی ژێری پراکتیکییەوە دەبن.

ئیتر فرمانی ڕەهای گریمانەیی تەنیا ئەوە دەردەبڕێ کە کردارەکە سەبارەت بە مەبەستێکی شیاوەکی یاخود ڕیالیستی چاکەیە. لەلایەنی یەکەمدا بنەمایەکی ڕێ تێچوو کێشە لەسەر، لە دووەمیاندا بنەمایەکی بڕیار دەری پراکتیکییانە دەبێ. فرمانی ڕەها کە ڕوونی دەکاتەوە کە کردارێک بەبێ ئەوەی پێوەندی بە

مەبەستێکەوە هەبێ واتە بەبێ ئەوەی ئامانجێکی هەبێ لەخۆیدا ناچارەکییەکی بابەتییانە دەبێ و دەگونجێ وەک بنەمایەکی ناچارەکیی کردەکیی دابنرێت.

مرۆڤ دەتوانێ وای بۆ بچێ کە ئەوەی تەنیا بە سایەی هێزەکانی جەوهەرێکی ژیرەوە نەبێ ناکرێ بەدی بێت، دەکرێ لە هەمان کاتدا وەک مەبەستێکی شیاوەکی خواستێک داینێ و ئینجا بۆیە بنەماکانی کردار لەوەدا کە بۆ گەیشتنە ئامانجێک لە ئامانجەکان پێویستن، ئەوپەڕی زۆر و زەبەندەن. هەموو زانستەکان لایەنێکی پراکتیکییان هەیە کە وای دادەنێ دەکرێ ئامانجێک لە ئامانجەکان بەدی بهێنرێت و هەروەها لە چەند فرمانێکی ئاکارییانە پێکهاتوون نیشانی دەدەن چۆن مرۆڤ بەم ئامانجە دەگات. ئەم فرمانانە دەکرێ بە گشتی بە فرمانی بەهرەمەندیی دابنرێت. ئایا ئامانجەکە ژیرانەیە و چاکەکاریی شتێکە لێرەدا بەلامانەوە گرینگ نییە بەڵکو گرینگ لێرەدا ئەوەیە بەلامانەوە چی پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی بە ئامانج بگەین، ئەو ڕێوشوێنانەی پێویستە پزیشک پەیڕەویان بکات بۆ ئەوەی بە تەواوەتی نەخۆشەکەی چاک بکاتەوە و ئەوەی پێویستە ژەهر فرۆشێک پەیڕەویان بکات بۆ ئەوەی مرۆڤێک بە تەواوەتی بمرێنێ لە بەها و بایەخدا وەک یەکن، چونکە ڕێوشوێنەکانی هەردووکیان دەبنە مایەی ئەوەی هەردووکلایان بە ئامانجەکانیان بگەن، چونکە مرۆڤ لە سەرەدەمی سەرەتای لاوێتیدا نازانێ چ ئامانج و مەبەستێک دێتە ڕێی ژیانی بۆیە باوکان سەرگەرمی فێرکردنی زارۆ و منداڵەکانیانن و مشووری ئەوە دەخۆن لە بەکارهێنانی ئەو ئامراز و ڕێگایانەی دەیانگەیەنێتە ئەو ئامانجەی هەوڵیان بۆ دەدەن، زیرەک و بەهرەمەندبن، بەبێ ئەوەی بتوانی بڕیار بدەن ئایا زارۆ و منداڵەکانیان بە ڕاستی لە پاشەڕۆژی ژیانیاندا ئەمانە دەکەنە ئامانجیان، کەچی دووریش نییە ئەمانە ببن بەو ئامانجەی ڕۆژێک لە ڕۆژان هەوڵی بەدیهێنانیان بۆ دەدەن. خەم و مشووری ئەو باوکانە ئەوەندە گەورە و زۆرە دەبێتە مایەی ئەوەی داڕشتنی بڕیارەکانیان دەربارەی بایەخی شتەکان کە دەکرێ لە پاشەڕۆژی ژیانیاندا بیانکەنە ئامانجیان و ڕاستکردنەوەی ئەم بڕیارانە پشت گوێ بخەن.

هەروەها بە هەمان شێوە ئامانجێک هەیە دەکرێ وەک شتێکی ڕاست و دروست و ڕاستەقینە لەلای هەموو جەوهەرێکی ژیر (تا ئەو ڕادەیەی فرمانە ئاکارییەکان بەوپێیەی چەند جەوهەرێکن پشت بەهی تر دەبەستن بۆیان دەگونجێ و دەلوێ) بە هەبوو دابنرێت، ئینجا بەو مەبەستەی نەک تەنیا ناتوانن هەیانبێ، بەڵکو دەتوانین وای دابنێین کە بەپێی ناچاری و تۆبزییەکی سروشتی هەموویان هەیانە واتە مەبەستیان کە دەیانەوێ بەختەوەر بن، ئەمەش شتێکە دڵنیایی لێدەکرێت. نابێ ئێمە وای بۆ بچین کە ئەمە تەنیا شتێکە بۆ وەدیهێنانی مەبەستێکی شیاوەکیی دڵنیایی لێنەکراو و پێویستە بەبێی نابێت، بگرە بەڵکو پێویستە بە مەبەست و نیازێک داینێین کە دەکرێ مرۆڤ بە دڵنیایی و پێشیانە کە وەک مەرج لە هەموو کەسێکدا هەیە، چونکە ئەمە بەشێکە لە جەوهەرەکەی. ئێستاش مرۆڤ دەتوانێ بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایەی گەورەترین خۆشگوزەرانی بەدەست دەهێنێ ئەو بەهرەیەی بەکاردەهێنرێ، بەمانا تەنگەکەی، بەزیرەکی ناوبەرێت. بەم پێیە فرمانی ئاکارییانە کە پێوەندی بە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایانەوە هەیە کە بەختەوەریی تایبەتیمان بۆ دابین دەکەن، واتە ڕێ و شوێنی زیرەکیی و زرنگیی، هەمیشە شتێکی گریمانەیی (hypothetisch) دەبێت، ئەوکاتە کارو کردار شتێکی ئاسایی نابێت، بەڵکو تەنیا هەر ڕێگایەک دەبێ بۆ گەیشتنە مەبەستێکی تر.

لە کۆتاییدا فرمانێکی تری ئاکاریی هەیە، داوا دەکات ڕاستەوخۆ ڕێگایەکی دیاریکراو بگرێتەبەر، بەبێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی تر کە دەکرێ بەم ڕێگایەدا پێی گەیشترێ بکات بە قەید و مەرج. ئەم فرمانە ئاکارییە ڕەها و بێ سنوورە. ئەمە پێوەندی بە مادە و کەرەسەی کردارەوە نییە و نە بەوەوە کە لێییدەکەوێتەوە، بەڵکو بەو فۆرم و بنەڕەتەوە کە خۆی لێیانەوە دەکەوێتەوە بەندە، چاکەخوازییە بەڵکو بەو فۆرم و بنەڕەتەوە کە خۆی لێیانەوە دەکەوێتەوە بەندە. چاکە خوازییە جەوهەرییەکەی لەو نیازەوە پەیدا دەبێ کە هۆی کەوتنەوەی بووە و ئەنجامەکانیشی هەر چۆنێک بێت، کە لێی کەوتوونەتەوە. دەکرێ بەو فرمانە بوترێ فرمانی ئاکاریی (Imperativ der Sittlichkeit)

دەکرێ کاری خواستن بەپێی ئەم سێ بنەمایە و بەپێی جیاوازیی ناچارەکییەکەی خواست بە ڕوونی جیابکرێتەوە. بۆ ئەوەی ئەمە وای لێبێت هەستی پێبکرێت، لەو باوەڕەدام، ئەوا لەوە باشتر نییە کە بە پێی ئاست و ئاقار و ڕیزکردنەکەی ناوببرێن و بوترێ:

ئەوان ڕێوشوێنی بەهرە دەست ڕەنگێن یاخود ئامۆژگاری و ڕێنیشاندەری زیرەکیی و زرینگێن یاخود چەند فەرمانێک (قانوونێکی) ئاکارن. لەبەر ئەوەی قانوون تەنیا خۆی پشت بە چەمکێکی بێ قەید و مەرج و بابەتی دەبەستێ، بۆیە بەتۆبزی و ناچارەکی گونجاو و دەستبەکارە و پیادە دەکرێ، ئینجا ئامۆژگاری و فەرمانەکان چەند قانوونێکن، خۆ ئەگەر بە تەواوەتیش بە پێچەوانەی مەیل و ئارەزووەوە بن، هەر دەبێ گوێڕایەڵیی و پەیڕەو بکرێن. ئامۆژگاریکردن، ڕاستە جۆرە تۆبزی و ناچارەکییەکی تێدایە، بەڵام ئەمە تەنیا لە سایەی قەید و مەرجی ڕێککەوتی خۆبەتیدا وایە، ئایا ئەم مرۆڤە یاخود ئەوی تریان ئەمە یان ئەوی تریان بە مەرجی بەختەوەربییەکەی دادەنێ یان نا، بە پێچەوانەوە فەرمانی ڕەهای ئاکاریی kategorische Imperativ بە هیچ قەید و مەرجێک سنووردار ناکرێت و ئەو وەک ناچارییەکی پراکتیکییانە بێ سنوور و ڕەها دەکرێ بەبێ چەند و چۆن بە فەرمان Gebot ناوببرێت. هەروەها دەکرێ فرمانی یەکەمیان بە تەکنیکی (چونکە سەر بە هونەرە) ناوبەرین و دووەمیان بە پراگماتی (چونکە دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانی) نیشان بدەین، بەڵام سێیەمیان بە فرمانی ئاکاریی (کە سەر بە ڕەفتارە بەگشتی و بە ڕەوشت و ئاکارەوە پێوەندی هەیە) ناو دەبرێت.

ئێستاکە ئەم پرسیارە دێتە بەردەم: چۆن ئەم هەموو فرمانە ئاکارییانە شیاوەکێن؟! وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەوە نییە بزانرێت چۆن ئەو کارە کە فرمان داوای دەکات بکرێت، بەڵکو چۆن ناچارەکیی خواست کە فرمانی ئاکاریی وەک جۆرێکی ئەرکی سەرشان دەری دەبرێت وێنەکەی لەمێشکدا بنەخشێنێ. چۆن فرمانی بەهرە و دەستڕەنگینی شیاوەکییە، پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی تایبەتی نییە. ئەوی ئامانجێکی بوێ (ئەوەندەی ژیر بەلایەکداخەرانە کار لە کردارەکانی دەکات) پێویستی بە ڕێگا و ئامرازێکی ناچارەکی هەیە لە چوارچێوەی ئەو توانایەیدا کە هەیەتی، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکە، ئەم دۆزە، ئەم ڕستەیە، کە دەربارەی کرداری خواستە، ڕستەیەکی شیکارییە، چونکە لە خواستی بابەتێک بەو پێیەی ئەنجامی کردارێکی من پێشەکی هۆکاریی من وەک هۆیەکی کارکردە، واتە ئامراز و ڕێگا دەگرێتە بەر لەبەرچاو دەبێت و ئینجا فرمان بۆچوون و چەمکی کردارە ناچارەکییەکان، بۆ گەیشتنە ئەم مەبەستە لە بۆچوون و چەمکی خواستنی ئەم مەبەستە وەردەگرێ (دیاریکردنی ڕێگا و ئامرازێک کە مەبەستێکی خوازراو دەستنیشان بکات پێویستی بە چەند ڕستەیەکی لێکدراو هەیە، بەڵام ئەم ڕستانە پێوەندییان بە بنچینەی جێگیرکردنی کرداری خواستەوە نییە، بەڵکو بە ڕاستەقینەکردنی بابەتەوە بەندن). ئەگەر پێویست بێت بەپێی بنەڕەتێکی ناسراو و هێڵێک بکەم بەدوو بەشی وەک یەک و لە کۆتایی هەردووکیان دوو بازنەی یەکتری بڕیو ڕەنگ ڕێژم، ئەمە تەنیا لەماتماتیکەوە بەهۆی ڕستە لێکدراوەکانەوە Synthetische satze فێردەبم، بەڵام ئەگەر بزانم بەهۆی ئەم کردارانەوە دەکرێ ئەو ئەنجامانەی وێنەیان لە مێشکدا کێشراوە بێنەدی، من، ئەگەر بمەوێ ئەنجامەکە بە تەواوەتی بەدەست بێت و ئەو کردارەشم بوێ کە پێویستی پێیەتی، ئەمە ڕستەیەکی شیکاری دەبێت analytische satze. بۆچوونم دەربارەی شتێک وەک ئەنجامێک کە دەکرێ من بەشێوەیەکی دیاریکراو بەدی بهێنم، لەگەڵ بۆچوونم دەربارەی خۆم بە لەبەرچاوبوونی ئەنجامەکە خۆی کە من بە هەمان جۆر و ڕێگا بەدیم هێناوە، یەک شتن.

فرمانەکانی دەستڕەنگینی و زرنگیی ئەگەر سووک و ئاسان بێت بۆچوون و چەمکێکی دیاریکراوی بەختەوەربی کە بە تەواوەتی لەگەڵ هی دەستڕەنگینی و زرنگییدا تەباو گونجاو بێت، هەبێ و لە ئارادابێ، ئەوا ئەم فرمانانە شیکاری دەبن. دەکرێ لێرەدا وەک پێشتر لەولا وتمان بڵێین: ئەوی نیازێکی هەبێ دەبێ (بەجۆرێک ناچارەکیی لەگەڵ ژیردا بگونجێ) بەدوای تاکە ڕێگاشدا کە لە سنووری تواناداپە و بۆ بەدیهێنانی پێویستە بگەڕێ، بەڵام ئەوی جێگای داخە چەمک و بۆچوونی بەختەوەربی بۆچوونێکی ئەوەندە ناڕوون و دیاری نەکراوە ئەوا ئەگەرچی هەموو کەسێک دەیەوێ بەم ئاواتە بگات، بەڵام هەرگیز لە توانادا نییە بەشێوەیەکی دیار و ئاشکراو بێ گرێ و گوڵ و ڕێک و پێکی ئەوتۆ بیڵێ: ئەو بە ڕاستیی چی دەوێ و حەز لە چی دەکات هۆیەکەی ئەمە ئەوەیە: هەموو ئەو ڕەگەز و بابەتانەی چەمک و بۆچوونی بەختەوەربی: (Begriff der Gluckseligkeit) لێیان پێک دێت چەند لایەنێکی ئەزموونین واتە دەبێ لە شارەزایی (خیبرە)وە بکەونەوە و بۆ بیرۆکەی بەختەوەربی بیرۆکەی هەمەکییەکی ڕەها و ئەوپەڕی

هەستکردن بە دڵخۆشی و کامەرانی لە ڕەوشی ئێستام و پاشەڕۆژمدا پێویست و ناچارییە، بەڵام لە کردن نایەت، جەوهەرێک با خۆی بەژیرترین و تواناترین شت دابنێ، چونکە بوونەوەرێکی سنووردارە، بۆچوون و چەمکێکی دیاریکراو دەربارەی ئەوەی لێرە دەیەوێ لە مێشکیدا بنەخشێنێ. ئایا ئەو دەوڵەت و سامانی دنیای دەوێ، ئەمە چ خەم و پەژارە و پێهەڵکاڵێن و چاوپێهەڵنەهاتن و دەربەدەرییەکی بەسەردێنێ؟!

ئایا دەیەوێ زانین و دنیا دیدەنی و تێگەیشتنی پتر هەبێ، دوور نییە ئەمە زەینڕوونییەکی پتر بۆ چوونە ناو بەدکاریی پێببەخشێ ئەو بەدکارییانەی ئێستاکە خۆیان لێ حەشار داوە، بەڵام خۆپاراستن لێیان لەتوانادا نییەو ترسناکتر لێی دێنە پێشەوە، یاخود مەیل و ئارەزووەکانی کە بۆ تێرکردنیان زۆر شتی پێدەکەن و ئەرکی داواکاریی پتری دەخەنە ئەستۆ، ئایا دەیەوێ زۆر بژیا و تەمەن درێژ بێت، بەڵام چ کەسێک دەستەبەری ئەوەی بۆ دەبێ کە ئەم ژیان و تەمەن درێژییە کوێرەوەریی و کڵۆڵی نابێت؟ یاخود بەڵای کەمەوە دەیەوێ لە شساخ بێت، بەڵام چ کاتێک نەساخیی لەش ڕێگر بووە لە داوێن پیسییەک کە توانیبێتی لە شاخی تەواوەتی تێکبدات و بشێوێنێ ...تاد. بە کورتی، ئەو لەتوانایدا نییە بە تەواوەتی و بەپێی بنچینەیەک بە دڵنیاییەوە دیاری بکات، چی ئەو بە ڕاستیی بەختەوەر دەکات، بۆیە، لەبەر ئەوەی، ئەوکاتە پێویستی بەو زانینە گشتییەی هەموو شتێک دەگرێتەوە دەبوو، کەوابوو، مرۆڤ ناتوانێ بۆ ئەوەی بەختەوەر بێت بەپێی چەند بنچینەیەک کردار بکات، بەڵکو پێویستە پەیرەوی چەند ئامۆژگارییەکی ئەزموونییانە بکات بۆ نموونە ڕژێمی خواردن، دەستگرتنەوە لە خەرجیی، کردار جوانیی و زمانشرینی و کردار و ڕەفتار و ڕەنگینی و بە پارێز بوون و سڵکردنەوە.. تاد، ئەمانە هەموویان چەند شتێکن شارەزایی، ئەزموون دەریان دەخات کە بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بەگشتی پێویستن، لەمەوە دەکەوێتەوە کە فرمانەکانی زیرەکیی و زرنگی، ئەگەر بمانەوێ ورد بدوێین، فرمانی شتێک نادەن و بۆ شتێک ئامۆژگاری ناکەن یاخود ناکرێ بەشێوەیەکی بابەتییانە کردارەکان نیشان بدەن وەک ئەوەی لەلایەنی کردەکییەوە ناچارەکیی بن و دەبێ وەک چەند ئامۆژگارییەک نەک وەک چەند فەرمانێکی ژێر دابنرێن و وەربگیرێن. ئەو ئەرکە، بە دڵنیایی و بەگشتی دیار و دەستنیشان بکرێت لە کام کردارانەوە بەختەوەریی جەوهەرێکی ژێر دەکەوێتەوە، بەتەواوەتی لە کردن نایەت و لە توانادا نییە بکرێت. هەربۆیەشە لەم بارەیەوە ناکرێ فرمانێک هەبێت، بەمانای ورد و ڕێکوپێکی پڕ بە پێستی ئەم وشەیە، ببێتە مایەی ئەوەی شتێک بکرێت و بەختەوەریی لێ بکەوێتەوە، چونکە بەختەوەریی خۆی نموونەیەکی Ideal ژێر نییە، بەڵکو هی هێزی ئەندێشە و خەیاڵە تەنیا بە چەند بنەمایەکی ئەزموونییەوە بەندە، بێهوودەیە مرۆڤ چاوەڕێیان لێ بکات کردارێک دیار و دەستنیشان بکەن کە بکرێ لە ڕێگایەوە کۆیەکی سەرتاپاگیری زنجیرەیەک ئەنجام، کە بە ڕاستیی بۆ خۆیان بێ سنوور و بێ کۆتایین، بەدەست بێت. ئەم فرمانەی زیرەکیی و دەستڕەنگینی، ئەگەر مرۆڤ لەو باوەڕەدابێ کە ئەو ڕێگایانەی مرۆڤ دەگەیەننە بەختەوەریی دەکرێ دەستنیشان بکرێن، دەکرێ ڕستەیەکی شیکاریی- پراکتیکی بێت، چونکە ئەو لە فرمانی زیرەکیی و دەستڕەنگینی تەنیا بەوە جیا دەبێتەوە کە لە مەیاندا ئامانجەکە تەنیا شیاوەکییە، بەڵام لەوی تریاندا دراوە و gegeben لەبەردەستدایە، لەبەر ئەوەی هەردووکیان داوا دەکەن ئەو ڕێگایانە بۆ گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە دانراوە و مرۆڤ سەرگەرمی پێگەیشتنیەتی، بگرێنە بەر. ئیتر فرمان کە بۆ ئەو خواستەی ئامانجی هەیە ڕێگا دەداتە دەست، لە هەردوو بار و ڕەوشدا شیکارییە. کەوابوو بە لەبەرچاو گرتنی شیاوەکیی هەبوونی ئەم جۆرە فرمانە هیچ کێشەیەک لەبەردەمدا نییە.

بە پێچەوانەوە، چۆن فرمانی ئاکار بابەتێکی شیاوەکییە، بێ هیچ ئەگەر و گومانکردنێک تاکە کێشەیە پێویستی بە چارەسەرکردن و قسەلێکردن هەیە، چونکە ئەو بە هیچ جۆرێک گریمانەیی نییە و ئینجا ناکرێ بۆچوونی بابەتییانەی ناچارەکیی پشت بەهیچ قەید و مەرجێک ببەستێ، وەک ئەمە لەلای فرمانە گریمانەییەکان وایە. نابێ لەم بوارەدا پشت گوێ بخرێت کە لە ڕێگای نموونە و هەروەها بە ڕێگای ئەزموون ناکرێ بەلایەکدا بخرێت ئایا بەگشتی فرمانێکی لەم جۆرە هەیە، بگرە دەبێ بە خەم بین و بترسین لەوەی هەموو ئەوانەی وەک فرمان بە ڕوخسار دەردەکەون و دیار دەدەن بەشێوەیەکی حەشار و شاردراوە چەند فرمانێکی گریمانەیین. ئەگەر بۆ نموونە بگوترێ، نابێ تۆ گفت و

بەڵێنی درۆ بدەی، خــۆ ئەگــەر مــرۆڤ وای دابنێ کــە پێویستی و ناچارەکیی ئەم خۆ بواردنە لە گفت و بەڵێنی درۆ تەنیــا ئــامــۆژگــاریکردن نیــیــە بەو مــەبەســتــەی بەدکارییەک بەلاوە بنرێت، بەڵکو دەبێ بوترێ: پێویست ناکــات بەڵێنێکی درۆ بدەیت، بۆ ئەوەی کــاتێک لێت ئاشکرابوو، لەسەرت نەکەوێ و بڕوا لەدەست بدەیت. خۆ ئەگــەر کــردارێک لەخــۆیدا پێویست بوو وەک بەدکــاریی سەرنج بدرێت، ئەوا فــرمــانی قــەدەخــەکــردنەکــەی ڕەها و ڕادەبەدەر و بێ سنوور دەبێ و مــــرۆڤ ناتوانێ بەهیچ نموونەیەک بەدڵنیاییەوە ساخی بکاتەوە کە خواست لێرەدا بەبێ پاڵنەری تر تەنیــــا بەهۆی قــــانوونەوە دیار و دەســتنیــشــان دەکــرێت، ئەگــەر چی لە هەمــان کــاتدا وادەردەکەوێ، هەمیشە شتێکی شیاوەکیی و گونجاوە کە ترسی ڕووزەردیی و پەشــێــویی تاریک و تەمــومــژاویی مەترسی تر کار لە خواست دەکەن، چ کەسێک دەتوانێ بە ئەزمــوون و تاقــیکردنەوە نەبوونی هۆکــارێک ســاخ بکاتەوە، لەکاتێکدا ئەم ئەزموون و تاقیکردنەوەیە لەوە بەولاوە فــێــرمــان ناکــات کــە ئێــمــە هەست بەو هۆکــارە ناکەین؟!

لەم بارودۆخەدا فرمانە ئاکارییەکە کە وەک بێ قــەید و مــەرج دەردەکــەوێ، ئەوی ڕاست بێت لە ڕێوشــوێنی پراگــمــاتیــیــانە بەولاوە نیــیــە و ســەرنجــمــان بۆ ســوود و قــازانجــمــان ڕادەکــێــشێ و فــێــرمــان دەکات چۆن بەچاوی بایەخ پێدانەوە تەماشای بکەین.

ئینجا پێویستە لەسەرمان شیاوەکیی فرمانێکی ڕەهای ئاکاریی بەوپەڕی پێشــیــانە بکەینە بابەتی لێکۆڵینەوە، چونکە تائێستا دەرفەتی ئەوەمان بۆ نەهاتۆتە پێشەوە کە ئەمــــە لە شــــارەزایی و ئەزمـــوونەوە، واتە ئەگـــەر لە تاقیکردنەوە و شارەزاییدا بماندیتبایە پێویستمان بەوە نەبوو شیــاوەکیی بوونەکەی ساخ بکەینەوە، بەڵکو تەنیا لێکدانەوەکەی دەبوو بە پێویست. ئیــتــر ئەوەندە بەســەر ببینین، بەشێوەیەکی سەرپێیانە کە فرمانی ئاکاریی خۆی بە تەنیا بە قانوونێکی پراکتیکی دادەنرێت، بەڵام هەموو فرمانەکانی تر بە بنچینەکانی خواست ناودەبرێن، بەڵام ناکرێت ناوی قانوونیان لێبنرێت، لەبەر ئەوەی ئەو شتەی بۆ گەیشتنە ئەنجامێک کە مەبەستمانە پێویستە، دەکرێ وەک شــتــێکی لاوەکی و ڕێککەوت تەمــاشــا بکرێت و هەروەها ئێــمــە لە تواناـمــاندا هەیە هەمـــوو کـــاتێک دەســتــبەرداری ئەو ڕێوشــوێنە بین کــە داوای پەیڕەوکــردنی دەکــەن ئەگــەر ئێــمــە دەست لەو ئامــانجــە هەڵبگرین کــە دەمــانویست پێــیــبگەین، بەڵام بە پێــچــەوانەوە دەبینین ئامۆژگاریی بێ قەید و مەرج (فرمان) هیچ کاتێک ڕێگا نادات خواست بە ئارەزووی خۆی و بە پێچەوانەی ئەوەی ئەو دەیەوێ شت هەڵبژێرێ و بیکات ئینجا بۆیە فرمانی ڕەها تەنیا خۆی ئەو ناچارییەی تێدایە کە دەبێ لە هەموو قانوونێکدا هەبێت.

دووەم: هۆکاری گرانی و سەختی لەم فرمانە ڕەهایەدا یاخود لەو قانوونەی ئاکاردا (واتە شیاوەکیی هەمان شت دەرکی پێــبــبــردرێ) زۆر گــەورەیە، ئەمــە ڕســتــەیەکی لێکدراوی پراکــتــیکی پێشــیــانەیە و لەبەر ئەوە توانای تێگەیشــــتنی هەبوونی ئەم جــۆرە بابەتانە لە زانینی تیــۆریدا زۆر گــران و ســەخــتــە ئەوا دەکــرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو لە زانینی پراکتیکییانەدا کەمتر سەخت و گران نییە.

بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە دەمانەوێ لە پێشدا هەوڵ بدەین بزانین ئایا دەکرێ بیــرۆکــەی ڕووتی فــرمــانی ڕەها چوارچێوەیەک کە ئەو ڕستەیەی تێدابێ کە دەکرێ تەنیا فــرمــــانی ڕەهابێ، بداتە دەست، چونکە زانینی ڕادەی شیاوەکیی ئەم جۆرە ئامۆژگارییە ڕەهایە، تەنانەت ئەگەر ئەو فـــۆرم و چوارچێـــوەیەش کـــە دەری دەبڕێت بزانین پێویستی بەکۆشش و هەوڵێکی لە ڕادەبەدەر سەخت هەیە و ناچارمــان دەکــات بۆ بەشی دوایی ئەم کــتــێــبــە دوای بخەین.

کاتێک من وێنەی فرمــانێکی گریمانەیی (مەرجەکی) بەگشــتی لە مــێشکمــدا دەکــێشم، ئەوا هەر لە پێشــدا دەزانم، چی تیادا دەبێ: تاوەکو ئەو ڕادەیەی ئەو مەرجەی کە پێوەی بەندە دەخــرێتە بەردەســتم، خۆ ئەگــەر وێنەی فرمانێکی ڕەها لە مێشکمدا بڕێژم ئەوا دەستبەجێ دەزانم چی تیا دەبێ و بریتییە لە چی، لەبەر ئەوەی فرمانی ڕەها لە قــانوون بەولاوە ئەو ناچارەکــیــیــەی تیــادایە کــە بە پێویستی دەکات بنەماکە وەک ئەم قانوونە وابێت. ئەگەر قانوونەکە هیچ مەرجێکی تیادا نەبێ کە دیاری دەکات ئەوا لەلایەنی گشتی قانوونەکە بەولاوە کە دەبێ بنچینەی کــردارەکە وەک ئەو وابێ شــتــێکی تر نامــێنێ، تەنیــا ئەو وەک یەکبــوونەیە ناچاری و پێویستی ئەم فرمــانە نیشــان دەدات.

تەنیا یەک تاکە فرمانی ڕەهایە کە ئەمەیە:

با کــردارەکــەت تەنیــا هەر بە پێی ئەو بنەمــایە بێت کــە

دەتوانێ، دەکرێ لە هەمان کاتدا بەهۆیەوە بخوازێ ببێ بە قانوونێکی گشتی.

ئەگەر بکرێ و بتوانرێ هەموو فەرمانەکانی ئەرک لەم تاکە فرمانەوە کە وەک چۆن لە بنەماکەیانەوە دەکەونەوە، بکەونەوە، ئەوا ئێمە بەبێ ئەوەی بەلایەکیدا بخەین، ئەوەی کە بە ئەرکی سەرشان ناودەبرێت تەنیا چەمکێکی پووچ و بێ ناووک نییە، بگرە دەتوانین بەلای کەمەوە نیشانیی بدەین کە ئێمە بەهۆیەوە دەتوانین چ بە بیرماندا بێت و ئەم چەمک و بۆچوونە دەتوانێ چ بلێت.

چونکە سەرتاپاگیریی و هەمەکیی قانوونەکە، بەهۆیەوە ئەنجامەکان دەکەونەوە ئەو شتە دیارو دەستنیشان دەکات کە بە تێگەیشتنی گشتی (لەفۆڕمدا) بەتایبەتی بە سروشت ناودەبرێت، یاخود بە واتایەکی تر بە بوونی شتەکان لەوەدا بەپێی چەند قانوونێکی گشتی دیار و دەستنیشان دەکرێت، ناودەبرێت. ئیتر دەکرێت فرمانی گشتی ئەرک بەم جۆرە دەرببڕدرێت:

با کردارت بەجۆرێک بێت، هەروەک ئەوەی بنەمای کردارەکەت بە هۆی خواستەوە ببێ بە قانوونێکی سروشتی گشتی.

لێرەدا دەمانەوێ چەند فرمانێک بژمێرین و بەپێی دابەشکردنی ئاسایی دابەشیان بکەین بۆ: فرمان بەرامبەر بەخۆمان و بەرامبەر بە کەسانی تر، فرمانی تەواوەتی (کامڵ) و فرمانی ناتەواو:

١- مرۆڤێک کە بەهۆی زنجیرەیەک بەدکاریی و کوێرەوەرییەوە تا ڕادەی هیوابڕان لەژیان دووچاری دەستی بێزاریی بووە، بەڵام ژیری لەدەست نەداوە و ئەقڵی هەر ماوە کە بتوانێ لەخۆی بپرسێ: ئایا بە پێچەوانەی ئەرکی سەرشانییەوە نییە بەرامبەر بەخۆی ئەگەر لەم ڕەوش و دۆخەیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێ، ئەو هەوڵدەدات بزانێ: ئایا دەکرێ بنەمای کردارەکەی ببێ بە قانوونێکی سروشتیی گشتی، بەڵام بنەماکەی بەم جۆرە دێتە بەرچاو:

خۆشویستنی خۆم دەکەم بە بنەمایەک، ئەگەر بێتو درێژبوونی تەمەنی ژیانم ببێتە مایەی ئەوەی لە جیاتی خێر و خۆشیی پتر هەڕەشەی بەدکاریی و بەدبەختیم لێ بکات، کورتی دەکەمەوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە بەردەم ئەمەیە: ئایا دەکرێ ئەو بنەمایەی خۆ خۆشویستنە ببێ بە قانوونێکی گشتی سروشتی، بەڵام دەستبەجێ مرۆڤ بۆی ڕوون دەبێتەوە، سروشتێک کە قانوونەکەی بە ڕێگای هەمان هەستەوە کە ئەرکەکەی بەرەو پێش بردنی ژیان و گوزەرانە، ژیان خۆی لە ناوبەرێت خۆی لەگەڵ خۆیدا دژ و ناتەبایە و وەک سروشت نامێنێ و بەهیچ جۆرێک ناکرێ ئەو بنەمایە ببێ بە قانوونێکی گشتی سروشتی و لە ئەنجامدا بە تەواوەتی بە پێچەوانەی بنەمای بەرزی هەموو فرمانێک دەبێت.

٢- مرۆڤێکی تر دەست کورتیی و نەداریی ناچاری دەکات پووڵ و دراو قەرز بکات. ئەو بەتەواوەتی دەزانێ کە ناتوانێ ئەو قەرزە بداتەوە و هیچیشی دەستگیر نابێ وای لێبکات بەڵێنێکی تەواو بدات لە کاتێکی دیاریکراودا قەرزەکە بداتەوە. ئەو بەدڵ ئارەزوو دەکات ئەو جۆرە بەڵێنە بدات، بەڵام ئەو ویژدانەشی هەیە بپرسێ: ئایا ئەمە قەدەخە و یاساخ نییە، بە پێچەوانەی ئەرکی سەرشانەوە نییە ئایا مرۆڤ دەیەوێ بەم شێوەیە خۆی لەو دەستکورتی و نەدارییە کە دووچاری بووە ڕزگار بکات؟! ئێمە وایدادەنێین، ئەو بڕیاری داوە وابکات، ئەوکاتە بنەمای کردارەکەی بەم جۆرە دەبێ:

کاتێک من وا باوەڕ دەکەم کە بەبێ پووڵ و دراوم، پارەو پووڵ قەرز دەکەم و بەڵێنی دانەوەی قەرزەکە دەدەم، ئەگەرچی دەشزانم کە ئەمە هەرگیز ڕوونادات، دوور نییە بنچینەی خۆخۆشویستن، یاخود بنچینەی سوود و قازانجی تایبەتی لەگەڵ ئەو خۆشگوزەرانییەی دواڕۆژ گونجاو و تەبا بێت کە من چاوەڕێی دەکەم، ئێستاکە پرسیارەکە بەم جۆرە دەبێ: ئایا ئەمە هەقە؟! من بێدەسەڵاتی خۆخۆشویستن بە قانوونێکی گشتی دەگۆڕم و پرسیارەکەم بەم جۆرە دادەڕێژم: چ دەبێ و چی ڕوودەدات ئەگەر بنەمایەکەی من ببێ بە قانوونێکی هەمەکی گشتی. ئیتر دەستبەجێ بۆم دەردەکەوێ کە ئەو ناکرێ ببێ بە قانوونێکی گشتی سروشت و لەگەڵ خۆیدا تەبا و گونجاو بێت، بگرە دەبێ بە ناچارەکیی دژ و پێچەوانەی خۆی بێت.

هەمەکی و گشتێتی قانوونێک ئەوە دەگەیەنێ، یەکێک، وا بڕوا بکات دەستکورت و بێ دراو و بێ پووڵ و پارەیە، ئەو بەڵێنە بدات کە بە بیر و مێشکیدا دێت، بەو نیازەش بەڵێنەکەی نەباتەسەر، ئەوا بەڵێنەکە بۆ خۆی و ئەو ئامانجەی دەیەوێ بە هۆیەوە بەدی بهێنێ دەبن بە شتێکی لە کردن نەهاتوو، چونکە کەس بڕوا بەو بەڵێنەی ناکات کە دەیدات و، بەڵکو قسەکانی بە پووچ و بێ بایەخ و بێ بنەما دادەنێن و پێی پێدەکەنن.

٣- کەسێکی سێیەم کە لەخۆیدا بەهرەیەک دەبینێ، بەهۆی جۆرە پەروەردە و ڕۆشنبیرییەک بەبۆچوونەکانی وای بۆ بچێ کە دەکرێ مرۆڤێکی سوودبەخش و بەکەڵک بێت. ئەو خۆی وادێتە بەرچاو لە دۆخێکی خۆشدا دەژی و وای بەباش دادەنێ لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدات توانا زگماکییە سروشتییە بەختەوەر هێنەرەکانی باشتر بکات، پتر سەرگەرمی ئەم ئارەزوو چێژ وەرگرتنە بێت، بەڵام ئەو دەپرسێ: ئایا بنچینەکەی، بنەماکەی، کە هانی پشتگوێخستنی بەهرە سروشتییەکەی دەدات و لەخۆیدا لەگەڵ ئارەزوومەیلی چێژتنی خۆشییەکان تەبایە، لەگەڵ ئەوەدا کە بە فرمان ناودەبرێت تەبا و گونجاو و هەمئاهەنگە؟! ئەوکاتە ئەو دەبینێ کە سروشت بەپێی ئەم قانوونە گشتییە هەر دەمێنێ، تەنانەت ئەگەر مرۆڤ (هەروەک دانیشتوانی دەریای باشوور وادەکەن) ڕێگاش بدات بەهرەی ژەنگ بهێنێ و تەنیا بیر لەوە بکاتەوە ژیانی بەرەو بێهوودەیی و جارسیی و چێژ وەرگرتنی ڕۆژانە و زاووزێ و ڕابواردن بەرێت بەگشتی، بەڵام ناکرێ ئەو بیەوێ ئەمە ببێ بە قانوونێکی گشتی سروشتی یاخود بیەوێ بەهۆی پاڵنەری زگماکی سروشتی تۆوەکەی لەناخی ئێمەدا بچێنێ. ئەو وەک جەوهەرێکی ژیر ناچارەکی دەیەوێ هەموو هێزێکی پەرەپێبدات، چونکە ئەمانە سوود و قازانجی خۆی تیادایە و بەهۆیەوە بە ئاوات و ئامانجەکانی دەگات. یەکێکی چوارەم وابیردەکاتەوە کە ژیان و گوزەرانی خۆشە، سەرنجی دەوروبەری خۆی دەدات کەسانی تر دەبینێ کە لە ژیانیاندا بە سەختی تێدەکۆشن (ئەویش خۆی دەتوانێ دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکات) ئەمە پێوەندی بەمنەوە چییە؟! با هەموو کەسێک بەو جۆرە کە ئاسمان بۆی داناوە، یاخود چۆن بۆ خۆی دەیەوێ، بەختەوەر بێت، من نە هیچ شتێکیان لێ زەوت دەکەم و نەپێیان هەڵدەکاڵم، بەڵام من هیچ حەز ناکەم بۆ خۆشگوزەران بوونیان بەشداری بکەم یان لە کاتی لێقەومانیاندا لاگیریان بم. ڕاستە ئەگەر ئەم جۆری بیرکردنەوەیە ببێ بە قانوونێکی گشتی سروشتی ئەوا ڕەگەزی مرۆڤ لە هەبووندا بەردەوام دەبێت و بێ ئەگەر و سێ و دوولێکردن باشتریش دەبێ ئەگەر هەر یەکێک لەلای خۆیەوە دەستی لە وشەی هەست و بەزەیی پیاداهاتنەوەوە هەڵگرت، یاخود کەللەی گەرم بێت شتێک لەمانە بکات، بە پێچەوانەوە لەو جێگایەی بۆی دەکرێ چاوبەستەکێی و تەفرەدان دەکات و مافی کەسانی تر پێشێل دەکات یاخود زیانی پێدەگەیەنێت، کەچی لەگەڵ ئەمەدا دەکرێ بە تەواوەتی قانوونێکی گشتی سروشتی بە پێی بنەمایەک بمێنێتەوە، بەڵام لە کردن نایەت بویسترێ ئەم بنەمایە وەک قانوونێکی سروشت لە هەموو شوێنێکدا بگونجێ و دەستبەکار بێت، چونکە ئەو خواستەی ئەم بڕیارە دەدات لەگەڵ خۆیدا ناکۆک و ناتەبا دەبێت، هەڵدەکەوێ زۆرجار مرۆڤ پێویستی بە خۆشەویستی و بەزەیی کەسانی تر دەبێت و خۆی وادەبینێ کە لەو یارمەتییەی بە ئاواتییەوەیەتی بەهۆی ئەو قانوونەی لە خواستیەوە کەوتۆتەوە بێبەش دەبێ.

ئەمانە چەند ئەرکێکی ڕاستەقینەن یاخود هەندێکن، بەلای کەمەوە لەوانەی ئێمە وایاندادەنێین، کەوتنەوەیان لە هەندێک لەو تاکە بنچینەیەی پێشتر باسمان کرد ئاشکرا لەبەرچاوە. پێویستە لەسەرمان بتوانین بمانەوێ بنەمایەکی کردارمان ببێ بە قانوونێکی گشتی. ئەمە پێودانگی حوکمدانی ئاکارەکیی کردارەکانمانە بەگشتی. سروشتی هەندێک کردار بە جۆرێکە بنچینەکەی ناکرێ، بەبێ دووچار بوونی ناکۆکی و ناتەبایی، وەک قانوونێکی گشتی دابنرێت، ئەوپەڕی هەڵە و چەوتییە وادابنرێت خواست دەتوانێ ئەمەی بەسەردا بسەپێنێ و وای لێبکات ئەمە بێت، ڕاستە ئەم لە کردن نەهاتنە ناوەکییە لە هەندێک کرداری تردا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا هەر ناکرێ بخوازرێ بنەماکەی بگاتە ئەو ئاست و ئاقارەی کە قانوونی سروشتی هەیەتی، چونکە ئەم خواستە ئەوکاتە لەگەڵ خۆی ناکۆک و ناتەبا دەبێت.

مرۆڤ بە ئاسانی دەبینێ کە جۆری یەکەم بە پێچەوانەی فرمانی سەخت یاخود تەنکەبەرە (کۆڵنەدان) و جۆری دووەم تەنیا بە پێچەوانەی فرمانی فراوانەوەیە (کەوتن) بەم جۆرە هەموو فرمانەکانە پێوەندییان بەجۆری پابەندبوونەکانەوە هەیە (نەک بابەتی کردارەکان) لەم نموونانەوە وادەردەکەوێ کە بە ئاشکرا پشت بە یەک بنچینە ببەستن.

ئەگەر سەرنجی خۆمان بدەین کاتێک فرمانێک، ئەرکێک Pflicht پێشێل دەکەین دەبینین، ئێمە ئەوی ڕاست بێت نامانەوێ بنەماکەمان ببێ بە قانوونێکی گشتی، چونکە ئەمە لە کردن نایەت، بەڵکو پێچەوانەکەی ئەمە دەبێ وەک قانوونێک بەگشتی بمێنێتەوە، بەڵام جاروبار ئازادی بەخۆمان دەدەین بۆ ئێمە

یاخود (ئەگەر تەنیا هەر بۆ ئەم جارەش بێت) بۆ سوود و قازانجی مەیل و ئارەزوومان لەمەدا جۆرە بواردنێک بکەین ئینجا لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە ئەگەر هەموو شتێک بەیەک چاو سەرنج بدەین، واتە بەچاوی ژیر، ئەوا لە خواستی خۆماندا دووچاری ناکۆکی و ناتەبایی دەبین، واتە ئێمە دەمانەوێ بنچینەیەکی دیاریکراو بەو شێوەیەی قانوونێکی گشتی هەمەکییە، ببێ بە ناچارەکیی بابەتییانە و لە هەمان کاتدا نامانەوێ خۆیەکییانە بەگشتی بایەخدار و دەستبەکار بێت، دەرفەت و بواری بواردن و نائاسایی بدات، بەڵام ئێمە جارێک کردارمان لە بۆچوونی خواستەوە بە تەباو گونجاویی ژیر و جارێکی تر لە هەمان بۆچوونەوە بە پابەندی مەیل و ئارەزووی دادەنێین لەمەدا ناتەبایی و ناکۆکی نییە، بەڵکو ئەمە بەربەرەکانییەکە ئارەزوو دژی ڕێوشوێنی ژیر دەیکات antagonismus کە بەهۆیەوە هەمەکێتی بنچینەکە universalitas دەبێ بەگشتێتی و هەمەکێتییەکی ڕووت generalitas بە جۆرێک دەبێ بنەڕەتی کردەکی ژیر لە ناوەڕاستی ڕێگادا لەگەڵ بنەماکەدا بگەن بەیەک. ئەگەرچی ئەم بڕیارە (Urtheil)ی ئێمە بێلایەنانە داومانە ئەو چارەسەرە مامناوەندییە ڕەوا ناکات، ئەوا ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئێمە دان بە گونجاویی و دەستبەکاریی ڕاستەقینەی فرمانی ڕەهای ئاکاریدا دەنێین و ئێمە (بە هەموو ئەو ڕێزەی لێی دەنێین) ڕێگای خۆمان دەدەین چەند بواردنێک بکەین (Ausnahmen) کە بەبێ بایەخ دێنە بەرچاومان و بەلامانەوە ناحەزن.

بەم پێیە ڕوون بۆوە کە ئێمە بەلایەکەوە دەرمان خست کە ئەگەر چەمک و بۆچوونی ئەرک و فرمان واتا و بایەخ و ڕۆڵی ڕاستەقینەی قانووندانانی بۆ کردارەکانمان هەبێ دەبێ ئەمە لە فرمانی ڕەهای ئاکاریدا بێت نەک لە فرمانی گریمانەییدا دەرببڕدرێ. لە هەمان کاتدا ئێمە توانیمان، ئەمەش شتێکی فرەو زەبەندەیە، ناوەڕۆکی فرمانی ڕەهای ئاکاریی کە دەبێ بنەمای هەموو فرمانەکانی تیادابێ (ئەگەر بێتو ئەم فرمانە بەگشتی بوونیان هەبێت) بە ڕوونی و بۆ هەموو بەکارهێنانێکی بخەینە ڕوو، بەڵام ئێمە تائێستا ئەوەندە دوور نەڕۆیشتووین بتوانین پێشیانە ساخی بکەینەوە کە ئەم جۆرە فرمانە ڕەهایە بە ڕاستی بوونی هەیە و قانوونێکی پراکتیکی هەیە و بەبێ هیچ پاڵنەر و هاندەرێک لە خۆیەوە فرمان دەردەکات و پەیڕەوکردنی ئەم قانوونەش ئەرک و فرمانی سەرشانە.

ئەوی ئەوپەڕی گرینگە لەبەرچاوی بگرین، کاتێک مەبەستی گەیشتنمان بەم ئامانجە هەبێت، بە سڵ و پارێزبین، ڕێگا نەدەین وا هەست بکەین کە دەکرێ ڕاستیی و ڕاستەقینەیی ئەم بنچینەیە لە خەسڵەتی تایبەتی سروشتی مرۆڤەوە بکەوێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ فرمان ناچارییەکی کردەکی بێ قەید و مەرجی کرداربێت، واتە پێویستە بۆ هەموو جەوهەرێکی ژیر سوود بەخش و گونجاو بێت (ئەوان تەنیا ئەو بوونەوەرانەن کە فرمانی ڕەها دەیانگرێتەوە)، دەبێ، هەر لەبەر ئەم هۆیە قانوونێکی هەموو خواستێکی مرۆڤ بێت.

بە پێچەوانەوە، ئەوەی لە توانای سروشتی تایبەتی مرۆڤایەتییەوە، لە هەست و سۆز دەکەوێتەوە بگرە ئەوەی لە ڕەوتێکی تایبەتی کە تایبەتە بە ژیری مرۆڤ، ئەگەر ئەمە بشێ، نەک بە ناچارەکی بۆ خواستی هەموو جەوهەرێکی ژیر بگونجێ بکەوێتەوە، ئەمە هەمووی دەکرێ بنچینەیەک، نەک قانوونێکمان بداتە دەست. بنەمایەکی خۆیەتی ڕێگامان بدات لەخۆمانەوە کردار بکەین و مەیل و ئارەزوومان هەبێ، بەڵام هیچ کاتێک بنەمایەکی بابەتییانەمان پێنادات بۆ کردارمان پەنامان بێت، تەنانەت ئەگەر هەموو مەیل و ئارەزوو ئەندامە سروشتییەکانمان لە دژی بن، بگرە، بەڵکو هەموو شکۆ و سەربەرزیی و ئابڕوومەندیی ناوەکی ڕاسپاردە کە لەم فرمانەدا دەردەبڕدرێت بە ڕاددەی کەمی ئەو یارمەتییەی هۆکارە خۆییەکان دەیدەن، پتر دەبن بەبێ ئەوەی ئەمە لەو پابەندییە کە قانوون ناچارەکی دەیسەپێنی کەم بکاتەوە یاخود دەستبەکارییەکەی لێ بستێنێ.

**سەرچاوە:**

**Kant, I., Grundlegung Zur Metaphysik der Sitten Kolen. 1983.**

# پۆست کۆلۆنیالیزم

عەلی ئەسغەر قەرەباغی
لە فارسییەوە: یونس ڕەزایی
(بۆکان)

**پێشەکی**

زاراوە گەلی «ئیستعمارکراو» و «ئیستعمارخواز» و «ئیستعماری»، لەو زاراوانەن کە لە ئەدەبی سیاسی و لە پانتایی ڕۆشنبیری سیاسی ئەم سەدەیەی ڕابردوودا زۆر ناسراون و بەکاربراون. ئیستعمارکردن لە قامووسەکاندا واتاگەلێکی زۆری بۆ لێ دراوەتەوە. لە زۆر شوێن بە «داوای ئاوەدان کردنەوە» و «خوازیاری ئاوەدانی» و «ئاوەدان کردنەوە» مانا کراوەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا بریتییە لە دەستدرێژی و خۆتێهەڵقوتاندنی وڵاتانی دەسەڵاتدار لە کاروباری وڵاتانی بێ هێز و بچووک و تەنانەت داگیرکردنی نیشتمانەکەیان بە بیانووی ئاوەدان کردنەوە و سەر لە نوێ سازکردنەوەی. بەڵام ئەوەی ڕاست بێ مەبەست داگیرکردن و کەڵک وەرگرتن لە هەموو کانە سروشتی و مرۆڤییەکانی ئەو وڵاتانەیە.

بە هۆی ئەوەی کە ئەم پرۆسەیە لە دوو سەدەی ڕابردوودا زیندوویی خۆی سەلماندووە و زۆر شوێنی ئەو جیهانەی گرتۆتەوە، بەپێی گۆڕانی زەمان ئەویش ڕوخساری خۆی گۆڕیوە. لە چەند دەیەی ڕابردووەوە، وردە وردە ڕەنگی ئیستعمارخوازی یان کۆلۆنیالیزمی کۆن گۆڕا و ئەو وڵاتانە پێیان ناوەتە فەزایەکی نوێوە بە ناوی دوا ئیستعمارخوازی یا پۆست کۆلۆنیالیزم. پۆست کۆلۆنیالیزم یا دوا ئیستعمارخوازی «پێوەندی بە خەڵک و فەرهەنگی ئەو وڵاتانەوە هەیە کە تازەگی لە داوی یاساکانی کۆلۆنی یا ئیستعماری ڕزگارییان بووە» ئەگەر کۆلۆنیالیزم «سیاسەت یا کردەی وە دەست هێنان یا درێژەدانی دەسەڵات بەسەر وڵاتە داگیرکراوەکاندا بێ و مەبەستی ماددی و فەرهەنگیشی لە دوابێ، ئەوا پۆست

کۆلۆنیالیزم پێوەندی بەو شتانەوە هەیە کە دوای خاشەبڕبوونی یاساکانی داگیرکاری و ئیستعماری لەو ولاتانە ڕوودەدا». ئەو بابەتە لەلایەن ڕۆشنبیرانێکەوە خراوەتە بەرباس و تیشکی ڕوون کردنەوە، کە بە ڕۆشنبیرانی «پۆست کۆلۆنیال» ناسراون، لە بەناوبانگترین ڕۆشنبیرانی پۆست کۆلۆنیال دەتوانین «ئیدوارد سەعید» بیردۆزی بە ڕەچەڵەک فەلەستینی و «هوومی بابا» بیرمەندی هیندی ناوبەرین. لەو وتارەی ژێرەوەدا سەرەتا بە وردی شێوەکانی کۆلۆنیالیزم (ئیستعمارخوازی) و پانتای پۆست کۆلۆنیال ڕوون کراوەتەوە و بەشی دووەمی ئەو وتارەش بە پانەوە بیروڕاکانی ئیدوارد سەعید و هوومی بابا و ئیسپیواک دەخاتە ڕوو. بە هۆی ئەوەی خودی وشەی ئیستعمار و لێکدراوەکانی ڕیشەی عەرەبییان هەیە، ناچار لە وەرگێرانی کوردی ئەو وتارەدا جگە لەوەی جارجار لە وشەی ئیستعمار کەڵک وەرگیراوە بە جێی ئەو زاراوەیە و لێکدراوەکانی زاراوە گەلی: داگیرکار، داگیرکراو، و کۆلۆنیالیزم... دەکارکراوە.

**«وەرگێڕ»**

بێ شک دەتوانین بڵێین پۆست کۆلۆنیالیزم یەکێکە لە باوترین و ڕەنگاوڕەنگترین بیرۆکە گەلی ڕەخنەگرانە لە جەغزی بیرکردنەوە و فەرهەنگی هاوچەرخدا. هەڵدان و گشتگیربوونی ئەو زاراوەیە لە دوو دەیەی ڕابردوودا، لەبەر ئەوەی کە پێوەندی بە خەڵک و فەرهەنگی ئەو ولاتانەوە هەیە کە تازەگی لە داوی یاساکانی ئیستعماری یا شێوە ئیستعماری ڕزگاربیان بووە، زۆر لە بەرچاو و خێرا بووە. ئەو زاراوەیە کەشوهەوایەکی نوێی بەدیهێناوە کە لەو کەشوهەوایەدا نەتەنیا فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ولاتانی ژێر چەپۆکەی ئیستعمار، بەڵکو بابەتە فەرهەنگییەکانی زۆربەی ولاتانی غەیرە ئیستعماریش دەکەوێتە بەرتیشکی خوێندنەوە و بوارێکی دەست بۆ نەبراو و شەقڵ نەشکاو بۆ لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە ئاکادیمییەکان بەدی دێ. پۆست کۆلۆنیالیزم لە ڕاستیدا ڕەگ و ڕیشەی لەو خوێندنەوە فەرهەنگی و ئەدەبیانەدایە کە پێشتر بە ناوی ئەدەبیات و فەرهەنگی ولاتانی هاوبەرژەوەندی و جیهانی سێهەمەوە دەخرایە ڕوو. مەبەست لەو کارەش تاوتوێکردنی شوێنێکە کە ئیستعماری ڕۆژئاوا لەسەر جیهانی داناوە. پێوەندی شاراوەی پۆست کۆلۆنیالیزم دەگەڵ فەرهەنگ و هونەری ولاتانی هاوبەرژەوەندی ڕوخسارێکی ئاشکرای هەیە و

هەر چەندە پۆست مودێرنیزم داوای پەرژانە سەرتێکڕای فەرهەنگی جیهانی هەیە، شوێن و پێگەی خۆی لە دڵی پۆست مودێرنیشدا بە شێوەیەکی زۆر و کەم سەلماو چێ کردووە.

هەر پێناسەیەک کە تا ئێستا بۆ کۆلۆنیالیزم و نوێ کۆلۆنیالیزم بە دەستەوە دراوە هەموویان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئەو پێناسەیە هەیە کە بۆ ئیستعمارخواز و ئیستعمارکراو دەکارکراوە. بۆ وێنە «ئیدوارد سەعید» لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بۆ دیاریکردنی پلەوپایەی ڕۆشنبیران لە جیهانی پۆست کۆلۆنیالدا سەرەتا دەبێ واتای وردی کۆلۆنیالیزم بە دەستەوە بدرێ و دواتر ڕێ و شوێنێک کە بە هۆی ئەوەوە لەسەر ئیستعمارخواز و ئیستعمارکراو شوێن دادەنێ بخرێتە بەرتیشکی تاوتوێکردن. بەهەرحاڵ داگیرکاری، واتە سیاسەت یا کردەی وە دەست هێنان یا درێژەدانی دەسەڵات بەسەر داگیرکراوەکان بە مەبەستی بەهرە وەرگرتنی مادی کە لەو دوایانەشدا بەهرەکێشانی فەرهەنگیشی پێوە زیاد بووە. پۆست کۆلۆنیالیزم پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتانەوە هەیە کە دوای وەلاچوونی بارودۆخ و یاساکانی داگیرکاری ڕوودەدا و بەدی دێ. نوێ کۆلۆنیالیزمیش پێوەندی بە درێژەی شوێن دانانی کۆلۆنیالیزمەوەیە و زەمانێک ڕواڵەتی خۆی دەنوێنێ کە کردەی داگیرکاریش بە ڕواڵەت کۆتایی پێهاتووەو بەڵام بە شێوەگەلی تر هەروا درێژە پەیدا دەکا. بەڵام پۆست کۆلۆنیالیزم بە دوای دابڕانی تەواو لەو بارودۆخەوەیە. کەواتە دەبێ وەک دیاردەیەک بڕوانینە پۆست کۆلۆنیالیزم کە پێوەندی لەگەڵ تەواوی پانتا فەرهەنگییەکانی حکوومەتەکانی داگیرکار و داگیرکراو لەسەرەتای پرۆسەی داگیرکارییەوە تا ئەمڕۆ هەیە. هەر بەو هۆیەشە کە کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم ئاوێتەی یەک دەبن و لە زۆر بابەتەوە دەگەڵ واتای نوێ کۆلۆنیالیزمیش هاوبەشییان هەیە.

وشەی colony (داگیرکراو) ڕەگ و ڕیشەی لە وشەی لاتینی colonia بە واتای کۆچڕەوی و co-lonus بە واتای مەڕدار و colere بە واتای وەرزێڕ دایە و لە ڕوانگەی ڕەچەڵەک ناسییەوە خوازەیەکی باوک سالارانە و وەرزێڕانەیە. بەڵام لە باوی گشتی ڕۆژئاوادا (ئەو واتایە) بە وڵات یا حکوومەتێکی وابەستەی ئەودیوی زەریاکان دەگوترێ. بە واتایەکی دیکە بە بەشێک لە خەڵکی ولاتێک کە بە هۆی دۆزینەوەی نوێ یا داگیرکاری لە ولاتێکی دوور و نامۆدا دادەسەکنان و

لەگەڵ خەڵکی ناوچەیی و هاووڵاتی ئەو شوێنە و لە ناو فەرهەنگ و نەریتێکی جیاوازدا دەژیان دەگوترا ئیستعمارخواز و ئەو وڵاتەش پێی دەگوترا داگیرکراو یا موستەعمەرە.

زاراوەی پۆست کۆلۆنیالیزم و واتا و ناواخنی ئەو زاراوەیە بەرهەمی ئەندێشەکانی پۆست مودێرنیستییە. هەندێ لە بوارەکانی ئەو واتایە بە دەستی ئیدوارد سەعید (١٩٧٨) بە کتێبی ئۆرینتالیزمەوە (ڕۆژهەڵاتناسی) ڕەخسا و لە ساڵی ١٩٩١ دا میشراو هادج دوای موتاڵاو خوێندنەوەیەکی بەربڵاو ئەو واتایەی خستە سەرزاران. پۆست کۆلۆنیالیزم لەو دەستە زاراوە و ڕێکەوەندانەیە کە هەر دووپاژەکەی کێشە هەڵاییسێنن، ئێستاش لە خوێندنەوەکانی پۆست مودێرنیستی و پۆست کۆلۆنیالدا بە وردی ڕوون نەبۆتەوە کە ئایا مەبەست لە «post» ئاماژە بە جۆرە جێنشینییەکی زەمانمەندە یا دەبێ لە پێوەندی دەگەڵ ڕەتکردنەوە و حاشاکردن لە ئایدیۆلۆژییەک لەبەرچاو بگیرێ. ئەو پرسیارە لەو شوێنەوە سەرهەڵدەدا کە بەشێک لە هونەر و ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیال لەو وڵاتانەدا خۆدەگرێ و بەرهەم دێ کە ئێستاش لە ژێر دەسەڵاتی یاساکانی داگیرکاریدان، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر قسەی باسوخواس لە کۆلۆنیالیزم بە واتا هەمەکی و بەربڵاوەکەی لە گۆڕێدا بێ، ئەوە وڵاتانێکی وەک ئوستڕالیا و کەنەدا و تەنانەت خودی ئەمریکاش دەگرێتەوە، چون هەر کام لەو وڵاتانە بەر لەوەی کە سەربەخۆیی خۆیان وە دەست بێنن، ساڵگارێکی دوور و درێژ ملیان بۆ یاساکانی داگیرکاری دانواندووە. بابەتێکی تر ئەوەیە کە ئاخۆ کۆلۆنیالیزم ئیستعماری نوێش دەگرێتە خۆ یان نا؟ مەبەست لە ئیستعماری نوێ، هەم مەبەست و ئامانجی ئەو وڵاتانەیە کە دەیانەوێ وڵاتانی تر بخەنە ژێر چەپۆکەی فەرهەنگی و ئابووری و چەکداری خۆیان و هەم ئەو وڵاتانەی کە هەر چەند ڕاستەوخۆ لە ژێر چەپۆکە و پشتگیری چەکداری و ڕامیاری وڵاتانی ئیستعمارخوازدا نین، بەڵام لە ناخەوە مل بۆ مەبەستە ڕامیاری و یاسا ئیستعمارییەکانی ئەو وڵاتانە دادەخەن و (ئەو یاسا و بەرنامانە) ڕەچاو دەکەن و بەڕێوەیان دەبەن.

تاقمێ لە تیۆری داڕێژان لەمەڕ پێناسە و واتای ورد و دەقیقی زاراوەی پۆست کۆلۆنیالیزمەوە بیروڕای جیاوازیان هەیە. بۆ وێنە «گاگیل بێرگ» (پێی وایە) خوێندنەوەکانی پۆست کۆلۆنیال پێوەندی بە تەکوزی و ڕێسایەکی تایبەتەوە نییە و ئەو (خوێندنەوانە) وەک ئاوێتەیەکی زەینی و ئینتزاعی تایبەت و پرۆسەیەکی پێچەڵاوپێچ وەسف دەکا کە ڕوخسار و توانای خۆی لە پێوەندی دەگەڵ کۆی بابەتە تازەکانی کەمینەکانەوە دەردەخا. بەرهەمی ئەو خوێندنەوانە و ئەوەی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، وڵاتانی ئەفریقایی یا بە شێوەیەکی گشتی لە جیهانی سێهەمدا ڕوویداوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوەی تا هەنووکە بە فەرهەنگی کەمینەکان ناودێر کراوە لە ڕاستییدا فەرهەنگی زۆرینەیە و واتای ڕۆژئاوایی کە لە باری فەرهەنگییەوە ڕاست و ڕێک کراوە و تیفتیفە دراوە ئیتر لە ڕوانگەی سیاسی ئەمڕۆوە پەسند نییە. تاقمێکی تر لە تیۆری ڕێژان لەسەر ئەو بڕوایەن کە تا ئێستا تەنیا بەشێک لەو زاراوەیە کەوتۆتە بەر باس و تەواوی ئاستە بەربڵاوەکانی نەکەوتوونەتە بەر تیشکی توێژینەوەیەکی ورد و لەبار. هەر ئەو مەسەلەیە زۆر بابەتی لاوەکی تر بەدی دێنێ کە ئیمپریالیزم و جیهانی سێهەمیش دەگرێتەوە. ئەو وە خۆگرتنە واتایەکی بەربڵاوتر لە هاوبەرژەوەندی هەیە و چون بە ڕواڵەت دەگەڵ هیچ ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت و دیاریکراو پێوەندی نییە، دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو دژوار و ئەستەمە. کەوایە زۆرێک لە ئاستەکانی لە پەردەی تەمومژ و شاراوەییدا دەمێنێتەوە. ڕۆژهەڵات ناسییەک کە ئیدوارد سەعید پێوەی خەریک بووە یەکێکە لەو بابەتانە.

خاڵێکی تر کە بایەخی هەیە و دەبێ بێ ئەم لا و ئەو لا لە خوێندنەوەکانی پۆست کۆلۆنیالدا سەرنجی بدرێتێ ئەوەیە کە پۆست کۆلۆنیالیزم هیچ چەشنە شوناس و قەتعییەتێکی نەتەوەیی نییە و هەر لەبەر ئەوەشە کە شیمانەی وێکچوونی فەرهەنگەکان بەدی دێنێ. مێژووی سەرکوت کردن و خستنە پەراوێز و حاشالێکردنەکانی فەرهەنگی، پێش زەمینەیەکی هاوبەش بۆ خەریک بوون بە باسە فەرهەنگییەکانەوە بەدی دێنێ، کە بێ شک و دڕدۆنگی قورساییەکی سیاسیشی هەیە. بەڵام نابێ هەرگیز ئەوە بە شتێکی ڕێسادانەر و سەلماو و سەپاو بزانین. لە پۆست کۆلۆنیالیزمدا بە پێچەوانەی ئەدەبیاتی خۆڕاگری کە خاوەن شکڵ و ڕێسای تایبەتی خۆیەتی و لایەنگریی خۆی لە دووانە لێک دژەکان دەردەبڕێ، نووسەرێک دەتوانێ هەم لەمەڕ وڵاتی خۆیەوە بنووسێ، هەم لەمەڕ دارێکەوە و هەم لە بارەی ئەوینەوە، ئەوە مافی بێ ئەولا و ئەولای نووسەر یا هونەرمەندێکی ئەفریقاییە کە ئیماژی برسێتی چەشتن زیندوو ڕاگرێ.

ئاڵۆزیی زاراوەی پۆست کۆلۆنیالیزم تەنیا بەو گوتانەوە

نابەستریتەوە کە ئاماژەیان پێکرا، بەڵکو هۆکارگەلێکی تریش لە ئاڵۆزیی ئەو زاراوەیەدا دەوریان هەیە. یەکێک لەو هۆکارانە ئەوەیە کە پۆست کۆلۆنیالیزم وەک چاوەڕوان دەکرێ تەنیا بە چاخی دوای سەربەخۆیی وڵاتانی ئیستعمار لێ دراوەوە نابەستریتەوە و لە زۆر بابەتەوە دەسپێکی ئەو (ڕووداوە) هەمان ڕۆژەکانی سەرەتای کۆلۆنی و کۆلۆنیالیزمە. واتای ئیستعمار لە دەلاقەی جوگرافیاییەوە پانتایەکی بەربڵاو لە جیهان دادەگرێ و لە ڕاستیدا ئاماژە بۆ هەموو ئەو فەرهەنگانە دەکا کە پرۆسەی کۆلۆنیالیزم لەسەرەتاوە تا بە ئەمڕۆ شوێنی لەسەر داناون. لەو ڕوانگەیەوە بیرۆکەکانی پۆست کۆلۆنیال پانتایەکی بەرین لە فەرهەنگەکانی هیندستان و ئەفریقاوە بگرە تا کەنەدا و نیوزلەند دەگرێتە خۆ و بەشێک لە ئەدەبیاتی ئەمریکاش لە پۆلێن کردنەکانیدا دەگونجێ. بۆ وێنە ئەدەبیاتی ئەمریکا تا سەدەی نۆزدە لە ژێر دەسەڵاتی ئەدەبیاتی ئینگلیزدا بووە و تازە و لە ئاخر و ئۆخری ئەم سەدەیەوە وەخۆکەوت و ویستی خۆی لە یاسا و ڕێسای ئەدەبیاتی کلاسیکی ئینگلیز ڕزگار بکا. کەنەداش وڵاتێک بوو کە لە ژێر دەسەڵاتی فەرهەنگی ئینگلیزدا بوو و دەیویست شوناسی فەرهەنگی خۆی وە دەست بێنێ، بەڵام کێشرایە ڕێگایەکەوە کە هەر ئان بۆی هەیە وەک داگیرکراوی فەرهەنگی ئەمریکای لێبێ. لە ڕوانگەی ڕەوشتناسییەوە بیرۆکەی پۆست کۆلۆنیال بەردەوام لە ژێر دەسەڵاتی گوتار گەلێک دابوون کە بە جۆرێک لە جۆرەکان سات و سەودایان لەگەڵ پۆست مۆدێرن و بە تایبەت پێکهاتەشکێنی و دەروون شیکاری لە جۆری «لاکان»ی هەیە. (هەروەها پێوەندی بە) لێکدانەوەی گوتاری فوکۆوە هەیە. بەڵام وێڕای هەموو داگەڕان و شوێن وەرگرتنەکان لە وڵاتێکی وەک کەنەدادا بۆتە هۆی بەدیهاتنی کەشوهەوایەک کە لەودا زایەڵەی ناوگەلێکی وەک «ئیدوارد سەعید» و «هوومی بابا» و «ئیسپیواک» لە هەموو سووچ و قوژبنەکانەوە دەگاتە گوێ و خستنە ڕووی بیرۆکەکانی پۆست کۆلۆنیال هاوڕێ و ئاوێتەی ئەو ناوانەیە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بیرۆکەی پۆست کۆلۆنیال دابڕان لە ئیدیۆلۆژیاییەکانە، کە هەر کام بە شێوەیەک لە پێوەندی دەگەڵ ئەدەبیاتی وڵاتانی هاوبەرژەوەندی لە بەرچاوگیراون، بەڵام ڕاستییەک کە لە دابڕانە زێدەخوازەکاندا هەمیتی پێنەدراوە ئەوەیە کە ئەو کارە ناخۆئاگا و ناخواستە بەرەو لای مەبەستەکانی تاقمێک لە نووسەرانی ڕۆژئاوایی کشاوە کە مەبەستیان دەوڵەمەندتر کردنی ئەدەبیاتی ئینگلیزییە، ئەو بابەتە هەم گرفتی تاقمە ناوەندییەکانی گەورەتر کردۆتەوە و هەم کێشەی تاقمەکانی پەراوێزی زەق کردۆتەوە. ئیدوارد سەعید و ئیسپیواک هەر کام بە شێوەیەکی جیاواز ئەو خاڵەیان دەستنیشان کردووە کە ئەمڕۆکە «پەراوێز» لە «ناوەندا»دا جێگیر بووە. (بەشێکی زۆر لە) دەستمایە و سامانی ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمانی ئەمڕۆ ئەو ڕووداوانەیە کە لە وڵاتانی ئیستعمار کراودا ڕوویان داوە. بۆ وێنە چیرۆکی «پارکی مانزفیلد» لە سەر تەوەرەی کۆیلەداری لە هیندی ڕۆژهەڵات دەخولێتەوە، تەسویر گەلێک کە نیشاندەری بەرژەوەندی دوو لایەنی ئیستعمارن لە نووسراوەی نووسەرانێکی وەک جوزێف کۆنراد دا ڕواڵەتێکی ئاشکرای هەیە. لە ساڵەکانی ڕابردوودا باشترین بەرهەم گەلێک کە لە پێوەندی دەگەڵ بیرۆکەکانی پۆست کۆلۆنیال خۆیان گرتووە هەر ئەو بەرهەمانەن کە بە لایەنگری و لاسایی لە ئەندێشەکانی ئیدوارد سەعید خولقێندراون و بەرهەم هێنراون.

ئیدوارد سەعید نیشانی دا کە چۆن ئیستعمار و ئەو تەقەللایەی بۆ ناسینی فەرهەنگی وڵاتانی ئیستعمار کراو بە مەبەستی باشتر بەڕێوە بردنیان ئەنجامی دەدا، بووەتە هۆی دەرکەوتنی «دیتران» و لە دیترانیشدا ئیماژگەلێکی پرژ و بڵاوی وەک ڕۆژهەڵاتییەکانی پڕ لە ڕەمز و ڕازی هەزار و یەک شەوی، هیندییەکانی ژنانیلە، وەحشییەکانی ئەفریقایی و خەڵکانێکی پڕ گرێ و گۆڵ و بەدخوایان بۆ دەرکەوت کە سەرەنجام (ئەو دیترانە) ڕێگایان لە ئەدەبیاتی وڵاتانی ئیستعمارگەردا خۆش کرد. لە خوێندنەوەکانی پۆست کۆلۆنیالدا هەمیشە دەبێ ئەو خاڵەمان لەبەر چاو بێ کە لە پرۆسەی کۆلۆنیالیزمدا تەواوی ئاستەکانی دوو لایەنی زمان، دەسەڵات و ساتوسەودای فەرهەنگیش گونجێندراوە. خۆ ڕاستە کە وڵاتانی داگیرکەر فەرهەنگی خۆیان بەسەر موستەعمەرەکانی خۆیاندا دەسەپاند، بەڵام شوێنیان لە فەرهەنگ و نەریتی ئەوانیش وەردەگرت. بەو واتایە خودی زمانیش بۆخۆی داگیرکار یا ئیستعمارگەرێکە کە زێتر لە هەر بابەتێکی تر بەسەر داگیرکراودا دەسەپێ و بوار و هانەی زۆرێک لە دژایەتی و تێهەڵچوونە نابەدڵەکان دەڕەخسێنێ. لە هەندێ بابەتیشدا ڕادەی گرنگیدان بە زمان هێند لە سەرێیە کە تاقمێ لە زماناناسان (زمان) بە دیالیکتیکی پۆشتە و تەیار بە ئەرتەش و هێزی دەریایی دەشوبێنن. خەڵکی وڵاتێک کە لەڕووی زمانەوە ئیستعمار دەکرێن ئیتر ناتوانن بە زمانی

یەکگرتوو و دەست بۆ نەبراوی خۆیان بیربکەنەوە و لانی کەم بۆ دەربڕین و بەدیهێنانی ویستە سەرەتاییەکانی خۆیان وابەستەی زمانی ئیستعمارخوازن و (پێمل دەبن کە لەو زمانە بۆ دابین کردنی ویستەکانیان کەڵک وەرگرن).

ئیدوارد سەعید کە بۆ خۆی کۆچەرێکی نیشتەجێی نیۆیۆرکە بە ئاماژە بۆ نامۆیی لە ئاست زماندا دەڵێ: «زمانێک کە من و «ئەو» پێی دەئاخێوین بەر لەوەی هی من بێ ملکی ئەوە. وشەکانی نیشتمان، مەسیحییەت ئەرباب و... لەسەر زار و لێوی ئەو واتایەکی تریان هەیە و دەگەڵ ئەو واتایەی مەبەستی منە یەک ناگرنەوە. شوێنی وشە و دەقەکان و تەنانەت لە هەندێ شوێندا، شێوەی بەکاربردنی ئەوان بە تایبەت کاتێ لەگەڵ واتاگەلێکی وەک خاوەنداری، ئیختیارات، دەسەڵات و سەپاندنی هێزەکانی جۆراوجۆر پێوەندی پەیدا دەکەن، لە زەینی من و ئەودا وەک یەک نین. من هەرگیز ناتوانم ئەو وشە و واتایانە بێ ئەوەی رووحم شەپۆلان بدا و بهەژێ بێنمە سەر زارم یا بینووسم. زمانی ئەو بۆ من هەم ناسیاوە و هەم نامۆیە. من نە ئەو وشانەم گەڵاڵە کردووە، نە وەرم گرتوون، بەڵام مەجبوورم لەو (وشانە) بۆ هەڵبەستنی (پردی) پێوەندی کەڵک وەرگرم. کاتێ ئەو وشانە بەسەر زاردا دێنم دەنگم دەنووسێ و دەڵێی رووحم لە ژێر سێبەری زمانی ئەودا دەسوێ». ئەوانەی لە کۆمەڵگاکانی پۆست کۆلۆنیالدا دەژین واتای وردی ئەو (بابەتەی) ئیدوارد سەعید ئاماژەی پێدەکا تێدەگەن، چونکە ناسیارییان لەگەڵ ئەو دژ کردەوانە لە ئاست زمانی ئیستعماردا هەیە. خەڵکی وڵاتانی پۆست کۆلۆنیال ئەو گرفتەیان دەگەڵ یاساش بۆ دێتە پێش. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین پێوەندی مابەین خوێنەر و دەق وەک پێوەندی ئیستعمارگەر و ئیستعمارکراو وایە. ئەو پێوەندییە ئەگەرچی نابەرابەرە، بەڵام هەرچییەک بێ هەر پێوەندییە و زۆر جاریش پێوەندییەکی یەک لایەنەیە. لەوەها شوێن و پلەیەک دایە کە پەیجۆرێکی وەک ئیدوارد سەعید بە قسەکەی «نیچە» دەگاو بە گیان و دڵەوە ئەو رایە دەسەلمێنێ کە: «دەقەکان لە ئەسڵ و ئەساسدا نیشانە و راستینەی دەسەڵاتن نەک ئاڵ و وێرێکی دێموکراتیک».

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە لەمەڕ پۆست کۆلۆنیالیزم و خوێندنەوەکانی پۆست کۆلۆنیالیزمدا دەبێ وەبەر چاوی بگرین پێوەندی ئەو (دیاردەیەیە) بە شوێن و کاتەوە. شوێن ئاماژە بە هەڵکەوتەی جوگرافیایی موستەعمەرە دەکا، بەڵام کات رۆڵێکی گرنگتر دەگێڕێ. لەبەر ئەوەش کە هەم پێشگری «پۆست» و هەم پێشگری «نوێ» پێوەندییان بە کاتەوە هەیە، پۆست کۆلۆنیالیزم شێوەیەکی زەمانمەند بە خۆوە دەگرێ و هەرێمی ئیرجاع و گەڕانەوەکانی لە کۆلۆنیالیزم بەرینتر دەبێ، لەمەڕ ئەوەوە کە چۆن کۆلۆنیالیزم نە تەنیا تەکووزی شوێن بەڵکو تەکووزی کاتیش دەشێوێنێ دەقە ئەدەبییەکان نموونەی زۆر باشیان بە دەستەوە داوە. یەکێک لەو بەرهەمە ئەدەبییانە «دڵی تاریکی» نووسراوەی جۆزێف کۆنرادە (١٩٢٠).

ئەو کتێبە ئاماژە بە بابەتی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپا و بە تایبەت بەلژیک و بەریتانیا لە ئەفریقا و وڵاتی کۆنگۆی ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم دەکا. کۆنراد لەو نۆڤلێتەدا دەڵێ: «سەفەر بە قەراغ چۆمدا، وەک سەفەر بۆ سەرەتای جیهان و سەرەتای خوڵقان بوو... لە چۆمدا هەر بەو شێوەیە رێگامان لێ هەڵە دەبوو کە لە سەحرادا (هەتڵەمان دەکرد) و لە ئاکامدا لەو پەڕی بێ دەرەتانیدا هەستمان دەکرد جادوو کراوین و لە هەموو ئەو شتانەی کە رۆژێک زانیاریمان لە بارەیانەوە بووە و ئاگامان لێیان بووە یا بۆ ئێمە ئاشنایان نواندووە... دوور کەوتووینەوە. پێمان وابوو لە شوێنێکی تر و رەنگە لە هەستییەکی تردا گیرساوینەوە» نۆڤلێتی کۆنراد ئەگەرچی لە روانگە و ئاستی مێژووییەوە سەلماوە، بەڵام پێکهاتەی بازنەیی ئەو نۆڤلێتە دەگەڕێنێتەوە شاری لەندەن و ئەو شارە وەک «دڵی تاریکی» دەبینێ. نۆڤلێتی «چینو ئاچی بی»ش (١٩٥٨) گێڕانەوەی پیاوێکە کە سپی پێستانی مەسیحی هۆزەکەیان داگیرکردووە و شوناس و فەرهەنگی ئەویان داوەتە بەرهێرش و پەلامار و لە ناویان بردووە. لە کۆماری خەیاڵی و کۆلۆنی فەلسەفی ئەفلاتووندا، هونەر بە بابەتێکی لاساییکەرانە و رەتکراوە و مەترسیدار ناسراوە، چونکە بە بڕوای ئەو هونەر هەستی درۆیین دەبزێوێ و پاراوی دەکا. ئەو ئەندێشەیە ئەمرۆکەش هەر درێژەی پەیدا کردووە و پێوەندی بە هەمان ئەسڵێکەوە هەیە کە زمان و کۆلۆنیالیزم پێکەوە گرێ دەدا و وەک شتێکی حاشا هەڵنەگر و گرێیەکی نەکراوە دەنوێنێ؛ واتە بە شێوەیەکی نیان و هێمایی، ئاماژە بەو راستییە دەکا کە بۆ لاساییکردنەوە دەبێ بچەوسێنینەوە. لە نێو ئەو بیرمەندانەی خۆیان بە گوتاری پۆست کۆلۆنیالەوە خەریک کردووە ئیدوارد سەعید هوومی و ئیسپیواک فایلێکی قەبەتر و درەوشاوەتریان هەیە.

ئیدوارد سەعید کە یەکێ لە مەزنترین توێژکارانی

بواری پۆست کۆلۆنیالیزمە، بیرمەندێکی بەڕەچەڵەک فەلەستینییە کە ساڵی ١٩٣٥ لە دایک بووە، لە دوور خرانەوەیەکی دڵخواز یا زۆرەملێدا، پەڕیوەی نیویۆرک بووە و لەو شارە دەژی. نووسراوەکانی ئیدوارد سەعید باسی تاوتوێ کردنی بەرپرسایەتییەکانی سیاسی ڕۆشنبیر و گێڕانەوەی ئەزموونەکانی خۆی وەک دوور خراوەیەکە.

کتێبی «ئۆرینتالیزم»ی ئیدوارد سەعید یەکێک لەو دەقانەیە کە بناخەی خوێندنەوەکانی پۆست کۆلۆنیالیزمی تێدا داڕێژراوە. (ئەوەش یەکێک لەو بابەتانەیە کە لەودا دەگەڵ گرفتی «ism» دەستە و یەخە دەبین. ناچارین واتاکەی بە باری ناسیندا بشکێنینەوە و بە ئۆرینتالیزم بڵێین: ڕۆژهەڵاتناسی).

تاقمێ لە تیۆری زانان ڕۆژهەڵاتناسی ئیدوارد بە دەسپێکی خوێندنەوەکانی پۆست کۆلۆنیال دەزانن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو بابەتە باسێکی دوور و درێژی هەیە کە نە لە ئیدوارد سەعیدەوە دەست پێدەکا و نە بەوەوە کۆتایی پێدێ. دەستنیشان کردنی سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەکانی پۆست کۆلۆنیال دەبێ لەسەر بناخەی پشت گوێ خستنی مێژوویەکی دوور و درێژ بێ کە لە بەرهەمە فەرهەنگییەکانی وڵاتانی موستەعمەرەدا وە بەرچاو دەکەوێ و لانیکەم (دەتوانین بڵێین) لە ساڵی ١٧٨٩ وە دەستی پێکردووە. نووسراوەی نووسەرانێکی وەک «ئەکوایانۆ» نووسەری نیجریایی، کە بەسەرهاتی بەخسیری و کۆیلەتی خۆی دەگێڕێتەوە، یەکێ لە دەزمایە بەرچاوەکانی ئەو خوێندنەوانەیە.

«هارولد بلووم» (١٩٩٢) لەسەر ئەو بڕوایەیە کە سەدەی بیستەم، سەدەی «کافکا»یە و بیروباوەڕەکەشی بە جێ و ڕێیە. هەر چەند بەرهەمەکانی کافکا لە ڕواڵەتداو بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ پێوەندی بە کۆلۆنیالیزم و ئیستعمارخوازییەوە نییە، بەڵام چیرۆکی «لە کۆلۆنی کەیفەریدا» (کە بەرهەمی) ئەوە و لە ئۆکتۆبەری ١٩١٢ دا نووسیویەتی و دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٩ دا بڵاو بۆتەوە، پێوەندی بە کۆلۆنی و ئەو ڕووداناوە هەیە کە لە کۆلۆنیالییەکی کەیفەریدا و لە دوورگەیەکی بێ ناودا ڕوو دەدەن. جیاوازی ڕۆشنبیری پۆست کۆلۆنیال لەگەڵ ڕۆشنبیرانێکی وەک «فرانتس فانوون» لەوە دایە کە فانوون و کەسانی وەک ئەو لە بیری ڕزگاری مرۆڤەکاندا بوون. بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی پێویستی سڕینەوەی ئیستعماریان نەدەهێنایە گۆڕێ.

ئیدوارد سەعید خۆی بە ڕەخنەگرێکی جیهانی و سێکۆلار دەزانێ و دوژمنی قەستە سەری لێکدانەوە و شیکردنەوەی بێ بەستێن و بێ سنوورە، کە زۆربەی بیردۆزانی هاوچەرخی بەرە و ڕەهەندە پێچڵپێچەکانی دەقێتی کێشاوە و بووەتە هۆی ئەوەی کە جیهانی تەواو و کەماڵ لە بیر بەرنەوە. کتێبێکی تری ئیدوارد سەعید (١٩٩٣) کە ناوی «فەرهەنگ و ئیمپریالیزم»ە، لە ڕاستیدا درێژە و بەر بڵاوتر کردنەوەی «ڕۆژهەڵاتناسی»یەکەیەتی و وەک زۆرێک لەو دەقانەی لە پێوەندی دەگەڵ باسی بیرۆکەی پۆست کۆلۆنیالیزمدا نووسراون پێمان نیشان دەدا کە چۆن ئەو چیرۆک و سەفەرنامە و دەقە ئەدەبییانەی لە پێوەندی دەگەڵ کۆلۆنی (ئیستعمار)دا نووسراون ئیمپریالیزم بە شتێکی سروشتی و ئاسایی دەزانێ و وەک بەشێک لە ئەزموونەکانی هەمەکی دەیخەنە بەرچاوان و شکڵ و شێوەیەکی شەرعی و ڕەوا دەدەن بە ژێر چەپۆکەیی تاقمێ لە مرۆڤەکان.

ئیدوارد سەعید یەکێکە لە لایەنگرانی سەرسەختی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین و بە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لەمەڕ فەلەستینەوە، نیشانی داوە کە چۆن بڵاوکراوە و بەیاننامەی حکوومەتی و ڕەنگدانەوەی میدیایی بە جۆرێکی تەریب و هاوشێوە ئیماژێکی پڕ لە ڕەمز و ڕازیان لە ئیسلام بە دەستەوە داوە و ئامادەیی (ئیسلامیان) وەک هەڕەشەیەکی گەورە بۆ جیهانی ڕۆژئاوا ناساندووە. ڕوانینی ئیدوارد سەعید بە هیچ شێوەیەک دەمار گرژانە نییە و هەر بەو شێوەیەی کە ڕۆژئاوا دەداتە بەر تیر و توانجی توندی ڕەخنەیی، سیاسەتەکانی «plo»ش لەبەر لایەنگری لە عیراق لە شەڕی ١٩٩١ی (کەنداو) دەخاتە بەر شەپۆلی ڕەخنەی خۆی. هەر بەو هۆیەش بوو لە سێپتامبەری ١٩٩٩دا بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی لە «غەززە» و ڕۆخی ڕۆژئاوایی و وڵاتانی ژێر دەسەڵات و چاوەدێری «plo» قەدەغەکرا.

یەکێ لە خاڵە لاوازەکانی نووسراوەکانی ئیدوارد سەعید نەپەرژانە سەر ئابووری ئیستعمارخوازییە و هەر بەو هۆیە جیاوازییەکانی نێوان شێوە جۆراجۆرەکانی ئیستعمارخوازی کۆلۆنیالیزم لێڵ دەکا و تێگەیشتنێکی ڕوون و زوڵاڵ بە دەستەوە نادا. یەکێ لەو خاڵانەی سەعید ئاماژەی پێدەکا و بەعزە جارێ بە خشکە و هەندێ جاریش بە عالەمی ئاشکرا گرنگی پێدەدا، پەرژانە سەر ئەو بەشە لە بیرۆکەی پۆست کۆلۆنیالیزمە کە لە لایەن ئەو کۆچەرانەوە کە لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و

چینە زۆر و کەم ساماندارەکانەوە بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیان کردووە دەستی پێکردووە. لە ڕوانگەی ئەو تاقمەوە ڕۆژهەڵاتناسی بوو بە جێنشینی مارکسیزم. بایەخێک کە ئەوان دەیان دا بە ڕۆژهەڵاتناسی لەسەر ئەو ڕاستییەوە باڵای کردبوو کە لەودا بایەخ و سەرەتی دەدرا بە ڕەگەز نەک بە جنس و چین. لەو ڕوانگەیەوە، کۆلۆنیالیزم نە تەنیا بەرپرسایەتی بێ عەدالەتییەکانی خۆی لەسەر شانە، بەڵکو بەرپرسیارێتی ئاکار و تەنانەت بێ عەدالەتی گرووپە کۆچەرەکانی کۆمەڵگای ئیستعماریشی لە ئەستۆیە. لە کەڵە شارەکاندا، لە لایەکەوە جۆری جیاوازی ژیان و لەلایەکی ترەوە بەرنامەکانی پۆست کۆلۆنیال، شوێن لەسەر ئەو ڕۆشنبیرە دادەنێ کە پێمل بووە لەو شارانەدا ژیان بەرێتە سەر، (هەر ئەوەش) دەبێتە هۆی بەدیهاتنی دیاردەیەک کە ئیدوارد سەعید بە «سیاسەتی سەرکۆنە» ناودێری دەکا. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەو سیاسەتە ئەوەیە کە لە زۆر بارانەوە، ڕۆشنبیران لە مابەین ئەوەی کە لە کەڵە شارەکاندا دەبینن دەگەڵ ئەوەی لەلایەن ئیستعمارخوازانەوە بەسەر خەڵکدا سەپاوە سنوورگەلێک بەدی دێنن، بەڵام ئەو سنوورانە گەڕۆک و خزۆکن. ڕۆشنبیری کۆچەر و ماڵ بە کۆڵ، لە هەر دوو بەری ئەو سنوورە هاوشێوەیی و وێکچوون گەلێک دەبینێتەوە و پێی وایە ناچارە کە تەبابێ لەگەڵ بارودۆخێک کە لەوە پێش بە نامرۆڤانەی دەناسی و ناعادلانەی ناودێر دەکرد. لەو ڕووەوە ڕۆڵی ڕۆشنبیری پۆست کۆلۆنیال جۆرە بیرهێنانەوەیەکی چاخی کۆلۆنیالیزمە و شوێنی ئەو ڕۆڵ گێڕانە بەردەوامانە (دەبێتە هۆی ئەوەی) مرۆڤێکی تازەتر لەو ساز بێ. ئەوە هەمان بیرهێنانەوە گەلێکە کە ڕۆشنبیرانێکی وەک «ئیدوارد سەعید» و «ئیقبال ئەحمەد»ی پوختە کردووە و لەکڵی هێناونەتە دەرێ. بە گوتەیەکی تر زۆربەی ڕۆشنبیرانی پۆست کۆلۆنیال دایمە ڕابردوو بە کۆڵیانەوە دەبەستن و دەیگێڕن. شوێنەواری سووکایەتی پێکران و بە کەم زانین وەک داغێکی قووڵ و کاریگەر لەسەر رووح و ڕەوانی خۆیان هەڵدەگرن و دایمە باسی «ئێمە» و «ئەوان» دێننە گۆڕێ، بێ ئەوەی بتوانن هێڵێکی جیاکەرەوە لە مابەین ئەو دووانەدا دەستنیشان بکەن و بە سنوورکێشانەکانی خۆیان ڕازی و قانع بن.

ئیدوارد سەعید زۆرجار حەولی داوە پێناسەیەکی چەند لایەنە و بەربڵاو لە ڕۆشنبیری پۆست کۆلۆنیال بە دەستەوە بدا و لایەنەکانی بیر و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەها ڕۆشنبیرێک روون بکاتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە خەریکی «ڕیتۆریکی سەرکۆنە» دەبێ کۆچ و بارگەوبنە پێچانەوەی ڕۆشنبیرانی جیهانی سێهەم بەرەو کەڵە شارەکانی ڕۆژئاوایی و ناوەندە فەرهەنگییەکانی ئەو شارانە هەلی بۆ جێبەجێبوون و ئاڵ و وێری فەرهەنگەکان و گوتارگەلی ئاکادێمی لەمەڕ مرۆڤ تەوەرەییەوە ڕەخساندووە و بۆتە هۆی ئەوەی بابەتی پۆست کۆلۆنیال بکێشرێتە ناوەندی پانتا فەرهەنگییەکانەوە. ئەمڕۆکە ڕۆشنبیرانی پۆست کۆلۆنیال زیاتر لەوەی کە لە وڵاتە ئیستعمار لێدراوەکانی خۆیان بۆیان دەلوا، کێشراونەتە نێو پێش زەمینەی باسە فەرهەنگییەکانەوە و بە هۆی حورمەت و ئیعتبار و بایەخێک کە وە دەستیان هێناوە ئیتر ناکرێ بە سانایی پێشوو، مۆرکی جیهانی سێهەمی بە تەوێڵییەوە بنووسێنی. چونکە ئامادەیی دەنگی ناکۆک و ئەندێشەی گەردەنکەش و توورەیی ئەوان شوێنی لەسەر تێکڕای جیهان داناوە. نووسراوەکانی ئیدوارد سەعید بە هێماوە وا دەنوێنن کە هەم شوناسەکانی جیهانی سێهەم ڕاست و ڕێک کراو و دەستکردن و هەم شوناسی هەنووکەیی. ڕاستەقینەش ئەوەیە کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێکهاتەی شوناس پێوەندی بە جێگۆڕکێی «دەسەڵات، وە دەست هێنانی دەسەڵات و لە کێش دانی دەسەڵاتەوە» هەیە. ئەمڕۆکە ئیدی دردۆنگی لەوە ناکرێ کە شوناسی ئینسانی نە تەنیا شتێکی سروشتی و وێستاو نییە، بەڵکو ڕاست و ڕێککراو و زۆر جار داهێنراویشە. شوناس لە کۆمەڵگای پۆست کۆلۆنیالیشدا لە جەغزی ئەو یاسایە تێناپەڕێ.

«هوومی بابا» یەکێکی تر لە بیردۆزانی پۆست کۆلۆنیالە کە لە هیندستان لە دایک بووە و لە دوو دەیەی ڕابردوودا خۆی وەک یەکێ لە بیردۆزانی بە دەسەڵات و شوێن دانەری پۆست کۆلۆنیالیزم ناساندووە. هوومی بابا بە شوێن وەرگرتن لە بیروڕاکانی «بەندیکت ئەندرسۆن» لەسەر ئەو بڕوایەیە کە نەتەوە شتێ نییە جگە لە کۆمەڵێکی خەیاڵی و وێنایی. شوناسی نەتەوە هەرگیز وەکی بیری لێدەکرێتەوە خالیس و دەست بۆنەبراو و شەقڵ نەشکاو نییە و لەسەر بناخەی جۆرە هەستێکی خەیاڵی کۆمەڵی مێژوویی و دەوامەیی دامەزراوە کە دەتوانێ بە تەواوی خەیاڵی بێ و لە نموود و نومادگەلێکی ڕاستین و خەیاڵی هەڵقوڵا بێ. تێکڕای ئەو ئەندێشانە ڕیشەیان لە بۆچوونەکانی «ئێرنێست ڕێنان» و کتێبی «نەتەوە چییەی» ئەو دایە. ڕێنانیش لەسەر ئەو بڕوایەبوو کە واتای «نەتەوە» لەسەر پاکی ڕەگەز دانەمەزراوە،

بەڵکو لەسەر بناخەی ویستێکی بە کۆمەڵ بۆ ژیان لەگەڵ کۆمەڵێک بیرەوەری و بیرهێنانەوە و لەبیرچوونەوەکان شکڵی گرتووە. وتارەکانی هوومی بابا زۆرتر پێوەندییان بە گوتارەکانی ئیستعماری و چۆنیەتی بەدیهاتنی دیتران و بابەتی دوورەگە بوون لە چاخی پۆست مودێرنەوە هەیە. بابا پێی وایە کە ئەمڕۆ کە داپەستراوی شوێن و کات بوارگەلێکی ئاڵۆز دەڕخسێنن کە لەو بەستێنانەدا هەر چەشنە هەستێکی نەتەوەیی یا شوناسی تاکە کەسی حاشای لێدەکرێ و ئیتر جنسیەت و ڕەگەز لە پلەی یەکەمی پۆلێن کارییە کۆمەڵایەتییەکاندا جێگیر نابن. جیهانی ڕۆژئاوا ناچار لەوە گەیشتووە کە دەبێ دەست لە تەقەللا بۆ زیندوو ڕاگرتنی گێڕانەوە گەلێک کە لە دڵیدا ڕۆچووە و ئاوێتەی شوناسی نەتەوەیی بووە بشواتەوە و بە وردی گوێ بداتە مێژووەکانی پۆست کۆلۆنیال کە کۆچەر و ئاوارەکان و پەناهەندەکان دەیگێڕنەوە. «فیگۆرسێرنمۆن» ئەمڕۆ کۆچەرێکە کە لە ئاقار گەلێکی کاتی و بۆ ماوەیەکی زۆر کەم دەمێنێت و زوو تێدەپەڕێ؛ لەو شوێنە دەژی کە جیاوازییە فەرهەنگییەکان دایمە لەگەڵ یەک ڕووبەڕوو دەبنەوە و دژ دەوەستن. لە ڕوانگەی هوومی باباوە، ئەمڕۆکە حەقیقەتبینترین چاوەکان هی کۆچەرێکن کە لە نێوان فەرهەنگە (جیاوازەکان)دا دەژی. ئیردایک کە لە هوومی بابا گیراوە و زۆریش بە جێیە ئەوەیە کە کۆچەری گریمانەیی ئەو ئەگەرچی ڕەهایە و بە دوورە لە جنسییەت و چین و پلە و پایە، بەڵام لە باری سیاسییەوە دەناسرێتەوە، ئەو دەیهەوێ هەموو شتێ بیراز و ڕاست و ڕێک کا، تا ئاستی ڕوانینی خۆی بێنێتە خوارێ. سەرەڕای ئەوانە هوومی بابا ئۆرینتالیزمی ئیدوارد سەعید بە شتێکی ساویلکانە دەزانێ و لەسەر ئەو ڕایەیە کە بیرۆکەکانی سەعید پرێسپێکتیڤێکی پتەو و تاقانە بە دەستەوە نادەن و زۆرتر پێوەندییان بە خەیاڵپڵاوەکانی «دیتران»ەوە هەیە. هوومی بابا لە کتێبی «نەتەوە و گێڕانەوە» و لە ڕیسالەیەکی بە ناوبانگی خۆی بە ناوی «مرۆڤ و لاسایی کردنەوە؛ دووسەودایی گوتاری ئیستعماری»دا نیشان دەدا کە چۆن کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز دوای چاخی ڕۆشنگەری و هزرخوازی، پاڵی بە لۆژیکی لاسایی و لاسایی کردنەوەوە دابوو. هوومی بابا لەسەر ئەو بڕوایەیە کە گوتاری کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز دوای چاخی هزرخوازی، بەردەوام بە زمانێک دواوە کە درۆ نییە، بەڵام تەمومژاوی و چەند سووچ و بە توێکڵە.

لەو گوتارانەدا لە ئامانجە گەورەکانی خەیاڵی ئیستعمارییەوە بگرە، تا نزمترین ئاستی شوێن دانانەکانی لاسایی ئەدەبی، لاسایی کردنەوە، وەک یەکێ لە هەڵخەڵەتێنەرترین و شوێن دانەرترین ڕێگاچارەکانی دەسەڵات و زانیاری ئیستعماری دێتە ئەژمار. بابا لاسایی کردنەوە بە نیشانەی دەربڕینێکی دوولایەنە و ڕێگاچارەیەکی پێچاوپێچ دەزانێ، کە بە شێوەی ئیسلاح و هاوسەنگ کردن، تەکووزی و دەکارکردنی هەندێ ئاسانگیری و میانەڕەوی، دەسکەوتی دیتران دەکاتە هی خۆی. یەکێ لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی لاسایی کردنەوە ئەوەیە کە ڕێگاچارەکانی دەسەڵات و دەسەڵاتداری ئیستعمار، مەشروع دەنوێنێ و بە شکڵ و شێوەی دەسەڵاتە ڕێکوپێک و ئاساییەکان دەیخاتە ڕوو. خەڵکی تریش کە ئیستعمار کراون، ناچارن لاسایی زمان و دابونەریت و شێوە و ڕوخسار و بۆچوونەکان و تەنانەت لە هەندێ باردا، جلوبەرگی ئیستعمار خواز بکەنەوە. خۆ ڕوون و ئاشکراشە کە لاسایی کردنەوە هەرگیز ناتوانێ خالیس و بێ لقوپۆ بێ، ناچار و بە شێوەیەکی هاوزەمان لە لایەکەوە تەنیا نیشاندەری هۆی وێکچوونەکانە و لەلایەکی ترەوە شێوەیەکی هەڕەشەکارانە بە خۆوە دەگرێ. بە گوتەیەکی تر بەردەوام لە کردەوە و ڕەفتار و پرۆسەی «کردنە هی خۆ»ی ئیستعمارخواز جۆرێک دووسەودایی ڕەگ و ڕیشەدار و بنەمایی دەکەوێتە بەرچاو: لە لایەکەوە ئیستعمارخواز خوازیاری ئەوەیە کە ئیستعمارکراو وەک خۆی لێ بکا و لە لایەکی ترەوە لە بەدیهاتنی هەر جۆرە وێکچوونێک زراوی چووە. بە گشتی دەتوانین بڵێین کە لاسایی کردنەوەی ئیستعماری لە ژێر دەسەڵاتی مەنتقێکدایە کە هوومی بابا بە «تەقریبەن هەر هەمان شت، بەڵام نەک تەواو و کەماڵ»ی ناودێر دەکا. لێرەدا پرۆسەی «کردنە هی خۆ»ی ئیستعماری بۆ ئەوەی سەرکەوتن وە دەست بێنێ پێویستە تێک بشکێ. ئیعتبار و بایەخ و سەرنج ڕاکێشی بیرۆکەی هوومی بابا لەوە دایە کە گوتاری دیکتاتۆر ئاسای ئیستعمارخواز لە ناوەوە بەبێ بایەخ دەزانێ. بە شوێن وەرگرتن لەو گوتارەیە کە ناواخنی ئیستعمارکراو، بەردەوام خۆی لە دژایەتی لەگەڵ خۆیدا دەبینێتەوە. لەگەڵ خودی خۆی جیاوازی هەیە و قەتیش ناتوانێ لەگەڵ ویستە دەروونییەکانی پێک بێ. یەکێ لە شوێندانەکانی ڕیسالەی هوومی بابا ئەوەیە کە ئاماژە بە گرنگایەتی شانۆ و شانۆکاری و درام لەسەر بیرکردنەوە لە بابەتی کۆلۆنیالیزم دەکا. هوومی بابا خوێنەر هان دەدا کە هێندێک قووڵتر و بەرینتر لەو پرسیارە وردبێتەوە کە

شوناسی تاکە کەسی تا چ ڕادەیەک پشتی بە لاسایی کردنەوە قایمە و بۆچی بە شێوەیەکی زاتی شانۆ ئاسایە.

«گایا تری چاکراوێرتی ئیسپیواک» ئاوارەی پۆست کۆلۆنیالی هیندستانی، یەکێکی تر لە ڕۆشنبیرانی نێو بەدەرەوەی توێژینەوە لە بواری پۆست کۆلۆنیالدایە. ئیسپیواک نووسەر و ڕەخنەگرێکی خەڵکی ناوچەی بەنگالە و ساڵی ١٩٩٧ دوای وەرگێڕانی وەستایانەی نووسراوەکانی ژاک دریدا ناو و ناوبانگێکی زۆری وەدەست هێنا.

ناوبانگی ئیسپیواک بە هۆی نووسینی ئەو وتار و ریسالە و وتەبێژیانەوەیە کە لە کۆڕە فەرهەنگییەکان و لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکا پێشکەشی کرد و سەرلەبەری ئەوانەش لە ساڵەکانی ١٩٨٧، ١٩٩٠، ١٩٩٣ چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

نووسراوەکانی ئیسپیواک ئەغلەب تاکە کەسییە و هەڵگری گاڵتە و ڕەگێکی توندی ڕەخنەگرانەیە، ئیماژ و ئیدەی چاوەڕوان نەکراو لە پاڵ یەک دادەنێ و زمانێکی خوازەیی هەیە. ئیسپیواک لەو نموونە دەگمەنانەی ژنی وڵاتانی جیهانی سێهەمە کە لە بەهێزترین زانکۆکانی ڕۆژئاوا وانە دەڵێتەوە و نموونەی بەرچاوی ڕۆشنبیرێکی پۆست کۆلۆنیالە کە مارکسیستەکان پێیان وایە یەکجار زۆر پێبەندی بنەما و ڕەوتی ناسراوی ڕێسایەکی تایبەتە و فیمینیستەکان پێیان وایە یەکجار زۆر هەڵگری شوناسی پیاوانەیە و بیردۆزانی ناوچەگەرای هیندیش پێیان وایە زۆر پاپای بیرۆکەکانی ڕۆژئاواییە. ئەو ڕەخنە و (تەوس و توانجانە) هەموو بە هۆی ئەوەوەن کە ئیسپیواک یەکێ لە ڕەخنەگرانی نەترسی ڕەگەزپەرەستی بەرئاوەژوویە کە بە ڕوانینێکی دەمارگرانەوە، تێکڕای نووسراوەکانی جیهانی سێهەم بە بایەخ لە قەڵەم دەدا و بەرهەمەکانی ڕۆژئاواییش بەبێ بایەخ دەناسێنێ. ئیسپیواک بڕوای بە ڕزگارکردنی زەینە لە داوی کۆلۆنیالیزم و زۆرتریش لەسەر ڕۆشنبیرانی ناوچەی هیند کاردەکا. دەیهەوێ پێکهاتە مێژوویی و ڕێسادانەرەکان لە دەروونداا بکاتە مامۆستا و بیانخاتە ڕوو. بەردەوام ئاماژە بە بارودۆخی ئەو هیندیانە دەکا کە لە وڵاتی خۆیان دەرکراون و ڕەنگە لە ڕوانینی یەکەمدا وا بنوێنێ کە ئەو شاربەدەری بە خاڵی سەرەکی لە پرسپێکتیڤی پانتای سیاسی و فەرهەنگی پۆست کۆلۆنیال دەزانێ و ئەوەش بۆ ڕۆشنبیری پۆست کۆلۆنیال بە ڕێگا چارەیەکی حاشاهەڵنەگر دەزانێ. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ئیسپیواک کەسێک بە شاربەدەر دەزانێ کە سەقامگیر بوون لە وڵاتی بێگانەیان بەسەردا سەپاندبێ نەک ڕۆشنبیرانێک کە لە شار بەدەربییەکانی دڵخوازیاندا دەژین. ئەو زۆرجار دژایەتی خۆی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی پۆست کۆلۆنیال کە پشتیان بە نموونەکانی ڕۆژئاوا بەستووە، دەربڕیوە.

ئیسپیواک لە دژایەتی دەگەڵ نموونە ڕۆژئاواییەکان و ئەوەی «هابرماس» بە «بارودۆخی بێ ئەسەری پێوەندی و وتوێژی ئازاد»ی ناودەبا لەسەر ئەو بڕوایەیە کە وەها بارودۆخێک تەنیا لە زەیندا بەدی دێ و دەگوورێ و قەتیش ناتوانێ وەڕاست بگەڕێ. ئاواتی بێ ئەسەر بوون و لە هەمان کاتدا گوتوبێژکردن لە ئەندێشەیەکەوە سەری هەڵداوە کە بتوانێ حاشا لە مێژوو بکا، حاشا لە پێکهاتە بکا و بارودۆخی ناوەرۆک بە تەواوی پشت گوێ بخا. ئیسپیواک لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بارودۆخی ڕۆشنبیرانی وڵاتانی کۆلۆنی کراو دەبێ هەم لە دەقەکانی وڵاتانی کۆلۆنی کراو و هەم لە دەقە ڕۆژئاواییەکاندا بنووسرێتەوە و ڕەنگ بداتەوە. بە گشتی دەتوانین بڵێین کە زەینیەتی ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی پۆست کۆلۆنیال و نووسەرانێکی وەک «ئیدوارد سەعید» و «هوومی بابا» و «ئیسپیواک» سەرەڕای هەموو کەم و کوورییەک کە هەیانە (سەرەڕای) ئەو ڕەخنانەی لەسەریانە بۆمان دەردەخا کە کۆلۆنیالیزم لە ژیانی ئەوروپاییەکاندا چالاکییەکی پەراوێزی نەبووە و بە پێچەوانە وەک یەکێ لە بنەڕەتیترین بابەتەکانی فەرهەنگی ئەو وڵاتانە دەناسرێ. ئەو بۆچوونانە ڕاست دژایەتیان هەیە لەگەڵ ئەندێشە گەلێک کە پۆست مودێرنە فەڕەنسییەکان و یەک لەوان «ژان فرەنسوا لیوتار» گەلاڵەیان کردووە.

ڕۆشنبیرانی پۆست کۆلۆنیال لەسەر ئەو بڕوایەن کە گێڕانەوەی مەزن لە ناو ناچێ و ئەگەرچی بە ڕواڵەت بایەخی خۆی لە دەست داوە، بەڵام هەروا ڕاوەستاو دەمێنێتەوە. ئەمڕۆکە گرنگیدانی وڵاتانی جیهانی سێهەم و پەراوێزی بە فەرهەنگی خۆیان و هەروەها سەرنجی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەو فەرهەنگانە و بە گشتی فەرهەنگە غەیرە ئەوروپاییەکان، ئەو شکەی قایم کردووە کە نەکا بارودۆخی پۆست مودێرن ببێتە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر وڵاتانی ڕۆژئاوایی، کۆمەڵە غەیرە ڕۆژئاواییەکان بکەنە ژێر چەپۆکەی خۆیان و ئەو جار لە ژێر ناوی «ئەدەبیاتی جیهانی سێهەم» و ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیال بیانکەنە موستەعمەرەی خۆیان.

**ژێدەر: قرەباغی، علی اصغر، پۆست کۆلۆنیالیزم، مجلەی گلستانە، شمارەی ٣٦، تهران، ١٣٨١.**

# مافی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی ژن لە دەقەکانی کۆنینە ناسیدا

## دەسکەوتەکانی ئوستوورەیی نێوان چۆمان(١) و ئیلام))

(١ - ٢)

**(ئامادەبوونی ئەسڵی مێوینەی هەستی لە دەقەکانی «مافی- مەزهەبی» سومێر(٢)دا.)**

وتای «عەداڵەت» لە کۆنترین دەقگەلی مافی سومێردا کە تا ئێستا دیتراوەتەوە، تێکەڵ بەناوی «نانشە» خاتوو خوای عەداڵەت و مێهرەبانییە. سومێرییەکان بەر لە کۆکردنەوەی یاساگەلی ناسراوی کۆمەڵایەتی، لە ئەسڵ گەلی مەزهەبی بەجێی یاسای شارستانی و کۆمەڵایەتی پێڕەوییان دەکرد، ئەم ئەسڵ گەلە، لە کۆکراوەیەکی نۆزدە بەشی و لەناو لەوحە سومێرییەکاندا دەدیترێتەوە.

دەقی ئەم لەوحانە کە پێوەندی بە چاخێکی زۆر کۆنتر لە چاخی دەسەڵاتداری یاساگەلی نووسراوەی سومێرییە، لەسەر حوزووری «ئەسڵی مێوینەی هەستی» لە ئەندێشەی مافی خەڵکی سومێری کەونارا پێداگری دەکا، کە نموونەیەک لەم لەوحانە بەم جۆرەیە:

**نانشە هەتیوان و بێوەژنان دەناسێ،**
**نانشە ئاگادارە لە ستەمی مرۆڤ، لە مرۆڤ،**
**ئەو دایکی هەتیوان و پەرەستاری بێوەژنانە،**
**جێی هاواری خەڵکی هەژارە**
**شاژنێکە کە پەنای بێ پەنایانە.**

لە درێژەی ئەم دەقەدا هاتووە کە «نانشە» لە هەوەڵ ڕۆژیساڵی نوێدا شەرعی خەڵک دەکا، لەلای ئەو «نیدابا» خاتوو خوای حسێب و کتێب و مێردەکەی «خای» و چەند شاهیدێکی تر ڕاوەستاون:

**ئەوانەی کە ئایینی پاک دەخەنە ژێر پێ،**
**ئەوانەی کە عەهدو پەیمان دەشکێنن،**
**ئەوانەی لەگەڵ دێوان پەیمانی دۆستی دەبەستن،**
**ئەوانەی کە لە پێوان و کیلەدا ناڕاستن،**

---

**لەیلا ساڵحی**
**(بۆکان)**

**ئەوانەی کە ماڵی خەڵک دەخۆن،**
**ئەوانەی کە خواردنەوەی خەڵک دەخۆنەوە [بزانن]**
**نانشەیە دڵخۆشی هەتیوان دەداتەوە،**
**نانشەیە یاریدەی بێوەژنان دەدا،**
**نانشەیە کە زۆرداران سزا دەدا،**
**نانشەیە ستەمکاران دەسپێرێتە دەس (هەژاران)**
**نانشەیە لە دڵی خەڵکدا جێی هەیە.**

لەم لەوحە نۆزدە بەشییەدا چۆنیەتی ڕێ و ڕەسمی داوەری و عەدالەت ڕوون نەکراوەتەوە، داخۆ کاهینە یان کاهینی پەرەستگەی «نانشە» بێ حوزووری شکاتکار بۆ خۆی داوەری کردووە، یان تەنیا کەسانێک کە زوڵم و زۆریان لێکراوە بۆ دادگەری دەچوونە پەرەستگەی نانشەو داوای بەڕێوەبردنی عەدالەتیان دەکرد؟ ئێستا وڵامێکی باش بۆو پرسیارە نەدۆزراوەتەوە.

### جێگای ژن لەدەق گەلی «مافی»- نووسراوەی سومێردا:

کۆنترین دەقی مافی کە لە سومێری کەوناراو لە چاخی دەستەڵاتداری یاسای نووسراودا وەدەس هاتووە، هی چاخی سێهەمی «ئوور» (٣) و زەمانی پاشایەتی «ئوور- نامۆ»یە.

بەشێکی گەورە لەم یاساگەلە لە لەوحەی «حەمووڕابی»شدا پێشوازی لێکراوە. بەم شێوەیەش، ئێستا ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە یاساکانی «ئوور- نامۆ» هەوەڵین کۆمەڵە یاسای نووسراوەی دونیایە. چونکە هەر ئەو دەقی «ئوور- نامۆ»یە وا دەنوێنێ کە یاساگەلێکی نووسراوە یان نەنووسراوە لە ڕۆژگارانی پێشتردا هەبووە کە «ئوور- نامۆ» ویستوویە تا ڕادەیەک، ئیسلاحیان بکا، یان بیانگۆڕی، یان بەتەواوی وەریان بگرێ. گرنگیی یاسا گەلی «ئوور- نامۆ» و لایەنە ڕیفۆرم خوازنەکەی، سرنج دەداتە یاساگەلی جەزایی. لە یاساکانی «ئوور- نامۆ»دا «فیدیە»یان «دیە» بەجێی قەساس هاتووە. جێگەو پێگەی ژنانیان لە مادەیەکی یاساییدا بەم شێوەیە ڕوون کردۆتەوە:

**«ناکرێ و نابێ بێوەژنان بینە ملکی دەوڵەمەندان»**

لە مادەیەکی یاسایی تردا هاتووە:

**«ناکرێ و نابێ هەتیوان بینە ملکی دەوڵەمەندان» و ناکرێ و نابێ دارایی یەک «شێکێل» (٤) لە هەمبەر دارایانی شەست «شێکێل»دا کڕنۆش بەرن.**

بەم جۆرە، کۆکراوەی یاساگەلی. «ئوور- نامۆ» لە ڕاستیدا هەوەڵ ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی ناسراوە کە مافی خەڵکی هەژار دەپارێزی.

ڕەنگە لە چاخی ئەکێدی و شەڕەکانی پاش ئەو و لەدوای حکوومەتی سامییەکان لە سومێر، بێوەژنان مەجبوور بووبێتن کە تەسلیم بن لە هەمبەر ئەو زۆردارانەی کە ئەوانیان دەویست. یان هەتیوان دەبوو بە هیچ و خۆڕایی بینە ملکی دەوڵەمەندان و وەک دەڵێن چینی ژێر دەست، دەبوو کڕنۆش بۆ خاوەن ماڵان و سامانداران بەرن. لە کۆمەڵە یاسای «ئوورنامۆ»دا یاساگەلێکی ڕیفۆرم خوازانەوەی تر هەیە کە مافی کۆیلەکان دەپارێزی. بەپێی ئەم یاسایە کۆیلە دەتوانێ مافی وەدەس گرتنی کاری هەبێ و بەجێی ئەو پووڵەی وەری دەگرێ، ئازادی خۆی بکڕێتەوە.

ئەو مەودا زەمانییەی کە پیاوێک دەتوانێ خێزانی خۆی لە گرێوی قەرزدا بە بێگاری لەلای خاوەن قەرز دانێ نابێ لە چوار ساڵ زیاتر بێ. خاوەن کۆیلە دەتوانێ کۆیلەی سەرکێش بە قەمچی بکوتێ یان داغی کات، بەڵام نابێ ئەم سزادانە ببێتە هۆی مەرگی کۆیلە یان لەکارکەوتنی ئەو.

خاوەن کۆیلە نابێ برسێتی بە کۆیلە بچێژێ بەڵکو دەبێ خواردن و لیباسی تەواوی بداتێ.

ئەگەر کۆیلەیەک چ ژن، چ پیاو لەگەڵ ئازادێکدا زەماوەند بکا منداڵەکانیان لە کوڕو لە کچ ئازادن.

لە بەشی «دیە»کاندا لە یاساکانی «ئوور- نامۆ»دا ناویان لە ژن و پیاو نەهێناوە بەڵکو بەجێی ئەوانە وشەی «کەس» بەکارهاتووە، وەک: «بەجێی بڕینی لاقی کەسێک، تاوانبار دەبێ دە «شێکێلی» زێو بدا و بەجێی شکاندنی ئێسکەکان شەست شێکێڵ و بەجێی بڕینی لووت، چل شێکێڵ» بەم جۆرە یاساکان بۆ ژن و پیاو بەیەک ڕادە بووە.

کۆمەڵە یاسایەکی تر لە مەڵبەندی نێوان چۆمان وەدەس کەوتووە کە بەکۆمەڵە یاسای «بیلا لاما» (٥) ناوبانگی دەرکردووە و بەزمانی «ئەکێدی- سامی» نووسراوە وەبە تێکڕایی لەمەڕ مووچە و یاساکانی مافی و ماڵیاتییەوەیە. ئەو کۆمەڵە یاسایە لەلایەن حاکمانی غەیری سومێرییەوە بۆ ئەم وڵاتە نووسراوە... کۆمەڵە یاسایەکی تر کە حەفتا ساڵ بەر لەیاساکانی «بیلالاما» بە زمانی غەیری سامی و بە وشەی سومێری نووسراوە، دۆزراوەتەوە، و بەکۆمەڵە یاسای «لیپیت- ئیشتار» (٦) ناسراوە. تا ئێستا سی و حەوت مادە لەم یاسایانە خوێندراوەتەوە کە بەجوانی نیشان دەدەن زۆرتر لە کۆمەڵە یاساکانی ترە وە لەوحەی حەمووڕابی دەچن وەرگێڕاوی یەکێک لە مادەکانی ئەو یاسایە لەمەڕ ژنانەوە بەم

جۆرەیە:

«ئەگەر قەرزدار بمرێ، خاوەن قەرزەکە منداڵەکانی قەرزداری لە گرێودایە نابێ کچی قەرزدار بە کۆیلەیەک بەشووبدا، چونکە بەم جۆرە منداڵەکانی ئەو دەبنە کۆیلە و قەرزی خاوەن قەرز هیچ پێوەندی بە منداڵی منداڵی قەرزدارەوە نییە.

لەناو ئەو سەنەدە گرینگانەی کە لەمەڕ جێگەی ژنان لە سومێری کەونارادا وەدەس کەوتووە، لەوحە گەلێک هەن کە هەڵگری حوکمی دادگاکانن و چەند نموونەیەکیان لێ دێنینەوە:

سەنەدی هەوەڵ کە وێدەچێ هی ژنێک بێ کە دژ بە مێردەکەی کاتێک لەگەڵی هاوسەربن دەبێ پارێز دەکا لە وتنی وشەی شیرین و پڕ لە خۆشەویستی. لەم لەوحەدا کە حوکمی دادگاشی تێدایە پاش سەنای «ئینانا» خاتوو خوای ئەوینی سومێری و پاش ئیشارە بە وشەگەلێکی شیرین و پڕ لە خۆشەویستی کە «ئینانا» بە «دومۆزی» مێردەکەی خۆی دەوت، هاتووە کە: ژن دەبێ وشەی شیرین فێری مێردەکەی بکا و خۆشی ئەم وشانە بەو بڵێتەوە» (٧)

لەوحەیەکی تر کە ئەویش هەر حوکمی دادگاکانی سومێری تێدایە و سومێرناسان ناویان ناوە «موحاکەمەی ژنی خامۆش» بەم شێوەیە دەدوێ کە:

پیاوێک بەدەس سێ کەس دەکوژرێ. بکوژەکان ئەم مەسەلەیە بەژنی پیاوە کوژراوەکە دەڵێن و ژنەکەش لەلای کەس نایدرکێنێ. پاشان مەسەلەکە ئاشکرا دەبێ. دادگا بەدووی بکوژەکاندا دەگەڕێ.

کۆڕێکی پێکهاتوو لە نۆ کەس کە بەرپرسی مەسەلەکەن، ژنی پیاوە کوژراوەکەش لەگەڵ بکوژەکان دەکێشنە دادگا. دوو وەکیل دەبنە پارێزەری مافی ژنەکە و بەڕوون کردنەوەی ئەم بۆچوونە کە ژنە بەهیچ شێوەیەک لە مەسەلەی مەرگی مێردەکەیدا دەستی نەبووە، داوای ئازادی ئەو لە دادگا دەکەن.

قازییەکان بۆچوونی وەکیلە پارێزەرەکان قەبوول دەکەن، چونکە پیاوە کوژراوەکە لەوە پێش نەفەقەی ژنەکەی نەدەدا و ژنەکەش هەر لەبەر ئەوە مەسەلەکەی نەدرکاندبوو. بەم جۆرە سێ کەسەکە وەک گوناحباری ڕاستەقینە ئیعدام دەکرێن و ژنە ئازاد دەبێ. ئەو موحاکەمەیە زۆرتر لەبەر ئەوە لەمێژووی قەزایی جیهاندا بایەخی هەیە کە نیشان دەدا سومێرییەکان، کۆنترین خەڵکێکن کە لە دادگاکانیاندا لە «هیات منصفه» کەڵکیان وەرگرتووە.

## جێگای ژن لە دەقەکانی مافی (بابێل) دا (٨)
## «لەوحەی حەموورابی»

حەموورابی (لە ڕەچەڵکەی سامی) ناوی شەشەمین پادشای ڕەگەزی پادشایانی بیانی بابێلە، کە لە ئاخرو ئۆخری هەزارەی سێهەمی (پ. ز) هەڵمەتیان کردە سەر ئەم وڵاتە.

ئەو لە (٢٠٣٥) تا (٢٠٦٧)ەوە لەم وڵاتە پاشایەتی کرد. ناوی حەموورابی، بەهۆی دیتنەوەی کۆمەڵە یاسایەک لە کاولاشەکانی شووش (لە خووزیستان) دۆزراوە و زانرا کە ئیلامییەکان پاش گرتنی بابێل، ئەوەیان لەوێڕا بەغەنیمەت گرتووە و هێناویانەتە پێتەختی خۆیان و دواتر لەتەکانی تری ئەو لەوحەیە لە وڵاتانی تر دۆزرایەوە. بێ شک وەک یاساکانی تر، زۆرێک لە یاساگەلی ناو لەوحی حەموورابی بەر لە حەموورابی دا ئەم یاسایانە کۆ کراونەتەوە و نووسراون. چونکە حەموورابی ڕیفۆرمێکی کۆمەڵایەتی دەسپێکرد کەوەک دەوترێ کۆمەڵگای ئەوکاتی بابێل بەهۆی کێشەو قەیرانی زۆر، پێویستی پێی بووە. کۆکراوەی یاساگەلی حەموورابی نیشانەیەکی ڕوون لەو ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتییەیە کە بۆ وێنە لەوێدا هەوڵ دراوە یاساگەلی پێشکەوتوو کە لە کۆکراوەی یاساکانی سومێریدا باس لە بەرامبەری ژن و پیاو دەکا، بەشێوەیەک بنووسرێتەوە. هەمبەربوونی یاساگەلی حەموورابی لەگەڵ «ژن» لەبەر ئەمە جێی بایەخە کە لێکۆڵەران ئێستاکەش ڕیشەی کۆنترین یاساگەلی کۆکراوەی مێژووی مرۆڤ، یانی حەموورابی هەر لە ژیاری سومێرییەکان دەزانن. بەم جۆرە واتا گەلی تەعدیلکراو لە یاساکانی حەموورابیدا کە تارادەیەک باس لەبەرژەوەندی ژن دەکا، لەگەڵ ژیارو کولتووری کۆنی مەڵبەندی نێوان چۆمان تێکەڵەو، وڵاتی ئێمە کە لە باری کولتوورییەوە خزمایەتییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی نێوان چۆمان هەیە ناتوانێ بەدوور بێ لە شوێنەواری باش و گیان بەخشی ئەو ژیارە، چونکا بەپێی سەنەد و بەڵگەو دەقە مافییە دۆزراوەکان لە سومێری کەونارادا، ئێمە میراتگری ژیار و کولتوورێکی یەک جار کۆنین کە لەودا شێوەگەلی فەننی مافی یاسادانان ناسراوە: ئەوەش هەزاران ساڵ بەر لەئەوەیە کە گەلەکان و نەتەوەکانی تر «یاسادانان» بە عەزمەتی کولتووری خۆیان بزانن. بێجگە لەوە، ژن لە دەقە مافییەکانی کۆمەڵگای سومێریدا کە حەموورابی هەوڵی ژیانەوەی داوە، جێگایەکی بەرزو شیاوی بووە...

وێکچوونی نێوان یاساگەلی حەموورابی و یاساگەلی تەورات کە شەش سەد ساڵ دواتر کۆکراوە، وا دەنوێنی کە

گردارەکانی تەورات، پێشوازییان لە زۆربەی یاساگەلی حەمووڕابی کردووە.

یاسای «تەوراتی ئینجیلی» «چاولە جێی چاو» کە بناغەی سزادان لە دینەکانی «یەهوودی- مەسیحی» دایە، بەپێڕەوی لە یاساگەلی قەساسی حەمووڕابی نووسراوە. بەم جۆرە یاساگەلی حەمووڕابی هەرچەند بەهۆی جێگەی زەمانی و پانتایی پێوەندییە جیهانییەکان لەمەڕ مافی توجارەت و پێوەندییەکانی هاوشاری بوون و مافی ژن، لایەنی پێشکەوتن خوازانەی لەخۆ گرتووە، بەڵام بناغەی هزری تووڕەی کولتووری «شوانی- سامی» لەودا بەشێوەیەکی ڕوون، دەبیندرێ.

## مافی ژن لە لەوحەی حەمووڕابی دا

کۆمەڵە یاسای نووسراوی حەمووڕابی بریتییە لە دوو سەد و هەشتاو دوو فۆرمۆل (یان بەزاراوەی ئەورۆ مادده)، کە تەواوی ئەو ماددانە بەم جۆرەن، «ئەگەر کەسێک فلان کارەی کرد دەبێ فلان بکرێ».

لەم کۆکراوەیەدا ئەسڵ یان قاعیدەیەکی گشتی بەدی ناکرێ، بەڵکو ماددەکانی تەریب لەگەڵ ئیدیعاکانی ژیاری و جەزایی کە لە دادگاکانی بابێل دەوترا، گەڵاڵە کراوە. ئەو ماددانە باس لە مەسەلەی جۆراوجۆر دەکەن: بۆ وێنە «مافی خاو و خێزان» کە مافی ژن لەودا داپۆشراوە. یاسای حەمووڕابی ڕێفۆرم گەلێکی لە یاساکانی پێشوودا پێک هێناوە و مافێکی زۆرتری بۆ ژن و منداڵ تەرخان کردووەو بارودۆخی بۆ وان باشتر کردووە. لە یاسای حەمووڕابی: «ژن یەکێکە بەڵام ئەگەر نەزۆک بێ، دەکرێ ژنی غەیری ڕەسمی هەبێ. زەماوەندی بێ بەڵگە یاسایی نییە. ئەگەر کەسێکی ئازاد لەگەڵ ژنێکی کۆیلەدا زەماوەند بکا، ئەو ژنە کۆیلەیە پلەی ئازادی وەدەس دێنێ.

گیازی هی خودی ژن یان بنەماڵەی باوکێتی، بەڵام پیاو دەتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ. ژن و مێرد بەرپرسی قەرزی یەکتری نین، هەڵبەت ئەگەر ئەو قەرزە هی بەر لە زەماوەندیان بێ. ئەگەر مێرد ژنەکەی تەڵاق بدا دەبێ گیازێکەی بداتەوەو بەشەماڵی کوڕێکی بداتێ، بەڵام ئەگەر ژن نەزۆک بێ تەنیا دەبێ گیازێکەی بدرێتەوە. ئەگەر ژن خەیانەتی کرد مێردەکەی یان دەری دەکا یان دەیکاتە کۆیلە.

ئەگەر پیاو بەدیل گیرا، ژن دەتوانێ شوو بکاتەوە بەڵام ئەگەر مێردەکەی پێشووی گەڕاوە، دەبێ بگەڕێتەوە لای. لەمەڕ بێوەفایی ژن یان پیاو بەیەکتری، سزای ژن یەکجار قورسترە.

لەمەڕ بوختان کردن بەژنێک، موحاکەمە دەبێ خودایی بێ، یانی ژن دەبێ خۆی بخاتە چۆمێکەوە ئەگەر ئاوەکە نوقمی نەکرد، ئەوە بێ گوناحە. مێرد لە ژنەکەی میرات ناگرێ چونکە ماڵی ژن هی منداڵەکانییەتی، بەڵام ژن بێجگە لە گیازێکەی خۆی بەشێک لە ماڵی مێردەکەی، کە مردووە، وەک دیاری وەردەگرێ، ژن دەتوانێ بۆ خۆی ماڵی خۆی هەڵسووڕێنی یان بەکرێی بدا، گیازی خۆی وەربگرێ یان بچێتە ڕیزەی رووحانییەکانەوە. بێوەژنان و کچان دەتوانن سەربەخۆ سەودا بکەن. ژنانی مێرددار لە سەوداو موعامەلەدا مێردەکانیان دەکەنە وەکیل. ژن پاش مەرگی مێردەکەی دەتوانێ شووبکاتەوە و ئەگەر منداڵەکانی نەهێڵن دەبێ دادگا ناوبژی بکا. ئەگەر منداڵانی ژنەکە لەمێردی هەوەڵی هەتیو بن، دادگا دەبێ سەرپەرشتیاریان بۆ هەڵبژێری و هێندێک لە ماڵی مێردی پێشووی ژن بداتە مێردی دووهەم، بێ ئەوەی کە ئەو مافی فرۆشتنی هەبێ.

منداڵ لەهەر دایکێک بن لە میراتگرتن وەک یەکن. بەڵام باوک دەتوانێ وەسیەت بکا کە ماڵی نەگۆزراوە(٩) بدرێ بە خۆشەویستترین کوڕی. منداڵ گیازی دایکیان بەقەد یەک دەکەوێ بەڵام دایک دەتوانێ ئەو دیارییەی لەمێردەکەی خۆی وەری گرتووە، بداتە یەکێک لە منداڵەکانی. ئەو کچانەی کە گیازیان وەرگرتووە میرات ناگرن بەڵام ئەوانەی گیازیان وەرنەگرتووە لە میراتگرتن وەک کوڕەکان بە ئەژمار دێن، براکان میراتگری خوشکەکانن، بەڵام کوڕ دەتوانێ لە ماوەی ژیانی خۆیدا بەشێک لە ماڵەکەی بداتە کچەکان بەو مەرجە کە ئەوان بەشەرتی وەسیەت بەهەر کەس کە دەیانهەوێ بیدەن.

لەم مەسەلەیەدا براکان هیچ مافێکیان لەمەڕ ماڵی خوشکان نییە. ئەو کوڕانەی کە لە ژنانی مارەنەکراو لە دایک بوون و پاشان باوکیان ئەوانی بە منالی خۆی ناسیوە لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە لە ژنی مارەکراو لە دایک بوون، بەیەک ڕادە میرات دەگرن، ئەو کوڕانەی کە بە منداڵ ناناسرێن تەنیا ئازاد دەبن. ئەو کچەی کە لەژنی مارە نەکراو لە دایک بووە لە براکانی گیاز وەردەگرێ. لە کۆمەڵە یاسای حەمووڕابی، بناغەی سزاکان لەسەر قەساسە: «چاو لە جێی چاو، ددان لە جێی ددان» و... ئەم قاعیدەیە وەها بەجیددی بەڕێوە دەچوو کە بۆ وێنە مەمکی دایەنی گوناحباریان دەبڕی.

## مافەکانی تری ژن لە بابێل

بێجگە لەو مافانەی کە لە لەوحەی حەمووڕابی بۆ ژن

ڕەچاوکراوە، لەناو لەوحەو بەڵگەنامەکان چەند وەسیەت نامەیەک وەدەس کەوتووە کە بەپێی ئەوانە مێرد پاش مەرگی خۆی تەواوی ماڵی خۆی بەژنەکەی بەخشیوە وەئەو ماڵە پاش مەرگی دایک دەبێتە میراتی منداڵ، بەو مەرجە کە منداڵەکان لە ماوەی ژیانی دایکیاندا لەژێر سەرپەرەشتی ئەودا بمێننەوە. لە غەیری ئەم شێوەدا دایک دەیتوانی ئەوان لە میرات بێ بەری بکا.

هەروەها ژنان مافی ئەوەیان هەبوو وەک پیاوان لە دادگا شکایەت بکەن یان بەڵگەنامە ڕەسمییەکان بە مۆرکی خۆیان مۆرکەن. بەتایبەت ژنانی چینی دەست ڕۆیبیو بەهیچ شێوەیەک لە پیاوانی خۆیان کەمتر نەبوون و بەغیلییان بە بارودۆخی مێردەکانیان نەدەبرد، چونکە ئەوان دەیانتوانی لە بەڵگەنامەی مارەکردندا، مەرج و ماف گەلێکی تایبەت بۆخۆیان ڕەچاو بکەن و بێجگە لەوەش وەک مێردەکانیان مافی ئەوەیان هەبوو هەر قەرارو بڕیێک کە بیانهەویستبا بیبەستن.

هەروەها لە شوێنەوارەکانی دۆزراوە لە بابێل، دیتراوە کە ژن لە کاروباری حیساب و پیشەسازیدا، دەوری هەبووە و بۆ وێنە وتراوە کە: ئەگەرچی زۆربەی حسێب کاران پیاو بوون، بەڵام بەڵگەنامە گەلێک هەیە کە نیشان دەدا حیسابکاری ژنیش لەناو ئەواندا هەبووە، ئەم بەڵگەنامانە دەسەلمێنێ کە خزمەتی ژن لە ئیدارەکاندا، یادگاری چاخە کۆنەکانی کەونارایە.

بەڵگەنامە و بەردەنووس گەلێکیش دۆزراوەتەوە کە باس لە مووچەدان بەجۆڵا و تەونکاران دەکا.

ئەوان هەمموویان مووچەی خۆیان لە پەرستگە وەردەگرت.

سەیر ئەوەیە کە هێندێک لەو مووچە خۆرانە کە ناویان لە پێرستەکەدا هاتووە ژنن. بەم جۆرە دەکرێ بڵێین ژن لە پیشەسازی بابێل دەوری هەبووە و بەهۆی پێوەندییەک کە لەگەڵ چالاکییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنان بوویەتی شوێنی ئەو لە ئابووری ناوچەی ئێرانی کولتووریدا حاشا هەڵنەگرە. وا هەیە لە داهاتوودا بەڵگەنامە و لەوحە گەلێکی تر بکەوێتە دەست توێژەران کە ڕادەی ئەو شوێنەوارە ڕوون کاتەوە. ئێستاکە تەنیا دەکرێ بوونیان بسەلمێنین.

### مافی ژنانی ئاشووری: (۱۰)

بێ شک ئاشوورییەکان بەنۆبەی خۆیان وەک باقی گەل و نەتەوەکانی نیشتەجێی ناوچە، ماف گەلێکی تایبەتییان بۆ خۆیان هەبووە. بەداخەوە دەستی چارەنووس یان بە وتەیەکی تر، بێڵ و قوڵینگی پشکێنەرانی پسپۆڕ تا ئێستا نەیتوانیوە کۆمەڵە یاسای ئەوان بدۆزێتەوە و تەنیا شوێنەوارێک کە وەدەست کەوتووە، بریتییە لە دەق گەلێک کە هەڵگری زنجیرە زاراوەیەکن کە لە یاساکانی مافی ژناندا لەساڵی (۱۳۵۰ی پ. ز)دا نووسراون. ئەم یاساگەلە کە لە قۆناغێکی تر لە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا کۆکراوەتەوە جیاوازییەکی یەکجار زۆریان لەگەڵ یاساکانی حەمموورابی هەیە و شێوازو دەروونیاتی ئاشوورییەکان لە هەمبەر بابێلیەکان نیشان دەدا. ئەم یاساگەلە لە بەراوەرد لەگەڵ ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵە یاسای حەمموورابی لەمەڕ ژندا دەدیترێ، هێدی و هێورتر دەنوێنێ.

**سەرچاوە:**

**«شناخت هویت زن ایرانی، لاهیجی، شهلا، مهرانگیزکار، روشنگران، تهران، ۱۳۷۱»**

**پەراوێزەکان:**

**۱- مەبەست ناوچەی نێوان دوو چۆمی دیجلە و فوراتە کە لە زاراوەی مێژوویبیدا پێی دەڵێن «بین النهرین».**

**۲- یەکێک لە کۆنترین ژیارەکانی مەڵبەندی نێوان چۆمانە لە چاخی کەونارادا کە «خەت»یان داهێناوە.**

**۳- یەکێک لەشارە گەورەکانی ناوچەی نێوان چۆمان بووە لە زەمانی کەونارادا.**

**٤- Shekel: واحیدی پووڵ بووە لە زەمانی حکوومەتی یاساکانی «ئوورنامۆ»دا.**

**٥- Bilalama**

**٦- Lipt- ishtar**

**٧- Gaddcyril. J-ideasofisine Rulein An- cient Near East oxfora uniresity Pressity Press 1968.**

**٨- یەکێکە لە ژیارەکانی نێوان چۆمان لە چاخەکانی کەونارادا کە ناوی شارێکی گەورەش بووە.**

**٩- مەبەست «اموال غیر منقول»ە.**

**١٠- خەڵکێک بوون لە باکووری بابێل لە ناوچەی نێوان چۆمان کە پاش قەڵاچۆکردنی حکوومەتی بابێل دەبنە دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیەو حکوومەتێک پێک دێنن.**

# دروستبوونی کەسایەتیی مرۆڤ

نەوزاد کەلهوڕ
(سلێمانی)

ژینگە و بۆماوە دوو هێزی جیاوازن، هەریەک لەم دوو هێزە کاریگەریی خۆیان لەبۆ دروستبوونی کەسایەتیی مرۆڤ هەیە، چونکە هەریەکەیان کار لە کاردانەوەی مرۆڤ دەکەن، جا ئەم کارلێکەرە دەرەکی بێت، یان کارلێکەری ناوخۆ بێت.

مەسەلەی ژینگە و بۆماوە تاوەکو ئێستا لای زانایانی دەروونزانی کێشمەکێشم و مقۆ مقۆیەکی زۆری لەسەرە، یان بەمانایەکی تر بلێین ئەم مەسەلەیە یەکلانەبۆتەوە لایان، هەندێک پێیان وایە تەنیا ژینگە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی کەسایەتی وەکو قوتابخانەی ڕەفتاری (سلوکی) ئەمەریکی کە دەروونزان (واطسن) ڕابەرایەتی دەکرد و یەکێک لە قسە بەناوبانگەکەی واطسن ئەوەیە کە دەڵێت: «١٠ منداڵی لەش ساغم بدەرێ، چۆنت دەوێ وایان دروست دەکەم هونەرمەند، زانا، بازرگان، دز و پیاو خراپ، چاوپۆشی لە مەیل و بەهرە و ڕەچەڵەکی دەکەین»(١).

بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە هۆکاری بۆماوە هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستبوونی کەسایەتی، بە پێچەوانەی قوتابخانەی ڕەفتاری، بەڵام چینی سێیەم دەڵێن هەریەک لە ژینگە و بۆماوە شان بەشانی یەکتر دەڕۆن هەردووکیان بەیەکەوە بەشدارن لە دروستبوونی کەسایەتی، ژینگەیەکی چاک و لەبار و گونجاو، بۆ ماوەیەکی چاک کار دەکەن بەیەکەوە، هەرگیز ناتوانین لە یەکتریان جیابکەینەوە و هەروەها بە ئاسانی ناتوانین تایبەتمەندیی تاکەکەس لە ژینگە و بۆماوە لێک جیابکەینەوە، چونکە هەریەک لەمانە پڕکەر و تەواوکەری یەکترن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زانایان سوورن لەسەر ئەمە کە کاریگەریی هەریەک لەمانە لە یەکتری جیابکەنەوە.

ژینگە هێزێکی سەربەخۆ نییە لە بۆماوە و ناشتوانین بۆی زیاد بکەین، بەڵکو هێزێکە کار لە یەکتری دەکەن و هەریەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوی تر هەیە(٢).

گومان لەوەدا نییە کە بیروبۆچوونێکی هاوبەش هەیە لەنێوان ئەو زانایانەی کە لە بواری دروونزانی کاردەکەن کە تاکە هۆکارێک بە تەنیا کار لە دروستبوونی کەسایەتی ناکات، بەڵکو زۆر هۆکار و گۆڕان هەیە لە پێکهاتنی کەسایەتی بەشدار دەبن، بۆ نموونە هۆکاری بۆماوە بەرپرسە بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەندێک سیفەتی مرۆڤ وەکو ئەوەی (ڕەنگی چاو، کورت و درێژی، ڕەنگی پێست) ئەمانە هەتا ڕادەیەکی زۆر پێوەندییان بە هۆکاری بۆماوە هەیە، بەڵام وەرگرتن و فێربوونی دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئەمە زیاتر پێوەندی بە هۆکاری ژینگەوە هەیە، کە مرۆڤ تێدا فێردەبێ ڕێژەی کاریگەری هەر یەک لە ژینگە و بۆماوە جیاوازە لە قۆناغەکانی تەمەن. بۆ نموونە تەمەن درێژی ئەگەر چاودێری تەندروستی چاک هەبێ لە کاتی پێش لە دایکبوون و لەکاتی منداڵیش دەبێتە کەمی مردن تاڕادەیەکی زۆر ئەمە هۆکاری ژینگە، بەڵام کە مرۆڤ گەیشتە قۆناغی تەمەنی مامناوەندی باڵای کورت بێت یان درێژ لێرەدا هۆکاری بۆماوە تاڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی خۆی دەبینێ.

هەر چۆنێک بێت (ژینگە و بۆماوە)ی چاک و ڕێکوپێک هەردووکیان بەیەکەوە بۆ وەدەستهێنانی کەسایەتییەکی چاک و دروست کار دەکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە (ژینگە و بۆماوە)ی نارێک و خراپ دەبێتە هۆی پەیدابوونی کەسایەتییەکی نارێک ئەگەرچی ناتوانین بە ئاسانی لە یەکیان جیابکەینەوە و ڕێژەی دیاریکراو بۆ هەر یەکێکیان دابنێین، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵ و کۆشش لە ئارادایە بۆ ئەوەی دەستنیشانی کاریگەریی هەریەک لە ژینگە و بۆماوە دەستنیشان بکەین وەکو ئەوەی دوو منداڵی (جمک)ی بەیەک چوو لە دوو ژینگەی جیا لە یەکتری پەروەردە بکرێن کە ئەم دوو جمکە یەک بۆماوەیان هەیە، یاخود دوو منداڵی جیاواز لە یەک ژینگە پەروەردە بکرێن(٣) بۆ زیاتر ڕۆشنایی خستنە سەر ئەم بابەتە هەریەک بە جیا باسیان لێوە دەکەین.

## هۆکاری بۆماوە

بۆماوە زانستێکە گرنگی دەدا بە گواستنەوەی سیفەتەکانی بایلۆژی لە دایک و باوکەوە بۆ نەوەکانی پاش خۆیان، یان گواستنەوەی سیفەتەکانی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

مرۆڤ ژیانی دەست پێدەکا پاش یەکگرتنی سپێرمی پیاو لەگەڵ هێلکەی ئافرەت، بۆ پێکهێنانی (زایکوت)، ئەم زایکوتە بە شانەی یەکەم لە قەڵەم دەدرێ و ئەم شانەیە بە چەند قۆناغێک ڕەت دەبێت.

هەموو شانەکانی لەش لە سایتۆپلازم و ناوک پێکهاتووە، پاشان دیواری شانەیی کە چواردەوری شانەی داوە، کرۆمۆسۆماتیش کە هەڵگری ماددەی (بۆماوە)ن لەسەر تەنە هەستیارەکان کە سەرپەرشتی لەسەر سیفەتە جیاوازەکانی ئۆرگانی زیندوو دەکەن، کە هەڵدەستێ بە گواستنەوەی بۆماوە لە دایک و باوکەوە بۆ نەوەکانیان و هەر کرۆمۆسۆمێک هەزارەها جیناتی هەیە.

کرۆمۆسۆم پێکهاتووە لە ڕێژەیەکی کەم لە مەغنیسیۆم و کالیسیۆم و ماددەی ئاسن و ماددەی D.N.A کە بە ماددەی سەرەکی دادەنرێ بۆ گواستنەوەی بۆماوە، سیفەتی ئەو ماددە ترشییە دابەش دەبێ بۆ دوو بەشی وێکچوو لەکاتی دابەشبوونی شانەی لەش. پاش کرداری یەکگرتن هێلکەیەکی پیتێنراو دروست دەبێت کە پێکهاتووە لە (٤٦) کرۆمۆسۆم نیوەی واتە (٢٣) لە باوک و نیوەکەی تر لە دایکەوە، هەموو ئەم کرۆمۆسۆمانە واتە هی دایک و باوک بە یەک دەچن تەنیا کرۆمۆسۆمی کۆتایی نەبێت.

**کەواتە دەتوانین کرۆمۆسۆم دابەش بکەین بۆ دوو جۆر:**

١- کرۆمۆسۆمی لەشی (جسمي) کە ژمارەیان (٤٤) کرۆمۆسۆمە.

٢- کرۆمۆسۆمی ڕەگەزی (جنسي) کە ژمارەیان (٢) کرۆمۆسۆمە.

کەواتە هەموو جیاوازییەک لە بۆماوە دەگەڕێتەوە بۆ کرداری فسیۆلۆجی لەناو شانەدا.

هەندێک جار ژمارەی ئەم کرۆمۆسۆمانە لە (٤٦) زیاتر دەبێت یان کەمتر، بەهۆی ئەم کەموکورییانەی لای پیاو یان ئافرەت پەیدا دەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی نارێکیی لەش و کەم عەقڵی ئەو منداڵەی لە دایک دەبێت کە بە (مەنغۆلی) بەناوبانگن(٤).

هۆی سەرەکیی منداڵی (مەنغۆلی) دەگەڕێتەوە بۆ زیادەی کرۆمۆسۆم، چونکە وەک ئاشکرایە شانەی یەکەم کۆرپەڵە پێک هاتووە (xx) یان (xy)، بەڵام جاری وا دەبێتە (xxy) واتە لە ژمارەی ئاسایی زیاد دەکا، ئەمانەش ڕێژەیان کەمە نزیکەی (٠,٢ ٪) واتە لە هەزاردا دووکەس تووشی ئەم بارە دەبن زیاتریش ڕەگەزی نێر تووشی دەبێت.

ئەم دوو جۆرە کرۆمۆسۆمەی باسمان کرد، هەریەکێکیان سیفاتی تایبەتی دەگوازنەوە، هی یەکەمیان هەمووی پێوەندی بە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤەوە هەیە وەکو ڕەنگی چاو، پێست...تاد. جۆری دووەم تایبەتمەندە بەدەستنیشان کردنی ڕەگەزی نێر یاخود مێ، کرۆمۆسۆمی

کۆتایی لای پیاو پێک هاتووە لە (xy)، بەڵام لای ئافرەت (xx)، هەر کاتێک کرۆمۆسۆمی (y) لای پیاو گەیشت بە (x)ی ئافرەت ئەوا منداڵەکە دەبێتە (xy) واتە کوڕ، بەڵام ئەگەر (x)ی پیاو گەیشت بە (x)ی ئافرەت ئەوا منداڵەکە دەبێتە (xx) واتە کچ، کەواتە پیاو بەرپرسە لە دەستنیشانکردنی ڕەگەزی کوڕ یان کچ، کەچی بیروباوەڕێکی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا هەیە کاتێک ئافرەت کچی دەبێت پیاوەکەی خۆی لێ تووڕە دەکا و بەسەریا دەقیڕێنی، یاخود هەڵدەستێ ژنێکی تر دەهێنێ بە مەبەستی ئەوەی ئەمجارە کوڕی دەبێت.

**هۆکاری ژینگە**

پاش پیتێن (تلقیح) هەر گۆڕانکارییەک بەسەر کۆرپەی ناو زگی دایکدا بێت ئەوا ژینگە تێدا بەرپرسە.

**هۆکاری ژینگە دابەش دەکرێت بۆ دوو بەشی سەرەکی:**

١- قۆناغی پێش لە دایکبوون.

٢- قۆناغی دوای لە دایکبوون.

کاتێک کۆرپە لەزگی دایکدایە، ئەم دایکە بەرەوڕووی چەند شتێک دەبێتەوە کە ڕاستەوخۆ کار لە کەسایەتیی کۆرپەڵە دەکەن یەکێک لەم شتە گرنگانە بەدخۆراکی (سوء التغذیة) کاتێک ئافرەت تووشی بەدخۆراکی دەبێت لەبەر هۆی هەژاری و کەم دەرامەتی، ئەو خۆراکەی دەیخوا لە ئاستی پێویستدا نییە، چونکە ئافرەتی دووگیان پێویستی بە خواردنی زیاتر هەیە وەکو ڤیتامین، کاربۆهیدارت چەوری، کاتێکیش ئافرەت ئەمانەی کەم بوو، منداڵەکە تووشی نەخۆش لاوازی و ئێسکە نەرمە و دەیەها نەخۆشی تر دەبێت، یاخود هەندێک جاری تر هەر کۆرپەڵە لە زگیایە دایکەکە تووشی ڕاچەنین (صدمة) دەبێت ئەمەش کاری خۆی دەکات، یاخود تیشکی (x) کاریگەریی خۆی هەیە، خواردنەوەی مەی و جگەرەکێشانیش کاری خراپ دەکاتە سەر دروستبوونی کەسایەتی منداڵ.

قۆناغی پێش لەدایکبوون بە خێراترین قۆناغ دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤدا، چونکە لەیەک شانە دەبێتە مرۆڤێکی تەواو، نزیکەی کێشی دەبێتە (٣/٥) کغم هەروەها درێژی دەبێتە نزیکەی (٤٥)سم(٥)، بۆیە پێویستە دایک لەم ماوەی زگپڕییەدا ئاگاداری خۆی بێت لەخواردن و خواردنەوە و خۆ دوورخستنەوە لە پشێویی دەروونی و داودەرمان لەژێر چاودێریی پزیشکی شارەزا نەبێت بەکاری نەهێنێ.

٢- قۆناغی پاش لەدایکبوون:

ئەم قۆناغە دەست پێدەکا بە جیابوونەوەی منداڵ لە دایکی و تاوەکو لەژیاندابێت ئەم قۆناغە بەردەوام دەبێت، دیارە ئەم قۆناغە گرنگییەکی گەورەی لەسەر گەشەی منداڵ و پەروەردەکردنی هەیە، هەروەها دەستنیشانکردنی ڕەفتاری منداڵەکە بۆ پێکهاتنی کەسایەتی و ژیری و دەروونی.

زانایان وای بۆ دەچن کە منداڵ لەم قۆناغەدا سەرەڕای هۆکاری بۆماوە دەکرێ لەژێر چاودێریدابێ لەبەر ئەوەی دەروونی منداڵ خاوێنە و هیچ نەخشێکی لەسەر نەکراوە و هیچ بیروبۆچوونی مەیلی لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر ناڕوا.

دیارە گرنگیدان بە پەروەردەی منداڵ لە ڕێگەی دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتی (المؤسسات الاجتماعیة) وە دەبێت وەکو ماڵ و قوتابخانە و شوێنە پیرۆزەکان.. تاد، منداڵ لەم دامەزراوانە دەتوانێ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی پەرە پێبدات، هەروەها لە بنکەکانی ڕاهێنانی وەرزش و چالاکییەکانی هونەری دەتوانێ توانستی جوولەیی (المهارات الحرکیة) پەرە پێبدات و لە دەزگای هونەری هەرچی بەهرەو مەیلی هونەری هەیە دەتوانێت بیهێنێتە دی، لەمانەش گرنگتر ئەوەیە ڕەفتاری دایک و باوک و هەڵسوکەوتیان و بیروباوەڕیان کارێکی زۆر لە ڕەفتاری منداڵەکانیان دەکەن، نابێت هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەبیر بکەین کە چ کاریگەرییەکی گرنگ لە کەسایەتیی مرۆڤ دەکا وەکو T.V و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤاری منداڵان یاخود زنجیرەی کارتۆنی پێویستە پێش ئەوەی پێشکەش بکرێت چەند کەسانێکی پسپۆڕ لە بواری پەروەردەی منداڵ، شارەزا لە دەروونی منداڵ سەیری ئەم زنجیرە کارتۆنییانە بکەن ئەگەر لە ڕووی پەروەردەییەوە ڕێگای درا ئینجا پێشکەش بکرێن بۆ ئەوەی بتوانین نەوەیەکی چاک ئامادە بکەین و فێری دابونەریتی ڕەسەنی کوردەوارییان بکەین.


**سەرچاوەکان:**

**١- مدرسة سلوکیة بزعامة واطسن اصول علم النفس/ عزت راجع.**

**٢- سەرچاوەی پێشوو.**

**٣- علم النفس التربوي، د. فاخر عاقل.**

**٤- زانا (لانجدون langdon) ئەم ناوەی لێناون گوایە خەڵکی مەنغۆلیا ئەم شێوەیان هەیە.**

**٥- علم النفس الطفولة والمراهقة، د. مصطفى فهمي.**

# تێزی کۆتایی مێژوو لەنێوان فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیادا

## هیگڵ لە مەغریبەوە بۆ ئەمریکا

**محەمەد شوکری**

**لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل**

بیرۆکەی کۆتایی نەڕاستە و نە هەڵەیە، بەو ڕادەیەی کە لەلایەنی مێژووییەوە دووچاری دڵەڕاوکێمان دەکات و دەمانخاتە نێو خانەی کۆیلایەتی، بەو ڕادەیەش هانمان دەدات بەشێوەیەکی فەلسەفییانە بیری لێبکەینەوە و بەشێوەیەکی قووڵتر بڕوانینە خودی هزر خۆی و بابەتەکانی. بەو قووڵاییەی کە هایدگەر لە بارەیەوە دەڵێت: «دەستنیشان کردنی هیگڵ بۆ مێژوو وەک ئەوەی بریتییە لە پێشڤەچوونی هزر، دەستنیشان کردنێکی ڕاست نییە لە بەشێکدا و هەڵەش نییە لە بەشێکی تریدا. ئەوە دەستنیشان کردنێکی ڕاستە بە ڕادەی میتافیزیکای هیگڵ-ی کە توانی بۆ یەکەمجار ماهییەتی ڕەهای خۆی لەنێو سیستەمی فەلسەفیدا بەدی بێنێت».

هیگڵ؟ هەموو فەلسەفەکاران بەژێر ئەو بالاخانە بەرزەی فەلسەفەدا تێپەڕیون و لەنێو ئەو پەرستگایەدا نیشتەجێ بوون و سەرسام بوون بەو قووڵاییە دیالیکتیکییەی یەکێتی نێوان خود و بابەت، نێوان هزر و بوون، عەقڵی و واقیعی، هەمەکی و جوزئی، عەینی و ئەپستراکت، فرمان و ماف، پێداویستی و ئازادی، ژیان و مەعریفە، ناسنامە و جیاوازی، لێکچوو و دژ، مادە و وێنە، جەوهەر و ڕوخسار، هۆ و ئەنجام، یەکانەیی و زۆری، بوون و نەبوون.

هەموو فەلسەفەکاران لەنێو ئەو پەرستگا هیگڵ-ییەدا جێنشین بوون، تەنانەت ئەوانەی کۆچیشیان کردو جێیان هێشت، هەر بەردەوام ڕێزیان گرتووە، یان ئەوەتا بیرۆکەیەکیان لێی وەرگرتووە، یا چەمکێک. کاریگەری نووسینەکانی هیگڵ، بەتایبەتیش «لۆژیک» و

«فــــینۆمـــینۆلۆژیای ڕۆح» زۆر گـــەورە بوون بەســـەر فەلسەفەکارە مەزنەکانی وەک: مارکس، کیرکەگۆر، هۆسرڵ، هایدگەر، کۆجیف، هیپۆلێت، پاتای، لاکان، فوکو،.. تاد. هەموو تەلارە فەلسەفییەکان لەسەر بنچینەی هزری هیگڵ-ی وەستاون و لەژێر پاڵتۆکەی «لۆژیک» یا «فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح» هاتوونەتە دەرەوە: مارکسیزم، بوونگەرایی، فینۆمینۆلۆژیا. زەحمەتە بتوانرێت شمولییەتی هزری هیگڵ کۆبکرێتەوە، لەبەر هێزی ئەپستراکت بووی، لەوەتەی هیگڵ مردووە بەردەوام دۆزینەوەی نوێی تێدا دەکرێت، ئەو وەرچەرخانانەی ئەو هێنایە بوون لە بواری مێژوودا، پاڵی بە چەندین نەوە لە فەلسەفەکارانەوە نا تاوەکو لە ڕێگای وەرگێڕان و خوێندنەوەدا، چەندین کیشوەری نوێ بدۆزنەوە، بەڵام لەکاتی ئێستادا چۆن دەتوانین پێوەندییەکی پتەو لەنێوان خۆمان و هیگڵ-دا دروست بکەین؟ چ پێوەندییەک ئێمە لە مەغریب وەک شوێن لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا وەک کات، جارێکی تر ئێمە بە هیگڵ دەبەستێتەوە؟ هیگڵ کە زۆر لەلایەنی فەلسەفییەوە توندە بە ئاستی یەکخستنی نێوان هزر و بوون بە شێوەیەکی پێوانەیی لەلایەنی سیاسی و مێژووییەوە، ئەو یەکخستنەی کە دەبێتە هۆی دوورخستنەوە و پەراوێزکردنمان لەنێو مێژوودا، بەو سیفەتەی کە ئێمە بەشێکی بچووکی سەر بە ئەوروپاین.

ئالێرەدا سەرەتای ئەو نمایشە دەست پێدەکات کە پێشنیاری کردبوو بکرێتە چەندین دیمەن و وێنەی دابەشکراو کە لە ئەوروپا، بەتایبەتیش لە ئەڵمانیا و فەرەنسا دەست پێدەکات، دواتریش بە باکووری ئەفریقیا تێپەڕدەبێت بۆ ئەوەی بگاتە ئەمریکا. هیگڵ چۆن ئەو گەشتەی کرد؟ سیستەمی هیگڵ-ی چۆن توانی ئەو گەشتە ئەنجام بدات؟ ئایا فەلسەفەکاری هایدلبێرگ لەو شوێن و ناوچانە پێشوازی لێکراو بوو؟ بە گوزارشتێکی ڕوونتر، ئایا تیۆری فەلسەفی- بەتایبەتیش کاتێک هەڵگری کۆمەڵێک حوکمی پڕ لە مێژووی فەلسەفە بێت- چۆن توانی گوازراوە و کۆچەر بێت سەرەڕای ئەوەی لە بەرانبەر مافی ئێمەدا زۆر توندە؟

**(١) دیمەنی یەکەم: هیگڵ فەلسەفەکاری کۆلۆنیالیزم لە مەغریب:** پێویست بوو ئەو بەشەی ئەفریقیا، بە ئەوروپا بلکێنرێت، هەر دەشبێت وای لێبکرێت، لەولایەنەوە، بەو دوایانەی فەرەنسییەکان هەوڵی سەرکەوتوویاندا، چونکە ئەویش وەک ئاسیای بچووک پێدەچێت ڕووەو ئەوروپا بێت. ئالێرە قرتاجی ڕۆمانی، بیزەنتی، ئیسلام و عەرەبەکان، جێگیر بوون، هەروەها بەرژەوەندی ئەوروپاش لە خەباتدا بووە بۆ ئەوەی جێ پێی خۆی لەسەر ئەو خاکەدا بکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی لەناوی ئەفریقیا تێدەگەین، ئەوەیە کە ئەو ڕۆحێکی ناپێشقەچووە کە هیچ مێژوویێکی نییە، هیچ پێشکەوتن و گەشەکردنێکی نییە، تائێستاش بە تەواوی داخراوە و لەنێو حاڵەتی سروشتی پەتیدایە، دەبووایە لێرەدا وابخرێتە ڕوو وەک ئەوەی تەنیا واقیعێکە لەبەردەم دەرگای مێژووی جیهاندایە. (کتێبی عەقڵ لەنێو مێژوودا- هیگڵ بەشی یەکەم، چەند وانەیەک لە بارەی فەلسەفەی مێژوو).

لە تێڕوانینی هیگڵ-دا، مێژووی جیهان لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا دەڕوات، ئەگەر خۆر لە خۆرهەڵات هەڵدێت و لە خۆرئاوا ئاوا دەبێت، ئەوە خۆری وشیاری بەشێوەیەکی کز و ناڕووناک لە خۆرهەڵات هەڵدێت و بە ڕووناکییەوە لەخۆرئاوا ئاوا دەبێت، مێژووی جیهانیش تەنیا بریتییە لە ڕاهێنانی ویستی سروشتی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی. خۆرهەڵات تەنیا یەک کەسی ئازاد دەناسێت، بەڵام جیهانی یۆنانی و ڕۆمانی هەندێکی ئازادی تێدا بوو، لەنێو جیهانی جێرمانیشدا هەموو کەسێک ئازاد بوو.

سێ حاڵەت هەیە: سەرکوتکردن، دیموکراتییەتی ئەریستۆکراتی، موڵکدارێتی. ئەوە گەشتی ڕۆحە کاتێک لەخۆرهەڵاتەوە دەچێتە خۆرئاوا بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ماهییەتی ڕاستەقینەی خۆی بکاتەوە کە بریتییە لە ئازادی. خستنە پێش چاوی جێرمانیاو بە کەم تەماشاکردنی خۆرهەڵات تەنیا دەربڕی پێوەندی نێوان سەرەتا و کۆتاییە، ئاسیا سەرەتای مێژووە و «ئەوروپاش بەشێوەیەکی ڕەها کۆتایی مێژووە» وەک ئەوەی هیگڵ دەڵێت، بەڵام وریا بن، پێشتر خستنە پێش چاوێکی تریش هەیە بۆ ئەمریکا وەک ئەوەی وڵاتی خەون و خاکی ئایندە بێت بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە ئەوروپا بێزارن، ئەوروپا کە بۆتە کۆگای مێژوویی چەک و تەقەمەنی. فەلسەفەکاری هایدلبێرگ دەنووسێت: «دەگێڕنەوە کە ناپلیۆن گوتوویەتی: ئەو ئەوروپا کۆنە تووشی بێزاریم دەکات». بەڵام هەر زوو بەزوو دەڵێت ئەوەی لە ئەمریکادا ڕوو دەدات، تەواوکەری ئەو شتانەی ئەوروپایە. سەبارەت بەوەش کە ئایندە چۆن دەبێت، ئەوە بابەتی فەلسەفە نییە وەک چۆن ڕابردووش بابەتی فەلسەفە نییە. بابەتی فەلسەفە ئێستایە، ئەوەی کە

بەشێوەیەکی ئەبەدییانە بوونی هەیە: عەقڵە. ئەوە کە خودی و بابەتی یەک دەخات، هزرو وجود، تاوەک وجودی دەرەکی لە خۆڵ و خاشاک پاک بکاتەوە و مێژوو بەشێوەی تەواوی خۆی تێگەیشتراو بێت.

هیگڵ ئەفریقیا لەنێو پرۆژەی سەیرورەتی مێژوو بەلاوە دەنێت وەک پێشەکییەک بۆ خستنە رووی تیزی دەسپێکی ئاسیا و کۆتایی ئەوروپا. لەگەڵ خستنە رووی ئێستای مێژوویی کە خۆی لە داگیرکردنی فەرەنسا بۆ باکووری ئەفریقیا دەنوێنێت- وەک بەشێک کە زیاتر رووەو ئەوروپا دەچێت نەوەک ئەفریقیا- لەنێو ئێستای فەلسەفیدا کە عەقڵ رووەو کەمال دەچێت و ئەنتۆلۆژیا و مێژووش یەک دەگرنەوە. با وریاتر بین، مارکس هەر بە تەنیا بیرۆکەی ناوەکی دیالیکتیکی لە هیگڵ وەرنەگرتووە، بەڵکو رێگا خۆشکردنی واقیعی کۆلۆنیالیزمیشی لێوەرگرتووە، ئەوەش لەپێناو پێشڤەچوونی رۆحی رەها لای مامۆستاکەی- هیگڵ، لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە بۆ هەڵهێنجانی جۆری بەرهەمی سەرمایەداری لەنێو پێکهاتەی ئابووری دواکەوتوودا تاوەکو گواستنەوە بەرەو سۆسیالیزم لەلای قوتابییە چەپڕەوەکە- مارکس دێتە دی.

هیگڵ جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە تۆپ دەسوورێت، بەڵام مێژوو ناسوورێت، ئەوەش حوکمێکی تووندە بە رووی ئێمەدا، چونکە ئەگەر ئەو بە چاوێکی رازیبوانە تەماشای کۆلۆنیالیزم بکات، سەرسوورمان بێت بە ناپلیۆن کاتێک وڵاتەکەی- ئەڵمانیا- داگیر دەکات، بەشێوەیەکی ئەپستراکتی و فەلسەفییانە بروانێتە چوونە ناوەوەی سوپای فەرەنسا بۆ ئەڵمانیا و ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە «رۆحی جیهان لەسەر پشتی ئەسپدایە»- مەبەست ناپلیۆنە کە دێتە نێو ئەڵمانیا، باشە چۆن هیگڵ دەتوانێت بەرانبەر باکووری ئەفریقیا دڵنەرم بێت، بەتایبەتیش وڵاتی مەغریب؟

فەلسەفەکاری ئەڵمانی پاڵپشتی لە هاتنە ناوەوەی هێزەکانی فەرەنسا دەکات بۆ مەغریبی ناوەڕاست لە ساڵی (١٨٣٠)دا، ئەو پاڵپشتییەش سەر بە بزاڤی ئەپستراکتبوونی سیاسییە کاتێک عەقڵ ئەوەندە پێشڤە دەچێت شێوەی چەمک وەردەگرێت لەنێو فەلسەفەدا، مادام سەیرورەتی عەقڵی تۆتالیتاری بابەت و بزاڤی چەمکە. هیگڵ لەسەر رێگای مێژوویی خۆیدا هەموو بەربەستێک بەلاوە دەنێت بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە کۆتایی رەهای مێژوو لە ئەوروپاوەیە، بۆیە دێت بەشی باکووری ئەفریقیا دەخاتە سەر ئەوروپا. هەروەها دێت هەموو بەربەستێک لەسەر رێگای فەلسەفی خۆی لادەدات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئەو دوا فەلسەفەکار و تاقە فەیلەسووفی رەهاو کۆتاییە.

هیگڵ پێی وایە، فەلسەفەکانی پێشووتر بەرسڤی کێشەکانی ئێستا نادەنەوە، فەلسەفەکانی ئایینەدەش هزر و سەمتی فەلسەفی کۆن لەخۆوە دەگرن، بۆیە هەڵەیە گەر لەنێو ئەفلاتونییەتدا بەدوای وەڵامی کێشەکانی ئێستاماندا بگەڕێین.

هەمان ئەو بیرۆکە هیگڵ-ییە وێنەیەکی واقیعی لای مارکس هەیە: «مرۆڤایەتی تەنیا ئەو کێشانە دەخاتە روو کە دەتوانێت چارەسەرییان بکات». دەکرێت ئێمەش هزری هیگڵ-ی وا بخوێنینەوە بەپێی ئەو خوێندنەوە هیگڵ-ییەی بۆ سیستەمە فەلسەفییەکانی پێشووتر ئەنجامدراوە و ئەوە رابگەیەنین کە هزری هیگڵ-ی بە کەڵکی چرکەساتی ئێستا نایەت و ئەویش ناتوانێت بەرسڤی کێشە و ئیشکالییەتەکانمان بداتەوە؟ وەڵامەکە نەفی بە نەخێر دەبێت، چونکە هەموو هزرە مەزنەکانی سەدەی نۆزدە و بیست لەو سەرچاوە و سیستەمە هیگڵ-ییەدا ئاویان خواردۆتەوە.

**(٢) دیەنی دووەم: ترسی هیگڵ لە کۆمەڵگای مەدەنی:** هیگڵ لە ساڵی (١٨٣١)دا کۆچی دوایی کردووە. جیهانی بەر لە مردنی، یەکەم گورزی شۆڕشگێڕی دژ بە سیستەمی سیاسی سەردەمی پاشایەتی بەرکەوت، ئەوەش هەمان سیستەمە کە هیگڵ پێی وابوو مانای بەدیهاتنی عەقڵ دەگەیەنێت لەنێو کۆمەڵگای مەدەنیدا و دەوڵەت لەسەر لێواری هەژاندا بوو، بەهۆی شۆڕشی تەموزیشەوە حوکمی بنەماڵەی بۆربۆن لە فەرەنسا دارما بوو. ژیانی سیاسی ئینگلیزیش سەرقاڵی وتووێژێکی توند بوو لە بارەی پرۆژەی یاسای چاکسازی هەڵبژاردنەکان کە جەختی لەسەر ئەوە دەرکردەوە کە گۆڕانکاری گەورە و فراوان بکرێت لەنێو سیستەمی هەڵبژاردنی ئینگلیزیدا، ئەو گۆڕانکارییەش لە بەرژەوەندی بۆرژوازییەتی نێو شارەکاندا بوو، هەروەها جەختی دەکردە سەر بەهێزکردنی دەسەڵاتی پەرلەمان لەسەر حیسابی پاشاوە. ئەنجامی هەردوو بزاڤ و شۆڕشی ئینگلیزی و فەرەنسی سەرلەنوێ دارشتنەوەی دەوڵەت بوو بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ پێوەندی نێوان هێزە باڵادەستەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هیگڵ بە تەواوی دەیزانی ئەو مەترسییانە چین ئەو گۆڕانەی ئەوکاتە پێی دەگوترا سادە، لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، ئەو دەیزانی کە

دینامیکییەتی شاراوەی نێو کۆمەڵگای مەدەنی، هەرکاتێک لەو کۆت و پێوەندانەی هێزەکانی دەوڵەت رزگاری بوو، ئەو هێزانەی کە دەوڵەت خۆی پێ دەپارێزێت، دەتوانێت لە هەر کاتێکدا گەرەکی بێت هێزی فشاری وا بخاتە روو کە سەرتاپای سیستمەکە بهەژێنێت. (مارکۆزە لە کتێبی عەقڵ و شۆڕش).

ئەو دەقە ئاوێنەی رەخنەیەکی کۆمەڵایەتییە کە مارکۆزە توخمەکانی گەڵاڵە دەکات، دوای قۆناغی لاوێتی کە تێیدا رۆچووبووە نێو کتێبی (بوون و کات)ی هایدگەر، ئەوکاتە مارکۆزەی لاو تەنیا مەبەستی ئەوەبوو پەیوەستی نێوان ئەنتۆلۆژیا و تیۆری مەعریفە لەنێو فەلسەفەی هیگڵ دەربخات و جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئەنتۆلۆژیای هیگڵ-ی بنچینەی تیۆری مێژوویی دەلتای-ە، ئەوەش بە دەسپێکردن لە قووڵکردنەوەی بیرکردنەوە لە چەمکی ژیان. دیارە کتێبی (عەقڵ و شۆڕش) لە بنچینە و گرێی ئیشکالییەتەکەیەوە جیاوازە لەگەڵ کتێبی (تیۆری بوون لای هیگڵ)، بنچینەی فەلسەفەی هیگڵ-ی، ئەو کتێبەی کە لەبنچینەدا تێزی دکتۆراکەیەتی- مەبەست مارکۆزەیە، ئەوە کارێکە هیگڵ وا وەسف دەکات کە دیکتاتۆری فەلسەفی دەوڵەتی بروسیایە، ئەو پیاوەی هەوڵی داوە واقیع بەپێی پرەنسیپی هزر دابرێژێت، چونکە دەبێت کۆمەڵگای مەدەنی خزمەت بە ئامانج و مەبەستە مەزنەکانی کۆمەڵگای سیاسی بکات وەک سەرپەرشتیاری پێشڤەچوونی هزر، بەڵام کاتێک کۆمەڵگای مەدەنی دژکار و ناکۆک دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگای سیاسیدا، ئەوە لەنێو سیستمی هیگڵ-یدا قوربانییەکە ئارەزووەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت لەپێناو هزردا، لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆژیای دیموکراتی دەبێتە مەترسی لەسەر ئازادییەکان، مادام هەرەشە لە دامەزراوەیی و جێگیری دەوڵەت دەکات. ئەوەی هیگڵ بەحاڵەتی جێگیری دەوڵەتێکی خاوەن دەسەڵاتی دادەنێت، تەنیا نمایشێک بووە لەنێو واقیعی مێژووییدا، کەچی نووسینەکانی تری لە بارەی (فەلسەفەی مێژوو) و (فەلسەفەی ماف) وەک کۆتایی دایدەناو تەماشای دەکرد. ئەوەی رووی دا، تەنیا سەرەتای کرانەوە بوو بۆ قۆناغێکی تازە کە لەگەڵ لەناوچوونی سەردەمی دووەمی پاشایەتی- کە دوای سەردەمی کۆماری گەڕابۆوە- دەستی پێکرد، کە نموونەی بیرکردنەوەی سیاسیانەی هیگڵ بوو، لەگەڵ پێشڤەچوونی عەقڵ لەنێو مێژوودا تاوەکو هەست بەخۆی و ماهییەتی خۆی بکات کە لەنێو ئازادیدا بەرجەستە دەبن. هیگڵ لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە هەمان ساڵی کۆچی دواییدا بڵاوکرایەوە، رەخنەی لە پرۆژەی چاکسازی یاسای هەڵبژاردنی بەریتانی گرت- ئەو باسە بە هەمان ناوونیشان لەنێو کتێبی سیاسەت و فەلسەفەی مافدا بڵاوکراوەتەوە- و پێی وایە ئەو یاسایە شوێن پێی پرەنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی کەوتووە، بۆیە سەروەری دەوڵەت و دەسەڵاتی پاشا سنووردار دەکات، چونکە پێی وایە گۆڕانکارییەکانی بەریتانیا لەژێر هەڕەشەی جەماوەرەوە بوو، ئەوەش ترسی هیگڵ بوو لە چاکسازی. لێرەدا جارێکی تریش هیگڵ پشتی عەقڵ دەگرێت لەسەر حیسابی شۆڕش. مارکۆزە لەو بارەیەوە دەنووسێت: «هیگڵ دوا کەس بوو جیهانی وا راڤە کرد کە عەقڵە و سروشت و مێژووشی بە یەکەوە خستە ژێر پێوەرەکانی هزر و ئازادی». لێرەدا هیگڵ ملی مێژوو دەسوورێنێت تاوەکو عەقڵ پارێزگاری لە سەیرورەتی وێناکراوی خۆی بکات لە زەینی وەک فەلسەفەکارێک. باشە چۆن ئازادی ئامادە دەبێت لەنێو مێژوودا، لە کاتێکدا مێژوو کۆچی کردووە و لە مەغریبدا و بوونی نییە، چۆن رۆحی رەها دەتوانێت ئازادی هەڵبگرێت و لە ئەوروپادا بڵاوی بکاتەوە، بە تایبەتیش لەجێرمانیا، لەلایەنی فەلسەفی و ئایینییەوە، لە فەرەنساش لەلایەنی سیاسییەوە- کۆلۆنیالیزم- ئەگەر فرمانی ئازادی خۆیشی فرمانی سەرکوتکردنی گەلانی تر بێت؟ ئایا ئێمە تا ئێستاش لەنێو قووڵایی ئەو وتووێژە هیگڵ-ییەداین لە بارەی کۆیلە و خاوەن کۆیلە و ویستی خود لەوەی ئەوی تر دانی پێدا بنێت؟

هیگڵ فەلسەفەکارێکی مەتریالیستی نەبوو، بەڵکو ئایدیالیەکی بلیمەت بوو، بۆیە مەبەستی لە ئیستیلاب نامۆبوونی هزری خودییە لە ماهییەتەکەی، واتا بەدی نەهێنانی ئازادییەکەی، کەچی مارکس ئیستیلاب لەسەر بنەمای پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی ململانێی ئابووری راڤە دەکات، ئیستیلاب گوزارشتە لە واقیعێکی هەژار و ئیستیغلالێکی ئابوورییانە. هەروەها دەڵێین: هیگڵ-ی ئایدیالی کە باکووری ئەفریقیای وا نمایش کردووە تاوەکو نزیک بێت لە ئەوروپا، مادام رۆحێکی ناپێشکەوتوو و بێ مێژووە، شارەزایی نەبووە لە بارەی مێژوو و رۆحی ئەو بەشەی ئەفریقیا، لەنێوان پێداویستی بڵاوبوونەوەی کۆلۆنیالیزم بەپێی لۆژیکی ئابووری فراوانخوازی عەقڵییەتی بۆرژوازی و لەنێوان بەرگریکردنی گەلانی ئەو کۆلۆنیالانە بۆ ئەوەی بتوانن وا لە ئەوی تر بکەن دانیان پێدا بنێت، عەقڵی هیگڵ-ی

لێکدەترازێت و لە فەلسەفەوە دەچێتە نێو ئایدیۆلۆژیا. ئەوە مەسەلەیەکە ئەمڕۆکە لەنێو چاومان دەچەقێت کاتێک کۆمەڵگایەکی مەدەنی زیندوو بەدی دەکەین، کە لای هیگڵ کۆمەڵگایەکی جێگیر و پاشکۆی کۆمەڵگای سیاسییە، بۆیە یۆتۆپیای هیگڵ-ی دامرکایەوە بەناوی بە ئەبەدیکردنی ئێستا بەرەو بێ ئومێدی، لە بەرانبەر بڵاوبوونەوەی ئەو چەمکە هیگڵ-ییەی کە بەلای ڕاست و چەپدا وجودییەت و فینۆمینۆلۆژیا و مارکسییەتی بەرهەم هێنا.

**(٣) دیمەنی سێیەم: هیگڵ و دۆڕانی ١٩٦٧، یا هیگڵ و مێژووگەراییەکی عەروی:** «هیگڵ بەپێی چەمکەکانی خۆی قسە لەسەر دەوڵەت دەکات، نەوەک هەر دەوڵەتێک کە هەیە. ئایا ئەو جیاکارییە لەنێو ژیانی سیاسی ئێمەدا مومکینە؟ کێ ڕاستەوخۆ جیاکاری دەکات لەنێوان دەوڵەتێک کە هەیە لەگەڵ دەوڵەت لە خودی خۆیدا؟ هەر دەوڵەتێک بەهایەکی هەیە دەڵێت تەنیا ئەوەی من دەوڵەتە لە خودی خۆیدا. دەگوترێت گوایە هیگڵ پێی وابووە تیۆرەکەی لەنێو دەوڵەتی بروسیدا هاتۆتە دی، ئەوەش بۆچوونێکی تەواو پووچە و بۆ هەر کەسێک دەردەکەوێت کە بە وردی کتێبی (فەلسەفەی یاسا) بخوێنێتەوە، بەڵام دوور نییە هەندێک لە قوتابییەکانی ئەو بۆچوونەیان گرتبێتە بەر، جا یا ئەوەتا بڕوایان پێی هەبووە، یا بۆ ئەوەیان بووە خۆیان لای دەسەڵاتداران خۆشەویست بکەن. ئەوەی جێگای گومان نییە، ئەوەیە کە بەرپرسە بروسییەکان تەنیا لە ڕوانگەی ڕەخنەگرتنی لە شۆڕشی فەرەنساوە بایەخیان پێداوە، بنەماکانی لیبرالیزم و دیموکراتییەت. هیگڵ ڕێگای بە دەوڵەتی عەقڵانی داوە بە زەبری هێز حەز و خولیا تاکەکەسییەکان لەناو ببات. هەر دەوڵەتێک هەیە وا دەکات، بەپێی ئارەزووی خۆی تازە پێگەیشتووان پەروەردە دەکات، شێوازی ڕێکخستن وا دادەڕێژێت بەشێوەیەک ئەرکەکان لە مافەکان زۆرتر دەبن، بۆیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو بەرجەستەکاری ڕۆحی نەتەوەیی، یا ڕەگەزییە». (عەبدوڵڵا عەروی لە کتێبی چەمکی دەوڵەت).

کەواتە هیگڵ دیکتاتۆری فەلسەفییانەی دەوڵەتی بروسیا نییە، ئەوەش هەمان بۆچوونی مارکۆزەیە لە کۆتایی کتێبی (عەقڵ و شۆڕش)دا، چونکە ئەو فەلسەفەیەی کە دواتر دەوڵەتی بروسیا ئەنجامە سیاسییەکەی پێڕەو دەکات لە دوا ساڵی ١٨٤٠دا، فەلسەفەی فردریک یۆلیۆ شتاڵ-ە، کە هێڵی ناوەڕاستی نێوان داواکارییەکانی حوکمی پاشایەتی ڕەها و داواکارییە لاوازەکانی چینی ناوەڕاستی ئەڵمانیا دادەڕێژێت، بۆ ئەوەی وا دەرنەکەوێت کە فەلسەفەیەکە بەرگرییەکی ڕوون و ئاشکرا لە پاشایەتی ڕەها دەکات. بۆیە دەبینین هێرش دەکاتە سەر هیگڵ، ئەوەش هەمان هێرشە کە دواتر ململانێیە فاشستییەکانی نێو ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزمی نەتەوەیی- نازیزم- دەریدەخات. ناکرێت ڕەخنەی هیگڵ لە پرەنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی و سەرکێشییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی شوێنگەڕێژ بکرێت، تەنیا لەنێو سیاقی سەیرورەتی دیالیکتێکی نێوان ئەرک و ئازادی نەبێت، ئازادی هزر و کۆمەڵگای مەدەنی وەک ئەوەی لەنێو پرەنسیپەکانی شۆڕشی (١٧٨٩)دا بەرجەستە بوون، نابێت ببنە هۆی دارمانی بنچینە و شەرعییەتی دەوڵەت، چونکە پێوەندی هاوڵاتی وەک تاک یان کۆ، یا کۆمەڵگای مەدەنی بە دەوڵەت پێوەندی ئەرکە. لێرەدا بە ڕوونی پێداگرتنی هیگڵ دەردەکەوێت لەسەر یەکخستنی ناکۆکەکان و قوربانی نەدان بە ئەرک لەسەر پەرستگای ئازادیدا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئازادنەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی تاوەکو نەتوانێت کۆمەڵگای سیاسی- دەوڵەت- قووت بدات.

باشە لێرەدا دەپرسین: چ پێوەندییەکی مومکین هەیە لەنێوان عەروی کە ئێستا زیندووە و لەنێوانماندایە لەگەڵ هیگڵ-ی ئەڵمانی داهێنەری میتافیزیکای تەواوکار؟ ئەو پێوەندییە سێ وێنەی جیاجیای هەیە بەو شێوەیەی خوارەوە:

(١) وێنەی عەقڵانی.
(٢) وێنەی ئایدیۆلۆژی.
(٣) وێنەی سیاسی.

ئێستاش یەکەیەکە ئەو وێنانە دەخەینە ڕوو:

**(١) وێنەی عەقڵانی:** عەروی تیۆری هیگڵ لە بارەی دەوڵەت دەخاتە ڕوو تاوەکو عەقڵانییەتی پێویست دەربخات کە لەسەر لەناوبردنی ئارەزووە تاکە کەسییەکان دامەزراوە. ئەوە دەوڵەتی عەقڵی تۆتالیتار و عەینییە، نەوەکو دەوڵەتی عەقڵی بەش بەشی ئەپستراکت بوو وەکو عەقڵێک کە تایبەت بێت بە یەک کەس. لە ڕوانینی عەروی-دا، تیۆری مارکسیش لە چوارچێوەی بازنەی تیۆری فەلسەفی هیگڵ دەرنەچووە، بە تایبەتیش لە بارەی دەوڵەت وەک کۆمەڵگایەکی سیاسی بابەتی کە

تێیدا عـەقڵ بەدەست دێت. هەر کەسێکی مـارکسـیش کـــاتێـک لەتیـــۆری هیگـڵ لە بارەی دەوڵەت دوور کـەوتبـێـتـەوە، ڕۆچووەتە نێـو ئاژاوەگـەرایی. مـەبەسـتی عـــروی لە کـــتـــێـــبی (چەمکی دەوڵەت)دا، بە تەنیــا جەختکردنە سەر ڕەهەندی بیداگۆجی پەیوەست بە ڕەسەن کـــردنەوەی ئەو تیـــۆرە نەبووە لەلایەنی مـــێـــژوویی و تیـــۆرییـــەوە، بەڵـکو ئەو ڕەهەندەی بەزاندووە و بەرەو ڕەهەندێکی تر هەنگاوی نا، کـە مـیـحـوەری سـەرەکی بیرکردنەوە بوو لە ڕەوشی وڵاتانی عـەرەبی و بنیـادنانی توخمەکانی بەراوردکردن لەنێوان دەوڵەتی خۆرهەڵاتی، بە تایبەتیش دەوڵەتی ئیـسلامی لە سەدە ناوەڕاسـتـەکان و دەوڵەتی نەتەوەیی ئێستا، لەگەڵ دەوڵەت لە خۆرئاوا کە لەسـەر عـەقـڵانییـەت و کـارگـێـڕی و بیـرۆکراسـییـەت دامــەزراوە- وەک ئەوەی مـــاکس ڤـێـبــەر دەڵێت. ئەو ڕەهەندە هزرییـــەی پەیوەســتـــە بە ڕەســەنکردنەوەی چەمکەکـــان بۆ دڵنیــــا بوون لەوەی چەندە لە ڕووی مـێـــژووییـەوە بەدیهـاتوون، ڕەهەندێکە بەردەوام لەنێـو کـــارەکـــانی عـــروی-دا بوونیـــان هەیە، وەک: چەمکی ئایدیۆلۆژیا، چەمکی ئازادی، چەمکی عـەقڵ، لەگـەڵ چەمکی دەوڵەتدا.

دەوڵەتی عـەرەبی نەوەکو هەر دەوڵەتێکی عـەقڵانییـە، بەڵـکو دەوڵەتێکی سـوڵـتـانی و تاپۆکـراویشـە بەسـەر هەندێک بنەمـاڵەدا، دەوڵەتێک نیـیـە تەنیـا خـاوەنی شێـوازی ڕێکخـسـتنی کـارگـێـڕی بێت، بەڵکو دەوڵەتی تاکە کەس و کۆمەڵە و گرووپە داخراوەکانیشە. دەوڵەتی عەرەبی پێکهاتەیەکی کۆکـتێلە لەنێوان عـەقڵانییـەت و باڵادەستی، لەنێوان مۆرکی مەدەنی و مۆرکی سیاسی، لەنێوان هەوڵـی دامەزراندنی شێوازی ڕێکخستنی تازە و گـەڕانەوە بۆ سـەردەمی مـیـراتی سـوڵـتـانی کـۆن. بەو مـانـایەش بێت، تێـڕوانینی مـرۆڤی عـەرەبی بۆ دەوڵەت تێڕوانینە بۆ دەزگاو دامەزراوەیەکی سوڵتانییانەی کۆن، نەوەکو تێڕوانین بێت بۆ دەزگا و دامەزراوەی دەسەڵاتێکی مـۆدێرن کـە بنەمـاکـانی بریتی بێت لە عـەقـڵانییـەت و ڕێکخستن و کارگێڕی.

**(٢) وێنەی ئایدیۆلۆژی:** عـروی بەر لە دۆڕانی سـاڵی (١٩٦٧)دا کـــتـــێـــبـــە ناودارەکـــەی خـــۆی نووســـیـــوە «ئایدیۆلۆژیای هاوچەرخی عـەرەبی»، ئەو کـتـێـبەی زۆر نووســەر و ڕەخنەگــر پێــــیــان وابوو هەڵـوەشــاندنەوەی مێژوویی ئاشکرا دەکات و بەرلەوەی ڕووبدات، پێشبینی دۆڕان دەکات. کەچی عروی ئەو بۆچوونە بەدرۆ دەخاتەوە و ئەوە ئاشکرا دەکـــات کـــە ئەو لە ســـاڵی (١٩٦٥)دا پرسیارێکی میحوەری گرنگی خستۆتە ڕوو و دەپرسێت: ئێمە کێین و ئەوی تر کێیـە؟ خۆ ئەگەر ئەو کـتـێبەی لە دوای دۆڕانەکە نووسیبـووایە، ئەوە شێـوەی پرسـیـارەکـە دەگـۆڕا و دەبـووە: کـۆلۆنیـالـیـزم چیـیـە؟ شـۆڕش چیـیـە؟ دواکەوتن چییە؟

دیارە ئەو تێــزانە دژکـــار و نـاکـۆکن لەگـەڵ ئەو تێــزە هیگڵ-ییـەی کـە پاڵپـشـتی لە داگـیـرکـاری فـەرەنسی دەکــات بۆ باکـــووری ئەفــریقــیـــا، ئەگـــەر بزانین کـــە کــۆلۆنیـــالـیــزمی ســەربازی بەپێی بۆچوونی هیگڵ ئەو کۆلۆنیـالیزمە نییـە کە عروی شی دەکاتەوە وەک ئەوەی ئامـاژە بێت بۆ دواکـەوتنێکی گـشـتی و پاشکەوتنێکی مـێـژوویی. هیگڵ بەشێـوەیەکی فـەلسـەفـییـانە ڕەوشی ئەڵـمـانیـای دواکـەوتوو ئەپسـتـراکت دەکـات و لەگـەڵ فـــەرەنســـای ســـەردەمی نـاپلیـــۆن بەراوردی دەکـــات، عـروی-یش ئەپسـتـراکت بوونێکی مـێـژوویی بۆ ڕەوشی جـیـــهـــانی عـــەرەبی دواکـەوتوو ئەنجـام دەدات و لەگـەڵ خۆرئاوا بەراوردی دەکـات و دێت مـێـژوو و فـەلسـەفـە و ســۆسـیــۆلۆژیای مـەعـریفـە لێک دەدات، تاوەکـو بۆی دەرکەوێت کە پێویست نییە مـارکس وەک شرۆڤـەکاری بنیـادی ئابووری لەمیـانەی وەرگرتنی نموونەی کـارگەیەکی ئینگلیــزییـەوە بخـرێتـە ڕوو و پێـڕەو بکرێت، بەڵـکو پێـویسـتـە مـارکس وەک ئایدیۆلۆژیا وەربگـیـرێت، چونکە واقیـعی کۆلۆنیـالیزم و دواکەوتن وا دەخوازێت کە هزری عەرەبی و مـارکسیـزمی بابەتی بەیەکەوە کۆبکرێنەوە. ئەو بانگەشەیەی عروی لەنێـو کـتێبی «قەیرانی ڕۆشنبیـرانی عەرەب»یشدا ئامادەیە، ئەوە بانگەشەیەکە زۆر بە توندی ئامــادەیی هەیە لەنێــو ڕاڤــەکــردنی جـۆرەکـانی گـوتاری ئایدیۆلۆژیای عـەرەبی لای شێخ و لیبرال و تەکنیکاران، ئەوە ڕەخنەیەکــە هەڵگری ڕۆحی هیگڵ- ییــزمــە، هەر ئەوەشـە کـە جـۆرج لابیکا لەنێـو کـتـێـبـە ناودارەکـەیدا «ئایدیۆلۆژیای عــەرەبی هاوچەرخ» باسی لێــوە دەکــات کـاتێک وەسفی هزر و بۆچوونی عروی دەکات بەوەی کە هزرێکی هیگڵ-ی و ئایدیالییـە. ئەوە ئەو ڕەخنەیەیە کە قەڵەم و زمانی ڕەخنەکارانی عروی دووبارەی دەکەنەوە.

ئەوەی ئەو ڕەخنەیە بەهێـزتر دەکـات، داخـوازییـەکـەی عـروی- یە لەوەی کە پێویسـتـە دەسکەوتەکانی لیبرالیزم لەخـۆوە بگرێت، بەبێ ئەوەی پێـویسـت بێت بچـینە نێـو قـۆناغی لیـبرالیـزمی پشت ئەسـتوور بە بنەمـای مـادی- ئابووری ئەو بۆچوون و داواکـــارییــەی عـــروی جــێـگـای دڵخـۆشی مـارکـسـیـسـتـە ئابوورییـەکـان نەبوو، بەڵام

ئەزموونی ڕوسیا و چین، هەروەها هەوڵەکانی گرامشی بۆ نوێکردنەوە، هەر هەمووویان ئاماژەن بەوەی کە گرنگە پێشینەیی بدرێتە نوێکردنەوەی هزر، ئەوەش ئەرک و فرمانی توێژی ڕۆشنبیرانە. بەردەوام بوونی تێزی عەقڵ وەک هێزێکی بزوێنەری مێژوو و بوون، وەک تێزێکی هیگڵ-ی، لەنێو پرۆژەکەی عروی-دا، ئاماژەیەکی نێگەتیڤ نییە، بەڵکو پۆزەتیڤە، چونکە هەموو ئەو دۆڕانە هاوچەرخانەی ساڵەکانی ١٩٤٨ و ١٩٦٧ و جەنگی کەنداو و شکستی پرۆژەی گەشەکردنی عەرەبی و نامۆیی هزر و بیر لە بابەت پیشان دەدەن، لەگەڵ نائامادەیی عەقڵ لەنێو خۆسازدانی سیاسیدا.

**(٣) وێنەی سیاسی:** هیگڵ ڕەخنە لە بنەما و پرنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی دەگرێت تاوەکو چاکسازی دەستووری نەگۆڕێت بۆ شۆڕش، ئەو بە کردەیی کۆتایی نامۆبوونی خود لەگەڵ بابەت و هزر لەگەڵ مێژوو ڕادەگەیەنێت، بەڵام لە واقیعدا کۆتایی قۆناغێکی سیاسی لە فەرەنسا و کۆتایی سەردەمی دووەمی پاشایەتی بەدی دێت. کۆتایی لەنێو فەلسەفەدا، سەرەتایە لەنێو سیاسەت و مێژوودا، مادام فەلسەفە لە ئێوارەدا دێت و لە ئێستا ڕادەمێنێت، ڕەنگە ئایندەی سیاسیش فریوی بدات. عروی درک بە حاڵەتی تێپەڕینی مێژوو و لەدەستدانی دەرفەت و ئاستی دواکەوتوویی شارستانی خودی عەرەبی دەزانێت، چونکە کۆتایی سیاسەت لەنێو پووکانەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی نیشتیمانی ناسری و بەعسیدا بەرجەستە بووە بەهۆی دۆڕانەکەی ساڵی (١٩٦٧). ئەوە لە فەلسەفەدا سەرەتایە و بەزاندنی دروشم و ڕووی دەرەکی گوتارە سیاسییەکانە. لەلای هیگڵ فەلسەفە کۆتایی دێت تاوەکو دەرفەت لەبەردەم سیاسەتدا بکاتەوە بۆ ئەوەی لە میانەی چەمکی عەقڵ وەک بزوێنەری مێژوو، باوەش بە فەلسەفەدا بکات. کەچی لای عروی، سەردەمی سیاسەت کۆتایی دێت تاوەکو دەرفەت لەبەردەم سەردەمی فەلسەفەدا بکاتەوە بۆ چەسپاندنی ڕۆڵی نوخبە لە «چاکسازی ڕۆشنبیری»دا، لە بەعەقڵانیکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەڵا و بارەگاکانی هزری ڕابردوو. عروی سروش لە ڕۆحی بیرکردنەوەی هیگڵ وەردەگرێت و خۆی لە حوکمەکەی لە بارەی باکووری ئەفریقیا لادەدات. بەو شێوەیە ئەنتۆلۆژیای هیگڵ-ی لەنێو مێژووگەرایی عروی-دا بەردەوام دەبێت، بەبێ ئەوەی فەلسەفەی مێژوویی هیگڵ بەردەوام بێت کە حوکمی بەسەر خۆرهەڵات داوە بەوەی تەنیا سەرەتای مێژووە و ئەفریقیاشی کردۆتە دەرەوەی ئەو مێژووە و باکوورەکەشی لە ڕێگای توند و تیژی کۆلۆنیالیزمییەوە خستۆتە نێو چوارچێوەی ئەورووپاوە.

**(٤) دیەنی چوارەم: هیگڵ لەنێوان دیواری بەرلین و ئەمریکادا:** «شکستهێنانی ڕاڤەکردنی ئابوورییانەی مێژوویی، بەرەو هیگڵ-مان دەگێڕێتەوە، نەوەکو بەرەو مارکس، چونکە هیگڵ بەشێوەیەکی تەواو نا ئابوورییانە باس لە کردەی مێژوویی دەکات، وەک ئەوەی کۆجیف دەڵێت، هیگڵ دەرفەتی ئەوەمان پێدەدات سەرلەنوێ بیر لە دیموکراتییەتی لیبراڵی نوێ بکەینەوە بەگوزارشتی جیاواز لەوانەی لەنێو نێوەندی ئەنگلۆساکسۆنیدا هەیە کە لەسەر دەستی هۆبز و لۆک بەرهەم هاتوون. بە پێچەوانەی هۆبز و لۆک، هیگڵ چەمکێکمان لە بارەی کۆمەڵگای لیبراڵی پێدەدات کە جەخت دەکاتە سەر لایەنی خۆنەویستی کەسایەتی مرۆڤ، هەوڵیش دەدات ئەو لایەنە وەک ناوکی پرۆژەی سیاسی مۆدێرن و نوێ بخاتە ڕوو. لە کۆتاییشدا، پێدەچێت ئەو ڕاڤەکردنە هیگڵ-ییە زیاتر گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ خەڵک لە جیهانی ئێستاماندا ڕایدەگەیەنن کە ئازادی و دیموکراتییەتیان دەوێت». (فوکویاما لەنێو کتێبی کۆتایی مێژوو و دوا مرۆڤ).

کۆمەڵێک گوتار و ڕاگەیەنراو لە بارەی «کۆتایی مێژوو» بڵاوبۆوە، دوای ئەوەی لە شەستەکانەوە سۆسیۆلۆژیست کارل لیپست تێزی کۆتایی ئایدیۆلۆژیای خستە ڕوو. ئێستاش دوای کۆمەڵێک هەڵوەشاندنەوەی مێژوویی، کە پێمان وایە زنجیرەیەکی یەک بەدوای یەکدا هاتوون و لە یەکتری جیاناکرێنەوە، ڕاوێژکار و فەرمانبەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا فرنسیس فوکویاما دێت کۆتایی مێژوو ڕادەگەیەنێت و لەنێوان هزری دانپێدانانی هیگڵ-ی و بیرۆکەی دوا مرۆڤی نیتشە ڕاگوزەر دەکات. ململانێی لەنێوان دانپێدانان بە ئەوی تر وای لە خەڵک کرد بڕژێنە سەر شەقامەکانی مۆسکۆ و براگ و بەرلین و...تاد، چونکە ئەوانە لەبەر هۆکاری ئابووری ڕاپەڕینیان نەکرد، بەڵکو لەبەر نەبوونی دیموکراتی بوو ڕژانە سەر شەقام، بۆیە مێژووی ئەو وڵاتانەی دیموکراتییان تێدا نەبوو کۆتایی هات، دوا مرۆڤی نیتشەش لەنێو زەردەشت-دا کە هیچ سەرگەرمییەک نانوێنێت و سەرکێشی ناکات و هەوڵیش دەدات بڕیاری پێشینە دەرنەکات، بۆیە دەبێتە

بوونەوەرێک لەنێو مێگەلێکی ترساودا. هیچ ناکۆکی و دژکارییەک نییە لەنێوان هەردوو بیرۆکەی نیتشە و هیگڵ-یدا، بیرۆکە ڕەشبینەکەی لە دەسگرتنی بە دیموکراتییەوە بریتییە لە ڕەخنەیەکی توند و قووڵ لەبیرۆکە گەشبینەکەی هیگڵ، چونکە دانپێدانان بەوەی بوونەوەرە مرۆڤایەتییەکان یەکسانن وەک پرەنسیپێک بۆ دیموکراسی، دانپێدانانێکە هەموو کەسێک ڕازی ناکات مادام خەڵک خۆیان یەکسان نین. هەروەها جەختکردنەوەی دیموکراسی لە دوورترین سنوور و ڕەهەندەوە دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو خەڵک یەکسان بن، بۆیە «دوا مرۆڤ» وەک چۆن پێشتر بە ئەسڵ ئاژەڵ بووە، ژیانێکی مێگەلییانە بەسەر دەبات، ئەوەش ڕێگا لەبەردەم تێکشکاندن و کۆتایی مێژوو دەکاتەوە.

فوکویاما پێشبینی کۆتایی مێژوو ناکات، بەڵکو سەرەتای مێژوو تۆمار دەکات، بۆیە تێرامانە فەلسەفییەکەی پشتی بە کولتووری فەلسەفی دەبەستا «شەمشەمەکوێرەی مینرڤا کە بەشەو دێت»، بەڵام مەسەلەکە پەیوەست نییە بە قووڵایی فەلسەفەی هیگڵ-ی بەڵکو بیرکردنەوەیەکی ستراتیژییە دەبوایە پێشبینی بکات و بکەوێتە پێش درز بردن و چاککردنەوەوە بەر لە هەڵوەشانەوە و بونیادنانەوە، بۆیە ئەوەی لەپێوەندی نێوان فوکویامای ڕاوێژکار و هیگڵ-ی فەلسەفەکار- ڕەنگە لەسەردەمی خۆیدا هیگڵ-یش ڕاوێژکارێکی ستراتیژی بووبێت، مادام یەکێتی عەقڵ و مێژووی هێنایەدی تاوەکو لەنێو دەوڵەتی بروسیدا بێتە دی- هەڵدەهێنجرێت، ئەوانەن:

(١) بیرۆکەی کۆتایی تایبەتە بە هەندێک دەوڵەت و هەندێکی تریش ناگرێتەوە و کۆتاییش مانای سەرەتای مێژوویەکی تازەیە.

(٢) کۆتایی پەیوەست نییە بە داخران، مادام دیالیکتیک بریتییە لە سەیرورەتێکی بەردەوام، کۆتایی قۆناغێک مانای سەرەتای قۆناغێکی تازەیە.

(٣) فوکویاماش وەک هیگڵ فاکتەری ئابووری و بنەمای مادی لە شیکردنەوەی مێژوودا بەلاوە دەنێت، بۆ ئەوەی توخمی «پێویستی دانپێدانان» وەک بیرۆکەیەکی هیگڵ-ی بێتەدی لەنێو لیبرالیزمدا وەک زەواجی نێوان عەقڵ و ئازادی و مسۆگەرکردنی فرەیی.

(٤) ئایین دەبێتە ئەوپەڕی سەرکێشی فەلسەفی، چونکە بیرۆکەی ڕەها لەنێو خواوەندی مەسیحیدا بەرجەستە دەبێت و دەوڵەتی پروسی سەرپەرشتی دەکات، لەولاشەوە ئایین لای فوکویاما پێوەندی نێوان توخمە کۆمەڵایەتییەکان پتەو دەکات و لێناگەڕێت هەڵوەشێنەوە تاوەکو دیموکراتییەتی نوێ بەردەوام بێت وەک ناوونیشانی کۆتایی مێژوو، بەڵام ئایا ئەوە کۆتایی یەکجارەکییە و هەرگیز سەرەتای تری بەدواوە نایەت؟ ئەوە خاڵی لاوازی نێو بیرکردنەوەی فوکویامایە، بۆیە لە بازنەی بیرکردنەوەی ستراتیژی بەکارهێنەری بیرۆکەی فەلسەفی دەردەچێت و دەچێتە نێو ئایینێکی نوێ.

**پوختەیەک: دروستکردنی ئێستا: بیرۆکەی «کۆتایی» لەنێوان لاوازی ئایدیۆلۆژیا و هێزی فەلسەفەدا:**

لە میانەی دیمەنی ڕابردوودا، وێنەیەکی ڕوونی پێوەندی بنیادنراوی نێوان هیگڵ و خۆمان، یا هیگڵ و ئەو بیریارانە بەدی دەکەین کە سروشیان لە ڕۆحی هزری هیگڵ وەرگرتووە:

**(١) ئێمە و هیگڵ:** هیگڵ بیری لە بنیادی ئابووری نەکردۆتەوە، ئەو شێوە ئەپستراکت بوونە فەلسەفییە و گواستنەوەی تیۆری «پەیمانی کۆمەڵایەتی» لای هۆبز و گواستنەوەی مرۆڤ لە سروشتەوە بۆ کولتوور و لە ئاستی سیاسییەوە بۆ ئاستی فەلسەفی لە ڕێگای سەرکێشی وشیاری لە کاتی گواستنەوەی لە وشیاری خودەوە بۆ وشیاری بۆ خود وەک بابەت، جێگای سەرنجڕاکێشانی ئێمە نەبوو وەک جیهانی سێیەم، وەک جیهانی عەرەبی-ئیسلامی لە مەغریب، ئەوەی جێگای ڕەزامەندی ئێمەیە ئەو ڕاڤەکردنە ئابوورییەیە کە جەخت دەکاتە سەر کێشەی هەژاری و دواکەوتن و پاشکۆیەتی، بەبێ ئەوەی شیکردنەوەیەکی ئابووری و زانستی بێت، چونکە لێرەدا گەڕانەوە بۆ ئابووری مانای وشیاری ئایدۆلۆژییە لەنێوان خۆرئاوا و غەیری خۆرئاوادا.

**(٢) دانپێدانان بە شتی گەردوونی تۆتالیتار لە واقیعدا:** بریتییە لە ئاشتبوونەوە لەگەڵ خود، هەروەها کەسێک نییە خۆکوشتن یان ڕەتکردنەوە هەڵبژێرێت، بۆیە وشیاریی عەرەبی نزیکەی سێ چارەگە سەدەیە بەدوای ئەو شتە گەردوونییە تۆتالیتارەدا دەگەڕێت. ئەوە برگەیەکی کتێبی (ئایدیۆلۆژیای هاوچەرخی عەرەبی)یە کە عروی نووسیویەتی و لە سایەیەوە بەهیگڵ-ی وەسف کراوە، ئەو ئەپستراکت بوونەی عروی وەک مێژوونووسێک لەنێو زۆر لە نووسینەکانیدا دەبێتە هۆی دۆزینەوەی هیگڵ، بەڵام عروی بانگەشەی سروش وەرگرتن لە مارکس-ی ئایدیۆلۆژی دەکات، چونکە خۆی دەسەپێنێت، ئەوەش ناودەنێت مارکسیزمی بابەتگەرایی،

وەک ئەنجامێکی پێویستی بیرکردنەوە لەنێو کایەکانی سۆسیۆلۆژیا و ئابووری و مێژوودا، ئەوە پوختەی ئایدیۆلۆژیاکانی پێشووترە. ئایدیۆلۆژیای عەرەبی شیکردنەوەی مارکسی وەک دۆزەرەوەیەکی ململانێی چینەکان قبوڵ دەکات، بەبێ ئەوەی قبوولّی ئەو میتۆدە پێڕەو کراوە بکات، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ببێتە ئینتیقائی. ئایدیۆلۆژیای عەرەبی ناتوانێت وەک چۆن مارکسیزم جۆرێکی تری هیگڵ-یزم بوو، ئەوە قبووڵ بکات، بۆیە عەروی دەڵێت: «خورئاوا دەتوانێت برگسۆنی، یا فینۆمینۆلۆژی بێت، بەڵام خۆرهەڵاتی عەرەبی ناتوانێت بەشێوەیەکی بابەتیانە شتەکان بخوێنێتەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە لەنێو سجلی هیگڵ-یدا هەیە».

**(٣) هیگڵ لە ئەمریکا:** هیگڵ ڕەخنە لە سەرگەرمی شۆڕشی فەرەنسی و ناوەڕۆکی ئەو شۆڕشە دەگرێت لە بارەی بنەماکانی دیموکراسی و بەرز ڕاگرتنی کۆمەڵگای مەدەنی و هەڕەشەی بۆ سەر کۆمەڵگای سیاسی. کەچی فوکویاما بیرۆکەی هیگڵ لە بارەی «ململانێ لەپێناو دانپێدانانندا» بەکاردێنێت بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە دیموکراتییەتی لیبراڵی بکات، ئەو وانەیەی لێرەدا فێری دەبین ئەوەیە کە ئەگەرچی هیگڵ بیرۆکەی کۆتایی مێژوو ڕادەگەیەنێت، لە بەرانبەریشدا بیرۆکەی سەرەتای فەلسەفە هەیە مادام کیشوەرێکی نوێی داهێنا کە دانیشتوانەکانی چەپ و ڕاستن، وجودی و فینۆمینۆلۆژین، ئەوە فوکویامایە تێزی بیرۆکەی کۆتایی مێژوو دەخاتەوە ڕوو- کە ڕاستییەکان بەدرۆیان خستۆتەوە، چونکە مێژوو کراوەیە و خاوەن فرە توانایە- دێت بەکاربردنی سیاسییانەی تێزە دەوڵەمەندەکەی هیگڵ و قووڵایی مەودا فەلسەفییەکەی ڕادەگەیەنێت، لەگەڵ بەردەوام بوونی هێزی پووکانەوەی پێشبینی کۆتایی لە بارەی سەرکەوتنی کۆتایی لیبرالیزم، ئەوەش مانای گواستنەوەیە لە سیاسەتەوە بۆ میتافیزیکایەکی سیاسی. بەو شێوەیە دەگەینە ئەوەی بیرۆکەی کۆتایی سەر بە مێژووە و بۆ مێژوو دەگەڕێتەوە بەبێ ئەوەی مانای تەلاقدانی فەلسەفە بێت.

سەرهەڵدانی بیرۆکەی کۆتایی لە سەردەمێکدا ئاماژەیەکی ڕوونە لەسەر لە دایکبوونی هزرێک کە لە سەردەمێکی تازە ڕادەمێنێت، ئەوە سەرەتایە نەوەکو کۆتایی. هاتنی هیگڵ بۆ ناو ئێمە هاتنێکی نێگەتیڤ بوو مادام بەخێرهاتنی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی دەکرد کاتێک هاتبووە نێو باکووری ئەفریقیا، بگرە لەوەش زیاتر کاتێک ناپلیۆن چووە نێو ئەڵمانیا ئەوەشی بەکارێکی باش وەسف کرد و لە واقیعێکی مێژووییەوە کردی بە بیرۆکەیەکی فەلسەفی «ڕۆحی جیهان لەسەر پشتی ئەسپدایە».

ئێمە لە ڕێگای مارکس-ەوە چووینە نێو هیگڵ، چونکە ئێمە بەشێوەیەکی فەلسەفییانە نەگەیشتبووینە ئەوەی هەست بە پێداویستی دامەزراندنی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح یا لۆژیک بکەین، بەڵکو دامەزراندنێکی ئایدیۆلۆژی بوو و لە ڕێگای مارکس-یشەوە بوو وەک بانگەشە کارێکی ناڕاستەوخۆی هزری هیگڵ و ئەو کەسەی کە زۆرترین ڕەخنەشی لێگرت. زیندووکردنەوەی تێزی «کۆتایی» لە ڕێگای فەلسەفەی عەرەبی نەبوو، هەروەها ئەپستراکت بوونێکی فەلسەفی چرکەساتی مێژوویی ئێستاش نەبوو، بەڵکو لە ڕێگای نێوەندێکەوە بوو، ئەو نێوەندەش ئەو جارەیان فرمانبەرێکی ستراتیژی سیاسی بوو. ئەوە فوکویاما بوو سەرنجی ئێمەی ڕاکێشایەوە سەر بیرۆکەی «کۆتایی». ئالێرەشدا گرێی هزر دەردەکەوێت کاتێک هەوڵدەدات بابەتێک لە باوەش بگرێت، «چۆن ئێمە دەتوانین بیرۆکەی کۆتایی وەربگرین لە کاتێکدا هێشتا نازانین سەرەتای ڕاستەقینە کامەیە؟». بیرۆکەی کۆتایی نەڕاستە و نە هەڵەشە، هەرچەندە لە لایەنی مێژووییەوە دووچاری دڵەڕاوکێمان دەکات و دەمانخاتە نێو بازنەی کۆیلەکانەوە، ئەوەندەش هانمان دەدات تاوەکو بەشێوەیەکی فەلسەفییانە بیربکەینەوە، ئەوە داوەتێکە بۆ بیرکردنەوەیەکی قووڵ لە هزر بۆ خۆی و بابەتەکەی. قووڵ وەک ئەوەی هایدگەر دەڵێت: «دەستنیشان کردنی هیگڵ بۆ مێژوو وەک پێشڤەچوونی هزر، نە دەستنیشان کردنێکی ڕاستە لە بەشێکدا، نە هەڵەیە لە بەشێکی تردا. ئەوە دەستنیشان کردنێکی ڕاستە بەو ڕاستییەی میتافیزیکای هیگڵ-ی کە توانی بۆ یەکەمجار ماهییەتی ڕەهای خۆی لەنێو سیستمی فەلسەفیدا بەدی بێنێت».

**سەرچاوە:**
**ئینتەرنێت-** **www. Rlthakerab.Net**

# سەقز و سەکا

عومەر عەبدوڵڵابەگی
(بۆکان)

تورکانی سەلجووقی کە دارودەستەیەکی هەردەوێڵی «ساراگەڕی» ئاسیای ناوەڕاست بوون، لە ساڵی ٤٣١ک.م (١٠٤٠ز) دوایین هەنگاویان بۆ داگیرکردن و داسەپاندنی نێوی خۆیان بەسەر ئێراندا هەڵێناوە و سوڵتان مەسعوودی غەزنەوییان لە شوێنێک بە ناوی «دەندانقان» لە مابەینی شاری مەرو و سەرەخس تێکشکاند(١).

ئەو سەرکەوتنە بووە هۆی ئەوەی تورکەیل پێیان بۆ ئەم وڵاتە بکرێتەوە و بە تەواوەتی باڵی بەسەردا بکێشن. هەڵبەت بەر لەوانیش دەسەڵات بە دەست غەزنەوییەکانەوە بوو کە تورک بوون. بەڵام بە هاتنی سەلجووقییەکان سەردەمێکی نوێ بۆ دەوڵەتانی بێگانە بە تایبەت بۆ تورکەکان دەستی پێکرد.

کاتێک ئەو دەوڵەتە تورکانە هەموو وڵاتیان وەک جاڵجاڵۆکە تەنی، دەستیان کرد بە گۆڕینی دابونەریت و فەرهەنگ و زمانەکەیان و پاشانیش کە مەغوولەکان ڕوویان کردە ئێران ئەم گۆڕین و زەخت و زۆرییە بوارەکەی خۆشتر بوو و هیچ لەمپەرێکی لەبەردا نەما.

مەغوولەکان لە ساڵی ٦١٧ک.م (١٢٢٠ز) پەلاماری ئێرانیان دا و داگیریان کرد. بە پێی ڕێبازی ژیانیان کە بریتی بوو لە دواکەوتوویی و خوێنڕێژی و نەزانی، شار و دێیان خاپوور کرد، ماڵ و سامانیان بە تاڵان برد، هەموو کەسیان کوشت و ئەوەی نەمرد و ما بە دیل گیرا و ڕاگوێزرا.

بە گشتی دیاری ئەو هۆزە، کوشت و بڕی بە کۆمەڵ، برسیەتی و نەداری و هەژاری بوو و هیچی تر. بۆ

نیشاندانی تەنیا دلۆپێک لە دەریای کردەوەی ئەم خێڵە، ئاماژە بە چەند وێنەیەک دەکەین:

وێنەی یەکەم: کاتێ قەسابی و کوشت و بڕی خەڵکی شاری «تەرمەز» تەواو بوو، مەغوولەکان ژنێکیان گرت کە لە دەست زەبری شمشێری ئەوان ڕزگاری هاتبوو. ژنەکە پێی گوتن مەمکوژن، مروارییەکی گەورەتان دەدەمێ. بەڵام کە داوایان لێکرد، گوتی قووتم داوە. مەغوولەکان بێ ڕاوەستان زگیان دڕی و مرواریییەکەیان هەڵگرت. پاش ئەوە چەنگیز فەرمانی دا زگی کوژراوەکان هەڵدڕن(٢).

وێنەی دووهەم: تەواوی ژن و پیاو و منداڵ، تەنانەت سەگ و پشیلەی شاری نیشابووریان لە تۆڵەی کوژرانی زاوای چەنگیز «تغاچار» کوشت. کچە بێوەژنەکەی چەنگیز، فەرمانی دا پاش کوشتنی هەموو ئەوانەی دەجووڵێنەوە، شار بسووتێنن، بیڕووخێنن، بیکێڵن و جۆی لێ بچێنن(٣).

بەڵام ئێمە باسی ئەو لایەنە لە کردەوەکانی تورک و مەغوول و ئێلخانەکان و پاشماوەکانیان دەکەین کە پێوەندی بە تێک تەپاندن و ڕووخانی ژێرخانی فەرهەنگی گەلەکەمان هەیە کە لەو بوارەشدا زۆر بێ بەزەییانە جووڵاونەتەوە. بۆ وێنە ئەوانە هەر لە ڕۆژی ڕەشی هاتنیانەوە هەتا ئەو دەمەی بێ دەسەڵات بوون، دەستیان داوەتە گۆڕینی ناوی کێو و چۆم و شار و دێ و تەنانەت زمانی وڵاتانی داگیرکراو و هەر ئێستاش گرفتاری ئەو لافاوە فەرهەنگییەین و سەیر ئەوەیە هیچ حەول و تەقەلایەکیش بۆ گۆڕینی ئەم ناوانە لەلایەن دڵسۆزانی وڵاتەوە نەدراوە و تەنانەت زۆر جاران نووسەران و توێژەرانی کورد، دیرۆکیان بۆ ئەم وشانە تاشیوە و بە کوردییان ناساندوون و وایان نیشان داوە لە بنەڕەتدا هەر وا بوون. بە کورتی ئامانج و مەبەستی داگیرکەرانیش لەم گۆڕینانە ئەوانە بوون:

١- خوێندنەوە و نووسین و دەربڕینی ناوە کوردی و خۆماڵییەکان بۆ ئەم تورکانە نامۆ و دژوار بووە و نێوە تورکییەکان بۆ ئەوان خۆشتر و هاسانتر بووە.

٢- بۆ ئەوەی بە خەڵکی سەردەمی خۆیان و داهاتوو بسەلمێنن ئەم وڵاتە لە هەوەڵەوە هەر هی خۆیان بووە و داگیریان نەکردووە. لەوەش دەچێ ئەم قسەیە وەڕاست گەڕابێ بۆ وێنە: ئاغای جەمشیدی مەحبووبی نووسەری کتێبی تاریخ و جوغرافیای میاندواو و تیکاب و شاهیندژ گوتوویە: بەڵگەی ئەوەی دەوروبەری مەهاباد و میاندواو لە کۆنەوە خاک و زێدی تورکان بوون ئەوەیە کە ناوەکانیان تورکییە(٤) (چاویشی ئەوە نابینێ کە سەرانسەری خاکی ئێران پڕە لە ناوی کوردی کە لە هەمووان نزیکتر، میاندواو، بناو، سەراو، گاوگان، سەردەرۆ و کوێستانەکانی سەهەند و سەهۆڵان «سبلان»ن).

٣- بۆ ئەوەی پاش تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر و سووڕانی چەرخی ڕۆژگار، ناوە کۆنەکان لە بیر بچنەوە و لە زەین و بیری خەڵکی وڵاتدا نەمێنن و دیاردە و بیرەوەرییەکانی باب و باپیران بکوژێننەوە.

٤- بۆ ئەوەی زمان، داب و نەریت، بوون و مانی هەموو گەلانی ژێرکەوتە وەک خۆیان لێ بکەن و چاک و ڕەسەن بوونی خۆیان بەسەر هەمواندا داسەپێنن. بۆ وێنە غازان خان بە مەغوولی و تورکی قسەی دەکرد و فارسیشی دەزانی، بەڵام خۆ بە زلزانی و دەمارگرژی کە ڕەگ و ڕیشەی لە یاسای چەنگیزخانیدا بوو ئیزنی پێ نەدەدا بە فارسی لەگەڵ خەڵک بدوێ(٥).

کلۆدیوس جیمس ڕیچ لە گەشتەکەی ساڵی ١٨٢٠ی زایینیدا دەگێڕێتەوە دەڵێ: «ئەو دەمی لە بانە بووم، والی سنەش لەوێ بوو. لەو شوێنەی دانیشتبووین بە زمانی تورکی دواندمی، کە ئێستا بووە بە زمانی باوی چینی خانەدان لە ئێران»(٦) وەک دەردەکەوێ بە تورکی قسەکردن شانازی بووە تەنانەت بۆ والی کوردستانیش.

لێرەدا ئەو ناوانەی پێمان وایە تورکی و مەغوولین و تەنانەت ئەو ناوانەی دەوروبەری سەقز کە تورکی و مەغوولی نین، بەڵام واتا و ڕەگەزیان بۆ خەڵکی دەڤەرەکە نامۆیە و بۆی هەیە لەم ڕێ و بوارەدا بە هەڵەدا بچین و ماناکە بە باشی نەپێکین، ئەرکی سەر شانی هەموانە بە وردی تێیان بڕوانن و هەڵەکانی بژار کەن.

هەنگاوی یەکەم لێکدانەوە و شیکردنەوە و تێڕوانینی ڕەخنەیی چۆنیەتی ناونان «وجه تسمیه»ی شاری جوان و کۆن و خاوەن دیرۆک و پڕ لە سەروەری سەقزە و دواتریش نۆرەی ئاوایی و شاخ و کێو و ڕووبارەکانی دەوروبەری ئەم شارەیە.

بۆ ئەم مەبەستە بیروڕای چەند شارەزا و مێژوونووس کە لەم بابەتەوە دواون دەخەینە بەرچاو:

کاک مستەفا کاوە نووسیویەتی:

وشەگەلی تورکی پاش هێرشی تورکان (دەوروبەری سەدەی شەشەمی مانگی بە دواوە) هاتوونەتە نێو زمانی فارسی و زاراوەکانی تر، بەڵام ئێمە مێژووی سەقز دەبەینەوە بۆ سەدەی هەشتەم و حەوتەمی پێش زایین(٧).

هەندێ کەس بە بۆنەی ئەوەی لە سەقز و دەوروبەری، داری قەزوان (دارە بەن، دار بنێشت، بنە) زۆر بووە پێیان وایە ئەم ناوە لە بنێشت وەرگیراوە. کە لە هەڵەدان، چونکە ئێمە بە کوردی پێی ناڵێین سەقز و ناوی بنێشت و جاچکە و چەقەیە(٨).

پاشان لە زمان گیرشمەنەوە دەڵێ: سەقز لە «سەکا» وەرگیراوە و ئەو بۆچوونەی سەلماندووە.

دوکتور محەمەد موعین دەڵێ:

سەقز لە ناوی هۆزی («سەکە» = «سەکا» = «ئیسکەیت» = «سەکز») وەرگیراوە. ئەم هۆزە پاش نیشتەجێبوون لە باشووری گۆلی ورمێ، سەقزیان کردە پایتەخت و ناوی خۆیان لەسەر دانا(٩).

یان دەڵێ:

دەڵێن هەر کە هەوەخشەتەرە توانی سەرانی سەکا بکوژێ و ڕاویان نێ و خاکی مادیان پێ جێبێڵێ، بە شوکرانە و یادی ئەم سەرکەوتنە گەورەیە و بۆ بیرەوەری ئەو ڕووداوە گرینگە، ئەم شوێنە بە نرخە هەڵکەوتەیان نێو نا «سەکز» کە بەرەبەرە بوو بە «سەقز» و کەوتە سەر زاران.

مامۆستا مەلا جەلال شافعی دەڵێ:

ناوی سەقز لە سەکاکانی دەوروبەری گۆلی ورمێ وەرگیراوە کە دواتر کۆچیان کردووە و هاتوونەتە سەقز کە پایتەخت بووە و ناوی خۆیان لەسەر داناوە.

لەلایەکی تر نووسیویە:

زێویە پایتەختی شاکانی «ماد» بووە. لەو دێیەدا ٦٥ قەبر کە ئارامگەی بنەماڵەی شاکانی ماد بووە دۆزراوەتەوە(١٠).

دوکتور جەماڵ ڕەشید ئەحمەد دەڵێ:

پەیدا بوونی شاری «سەکەس = سەقز»ی کوردی بۆ ناوی ئەو هۆزە کۆچەرە سەکسیانە دەگەڕێتەوە کە لە نێو شاردا بەرهەمی خۆیان ئاڵ و گۆڕ دەکرد و بێگومان هێندێکیشیان لە سەردەمی مێدیدا لەم شوێنە نیشتەجێ بوون(١١).

کاک عیمادەدین دەوڵەتشاهی دەڵێ:

سوغزیم کە بە هەڵە شاری «سوغر»ی ماوەرائونەهریان پێگوتووە، ناوی شارۆچکەی سەقزی کوردستان بووە. «سوغد = سغد» لە ماوەرائونەهر دەتوانێ هاوناوی شارێک بێ کە دوای کۆچ دانی زۆرەملی تاقمێک کورد لە ڕۆژاواوە بۆ ڕۆژهەڵات لە سەر شوێنە تازەکەیان دانابێ(١٢).

کاک عومەری فارووقی دەڵێ:

سەقز لە سەردەمی مادەکاندا ناوی «ئیسکەیت» بووە. پاشان کە سکاییەکان هێرشیان کردە سەر خاکی ماد و داگیریان کرد، گۆڕییان و بوو بە «ساکز» یا «سکاکز». پاش ئەوەی هوەخشەتەرەی مادی دوای ٣٠ساڵ توانی سکاییەکان تێک بشکێنێ و پرژ و بڵاویان کا، ئەم ناوە هەروا بە سەر سەقزەوە مایەوە(١٣).

مامۆستا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ:

بە دووریش نازانرێ کە هەندێ وردەتیرەی هەرێمەکانی «سقناق» و «سەقسین»ی تورکستانیش لەگەڵ ئەم عێل و تیرە تورکانە هاتبنە ئازەربایجانی ڕۆژاوا و کوردستان و ناوی کێوی «سخناخ»ی لای سنە و ناوی شاری «سەقز»یش لەوانە مابێتەوە(١٤).

گیرشمەن دەڵێ:

سەقز ناوی خۆی لە سەکاییەکان یا «سەکە»، هەر بەو چەشنەی کە خۆیان بە خۆیان دەگوت، یا ئیشکوزای هەر بەو چەشنەی کە لە تەوراتدا یا لە نووسراوەکانی ئاشووری وایان پێگوتراوە، وەرگرتووە. لە ڕاستیدا هەمموو بەڵگە و نووسراوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە بڕوا بکەین ئەو زەمان کە سەکاییەکان لە باشووری گۆلی ورمێ لە «هەرێمی ماننایییەکان» کە داگیریان کردبوو نیشتەجێ بوون سەقز بوو بە پێتەختی ئەوان و ئەوەش دەزانین کە نێوی تیرە و قەومەکان لەسەر پایتەخت دادەندرێ(١٥).

دیسان گیرشمەن دەفەرمێ:

ماننا ئەو خەڵکەی لەگەڵ «لۆلۆبییەکان» و «هۆرییەکان» خزمایەتی و نزیکایەتیان بوو و لە ناوچەی زاگرۆسدا نیشتەجێ ببوون لە سەدەی ٩ و ٨ی بەر لە زایین لە نێویاندا نێوە ئێرانییەکان وەبەر چاو دەکەوێ. پایتەختی ئەوان شاری «ئیزیرتا» لە ٥٠ کیلۆمیتری ڕۆژهەڵاتی سەقزی ئێستا بووە.

چاومان بە بیروڕای هێندێک بەرێز لەمەڕ چۆنیەتی ناونان «وجه تسمیه»ی شاری سەقز کەوت، زۆربەی ئەو ڕایانە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وتەکەی پڕۆفیسۆر گیرشمەنی فەڕانسەوی کە پێی وایە ئەو ناوە لە «سکا» یا «سەکە»ی هۆزی سەکا وەرگیراوە. جا لێرەدا بۆ ئەوەی بزانین تیرە و هۆزی سەکا کێ بوون و لە کوێوە هاتوون و لەم ناوچەیەی خۆمان چۆن جێگیر بوون و چییان کردووە، بە کورتی دەیاندەینە بەر باس و خواست.

* «ئیسکیت» ناوێکی هاوبەش بوو کە یۆنانییەکان لەسەر هەمموو هۆزەکانی نیشتەجێی سارا کە بە زمانی ئێرانی دەدوان و لە مەڵبەندی لێوارەی باکووری دەریای

ڕەش و باکووری قەفقاز دەژیان و تایبەتمەندی فەرهەنگی و شارستانیەتی مادی ناسراویان بوو دانابوو. ئەوەندەی یۆنانییەکان لە بیریان بوو ئەو هۆزو تیرانە خۆیان بە خۆیان نەدەکوت «ئیسکەیت»، بە پێچەوانە وا دیارە ئەو هۆزەی هێرشی هێنایە سەر ئاسیای پێشەوە، بە خۆیان دەگوت «ئیشکیدا، Skuda» (١٦).

* پارسیان و ڕەنگە مادەکانیش بە دانیشتوانی سارایان گوتبێ «سەکا»گەل، هەر بەو چەشنەی یۆنانییەکان پێیان دەگوتن «ئیسکەیت» و بابلییەکان نێویان نابوون «گیمی ری». ئەگەر بسەلمێنین کە ئیسکەیتەکانی ئیشکودا بە ڕاستی لەو بەری چۆمی ڤۆلگاوە هاتبن یانی بنەڕەتیان بچێتەوە سەر ئاسیای ناوەندی، ئەگەری ڕاست و دروست بوونی نازناوی سەرەوە زۆرتر دەبێ. جا لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە «سکاسنا» «سکا - شایان»ی ئێرانی واتە وڵات و خاک و جێ ژیانی «سەکا»کان نێوێکی ڕەسمی بووە کە مادەکان لەسەر ناوەند و ناوکی پێشووی پادشایی ئیسکەیتیان دانابوو و ئێمە دەبێ وڵاتی ناوبراو لە بەینی چۆمی کورا و مەڵبەندی باکووری «کی رۆفاوا» و «گەنجە» و خاکی نزیک گۆلی ورمێ کە سەر بەماننا بووە بدۆزینەوە(١٧).

١- هەروەک باس کرا ئەو هۆزە کۆچەرانەی دانیشتووی سارا، لە بنەڕەتدا بە خۆیان نەدەگوت «ئیسکەیت» یان «سەکا-سەکە»، بەڵکو بە خۆیان دەگوت «ئیشکیدا Skuda».

جا ئەگەر ئەو هۆزانە لەو کاتەدا لە ناوچەی ماننادا بووین و ئەم وڵاتەیان داگیرکردبێ و نێوی خۆیان لەسەر پایتەختی ئەو دەوڵەتە دانابێ، دەبێ ئەم ناوە ئیشکیدا بێ نەک سەکا و سەکە و سەقز.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە پرۆفیسۆر دیاکۆنۆف ناچێتە ژێر باری ئەو قسەیە کە سەکەکان لە ماوەی ئەو ٢٨ ساڵەی (٦٥٢-٦٢٥ پ.ز) کە لە ناوچەکەدا بوون توانیبێتیان خاکی ماننا داگیر کەن و بیخەنە ژێر چۆکی خۆیان(١٨)، بەڵام دەڵێ نیشتەجێ بوونی ئەوان لە ماننادا ڕاستییەکە بە بەڵگە و دۆکیومێنتەکانی مێژوویی سەلمێندراوە. بەڵام ناتوانین بێژین ئەوانە ماننایان داگیر کردووە و پاشایی ئیسکەتیان هەر ئەو خاکەی ماننا بووە.

لە ڕاستیدا بۆی هەیە ئیسکەیتەکان جار جار وەک دوژمن و جار جاریش وەک دۆست، لە ماننا مابێتنەوە.

٢- ئەگەر ددان بەوەدا بێنین سەکەکان لە کاتی داگیرکردنی ماننا ناوی خۆیان لەسەر پایتەخت دانابێ، (پرۆفیسۆر گیرشمەن بڕوای وایە) و لەو کاتەدا ماننایی و مادەکان دەسەڵاتی ئەوەیان نەبووبێ بەری ئەو کارە بگرن، ئەی پاش بەزین و هەڵاتن و تێکشکان بە دەست هێزەکانی پادشایی ماد هوەخشەتەرە (کیاکسار) لە ساڵی ٦٥٢ی پێش زایین نەدەبوو دەوڵەتی ماد ناوی داسەپاوی دوژمنی خۆی لەسەر پایتەختەکەی لابا و بیسرێتەوە؟

ئەوەش دەزانین مادەکان ئەو سەرکەوتنە هەتا ساڵی ٥٤٩ی پێش زایین نزیک بە ٧٥ ساڵ لە دەسەڵاتدا مانەوە و کات و دەرفەتی ئەوەیان بووە ئاسەوار و دیاردەی دوژمن و داگیرکەر بشۆنەوە.

ئەگەر پێشمان وابێ دەوڵەتی ماد ئارەزوومەندانە ئەو ناوەی نەگۆڕیوە ئەمە ڕاست نییە، چونکە دوژمنایەتی ماد و ماننا و ئەو هۆزە کە ببووە گۆپاڵی دەستی دەوڵەتی ئاشوور و دوو جار بە سەرۆکایەتی مادیس کوڕی پارتاتوا لە پشتەوە هێرشی هێنایە سەر ماد و دەوڵەتی ئاشووری لە تێکشکان ڕزگار کرد، تەنانەت لە یەکێ لەو شەڕانەدا لە ساڵی ٦٥٣ی پێش زایین پادشای ماد فەروەرەتیش (فرائورت) باوکی هوەخشەتەرە (کیاکسار) کوژرا، بۆ لێخۆش بوون و لەبیرچوونەوە نەدەبوو هەر وەک دیتمان شای ئازا و کارامە «هوەخشەتەرە» چی بەسەر ئەو هۆزە هێنا و چۆن لەگەڵیان جووڵاوە.

٣- پرۆفیسۆر گیرشمەن کە نووسراوەکانی بووە بەسەرچاوەی نووسەرانی دیکە، بە داخەوە لەو کتێبانەی تا ئێستا نووسیویەتی چەند جار قسەی دژ بە یەکی کردووە و لە کتێبی نوێدا وتەکانی کتێبی پێشووی لەبیر چۆتەوە.

ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە بە دەستی زۆر ویستوویە تا ئەو جێیەی بکرێ زانیاری و هونەر و شارستانیەتی وڵاتی ماننا و ماد بکا بە ماڵی هۆز و تیرەیەکی تر. بۆ وێنە ئەو دیزە و گۆزە و تیر و پەیکانەی کە دۆزراوەتەوە تەنانەت ئەو تابووتەی مردوویەکی مۆمیایی تێدا بووە لە قەڵای زێویە لە ژێر خاک هاتۆتە دەرێ، بە تابووتی سەردارێکی سەکایی زانیوە. بێجگە لەوانە جارێکی تر سەیری نووسراوەکەی گیرشمەن کەن کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسمان کرد(١٩).

گوتوویە «ئەوەش دەزانین کە نێوی تیرە و قەومەکان لەسەر پایتەخت دادەندرێ». جا ئەو بەڕێزە جارێک شاری سەقزی بە پایتەختی سەکاکان زانیوە و ئەو ناوەی بۆ هەڵبژاردووە و جارێکی تر گوتوویە پایتەختی ئەوان، شاری ئیزیرتا لە ٥٠ کیلۆمیتری ڕۆژهەڵاتی سەقزی

ئێستا بووه!؟

خۆتان لێکی دەنەوە کامیان ڕاستە؟ بە باوەڕی من، سەقز نە پایتەختی ماننا و مادەکان بووە و نە ئەم ناوە فڕی بەسەر سەکاکانەوە هەیە(٢٠). پرۆفیسۆر گوداری فەرەنسەیی ڕای لەسەر ئەوەیە پایتەختی مانناکان، «ئیزیرتوو = زێڕتوو» یا ئاوایی قاپلانتووی ئێستا بووە کە لە زۆر ڕووەوە و بە چەند هۆ ئەم بۆچوونەی لەوانەی تر ڕاستترە:

یەکەم: با بە وردی سەرنج بدەینە شوێن سوپای ئاشوور لە هێرشەکەی ساڵی ٦٥٩/ ٦٦٠ پ.ز کە لە کتێبی مێژووی مادی پرۆفیسۆر دیاکۆنۆف بەشی سێهەم لاپەڕەی ٢٥٩ ئا بەم چەشنە باسی کراوە:

کاتێ سوپای ئاشوور لە ژێر ئەمری سەردارەکەیان «نابوشارو و سوور» لە ساڵی ٦٥٩/ ٦٦٠ پ.ز لە کوێستانەکانی زاگرۆس پەڕینەوە، «ئاخسری» مانناییی حەولی دا لە کاتی پشوودان و حەسانەوەی شەوانەدا هێرش بکاتە سەریان و تەفر و توونایان کا، بەڵام سەرنەکەوت و ئەم کارەی بۆ نەکرا. پەلاماری سوپایماننا بەرپەرچ دراوە و مەجبوور کران پاشەکشە بکەن و ئاشوورییەکان هەشت قەڵایان لە مابەینی سنووری باشووری ماننا و پایتەختی ئەو دەوڵەتە «ئیزیرتا» هەڵکەوتبوو داگیر کرد. ئاخسری مقەڕی خۆی لە ئیزیرتا (izirta) کە لە مەترسیدا بوو گواستەوە بۆ «قەڵای ئیشتاتوو»، بەڵام ئاشوورییەکان کە ماوەی پازدە ڕۆژ، «ئیزیرتا» (سەقزی ئێستا؟) و قەڵاکانی نزیک بەو وەک ئوزبیا (زی بیا - ئیزی بیا - زێویەی ئێستا) و ئوورمیاتە (ئارمایبیت)یان گەمارۆ دابوو نەیانتوانی داگیریان کەن و تەنیا بە خاپوور کردنی شوێنەکانی دەوروبەر و بە دیل گرتنی خەڵک و ڕاماڵدانی ئەسپ و کەر و پاتاڵی گەورەی شاخدار وازیان هێنا.

- دیاکۆنۆف دەڵێ هەشت قەڵا (لە مابەینی سنووری ماننا و پایتەختی ئەو دەوڵەتە) داگیر کرا. ئێمەش دەڵێین ئەگەر ئەو کات ئیزیرتو پایتەختی ماننا و مەبەستیش هەر ئەم سەقزەی ئێستا بووبێ، دەیجا چۆن قەڵای زێویە کە ٥٠ کیلۆمیتر بەرەو باکوور لە سەقز دوورە دەکەوێتە ئەم بەینەوە؟

ئەگەر «ئارمایبیت»یش ئاوایی «ساحیب» بێ، دیسان چۆن دەکەوێتە ئەم بەینەوە؟ لە کاتێکدا کە ٢٠ کیلۆمیتر لە سەقزەوە دوورە.

لە لایەکی ترەوە دیاکۆنۆف نووسیویەتی: «ئاخسری» مقەڕی خۆی کە ئیزیرتا بوو و لە مەترسی گەمارۆ و گیراندا بوو گواستەوە بۆ قەڵای «ئیشتاتوو». جا بە بڕوای من وشەی ئیشتاتوو لە دوو بڕگە پێکهاتووە: «ئیشتا + توو».

وشەی ئیشتا هەر وشەی «ئیشتار - عیشتار»ی خودای بابلە کە خودا خانمی بابلی و خودای ئەوین و شەڕ بووە. «توو»ش واتاکەی شوێن جێ و کێوە. سەرجەمی مانای ئەو دوو بڕگەیە دەبێتە شوێن و جێگەی ئیشتار. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەم شوێنە جێگایەکی پیرۆز و شوێنی پاڕانەوە و ستایش و پەرەستنی خودای ئیشتار بووە.

لێرەدا ڕەنگە هەندێ کەس پرسیار بکەن ئیشتار خودای بابل بووە و چ کاری بە ناوچە و مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی ماد و ماننا داوە؟

دەبێ ئەوە ڕوون کەینەوە: دینی بابلی لە بەشێکی گەورەی ئاسیای ڕۆژئاوا بە هێدی و هێمنی دەژیا، خەڵکێکی زۆر خودایەکی بابلی بە ناوی بەعل (bel)یان کە جێی مەردووکی کۆنی گرتبۆوە دەپەرست؛ هەروەها خودا خانمی «ئیزەدبانو» ئیشتار هەتا سەردەمی مەسیحیەت ستایش دەکرا و دەپەرسترا.

لە سەردەمی ئەشکانییەکان (پاش و بەر لەوانیش) بە هۆی تێکەڵاوبوونی فەرهەنگ گەلی ئێرانی و بابلی و یۆنانی، خوداکانی ئەم گەلانە وەک یەکیان لێهات و لە یەک چوون و هەر وەک یەک چاویان لێکرا. هەر وا کە ئاناهیتا لە چەشنی ژنێکی جوان و ڕێک و پێک دەهاتە بەرچاو و خودا خانمی ئاوەکان و خودا خانمی بەرەکەت بوو لەگەڵ «ئیشتار» بوون بە یەک خودا(٢١).

کەوا بوو دەتوانین ئەوە بڵێین خودای گەلانی هاوسێ لەم ناوچەیە بۆ ناوچەیەکی تر جێ گۆڕکێیان کردووە. جا با ئەو جێ گۆڕین و هات و چۆیە بۆ ماوەیەکی کەم بووبێ. ئەوەش دەزانین لە پێش ئەوەیدا ماننا و ماد بەهێز بن و لە سەر پێی خۆیان ڕاوەستن و سێبەری داگیرکەرانی وەک ئاشوور، بابل و ئورارتوو لەسەر خۆیان لادەن، فەرهەنگ و داب و نەریت و دینی ئەو گەلانە بەسەر خەڵکدا سەپاوە یا لە ژیانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەو ئیشتارتووەی باسمان کرد، ئێستا ناوی «قەڵای کەرەفتوو»ە و لە ٧٠ کیلۆمیتری باکووری ڕۆژهەڵاتی سەقز هەڵکەوتووە. وشەی کەرەفتوو لە دوو بڕگە پێک هاتووە: «کەرەف = چاکە، خێر، سەواب» و «توو = جێ، شوێن، کێو» کە سەرجەم تێکڕا دەبێتە شوێنێک کە چاکە و ستایش و پاڕانەوەی لێدەکرێ ئەگەر جوان سەرنجی بدەن، دەزانن کە مانا و واتای هەر دوو وشەی

کەرەفتوو و ئیشتاتوو هەر یەکن. بێجگە لە مانای دوو وشەکە، نزیکی قەڵای کەرەفتوو لە ئاوایی قەپلانتوو کە ١٠ کیلۆمیترێک دەبێ و شایماننا لە کاتی تەنگانە و هێرش و نزیک بوونەوەی دوژمن توانیویەتی بە سواری بە دوو سێ سەعاتێک خۆی بگەیەنێتە ئەوێ، بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوەی سوور بین لەسەر قسەکەمان. دەبێ ئەوەش بڵێین قەڵای کەرەفتوو غارێکی بەردین و قایم و زۆر حەستەمە و تەنیا درگایەکی هەبووە و لە سەردەمی خۆی کە دەوڵەتی ئاشوور، ئامراز و کەرەسەی پێشکەوتووی بۆ رووخاندنی قەڵا و شوورە هەبووە، نەیتوانیوە ئەو شوێنە بگرێ و بیرووخێنێ و ئەگەر بێتو گەمارۆشی دابێ، چونکە غارێکی گەورەی سروشتییە و ئاوی تێدایە، توانیویەتی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ میوانداری شا و سوپاکەی بکا، ئەوا دوژمن ماندوو بووە و کشاوەتەوە و ناوچەی بە جێ هێشتووە.

قەڵای کەرەفتوو ٧٠ کیلۆمیتر لە سەقز دوورە و بە دووری دەزانم لە کاتی تەنگانەدا، شا رووی کردبێتە ئەوێ و خۆی لەو غارەدا حەشار دابێ. ئەگەر بۆچوونەکەی ئێمەش هەڵە بێ و قەڵای ئیشتاتووش، غاری کەرەفتوو نەبێ، ئایا لە دەوروبەری سەقز قەڵای وا سروشتی و قایم بووە کە شا زوو خۆی بگەیەنێتە ئەوێ؟ مەبەست لە بوونی قەڵاش ئەو قەڵا ئاساییانە نییە، چونکە ئەم چەشنە قەڵایانە نەیانتوانیوە لە بەرامبەر سوپای دڕندەی ئاشوور و ئورارتوو بۆ ماوەیەکی زۆر خۆ ڕاگرن و دوژمن ببەزێنن.

لە لایەکی دیکەوە لەو کتێبانەی لەبەر دەستدان، وەک مێژووی مادی دیاکۆنۆف و ئەوانی تر، هەموو کاتێ ناوی ئیزرتوو و زێویە بە یەکەوە و لەگەڵ یەک هاتوون. جا چونکە ئێستا شوێنی قەڵای زێویە دیار و ناسراوە و هەر بە ناوە کۆنەکەی ئاوایی و قەڵاکەمان ماون بیسەلمێنین کە ئاوایی دەستە خوشکی زێویە، قەپلانتووە کە تەنیا ٤ کیلۆمیتر لە زێویەوە دوورە، نە شاری سەقز کە لە قەڵای زێویە زۆر دوورە و ٥٠ کیلۆمیتر نێوانیانە.

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە قەڵای زێویە لە رووی چۆنیەتی مێعماری، ساڵۆن، وەتاغی کۆنفرانس و کۆبوونەوە و ئەو قەبرانەی لەوێ دۆزراونەوە، بە تایبەت ئەو تابووتەی کەسێکی مۆمیایی تێدابووە یا لە رووی ئەو هەموو شوێنەوارە زێڕینە، دەبێ ماڵی شا یا قەڵای حەسانەوە و ژیانی بنەماڵەی شا یا شانشین بووبێ و قەپلانتووش ناوەندێکی سوپایی بووە و ئەو شوێنەوارانەی لەوێ هەن، بە تایبەت ئەو ماڵ و دیوارە رووخاوانەی سەر کێوی «سەنگەر» کە لە پشت ئاوایی هەڵکەوتووە و تەواوی ناوچەی لە ژێر چاوەدێریدایە ئەمە دەسەلمێنێ کە قەپلانتوو ناوەندێکی سوپایی گرینگ بووە.

هەر لەو پێوەندەدا باسێکی دوورتریش هەیە بۆ ئەوەی بڵێین و بیسەلمێنین کە لەو سەردەمەدا قەپلانتوو لە سەقز گەورەتر و گرینگتر بووە و ئەوەش نزیک بوونی ئەم شوێنە بە ئاورگەی پیرۆزی «شیزە» (تەختی سلێمانی نزیک تیکابی هەوشار). هەر وەک دەزانن ئاورگەی شیز یا ئازەرگوشەنەسب یەکێ لە هەرە گرینگترین ئاورگاکانی ئێران بووە کە شا گەورەپیاوانی ئەو سەردەمە و دواتریش لە تیسفوون و مەدانیەوە بۆ زیارەت روویان کردۆتە ئەم ناوەندە. تەنانەت خوسرەو پەرویز، شای ساسانی، لە کاتی پاشەکشە لە بەرانبەر سوپای هێراکلیۆس لە ساڵی ٦٢٨ پاش زایین هەر چۆنێک بێ خۆی دەگەیەنێتە شیز و ئاوری پیرۆزی ئەوێ هەڵدەگرێ و ڕایدەگوێزێ.

جا پێم وایە ئەو شار و ئاوایی و شوێنانەی لە بازنەی دەوروبەری شیز لە ئاور و شارەکە نزیکتر بووبێتن بەرچاوتر و گرینگتر و ئاوەدانتر بوون. هەڵبەت دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە بە چاویلکەی سەردەمی خۆی بڕوانینە باسەکە.

ئەوەی باسمان کرد، تێڕوانینی منە و دەکرێ هەڵە بن و لە ڕاستی دوور؛ ئەگەر هەڵە بن ڕاستییەکەی چییە؟

٤- لە پاش ناونانی سەقز لە لایەن «سەکاکانەوە» (٦٢٥-٦٥٢ پێش زایین) لە کام سەنەد و بەڵگە و لەوحی سواڵەتیی ئاشووری، ئورارتوویی، عیلامی، مادی و پاسی ئاماژە بە نێوی سەقز کراوە؟

ئایا شارێکی بە نێوبانگ و بە قسەی گیرشمەن پایتەخت کە زۆر جاران هێرش کراوەتە سەری و گەمارۆ دراوە، نابێ لە بەردێک، شوێنەوارێکی ژێر خۆڵ و یا کتێبێکدا ئاماژە بە نێوەکەی کرابێ؟

سەرنجێکی کتێبی مێژووی مادی پرۆفیسۆر دیاکۆنۆفی توێژەر، کۆنینەناس و مێژووزانی رووس بدەن، ئەو کتێبەی کە بناغەکەی لەسەر دەیان بەڵگەی مێژوویی داڕێژراوە و هەمووان بە کتێبێکی زانستی و ڕاست و بە نرخی دەزانن، زۆر جار باسی زێویە، ئیزرتوو، قەڵای بۆشتۆ (ئاوایی بست لە بناری کوێستانی چل چەمە)، ئارمائیت (ئاوایی ساحێب بە وتەی گودار) و خار خار (ئاواییەکی بەشی هەوشار) دەکا، بەڵام تەنیا بۆ جارێک باسی وشەی سەقز ناکا. ئەوەش دیاردەی ئەوەیە کە ئەم وشەیە لە پێش زایین و تەنانەت پاش زایینیش هەتا

هاتنی تورکەکان نەبووە و نەناسراوە(٢٢).

٥- هێراکلیۆس، ئیمپراتۆری بیزانس، لە نامەیەکدا کە لە ئۆردووگایەکی نزیک گەنزەک (ئاوایی لەیلانی نزیک میاندواو)ەوە ناردوویە و لە کلیساکانی قوستەنتەنییە خوێندراوەتەوە، باسی هێرشی سێهەمی خۆی بۆ سەر بەینونەهرەین (نێوان دوو چۆمان = میان رودان) لە سالّی ٦٢٨ی زایینی کردووە و کوتوویە مانگی فێوریە (رێبەندان = بەهمەن)ی ئەو سالّە خەریکی کاول کردنی شارەزوور بووە و لە پاشەکشە و گەڕانەوەدا لە زاگرۆس پەڕیوەتەوە و لە مانگی مارس (ڕەشەمە = ئیسفەند)دا گەیوەتە شوێنێک بە ناوی «بەرۆژە» (Barozha)(٢٣)، کە ناوێکی کوردییە و ماناکەشی «لەبەر خۆر - لەبەر هەتاو»ە و بە بیر و بۆچوونی راولینسۆن، ناوی شاری بانە بووە و هەر ئێستاش ئەم ناوە ماوە و لە کتێبی گەشتی ریچ بۆ کوردستان لە سالّی ١٨٢٠ی زایینی ئاماژەی پێکراوە و ئاوا نووسراوە:

(هەر بە ڕاستیش ناوی بانە هی ناوچەکەیە، ئەگینا شارەکە ناوی «بەرۆژە»یە(٢٤)) لەوێشەوە گەیوەتە شوێنێک بە ناوی «بەرزە Barza» و ماوەی حەوتوویەک لەوێ ماوەتەوە.

بە رای راولینسۆن و پرۆفیسۆر مینۆرسکی، ئەو شوێنە سەقزە و بە لەبەر چاو گرتنی رێ و شوێن پێ و هاتوچۆی هێراکلیۆس و سوپاکەی ئەو قسەیە دەسەلمێندرێ و دەردەکەوێ کە ئەو جێیە سەقزە و لەو سەردەمەدا ناوی «بەرزە» بووە.

٦- جوغرافیازانە کۆنەکانی عەرەب وەک ئیبنی خوردادبیە (٢٥٠ک، ٨٤٦ز)، قودامە (٢٦٦ک، ٨٨٠ز) و موقەدەسی (٣٧٥ک، ٩٨٥ز) شوێنە دیار و مەنزلّە بە نێوبانگەکانی رێگای «دینەوەر بۆ مەراغە» و «مەراغە بۆ ورمێ»یان دیاری کردووە و ئاماژەیان پێکردووە کە لە نێو ئەم ناوانەدا ئیشارە بە وشەی «بەرزە» کراوە، کە بە لێکدانەوە و بۆچوونی پرۆفیسۆر مینۆرسکی، ئەم ناوە، ناوی سەقز بووە. کەوابوو ناوی شاری سەقز لە دوای زایین بەرزە بووە(٢٥).

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا دەکرێ و دەگونجێ سەقز لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین ناوی خۆی لە «سەکا»وە وەرگرتبێ و کرابێ بە «سەقز» و هەمووان بەم ناوەیان ناسیبێ و پایتەختیماننا و مادەکان بووبێ، بەلاّم پاش زایین لە کاتی هێرشی سێهەمی هێراکلیۆس ئیمپراتووری بیزانس (سالّی ٦٢٨ی پاش زایین) ناوی «بەرزە» بووبێ و ئەم ناوە لە لایەن هێراکلیۆس، مێژوونووسانی کۆنی عەرەب، سێر هێنری راولینسۆن و پرۆفیسۆر مینۆرسکییەوە ئاماژەی پێکرابێ (یانی پاش ماوەیەکی دوور و درێژ لە دەسەلاّتداری سەکاکان و مادەکان نزیک بە ١٣٠٠ سالّ) و ئێستا دیسان ناوی کرابێتەوە بە سەقز؟ یانی پێش زایین «بەرزە» بووە و دیسان بۆتەوە سەقز.

جێی خۆیەتی بپرسین ئایا سەکاکان پاش زایین زیندوو بوونەتەوە و هاتوونەتەوە کوردستان و ناوی سەقزیان لە «بەرزە»وە گۆڕیوە و ڕۆیشتوونەتەوە؟ یا خەلّک و دانیشتووانی ئەم ناوچەیە ئەوەندەیان سەکاکان خۆش ویستووە و خێر و بێریان لێ دیون، دووبارە «بەرزە»یان کردبێتەوە سەقز؟

٧- پرۆفیسۆر گیرشمەن و چەند کەسی تر وتوویانە، ناوی پێشووی سەقز، «ئیزرتا» و پایتەختی ماننا‌کان بووە و سەکاکان ناوی هۆزی خۆیان لەسەر پایتەخت داناوە و بەرەبەرە «سەکا» بووە بە «سەقز».

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەگەر بە هۆی ئەوەی سەقز پایتەخت بووە ئەم ناوەیان بەسەردا بڕیوە، ئەی ئەو شوێنانەی دیکە لەم مەلّبەندە و ناوچەکانی تر کە هەر ئەم ناوەیان هەیە لەبەرچی و بە چ هۆیەکەوە وا ناونراون؟

- ئاوایی «سەقزلوو» سەر بە دێهستانی بێهی شارستانی بۆکان، نزیک سەد لە شاری سەقزەوە ٣٥کیلۆمیتر دوورە.

- ئاواییەکی خاپوورکراو کە ئێستا دەکێلّدرێ بە ناوی «سەقزلوو» کە لەسەر رێگای ئاوایی «تەموغە» بۆ «قشلاغی ئەفغانان» هەلّکەوتووە و دێ کۆنی پێدەلّێن و ١٦ کیلۆمیتر لە سەقزەوە دوورە.

- سەقز تیرەیەکە لە هۆزی بەهارلوو لە خێلّەکانی خەمسەی فارس(٢٦).

- سەقزچی ئاواییەکە لە شاری «نەمین»ی شارستانی ئەردەبیل(٢٧).

- سەقزچی، ئاواییەکی دێهستانی «نەییر»ی شارستانی ئەردەبیلە(٢٨).

- سەقزچی ئاواییەکی دێهستانی «ئاغیمۆن»ی شارستانی «سەراب»ە(٢٩).

٨- من پێم وایە ناوی سەقز تورکییە و بە مانای بنێشتە و بەلّگە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین ناوی «سەقز» تورکییە، بێجگە لەو خالاّنەی باسمان کرد، ئەو ناوە تورکیانەیە کە مەغوول و ئێلخانان و هۆزە تورکەکانی پاش ئەوان کە دەسەلاّتیان بە دەستەوە بووە، لەسەر شار

و ئاوایی و کێو و چۆمەکانیان داناوە. هەر ئێستا نزیک بە ٤٠ ئاوایی سەر بە شارستانی سەقز، ناوەکانیان مەغوولی و تورکییە.

ئێمە لە لاپەڕەکانی دواتر ناوی ئەو شوێنانە دەنووسین و لێکیان دەدەینەوە هەتا خوێنەری بەڕێز دەوروبەری خۆی بناسێ و ئەگەر بۆی کرا بیانگۆڕێ و بشزانێ ئەم تورکانە لە کاتی خۆیدا هەرچی بەسەر زمانیاندا هاتبێ و پێیان خۆش بووبێ کردوویانە بە ناو و کاریان بە داب و نەریت و چاکە و خراپە نەبووە و بە پێی هەل و مەرج و بەرژەوەندی خۆیان ناوەکانیان گۆڕیوە.

زۆر کەس دەڵێن چۆن دەکرێ نێوی «سەقز» لە بنێشت وەرگیرابێ؟ منیش دەڵێم بۆ ناکرێ؟ بۆ دەکرێ ئاواییەکانی «تیکانلوو = دڕک، بوغدەکەندی و تاهیر بوغدە = گەنم» «سماقلوو = ترشی سماق»، «میک = مەڕ»، «ئایەنان و ئایچی = ورچەوان» و «باشماغ = کەوش» بن، بەڵام ناکرێ سەقز، بنێشت بێ؟

سەیر ئەوەیە کاک مستەفای کاوە گوتوویە سەقز، بنێشت نییە، چونکە بە کوردی بە بنێشت ناڵێین سەقز و پێی دەڵێین جاجکە و بنێشت. دەی قسەی ئێمەش هەر ئەوەیە بۆیە دەڵێین سەقز وشەیەکی تورکییە و کوردی و سەکایی نییە.

بە کورتی، لە کۆندا تەواوی دەوروبەری زاگرۆس بە تایبەت کوردستان و سەقز، گیا و پنچک و دارستانی خۆڕسک داپۆشیوە کە یەکێ لەوانە داری «قەزوان = دارە بنێشت = دارە بەن» بووە(٣٠)، بنێشت شتێکی بە کەڵک و بایبدارە و لە کۆنەوە بەشێکی گەورەی سادراتی ئەم ناوچەیەی پێک هێناوە و هەر بەم بۆنەیەوە تورک نێویان ناوە «سەقز» یانی بنێشت.

ئێستاش ئەم دارە لە ناوچەدا ماوە و لە ئاواییەکانی «ئەبول موئمین و چیچی خوار و عەلی ئاباد» بە کۆمەڵ و لە زۆر شوێنی تر بە تاق و لۆق وەبەر چاو دەکەوێ.

**پەراوێزەکان:**

**١- تاریخ ایران کمبریج، ل ٢٩**

**٢- تاریخ ایران کمبریج، ل ٢٩٦**

**٣- تاریخ ایران کمبریج، ل ٢٩٩**

**٤- سروە، ژمارە ١٢٠، ساڵی ١٣٧٥، ل ٣٠، وتاری ڕەخنە لەسەر کتێبی تاریخ و جوغرافیای میاندواو و... (محەمەد ڕەئوف تەوەکولی).**

**٥- تاریخ و جغرافیا ویژه مطالعات مغول، شماره ٩-١٠-١١ ساڵی ١٣٨٣، ل ٢٩.**

**٦- گەشتی ریچ بۆ کوردستان، کلۆدیۆس جیمس ڕیچ، وەرگێڕ: محەمەد حەمە باقی (والی سنە لەو سەردەمەدا دەبێ ئامانوڵلاخانی گەورە بووبێ لە ساڵی ١٢١٤ هەتا ١٢٤٠ ک.م بە ماوەی ٢٧ ساڵ والی بووە)...**

**٧- مۆنوگرافی سەقز، مستەفا کاوە، ل ٣١ و ٣٢**

**٨- مۆنوگرافی سەقز، مستەفا کاوە، ل ٣١ و ٣٢**

**٩- فرهنگ فارسی معین، بەرگی ٥، ل ٧٧١**

**١٠- جغرافیای تاریخی کردستان، مەلا جەلال شافعی کورد، ل ٤٤١**

**١١- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، جەمال ڕەشید ئەحمەد، چاپی بەغدا، ١٩٨٨، بەشی دووەم، ل ١٢٩.**

**١٢- جغرافیای غرب ایران یا کوەهای ناشناختە اوستا، چاپ چاپخانە نقش جهان، ١٣٦٣، (لە کتێبی مۆنۆگرافی سەقز، مستەفا کاوە وەرگیراوە).**

**١٣- تاریخ و فرهنگ سقز، عمر فاروقی، ل١٦**

**١٤- فەرمانڕەوایانی موکریان، محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، بەغدا، ١٩٩٢، ل ٨.**

**١٥- ایران، از آغاز تا اسلام، پرۆفیسۆر گیرشمەن، وەرگێڕ دوکتور محەمەد موعین، ل ١٢٦**

**١٦- تاریخی ماد، دیاکۆنۆف، بەشی ٣، ل ٢٢٦**

**١٧- تاریخی ماد، دیاکۆنۆف، بەشی ٣، ل ٢٣٤**

**١٨- مێژووی ماد، دیاکۆنۆف، بەشی ٣، ل ٢٣١**

**١٩- دوران بی خبری، ڕەشید کەیخوسرەوی**

**٢٠- تاریخ ماد، حواشی فصل دوم، شمارە توضیح ٢٥٠**

**٢١- از اسطورە تا تاریخ، مهرداد بهار، ٩٧ و ٩٨ و ١٠٣ و ١٠٤**

**٢٢- از اسطورە تا تاریخ، مهرداد بهار، ل ٤٩٩**

**٢٣- نام های جغرافیایی و ریشە های تاریخی آن در آتروپاتن ماد، مینورسکی، وەرگێڕاوی ڕوقیە ئەسەدی، ل ٢٢**

**٢٤- گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان لە ساڵی ١٨٢٠ز، کلودیوس جیمس ڕیچ، وەرگێڕ: محەمەد حەمە باقی، ل ٢٥٤**

**٢٥- نام های جغرافیایی و ریشە های تاریخ آن در آتروپاتن، پروفسور مینورسکی، ل ٢٥**

**٢٦- فەرهەنگی دێهخودا**

**٢٧- فەرهەنگی دێهخودا**

**٢٨- فەرهەنگی دێهخودا**

**٢٩- فەرهەنگی دێهخودا**

**٣٠- فەرهەنگی دێهخودا، ل ١٣٦٨١.**

# قوربانی له میتۆلۆژیادا

محەمەد سلێمان عەباس

ڕەنگە مەسەلەی قوربانیدان لە کۆنترین مەسەلەکان بێت لەناو ژیاری گەلاندا کە هەمیشە گەلە سەرەتاییەکان لەبەردەم خواوەندو موقەدەسەکانیان قوربانییان پێشکەش کردووە و لەبەردەم هێزە باڵاکاندا بوونەتە قوربانی بۆ نموونە میسرییە کۆنەکان کاتێک لافاوی ڕووباری نیل بەرزبۆتەوە و دەبووە هۆی زیانی گەورە لە کشتوکاڵ و خانووبەرەو ئاژەڵەکانیان، ئیدی هەڵدەستان بە پێشکەشکردنی قوربانی، ئافرەتێکیان دەهێناو بەجوانترین جل و بەرگ دەیانڕازاندەوە و دەیان دا بەدەم ڕووباری نیلەوە بۆ ئەوەی لافاوەکە ڕابوەستێت و زیانی زیاتر نەگەیەنێت وایان دادەنا کە ئەو هێزە باڵایە تووڕە بووە و داوای قوربانی دەکات.

قوربانی کردن، یان سەربڕین کارێکی ئایینییە، کە مرۆڤ هەر لە کۆمەڵە سەرەتاییەکانەوە ئەنجامی داوە، مرۆڤ لەو ڕۆژگارەدا لەکاتی (تۆو)کردندا مرۆڤی کردۆتە قوربانی بۆ ئەوەی زەویەکەی بەرەکەتی تێ بکەوێ وهەر کاتێکیش کشتوکاڵەکەی هاتە بەرهەم دەڵێت: ئەوا ئەو مرۆڤەی کردمە قوربانی زیندووبۆتەوە.

هەندێک لێکۆڵەرەوەکان پێیان وایە قوربانی مرۆیی لەو کاتەدا پەیدابووە کە مرۆڤی سەرەتایی بەهۆی برسێتیی و دەستگیرنەکردنی نێچیرەوە یەکتریان خواردووە جا لەبەر ئەوە پێیان وابووە کە خواوەندەکانیش وەکو مرۆڤ خواردن دەخۆن، بۆیە مرۆڤیان سەر بڕیوەو کردۆتە قوربانی بۆ ڕازیکردنی خواوەندەکان، بەڵام لە ئەنجامی زیادبوونی کاری مرۆڤ و زۆربوونی خۆراکەوە مرۆڤ لە قوربانی بەشەری دوورکەوتۆتەوەو قوربانی کردنی ئاژەڵی جێگەی گرتۆتەوە وەک لە ئەفسانە یۆنانییەکانەوە هاتووە لە جیاتی قوربانیکردنی (یەفگینیا) ئاسکێک سەردەبڕن هەروەکو چۆن لە

ئەفسانەی یەهوودی و ئیسلامیشدا ئەو گێڕانە دەردەکەوێ کاتێک کە ئیبراهیم دەیەوێت کوڕەکەی بۆ خودا بکاتە قوربانی لە ئاسمانەوە بەرانێکی بۆ دەنێرن بۆ ئەوەی لە جیاتی کوڕەکەی سەری ببڕێ.

قوربانی بەمانای سەربڕینی مرۆڤ، یان ئاژەڵ دێت بەمەبەستی نزیکبوونەوە لە خوداوەند، یان پەرستراوێک و قوربانیدان جۆرێکە لە خواپەرستی کە لە ڕێگەی ئەوەوە کەسی پەرستکار پێوەندی بە پەرستراو دەکات و قوربانیدان کارێکی بنەڕەتییە لە سرووت و بۆنە ئایینییەکاندا کە ئامانج لەو قوربانیدانە سوپاسگوزاری خواوەندە، یان ترسانە لە خواوەند، یان دوورکەوتنەوە لە تووڕەیی و سزادان، یان بەمەبەستی هێنانەدی هیواو ئومێدێک وەک چاکبوونەوە لە نەخۆشی، یان لە گوناح خۆشبوون.

بەم شێوەیە لەناو زۆربەی گەلاندا قوربانی بۆ موقەدەس و خوداوەندەکان کراوە و بەگوێرەی سەردەمەکە و شێوەی خواردن و ئاستی بەرهەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەتا ئێستاش ئەم شێوە سرووتە لە زۆربەی شوێنی دنیادا هەر هەیە و ماوە و بۆ گەلێک مەبەست و لە زۆر بۆنەدا قوربانی بۆ خوداکان سەردەبڕن.

## ئامانج و جۆرەکانی قوربانیدان

سێ جۆری سەرەکی قوربانی هەبووە:

١- ئەو قوربانییەی پێشکەش بەخواوەند دەکرێ بۆ ڕەزامەندی ئەو، یان دوورخستنەوەی تووڕەییەکەی.

٢- قوربانییەک کە مرۆڤێک، یان چەند کەسێک بە بەشداربوونی خواوەند لە خوانێکی تایبەت، یان گشتیدا گۆشتی قوربانییەکە دەخۆن بەمەبەستی بەهێزکردنی خۆشەویستی و دڵسۆزی ئایینی.

٣- جۆری سێیەمی قوربانیدانە بەخودی خواوەند کە گۆشتەکەی کەسێک، یان چەند کەسانێک لە خوانێکی تایبەتی، یان گشتیدا دەیخۆن و مەبەست و ئامانج لێرەدا گیانی خواوەند دێتە ناو جەستەی مرۆڤ و یەک دەگرن.

ئەم جۆرە قوربانیدانانە بەشێک بووە لە ڕێوڕەسمی دەوڵەت کە خوانێک ئامادە دەکرێ لە سەربڕینگەی پەرستگادا و هەموویان هاوبەش و بەشدار دەبن لە خواردنەکەدا بۆ ئەوەی بەشداربووەکان بەرەکەتی خواوەندیان دەسکەوێت و پێوەندییان بەهێزتر بێت لەگەڵ موقەدەس و خواوەند.

لێرەدا سەربڕینی ئاژەڵێک ئەنجام دەدرێت کە بەرجەستەکردنێکی ڕەمزی خواوەندە ئەویش کاتێک کە گەنم لە شوێنی سەربڕین دادەنرێت بۆ ئەوەی (گا) بیخوات و پاشان گایەکە سەردەبڕن و دەیخۆن.

هەندێک مەبەستی دیکەی قوربانیدان: قوربانیدان بۆ نەخۆشێک بەهیواو ئومێدی چاکبوونەوەی، جۆرێکی دیکە هەیە کە بە قوربانی سوێند خواردن ناسراوە کە لە ڕۆژهەڵاتدا باوبووەو گریکەکان لەوانە خواستوویانە و وەریان گرتووە، کاتێک ئاژەڵێک سەردەبڕن دوای سوێند خواردنی هەردوولایەنە پەیماندارەکە دەڵێن: چارەنووسی هەر لایەنێک کە پاشگەز ببێتەوە لە پەیمانەکە وەک چارەنووسی ئەو ئاژەڵە بێت.

ئەمە کاتێک کە ئاژەڵەکە سەر دەبڕدرا جادووگەر، یان پێشبینیزان تەماشای جگەر و هەناوی قوربانییەکە دەکەن بۆ پێشبینی کردن و ڕاڤەکردنی ئایندەی مرۆڤێک، یان ڕووداوێک، ئەم جۆرە قوربانییەش لەلای بابلی و ئاشووری کلدی و عەرەبەکانی دوورگە ناسراوبوو، بەڵام قوربانیدانی مرۆیی دیاردەیەکی ترسناک بووە لە مێژووی ئایینە کۆنەکاندا، ئەم جۆرە قوربانیدانە لە وڵاتی یۆناندا لە سەردەمی دواتردا باوبوو کە یۆنانییەکان قوربانییان بۆ (زیۆس)ی خواوەند دەکرد لەکاتی قات و قڕیدا، تەنانەت هەندێک لە ڕۆمانییەکانیش خۆیان کردۆتە قوربانی خواوەند و ئەم نەریت و عادەتە تا سەردەمی یەکەمی زایینی بەردەوام بوو هەروەک (بلۆتارک) ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ: وەک ئاشکرایە قوربانیدانی مرۆیی لە (ئورکومینۆس) نەک تەنیا لەسەردەمەکانی پێش مێژوو هەبووە، بەڵکو لەسەردەمە مێژووییەکانیشدا هەبووەو ئەنجام دراوە.

مرۆڤی کۆن باوەڕی وابوو کە هەموو شتێک بەخوێن پاکژ دەبێتەوە و دروست دەبێت و بەبێ خوێن ڕشتن لێبووردن، یان لێخۆشبوون ڕوونادات ئەوەش مانای وایە خوێن ڕشتن پێویستە جا هی مرۆڤ بێت، یان ئاژەڵ، واتە بنەمای ڕەزامەندی خواوەندەکان بە خوێن ڕشتن بنەمایەکی گشتی بوو لەلای گەلانی کۆنی ڕۆژهەڵات هەروەک (ویل دیورانت) جەخت لەسەر ئەوە دەکات و دەڵێ: لە بۆنە ئایینییەکانی سۆمەریەکاندا کاهینەکان لەخۆیان دەدا تا خوێنیان لێدەهات و شوێنی سەربڕین بەخوێن دەبوو، هەروەها فینیقییەکان منداڵی نۆبەرەیان دەکردە قوربانی، شوێنەوارناسەکان ئێسکی منداڵیان لەژێر بناغەی خانووەکان دۆزیەوە و ئامووربییەکان مرۆڤیان سەربڕیوە و لاشەکەیان خستۆتە ژێر تەمەڵی پەرستگاکانەوە.

لە مەکسیکی کۆندا خوێنی منداڵێک کە بۆ قوربانی داندرابوو لەگەڵ دانەوێڵە تێکەڵ کراوە، پاشان لەجیاتی چێشتی خواوەندی خواردوویانە.

هەروەها لە پەرستگای (مانگ) لە (قەفقاسیا) کە

قـەشـەیەک ئەم پەرسـتگایەی بەڕێوە دەبرد، هەر کـە کـۆیلەیەکی پیـرۆز لەکـاتی حـاڵ لێ هاتنیـان بەدەم حاڵەوە سەری خۆی بەرەو چۆڵ و دارستان هەڵبگرتایە قـەشـەی گـەورە تا مـاوەی سـاڵێک لە جـێگایەکی خـۆشـدا دایدەنا دوای ئەوە بەڕۆن چەوریـان دەکـرد و دەیانبرد بۆ قوربانی مانگ.

لە هەندێک شوێندا لە بری قـوربانیـدان بەسـەربڕین بەسـووتاندن قـوربانیـان داوە وەک لەشاری (صـور) و ناوچەکـانی سـەر بەو شـارە قـوربانیـان بۆ خـواوەند زۆرجار منداڵ و کوڕ و کچیـان سووتاندووە، چونکە سـاڵانە ئاهەنگی سـووتاندنی خـواوەندی (ملکارت)بووە، بۆیە کـە زۆربەی گـەل وای کـردووە هەندێ جـار پاشـای وڵاتیش منداڵی خـۆی سـووتاندووە. بۆ وێنە، شـا مـوئاب کـورەکـەی خـۆی سووتاندووە و گوایە کوڕی خواوەندە و دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی خواوەند هەندێک جار لەجیاتی قوربانییەکە مـرۆڤ بێ، پەیکەرێک بووە لەشـێـوەی مـرۆڤ. لە ئورشـەلیم-یش خـۆ سـووتاندنی پاشـاکـانیـان وەک قـوربانی تا سـەردەمی (ئەشـیـعـا)ی پێـغـەمـبـەر هەر هەبووە، بەڵگەنامـەکـان ئەوە دەسـەلمێنن کـە زۆربەی پاشـاکـانی جـولەکـە خـۆیان سـووتاندووە، تەنانەت گەلیش منداڵەکانی خۆیان وەک قـوربانی بۆ خواوەند سـووتاندووە و لەشـاری (هیـرابولس)ی سـووریا گەورەترین جەژنیـان، جەژنی (سـووتاندن) بووە کـە دیارە لە پێشتر مرۆڤیان سووتاندووە، بەڵام وردە وردە کـەمـتر بۆتەوە و خـەڵکی گـۆڕاون و بێـزیان لەم جـۆرە قـوربانییـە کـردۆتەوە و گـۆڕیویانە بەشـتـی تر تا وای لێهات لەجیاتی خۆسووتاندن دەبوایە بەناو ئاگرێکدا ڕەت بێ- دوای ئەمـەش لەبری ئەوە پەیکـەرێکـی ڕەمزییان لەجیاتی خواوەند سووتاندووە.

بە بڕوای ئەوان خـۆ سـووتاندن وەک قـوربانیـیـەکـی پیرۆز جۆرە (نەمری)یەک دەگەیەنێ.

سەبارەت بە مەسەلەی قـوربانی (ڕۆبرتسۆن سمیث) دەڵێ: لای زۆربەی میللەتە کـۆنەکـان ساڵانە لەکـاتی هـاتـنـی وەرزی بـەهـاردا بـۆ زیـادبـوونـی بـەروبـووم قـوربانیـیـان بۆ خـواوەندی ڕووەک دەدا، لەسـەرەتادا پاشایان دەکردە قـوربانی و بەشـێکی گـۆشـتـەکـەیان دەخـوارد و خوێنەکەیان دەپژاندە سـەر زەوی بۆ ئەوەی ئامادەبێ بۆ چاندن.

بەتێپەڕبوونی زەمەن ئەم نەریتە گۆڕاو لە بری پاشا مرۆڤێکی دیکەیان دەکردە قوربانی و پاشان ئاژەڵیـان لە بری مـرۆڤ بەکـارهێنا و لە دومـاهیـدا خـاچ بووە دروشمی قوربانیدان.

## قوربانیدان لەناو خێڵ و کۆمەڵگەی سەرەتاییدا

لەسـەردەمی کـۆندا منداڵ، یان کچ، یان پیـاوێک دەکرایە قوربانی بۆ ئەوەی دارودرەختەکان بەریان هەبێت و بەهۆی جەسـتـە و خـوێنی قـوربانییـەکـە گەشـە بکەن و فراژوو بن. بە باوەڕی ئەوان جەستەی قوربانییەکە دەبێتە خۆراک کە ئەوەش تاکە ڕێگەیە بۆ بەردەوامی ژیان.

واتە مرۆڤی سەرەتایی باوەڕی وابوو بەهۆی سەربڕین و قـوربانیـدان ڕووەکـەکـان شین دەبن و بەر دەدەن، بۆیە قوربانیدان بە مرۆڤ، یان ئاژەڵ پێویست و ڕەوابوو.

دانیـشـتـوانی کـۆنی ئیکوادۆر پێش تۆوکـردنی کێڵگەکـانیـان مرۆڤێکیان دەکردە قـوربانی و زانراوە کە دەیان منداڵ ساڵانە لەکـاتی دروێنەدا دەکـرانە قـوربانی، هەروەها هیندییـە سـوورەکـانی مـەکـسـیک لەکـاتی دەستپێکردنی دروێنە و وەبەرهێنانی درەختەکان قوربانی مـرۆییـان بۆ ڕۆژ دەدا و چەندین قـوربانیـیـان لە وەرزی چڕۆکردنی گەنمەشامی دەدا. هەروەها قـوربانیـدان لەناو خێڵی (بوونی) هیندیە سوورەکانی ئەمریکای باکووردا باوبوو کە لەکاتی تۆو چاندندا لە وەرزی بەهاردا مرۆڤیان دەکـردە قـوربانی و باوەڕیان وابوو ئەگـەر قـوربانی نەدەن ئەوا ڕووەکـەکـە شین نابێت و بەرنادات ئەم جـۆرە قوربانیدانە لە پێناو زیاد بوونی بەروبوومی کشتوکاڵی لای چەندین خێڵ و گەلی دیکە هەبووە وەک: غینیـا لە ئەفریقیا و لە هیندستان و لە چینی کۆن.

هیندییـە سـوورەکـانی ئەمـریکای ناوەڕاست، قـوربانی مـرۆییـان دەدا، چونکە باوەڕیان وابوو کـە خـوێنی مـرۆڤ پێـویسـتـە بۆ ژیان و بەردەوامی خـواوەندەکـان بۆ ئەوەی خواوەندی ڕۆژ بەردەوام بێت لە گـەشـتـە ڕۆژانەکـەی واتە میللەتی (ئەنکا) قوربانی مرۆییان بۆ خواوەندی ڕۆژ دەدا و بەدید و باوەڕی ئەوان بەهۆی قـوربانیـدانی مـرۆیی (ڕۆژ) و (ژیان) بوونیان هەیە و بەردەوامن و قوربانیدان یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی سیسـتـەمی گـەردوون و گەلی (ئەزتیک) لە پەرستگادا قوربانی مرۆییـان دەدا و دڵی قـوربانیـیـەکـەیان دەردەهێنا و کـاهینەکـە خـوێنی قوربانییەکەی لە وێنە، یان پەیکەری خواوەندی ڕۆژ دەدا و دەسوو.

## قوربانیدان لەناو میللەتە کۆنەکاندا

لە دەقێکی سۆمـەریدا هاتووە (گیـانی مـردوو دەڵێ: کـاتی مـردن قـوربانیم بۆ بدەن). بۆیە سـۆمـەرییـەکـان قوربانیان بۆ مردووەکان دەدا و لەبەردەم لاشەی مردووەکە دایان دەنا و ئەمە زیاتر بۆ پاشا مردووەکان ئەنجام دەدرا بۆ نموونە چەندین قـوربانی بۆ مـەلیکی سـۆمـەری (ئەنتمینا) و بۆ (کۆدیا) شا درا کە قوربانییان لەبەردەم

بت (پەیکەر)ەکانیان دادەنا، هەروەها بۆ (سەرگۆن)ی ئەکەدیش قوربانی درا. ئەم سرووتە لە پەرستگاکاندا ئەنجام دەدرا کە پەیکەری شایەکان لەوێ داندرابوون. (حتی)یەکانیش بەرانیان بۆ خواوەندی خۆیان کردۆتە قوربانی. هەروەها لە ئایینی ئێزدیەکانیش قوربانیدان هەیە و لە جەژن و بۆنە ئایینییەکاندا قوربانییان داوە، وەک سرووت و ڕێوڕەسمی (گاباغ) و جەژنی سەری ساڵ (جەژنی تاوس مەلەک) کە تیایدا ئێزدیەکان گایەک سەردەبڕن و دەیکەنە قوربانی بۆ خواوەندی ڕۆژ ئەوە لەبەردەم دەرگای پەرستگای لالش ئەنجام دەدرێت دەتوانین بڵێین قوربانیدان بە گا بۆ خواوەندی ڕۆژ لای ئێزدیەکان سرووتێکی (ئاری- میترایی)یە لەبەرئەوەی گایەکە لەبەردەم دەرگای (شیشمس) سەردەبڕدرێت کەواتە سرووتی (گاباغ) سرووتێکی میترابییە.

لە ئەفسانە مەسیحیەکاندا سانت جۆرج ئەژدیهاکە سەردەبڕێت کە دیسانەوە سرووتە بەراییەکە دەردەکەوێتەوە کە تیایدا قوربانی و سەربڕین دەکرێت.

### ئەفراندن و قوربانی

ئەفراندن ڕوونادات و نایەتەدی هەتا بوونەوەرێکی زیندوو نەکەیتە قوربانی جا ئەو بوونەوەرە خواوەند، یان پاڵەوان، یان کچێک بێت.

واتە ئەفراندن و دروست بوونی گەردوون، یان مرۆڤایەتی و مرۆڤ، یان دیاردە سرووشتییەکان وەک ئاژەڵ و ڕووەک.

بە پێی ڕێباز و میتۆدی میتۆلۆژی هیچ شتێک لەمانە خەڵق نابێت ئەگەر قوربانیدان، یان سەربڕین نەبێت.

بۆیە چەندین ئەفسانە هەیە کە باسی خەڵقکردنی گەردوون دەکەن کە بە جەستەی زەبەلاحێکی سەرەتایی دەست پێدەکەن وەک: ئیمبر، پان کو، پوروشا و هەندێک ئەفسانەی دیکە باسی دروستبوونی ڕەگەزێکی مرۆیی، یان چینێکی دیاریکراو لە جەستەی زەبەلاحێک، یان جەستەی باپیرە گەورەی بەرایی دەکەن کە کراوەتە قوربانی، یان سەربڕاوە و لاشەکەی پارچە پرچە کراوە- ئەفراندنی درەخت و ڕووەکیش هەر بەهەمان شێوەیە.

بەپێی ئەو جۆرە ئەفسانانە ژیان دروست نابێت ئەگەر ژیانێکی دیکە نەکرێتە قوربانی و بیرۆکەی بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە کە مردنی بوونەوەرێکی بەرایی دووبارە لەلایەکی دیکەوە دێتەوە بوون و زیندوو دەبێتەوە. واتە قوربانیدان پرۆسەیەکی کارایە و کاریگەری بەهێزی هەیە لەسەر بوون و گۆڕین و گواستنەوەیەک لە جۆرو ڕەهەندێکەوە بۆ ڕەهەندی دیکە، لەبەر ئەوەی کە دەکرێتە قوربانی سنووری خۆی دەبەزێنێت و ڕەت دەبێت و لە شێوەیەکی چەمکی گەردوونی دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت و لاشەی ئەو بوونەوەرەی کە کراوەتە قوربانی دەگۆڕدرێت و دەبێتە بوونێکی گەردوونی و دووبارە زیندوو دەبێتەوە و ڕەگەزە مرۆییەکان پێک دێنێت، یان ڕووەکە جۆراوجۆرەکان پێک دێنێت واتە دەبێتە هەمەکیەک ژیان ببەخشێت.

کەواتە سرووتی قوربانیدان لە سرووتە ئایینییە گرنگەکان بووە لای هەموو میللەتان و یەکێک بووە لەو سرووتانەی کە لە گشت بۆنەو ئاهەنگە دینییەکاندا قوربانی دەدرا و زۆبەی ئەفسانەکان بایەخ دەدەن بەو بابەت و مەسەلەیە و بەو گیاندارەی کە پێویستە لە پێناو پیت و بەرەکەت و ئەفراندندا قوربانی پێ بدەن. دەکرێ بڵێین قوربانیکردن لە پێناو موقەدەسدا درێژە دەکێشێ تا دەگاتە سەردەمی ئێستا تا دەگاتە قوربانیکردن لە پێناو سەرکردەی موقەدەسدا لە پێناو دابونەریتی موقەدەسدا و ئەمڕۆ قوربانیکردن بۆتە سیستەمێک. و پرۆژەی قوربانیکردن لە ناوەڕۆک سەرچاوەیەکی کاریگەرە بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی و گەلێک جار عەقڵیەتی توندوتیژی لە سیستەمی قوربانیکردنەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆیە توندوتیژی یەکێکە لەبەر ئەنجامەکانی قوربانیکردن.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


**١- الفكر الديني القديم- تقي الدباغ- بغداد- ١٩٩٢- ل٢٢٦، ٢٢٧.**

**٢- الاساطير وعلم الاجناس. د. قيس نوري- بغداد- ١٩٨١- ل٥٥ ,٥٦.**

**٣- الاسطورة والتراث- سيد محمود القمني- قاهرة. ١٩٩٣. ل٨١، ٨٢، ٨٣.**

**٤- سحر الاساطير- م.ف البيريل- ترجمة- حسان ميخائيل- دمشق -٢٠٠٥- ل٢٣٤، ١٦١.**

**٥- الاساطير والاحلام والاسرار- ميرسيا إيلياد- ترجمة حسيب كاسوحة سوريا- دمشق- ٢٠٠٤- ل٢٨٠.**

**٦- ادونيس أوتموز- جيمس فريزر- ترجمة جبرا ابراهيم جبرا. ل٧٢، ١٠٠، ١١٧.**

**٧- عقائد ما بعد الموت. نائل حنون- بغداد- ١٩٨٦- ل٢٧٨- ٢٧٩.**

**٨- قاموس الأنثروپولوجيا- د. شاكر مصطفى سليم- كويت- ١٩٨١- ل٨٣٩.**

**٩-اسخيليوس و أثينا- جورج تومسون- ترجمة- صالح جواد كاظم. بغداد. ١٩٧٥- ل١٨٩.**

**١٠- گ. (ژیار)- ژ (٧)- ٢٠٠١- هەولێر- ل٥١، ٥٠.**

**١١- گ. (لالش)- عدد- ١٥- ١٩٩٥- دهۆک- ص٦٤.**

# ڕەوتی ڕێژیسیۆر


د. فازیل جاف
(سوید)

گومان لەوەدا نییە کە پیشەی ڕێژیسیۆر، وەک پیشەیەکی سەربەخۆ، دیاردەیەکی نۆیی جیهانی شانۆیە، بەلام نابێ ئەو ڕاستییە لەبیر بکەین کە ڕێژیسیۆر کەسایەتی خۆی لە شانۆدا هەر هەبووە، ئەوەندەیە کەسایەتی ڕێژیسیۆر سەربەخۆ نەبووە، بگرە خۆی لە کەسایەتی نووسەردا حەشار دابوو، بۆ خۆی وەک ئێستا دەسەلاتێکی سەربەخۆی نەبووە.

نووسەر و ڕێژیسیۆر هەر لە قۆناخەکانی سەرەتای مێژووی شانۆوە لە یەک کارەکتەردا خۆیان دەنواند. بە واتایەکی دی نووسەر خۆی ڕێژیسیۆری شانۆنامەکانی خۆی بووە و شانۆنامەکانی لەسەر بنەمای یاساکانی باوی دەرهێنان دادەڕشت.

نووسەر هەر خۆی ڕێژیسیۆر بوو، بۆیە دەبوایە تەواو شارەزای بنەماکانی هونەری دەرهێنان بوایە، بەبێ ئەو شارەزاییە نەیدەتوانی هونەری درامانووسین جێبەجێ بکات، نەک هەر ئەوەندە بگرە زۆربەی نووسەران سەرەڕای ئەوەی کاری نووسین و دەرهێنانیان دەکرد وەک ئەکتەریش لە شانۆنامەکانی خۆیاندا ڕۆلیان دەبینی، مولێیر باشترین نموونەی ئەکتەری کۆمیدیایە لە مێژووی شانۆدا، هەر خۆی ڕۆلی سەرەکی لە شانۆنامەکانی خۆیدا دەبینی.

سەرجەمی شاعیرە درامانووسەکانی سەردەمی شانۆی ئەنتیک و شەکسپیر و مولێیر باشترین بەلگەی شارەزایی ترادیسیۆنی باوی هونەری دەرهێنانی سەردەمەکەی خۆیان بوون. بە هەندێ حالەتی دراماتورگی کەم وێنە و بێ هاوتادا، دەبینین نووسەران پوختەی هزری تیۆریی خۆیانیان دەربارەی هونەری دەرهێنان و نواندن نووسیوەتەوە. لە چەند جێگایەکی ناو شانۆنامەکانی خۆیدا، شەکسپیر هزر و بۆچوونی خۆی بەرامبەر بە



ستانسلاڤسکی

هونەری ئەکتەر و ڕێژبسیۆر دەخاتە ڕوو. ئامۆژگارییەکانی هاملێت بۆ ئەکتەرەکانی بناخەی ڕاستەقینەی هونەری نواندنی تێدایە، لە خەونی نیوەشەوێکی هاوینەدا، شەکسپیر بە دەمی سەنعەتکارەکانەوە، کە خەریکن شانۆنامەیەک نمایش بکەن، گەلێ لایەنی گرنگی هونەری ڕێژبسیۆر بە تایبەتی بە شێوازی مەرجئامێز دەخاتە ڕوو. دەکرێ هەمان قسە دەربارەی مولیێریش بگوترێ. لە شانۆی مۆدێرنیشدا ستریندبێرگ نموونەیەکی دیکەی دراماونوسێکی هەڵکەوتووە کە لە تەک نووسینەکانیدا بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی هونەری ئەکتەر و هونەری ڕێژبسیۆر بڵاوکردۆتەوە، بەر لەویش دراماونووسانی وەک گۆتیە و لیسینگ دوو نموونەی دیکەن، پاش ئەویش ڕەنگە دراماونووسێکی وەک برێخت باشترین وێنەی دراماونوس بێ، کە ڕاوبۆچوون و تیۆری خۆی دەربارەی هونەری دەرهێنان هەبێ، بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆڵی نووسەر لە گۆڕانکارییەکانی هونەری ڕێژبسیۆردا بەوە نەوەستاوە کە نووسەر ڕا و بۆچوونەکانی خۆی لە شێوازی تیۆریدا بنووسێتەوە، یان لەناو چوارچێوەی شانۆنامەکانیدا بە شێوەی تێبینی ئاراستەی ئەکتەر یان ڕێژبسیۆر بکرێ. ڕۆڵی نووسەر لە گۆڕانکارییەکانی هونەری ڕێژبسیۆر لە سەرجەمی گۆڕانکاری هەیکەل و پێکهاتەی دراماکەدایە، کە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر تیۆری دەرهێنان و نواندن. ئەسخیلۆس کە یەک ئەکتەری دیکەی بەکارهێنا، ستروکتوری دەرهێنانی گۆڕی، نووسەر ڕۆڵی دەرهێنانی خۆی دەگۆڕێ و بە شێوەیەکی دیکە ڕەفتار لەگەڵ پێکهاتی نمایش دەکات، ئەم پێکهاتەیە لای سۆفۆکلیس و یۆرۆپیدس بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت. داهێنان و مەرجەکانی ئەم نووسەرانە کاکڵەی هونەری دەرهێنانی سەردەمی خۆیان پێکدێنێ.

ئەم نووسەرانە ئەرکی ڕێژبسیۆریان بەجێ هێناوە و ئەو شێوازەی کە بۆ دەرهێنەر پێویست بوو، لە پێکهاتی شانۆنامەکانیاندا بەرجەستە کراوە، لە شانۆنامەکانی شەکسپێردا پەک لەسەر بەڵگەی دیکە نەکەوتووە، بەڵام دەرهێنان وەک پیشەیەکی سەربەخۆ و وەک پسپۆڕایەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە سەری هەڵدا، پێشتر نووسەر دەرهێنەری شانۆنامەی خۆی بوو، بۆیە وای پێویست دەکرد وەک ڕێژبسیۆریش کارامە و دەست ڕەنگین و وەستا بێ. ئەم کارامەییەشی تەنیا بە مەشق و ڕاهێنان و کارکردنی بەردەوام لەناو شانۆیەکدا و لەگەڵ تیپێک یان لەگەڵ تاقمێکی شانۆکاردا بەدەست دەهێنا. هەر بە قاڵبوون لەناو گرووپ و لە ڕێگای پراکتیک کردنەوە، نووسەر ئاشنای کەرەسەی نووسین و بنەماکانی هونەری دراما و فێری سەنعەتی نووسین دەبوو.

دراماونووسانی شانۆی کلاسیک قەت لە دەرەوەی شانۆ شانۆنامەیان نەنووسیوە. شانۆنووس بەر لە هەموو شتێک شانۆکارە. نووسەرە بلیمەتەکانی شانۆ کەسیان لە دەرەوەی شانۆوە سەریان هەڵنەداوە و هیچ کامێکیان تەنیا ڕۆڵی نووسەریان نەبینیوە، بگرە نووسەر لە هەمان کاتدا ڕێژبسیۆر و ئەکتەر و هەندێ جاریش وەک مولیێر و شەکسپیر بەڕێوەبەری تیپەکەش بووە.

سەردەمی شانۆی ئێلیزابێسی، بە بۆچوونی توێژەوەری ئەمریکایی A.M Naglar أ.م. ناگلەر.

سەردەمی بەرقەراربوونی هارمۆنیایەکی پتەوی نێوان ئەدەب و هونەر بووە، ئەم هارمۆنیایە پتر لە شێوازی نمایش و بەرجەستەکردندا دیار بوو. ئەمە لە شانۆدا نەک تەنیا لە دەورانی ئێلیزابێسێکاندا مەرجێکی سەرەکی نمایش بوو. هەر لە ئەنتیکەوە، هارمۆنیای نێوان ئەدەب و هونەر مەرجێکی بنەڕەتی بوو بۆ تێگەیشتنی شانۆی کلاسیک.

هونەری نمایش بە هەموو بنەماکانی دەرهێنان و نواندنەوە هاوتەریب و هاوشان لەگەڵ بنەماکانی نووسینی دەق دەڕۆیشت و هەردوو ڕاستەوخۆ کاریان دەکردە سەر یەکدی و پێکەوە نەشونمایان دەکرد.

شانۆنووس چەند لە هونەری نووسیندا کارامە و لێزان بایە، دەبوایە ئەوەندەش وەک دەرهێنەر لێزان و دەست

ڕەنگین بێ، دەنا شانۆنامەکەی شانسی پیشاندانی نەدەبوو، هەر نەبێ لەبەر ئەوەی جگە لە خۆی کەسێکی دیکە نەیدەهێنایە بەرهەم.

نووسەران نەک تەنیا دەرهێنەر بوون و باش شارەزای هونەری دەرهێنانی سەردەمی خۆیان بوون، بگرە تەواو شارەزای هونەری نواندن بوون و لە نزیکەوە لەگەڵ ئەکتەرەکان کاریان دەکرد، تەنانەت زۆربەشیان وەک ئەسخیلۆس، شەکسپیر و مولێیر ئەکتەر بوون.

بنەما باوەکانی هونەری دەرهێنان و نواندنی شانۆ بە درێژایی مێژووی شانۆ، ڕاستەوخۆ کاریان کردۆتە سەر هونەری دراما و پەرەسەندن و نەشونمای ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی.

بێ تێگەیشتن لە هونەری شانۆ و نەریتەکانی نمایش، تێگەیشتن لە شانۆی کلاسیک مەحاڵە، بێ تێگەیشتن لە بینای تەختەی شانۆ و یاسا و مەرجەکانی یاری و نواندن، ناتوانین تەنیا وەک شیعر یان تەنیا وەک ئەدەبێکی ڕووت لە شانۆنامەکانی ئەنتیک یان شەکسپیر بگەین.

یەکێ لە گرفتەکانی تێنەگەیشتن لە شانۆی کلاسیک لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە کلاسیک لە زۆربەی زۆری قوتابخانەکانی شانۆدا تەنیا وەک بەرهەمێکی ئەدەبی دوور لە یاسا و نەریتەکانی نمایش و کلتووری تەماشاکردن دەخوێندرێ. ناگلەر دەڵێ «قوتابی شانۆی ئێلیزابێسی نابێ سوحنەی شانۆ پشت گوێ بخات، خۆ ئەگەر خوێندکار نەیەوێ خۆی بە کاری شانۆی ئەو سەردەمەوە خەریک بکا، چاکتر وایە خۆی بە سۆناتاکانی شەکسپیرەوە خەریک بکا نەک بە شانۆنامەکانییەوە».

شانۆنامەنووسی داهێنەر قەت لە دەرەوەی شانۆوە سەری هەڵنەداوە و قەتیش پیشەیەکی دیکەی نەبووە و لە بوارێکی دیکەوە نەهاتۆتە ناو شانۆوە، یان شانۆنامەنووسین پیشەی دووەم و سێیەم و لاوەکی یان ئارەزوویەکی کاتیی نەبووە. ڕەنگە ئەم هاوکێشەیە لە شانۆی مۆدێرندا و پاش سەرهەڵدانی پیشەی ڕێژیسێۆر گۆڕانی بەسەر هاتبێ، نووسەر لە سنووری پیشەکەی خۆیدا کاری کردووە، بەڵام نووسەر دیسانەوە تا ئەم دواییە هەر وەک هاوکارێکی پتەو و نزیک لەگەڵ ڕێژیسێۆر کاری دەکرد و لە کاتی ڕاهێنان و پرۆڤەدا لە تەک ڕێژیسێۆردا دادەنیشت و لە شیکردنەوە و تێگەیشتنی دەقدا ڕاوێژکارێکی گرنگی بوو.

دەکرێ پێوەندی ئەنتوان چیخۆف و ستانیسلاڤسکی بە سەرەتایەک دابنرێ بۆ پێوەندی داهێنەرانەی نێوان نووسەر و دەرهێنەر و بەرهەمەکانی شانۆی هونەریی مۆسکۆ گەواهی ئەم قسەیەن.

هاریکاری نێوان مایاکۆڤسکی و مییرهۆڵد نموونەیەکی گەشترە، هاوکارانی مییرهۆڵد ئەوە دووپات دەکەنەوە کە بوونی مایاکۆڤسکی لە پرۆڤەدا ئیلهام بەخش بوو و یارمەتیدەرێکی بێ ئەندازە بووە بۆ تێگەیشتن لە شانۆنامەکانی، تەنانەت مییرهۆڵد پاش مردنی مایاکۆڤسکی دەیگوت نازانم چۆن بەبێ خۆی بتوانم شانۆنامەکانی دەربهێنم.

دیارە لە هەموو بارودۆخێکدا بۆ ڕێژیسێۆر نەلواوە لە نزیکەوە دووقۆڵی لەگەڵ نووسەردا کار بکات، بە تایبەتی یەکێ لە نەریتەکانی سەربەخۆبوونی ڕێژیسێۆر کارکردنییەتی لەسەر تێکستی کەسێکی دی (درامانووس)، ئەمە تایبەتمەندییەکی گەلێ گرنگی پیشەی ڕێژیسێۆرە، کە دەکرێ بە گۆڕانکارییەکی گرنگ لە مێژووی شانۆدا دابنرێ.

بەر لە ڕێژیسێۆر وەک داهێنەرێکی سەربەخۆ کارکردن لەگەڵ دەقی نووسەرانی دی دەگمەن بوو، ئەگەر نەڵێین لە هەندێ قۆناخی مێژووی شانۆدا، بە تایبەت لە شانۆی گریکدا هەر مەحاڵ بووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کەلەپووری ئەدەبی شانۆ وەک شانۆنامەی نووسراو بەر لە پەیدابوونی ڕێژیسێۆر کەلەپوورێکی تا ڕادەیەک لەبیرکراو بوو، شانۆی کلاسیک لە ژێر دەستی ڕێژیسێۆراندا سەرلەنوێ برەوی پەیدا کردەوە. نەک هەر ئەوەندە بگرە بۆ یەکەم جار تێکستی نووسەر بە لێکدانەوەیەکی دی و بە جیهانبینی نەک خۆی، بگرە داهێنەرێکی دی هاتە بەرجەستەکردن. ڕاستە لە سەرەتادا جیهانبینی ڕێژیسێۆر ئاوێنەی جیهانبینی نووسەر بوو، بە تایبەت لای ڕێژیسێۆرانی ڕێبازی ڕیالیزم، هەروەها لای ناتۆرالیستەکان (مینینگین) لە ئەڵمانیا و (ئەنتوان) لە فەرەنسا، بەڵام زۆری نەخایاند، دید و بۆچوون و جیهانبینی ڕێژیسێۆر خۆی سەپاند، تا دەشهات جیهانی نووسەری پتر دەوڵەمەند دەکرد، بەڵام هەر شان بە شانی ڕێبازی ناتۆرالیزم، هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی ستانیسلاڤسکیدا، ڕێژیسێۆرانی ئەنتی ڕیالیزم یان ئەنتی ناتۆرالیزم، بۆ بەدی هێنانی شانۆیەکی دیکە کاری خۆیان دەکرد، شانۆیەک کە سیمای مۆدێرنیزمی ئایندەی بە خۆوە گرتبوو، ئەو ڕێژیسێۆرانەی تەنانەت بەر لە گۆڕدن گرەیگیش فۆرم و شێوازی جۆراوجۆریان لە بواری شێوازگەری لە ئەدا دا و سیمبۆلیزم لە سینۆگرافیادا و بەکارهێنانی بووکە شووشە و ماسک و گەلێ کەرەستەی



مایرهۆلد

شانۆیی دژ بە وەهمی ناتۆرالیزم بەکار دەهێنا، لەوانە هەر بۆ نموونە ولیەم پۆیل (١٨٥٢-١٩٣٤) لە لەندەن کە ئەزموونەکانی لە بواری ستیل و شێوازگەریدا سەرچاوەی ئیلهام بوو. گەلێ نووسەری ئەو سەردەمە بوو لە سەرووی هەمووانەوە ئەلفرێد جاری لە شانۆنامەی ئۆبۆی مەلیکدا، کە شێوازی گرۆتیسکی بەسەردا زاڵە.

هەڵبەتە پێوەندی نێوان نووسەر و ڕێژیسیۆر هەروا بێ کێشە و بێ گرێ و گۆڵ نەبوو. هەر لەسەرەتاوە دەسەڵاتی هەردوو لا کەوتنە بە ڕەنگاری کردنی یەکدی، ئەم کێشەیەش ئاسایی بوو، چونکە ڕێژیسیۆر نەیدەویست تەنیا ئامرازێکی دەستی نووسەر بێ و کاری سەرەکی سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستنی بەرهەم بێ. ڕێژیسیۆر دەیویست ڕۆڵی داهێنەرانەی خۆی ببینێ و جیهانبینی خۆی بسەپێنێ، لە کاتێکدا کە نووسەر هەستی دەکرد ڕێژیسیۆر لە کەلەکەی ئەوەوە دەرچووە و دەبێ گوێ ڕایەڵی ئەو بێ. ڕێژیسیۆر ناچار بوو پتر داکۆکی لە داهێنانی خۆی بکا و بیسەلمێنێ کە پیشەکەی لە شانۆدا لەوەش کاریگەرترە، کە وەک لە سەرەتادا خۆی دەنواند و تا دێ ئەم پیشەیە بوارێکی گەورەتر داگیر دەکا و ڕۆڵێکی مەزنتر دەبینێ و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا دەبێ نووسەر داهێنانی خۆی تەسلیمی دەستی ئەو بکات و بە دڵ فراوانییەوە هاریکاری بکا.

ڕەنگە بکرێ کێشەی نێوان ستانیسلاڤسکی و چیخۆڤ بە نموونەیەکی سەرەتایی کێشەی نێوان ڕێژیسیۆر و نووسەر دابنرێ، هەرچەندە سەرجەمی ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی داکۆکییەکی تەواو لە ڕاستگۆیی لەگەڵ تێکست و جیهانی نووسەر، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە مەرج نییە هەموو دەمێ جیهانبینی و بۆچوونی هەردووکیان یەک بن.

من پێم وایە ستانیسلاڤسکی یەکەم ڕێژیسیۆرە بە مانای هونەری ئەم پیشەیە، دیارە کەس نابێ لاری بێ لەوەی کە بەر لە ئەو مینینگنەکان و ئەنتوان ڕێژیسیۆر بوون، هەروەها ڕێژیسیۆری دیکەش هەبوون، بەڵام هیچ کام لەوان بە مانای هونەری و میتۆدیک خاوەن ئەو کاریگەرێتییە نەبوون کە ستانیسلاڤسکی هەیبوو، تا ئێستاش ئەو کاریگەرێتییە هەر لە ئارادایە و پەرەی سەندووە و کز نەبووە.

لای ڕێژیسیۆرانی بەر لە ستانیسلاڤسکی فۆرمی هونەری میزانسین و کۆمپۆزسیۆن و سەرجەمی پێکهاتەی نمایشەکە تەنیا لە ڕێگای پرۆسەی ڕاهێنان و پرۆڤەوە گەڵاڵەی دەکرد و ملکەچی سیستێمێک نەبوون. گەر باوەڕ بەو ڕاستییە بهێنین کە میزانسین زمانی ڕێژیسیۆرە وەک چۆن ڕەنگ زمانی نیگارکێشە، دەکرێ بڵێین ستانیسلاڤسکی یەکەم ڕێژیسیۆرە کە وەستا و پیشەکار بووە لە پلانی هونەریی و هونەرمەند لە بنیاتنانی میزانیسینی، تا ئێستاش لە مێژووی شانۆدا زیندووە.

میزانسینەکانی ستانیسلاڤسکی بۆ شانۆنامەکانی چیخۆڤ تا ئێستاش لە شانۆی هونەری مۆسکۆ پێڕەو دەکرێ، میزانسینەکانی ستانیسلاڤسکی ئاوێنەی دەقی نووسەر بوون، بەڵام ئاوێنەیەکی هونەری.

لە مێژووی شانۆدا ستانیسلاڤسکی یەکەم ڕێژیسیۆرە کە دوای خۆی و لە کەلەپوورێکی مەزنی پلان و میزانسینی بەرهەمەکانی خۆی لە چەند بەرگێکدا بەجێهێشتبێ کە سەرچاوەیەکی گەورەن و یەکەم سەرچاوەشن بۆ دیراسەکردن و توێژینەوە دەربارەی هونەری دەرهێنان بۆ هەر کەسێ بیەوێ ببێ بە ڕێژیسیۆرێکی پیشەکار و بۆ هەر یەکێ بیەوێ شارەزای میتۆدۆلۆگیای ستانیسلاڤسکی بێ، ئەمەش شتێکە نە لە مینینگنەکان و نە لە لای ئەنتوان و نە لە لای هیچ ڕێژیسیۆرێکی دیکە بەدی ناکرێ.

ڕاستە قۆناخی یەکەمی ڕەوتی شانۆی ستانیسلاڤسکی و شانۆی هونەری مۆسکۆ ناتورالیستانە بووە، بەڵام جیاوازی ستانیسلاڤسکی لەگەڵ ئەواندا ئەوەیە کە ستانیسلاڤسکی داهێنانی ڕێبازێکی هونەری مەبەست بوو، میتۆدێک بۆ ڕاهێنانی ئەکتەر و بۆ گەڵاڵەپێکردنی ئەم ڕێبازە سەرتاپای تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کرد. ڕاستە ستانیسلاڤسکی ڕێز و پێزانینی خۆی بەرامبەر بە

ناتۆرالیــزمی مــینیگـینەکــان دەردەبڕی، ڕەنگە گــەلێ سـەرسـامی و وردەکـاری لایەنـی دەرەوەی نمایشــەکـان و نواندنی ئەکتـەرەکان بووبێ، نەک هەر ئەوەندە بگرە پاش بینینی بەرهەمی مـینیگـینەکـان، بۆ یەکـەم جـار لاوازی ئەکتـەرانی خۆی بۆ دەرکەوت، هەر ئەمەش بوو بە یەکەم هۆکاری بیرکردنەوە لە کارکردن بۆ داهێنانی میـتۆدێکی هونەری نواندن، بەڵام گەلێ جیاواز لە مینینگینەکان و ئەنتوان ناتۆرالیزمی ئەم لەسەر بنەمای دید و جیـهانبینی ڕێژیسـیـۆر، واتە جیـهـانی دەق لە دیدی ڕێژیسـیـۆرەوە هەڵچنرابوو.

ڕاستگۆیی کۆڵەکەی میتۆدی ستانیسلاڤسکییە، زۆر کـەس ئەم ڕاسـتگۆییـە تەنیـا بە ئەمـانەت بەرامبـەر بە جیـهـانی نووسـەر تێـدەگەن، بێ ئەوەی لەوە تێبگەن کە مـەبەسـتی سـتـانیـسـلاڤـسکی لە ڕاسـتگۆیی بە مـانای ڕاسـتگۆیی هونەرییە، بێگومـان ڕاسـتگۆیی ئەمـانەت و دەسـتـپـاکـیش بەرامبـەر بە دەق دەگرێتـەوە، بەڵام بەر لە هەمـوو شـتـێـک ڕاسـتگۆیی هونەرمـەند لە تێگەیشـتنی شەخسیی خۆی بۆ بیر و هزر و هەست و نەستی نووسەر دەگرێتـەوە. ئەمـانە سـەرچاوەی ڕاسـتـەقـینە و قـووڵ بۆ دەرهێنەر پێکدێنێ. بەو پێیە جیهـانی دەق قـەت نابێـتە تاکـە سـەرچاوە، سـەرچاوەی سـەرەکـیـیـە، بەڵام تاکـە سەرچاوە نییە. دیسانەوە دەکرێ بڵێین ستانیسلاڤسکی یەکـەم ڕێژیسـیـۆر بوو کـە بۆ کـارکردن لەسەر تێکست و تێگەیشتن لە جـیــهــانی نووسـەر بەرپرسی ئەدەبی (درامــــاتورگ) داناوە. کــــارکــــردنی دوو قــــۆڵـی ستـانیسـلاڤسکی و نەمیرۆڤیچ دانچینکۆ، یەکـەمیـان وەک ڕێژیسـیـۆر - بەرپرسی هونەری، دووەمـیـان وەک درامــــاتورگ - بەرپرسی ئەدەبی، یەکــــەم نموونەیە لە هاریکاری نێـــوان ڕێژیســـیـــۆر و درامــــاتورگ و دەستنیشـانکردنی هێڵـی پیشـەیی نێوان هەردوو پیشـەی ڕێژیسیۆر و درامانووس.

ئەم بە دووقــۆڵـی کـارکــردنە هەنگاوێکی نوێیــە لە ترازانی دەسەڵاتی هەردووکیان و پتر سەربەخۆیی بوونی ڕێژیسیۆری دەچەسپاند و نیشانەیەکی ئاشکراش بوو بۆ گــەشــەســەندنی ڕۆڵـی ڕێژیســیــۆر لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا، تەنانەت لە کــارکــردنیــدا لەگــەڵ چێــخـۆڤ مەسەلەکە هەروا ڕانەبوورد، جیاوازی ڕاوبۆچوون و دیدی هەردوو داهێنەر ئەوەی دەرخـسـت کـە ڕاسـتگۆیی و بە ئەمـانەت ڕەفـتـارکـردن لەگەڵ دەقـدا ئەوە ناگـەیەنێ کە ڕێژیسیۆریش دەقا و دەق هەروەک نووسەر بیردەکاتەوە و لە کۆتاییشدا هەردوو دەبێ بگەنە هەمان ئاکام.

کەڵە ڕێژیسیۆرانی سەرەتای سەدەی بیستەم تەکانێکی گـەورەیان بە شـانۆدا، شـانۆی مـۆدێرن لە ژێر دەسـتی ئەواندا خـولقـا، داهێنەرانی وەک سـتـانیـسـلاڤـسکی، میبرهۆڵد، کرەیگ، ئاپیا، ئارتۆ، برێخت، گرۆتۆڤسکی، کـە باربا پێــیــان دەڵێ، چاکــسـازان و یاخــیــبــوان و پێشـبینان، تەکـانێکی ئەوتۆیان بە شانۆدا بە شـێوەیەک ڕەوتی پێـشـکـەوتنی ئەوەنده خـێـرا بوو کــە مـێـژووی شانۆپێـشـتـر ئەو خێـراییـەی بە خۆوە نەدیبـوو، هەر لە مــاوەی سی چل ســاڵێکدا چەندین ڕێبــاز و شــێــواز ڕووبەڕووی ناتۆرالیزم بووەوە، سیمبۆلیزم و شێوازگەری و فۆتۆریزم و کۆنستر و کتیڤیزم (بونیاتگەری) ڕیالیزمی ئەفسوونگەرانە و ڕیالیزمی مۆسیقایی و شانۆی سرووت و شانۆی داستانی و شانۆی سیاسی و تاد.. هەموو ئەم ڕێبـازانە بە پلەی یەکـەم ئەنجـامـێکی سروشـتی کـار و دۆزینەوەکــانی ڕێژیســـیـــۆر بوون. بەر لە پەیدابوونی ڕێژیسـیـۆر وەک داهێنەرێکی سەربەخۆ و پیشـەکـارێکی داهێنەر ڕەوتی شانۆ قەت وا خێرا نەبوو، قەتیش ئەوەندە هەمە ڕەنگ و جۆراوجۆر نەبوو.

بەر لە شانۆی ڕێژیسـیـۆر شانۆ بە پلەی یەکـەم شانۆی نووسـەر بوو، بۆیە دەگوترا شـانۆی سـۆفـۆکلیس، شـانۆی شەکسپیر، شانۆی مولێیر، بەڵام ناوی ڕێژیسـیـۆران بوون بە نیشانە و نازناوی شانۆکان، شانۆی ستانیسلاڤسکی و شانۆی میبرهۆڵد و شانۆی برێخت..تاد.

میبرهۆڵد پێشبینی ئەوەی دەکرد کە شانۆ لە داهاتوودا دەبێ بە شـانۆی سینۆگراف، ئەمە ئەگەر سـەد لە سەد وا نەبێ، بەڵام ئەو پێـچـەوانەی ئەو ڕاسـتـیـیـەش نییـە کـە سینۆگراف ڕۆڵێکی گەلێ گرنگتری لە جاران هەیە. ئەمڕۆ جـەخـتـکردن لەسـەر فـەزای یاری، مـەیدانێکی دیکەی داهێنانی شانۆکارانە. ڕەخنەی ئەمڕۆ ناوی سینۆگراف لە تەنیشت ڕێژیسیۆر دادەنێ.

## فۆڕمەکانی شانۆی ئاسیایی

فۆڕمەکانی شانۆی ئاسیایی لە هەموو فۆڕمەکانی دیکە ڕەسەنترن، بە پێچەوانەی فۆڕمەکانی شانۆی ڕۆژئاوایی بە درێژایی مـێـژوو شـانۆی ئاسـیـایی فـۆڕمـەکـانی خـۆی پاراســتــووە، ئەمــەش لەوەوە ســەرچاوە دەگــرێ کــە پەروەردەکردنی ئەکتەر لە بنەماڵەیەکدا لە باوکەوە بۆ کوڕ دەمێنێتەوە. باوک وەک وەستایەک منداڵی خۆی هەر لە منداڵـیـیـەوە ڕادەهێنێ و مـەشقی پێ دەکـات تا پاشـان جـێگـای بگرێتـەوە، هەر بۆیە فـۆڕمـەکـانی خـۆیان لە دەرەوەی دامودەزگا ئەکادیمییەکانی شانۆ و پەیمانگاکانی

پەروەردەی ئەکتەر، نەوە لە دوای نەوە دەپارێزن. تەنیا فۆرمی ڕەسەن و پارێزراو لە مێژووی شانۆدا فۆرمەکانی شانۆی ئاسیاییە. هەرچی مێژووی شانۆی ڕۆژئاوایە بریتییە لە بۆچوون و ڕامان و ئەندێشە دەربارەی ئەو فۆرمانەی کە لە کاتی خۆیاندا هەبوون، بەڵام ئەو فۆرمانە ئێستا نەماون. ئەوەی ئێمە لە بارەیان دەیزانین تەنیا لە هزر و بۆچوونمانەوە هەڵدەقوڵێ، بە پێچەوانەی شانۆی ئاسیایی ئەو فۆرمانە نەپارێزراون و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی نەماونەتەوە.

فۆرم و شێواز و داب و نەریتەکانی شانۆی ڕۆژئاوایی هەرە گرنگەکانیان کە ئەنتیکە، ئەوەی لە بارەیەوە دەیزانین لە سنووری زانیاری مەتحەفی دەرناچێ، ئەوەی دەربارەی بەکارهێنانی ماسک و کۆرس و فەزای شانۆ دەیزانین، گریمانەیە.

هونەری نمایش بە تایبەت ئەوەی پێوەندی بە ئەکتەر و کۆرس و بە بینەرانەوە هەیە، جەختکردنە، لە ڕووی مێژووەوە گەلێ کەلێن و بۆشایی تێدایە کە بە داخەوە زانست چارەی بۆ نەدۆزیوەتەوە، بەڵام لای گەلێ لە شانۆکاران وەک ڕاستی بەڵگەنەویست ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ.

یەکێ لەو بۆچوونانە دەربارەی تیسپیس-ی یۆنانییە کە لە هەندێ ئەدەبیاتدا وا باوە کە تیسپیس یەکەم ئەکتەری یۆنانییە. زۆر جار لە هەندێ بابەتی شانۆییدا دەخوێنینەوە کە: لەو ڕۆژەوە کە یەکەم ئەکتەری یۆنانی تیسپس پێی خستۆتە سەر شانۆ، ئیتر... لە هیچ سەرچاوەیەکی زانستییەوە ئەوە دووپات نەکراوەتەوە، کە تیسپیس یەکەم ئەکتەر بووبێ. سەرچاوەکان و فەرهەنگەکانی شانۆ دەڵێن کە تیسپیس شاعیر بووە و یەکەم کەس بووە لە شانۆنامەکانیدا ئەکتەری (یەک ئەکتەر)ی لەگەڵ کۆرسدا بەکارهێناوە و هیچ یەکێ لە دەقەکانی نەماون، تەنیا ناوەکانیان نەبێ کە ئەوانیش جێگای گومانن و کەس ناتوانێ سەد لە سەد جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئەو نووسەریان بێ. ئەم پرسیارە لای ئەکادیمیکارانی شانۆ توێژەرەوەکان هێشتا یەکلا نەکراونەتەوە.

فۆرمێکی دیکەی بە هێزی مێژووی شانۆی ڕۆژئاوایی لە شانۆی ئێلزابیسدا خۆی دەنوێنێ، کە شەکسپیر بە ترۆپکیدا دەوەستێ. بەداخەوە شارەزاییمان دەربارەی ئەم فۆرمە و ئەم قۆناخە ئەوەندە پەلە پەلە و پچڕ پچڕە، کە وێنەیەکی تەواوی شانۆی ئەو سەردەمەمان لا دروست ناکات. جاران بۆچوونێکی باو لە ئارادا بوو کە گوایە شەکسپیر شانۆنامەکانی خۆی تەنیا لەسەر شانۆی گلۆبدا نمایش کردووە، هەموو زانیارییەکانمان دەربارەی شانۆی ئیلیزابێسی و شەکسپیر لەسەر ڕامان و بۆچوون بنیات نراون و کەس ناتوانێ وێنەیەکی تەواوی شانۆی ئەو سەردەمە بە یەقینەوە بکێشێ، هەموو ئەوەی دەیزانین بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەمەندیی ئەم شانۆیەدا وەک دڵۆپێک وایە لە دەریا.

توێژەرەوەکانی شانۆ بە درێژایی مێژوویەکی دوورودرێژ پێیان وابوو شەکسپیر شانۆنامەکانی خۆی تەنیا لەسەر شانۆی گلۆبدا نمایش کردووە، بەڵام زانستی شانۆ لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە ئەوەی سەلماند کە شەکسپیر بەرهەمەکانی خۆی لەسەر چەند شانۆیەکی دیکەی لەندەندا پێشکەش کردووە، ئەمەش ئەو بۆچوونە پووچ دەکاتەوە گوایە شانۆنامەکانی شەکسپیر لە یەک فۆرمی گونجاو لەسەر شانۆی گلۆبدا نمایش کردووە، هۆی ئەم گیروگرفتەش دەگەڕێتەوە بۆ سووتانی شانۆکانی لەندەن، لە سەرووی هەموویانەوە شانۆکەی شەکسپیر.

بەشێکی گەورەی بۆچوون و سەرلەنوێ بە خەیاڵ بنیاتنانەوەی شانۆی شەکسپیر دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبوارێکی هۆڵەندی کە پاش سەردانێک بۆ لەندەن وێنەیەکی شانۆی گلۆپ دەکێشێ و لە نامەیەکدا بۆ دۆستێکی خۆی دەینێرێ، باشترین سەرچاوە دەربارەی شانۆی گلۆپی شەکسپیر ئەم نامەیە، تەنانەت کە شانۆی گلۆپ لە کۆتایی نەوەتەکاندا لە لەندەن بنیات نرایەوە، بەرجەستەکردنی ئەم وێنەیەیە، ئەمجا بزانە شانۆی ڕۆژئاوایی چەندی لە دەست چووە.

گەر بێینە سەر باسی هونەری کۆمیدیا دیل ئارتی کە لە ڕۆژئاوادا هاوتایەکی کابوکییە، ئەم هونەرەش لە ڕووی دەقەوە زیاتر پارێزراوە، هونەری نمایشی قەت وەک کابوکی و نو و ئۆپێرای پەکین نەپارێزراوە، بۆچوون و فەنتازیا لە بەرجەستەکردنیاندا باڵادەستە، هەر چەندە ئەرکی ڕێژیسۆر لە شانۆی ڕۆژهەڵاتیدا، لە ڕووی مەشقی فیزیکی و ڕاهێنان و وەستایەتی و دەسترەنگینییەوە قورسترە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژیسۆری ڕۆژهەڵاتیدا، بەڵام کەلەپووری شانۆیی و دابونەریتی چەسپاو پتر یارمەتی دەدا.

# قەیرانەکانی موزیکی کوردی بەرەو کوێ؟

**زۆزک قەرەداغی**
**(سلێمانی)**

زۆر جار لێرە و لەوێ باس لە قەیرانەکانی شانۆی کوردی دەکرێت کە لە پاش ڕاپەڕین لە بێدەنگییەکەوە سەریهەڵدا لە ئەنجامی کەمبوونەوەی بەرهەمی جادی سەر شانۆکان و زۆربوونی زنجیرە دراماکان دوور لە بابەت و پەرش بوونی زۆرێک لە نواندنەکانی بە ناوی کۆمیدیا و بازرگانی کردن بەو جۆرە کارانەوە کە بەداخەوە دەیڵێم هەندێک لە هونەرمەندە کۆن و بە ئەزموونەکانیشی گرتەوە، سەرچاوەی سەرەکیی بڵاوبوونەوەی ئەم کارانەش لە دوکان و بازاڕەکانی CD وە سەریهەڵدا، دواجار بەبێ هەستکردن بە لێپرساو، ڕۆژانە بە دەیان و سەدان بەرهەمی لەو جۆرە بڵاو دەکرایەوە، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر خەڵکانی ئاسایی ناو کۆمەڵگای کوردی دروست کرد.

ئەوەشمان لەبیرنەچێت هەر بە تەنها شانۆ تووشی قەیران نەبووە، بەڵکو سەرجەم بوارەکانی هونەر بوونەتە میوانی قەیران، لەو سەرەتایەوەی کە بەندە دەستی دایە فێربوونی مۆزێک کەم تا زۆر بەپێی ئاستی ئەو کاتەم هەستم بە قەیران کردووە لە موزیکدا، تەنانەت هەر لە زووەوە کەوتە خولیامەوە کە کتێبێک لەم بارەیەوە بخەمە کەنارەوە بە ناوی (قەیرانەکانی موزیکی کوردی) کە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ (١٠-١٥) ساڵ لەمەوبەر کە هێشتا سەرەتام بوو لە کارەکەمدا، بەڵام تا ئێستا ئەو کتێبەم نەنووسیوە، بەڵکو کێشەکان بە جۆرێک هانی دام کە سەرەتا بە تێکست و نووسین لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بابەتە کاتییەکان بخەمە ڕوو گەرماوگەرم بە تەنگ هزر و لێکۆڵینەوەکانمەوە بچم، ئێستاش کە ڕۆژ بە

ڕۆژ لە بوارەکەمدا هەنگاو دەنێم دیمەنی سەرسوڕهێنەرتر و ناوازەتر دەبینم، پێدەچێت ئەو توێژینەوەیەی کە من لە سەرەتای دەستپێکی هونەریمدا بیرم لێدەکردەوە دوای بخەم بۆ چەند ساڵێکی دی، بۆ ئەوەی ڕۆژانە ئەو یاداشتانە دەوڵەمەندتر بکەم بەو بابەتانەی کە دێنە ئاراوە، دواجار دەبێتە کتێبێکی بیرەوەری لەسەر قەیرانەکانی موزیکی کوردی، دڵنیاشم لەوەی کە هێندێک لە هونەرمەندان بە کارێکی زیادەی دەزانن لەسەر بابەتی موزیک و ستران و لێکۆڵینەوەکەم بە لەحزەیەکی تووڕەیی خۆم سەیردەکەن بەڵکو ئەو تێکستە ڕەخنەییانەی بەندەیان لەبیردەچێتەوە کە زۆر بە ڕاشکاوانە نووسیومە و جەختیشم لەسەر ناوی کەسێتییەکان کردۆتەوە بەتایبەتی، وێڕای ئەوە دەپرسن و دەڵێن، قەیران چییە؟ کوا باوی ماوە؟ قەیران تەنها لە شانۆدا هەیە. منیش ئێژم برای هونەرمەندم قەیران بریتی نییە لە سەرف نەکردنی پارە بۆ بەرهەمە هونەرییەکان، بگرە ئەوە دوایین شتێکە بۆ قەیران، لە کاتێکدا کایەکانی تری هونەری هەمووی کامڵ بن، ئەو کات یارمەتی ماددی هۆکارێک دەبێت لە جێبەجێ کردنی بەرهەمە تەندروستەکانی موزێک، ئەگینا قەیران خودی خۆمان دروستی دەکەین، هەست نەکردن بە لێپرسراوێتی هۆی گەشەسەندنی قەیرانە، ئەمە لە کاتێکدا چەندین نەوە ساڵانە لە پەیمانگا هونەرییەکانی کوردستان خوێندن تەواو دەکەن، کەچی کەسێک نابینین هەڵوێستە بکات لەبەردەم کارە ناشایستەکان، سەرجەم چاو لە نەوەکانی پێشوو دەکەن و بیر لە نارێکیی پرۆسەی هونەری ناکەنەوە، بەڵکو هەر ڕایی کردنی ژیان، جێخۆشکردن لە بنکەیەک، یان مەڵبەندێکی بەناو هونەرییدا، بەبێ گوێدانە ڕەوتی زانستی هونەر لەو جێگەیەدا، دواجار پارە و پوول و قسە و کۆبوونەوەی بێ کردار بەرنامەی زۆرینەیانە، بەبێ سەیرکردنی دنیای دەوروبەریان، گۆڕانکارییە خێراکانی هونەر لە جیهاندا وێڕای ئەمەش مانگی جارێک پەیمانگا و کۆلێجی هونەر و میدیای تازە دەکرێتەوە، بەبێ بڕیاردان لەسەر بەرنامەیەکی پشت ئەستوور بە زانستی ئیستانداردی جیهانی و فەلسەفەکانی بوون لە پڕۆژەی هونەردا... ئەوەی کە من دەیبینم موزیک و گۆرانی هونەرێکە خزمەت بە گوێچکە دەکات لە ڕێی (تۆمارکراو، کۆنسێرت، کلیپ) کەچی لە دنیای ئێمەدا زۆر لەو ناوانە زیاترمان هەیە، لە پاشدا سەرەکیترینیان کە بریتی بوو لە (تۆمارکراو، کۆنسیرت، کلیپ)، لە هەمووی لاوازترە، موزیکژەن لە هەموو جیهاندا دەتوانێت پسپۆڕ بێت لە یەک ئامێردا، بەڵام لای موزیسیان ئەوەیە کە بتوانێت ( ١٠ ) ئامێری موزیک بژەنێت، هەرچی موزیکژەن هەیە لە دنیادا توانای لە جۆرێک ژەنیندا هەیە، بەڵام لێرە دەبێت کەمانچەی سۆلۆ و گرووپ بژەنێ، هەموو مۆرکە ڕۆژهەڵاتییەکان بژەنێ ئەمە لە کاتێکدا کە بەردەوام لە میدیا و چاوپێکەوتنە هونەرییەکاندا جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە موزیککاری کورد تەنیا دەبێت بە مۆرکی کوردی موزیک بژەنێت، وێڕای ئەمانە لەناو ستۆدیۆدا هەموو هێڵەکانی ڤایۆلین خودی ئاوازدانەرەکە دەیژەنێت و بە چەندین تراک دووبارەی دەکاتەوە بۆ ئەوەی هێڵەکان لە گوێچکەدا زۆر بنوێنێت، هەڵبەتە لە پای ئەوەیە کە لایەنی ماددیی زیاتر سوود وەربگرێت، چونکە ئەگەر کەسێکی تر لەگەڵیدا بێت حەقەکە دابەش دەبێت، بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە کە بە یەک موزیکژەن بەرهەمەکە لاواز دەبێت و توانای ژەنینی لە ئاستی بە کۆمەڵبووندا نابێت، دەرئەنجامەکەشی وەکو ئەوە دەبێت کە لە بڵاوکراوەکانی ئێستادا دەیانبینین، ئامۆژگای ئازاد دەکەینەوە بۆ وانە وتنەوەی موزیک لەگەڵ دوو سێ موزیککاردا لە ژێر ناوی (بۆ فێربوونی هەموو ئامێرە ئۆرکێترالیەکان و میللیەکان) کە ئەمە خۆی بۆ خۆی قەیرانێکی گەورەیە، چونکە ئەگەر موزیسیانێک یەک ئامێر، یان دوو ئامێری زانی ئەوا بە دووسێ مامۆستا چۆن سەرجەم وانەکانی موزیک و ئامێرەکانی ئۆرکێسترا دەوترێتەوە کە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر مامۆستایە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، یان ئامێرە کەلەپوورییەکان کە ئەمیشیان دنیایەکی جیاوازی هەیە، من دێم و پەیمانگایەک دەکەمەوە با لە ژێر ناوی پسپۆڕیی خۆمدا بانگەشەی بۆ بکەم با بڵێین (بۆ فێربوونی کەمانچە، یان بۆ فێربوونی پیانۆ، فێربوونی ئۆبوا، فلووت، عوود،...) ئەمەیان ئامانجی خۆی دەپێکێت، لە جیهاندا سترانبێژ تایبەتمەندە بە ستاسلێکەوە، وەکو (کۆڕاڵی، پۆپ، ڕۆک، سۆفت، فۆلکلۆر،...) بە زمانێکی تایبەتی گۆرانیبێژەکە، بەڵام ئێمە بە چوار زاراوە و بە مۆرکی هەموو ناوچەکانی کوردستان هەوڵی تۆمارکردنی گۆرانی دەدەین و لە هەمووشیدا ئەرک و گرنگی وتنەکەی نازانین، لە جیهاندا دانەری موزیک و موزیکژەن دوو وەزیفەی جیاوازیان هەیە، بەڵام لای خۆمان تەنیا بە موزیکژەنین ژیانی ڕۆژانە دەگوزەرێت، ئەگەر دانەری موزیکی سیمفۆنیا بیت کە پرۆسەیەکی گرانە و زەحمەتی زۆری دەوێت، ئەوا کەس ئاوڕت لێناداتەوە، وا باوە دەبێت موزیکژەنێکی بە

توانابیت و ئاوازدانەرێکی باش و مایستـرۆ و هەندێ جـار گـۆرانیش بڵـێـیت ئەوا تۆ هونەرمـەندێکی پرۆفیشنەڵیت، ئەرێ ئێمە چەندین هونەرمەندمان هەیە پەیمانگا و ئەکادیمیایان خوێندووە، کوان ئەوانە؟

کوا لێکۆڵینەوەکان لەسەر گرفت و چارەسەرەکانی مـوزیک و سترانی کوردی؟ چ وەڵامێکی خەڵکانی ئاسایی ناو کۆڵگا بدەینەوە، ئەی چۆن وەڵامی فارس و تورک و عەرەب بدەینەوە؟ ئەگەر لەو بارەیەوە بدوێین ئەوا هێندێک هونەرمەند دەڵێن کێ گوێ لە گۆرانی کوردی دەگرێت، ئایا ئەمە بەو جۆرەیە؟ بێگومان نەخێر... بۆ؟ چونکە ئەگەر بروانینە میدیاکانی ناوخۆ و دراوسێ، باس لە کێشەکانی کورد و عیراق دەکەن، هونەرمەندانی دراوسێ خاوەن ئەزموونن و زۆربەیان دنیای دەرەوەی هونەریان بینیوە، ئێستا گەیشتوونەتە ئەوەی بزانن نەتەوە بچووک و ژێر دەستەکان چی دەکەن؟

لە پەیام و بڵاوکراوە هونەرییەکانیاندا، چەندین کەناڵی ئاسمانی کوردیی کە بەرهەمە موزیکی و گۆرانییە کوردییەکان پەخش دەکەن، کە ئەمە ئاسانترین ڕێگەیە بۆ شارەزا بوون و تێگەیشتنی هونەرمەندانی دەرەوەی عیراق، ئەگەر سەرنج بدەین ئەو نەتەوانەش هەمان هۆکاریان هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی کلیپ و کۆنسێرت، بەڵام بە تەنگ هەموو ئاراستەکانی هونەری موزیک و گۆرانییەوە دێن، واتا بە تەنیا گرنگی نادەن بە گرووپێکی فۆلکلۆری، یان تەختی ڕۆژهەڵاتی، بگرە پا بە پای بڵندیی هونەرەکەیان ئەوانیش دەرگا واڵا دەکەن و وەکو لای ئێمە برادەرایەتی و ناسیاوی هۆکاری ڕاپی کردنی هونەرەکەیان نییە، گرنگی بە تاکەکەس (فەردانیەت) دەدەن، کە ئەم جۆرە کارکردنە حەزێکی کەسێتییە و وەکو غەریزەیەک وایە کە بە تەنیا حەز بە نمایشی موزیک بکات وەکو شێوەکارێک بە تەنیا، لە موزیکی جیهانیشدا نموونەی ئەو جۆرە کارکردنە زۆربوون، بۆ نموونە ڤایۆلینژەنی بە توانای ئیتالی (نیکۆلا پاگانینی ١٧٨٢-١٨٤٠) کە لەسەردەمی (ڕۆمانتیک ١٨٠٠-١٩٠٠) داژیاوە، زۆربەی موزیکەکانی بۆ توانا بێوێنەکەی خۆی داناوە کە ئەو کات کەمانچەژەنی تر لە ئاست توانای ئەودا نەبووە، کە بەمە ستایلێکی جیاوازی بۆخۆی دروست و دواجار لە سەدەی بیستەمدا بووە بەرهەمی ڕاهێنان و نمایش بۆ ڤایۆلینژەنەکانی تر، بە هەمان چەشنیش (فرانست لیست ١٨١١-١٨٨٦) بۆ ئامێری پیانۆ فەردانیەتێکی بەهێزی هەبوو، لە سیمفۆنیدا (لۆدڤیک ڤان بتهۆڤن ١٧٧٠-١٨٢٧) و لە ئۆپێرادا (جیۆسیب ڤێردی ١٨١٣-١٩٠١)، دواجار ئەگەر ئاوڕێک لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتیش بدەینەوە لە موزیکی فەردانیەتدا ڕۆڵی خزمەتکردنیان بینیوە، بۆ نموونە لە موزیکی فارسیدا (ئەبولحەسەنی سەبا) شێوازی تایبەتی خۆی کردە کتێبێک بۆ فێربوونی ئارەزوومەندان لە ڕێی خۆیەوە بۆ دەروازەی ژەنینی گۆشەکانی موزیک و گوتنی فارسی، یان (میرزا عەبدوڵڵا) ڕەدیفی فێربوونی ئامێری تاری دانا بەو شێوازی کە خۆی لە ئەنجامی فەردانیەتەوە دروست بووە لای، واتە ئێمە دەبێت لەوە تێبگەین کە بە تەنیا موزیکی بە کۆمەڵ خزمەتی دوارۆژ ناکات بۆیە گرنگە ڕێگا بۆ هەموو ئاراستەکان خۆش بکرت، بەڵام ئێمەی کورد لەم بوارەدا زۆر هەژارین و بۆ داهاتووش بیرێک لەو بناغانە ناکەینەوە و سەرجەممان بە پێویستییەکی نازانین هێندەی سەیران و خواردن و گەڕان، بەرنامەکان دووبارە دەکەینەوە، هەمیشە لەوە دەترسین مۆرک لە دەست بدەین، ئەگەر گرنگیی بەو بوارە پسپۆڕیانەی موزیک بدرێت ئەوا بە شێوەیەکی خۆڕسک مۆرکی موزیک و گۆرانیمان هەمیشە کوردی دەبێت، دواجار دەڵێم قەیران لە ڕێگەماندایە ئەگەر ڕۆحی هونەری و برادەرایەتی و یارمەتیدانی یەکتری فراوان و جوان نەکەین و هەموو کۆششەکەمان بۆ موزیک و هونەر نەبێت بە گشتی...

لە کۆتاییدا ئەوەی من باسم کرد ئاوڕدانەوەیەکی زۆر کەمە لە کێشە و گرفتەکان، چونکە من زۆر بە گشتی و بە خێرایی چوومەتە ناو کێشەکانەوە و هۆکارەکانی دروست بوونی قەیران، ئەگینا سەیری هەر کام لە سەرنجەکان بکەین پێویستی بە کتێبێک و توێژینەوەیەکی سەربەخۆ و بەرفراوان هەیە، پێویستی بە ڕوو بە ڕووکردنەوەی سەرجەم هونەرمەندانی خاوەن پیشەیە بە باش و خراپەوە، قەیرانیش بە بێدەنگی و لێبووردن نارەوێتەوە، دەبێت کاری بۆ بکرێت، ڕێگە بۆ گەنجە بە تواناکان خۆش بکرێت، بەبێ جیاوازی بەرهەمەکانیان بۆ مەیسەر بکرێت، ڕێز لە سەرسپییەکان بگیرێت بەپێی ئەو توانایەی کە پێکەشیان کردووە، هەمیشە هەوڵی بە زانستی بوون و داهێنانی موزیک و گۆرانی بدەین، چونکە دواجار ئێمە دەتوانین ئارەزووی نەتەوەیەک تەندروست بکەین و بەرهەمەکانمان بۆ داهاتوو بکەینە ناسنامە.

# وێنەی ڕۆژنامەنووسی لە نێوان دوێنی و ئەمڕۆدا

فارس سەعدی

ئەوەی وای لەو کەسانە کرد کە لە بواری ڕۆژنامەگەری کار دەکەن، یا کردوویانە، بیر لە بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی بکەنەوە، کە پانتاییەکی چاکی لەنێو جوگرافیای ڕووپەڕی ڕۆژنامەکەیان، یان گۆڤارەکەیان بۆ تەرخان بکەن، ئەوەیە، وشەکان پێویستیان بە وردبوونەوە و قووڵ بوونەوە و بیرکردنەوە هەیە تا مرۆڤ دەگاتە مەبەستی وتارەکە، یا بابەتە نووسراوەکە، بەلام وێنەی فۆتۆگرافی جگە لەوەی لایەنێکی جوانکاری و نەخشەسازی بە دیکۆر و سیمای لاپەڕەی گۆڤارەکە، یا ڕۆژنامەکە دەبەخشێت، ئەوا وێستگەیەکی خۆشی و ئیسراحەت بەخشینە بە دیدەی خوێنەر، چونکە شتەکانی نێو وێنە زۆر بەخێرایی و بەبێ بیرکردنەوەی قووڵ و زمان زانین و خوێندەواری ئەوا ڕاستەوخۆ بابەتەکەی دەزانرێت و هەرس دەکرێ. لەمەش زیاتر ڕاستگۆیی و پێوەندیەکی پتەو لەنێوان خوێنەر و ڕۆژنامە و گۆڤارەکە دروست دەکات.

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، وێنەی فۆتۆگراف زۆر بەکەمی بەکار دەهێنرا، هەڵبەتە لەبەر باری تەکنیکی و هونەری بووە، لە سالانی ١٩٢٥- ١٩٤٠، لەو ماوەدا وێنەی فۆتۆگرافی وەک هونەر زیاتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، زیاتر لەوەی وەک بابەتێکی ڕۆژنامەنووسی و هەواڵە وێنە، واتە لێرەدا وێنەگرە زیاتر بایەخی بە لایەنی هونەری وەک کۆمپۆزیشن و هاوسەنگی و ڕیتم و زاڵ بوون و شێوازی هێڵەکان لەنێو پانتایی وێنەکە دەدا، بەلام دوای ئەو ماوەیە کۆمەڵێک وێنەگر هاتنە

مەیدانەکەوە و گرنگیان زیاتر بەلایەنی دۆکیومێنتی کردنی وێنەکە دەدا وەک لەلایەنەکانی هونەری، بۆیە ئەم قوتابخانەیە یا ڕێبازەی وێنەی دۆکیومێنتی بووە هەوێنی دروست بوونی وێنەی ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە. کەواتە لەم قۆناغەدا وێنەگران بایەخیان بەلایەنەکانی ڕاگەیاندن دەدا زیاتر لە بوارەکانی جوانکاری و ئیستێتیکا، ئەو شتانەی دواتر بە پلە دوو لەنێو بایەخەکانیان دەهات.

وێنەگری ڕۆژنامەنووسی بە پلەی یەکەم هەوڵی دەدا (سبقه الصحفی) لە وێنەکەیدا ئەنجام بدات، کە ئەمەش وای لێ دەکرد کە هەردەم زۆر وریا و چالاک و بە ئاگا بێت و لە شوێنی ڕووداوە گەرمەکان حزووری هەبێت.

لە دوای ناوەڕاستی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا، گۆڕانێکی چاک بەسەر چۆنیەتی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هات، کە وێنەش کاردانەوەی ئەمەی بەسەرەوە بوو.

پێشتر لە ڕۆژنامەیەکدا تەنها دوو تا سێ وێنەی فۆتۆگرافی لەنێو یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەکە، یا گۆڤارەکە بڵاو دەکرایەوە، (١٠- ١٥) وێنەش لەنێو لاپەڕەکانی ناوەوەی دا بڵاودەکرایەوە.

ئەوکات وێنەگران، کە وێنەیەکی پۆرترێتی کەسایەتیەک، یا هونەرمەندێک، یا ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرا، کەسەکەی وەک بت ڕادەگرت، هەر ئەوەتا هەناسەشی پێ دەبڕی، ئینجا وێنەیەکی وشک و برینگ کە هیچ هەست و نەست و ناخی ناوەوەی کەسەکەی پێوە دیار نەدەبوو، دەبوایە کەسەکە ڕووی لە کامیرا بێت و وێنەگریش تا (١، ٢، ٣)ی بۆ دەژمارد ئینجا چرکەی لە دوگمەی کامیراکەیەوە دەهێنا و وێنەکەی دەگرت، بەداخەوە، ئێستاش هەندێک لە وێنەگرانمان هەمان نەخۆشی ئەوسایان پێوە دیارە و هەمان هەڵسوکەوت دەکەن، کە لەو کاتەی کە ئێستا فیلمی زۆر خێراو هاوێنەی کامیرای زۆر بەهێز دروست کراون، کە لەچاو تروکاندنێکدا چەندین وێنەی یەک لە دوای یەک دەتوانن بگرن.

بەڵام ئەمڕۆ شێوازی وێنەگرتنەکە گۆڕاوە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای وێنەگەری و ئامێر و فیلم و پێداویستیەکانی وێنەگەری، بۆیە وێنەی کەسێک دەگرن کاتێک دەچێتە نێو ناخی بابەتەکەی کە دەیەوێ قسەی لەسەر بکات، ئیتر بە هەوەسی خۆی دەستەکانی دەجوولێنێ و دەم و چاوی لە گۆڕانێکی بەردەوام دەبێت واتە تەفاعول لەگەڵ دەوروبەر و بابەتەکەی دەکات، ئەوجا وێنەگر لەو ساتە ناسکانەدا چەندین وێنەی دەگرێت، کامیان زیاتر دەربڕ و کاریگەربن، ئەو وێنەیە لەگەڵ بابەتەکەی بڵاو دەکەنەوە، ئەم وێنانە پڕن لە ئیحساس و ناخی کەسەکە بەبێ ڕتووش دەخوێندرێتەوە، کە بەم جۆرە وێنانە دەگوترێ وێنەی پۆرترێتی (ئین فۆرماڵ)، واتە وێنەی غەیرە ڕەسمی.

ئێستا وای لێهاتووە، زۆر بایەخ بە وێنەی فۆتۆگرافی دەدرێت، ئەوەتا چەندین ئاژانس دروست بوونە لە جیهاندا کە پسپۆڕیان تەنها لە ئامادەکردن و وێنەگرتن لە هەموو جیهاندا ئەنجام دەدەن و بە دەزگاکانی ڕۆژنامەوانی تر دەفرۆشنەوە و سوودی لێ وەردەگرن، وەک ئاژانسی (گاما، سیبا، و تاد)، هەروەها زۆر لە ڕۆژنامەکان هەندێ لاپەڕە بە تەواوی بۆ وێنەکان تەرخان دەکەن، یا هەندێکی تر دوا لاپەڕەکانیان بەدەیان وێنەی فۆتۆگرافی دەڕازێننەوە، یا هەندێکی تر لە کۆتایی هەفتەدا گۆشەیان هەیە بە ناوی (هەواڵەکانی هەفتە بە وێنەی فۆتۆگرافی)، یا (وێنە دەدوێ)، یا زۆرجار وێنەی دیاردەکان بڵاودەکەنەوە دەنووسن (بەبێ تەعلیق)، واتە وێنەکە خۆی لە خۆیدا دەدوێ.

سەرەڕای ئەمەش قەبارەی وێنەکانیش گەورەتر کران لە جاران، هەندێ وێنە جاری وا هەیە بەقەدەر نیولاپەڕەی ڕۆژنامە دەبێت، یا بەقەدەر لاپەڕەی تەواو لە گۆڤارەکان، کە ئەمە جاران ستەم بوو. بە زۆریش ئەو وێنانەی قەبارەیان زۆر گەورەیە، زیاتر بابەتی وەرزشین، یا چالاکی و پۆرترێتی هونەرمەندان و سیاسەتمەدارانن. ئێستا لەلای خۆشمان زۆرجار لەنێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (التآخی)دا دەبینین چەندین وێنەی فۆتۆگرافی دەزگا یا (ئاژانسی (A. F. P) بڵاودەکەنەوە کە هیچ وتاری لە تەکدا نییە، تەنها چەند وشەیەک لە ژێری دەنووسرێ بۆ ڕوونکردنەوەی وێنەکە، هەندێ جار ناگاتە یەک دێڕیش، وێنەکان پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و ڕووداوە گەرمەکان، واتە گەرماو گەرم وێنەکان دەگیرێن، بەر لەوەی خەڵکی بەقسە باسی ئەو ڕووداوە بکات، ئەمان بە وێنە دەخەنە بەردەستی خوێنەران.

ئێستا جۆری وێنەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، گەر بەراورد بکرێ بە جاران، پێشان ڕووبەڕووی کەسەکە

وێنەکەت دەگرت، واتە کەسەکە هەردەم بە ئاگا بوو، زۆر پێچەوانەی ناخی ناوەوەی خۆی نیشان دەدا، بەڵام ئەمڕۆ، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە مەزنانەی لە جۆرەکانی هاوێنە (بەتایبەتی هاوێنەی زوومی تەلی فۆتۆ) و فیلمی زۆر هەستیار بەرز و هاوێنەی زۆر بەهێز و بوونی ماتۆڕ درایڤ لە کامیراکاندا، هەروەها بوونی سیستەمی ئۆتۆ فۆکەس و ئێکسپۆزەری ئۆتۆماتیکی، ئەمانە وایان لە وێنەگر کردووە کە زۆر سەربەستانە بتوانێ حاڵەتەکان بەبێ ڕتووش تۆمار بکات و ترۆپکی هەڵچوون و چالاکییەکان تۆمار بکات، هیچ بیر لەلایەنەکانی تەکنیکی کامیرا ناکاتەوە، پاشان زۆر حاڵەت هەیە دوور بە دووری وێنەکان دەگرێت، وەک بڵێی لەبەردەم کەسەکە وێنەکە دەگرێت، بۆیە زۆرجار لایەنە نێگەتیڤەکانی کەسایەتییەکی سیاسی بە ئاسانی دەتوانرێ بەرجەستە بکرێ، یان هەندێ ڕەوشت و هەڵسوکەوتی شازی هونەرمەندێک بۆ ئەوەی خەڵکی سەرنجی بدەن و حاڵەتێکی ناباو لەنێوانیان بورووژێنرێ، هەروەک چەند ساڵانێک لەمەوبەر چەندین وێنەی شازادە دایانا- یان بڵاوکردەوە، کە حاڵەتێکی نامۆ بوو لەلای خەڵکی. هەمان شت مانگرتنەکان و ڕاپەڕین و چەندین ڕووداوی گەرم گەرمی تر کە جاران ئەمانە بابەتی نابەجێ بوون نەدەتوانرا وێنەی ئەو حاڵەتانە بگیرێ.

لەم چەند ساڵەی دواییدا، هەموومان هەست بەو گۆڕانە گەورەیە دەکەین، دوای پەرەسەندنی کامیرا و وێنەی دیجیتاڵی، کە گەرما و گەرم وێنە دەگیرێ و لەم سەری دنیا بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەگوازرێتەوە ناو دەزگای ڕۆژنامەوانییەکەی لەوسەری دنیا، کە جاران فیلمی گیراو بەیەکەم فڕۆکەی کە سەفەری دەکرد بۆ وڵاتەکەی ڕەوانە دەکرا و دەشورایەوە و چاپ دەکرا، ئینجا سکان دەکرا و دەکرایەوە فیلمی چاپەمەنی و چاپ دەکرا، بەڵام وێنەی دیجیتاڵی، ئێستا ڕاستەوخۆ سەرەڕای گواستنەوەکەی، ئەوا یەکسەر نەخشەسازی لاپەڕەی ڕۆژنامەکە دەیخاتە نێو نەخشەی لاپەڕەکە و لە نێو وشەکان و وتارەکاندا جێی دەکاتەوە و دەیکاتە فیلمی چاپ و چاپی ڕۆژنامەکە بەبێ دواکەوتنی ئەنجام دەدات.

هۆیەکانی فێرکاری وێنەگرتن و ئاسانکارییەکانی وێنەگرتن هێندە ئاسان بووە، کە زۆبەی هەرەزۆری خەڵکی وێنەی جۆراوجۆر دەگرن، هەندێ جار هانا دەبرێتە بەر وێنەگرێکی ئارەزوومەند کە وێنەیەکی دەگمەنی هونەرمەندێک، یا سیاسەتمەدارێک، یا ڕووداوێکی سەیری گرتووە، لە ڕۆژنامەکەیاندا بڵاوی دەکەنەوە. کەوا ئەمڕۆ کەسانێکی ئێجگار زۆر لە بواری وێنەگەری کار دەکەن. ئەوەتا هەندێ کەس تەنانەت بە مۆبایلەکانیان وێنە دەگرن، لەو کاتەی کە ئەم ئامێرە بۆ قسەکردن لەگەڵ یەکتری کراوە.

بۆیە سەدەی بیستەم بەسەدەی وێنەی فۆتۆ ناوزەدکرا، هەر ئەمەش وای کرد کە وێنە ببێتە بەردی بناغەی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ.

لەمەش زیاتر، ئێستا هێشتان ڕۆژنامە، یا گۆڤارەکە لە چاپخانە نەکەوتۆتە بازاڕ، بینەر لە میانی تۆڕی ئینتەرنێتەوە کە هەر گۆڤارە، یا ڕۆژنامەیە سایتی خۆی هەیە، دەیکاتەوە و بابەتەکانی دەخوێنێتەوە، ئەمەش وێنەیەکی ئیلکترۆنی ڕۆژنامەکەیە کە بە کۆمپیوتەر دادەکرێ، هەر لاپەڕەیەکیش، یا بابەتێک بەدڵت بێت ئەوا وێنەی دەگری و کۆپی دەکەیت و بەهۆی پرنتەری کۆمپیوتەرەکەت وێنەیەکیت دەست دەکەوێ، کە جاران چەند بە زەحمەتی ئەو میدیایانە بە ئۆتۆمبێل و فڕۆکە و پۆستەچی بەنێو خەڵکاندا دابەش دەکران.

**سەرچاوە:**

**- محمود علم الدين، الصورة الفوتوغرافية في مجالات الاعلام، مصر، ١٩٨١**

# ناوم بنێن ماڵەوە


**لێدوانی: کەمال غەمبار**

**لە دوو قاچی لە (با) دەگەڕێم**
**بۆ ئەوەی چیتر باسی (با) نەکەم**
**و پێی بگەڕێمەوە ماڵەوە**

مرۆڤ لە هەموو شوێنێکدا خۆی بە نامۆ دەزانێ، لە ماڵەوە نەبێ، بۆیە هەمیشە بیری یەکەم شوێن دەکاتەوە کە تێیدا ئۆقرەی گرتووە و هۆگری بووە، ماڵەوەش خۆشترین و ئاسوودەترین شوێنە کە مرۆڤ خۆی خاوەنییەتی و کۆمەڵێ یادەوەری بەو ئارامگەیە دەیبەستنەوە، شاعیرێکی عەرەب لەم ڕووەوە جوانی بۆ چووە کە دەڵێ:

**كم منزل في الأرض يألفه الفتى**
**وحنينه أبداً لأول منزل**
**متع فؤادك ما استطعت من الهوى**
**ما الحب الا للحبيب الأول**

بۆیە لای شاعیری نوێخواز



(جەلال بەرزنجی) ئاسوودەیی و بەختەوەری لەو ماڵەوە سەرچاوە دەگرن کە جگە لە خۆی و هاوسەرەکەی و سێ جگەر گۆشەکەی تێیدا دەژین و، ئیستێتیکای شوێنیش بەر لە هەموو شتێ ماڵەوەیە. کە شاعیر، کۆتایی شیعرە بروسکەدارەکانی بە ژمارە (١٣٦) هێناوە، کە (با) بۆ قاچەکانی دەخوازێت کە پێی بگەڕێتەوە ماڵەوە (با)ش درکەی خێرایی و بە پەلەییە، کە وتراوە (قاچەکانی بۆ با بەرەڵلاکرد)، جێی خۆیەتی کە شاعیر دوا بەرهەمی ناوبنێ (ناوم بنێن ماڵەوە)، کە جیهان لای ڕەسوولْ هەمزاتۆڤ لە ئاگردانەکەی ماڵی ئەوانەوە دەست پێدەکات، و خۆشەویستیش، بەتایبەتی خۆشەویستی نزیکترین کەس لە ژیانی شاعیر، هەستی ناوەوەی زیاتر دەجوولێنێ، کە تا دەتوانێ زیاتر هۆگری ماڵەوە بێت و هیچ شوێنێک بەخۆ نەگرێ ماڵەوە نەبێ، چونکە لەوێدا ئەو هەستەی خۆشەویستی بوون و ئامادە باشی زیاتر هەیە و، ژیانی ڕاستەقینەش لەوێدایە.

گۆتە وتەنی: «ئایا ژیانی من و داهێنان قالبێکی داڕێژراو نییە کە لێک ناترازێ؟» هەروەها دەڵێ: «من لە هونەردا خۆم نە بەخشیوە بۆ

دروستكردن، بەڵكو بۆ ژیانی ڕەسەن، بەڵام ژیان ئەگەر هەمدیس بەلای منەوە داهێنان بێ، ئەوا من جیاوازی لەنێوانیاندا ناکەم» (١)

ئەو (١٣٦) کۆپلە شیعرەی کە لە پێشەوەی کۆمەڵە شیعرەکەن، دەچنە خانەی شیعری بروسکەدار، کە تێرامان و قووڵبوونەوەیان گەرەکە. کە شاعیر تێڕوانینی تایبەتی خۆی بەرامبەر ژیان و بوونەوەرەکانی هەیە، بەڵام لە کۆپلە کورتە شیعرییەکاندا کە لێیان دەدوێین، هەست دەکەین شاعیر بەحوکمی بەرەوپێشەوە چوونی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانیارییەکان و خۆسەپاندنی جیهانگەرایی، لەو واقیعە بەرچاوەی کە باوە دوورکەوێتەوە، لە شتی نوێ بگەڕێ، بەرگی تازە لەبەر بوونەوەرەکان بکات، شتە ماقووڵەکان بکاتە ناماقووڵ بۆ نموونە، شاعیر دەڵێ:

**با**
**لەوەتەی هەڵی کردووە**
**بەر پێی خۆی نابینێ**

بەخشینی کەسایەتیی مرۆڤ بە (با) لە فەرهەنگی واقیعدا کارێکی نامۆیە، کە (با) بەوشێوەیە تووشی سەرشێتی بووە و لە سنووری خۆی دەرچووە، ئەم جۆرە وێنەکێشانەی (با) دوورکەوتنەوەیەکی تەواوە لە واقیعی بەرچاو و باو، بۆیە مالارمیە دەڵێ: «واقیع لە سترانەکانتاندا ڕەش بکەنەوە، خۆی باوە و ئاساییە، تاکە شت کە پێویستە شاعیر بیکات، ئەوەیە کە کار بکات و دوو چاوەکانی هەردەم لەم گوزارەیە بگەڕێ: هەرگیز ڕووی نەداوە.» (٢) هەروەها شیللی لە کتێبەکەیدا «داکۆکی لە شیعر»دا دەڵێ:

«شیعر شتە باو و ئاساییەکان وا لێدەکات خۆیان وا بنوێنن وەک بڵێی نا ئاسایین.»

جەلال بەرزنجی لە کۆپلە شیعرێکی دیکەدا، پێوەندییەکی نەپچڕاوی توند و تۆڵ لەنێوان شیعر و (وەرگر- متلقی) دروست دەکات، کە شیعر ڕۆحە و پەیژەی هەیە، هەموو کەس لە ڕۆحی شاعیر ناگات و، ناگاتە ئەو پایە بەرزەی کە لەسەر عەرش دانیشتووە، مەگەر بە پەیژە، پلە بەپلە بۆی سەرکەوێ، هەموو کەسێکیش بە ڕۆحی شاعیر ئاشنا نابێ ئەگەر لێوەی نزیک نەبێ و، لە ڕۆحی شاعیر نەگات کە بە شیعر تەعبیری لێ دەکات. ئەوەتا دەڵێ:

**بەپەیژەی ڕۆحدا**
**دەتوانن سەرکەون**

کەواتە لێرەدا ئەم ڕۆحییەتە لە بەرزترین پلەوپایەدا شتێکی مادی و عەقڵی نییە، کە بەپێی لۆجیک حیسابی بۆ بکەین، بەڵکو شتێکی هەستەوەری و ویژدانی و زهنیە. لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێ:

**ئەم تەمومژە بوو**
**منی گەیاندە ئێرە**

شاعیر لە هەموو کەسێک زیاتر هەست بە تێکوپێکچوونی شیرازەی شتەکان دەکات، کە شتەکان لێڵ و نادیار و تەماوی بوون و سەری لێ دەرنەکردن، ناتوانێ هەتا سەر لەناو ئەو واقیعەدا بمێنێتەوە و چارەسەری خۆی بە قەدەرێک ببەستێتەوە کە ئەنجامەکەی ڕوون نییە. بۆیە دەیەوێت لەو ژیانە تەماوییە دەرباز بێ و، هەنگاو بەرەو ژیانی کراوە و چارەنووسی دیار و دەربازبوون لە شتە نهێنی و شاردراوەکان و باوەشگرتنەوە بۆ جیهانی ئاسوودەیی و دەست لە ملانێی خۆشەویستی هاوسەر و خێزان وماڵێکی ئارام بنێ. ئەم ڕووکردنەی شاعیر بۆ جیهانێکی دی، ڕاکردن نییە لە نیشتمان بە قەد ئەوەی خۆ دۆزینەوەیەکی تری شاعیرە لە وڵاتێکی تردا، ڕەتکردنەوەی ئەو ژیانەیە کە تێیدا گیری خواردووە، شکاندنی سنوورە دیاریکراوەکانە، دەرگا کردنەوەیە بەرەو دنیایەکی نوێی پڕ لە ئاسوودەیی و، گەشتێکی نوێیە بۆ خۆ دۆزینەوە و دۆزینەوەی لایەکی تری جیهان و «بەردەوامبوونی گڕی ژیان و بەنامۆکردنی نزیک و، نزیککردنەوەی دوورە» هەروەکو ئەدۆنیس دەڵێ:

**ڕۆژێک،**
**هەڵبەستەکان دەبنە دەروازەی شار**
**بەرەو خاکی ئاوارەیی و**
**ئاوارەییش دەبێتە**
**نیشتمانی پێغەمبەران**
**ڕۆژێکیان**
**ئەستێرەکان لەسەر زەوی وەک**
**ئافرەتان دەڕۆن (٤)**

شاعیر گەرەکیەتی شتە جوانەکان نەشێوێنرێن و بەجوانیی خۆیان بپارێزرێن، ئەو مرۆڤەی کە مەبەستییەتی گونجانی نێوان دوو شت لەناوبەرێ، ئەو ڕیشۆڵانەی سەرماو بەفر تینی بۆ هێناون و ڕوویان کردۆتە شار و برسییەتی تەنگی پێ هەڵچنیون، لە جیاتی ڕووکردنی دانەوێڵە بۆیان، تەپکەیان بۆ ناونەتەوە، بەپێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا کە خەڵکەکە هۆگری باڵندەیە و دانەوێڵەی بۆ ڕوو دەکەن، لای ئێمە ئەو پێوەندییە ویژدانییە دەبێتە تەپکە، بەڵام شاعیر ئەو تەپکەیە بەسەر ویژدانی ئەواندا دەڕووخێنێ و دەڵێ:

**لە جیاتی ڕیشۆڵەی**

**ناو بەفری حەوشەکەیان**
**تەپکە بەسەر ویژدانیاندا رووخا**

ئەم جۆرە رووخانە، داتەپینی رۆح و ویژدانە، کە لە هەستی مرۆڤانە دەردەچن، هەست بە ئازاری ویژدان دەکەن، لە رۆحی بەرزو بێگەرد دەترازێن، چونکە جوانکاریی ژیان دەشێوێنن، بێ ویژدانییەکە کە دانانی تەپکەیە بۆ ئەو ریشۆڵە بەستەزمانانەی کە هانایان بۆ هێناون، ئەو تەپکەیە لە واقیعی خۆی دەترازێ و دەبێتە حاڵەتێکی دیکە کە ویژدانیان هەرەس پێدێنێ، ئەم تەپکەیە کە رەمزی هەژاریی مادەیە دەبێتە رەمزی هەژاریی رۆح، ئەو دووپێوەندییە ناکۆکە بەوە ریسوا دەکرێن، کە یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ بێ، بۆیە پێوەندییە رۆحییەکە زیاتر سەر دەکات و بەسەر ویژدانیاندا دەرووخێ و، حاڵەتە مادییەکە ئەو رواڵەتە و بوونەی نامێنێ.

لە کۆپلەیەکی تردا شاعیر دەڵێ:

**شەوێک لە (پایز)**
**کوندە پەپوویەک**
**لە ترسی دەنگی خۆی نەخەوت.**

(پایز) لای شاعیر رووتبوونەوەیە و رووتکردنەوەیە، ریسوا کردن و داماڵینە، دەنگی کوندەپەپووش دەنگێکی ناسازی ناخۆشە، کە نەیخوێندووە مانای ئەوە نییە کە دەنگی خۆی پێ ناسازە، بەڵکو لە ترسی دەرکەوتنی حەقیقەتەکەیەتی، کە خوێندن و نیشتنی نیشانەی شوومی و بەدوومییە، کە خوێندنی راستییەکەی دەردەکەوێ، کوندەپەپووش هەر لە شەوێ دەردەکەوێ و، بەشەویش دەخوێنێ، بەڵام کە ناخوێنێ، هەستی ترس وای لێدەکات کە بێدەنگ بێت و خوێندنەکەی مەرگی بەدواوە بێ. ئەم کۆپلە شیعرە شیکردنەوەی باری دەروونیی باڵندەیەکی بە شوومە و دەکرێ مەبەستی مرۆڤیش بێ، بەتایبەتی ئەوانەی لە واقیعدا لەناو خەڵکدا رووت بوونەتەوە، کە حەز دەکەن خۆیان دەرخەن، بەڵام لە ترسی ئەوەی کە زیاتر رووت نەبنەوە و زیانیان پێ نەگات بێدەنگ دەبن.

بەم جۆرە شاعیر حاڵەتی کوندەپەپوویەکی شەوێکی پایز بەرجەستە دەکات و، ئەم جۆرە بەرجەستە کردن و وێنەکێشانەی توانستی شاعیر دەردەخات کە چۆن تەعبیرێکی هونەری دارشتوە، کە تەعبیر کردنە لە جوانکاری و گواستنەوەی ئەم هەستەی شاعیر بۆ خەڵکانی تر، چمکی جوانکاری لای کانت هەروەکو هیگڵ دەڵێ:

«جوانی گرێک پێکدێنێ کە تێیدا گشت و تایبەت و، مەبەست و هۆکار، دەرکێپێکراو و بابەت دەتوێنەوە، جوانیی هونەری لە هزر لە دایک دەبێ و دەردەچێ».(٥)

شاعیر دەیەوێ دووباڵی لێ بروێ، بۆ دارشتن و بیناکردنەوەی ژیان، بەهێزی خەیاڵ:

**دەمەوێ لەگەڵ فریندا**
**برۆم**
**بۆ گێرانەوەی هێزی خەیاڵ**
**بۆ ناو ژیان**

هێزی خەیاڵ ئەو هێزەیە کە مرۆڤ دەگەرێنێتەوە ناو ئەو ژیانەی کە شێوێنراوە و گەچڵاوە، دەیەوێ بەو خەیاڵە پێوەندییەکی رۆحی لەگەڵ ژیاندا دروست بکات، نەک پێوەندییەکی ویشکی ئاسایی کە رۆح تێیدا مردووە، شتەکان هێزی گۆران و دینامیکییەتیان تێدا نەماوە، ئەو ناوەرۆکە رۆحییە لە شیعردا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. هەروەکو لۆرەنس دەڵێ:

«هونەر بەتایبەتمەندییەکەی بایەخدانم ناوروژێنێ، بەڵکو ناواخنە رۆحییەکەی، حوکمی ئەدەبی جێگەی ناکۆکی نییە، بەڵکو حوکمە رۆحییەکەی شتێکی گرنگە»(٦)

لەم کۆپلەیەدا شاعیر خۆشەویستی نیشتمان بەرجەستە دەکات و دەڵێ:

**شەریش تەواو بوو**
**منداڵەکانی (کەمپەکان)**
**لە دەوری ئاگردان**
**لەسەر خۆڵ**
**نەخشەی نیشتمان دەکەن.**

بەستنەوەی منداڵەکان بەخۆشەویستیی نیشتمان، دروستکردنی عیلاقەیەکی رۆحییە، کە ئەوان بەپێی پاکی و بێگەردی خۆیان زیاتر بیر لە گەرانەوە دەکەنەوە بۆ باوەشی نیشتمان کە بەهۆی شەرەوە لێی دوور کەوتوونەتەوە، زیاتر خولیای ئەو باوەشە گەرموگورەن، نەک لە ئاوارەیی، لە کەمپەکان ژیانێکی نامۆیانە بەرنە سەر، ئەو منداڵانەی وەکو گوڵ فرێ دراونەتە شوێنە نائارامەکان، وەک ئەو گوڵانە وان کە لە لقەکانیان بێ بەزەیی لێکراونەتەوە لەژێر پێدا دەپلیشێنەوە، لەم رووەوە کیتس دەڵێ: (ئێمە رقمان لەو شیعرەیە کە شوێنەوارێکی روون لامان جێدێڵێ، ئەگەر بریار لەسەر ئەوە نەدەین، ئەوە وا دەردەکەوێ کە بێ بایەخە، پێویستە شیعر مەزن بێ و لەبەرچاواندا ون بێ، شیعرێک بێ بچێتە ناو گیانی مرۆڤ و بەتایبەتمەندییەکەی ترس یان واقورمان نەوروژێنێ، بەڵکو بە بابەتییەکەی. ئای لە جوانیی گوڵە خەواڵووەکان! چەند لە جوانییەکەی لە دەست دەدات ئەگەر فرێ درێتە

سەر ڕێگا و هاوار بکات: «بەسەر سامییەوە سەیرم بکە، من گوڵە وەنەوشەم، من گوڵی بەهارم» )(٧)

جەلالی شاعیر ئەو جۆرە پێوەندییە ڕۆحییەی لە لا گرنگ و لە زۆربەی شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە. شیعریش خۆی لەخۆیدا تەعبیر لە ڕۆحی شاعیر دەکات.

شاعیر لەم کۆپلەیەدا، بۆ ماوەیەک بزاڤی سروشتی دەوەستێنێ و، ڕۆحی مرۆڤ بە ئاو و ژیان دەبەخشێ و دەڵێ:

**ئاو**
**و**
**ژیان**
**وەستابوون**
**پشوویەک بدەن**

ئەم دوو بوونەوەرەی کە لە جووڵانەوەیەکی بەردەوامن، ئەگەر بوەستن و جووڵە نەکەن بۆگەن دەکەن، چونکە بزووتنەوە دیاردەیەکی وەستان نییە، ئاو و ژیانیش دیاردەیەکی پڕ جووڵەو بزاڤن، بەڵام وەستانیان بۆ ماوەیەکی کورت و پشوودان بۆ بەخۆداچوونەوە و خۆ نوێکردنەوەیە. پێوەندییەکی ڕۆحیش لەنێوان ئاو و ژیاندا هەیە، ژیانی مرۆڤ، ژیانی هەر بوونەوەرێکی دی، کە بوونی ئاو، بوونی ژانە، نەبوونی نەبوونی ژیانە، وەستانی ئاو وەستانی ژیانە، لێرەدا هەڵگێڕانەوەی بوونەوەرە سروشتییەکان و کەسایەتیی مرۆڤ پێدانیان نیشانەی نوێخوازییە لە شیعردا، وێنەی ڕوونبێژی لە شێوەی دارشتنی خواستن تەکانێکە بۆ ترازاندنی شێوازی نوێ، کە ناوی دەنێین درکەی شێوازی، لە درکەی ڕەوانبێژی بە شێوازە کۆن و ویشک و برینگەکەی کە زیندەگی و جوانکاری تێدا نییە.

توانەوەی دوو بوونەوەری کۆک و تەبا لە بۆتەی یەک دارشتە (سبیکە) کە لێک جیا ناکرێنەوە (ئاو و ژیان) و پڕکردنەوەیان بە ڕۆحێکی مرۆڤانەی زیندەگی کە هەردەم ئەو ڕۆحە بەردەوامە و ناوەستێ، بەڵام پێدانی پشوویەک بە هەردوو بوونەوەر جۆرە داهێنان و ئەفراندنێکی تێدایە کە هێز و پێزی بنیاتنانی نوێی شیعر بەرجەستە دەکات، کە جیهانی ئەمڕۆی شیعر، جیهانی ڕۆحی شاعیرە، نەک تەنیا تەعبیر کردن لە بیروباوەڕ بە وشە. شیعر بە چەمکە نوێیەکەی لە چوارچێوەی ڕوونبێژی (بەیان) زیاتر لە جۆرەکانی تر خۆی دەبینێتەوە، بەتایبەتی لە خوازە (استعارة)دا.

خۆ ئەگەر زیاتر بە ناو ئەو (١٣٦) کۆپلە کورتانەی پێشەوەی بەرهەمەکەی شاعیردا شۆڕبینەوە، ئەم وەستانە لە ئاست هەریەکێکیان دەمانخاتە بەردەم هەر دەقێک لەو دەقانە کە (دەقی کراوە)ن و نەفەسێکی درێژمان گەرەکە کە لە دارشتنی ڕستەو نەسەق و ڕیتمی زمان و بەکارهێنانی شێوازی درکە و خوازە و ڕەمز لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا، زیاتر قووڵ ببینەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر لەزەت وەربگرێ یان تێبگات و باشتر بچێتە ناو بنج و بنەوانی شێوازی دارشتنی شیعرەکان کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەبەستی هەمموو کارێکی هونەرییە، بۆیە لەسەرەتاشدا ناوی ئەو کۆپلانەم نا درێژدادڕێ لەناو کورتبڕیدا، حەقیقەتێکم گەرەک بوو کە هەر کۆپلەیەک لەو کۆپلانە، دەقی کراوەیە و ڕەخنەگر بۆی هەیە کە زۆرشتی لێ هەڵکرێنێ و شیعری سەر بڵندگۆ نین بەقەد ئەوەی شیعری تەئەمولین، ڕامان و قووڵبوونەوە و شارەزاییان پێویستە. ئەم جۆرە شیعرەش کە شیعری ساتە وەخت نییە لە سەردەمی ئەمڕۆماندا لە دڵ و دەروونداا زیاتر شوێنی خۆی دەکاتەوە و بوونی خۆی دەسەلمێنێ لەم ڕووەوە (لویس ئەراگۆن) دەڵێ:

**هەرچەندە هەڵبەست کورت بێت**
**زیاتر دەچێتە دڵەوە**

لەم جۆرە شیعرەش، ئەراگۆن لە شیعرەکانی (جەلال)یش کورتتری نییە کە بۆ نموونە دەڵێ:

**ئایا وشەی شەرم دەزانی (٨)**

کەچی جەلالی شاعیر دەڵێ:

**ئۆی..!!**
**خودایە**


**سەرچاوەکان:**

**• جەلال بەرزنجی، ناوم بنێن ماڵەوە، کۆشیعر، چاپخانەی منارە- هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦.**

**١- الانعكاس والفصل- دياليكتيك الواقعية في الابداع الفني- هورست ريديكر، تعريب فؤاد مرعي- دار الجماهير- دمشق دار الفارابي- بيروت ل٤٥**

**٢- ارنست فيشر. ضرورة الفن. ترجمة اسعد حليم ل ٨٩- ٩٣**

**٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٧٢)**

**٤- مقدمة في الشعر الصوفي ل٨٨**

**٥- گۆڤاری (الآداب) ژمارەی یەکەم- کانوونی دووەم ساڵی (٩) النقد والعملية الابداعية. د. علي سعد.**

**(٦) قوة الشعر- جيمز فنتن. ترجمة: الدكتور محمد درويش دار الشؤون، الثقافية العامة- بغداد ٢٠٠٤**

**(٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣**

**(٨) بڕوانە: أراجون. شاعر المقاومة- ماكهولم كولي بترك. رودس.**

# کۆمەڵگەناسی کارگێڕی هۆزایەتی

لێدوانی: عەباس سلێمان سمایل




کۆمەڵگەناسی و کارگێڕی، یا کاروباری هۆزایەتی کتێبێکی (٢١٨) لاپەڕەییە، لە ساڵی (١٣٨٢)ی هەتاوی لە ئەهواز لەلایەن سیاوەش مەحموود بەختیاری بەچاپ گەیشتووە کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کۆمەڵگەی هەر دوو ئوستانی بەختیاری و خوزستان و زیاتر گرنگی بە هۆزانی بەختیاری داوە بە هۆی کۆنی ڕیشەیان لەم ناوچەیە و مانەوەیان لەسەر دابونەریتی کۆنیان و بەردەوامبوونی زۆربەیان لەسەر ژیانی مەڕداری.

سەرەتا نووسەر باس لە پێکهاتەی هۆزانی ناوچەکە دەکات دواتر لەسەر هۆزانی خوزستان و بەختیاری دەدوێت، ئینجا باس لە کۆچ و کۆچباری ڕەشماڵنشینی دەکات، لەبەشی ئەفسانە و سەر گوزەشتەش، ژمارەیەک لە ئەفسانەی ناوچەکانی ناوبراوی خستۆتە ڕوو.

هەروەها بە درێژی لەسەر هۆزی بەهمەئی دواوە و لە کۆتاییشدا بە کورتی لەسەر ئەدەبیاتی ناوچەکە بەناوی ئەدەبیاتی عەشایر دواوە.

**کلیات (گشتگر)**

لەم بەشەدا نووسەر زاراوەی عەشیرەت و پێکهاتەکانی ڕوون دەکاتەوە و واتاکانی عەشیرەتی بەم جۆرە دابەش کردووە:

١- دابەشکردن لە ڕووی دووتایی یا دووچینی.

٢- دابەشکردن لە ڕووی گوزەرانی بەیەکەوە، یا بە یەکەوە ژیان.

ئەمڕۆکەش عەشیرەت لە ئێران بەو کەسانە دەگوترێت کە هاوخوێنی یەکترین و بەرژەوەندی ئابووری بەیەکەوەیانی بەستوونەتەوە و هەمیشە بەرگری لە قەڵەمڕەوی خاکی هۆزەکەیان دەکەن. کە دێتە سەر هۆزانی لوڕ-یش بەم جۆرە لە کوڕی حوقەلەوە دەگێڕێتەوە و دەخزێتە نیو باسەکە: ناوی هۆزانی (لوڕ) لەناوی شارێک بەناوی لوڕ لە چاخی (٤) لە خوزستان هاتووە سەر بە هەرێمی چیا (اعمال جبال) و دەشتێکی زۆر و گوندێکی زۆری بەسەرەوە بووە و کوردان فەرمانڕەواییان تێداکردووە و هەر ئەوانیش بوونەتە هۆی فراوانی و نوێبوونەوەی شارەکان. مێژوونووسانیش ئاماژە بۆ کورد بوونی ئوستانی خوزستان و بەختیاری دەکەن و لەسەرەتای فەتحی ئیسلامیش، هەر ناوی گەلی کورد لەم دوو ئوستانەی ناوبراو هاتووە.

دواتر بەکورتی لە پێکهاتەی هۆزانی لوڕ بەم جۆرە دەدوێت و دابەشیان دەکات؛

تایفە: تایفە لە ئاخاوتن یا زمانی قسەکردن واتای قەبیلە یا تیرە دەگەیەنێت، تایفەش هاوواتای ناوی (زەنتو)ی بەر لە ئیسلامی ئێرانیانە.

ئێل: وشەیەکی مەغۆلیە و بریتییە

له یەکگرتنی چەند تایفەیەک کە ئەمڕۆ چەمکی (فیدراسیۆن)ی بۆ بەکاردێت، ئێلی بەختیاری تەنیا لە دوو تایفەی گەورە بەناوی هەفت لنگ و چارلنگ پێک هاتووە، هەرچەندە بەختیارییەکان جاران هەر بەناوی بەختیاری دەناسران، کەچی دواتر بە چار لنگ و بهداروەند ناویان هاتووە و لەسەردەمی قاجاریەکانیشدا بەدوو تایفەی حەفت لنگ و چارلنگ ناویان هاتووە.

ئوجاق: ئوجاق (وەجاغ) وشەیەکی تورکیەو واتای ئاگردان دەگەیەنێت، کەچی لە زمانی کوردیدا واتاکەی بۆ بنەماڵە گۆڕاوە، لە ڕووی دابەشبوونی هۆزایەتییەوە بەو ژمارە خێزانانە دەگوترێت کە لە یەک شوێنی جوگرافی دەژین وەک گوندێک یا چەند گوندێک، کە پێوەندی خوێن ئەوانی کۆکردۆتەوە و خزمایەتیەکەیان خزمایەتی خوێنە.

هۆزانی بەختیاریش بە گوێرەی سەرانەی ساڵانە بەسەر دوو بەشی هەفت پشک و چوار پشک دابەشکراون.

کەچی هەندێک لەو بڕوایەدان کاتی خۆی حکومەتی ناوەندی بۆ کۆکردنەوەی باجی ساڵانە لەبەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵ ئەم هۆزەی دابەشی سەر دوو بەش کردووە و بەشێکیان گەورەتر بووە و سەرانەکەی (٧) بەشی (حصە) بووە و ئەوی دیکەش سەرانەکەی (٤) بەشی بووە.

هەندێکی دیکەش دابەشبوونی ئەم هۆزە دەبەنەوە سەر ژمارەی ئاوی ڕووبارەکانی هەرێمەکە.

١- حەوت لنگ، ئەو تایفەیە کە حەوت ڕووبار کەوتۆتە قەڵەمڕەوەکەی.

٢- چوار لنگ، چوار ڕووباری کەوتۆتە قەڵەمڕەوەکەی، واتە هەر تایفەیەک بە ژمارەی ڕووبارەکانی ناوچەکەی ناوی هاتووە.

هەندێکیش دابەشبوونی بەختیاری بۆ سەر ئەم دوو تایفە دەبەنەوە سەر باپیرە گەورەیان کە دوای مردنی، (١١) کوڕی لەدوای بەجێ دەمێنێ و (٧)یان کە حەوت بەشی میراتی بەردەکەوێت لەناوچەیەک نیشتەجێ دەبن و چوارەکەی دیکەش کە چواربەش لە میراتیان بەردەکەوێت لەناوچەیەکی دیکە نیشتەجێ دەبن، ئیتر بەڵگەی تەواویش بە دەستەوە نییە، لە ڕاستی ئەم بیروبۆچوونانە.

ئەمڕۆکەش کۆمەڵگای بەختیاری کۆمەڵگایەکی هۆزایەتی یەکگرتووە و ناوەندی سەرەکیان (شاری کورد)ەو لە هەموو کۆمەڵگای هۆزایەتی ئێران گەورەتر و فراوانترین خاکیان بەدەستەوەیە کە ئوستانی چارمەحاڵ و بەختیاری، لە ئوستانی خوزستان لە (ئیذە، مەسجد سلێمان، شوشتەر، دزفوول) و (تارامهرمز و ئەهواز و ئەندیمشک) بڵاوبوونەتەوە، لە ئوستانی ئەسفەهانیش شاری فەردوون شەهرو لە لورستانیش شاری گودەرز قەڵەمڕەوی بەختیاریانە، بەم جۆرەش بەختیاری بەسەر پێکهاتەکانی دابەش دەبێتە:

بەختیاری

تایفەی حەفت لنگ

تایفەی چارلنگ

تایفە ـــ تیرە ـــ ئوجاق (خانەدان) ـــ تش ـــ کوربوی ـــ ئەولاد ـــ خانوار

هەریەک لەم پێکهاتانەش ناوی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ نموونە ئەوتیرانەی کە سەر بە هەریەک لەم دوو تایفەیە، هەریەکە ناوی تایبەتی خۆی هەیە و هەموو ئەو ئوجاغانەش کە سەر بە هەر تیرەیەکە ناوی تایبەتی خۆی هەیە... تاد.

**ڕەشماڵ**

کۆچ و کۆچباری یا جێگۆڕکێ لە گوزەران لەنێوان هەواری گەرمیان و کوێستاندا بە مەبەستی گەڕان بەدوای لەوەڕ و کەشوهەوای گونجاو هەروەها ساغکردنەوە و فرۆشتنی بەرهەمەکانیانیش یەک لە هۆیەکانی کۆچکردنیانە. جا هەر هۆزێکی کۆچەریش یاسای تایبەتی خۆی هەیە لەژیاندا، بەختیاریەکان لە گەرمیان و کوێستانیان هەر تیرەو بنەماڵەیەک پاوانی تایبەتی خۆی هەیە و ڕەشماڵەکانیشیان بەشێوەی نیوە بازنەیەک هەڵدەدەن و ماڵی کێخواش لە پێشەوەی نیوەکەوانەکەیە و هەمیشە میوانیش دەچێتە ماڵی کێخوا و شوێنی تایبەتیش ئامادە دەکەن بۆ ئازووخە.

لە چوونیشیان بۆ گەرمیان یا بە پێچەوانەوە ئافرەتانیان جوانترین جل لەبەر دەکەن وەک ئەوەی بچن بۆ ئاهەنگ، بەڵام ئەمڕۆکە بەختیاریەکان ژمارەیەکی زۆریان وازیان لە ژیانی کۆچەری هێناوە و بوونەتە شارستان بەتایبەتی دوای ئەوەی نەوت دۆزرایەوە و پاڵاوگە لەخوزستان و دەوروبەری دامەزرا.

لە ڕووی ڕیشەی مێژووییەوە، بەختیارییەکان هیچ پێوەندیەکیان بە گەلانی ئارامییەوە نییە، بەڵکو لەسەردەمێکی زۆر کۆنتر لە خوزستان و ئوستانی بەختیاری ئەمڕۆ نیشتەجێ بووینە، دواتر بە ئەسفەهان و لورستاندا بڵاوبوونەتەوە و خوزستانیش ئوستانێکی بەختیاریان بووە.

ئیبن خەلدوون، مەسعوودی و چەند مێژوونووسێکی دیکەش واژەی (کورد)یان بەکارهێناوە بۆ بەختیارییەکان، ئەمەش بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئەو گەلە شوانکارە و دوور لە شار ژیاون، ئەو شوانکارە و

دەشتنشینانەی کە ئەردەوان باسی کردوون، هەمان بەختیاری ئەمڕۆ بووینە، کەواتە بەکارهێنانی ناوی کورد بۆ بەختیارییەکان بە ڕای هەندێ لە مێژوونووسان زیاتر ناوێکی جوگرافییە.

لە ئەفسانەیەکی بەختیاریشدا هاتووە کە ئەحمەد فەدالە-ی سەرداری تایفەی چارلنگ کوڕێکی بەناوی سلێمان ئاغا هەبووە کە بە «کەبود سەردار» ناسراوە، لەو سەردەمی فەرمانڕەوایەکی ستەمکار بەناوی (تیچون پەریشان) کە لە تایفەی هەفت لنگ بووە لە مەسجد سلێمان فەرمانی دەگێڕا، پیاوانی تایفەی چوار لنگ نەخشەیان دانا بۆ لەناوبردنی ئەم ستەمکارە و ئەوەبوو بە سەرۆکایەتی سلێمان ئاغا، تیچوون لەناوچوو.

دواتر سلێمان ئاغا بە گوورزدین ناوبردرا شوێنەواری و جێ سمی هەسپێکیش لە شوێنی جەنگەکەدا ماوە. دەڵێن ئەوە جێ سمی (دلدل)ی هەسپی سلێمان ئاغایە، شوێنەکەش. بە ئیمامزادە ناسراوە، هۆزی (سورخاب)ی حەفت لنگ کە لە (سوسن)ی مەسجد سلێمان نیشتەجێن خۆیان بە نەوەی تیچوون پەریشان دەزانن.

بەختیارییەکان تاکو ئەمڕۆ پێڕەوی زۆر لە دابونەریتە کۆنەکانیانن لەوانە ئەگەر خان و پاڵەوانەکانیان بکوژرێ، زۆر ڕێزی لێدەگرن و هەڵبەستی بۆ دەهۆننەوە، ئەمەش نموونەیەکی لەم جۆرە هەڵبەستانەیە:

**دات بورا دیدوت بورا هەمێ بورن پل**

**هەمێ بەکاردنی بوران خاتی بە خەنجەر..**

واتە: دایکت و خوشکانت و هەموو ژنان پرچی خۆیان بە چەقۆ دەبڕن و خاتوون کە ژنی خان بوو، پرچی بە خەنجەر دەبڕێت، دواتر نووسەر بە درێژی لە دۆزینەوەی نەوت دەدوێ، لە مەسجد سلێمان و باس لە چۆنیەتی دامەزرانی بەختیارییەکان دەکات لە کۆمپانیای نەوت.

ئینجا نووسەر باس لە چینی بەندی کۆمەڵایەتی بەختیاری دەکات کە بریتییە لە: ١- ئیلخان. ٢- خان. ٣- کەلانتەر. ٤- کەدخودا (کێخوا). ٥- ڕەعیەت. ٦- توشمال.

(توشمال) کاروباری ئاهەنگ و پرسەیان بە ژەنینی مۆسیقا و چڕینی گۆرانی و چەمەری و پاڵەوانیەتی هەسپ سواری بەڕێوە دەبرد.

## گۆڕە پیرۆزەکان

لەنێوان هۆزانی بەختیاریدا، ژمارەیەک گۆڕی پیرۆز هەیە کە هەریەکە و ژمارەیەک ئەفسانەی دراوەتە پاڵ و نەخش و نیگارێکی زۆریان لەسەر نەخش کراوە کە پێوەندیان بە ئەفسانەوە هەیە، بەناوبانگترینیشیان گۆڕی شازادە عەبدوڵڵایە کە بە (شامنگشت) ناسراوە.

هەر گۆڕێکیش بە مەبەستی چاکبوونەوەی نەخۆشیەک زیارەت کراوە، لەوانە گۆڕی حاجی مەهدی شیفایە بۆ پێوەدانی مار و دووپشک گۆڕی شازادە ئەحمەد شیفایە بۆ نەزۆکی ئافرەتان، ئینجا نووسەر دێتە سەر باسی بەختیارییەکان و تیرەکانی لوڕی گچکەی ناوچەی ئەلوار، لوڕەکانی ئەلواریش کە بریتین لە (٧) تیرە و سەر بە لوڕی گچکەن و لە دەشتی دێزفولیش ژمارەیەک لەتیرەی لوڕی گچکە نیشتەجێن کە لە شوێنی دیکەوە پەراگەندەی ئەم شوێنە بووینە، لەوانە:

١- تیرەی ئوسیوەند کە لە (١٨) وجاغ پێک هاتووە.

٢- تیرەی حاجیوەند کە بریتییە لەم تیرانە: کازمی، پاپی، ئەلیاسی هپل هپل.

## هۆزی میهان

هۆزی میهان یەک لە هۆزەکانی خوزستانە و کوێستانیشیان لە ئوستانی بەختیارییە.

ئەم هۆزەش لە کۆمەڵێک تیرەی جیاجیا پێک هاتووە لەوانە:

زەنگەنە کە لە هەمەدانەوە هاتوونە، هەندێکی دیکەشیان لە ئوستانەکانی کرماشان و ئیلام هاتوونە، ئینجا نووسەر، لوڕەکان واتە دانیشتوانی مەمسانی تا خوڕەم ئاباد بە نەوەی مادەکان دەزانێت و دەڵێت هەندێکیش پێیان وایە زمانی لوڕەکان پاشماوەی زمانی ئەسکیسیەکانە.

## هۆزی بەهمەئی

هۆزی بەهمەئی کۆنترین هۆزی هەرێمەکەیە و بەشی زۆریان لە ئوستانی کوگیلوە نیشتەجێن، بەشێکیشیان لەسەر سنووری هەر دوو ئوستانی بەختیاری و خوزستان نیشتەجێن لەناوچەکانی دهدز، باغمەلیک، دەهستانی سیدونی شارستانی ئیذە و ئەبولفارسی ڕامهرمز، ئافرەتانیشیان تا خەتەنە نەکرێن بۆیان نییە پەلەوەر و ماڵات سەر ببڕن.

ئەو ئافرەتەی لە جیاتی خوێنیش هاتبێت (بەدەل خوێن)، ڕێزی کەمترە لە ئافرەتانی دیکە، هەروەها میراتیش نادرێت، بە کچان و تەنیا بەسەر کوڕەکاندا دابەش دەکرێت.

## هۆزانی عەرەب زمان

هۆزانی عەرەب زمانی خوزستان، بە کۆمەڵگای هۆزایەتی دادەنرێن، لەبەر ئەوەی زۆربەیان لە گوندەکان دەژین و بە کشتوکاڵ و گامێش

بەخێوکردنەوە خەریکن، ژمارەیەکی کەمیشیان ڕەوەندن و زۆربەشیان خۆیان بە هۆزی بەهداروەندی بەختیاری دەزانن و زمانیشیان کاریگەری زۆر زاراوەی بەختیاری لەسەرە. عەرەبێکی ئاسایی لەزمانیان تێناگات.

عەرەبی خوزستان دوو دەستەن. بە قسەی زۆربەی مێژوونووسان، دەستەیەکیان بەر لە ئیسلام لە خوزستان نیشتەجێ بوون، لەوانەیە بە کۆچەری گەیشتبنە ئەوێ، هۆزی (کەمەری) یەک لەو هۆزانەیە، هەرچەندە ئەمڕۆکە خۆیان دەبەنەوە سەر هۆزی بەهداروەندی بەختیاری، ئەمانەش زیاتر لە مەسجد سلێمان دەبیندرێن و بە کشتوکاڵ و مەڕداری و گامێش بەخێوکردنەوە خەریکن گەرمیانیان (دەشت لالی)یە و بۆ هەواری کوێستانیان تا شیمیار دەچن، (شیمیار کوێستانە هەوارێکی بەختیاریانە)، پسپۆڕانی زمان دەڵێن زمانی ئەم دەستەیە تێکەڵەیە لە عەرەبی و لوڕی و زیاتر وشەی لوڕی بەکاردەهێنن لە ئاخاوتندا و عەرەبی ئەهواز باش لێیان تێناگەن، جلی ئافرەتان و پیاوانیان هەمان جلی بەختیاریانە و تەنیا شێخەکانیان جلی عەرەبی دەپۆشن.

ژمارەیەکیش لەم دەستەیە لە دەوروبەری جانکی نیشتەجێن و پێوەندیان بەهۆزی زەنگەنەوە زیاترە.

دەستەی دووەمی عەرەبی خوزستان لە ئەهواز، شادگان، دەشتی ئازادەگان، ئابادان، خوڕەمشەهر و شووشتەر دەبینرێن. ئەمانەش هەروەک دەستەکەی دیکە، زیاتر کۆمەڵگەی هۆزایەتین و لە گوندان نیشتەجێن.

ژمارەیەکیشیان لە شارەکان نیشتەجێن، گوندەکانیشیان زیاتر لە نزیک هۆزەکانەوەیە و بە گامێش بەخێوکردنەوە خەریکن، ئەم دەستەیان زۆرجار فەرمانڕەوایییشیان لە خوڕەمشەهر و ئەهوازدا کردووە.

دواتر نووسەر لەسەر مەڕومالاتی خوزستان و دارستانەکانی و لە وەرگاکانی دەدوێت و دەڵێت: لەوەرگا و پاوانەکانی خوزستان کەوتۆتە ناوچەکانی مەسجد سلێمان، ئیذە، دزفول، شووش، ئەلوار، ڕامهرمز، بەهبەهان و ئاغا جاری. ئەو لەوەرگایانەش (٢.٢٦٤.٣٨٤) هیکتار زەوی لە خوزستان گرتۆتەوە و لە دوو ملیۆن مەڕ زیاتر و لە ملیۆنێک بزن زیاتر و دەوروبەری (٨٠.٠٠٠) هەزار گاو و گامێش و (٣٦٠٠) وشتر و (١٣٣.٠٠٠) هەزار ئەسپی لە خوزستان بە خودان دەکرێت.

ئینجا نووسەر باس لە ژیانی کۆچەری و خانووبەرە و ڕەشماڵ و جۆری پێوەندیان لەگەڵ یەکتری دەکات.

### ئەفسانەکان و سەرگوزەشتەکان

ئەفسانە و سەرگوزەشتە لەخۆشی و ناخۆشی ڕەنگدانەوەی هەڵسوکەوتی ژیانی مرۆڤی کۆنە، بەختیاریەکانیش بەهۆی ئەوەی ڕیشەی نیشتەجێبوونیان بۆ چەند هەزار ساڵێک لەمەوبەر ئەم هەرێمە دەگەڕێتەوە و بەردەوامیش مەڕدار بووینە، جا نووسەر ژمارەیەک ئەفسانە و سەرگوزەشتەی بەختیاریەکانی خستۆتە ڕوو لەوانە: داستانی (گورە و حاکم ستەمگەر) و داستانی پاڵەوان و داستانی موری و داستانی ئادیزەیە.

### هۆزانی لوڕی ناوچەی ئەلواری گەرمەسێر

ئەلواری گەرمەسێر ناوچەیەکی سەربەخۆیە سەر بە شارستانی ئەندیمشک، جاران سەر بە ئوستانی لوڕستان بوو، بەڵام ئەمڕۆ سەربە خوزستانە و سێ ناحیەی بەسەرەوەیە بەناوی مازو، قیلاب و حوسەینییە، کە شارۆچکەی مازو ناوەندیەتی.

لە بارەی دانیشتوانی هەرسێ ناحیەکەش نووسەر دەڵێت: زۆربەی دانیشتوانی ناحیەی مازو بریتییە لە تیرەکانی هۆزی میرزاوەند و پاپی و زۆربەی دانیشتوانی ناحیەی قیلاب بریتییە لە تیرەکانی قلاوەند، بوزورگی، پاش ئاقا، میرزاوەند، هیکی و شیرمەند.

تیرەی (فروندیش زۆربەی دانیشتوانی ناحیەی حوسەینییە پێک دەهێنن، سەرەڕای هەبوونی تیرەکانی ناوبراو، ئەمانەش خۆیان بە لوڕی گچکە حیساب دەکەن و هەرچەندە شێوەی زمانیشیان لوڕیەکی نزیک بەختیاریە (لوڕی گەورە).

### ئەدەبیاتی هۆزایەتی

هۆزانی بەختیاری و لوڕەکانی خوزستان زۆر دەوڵەمەندن لە ئەدەبیات، بەهۆی ئەوەی تا بەم دواییە تێکەڵ بە کۆمەڵگای شار نەبووینە، تا ئەمڕۆش ژمارەیەکی زۆریان کۆچەرن، بۆیە لە ئەدەبیاتی زارەکی دەوڵەمەندن، مێژوونووسان و پسپۆڕانی زمانی فارسی لەکۆنەوە بەم ئەدەبەیان گوتووە ئەدەبی کوردی، ئیتر ناوی کورد زۆر بڵاوبووە لەم هەرێمە و (بەهرامی چۆبینی) کە دانیشتوانی ئەم هەرێمە بووە ناوی خوشکی (کوردیە) بووە لەم سەد ساڵەی دوایشدا ئەدەبیاتی نووسراو سەری هەڵدا بەتایبەتی هەڵبەست.

# ئینستالەیشن و پرۆژەی هونەری لە کوردستاندا

ئەمڕۆ کاری (ئینستالەیشن) لە هونەری شێوەکاریدا وەک دیاردەیەکی بەربڵاو بەدی دەکرێت و کۆمەڵێکی زۆر لە شێوەکاران بەم فۆڕمە کاردەکەن. دەکرێت لە ڕووی زاراوەوە تا ئێستا بە باشی یەکلا نەبووبێتەوە کە چ زاراوەیەک پڕ بەپڕی واتای ئەم زاراوەیەیە لە زمانی کوردیدا، بەڵام هێندە هەیە ئینستالەیشنە ئەو فۆڕمی کارکردنەیە کە زیاتر مامەڵە لەگەڵ قەبارە و موفرەدە بەرجەستە و مەلموسەکاندا دەکات و لە پانتاییەکی گەورە و دیاریکراودا نمایش دەکرێت، هەر چۆنێک بێت ئەم مێزگردە تاڕادەیەکی باش ئەم گرفتەی چارەسەرکردووە و وەڵامی ئەو ناجێگیرییەش دەداتەوە، بۆ ئەم مێزگردەش ڕاستەوخۆ میوانداری هونەرمەندان (سۆران ڕەفعەت، شێرکۆ عەباس، ڕێبین مەجید، شێروان فاتیح)مان کرد.

**سازدانی: کامەران سوبحان**
**(سلێمانی)**


**شێروان فاتیح**


**سۆران ڕەفعەت**


**شێرکۆ عەباس**


**ڕێبین مەجید**

* سەرەتا لەوێوە دەست پێبکەین، کە ماوەیەکە لە ڕەوتی شێوەکاری کوردیدا ئەم زاراوەیەمان بەر گوێ دەکەوێت، با بپرسین ئەم زاراوەیە چۆن هاتووە و ئێوە بە چ دیدگایەک کاری لەسەر دەکەن؟

**سۆران ڕەفعەت:** دیارە ئەم زاراوەیە ماوەیەکە کاری لەسەر دەکرێت و بەرگوێمان دەکەوێت، ئەو ماوەیەش کە ئەم هونەرە ئیشی پێکراوە ماوەیەکی زۆرە، لە (١٩٩٧)دا شێروان فاتیح نمایشێکی (ئینستالەیشن)ی کرد، ئەوکاتە ئەم زاراوەیە تازەبوو، بەڵام بەهۆی هونەرمەندانی ئێرەوە گەیشت، ئێمەش کۆمەڵێک شێوەکاربووین حەزمان دەکرد بەم فۆرمە کاربکەین، تا ساڵی ٢٠٠٤ (شێروان فاتیح) وۆرک شۆپێکی لە گەلەری ئارام بۆ کردینەوە دوای تەواوبوونی وۆرک شۆپەکە کارێکی پراکتیکیمان کرد، ئەمەش بووە سەرەتایەکی باش بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم هونەرە لەلای شێوەکارانی ئێرە.

* تا چەند پێتان وایە فیکر پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ دەوڵەمەندبوون و فراوانبوونی پرۆژەو کاری ئینستالەیشن؟

**شێرکۆ عەباس:** ئینستالەیشن وەک هەموو هونەرەکانی تر پێوەندییەکی قووڵ و بەرفراوانی بە بیرکردنەوە و فیکری مرۆڤەوە هەیە، ئەم حاڵەتانەش وا لە مرۆڤ دەکات مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ ئەو شتانەی دەوروبەریدا لە کۆنتاکدا بێت، پێوەندییەکەش لە ئاستێکدایە کە هونەرمەند بە ماتریاڵەوە پەیوەست دەکاتەوە، کەواتە کۆی ئەو پێوەندییە وا دەکات مرۆڤ فیکرێکی دیاریکراو لە بەرهەمێکی هونەریدا بەرهەم بێنێت، ئەمەش پێوەندییەکی ئازادانەی هونەرمەندە لەگەڵ ماتریاڵدا، زۆرجاریش هەڵبژاردنی هونەرمەند بۆ ئەو ماتریاڵانە خۆی دەبینێتەوە، کاتێک لە کارێکی مۆدێرندا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

**ڕێبین مەجید:** بە بڕوای من بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر پێوەندییەکانی مرۆڤ و دەوروبەریدا هاتووە بە هەمان شێوەش هونەر لەم گۆڕانکارییانە بەدەر نەبووە، ئەم گۆڕانەش جۆرێکی تر لە پێویستی بۆ هونەری شێوەکاری دروست کردووە، بەشێک لە بەرهەمهێنانی کاری (ئینستالەیشن) لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئیدی مرۆڤ ڕەنگە نەتوانێت بە تەنیا لەبەردەم تابلۆیەکدا بگاتە ترۆپکی چێژ وەرگرتن، بۆیە لەم حاڵەتەشدا پێویستی بە جۆرێکی تر لە پێوەندی هونەری هەیە کە ئەم هونەرەش بەرهەم هێنراوی ئەو پێوەندییەیە.

(ئینستالەیشن) بەشێکی گرنگی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێوەندییە مۆدێرنەی مرۆڤی هاوچەرخ بەهونەرەوە هەیەتی، کە زۆرجار ئەو پێوندییەش پێویستی بە گۆڕان هەیە، هەروەک چۆن سەرجەم لایەنە فەرهەنگییەکانی تر بەشێک لە پێداویستی مرۆڤیان دابین کردووە، ئەمەش وای کردووە هونەر لە فەزایەکی تردا خۆی ببینێتەوە، ئەو پێوەندییەش کە میدیا لەگەڵ بینەردا دروستی دەکات لەسەر گۆڕانی فۆرم کاریگەری زۆری دەبێت، کە لە کلاسیکدا بە جۆرێک و دواتریش لە قۆناغەکانی تر گۆڕانی جۆر بەجۆری بەسەردا هاتووە، پاش هەموو ئەو گەشەسەندنانەی کە بەسەر هونەردا هاتووە بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی جۆرێکی نوێ لە چالاکی هونەری کە بە (ئینستالەیشن) ناودەبرێت. سەبارەت بەوەی (شێرکۆ) دەڵێت ئینستالەیشن فیکر لە پشتییەوە بێت من وای دەبینم کە لەم هونەرەدا فیکر لەناوەوەی بێت نەک لە باکگراوندیدا فکرێک بیجووڵێنێت، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنی هونەرمەند و فۆرمی کارکردنەکە ئەو فیکرە بەرهەم دێت.

**شێروان فاتیح:** سەبارەت بە (ئینستالەیشن) شێرکۆ و ڕێبین زۆرشتیان ڕوون کردەوە، بەڵام پێویستە بڵێین ئەم هونەرە باس لە دانراوێک دەکات کە لەگەلەریدا دانرێت و بەر بینەر بکەوێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ سەلماندنی ماتریالی مادەکەیە. من وا دەزانم بەدحاڵی بوون لە تێڕوانین بۆ فیکرلە کاری ئینستالەیشن هەیە، چونکە کارکردنی فیکر لە ئینستالەیشن و لە فەلسەفەدا لە یەکتر جیاوازە. بەو مانایەی فیکر لێرە ئەو فیکرە نییە کە لە تێکستێکی ئەدەبی، یان فەلسەفی بەرهەم هاتبێت.

* ئێوە تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان کە پێی وایە کاری ئینستالەیشن کارێکی ئاسانە و هەموو کەس دەتوانێت مومارەسەی بکات؟

**سۆران ڕەفعەت:** ئەم کارە کارێکی شێوەکارییە، سەبارەت بەوەش کە ئەم کارە ئاسان بێت و هەموو کەس بتوانێت دایبنێت، ڕەنگە شتێکی وا هەبێت، بەڵام ئایا هەموو کەس دەتوانێت وەک شێوەکارێ بیر لە ڕێکخستنی ئەو فۆرمانە بکاتەوە؟ گرنگ ئەم خاڵەیە. بۆ نموونە، ڕەنگە زۆر کەس بتوانێ نەخشەی خانوو بە هۆی کۆمپیوتەر و بەرنامەی ئۆتۆکارتەوە بکێشێت و ئەم کارە بکات، بەڵام ئایا هەموو کەس وەک ئەندازیارێکی پسپۆڕ دەتوانێت ئەم کارە جێبەجێ بکات، جیاوازییەکە

لێــرەدایە. ئەو مــوفــرەدانەش کــە لە ژیاندا هەن ڕەنگە هەموومان بیزانین، بەڵام ئەقڵییەتێکی شێوەکارییە دێت چەمک و واتای جیــاوازتر بەم کــەرەسانە دەبەخشێ و لەگەڵەرییەکدا بەشکڵێکی هونەریی ڕێکیان دەخات.

**ڕێبین مــەجید:** بە بۆچوونی من ئەو بە پیرۆزکــردنەی کــەسایەتی هونەرمــەند کــە پێــویستــە کــەسێک بێت ئەکــادیمیــای تەواو کــردبێت و لەناوەندێکی هونەریدا بڕوانامــەی هەبێت. ئەمــە پێناســێکی زۆر هەڵەیە بۆ هونەرو خەڵکیش لە هونەر دوور دەخاتەوە. هەر ئەمەش وا دەکات هونەرمەند کەسێکی یۆتۆپی و خەیاڵی بێت. بە لای منەوە گــرنگیــیــەکــە لە هونەرەکــە دایە نەک لە هونەرمەندەکە، واتە تا چەند ئەو هونەرە دەتوانێت گۆڕان و شــتــی تازە بە بینەر ببــەخــشــێت، هەروەک چۆن هونەرمەندێک لە سەرەتای کاری وێنەکێشاندا بەرامبەر مۆدێلێک لە هێڵکارییەکی سادەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە وردەکارییەکانی تری لەشی مرۆڤ. ئەوکەسەی مومارەسەی (ئینستالەیشن)یش دەکا، ڕەنگە سەرەتا لە ســێــوێکەوە دەست پێ بکات لە ژوورێکدا تا دەگــاتە بەکــارهێنانی چەندین کــەرەســەی تر بە پێی ئاســتی گــەشــەکــردنی ژیری ئەو هونەرمــەندە و ڕادەی قــووڵی جیهانبینی بۆ بنچینەی ئەو موفرەدە و فیگەرانەی کە بەکاری دێنێت.

هەروەک چۆن دەبینین ئێــســتــا ژیان بەرەو فــۆرمــێک دەچێت کە پێــداویســتی و زانیــارییــەکــان ئاســتێکی سادەیان وەربگرن. ئەگەر هونەریش ئەم سادەییە لە دەست بدات ئەوە بەدڵنیاییەوە تووشی دابڕانێکی گەورە دەبێت لە بینەر، پێم وایە ئینســتــالەیشن ئیــشــکردنە لەم بۆشاییەدا.

ژیان و پێــداویســتــیــیــەکــان فــۆرمــێکی ســادەیان وەرگــرتووە، تۆ ســەیری ئەو حــاڵەتە بکە ئەمــڕۆ لە ئینتەرنێتدا تەنیا ناوی ئەو پێداویستییە بنووسە کە تۆ زانیــاریت لە بارەیەوە دەوێ لە یەک چرکــەدا ڕەنگە ملیــۆنان زانیــاری و بابەت و لێکۆڵینەوەت لەســەر ئەو بابەتە بێتە بەردەست و لەسەر شاشەکە بیبینیت. ڕەوتی ڕۆشنبــیــری لەو ڕۆژگــارەدا لە ســایەی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنەوە گەیشتۆتە ئەم ئاستە، گەر هونەریش بەم ئاستەدا نەڕوات، ئەوە بێگومان قۆناغی مەرگی هونەرە.

**شێروان فــاتیح:** هاوڕێیان ڕەنگە من جیاوازتر لە ئێوە بیربکەمــەوە، ئێــوە باســتــان لەوەکرد کــە لە کــلاسیکدا ئاڵۆزی هەیە و لە کــاری ئینســتــالەیشندا ســادەیی و ســاکــاری هەیە، بەڵام پێش ئەم پۆلێنە دەبێت ئێــمــە جیــاوازییــەک لەنێــوان ئێــســتــا و ڕابردوودا بکەین، دواتریش دەبێت ئەوە بزانین کــاری هونەری لە بنەڕەتەوە لەســەر وەزیفــە و ئەرک شــوناسی خــۆی دیاری دەکــات، هەرگــیــز وەزیفەی هونەر نە لە ڕابردوو و نە لە ئێــســتــادا یەک وەزیفــەی نەبووە، بۆیە بەراوردکــاری لەنێــوان ئینســتــالەیشن و کــاری قــۆناغــێکی تر، یان شــێــواز و ســتــایلێکی تر ڕەنگە زانســتــی نەبێت، بۆیە هەمــوو ئەرکەکان لەم ئاستەدا ڕووبەڕووی هونەرمەند دەبێتەوە. (دۆلۆزلۆتریک) قسەیەکی جوانی لە بارەی هونەرمەندەوە هەیە، ئەو دەڵێت: «هونەرمــەند عــیسـای سەردەمــەکــەی خۆیەتی» ئەمە قسەیەکە و مانایەکی گەورە و قــووڵ بە هونەرمــەند دەبەخــشــێت و دەتوانێت مــرۆڤــایەتی لە نەهامــەتی ڕزگــاربکات، ئەم تێــڕوانینەش زۆر لەکــاری ئینستالەیشندا جێگەی دەبێتەوە.

**شێرکۆ عــەباس:** من ڕایەکم هەیە حەز دەکەم هێمایەکی خێرای بۆ بکەم، ئەو هونەرمەندەی پەیوەستە بە قووڵی و ڕەگێکی مەعریفییەوە، هێندە بە سووکی و قورسییەوە پەیوەست نییــە، هەرچەندە ڕێبین ئاماژەیەکی جوانی پێ دا، دەکــرێت هونەر بە دەریایەک بشــوبهــێنین کــە لە قوولاییدا سەیر دەکرێت، ئەم هونەرەش هێندەی لە ڕووی مــاناوە پەیوەســتــە بە قــووڵیــیــەوە، تەمــەن لایەک لەوە ناکــاتەوە کــە زوو بەرهەم هاتووە، یان درەنگ، قــەبارەی بچووکە، یان گەورە...تاد، بەڵام لێرەدا کێشــەیەکی تر هەیە کــە من لەگــەڵ ئەو قــســەیەی ڕێبیــندا نیم و لە بۆچوونەکانی ئەو جیام دەکاتەوە، کە ئەویش هونەر وەک فێرکردن سەیر بکرێت، هونەر کایەکی فێرکردن نییە تا بێت بە پەروەردە و فــێــرکــردنەوە خــەریک بێ، هونەر دەتوانێ بینەرەکەی لە ئاستێکی باڵادا ڕابگرێت و ڕۆڵی لە هۆشیارییەکی گەورە و بەرفراوانی بینەرانیدا هەبێت.

* ئێوە تا چەند لەگەڵ ئەو قسەیەی ڕێبین-دان کە پێی وایە پێویستە هونەر بە سادەیی و ئاسانی مامەڵە لەگەڵ بینەردا بکات؟

**ســۆران ڕەفــعــەت:** ئــەم بــۆچــوونــەی ڕێــبــین تــۆزێــک ئیشکالیەتی تێدایە، ئەو کە دەڵێ هونەرمەند پێویستە بە ســادەیی مــامــەڵە لەگــەڵ بینەری خــۆیدا بکات، ئایا مــەبەســتــی ئەوەیە بینەر چی ویست هونەرمــەند ئەوە بکات؟ یان مەبەستیەتی بەپێی هۆشیاری و چێژی بینەر هونەرمەند هونەر بکات؟ هەرکامێکیان بێت، ئەم قسەیە بۆ خــۆی پێــویســتــی بە ڕوونکردنەوە هەیە. لەلایەکی تریشــەوە ئەم ساکــارییــە زۆرجار پێوەندی لەگەڵ کاری ئینستالەیشندا هەیە، بۆ نموونە ئەو فۆرم و موفرەدانەی لە

کاری ئینستالەیشندا بەکاردێن لەبەر چاوی بینەر نامۆ نین، یان لە ئەستێرەیەکی ترەوە نەهاتوون، بەڵکو کەرەستەکانی ژیانی ڕۆژانەن، بەڵام هونەرمەند ڕێکخستن و جوانکاری تێدا کردوون، ئەمەیە ئیشکردن بۆ بینەر نەک ئەوەی بگەڕێین و ڕاپرسی بکەین بینەر چی ویست ئێمە ئەوە بکەین. کاری ئینستالەیشن بەردەوام پێوەندییەکی قووڵی لەنێوان (ماتریاڵ و بینەر)دا هەیە، ئەو پێوەندییەش زۆرجار مانای جیاواز و چەمکی جیاواز بەکار دێنێت کە ڕەنگە ئەم مانایەش لە هونەرمەندێکەوە بۆ یەکێکی تر بەپێی ئیشکردن جیاواز بێت.

**شێروان فاتیح:** من پێم وایە ئەم قسەیە شێوەیەک لە حەقیقەتی تێدایە، ڕەنگە ئەو قسەیەی ڕێبین تەواوبێت کە ئەمرۆ فۆرمی ژیان بە گشتی نەک تەنیا هونەر بەرەو جۆرێک لە ڕوون بوونەوەیان بەرەو سادەبوونەوە دەچێت، دیارە ئەمەش هەزاران هۆکاری بابەتی و خودی لە پشتەوەیە، ڕەنگە ئەمەش لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەوە بێت و پەیوەست بێت بەو گۆڕانە خێرایانەی ژیان کە مرۆڤ لەم هەسارەیەدا پێی گەیشتووە.

**ڕێبین مەجید:** بە بۆچوونی من قسەکە لەوێدا نییە هونەر، یان بەرهەمی هونەری بە ئاسانی بینەر لێی تێبگات، بەڵکو لە چاوی بینەردا کە بە خێرایی و بە زوویی بگاتە سەری و بە خێرایی بەری بکەوێت، بە خێرایی بەر بابەت و کێشەی بەرهەمەکە بکەوێت و چێژی لێ وەربگرێت، چێژ لایەنێکی گرنگی بەرهەمی هونەرییە و ناکرێت ئەم لایەنە فەرامۆش بکرێت.

لە کاری ئینستالەیشن کە هونەرمەندێک موفرەدەیەکی ژیانی ڕۆژانە بۆ نموونە بوتڵێکی غاز، یان دەرگایەک، یان هەرکەرەستەیەکی تر بەکاردێنێت کە بینەرێک هات و ئەم موفرەدەیەی بینی ڕاستەوخۆ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بوو، بەردەوام بەری کەوت ئەوە مانا و دەلالەتی ئەم کارە زووتر بە بینەر دەگات، ئەمەیە مەبەستی من، لەگەڵ ئەوەی (شێروان)یش کە نموونەی باشی لەسەر تێڕوانینەکانم هێنایەوە، جگە لەوەش لە بەکارهێناندا هونەرمەند موفرەدەیەکی نامۆ بەکاردێنێت، ئەوە شتێکی نامۆ بە ژیانی ئەو بینەرە ئاشنا دەکاتەوە، لەبەر ئەوە باس لە ئاسانی دەکەین، مەبەستمان ئاسانییە لە دروستکردنی پێوەندی نێوان بەرهەم و بینەر، نەک ئاسانی بەرهەم هێنانی هونەری، ئەو دوانە وابزانم زۆر لە یەکتر جیاوازن.

باسی ئاسانیم کرد، ئێستا بەهۆی (Clek)ێکەوە دەتوانیت بگەیتە هەموو شوێنێک، جاران، واتە چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەگەر هونەرمەندێک زانیاری لەسەر (ئینستالەیشن) بویستایە ڕەنگە بە ئەستەم سەرچاوەی دەسکەوتایە، ئێستا بەهۆی ئەو (Clek)ەوە لە ئینتەرنێت بە هەزاران سەرچاوە و وتارو کتێبت دەست دەکەوێت.

لێرەدا ئەوەتان لێدەپرسم: ئایا ئەمە لە فۆرم و پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤدا سادەبوونەوە و ئاسانکاری نییە؟ بەڵێ منیش لەو مەنزومەیەوە ئەو قسەیەم کرد، نەک ئەوەی هونەرمەند خۆی ڕوون بکاتەوە و هونەرەکەی تەجرید بکات لە هەموو قووڵی و هونەرێک.

**شێروان فاتیح:** حەز دەکەم سەرنجتان بۆ خاڵێک ڕابکێشم، ئەویش ئەوەیە ئەمرۆ هونەر زانستە وەک زانستی کیمیاو فیزیا، بەڵام ڕەنگە مومارەسەکردن و کارپێکردنی جیاواز بێت، جارێکی تر هاوڕام لەگەڵ ڕێبین لەسەر پێگە و ئەرکی کارو پرۆژەی هونەری، چونکە زۆرجار هونەر بۆ هونەرمەند فریاد ڕەسە، هەروەک چۆن زانست بۆ زانا فریاد ڕەسە، بەڵام بەپێی جیاوازی سیاق و تێڕوانینی ئەو دوو بەرهەمە ئینسانییە.

**شێرکۆ عەباس:** باوەڕم بەوە نییە هێنانەوەی هونەر بۆ ناو ژیان پەیوەست بێت بە هەڵبژاردنی ماتریاڵ و ئەو ماتریاڵە لە شوێنێکی تردا ببینیت، ئەگەر ئەمە وابێت ئەم پێوەندییە ئاستێکی زۆر لاوازی هەیە، چونکە لە بنەڕەتەوە پێوەندی نێوان هونەر و ژیان پەیوەستە بە تێکشکاندنی وابەستە بوون و کۆت و بەندی زاتی و بابەتی مرۆڤەوە، پێوەندی بە هەموو ئەو کۆت و پێوەندانەوە هەیە کە مرۆڤ لە هونەردا، یان هونەر لەناو خۆیدا دروستی دەکات و هەر خۆشی تێکی دەشکێنێت. نەک پێوەندی بەوەوە هەبێت هونەرمەندێک ماتریالێک دادەنێت و ئیشی پێدەکا، ئەو ماتریاڵە بینراوە و لە ژیاندا بوونی هەیە، من پێم وایە (ئینتیباع)یەکان ئەمەیان کرد و هونەریان لە خەڵک نزیک کردەوە، بۆ ئەوەی هونەر لە مرۆڤ نزیک بکەنەوە چەند شتێکیان کرد. بۆ نموونە لە گەلەری چوونە دەرەوە و لە هەمان کاتدا من پێم وایە کە هونەر کۆمەڵێک کۆت و بەند تێکدەشکێنێ، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک کۆت و بەند تر دروست دەکاتەوە، ئەمە میکانیزمێکە لە کلاسیکەوە تا سەردەمی مۆدێرن بەردەوام لەگەڵ هونەردا ئیش دەکات.

* ئێوە تا چەند لەگەڵ ئەوەدا کۆکن کە دەستەواژەیەک هەیە و دەڵێت لە هونەری (ئینستالەیشن)دا ڕەنگ هۆیەک دەبێت، بە پێچەوانەوەی کاری وێنەکێشانەوە کە

ڕەنگ ڕەگەزێکی سەرەکییە؟

**شێروان فاتیح:** پێم وایە ئەمڕۆ ڕەنگ ماتریاڵە و یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی، ئەمە قسەی من نییە، بەڵکو قسەی (ئەنگۆمیلەر)ە و زۆریش لەسەر ئەم تێزە کار دەکات و باوەڕی پێیەتی، وەک شێرکۆ باسی کرد هونەری شێوەکاری تێکشکانی کۆت و بەندە، لەسەر ئەو بنەمایە کاری خۆی بونیاد دەنێت، لەسەر بنەڕەتی پرسیارەکەی ئێوە دەکرێت ڕەنگیش بکرێت بە ئینستالەیشن، بۆنا؟ ئەمە جگە لەوەی ڕەنگ لەم کارەدا بەردەوام ئامادەیی هەیە، بەڵام ڕەنگە ڕەنگی ئینستالەیشن جیاواز بێت لە ڕەنگی تابلۆ و ڕەگەزەکانی تر.

**شێرکۆ عەباس:** من لە هونەردا حەزم بە جیاکاری نییە، هونەری مۆدێرن کۆمەڵێک هێڵن بە تەنیشتی یەکترەوە دەڕۆن، زۆر قورسە لە یەکتر جیایان بکەینەوە، دەکرێت هەندێ جیاوازی لەنێوان ئینستالەیشن و وێنە کێشاندا بکرێت، بەڵام ئەو ئەزموونەی هونەری شێوەکاری لە مێژوودا پێیدا تێپەڕیوە، ئەو مامەڵەی لەگەڵ ماتریاڵ و کەرەستەکاندا کراوە هەندێ جار فۆرمێکی باو و تەقلیدی وەرگرتووە، بۆیە ئەگەر ئەو شوناسەمان دیاری کرد کە هونەری مۆدێرن کاری بۆ دەکات، ئەوە هەموو هونەرەکانی (ئینستالەیشن- پەیکەرسازی- گرافیک- وێنەکێشان) هەریەکەیان هێڵێکن و بە ئاراستەیەکدا دەڕۆن، دەکرێت هەموویان پێکەوە بە هونەری مۆدێرن ناو ببەین، بەڵام جیاکاری پێویستی بە ئاگاییەکی گەورە هەیە.

**سۆران ڕەفعەت:** ئینستالەیشن هەر تەنیا ئەو کوتلەیە نییە کە دادەنرێت، چەندین جۆری کارکردن هەیە، ئیشی (ڤیدۆئینستالەیشن) هەیە کە تۆ وێنە دەگریت چەندین ڕەنگی تێدایە، بەڵام ڕەنگە فۆرم و جۆر و وەزیفەی ڕەنگەکان جیاواز بێت، تەنانەت لە تابلۆشدا ڕەنگ سەرەکیترین بەش نییە، بەڵکو فەزا هەیە، فلچە هەیە، بابەت هەیە.. تاد کە هەموویان ڕەگەزی سەرەکی کاری وێنەکێشانن، بۆیە بە هەمان شێوەش دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ئینستالەیشن بکەین.

**ڕێبین مەجید:** دەگەڕێمەوە بۆ ئەو خاڵی سەیرکردنەوەی هونەر و پێوەندی بە ڕەگەزەکانی ترەوە، بە سیاق و فۆرمێکی نوێوە، ئەمە دەتوانێت پێگەی هونەر دیاری بکات، ئێمە کە سەیری ڕەنگ دەکەین لەمڕۆکەدا سەیری دەکەین، گرنگ ئەوەیە بزانین چۆن سەیری ڕەنگ دەکەینەوە، ئایا ڕەنگ یەک مانا و چەمک و دەلالەتی هەیە کە لەکلاسیکدا پێی دراوە؟ یان مانایەکی هەیە ئێستا ئێمە پێی دەبەخشین؟ بابەتی ڕەنگ پەیوەستە بە مێژوو و بە بیرکردنەوەی مرۆڤی هونەرمەندەوە، لەبەر ئەوە وازهێنان لە ڕەنگ، وازهێنانە لە هونەری بینین کە پێم وایە ئینستالەیشن بەردەوام کار لە ڕەنگدا دەکات و بەهاکانی دەپارێزێت.

* تا چەند پێتان وایە بینەری کورد بەرامبەر بە کاری ئینستالەیشن هۆشیارە، لە کاتێکدا ئەم هونەرە لە ئەوروپادا لەلایەن بینەری ئەوروپییەوە بەشێوەیەکی تەندروست پێشوازی لێدەکەن، بەڵام بینەری کورد تا ئێستا هۆشیاریان بەرامبەر بەم هونەرە نییە ئێوە، دەڵێن چی؟

**سۆران ڕەفعەت:** گەر سەیرێکی وردی مێژووی هونەرمان بکەین، دەبینین سەرجەم هونەرەکان گواستنەوەی ئەوییە بۆ ئێرە، گواستنەوەی ئەوروپایە بۆ ئێرە، تەنیا هەندێ شتی کەم نەبێت کە دەڵێن تایبەتمەندی هونەری ئێرەی پێوەیە، وەک هونەری زەخرەفە و خۆشنووسی. سەبارەت بە هۆشیاری بینەر لە ئەوروپاش بەم قۆناغەی ئێمەدا ڕۆیشتوون و قۆناغێک هەبووە کە بینەری ئەوانیش بە هەمان شێوەی بینەری ئێمە بووە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین ئەمە پێوەندی بەکۆی حاڵەتە ژیاری و شارستانییەکەوە هەیە، کە چەند ئەم حاڵەتانە دەوڵەمەند بێت ڕەنگدانەوەشی لە هونەرەکەدا دەبێت.

هەموو هونەرێک پێویستی بە قۆناغێک دەبێت بۆ ئەوەی بینەر بە تەواوەتی لێی تێبگات، ئەم قۆناغەی (ئینستالەیشن)یش بێگومان ئەو قۆناغەیە و ڕۆژگارێک دێت وەک سەرجەم کایەکانی تر دەبێت بە شتێکی ئاسایی و بینەر بە ئاسانی تێی دەگات،

بۆیە لە هەموو ئاستەکاندا پێویستە جیاوازیی لەنێوان بینەرێکی ئەوروپایی و بینەرێکی کورددا بکەین، هەروەک چۆن جیاوازی لەنێوان هونەری ئەوروپی و کوردیدا هەیە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئێستا بەهۆی دیاردەی جیهانگەراییەوە غەمی مرۆڤایەتی لێک نزیک بۆتەوە و زۆرێک لە دیاردەکانیش حاڵەتێکی جیهانییان وەرگرتووە، هونەریش لەو حاڵەتانە بەدەر نییە. ئەمە جگە لەوەی دیاردەکانی تریش فۆرمێکی جیهانییان وەرگرتووە وەک دیاردەی (توندوتیژی و تیرۆر) کە سنوور و جوگرافیای نییە و بۆتە دیاردەیەکی جیهانی.

**شێرکۆ عەباس:** من لەگەڵ ئەوەدانیم کە گوێزانەوەی هونەری ئەوروپی بۆ ئێرە هەبێت، لەبەر ئەوەی هونەری

ئەوروپی لەسەر پاشخانێکی کولتووری جیاواز دروست بووە، لەبەر ئەوەی هونەری ئەوروپی تایبەت نییە بەیەک نەتەوە و کولتوورەوە، بۆیە پێم وایە لە هەر شوێنێکی دنیا دەتوانیت ببیتە بەشێک لە هونەری سەردەم، لەگەڵ ئەو جیاوازییەی کە تۆ باست کرد، لەنێوان ئاستی رۆشنبیری بینەر لە ئەوروپا و لە کوردستاندا هەیە. هەربۆیە شتێک نابینم بەناوی نەقڵ کردن، بەڵکو سوود وەرگرتن و تەوزیفکردن لەو نێوانەدا هەیە.

**شێروان فاتیح:** پێش ئەوەی هەریەک لە ئێمە باس لێرە و لەوێ بکات، باشتر وایە باس لە خاڵە هاوبەشەکان بکەین. لەمەشەوە هێڵێکی هاوبەش هەیە کە سەرجەم هونەر و میللەت و نەتەوەکانی دنیا و هونەر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام جیاوازییەکان لە زەمەن و شوێندا هەیە وەک باست کرد و ناوت برد بە ئێرە و ئەوێ. هەروەک (سۆرانیش) ئاماژەی پێدا زۆرجار پێوەندییەکە لەسەر بنەڕەتی دیاردەیەکی جیهانی دروست دەبێت، ئەو حاڵەتەش لە بینەردا سەبارەت بە کڕینی تابلۆ و نرخی تابلۆ ڕەنگە لێرەش هەبێت. نموونەش یەکجار زۆرە، بەڵام پێویست نییە و نەبۆتە دیاردەیەکی باو، بە بڕوای من جیاوازییەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، کڕینی تابلۆ زۆرجار لە ئەوروپا بۆتە ئارەزوو و شتێکی دانسقە، زیاتریش پاڵنەرەکە لێرەوەیە نەک لە ڕەهەندە هونەرییەکەی، زۆرجاریش هونەر تەنیا بۆ ڕازاندنەوەیە، هەروەک چۆن جاری وا هەیە کەسێک تابلۆیەک دەکڕێت لە ئەوروپا کە لەگەڵ ڕەنگی پەردە و ژوورەکەیدا بگونجێت. ئەگەر تۆزێ واقیعیش بین لەم حاڵەتەدا مەبەست و ئامانجی هونەر تاڕادەیەک ون دەبێت و دەبێتە کاڵایەکی بازرگانی.

**ڕێبین مەجید:** سەبارەت بەو باسە بەدەر لە بینەر ئەم شتە پێوەندی بە (لاشعوری جەمعی) میللەتێکەوە هەیە، چونکە لەم وڵاتەی ئێمەدا نەک تابلۆ، بەڵکو سەرجەم بەها ڕۆشنبیرییەکانی تر ئەو بەهایەیان نییە، بۆیە هونەریش لەم کۆمەڵگایەدا بەرهەم هاتووە، هیچ جیاوازیش لەو تێڕوانینە بۆ هونەر و تەواوی ئەوانی تر نابینم. بۆ نموونە دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی ئێمە تا ئێستا نەیانتوانیوە پێگەیەکی بەهێز بن بۆ دروستکردنی هۆشیاری بینەر، هەندێ جار بەهۆی بارودۆخێکی سیاسی تایبەتەوە دەزگایەکی هونەری و ڕۆشنبیری هەڵدەوەشێتەوە، ئیتر چۆن دەتوانرێت بینەرێکی هۆشیار بەرهەم بێت کە ئەمە حاڵی دەزگا و ئۆرگانە هونەرییەکانمان بێت. کەواتە تا هەنووکەش بارودۆخی ڕۆشنبیری و هونەری وڵاتی ئێمە بارودۆخێکی ناتەندروستە و زۆر لە بارودۆخی هونەری و ڕۆشنبیری ئەوروپا جیاوازە کە تۆ باست کرد.

* یەکێک لەو ڕەخنانەی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی کاری (ئینستالەیشن) دەبێتەوە ئەوەیە کە ئەم هونەرە ئەرشیف ناکرێت، ئێوە تا چەند پێتان وایە ئەمە کۆسپە لەبەردەم گەشەکردنی ئەم هونەرەدا؟

**سۆران ڕەفعەت:** ئەم گرفتە تەنیا ڕووبەڕووی کاری (ئینستالەیشن) نابێتەوە، بەڵکو هەموو هونەرەکانی تریش هەمان شێوەیە، تابلۆ تەنیا لە ماڵی هونەرمەندەکە هەڵدەگیرێت، هۆکاری سەرەکی ئەم گرفتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تائێستا مۆزەخانەیەکی نیشتمانی هونەریمان نییە کە گرنگی بەم لایەنە هونەرییە بدات، جگە لەمەش هەندێ جار هونەرەکانی تریش ئەرشیف ناکرێن، ئەگەر تۆ پێت وابێت (ئینستالەیشن) ئەرشیف ناکرێت، ڕەنگە ئەمە وانەبێت، چونکە کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ ئەرشیفکردن لەوانە وێنەگرتن و فۆتۆکە دوو هۆکاری باشن بۆ ئەرشیف، بەڵام ئایا ئەمە کاری هونەرمەندە یان دەزگا و نێوەندێکی پسپۆڕی تایبەت؟ گرفتەکە لێرەدایە نەک لە خودی ئینستالەیشن.

**ڕێبین مەجید:** بۆچوونێکی ترم هەیە ئەویش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ڕەنگە بە تەنیا کاری فۆتۆکردنی بەرهەمە هونەرییەکان نەتوانێت بەرهەمی هونەری بە ئەرشیف بکات، ئیدی ئەو بەرهەمە ئینستالەیشن بێت، یان ڕەسم بێت، یان پەیکەر بێت، یان هەر بەرهەمێکی تری هونەری بێت. ئەگەر سەماکارێکی بەتوانا بێت پێم وایە هێندەی ئەم سەمایە لە ڕێی خودی سەماکەوە دەمێنێتەوە هێندە لە ڕووی وێنەگرتن و ئەرشیف کردنەوە نامێنێتەوە، کەواتە مەرج نییە ئەرشیف کردن تەنیا بەو دیوەدا بخوێنینەوە کە مانای مانەوەی بەرهەمی هونەرییە، ئەمە بەلای منەوە زۆر گرنگە و پێم خۆشە جەختی لەسەر بکەمەوە. ئەوەشتان لەبیرنەچێت هەندێ ئیشی ئینستالەیشن هەیە پەیوەستە بە چەند ڕۆژ و چەند ساتێکەوە و لادەبرێت، ئیدی ئەمە زۆرجار ناچێتە ناو سیاقێکی ئەرشیفکردنەوە، بۆیە پێم خۆشە پێ لەسەر ئەم کارە دابگرمەوە.

**شێروان فاتیح:** ڕێبین زۆر ڕاست دەکات دەبێت ئێمە تایبەتمەندی ئەم هونەرە ڕەچاو بکەین لە چاو هونەرەکانی تردا، زۆجار ئەمەشە وای کردووە لەلایەن بینەرانەوە زۆر هەرس نەکرێت و بینەری کەم بێت.

# حەوتەمین فیستیڤاڵی چیرۆک لە بانە

ئا: مستەفا شێخە
(شنۆ)

سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی مانگی گەلاڕێزانی ١٣٨٤ی هەتاوی حەوتەمین فیستیڤاڵی چیرۆکنووسانی ڕۆژئاوای ئێران بە بەشداری ٣٥٠ چیرۆکی کوردی و فارسی لە ١٧ پارێزگای ئێران، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەستی بەکارکرد. لە ڕۆژی یەکەمدا ١٢ چیرۆکی کوردی لە بەشی کێبەرکێ و ١٢ چیرۆک تەنیا بۆ خوێندنەوە هەڵبژێردرابوون، خوێندرانەوە. هەر کام لە چیرۆکەکانی بەشی کێبەرکێ لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ڕەخنەیان لەسەر خوێندراوە.

فیستیڤاڵی بانە دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ نزیک بوونەوەی چیرۆکنووسانی ئێران و نووسەرانی کورد و فارس. سازبوونی دیالۆگ و گفتوگۆ لەنێوان ئەدەبی کوردی و فارسی، هەروەها دانیشتن و دانوستانەکانی پەراوێزی فیستیڤاڵ لەنێوان نووسەرانی کورد خۆبەخۆ و لەگەڵ نووسەرانی فارسیشدا، کەشوهەوای ئەم کۆڕە ئەدەبییە ئەوەندەی دیکە گەرم و پڕ نێوەرۆک دەکات. هەر لە ساڵەکانی سەرەتای بەڕێوەچوونی ئەم فیستیڤاڵەدا بوو نووسەرە فارسەکان بە دیتنی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان سەریان سوڕمابوو و پێیان وانەبوو زمانی کوردی ڕێنووس و ڕێزمانی هەبێ و ئەدەبی پێ بنووسرێتەوە. ئێستا لە حەوتەمین فیستیڤاڵی چیرۆکنووساندا نووسەرە ناودارەکانی فارس باس لە ئەدەبی کوردی و نووسەرانی کورد دەکەن و چیرۆکنووسانی کورد بە ناو دەناسن و بەرهەمەکانیان دەخوێننەوە و داواکاری ئەوەن ئەدەبی کوردی لەوە پتر بۆ زمانی فارسی وەرگێڕدرێت.

بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ کەشوهەوای فیستیڤاڵ و ئاگاداری لەسەر بیروڕای نووسەرانی بەشدار، چەند پرسیاری جیاوازمان ئاراستەی بەشداربووان کرد. شۆڕ بوونەوە بە ناو وەڵامەکاندا زۆر کەلێن و کەلەبەری ڕەوتی چیرۆکمان لەم بەشەی کوردستان پێشان دەدات و بەیاننامەی کۆتایی لیژنەی داوەرانیش لە بەشی کوردیدا ئاکامی فیستیڤاڵەکەمان بۆ خۆیا دەکات.

### بەیاننامەی لیژنەی داوەران

ئەگەر شیعر هێرشێکی گەڵاڵەدار بێ بۆ سەر زمان، ئەوە چیرۆک گەڵاڵەی هێرشێکی زمانییە لە ڕێی گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە بۆ نواندنەوەی سەرلەنوێی دیاردەکانی ئەم جیهانە و پێوەندی مرۆڤ و تێکڕای شتە بەرهەست و کەشوهەوا زەینییەکان تا لەو ڕێیەوە چیرۆکنووس، مرۆڤ و دنیا لە دووتوێی دەقێکی گێڕانەوەییدا پێشکەشی مرۆڤ بکاتەوە، چیرۆکی کوردی لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە خاڵێکی وەستاوەوە دەستی بە وەگەڕکەوتن لە قەڵەم و ئەندێشەی نووسەراندا و ئەمڕۆکە دوای بڕینی ڕێگایەکی نە زۆر دوور بەڵام دژوار، لە کەشوهەوایەکدا درێژە بە ڕەوتی خۆی دەدا کە تێ و گۆڕێکی باشی هاتۆتە بەرو بە گورچوویەکی پڕەوە نە تەنیا لە هەرێمی لە دایکبوونی خۆیدا، بەڵکو لە ئاقارێکی گەورەتردا خەریکی بەرەوپێش چوونە. ئەگەر لەمەوبەر چیرۆکنووسی کورد خەریکی گێڕانەوەی ساکاری ڕووداوە قەبەکانی دەوروپشتی خۆی هەر بۆ خۆی بوو، ئێستا و دوای سەرهەڵدانی بەرەیەکی نوێ لە چیرۆکنووسان، بە ئاگاداری لە ڕەوتی چیرۆکی گەلانی تر هەر ئەو نووسەرانە خەریکن خۆیان و جیهانی خۆیان بۆ دیسانیش لە بەستێنی گێڕانەوەدا خۆیا دەکەن. فیستیڤاڵی چیرۆکنووسانی ڕۆژئاوای ئێران لە حەوتەمین ساڵی بەرێوەچوونیدا میوانی ٥٨ چیرۆکی کوردی بوو. لەم ٥٨ چیرۆکە دوای خوێندنەوە لەلایەن لیژنەی خوێندنەوەی سەرەتایی، پێکهاتوو لە عەبدولخالق یەعقووبی، یوونس ڕەزایی و مراد ئەعزەمی، ١٢ چیرۆک بۆ بەشی کێبەرکێ و ١٢ چیرۆک هەر بۆ خوێندنەوە هەڵبژێردران. دوای سەرلەنوێ خوێندنەوەی چیرۆکەکانی بەشی کێبەرکێ، لیژنەی داوەران چیرۆکەکانی هەڵبژاردە بەو شێوەیەی خوارەوە ڕادەگەیەنێ:

**أ-** لیژنەی داوەران بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە چەندین گۆشەنیگا بۆ دەربڕینی هەناوی کەسایەتییەکان، ناساندنی کەسایەتییە لاوەکییەکان و پێکەوە لکاندنی حەقیقەت و وەهم لە ڕەهەندی فەلسەفی و ڕاڤەییەوە، چیرۆکی «دوو گل ڕەش، سووری، سپی بێ» لە نووسینی «محەمەد سەدیق کەریم پوور» بە شیاوی ڕێزلێنان و تەقدیر دەزانێ.

**ب-** بەهۆی دارشتنی جوانی کەسایەتی لە ڕێی چۆنییەتی کری فەرشەوە، پێوەندی دانی شت و ژیان لە ڕوانگەیەکی سەمبولکییەوە، خستنەڕووی سەرکەوتووانەی بابەتی پەراوێز و دەق، چیرۆکی «مەزادخانە» لە نووسینی «مستەفا شێخە» بە شیاوی ڕێزلێنان و تەقدیر دەزانێ.

بێجگە لەم دوو چیرۆکە کە وەک چیرۆکەکانی هەڵبژێردراو بۆ ڕێزلێنان لەلایەن لیژنەی داوەرانەوە دەسنیشان کران، چوار چیرۆکیش بەشێوەی خوارەوە پلەکانی یەکەم تا سێهەمیان بەدەس هێنا.

**پلەی یەکەم:** بەهۆی هەوڵ بۆ خولقاندنی گێڕانەوە یا کۆ گێڕانەوەیەک لە بەستێنی چیرۆکی نوێدا، کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی پلانبەندی فیلمنامەیی لە چیرۆکدا، جیاوازی دانان لە مابەین ڕۆڵ و گێڕانەوەدا، پلەی یەکەم دەدرێ بە چیرۆکی «زەمەنی سفر» نووسینی «عیرفان ڕەسووڵی».

**پلەی دووەم:** بەهۆی سووژەی سەرنج ڕاکێش، بوێری فیمینیستی لە دەربڕینی چیرۆکیدا، تێپەڕین لەکاتی هێڵی و پێوەندی گرتنی دەروون و دەرەوە، کەڵک وەرگرتنی بەجێ لە دیالۆگ و مۆنۆلۆگ، پلەی دووەم دەدرێ بە «ئیتر ئەو ژنە شاراوە گۆرانی ناڵێت» لە نووسینی «چنوور سەعیدی».

**پلەی سێیەم:** پلەی سێیەم بەشێوەیەکی هاوبەش دەدرێت بە دوو چیرۆک:

١- بەهۆی گێڕانەوە بە زمانێکی ساکار، کایە بە کات و زەینی خزۆک، هەڵبژاردنی بیرۆکەی بەهێز، کەڵک وەرگرتن لە فلاشباکی بەجێ بۆ شکاندنی کاتی چیرۆک، پلەی سێیەم دەدرێ بە چیرۆکی «ئەسپێ» لە نووسینی «ئەنوەر حەسەن پوور».

٢- بەهۆی هەڵبژاردنی ناوێکی پڕ بە پێست، بوێری لە دەربڕینی ژنانەدا و قووڵبوونەوە لە بە دەروونی کردنی

کەسایەتی بە کەڵک وەرگرتن لە مۆنۆلۆگ و دەقێکی ڕاڤە هەڵگر، پلەی سێیەم دەدرێ بە چیرۆکی «نازانم چی ناو بنێم» لە نووسینی «فەوزیە سوڵتان بەگی».

لە کۆتاییدا هیوامان بەرەوپێش چوونی هەرچی زیاتری بزاڤی چیرۆکنووسی لە کوردستاندایە و هەروەها درێژە و دەوامی ئەو فیستیڤاڵە بۆ هەرچی خزمەت کردنی زیاتر بە چیرۆک و زمانی کوردی.

بە سوپاسەوە

لێژنەی داوەران: حەمە ساڵە سووزەنی- عەبدولخالق یەعقووبی- یوونس ڕەزایی- مراد ئەعزەمی.

* **بەڕێز یوونس ڕەزایی،** چۆنیەتی هەڵبژاردنی چیرۆکەکان بۆ بەشی کێبەرکێ باس بکە، هەروەها ئاستی هەردوو بەشی کوردی و فارسی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– لە سەرەتاوە لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ سێ کەس وەک لێژنەی پاڵاوتن هەڵبژێردران. ئەو لێژنەیە بەپێی لەبەرچاوگرتنی چەند خاڵێک وەک شێوەی دارشتنی ناوەرۆک و بابەت، لەبەرچاو گرتنی بنەما و پێکهاتی چیرۆک، فەزاسازیی و وتوویژ، شێوەی پەروەردەی کەسایەتی، گۆشەنیگا، چەند دەنگی بوون و کارکردەکانی زمانی، فۆرم و پێکهاتە و نماد و... چیرۆکەکانیان پلە بەندی کرد و لە ئاکامدا، لەنێوان ٣٥٠ چیرۆکی کوردی و فارسی ٢٤ چیرۆک بۆ بەشی کێبەرکێ هەڵبژێردران. من خۆم وەک یەکێ لە ئەندامانی لێژنەی پاڵاوتنی چیرۆکە کوردی- فارسییەکان، هەروەها داوەری بەشی کوردیش پێم وایە بەشی فارسی فیستیڤاڵ چ لە باری چۆنایەتی و چ لە باری چەندایەتییەوە ساڵ لەگەڵ ساڵ پەرەدەستێنێ. هەروەک دەزانن ئەمساڵ لە حەڤدە پارێزگای ئێرانەوە چیرۆکیان ناردبوو بۆ ئەم فسستیڤاڵە. دەتوانم بڵێم چیرۆکەکانیان شانی لە شانی چیرۆکی باشترین نووسەرانی نێو بەدەرەوەی ئێرانی دەدا، بەڵام بەداخەوە بەشی کوردی لە هەردوو ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتیدا بەرەو کزبوون هەنگاوی ناوە. لە چیرۆکەکانی ئەم ساڵدا جگە لە چەند چیرۆکێک باقی چیرۆکەکان بە ڕاستی لە گێڕانەوەیەکی سادە تێیان نەپەڕاندبوو کە هیوادارم لە ساڵەکانی داهاتوودا ئەم گرفتە چارەسەر بێت و نووسەرانێکی زیاتر و باشتر چ لە کوردستانی ئێران و چ لە کوردستانی عیراق بەشداریی تێدا بکەن.

* **بەڕێز عیرفان ڕەسوولی** وەک چیرۆکنووسێک کە چیرۆکەکەت لەم فیستیڤاڵەدا پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، فیستیڤاڵەکەت چۆن بینی؟

– با باسی یەکەم هاتنەوەی چیرۆکی خۆم نەکەم، چونکە بڕوام وایە کە چیرۆکی تریش هەبوون ئەگەر کەسانێکی تر داوەر بان و ڕوانگە و بۆچوونیان بۆ چیرۆک جۆرێکی تر با، ڕەنگە یەکەم هاتبانەوە، بەڵام ئەوەی بۆ من وەکو کەس گرنگە، بەشداری کردن لەم فیستیڤاڵەدایە و چوونە سەری رووبەر و پلەی فیستیڤاڵەکە.

ئەگەر بمهەوێ فیستیڤاڵەکەی ئەم ساڵ لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو هەڵسەنگێنم، دەتوانم بڵێم پێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو ئەمساڵ لانی کەم (بە لەبەر چاوگرتنی خاڵی لاواز و بەهێزی ڕەخنەکان) لەسەر هەر چیرۆکێک ڕەخنەیەک دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکە پێشکەش کرا. بەڵام ئەگەر باس لە ڕووبەر و پلەی فیستیڤاڵ بکەین، بەداخەوە ناتوانم پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بەدی بکەم. پێم وایە کەسانی تر هەن کە ئەم خاڵە بەرجەستە بکەن، بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێک ئازارم دەدات ئەوەیە ساڵ بۆ ساڵ بەشداریی چیرۆکنووسە بە تواناکان لەم فیستیڤاڵەدا سارد و سڕتر دەبێت و بە خەمساردی لێی تێدەپەڕن بەبێ ئەوەی بۆ ساتێکیش بیربکەنەوە کە ئەم فیستیڤاڵە تەنیا پەنجەرەی پشوو کێشانمانە و هەواش ئەگەرچی زۆر بێخەوش و تازە نییە، ناچارین هەڵیمژین و لۆئیزا والێن زۆئێلا گوتەنی: «ئەو پێیەیە کە لە کەلێنی دەرگا دایدەنێین تا دەرگاکەمان بەسەردا دانەخەن».

هێندێک بە فیستیڤاڵی ئاماتۆرەکانی دەزانن و پێیان شەرمە چیرۆکی بۆ بنێرن، هێندێک چیرۆکیش دەنێرن، بەڵام بۆ خۆیان نایەن چیرۆکەکەیان بخوێننەوە یان کەسێکی تر بۆیان دەخوێنێتەوە و چاوەڕوانن وێڕای ڕێزلێگرتن خەڵاتەکەیان بۆ بنێردرێت و هێندێکیش ڕەنجاون و لە داوەری و ڕەخنە و بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵەکە گلەییان هەیە. من دەڵێم بیروڕا و ڕوانگەی هەموو ئەو هێژایانە جێگای ڕێزە، بەڵام ئەوەش دەڵێم کە لە تەواوی کوردستانی ئێراندا تاکە بڵاڤۆکێکمان نییە کە لانی کەم ساڵێ جارێک بە شێوەی پرۆفیشناڵ چیرۆک بڵاو کاتەوە و لەسەر چیرۆک بنووسێت. لە تەواوی

ئێراندا بە تایبەت لە کوردستانی ئێران، ئەوکەسانەی چیرۆک دەخوێننەوە و بە جیددی لەسەر چیرۆک کار دەکەن ژمارەیان زۆر کەمە و زۆربەی زۆریان دەتوانن لەم فیستیڤاڵەدا لە دەوری یەک کۆببنەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: هیوادارم و ڕەنگە ئەم فیستیڤاڵە بتوانێت ببێتە وێستگەیەک بۆ ئەوەی چیرۆکی کوردی بچێتە ناو کاروانی ئەدەبی جیهانی. پێویستە ئەم پرسیارە لە خۆمان بپرسینەوە: ئایا لەم فیستیڤاڵانەدا بەشدار بین یان نا؟

*** بەڕێز کاک ناسر وەحیدی چیرۆکنووس،** تکایە بە سەرنجدان بە بەڕێوەچوونی حەوت جار یا حەوت ساڵ فیستیڤاڵی چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێت وایە لەم بوارەدا هەم ڕەخنە پێشکەش کراوە، هەم چیرۆکیش- لەم ماوەیەدا تا ئێستا هەرکامیان چەندە بەرەوپێش چوونە، ئایا ڕەخنەکان لە ئاستی چیرۆکەکانن یان چیرۆکەکان ناگەنە ئاستی ڕەخنەکان؟

– هەڵبەتە من دەگەڵ چەند دۆستێکی دیکە یەکێ لە بنیاتنەرانی ئەم کۆڕ و کۆبوونەوەیە بووین، بەو مەبەستەی ئەم فیستیڤاڵە ببێتە شوێنێک ئەو نووسەرە لاوانەمان کە دەست دەکەن بە نووسینی چیرۆک، شوێنێک بێ بۆ دەرخستنی خۆیان و بۆ هاتن بۆ ناو مەیدانی ئەدەبیات. هەموو ساڵێک کە من لەم کۆبوونەوانەدا بەشداربوومە و بە وردی ئاگاداری ڕەوتی ئەم کارە بووم، بە داخەوە تەنیا ئەو فیستیڤاڵە ناتوانێ لەم دیو ئەم ئەرکەی کە چاوەڕوانی لێ دەکرێ، بیگەیەنێتە ئەنجام. هەروەک ئاماژەم پێیکرد، ئەم فیستیڤاڵە تەنیا شوێنێکە بۆ مەترەح بوون و بۆ هەڵبژێرینی ئەو دەنگە تازانەی کە تازە دێنە ناو ئەم جیهانەوە، بەڵام بۆ تەواوکردنی ئەو کارە، شوێنی دیکەش پێویستە کە بتوانێ ئەوکەسانەی کە لەو شوێنەوە دێنە ناو دنیای ئەدەب بە تایبەتی چیرۆک، بتوانن درێژە بەو ڕێگایە بدەن. بتوانن هاندەری ئەو دەنگانە بن بۆ تەکمیلی ئەو پرۆژەیە. بە داخەوە ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کۆبوونەوەیەکی ساڵانەی ئەو فیستیڤاڵە بتوانێ بۆ وێنە چیرۆکنووسمان بۆ دروست بکا، یان زۆر چیرۆکنووس بگەیەنێتە ڕادەیەک ببنە خاوەنی دەنگ و قەڵەمێکی تایبەتی خۆیان. ئەو شتە پێویستی بە بنکەی وا هەیە بتوانێ بەردەوام کاری شیکاری و ڕەخنە و شیکردنەوەی چیرۆک بکا. واتە تێگەیاندنی ئەو ئامراز و کۆڵەگانەی کە چیرۆک پێکدێنێ. پێم وابێ لەپاڵ ئەو فیستیڤاڵانەدا ئەوە زۆر پێویستە کە ئێمە ناوەندێکمان هەبێ ئەگەر بۆمان نەکرا لە هەموو شارەکان ناوەندێکی شیکاری چیرۆک دانێین لانی کەم لەم بەشەی کوردستاندا ئەگەر بۆمان بلوێ ناوەندێک دوو ناوەند دروست بکەین کە بتوانن کاری شیکاری و ڕاڤەی چیرۆک بکەن و ئامرازەکانی چیرۆک بەو چیرۆکنووسانە بناسێنن و بتوانن بەشێوەیەکی دروست و زانستییانە کەڵک لەم جۆرە ئامرازانە وەربگرن. من پێم وایە نسبەت بە ساڵانی یەکەم و دووەم و سێیەمیش باش بوو. چیرۆکی باش باش دەهاتن. ئەو دەنگانە کە لەو فیستیڤاڵەوە هاتنە ناو جیهانی چیرۆک ئێستاکە ڕەنگە پێویستیان پێ نەبێ یان زەروورەتێک نەبێ کە بەشداری لەم فیستیڤاڵەدا بکەنەوە. ئێستا سەربەخۆ لەگەڵ گۆڤار و بنکە ئەدەبییەکان پێوەندییان هەیە و بەردەوام بەرهەمیان بڵاودەبێتەوە. ئەوە ئەو دەنگە تازانەن کە دەیانهەوێ لە ڕێگەی ئەم فیستیڤاڵەوە بێنە ناو جیهانی ئەدەبیاتەوە، بێنە ناو جیهانی داستانەوە و خۆیان بناسێنن. ئەم سێ ساڵە تا ڕادەیەک نسبەت بە سێ ساڵی ئەوەڵ چیرۆکەکانمان لاوازتر بووە. ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شوێنی ڕاستیمان نییە کە بەشێوەیەکی تەخەسوسی و زانستی کار لەسەر چیرۆک بکات و بتوانێ ئەوانە بەشێوەیەکی ئوسووڵی و زانستییانە ئامرازەکانی چیرۆکیان پێ بناسێنێ و بتوانن بەشێوەیەکی دروست و زانستی لەم ئامرازانە کەڵک وەربگرن. هەر ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاستی هونەریی چیرۆکەکان دابەزێتە خوارێ. شان بەشانی ئەوە ڕەخنە و شیکاری چیرۆکەکان ئەم ساڵە لە هەموو ساڵەکان زۆرتری لێ ڕازی بووم. ڕەخنە و شیکارییەکی زۆر زانستییانە بوون. تەنانەت بۆ وێنە ڕەنگە هەندێکیش لەسەر ئەو بڕوایە بن چیرۆکێک کە لایەن چیرۆکنووسێکی لاوەوە نووسراوە هەڵگری ئەو جۆرە شیکارییە نەبێ، بەڵام پێموابێ کارێکی زۆر دروست و باشیان کردووە و من زۆری لێ ڕازیم، لەو ڕەخنە و شیکارییە کە لەو فیستیڤاڵی حەوتەمە هاتبووە پێشکەش کردن.

*** بەڕێز عەتا نەهایی:** فیستیڤاڵی چیرۆکی بانە چۆن دەبینی و ئەم حەوتەمین فیستیڤاڵە لەگەڵ

فیستیڤاڵەکانی پێشوو چۆن هەڵدەسەنگێنی، ئایا بەڕێوەچوونی ئەم فیستیڤاڵە لە خزمەت ڕەوتی چیرۆکی کوردیدا دەبینی؟

– بە نیسبەت بەشی یەکەمی پرسیارەکەوە، فیستیڤاڵی چیرۆک لە بانە یەکێک لەو چالاکییە جوان و پێویستانەیە بۆ پەرەپێدان و برەودان بە ئەدەبی کوردی، بە تایبەت بەشی چیرۆک کە لە شارێکی بچووکی وەک بانە بەڕێوە دەچێ، ئەمە خۆی لەخۆیدا چالاکییەکی زۆر گەورە و هەوڵێکە جێی دڵخۆشییە، هەر وەکو خۆشت گوتت ئەمە حەوتەمین ساڵە لەم شارە چکۆلەیەدا بە کەمترین ئیمکانات، بە کەمترین پشتیوانییەوە فیستیڤاڵێکی ئاوا لە شوێنێکی ئاوادا بەڕێوە دەچێ. لە دوو بەشی کوردی و فارسی، زۆربەی چیرۆکنووسە گەنجەکانی ڕۆژئاوای ئێران بە کوردستان و غەیرە کوردستانەوە لە خۆ دەگرێتەوە و لە سێ ڕۆژدا و هەموو ساڵێکیش کۆمەڵێک چیرۆکنووس وەک میوانی تایبەت، چیرۆکنووسی ناودار لە بەشەکانی دیکەی ئێرانەوە دێن بۆ فیستیڤاڵەکە. بە بڕوای من ئەگەرچی زەحمەتێکی زۆر دەکێشرێ بۆ ئەوەی فیستیڤاڵەکە ساڵ بە ساڵ ئاستی زانستی و داستانییەکەی بەرەو سەربێت، بەڵام من ئەمساڵ حەز دەکەم ڕاستگۆیانە بڵێم بەشە کوردییەکەی یەک دوو ساڵە ئاستێکی لاوازتری لە بەشە فارسییەکەی هەیە. ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە یەکەم ئەوەی کە چیرۆکنووسانی ئێمە بە قەدەر پێویست بەرەو خەمە هاوبەشەکەی خۆیان و عەشقە هاوبەشەکەی خۆیانەوە ناچن و بە قەدەر پێویست ئاوڕ لە سوودمەندیی ئەم جۆرە دانیشتنانە نادەنەوە. لایەنێکی تریشی ئەوەیە کە بە ڕاستی چیرۆکی کوردی لە کوردستانی ئێراندا کەم دەنووسرێت. ئەو ڕاستییە ناشاردرێتەوە، ئەگەرچی باری چۆنی چیرۆکەکان لە کوردستانی ئێران بە گشتی باش هەڵدەسەنگێنم، بەڵام باری چەندایەتییەکەی پێم وایە ڕەوتێکی بەرەو دابەزین دەڕۆینە پێش.

*** بەڕێز ڕەهبەر مەحموودزادە،** وەک لەم فیستیڤاڵەدا دیتمان گەرچی لە ڕەخنەی کوردیدا جێ پەنجەت بە ئاشکرا دیارە، بەڵام لەم فیستیڤاڵەدا تەنیا لە بەشی فارسیدا بەشداریت کرد، بەڕای بەشداربووان لەم بەشەشدا لە سەرووی ڕەخنەگرە فارسەکان بووی. ئایا لەبەر ئاستی نزمی چیرۆکە کوردییەکان لە بەشی کوردیدا بەشداریت نەکرد، یان لەبەر هۆی دیکە بوو؟

– ئەوە لوتفی جەنابتە، ئەوەی ڕاستی بێ من بۆ بەشی فارسی هەڵبژێرام. هەڵبەتە بە هەڵبژاردنی خۆم نەهاتم بۆ بەشی فارسی. پێشتر دۆستان ئەو بڕیارەیان دابوو، بەڵام لە بارەی شێوەی ڕەخنە نووسینەوە، من پێم وایە کەشوهەوای ڕەخنە نووسین لە کوردستان جیاوازی لەگەڵ ڕەخنەنووسین لە ئێران هەیە، لە ئێران ڕەخنەگرە فارسەکان زیاتر لەسەر ڕەخنەی کارگاهی کاردەکەن، واتە ڕەخنەیەک کە زۆرتر فۆرم و تەکنیکەکانی چیرۆک دەگرێتەوە. ئیدی خۆیان حەز دەکەن لەو ئاستە واوەتر نەچن. من پێم وایە ڕەخنەی کوردی دەیهەوێ لە ئاستێکی هەراوتردا کار بکات. واتە دەیهەوێ بە چەشنێک لە دنیای دەقی بەردەست تێی بپەڕێنێت و لە ڕوانگەی ئەو دەقەوە تەماشایەکی بەربڵاو لە دنیای دەقی ئەدەبی بەگشتی و لە جیهان بکات. لە ڕاستیدا شێوازی ڕەخنە نووسینی من لەو فیستیڤاڵەدا، شێوازی ڕەخنەی کارگاهی نەبوو، بەڵکو شێوازێکی بەربڵاوتر و بە نیگایەکی هەراوترم هەڵبژاردبوو. هەڵبەت ڕوانینی گشت بین یان ڕوانینی پاژبین بۆ نووسینی ڕەخنە هیچ کامیان لە زاتی خۆیاندا بایەخێکی تایبەت نادەن بە «بەها»یەکە. تۆ دەتوانی ڕەخنەی کارگاهی باشیش بنووسی، دەتوانی ڕەخنەی ناکارگاهی باشیش بنووسی. مەرج ئەوەیە ئەو شێوازەی کە ڕەچاوی دەکەی، بتوانی پابەندی ڕێوشوێنەکانی ئەو شێوازە بی.

*** بەڕێز خاتوو مەهسا موحبەعلی؛** ئێوە وەک نووسەر و ڕەخنەگر لە زمانی فارسیدا ناسراون و لە فیستیڤاڵەکانی سەرانسەری ئێران وەک نووسەر و ڕەخنەگر بەشداریت کردووە. ئاستی ئەم چیرۆکە فارسیانەی لەم فیستیڤاڵەدا هەڵبژێردراون، لەگەڵ هەڵبژێراوی فیستیڤاڵەکانی دیکە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– بەداخەوە من هەر ئەم دوازدە چیرۆکانەم خوێندەوە کە بۆ بەشی کێبەرکێ هەڵبژێردرابوون و نازانم چیرۆکەکانی دیکە چۆن بوون. وێدەچێ ئەم داوەرانەی ئەم چیرۆکانەیان هەڵبژاردووە، باشی بۆچووبن، بەڵام گەرچی دۆستان زەحمەتێکی زۆریان کێشابوو، لە ڕاستیدا ئەم دوازدە چیرۆکە ئاستیان زۆر لە سەرێ نەبوو. بەم هیوایەی فیستیڤاڵەکە بەشێوەیەکی سەرانسەری لە ئاستی هەموو ئێراندا بەڕێوەبچێت و لە هەموو ئێرانەوە بەشداری تێدا

بکەن. سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەبردن بە دۆستانیشم گوتووە، ئەگەر کارگەی داستانیان دانابا باشتر بوو. لەگەڵ ئەوکەسانەی بەشدارییان کردووە، لە دەوری یەکتر کۆ دەبووینەوە. نووسەرانیش ڕای خۆیان دەربڕیبا و تەنیا ڕەخنەگران قسەیان نەکردبا. بۆی هەیە ڕەخنەگران سەرنجیان بۆ زۆر شت نەچووبێ و نووسەران گلەییان هەبێت. دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە کرابا لە بەینی نووسەر و ڕەخنەگر زۆر باشتر دەبوو. پێشنیارم ئەوەیە لە ساڵی داهاتوودا بە شێوەی کارگاهی بەڕێوە بچێت، ڕەنگە باشتر بێت.

* لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ زمانی کوردی ئاشنا نیت، دیارە لە گۆڤار و ڕۆژنامە فارسییەکاندا وەرگێڕاوی ئەدەبی کوردیت دیتووە و بۆ یەکەم جاریش لە فیستیڤاڵێکدا لەگەڵ نووسەرانی کورد بەشداری دەکەی. ئەدەبی کوردی چۆن دەبینی؟

- بەداخەوە من لە زمانی کوردی تێناگەم. ئەم چەند ڕۆژەی لێرەبووم، کەمێک لەم زمانە ئاگادار بووم و چێژێکی باشی لێ وەردەگرم، خۆزگە هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی چیرۆکە کوردییەکان وەرگێڕاوی فارسیشمان لەبەر دەست بوایە. پێشتریش چیرۆکی فەرهاد پیرباڵ وەرگێڕاوی کاک عەبدوڵلای کەیخوسرەویم خوێندۆتەوە. هەروەها چیرۆکی شێرزاد حەسەن-یشم لە وەرگێڕانی عەبدولخالق یەعقووبی خوێندۆتەوە کە تەجرەبەی نوێم لە ئەدەبی کوردیدا بەرچاو کەوتووە. لەسەریەک فیستیڤاڵەکە زۆر باش بوو و پیرۆزبایی لە هەموو دۆستان دەکەم.

*** بەڕێز مامەند قادری (چیرۆکنووس)**، پێم خۆشە ڕای ئێوە سەبارەت بە چیرۆک و ڕەخنە لەم فیستیڤاڵەدا بزانم؟

- ئەگەر بمهەوێ وەڵامێکی تێر و تەسەل بدەمەوە، لەوانەیە زۆر بخایەنێت. ئەگەریش بە کورتی وەڵام بدەمەوە پێویستە زۆر شت بقرتێنم و ڕەنگە وەڵامێکی سەقەت بدرێتەوە. ئێمە پێویستە بزانین نووسەر کێیە و ڕەخنەگر کاری چییە؟ بە ڕای من نووسەر خوڵقێنەری بەرهەمە، بەرهەمێک لە ڕەگەزی زمان. نووسەر کەسێکە کە جیهانی دوور لە زمان دێنێتە ناو زمان. هەر ئەو جیهانە زماناوییە (جیهانی تەنراو لە زمان) دەبێتە دەسپێکێک بۆ ڕەخنەگر، بەڵام ڕووی نووسەر لە جیهانێکە کە حوزووری هەیە و ڕوانگەی ڕەخنەگر، ڕوانینێکە لە غیابی جیهان و تەنیا بەرهەم لە هەمبەر خۆیدا دەبینێ. کەوایە هەردووک لا خوڵقێنەرن. کاتێک ڕەخنە دەتوانێ خوڵقێنەر بێت کە بتوانێ بە دیتنەوەی پانتایی ئیمکاناتی دەق، واقیعی بەرهەم تێپەڕێنێ و شتێکی زیاتر لە بەرهەم بەدەست بێنێ. هەروەک بەرهەم جیهانی واقیع لە ئیمکاناتی خۆی پڕ دەکات. ڕەخنە خوڵقاندنێکە لەسەر بنەمای بەرهەم. نووسەر و ڕەخنەگر، هەردووکیان ئافراندنێک لە زماندا دەکەن. ئەم دوو خوڵقێنەرە لێک جیانین و هیچ کامیان بەسەر ئەوی ترەوەی نییە. هەروەک لەم فیستیڤاڵەدا دەبینین، ڕەخنەگرەکانمان نەیانتوانیوە جیهانێک لەسەر دەستی دەقەکان کە ئێمە باسمان لێکرد، بخوڵقێنن. بەشێوەیەکی گشتی تر بڵێین؛ ڕەخنەگرەکانمان نەیانتوانیوە تیۆرییە ڕەخنەییەکان پراکتیزە بکەن. بۆ وێنە کاتێک ڕەخنەگرێک ڕەخنەیەک لەسەر چیرۆکێک دەنووسێ، فاکتێک لە بیرمەندێک هەڵدەبژێرێ و بە زۆری دەیهەوێ ڕاستی فاکتەکە بە چیرۆک بسەلمێنێ. بە واتایەکی دیکە ئەو جۆرەی خۆی دەیهەوێ دەق دەبینێت نەک ئەو جۆرەی دەق پێویستییەتی. بۆ وێنە وتاری ڕەخنەگران پڕە لە «بارت وتەنی:»، دریدا دەڵێ: فوکو وتەنی: من دەڵێم: ئەی برا خۆت چی وتەنی؟ خۆت چیت لایە هەڵیڕیژە. ئەگەر دەڵێین دەقەکان ئەم ئیمکانیەتەیان تێدا نابینرێت، بۆ بە ڕاشکاوی ناڵێین «دەق سەرجەم لەو ئاستەدا نییە کە بتوانین بیخوێنینەوە؟» با نووسەرەکان بە خۆیان دابێنەوە و خۆیان ببیننەوە. ئێستا نموونەیەک لە چیرۆکێکی بەشدار لەم فیستیڤاڵەدا دێنمەوە کە ڕەخنەگرەکە ئەو ئیمکاناتە بە هێزەی دەقەکەی بەرچاو نەکەوتووە. دیارە ئیمکانیاتی بەهێزتر لەم چیرۆکەدا بەدی دەکرێت، بەڵام ئەوەی لای من بەهێزتر بوو ئەوەیە لە چیرۆکی «مەزادخانە» لە نووسینی: مستەفا شێخە، ئیمکانیاتەکەی ئەوەیە: «بەکارهێنانی تیۆری لە قووڵایی ژێرخانی چیرۆکدا» کە ڕەنگە چیرۆکنووسیش هەستی بەمە نەکردبێ. کاتێک ڕەخنەنووسی ئەم چیرۆکە تەنیا ئاماژە بە چۆنیەتی تەنینی مافوور دەکات و سانتیمانتالانە دەخزێتە ناو خەیاڵی داپیرە و هەر ئەوەمان وەک کزیی چیرۆکەکە پێشان دەدات. ناچارم بڵێم لە ڕاستیدا ئەم ڕەخنەنووسە، ئەگەر مێشکی پڕە لە

تیـــۆری ڕەخنەیی، بەڵام هەر زارەکی لەبەری کـــردووە و ناتوانی پراکتیزەی بکات. لەم چیرۆکەدا کە بە ڕواڵەت تەنیـنی مـافـوورێکە، بەڵام نووسـەر بیـرمـەندانە بەهۆی کـەرەسـەی زمـانی شـەڕی پەراوێز و ناوەند وێنا دەکـات: «هەرچی دەیکرد ڕووبەری ڕەنگ پەمـەیی گـوڵی ڕەش و پانی ناوەندەکەش کە قورساییەکی شانگریان خستبووە سەر کرەکە، لە چاو پەراوێزەوە هەر لە قەبارەیەکی قەبە و بێـزراو دەچوون». ئەی ئەمـە ڕەخنەگـر وتەنی، هەمـان فـاکـتـەکەی فـوکـو نیـیـە کە ڕەخنەگر پێی دەنازێت و لە کردەوەشدا بەلایدا نەچووە؟ وەبیرهێنانەوەیەک لێرەدا بە پێـویست دەزانم، ئەویش چیـرۆکـێکە لە ئەبووتۆراب خوسرەوی (کە لەم فیـستیـڤاڵەدا بەشدارە) لە کتێبی «دیوانی سومنات» باسی شاعیرێک دەکات کە شیعرێک بەناوی «پەپوولە» دەڵێت و شیعـرەکە دەبێتـە پەپوولە و لەگـەڵ جـووتەکـەیدا هەڵدەفـڕن. ئەم تەکنیکە تیـۆری سـەربەخۆیی دەق و ژیانی سەربەخۆی دەق دەسەلمێنێت، تیـۆری مـەرگی نووسـەر. جـا دەگـەڕێمـەوە سـەر وەڵامی پرسـیـارەکەت: مـتـمـانە نەکردن بە ڕەخنە نووسـەکـانمان، زۆربەی هـەرە زۆری نـووســـــەران لـەناردنـی بەرهـەم بۆ فیستیـڤاڵ دڵسارد دەکاتەوە. دەنا پێم وایە نووسەرەکان بۆ وەرگرتنی خەڵات لە فیستیـڤاڵدا بەشداری ناکەن. بە ڕای من کـاتێک ڕێز لە بەرهەمـێک گـیـراوە کـە بتـوانێ بەردەنگێک بدۆزێتـەوە، ئەگـەر نەگـاتە کـێـبـەرکێ و لە بەشی لاوەکیشدا بخوێندرێتەوە.

*** بەڕێز عـەبدولخـالق یەعـقـووبی،** بە بڕوای ئێـــوە ڕەخنەکـان چەندە پشت ئەسـتـوور بوون بە تیـۆرییـەکـانی چیـرۆک؟ ئایا ڕەخنەی ئەو ڕەخنەگرانەی لێـرە ئاراسـتـە کـران تا چ ئاسـتـێک وەفـاداری بووتیـقـای چیـرۆکنووسی بوون؟ لە ڕاسـتـیـدا ئێـوە بە پێـویست دەزانن ڕەخنەگـر ئاگای لەم بوارەش بێت، یان تەنیا ڕاڤە و شیکردنەوەی چیرۆکەکان پێویستە و بەس؟

– بە بڕوای من بۆ چوونە نـاو جیـهـانی دەقی چیرۆکەوە یەکـەم مــەرج کــە ڕەخنەگــر دەبێ، ڕەچاوی بکا، ئەو چێشکە جوانیناسـانەیە کە هەردەم دەقـێک دەتوانێ لە نـاخی ڕەخنەگـردا وەک خـوێنەر بیـــورووژێنێ. ئیـنجـا دەتوانێ لە ڕەهەندە جۆراوجـۆرەکـانی دەق بکۆڵێـتـەوە و وەک تۆ باست کـرد پشت ئەسـتــوور بێ بە بووتیــقــای چیـرۆک و ئەو پێـوانە تیـئـۆریکانەی کە بۆ خـوێننەوەی چیرۆک هەیە. زیاتر چیرۆکەکە لە بواری هونەرییەوە جا چ لە لێکدانەوەی نێوەڕۆک و جیهانی مانایی چیرۆک بێت، چ لەشـــیکردنەوەی باری فـــۆرمی و باری تەکنیـکی چیرۆکەکە بێت، چیرۆکەکە بخوێنێتەوە و بۆ خوێنەر زیاتر ڕوونی بکاتەوە. لە ڕاستیـدا لە وەها فیـستـیـڤاڵێکدا ڕەخنە نـاتوانێ حـەقی تەواوی چیـرۆک بدا، چونکە تۆ لە مـێـهـرەجـاندا، نە دەرفـەت و دەرەتانی ئەوەت هەیە کـە لەنگەرێکی زۆر تەواو لەسـەر داسـتـانەکـە بگری، نە ڕێگای ئەوەت پێ دەدرێ، ئەوەی لە ڕاستیدا فیستیـڤاڵ دەبێ بە دیدی پەروەردە کـردنی مـێشکی نووسـەرانەی نووسەرەوە چاوی لێ بکەی، خوێندنەوەیەکی تێروتەسەلت هەبێ. بۆیە من ڕام وایە لەم مـێــهـرەجـانەدا هەرچەند ڕەخنەکـان زۆرجـار ئاوڕیان لە دەقـەکـان دابۆوە و هەندێ جاریش بە ڕاستی لایەنە تاریکەکانی دەقەکـانیان ڕوون کردبۆوە، بەڵام دیسان ڕێگای هەبوو کە زیاتر ئەو دەقـانە شەنوکەو بکەن و لێیـان ورد ببنەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت حاشـا لـەوە ناکـرێت کـە ئەم جـۆرە مـێـهـرەجانانە ئەوەندەی بۆتە هۆی بەدیهـێنانی کـەڵکەڵەی نووسین لە چیرۆکنووسـاندا بۆ نووسینی چیـرۆک، ئەوەندەش هەوڵ و تەقەلای ڕەخنەگرانی بەدوای خۆیدا ڕاکێشاوە بۆ نووسینی ڕەخنە.

*** بەڕێز فـەرزاد مـیـرئەحـمـەدی،** وەک بەشـــــدار لە حەوتەمین فیستیـڤاڵی چیرۆکی بانە، دیارە ئاگاداریت لە بەڕێوەچوونی ئەم فیستیـڤاڵە لە ساڵانی پێشووشدا هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردووی فـیـسـتـیـڤاڵەکە، ئێـسـتـا چیـرۆک و ڕەخنەکـان لە چ ئاسـتـێکدانە. لە مـاوەی ئەم حـەوت سـاڵەدا چیـرۆک و ڕەخنە توانیـویانە وەک یەک گەشە بکەن؟ یان بەبڕوای تۆ کامەیان لە پێشترە؟

– من لەم حەوت فیستیـڤاڵەدا، لە فیستیـڤاڵی سێیەم وەک داوەر بەشداریم کرد. ئیتر ئاگام لە فیستیـڤاڵ نەبوو هەتا هاتم وەکـو بەشـدار لەم حـەوتەمین فـیـسـتـیـڤـاڵە بەشـداربووم. دەق لە فـیـسـتـیـڤـاڵی حـەوتەم گـەشـەی سەندووە، بەڵام ڕەخنە نەک وەک شتێکی گشتی، ڕەنگە ڕەخنەی باشی تاکـمـان دیبێت، بەڵام بە کـۆ ڕەخنەکـان لە چوارچێـوەی ڕەخنەیەکی پێکهـاتەیـیـدا زۆرجـاریش لە چوارچێـوەی ڕەخنەیەکی نەریتـیـدا خـۆیان خـۆیان نواند. دەقەکان هەڵگری هەندێ تایبەتمەندیی نوێ بوون. هەندێ خـوێندنەوە و ڕاڤـەی تازە بوون. من کـاتێک کـە دەقـێک


دەبیسم لەم کۆڕەدا، ڕەخنەیەک بە نسبەت ئەوەی دەق وزەم بۆ دروست دەکا بۆ خوێندنەوەیەکی دیکە و شێوازێکی فەرایەندی یان پرۆسێسی لە دەق، ئەوەم نەدیت. بەداخەوە ڕەخنەکان، دەتوانم بڵێم لە ڕێژەیەکی یان نەیتوانیبوو لە ئاستی دەقدا خۆی پێناسە بکات و بچووکتر بوو لە دەقەکان. ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە هەندێک لە ڕەخنەکان ڕەخنەیەکی هەرە ئەمڕۆژی بوون، هەرە نوێ بوون. ڕەخنەیەکی تەئویل گەرا بوون ڕەخنەیەک بوون کە بەشێوە نیگای دال مەدلوولی سۆسۆری نەیانڕوانیبە دەقەکان، بەڵام زۆربەی ڕەخنەکان کە من دیتم، ڕەخنەیەکی پێکهاتەخواز (ساختگرا) ڕەخنەیەکی دال مەدلوولیی سۆسۆریێ و ڕەخنەیەکی دەتوانم بڵێم نەریتی بوو کە بەداخەوە ئەمە لاوازی ڕەخنەکان دەگەیەنێت.

*** بەڕێز حەمە ساڵحی سووزەنی،** بە ڕای ئێوە وەک داوەر و ڕەخنەگر، چیرۆکەکان چۆن هەڵبژێردران؟ ئایا هەموو چیرۆکەکانتان خوێندەوە؟ بە چ پێوانەیەک و بەپێی کام بنەما چیرۆکەکانتان بۆ فیستیڤاڵ هەڵبژارد؟

– من وەک ڕەخنەگر لە فیستیڤاڵەکەدا بەشداریم کرد، هەڵبەت وەک دەزانی ئەرکی داوەری لەگەڵ دۆستانیش هەر بە ئەستۆی من بوو، بەڵام لەو کەسانە نەبووم کە خوێندنەوەی سەرەتایی چیرۆکەکانیان کرد. بەپێی بڕیارێک کە پێشتر درابوو، ٥٨ چیرۆکی کوردی پێشتر لەلایەن لیژنەی خوێندنەوەی سەرەتایی کە لەلایەن بەڕێزان یونس ڕەزایی و عەبدولخالق یەعقووبی و مراد ئەعزەمییەوە بوو. ئەمانە هەموو چیرۆکەکانیان خوێندبۆوە و بەپێی وزەی ناوەکی دەق، ئەوەی کە پێویست بوو هەڵبژێردران بۆ بەشی کێبەرکێ و لە پاڵ ئەوانیشدا با بڵێین وەکو لاوەکی چەند داستانێک هەڵبژێردران کە لە فیستیڤاڵەکەدا بخوێندرێنەوە، بەڵام ئەوەی وەکو بەشی کوردی لای من گرینگ بوو، ئەو چیرۆکانە بوون کە هەڵبژێردرابوون بۆ بەشی کێبەرکێ کە بە ئێمە درابوون، هەم ڕەخنەیان ئاراستە بکەین و هەم ڕای خۆمانیان لەسەر دەربکەین وەک ئیمتیاز. چوار دانە لەو چیرۆکانە لە ئەستۆی من بوو کە من هەوڵم دا هەر کام لەوانە بەپێی وزەی خۆیان هەڵسەنگێنم. هەندێک لە چیرۆکەکان زۆرتر دەروونی بوون و من ناچار بووم لە سێلاوی هۆش و تاکبێژی دەروونی کەڵک وەربگرم بۆ هەڵسەنگاندنیان و هەندێکیش لە چیرۆکەکان هەر دوو لایەنی کۆمەلایەتی و ناوەکی دەقیان پێکابوو و من لەو ڕێگەوە چووم دەقەکانم کردنەوە. بە گشتی ئەگەر بڵێم ئەو فیستیڤاڵە بەرە بەرە جێگەی خۆی کردۆتەوە و زۆربەی ئەو دۆستانەی کە کاری ئەدەبی دەکەن، بەتایبەت لە باری چیرۆکدا، چیرۆکەکانیان ئاراستەی فیستیڤاڵ دەکەن و تائێستاش باش هاتۆتە پێشەوە.

*** بەڕێز خاتوو میترا ئیلیاتی،** ئەگەر لە ئەدەبی داستانیی کوردی ئاگاداریت هەیە چۆنی دەبینی، بە بینینی ئەم فیستیڤاڵە بۆچوونت سەبارەت بە وەرگێڕانی چیرۆکی کوردی بۆ سەر زمانی فارسی چییە؟

– من کەمتاکورتێک لەگەڵ ئەدەبی کوردی ئاشنام. یەکێ لە دۆستان و خۆشەویستانی من بەڕێز بەڕۆژ ئاکرەیی کە لە سوێد دەژیت، گەرچی بە فارسی چیرۆک دەنووسێت چەند کۆمەڵە شیعری بە کوردی هەیە. من لە زمانی کوردی تێناگەم، بەڵام ئاهەنگ و ڕیتمی زمانەکە زۆر شتم پێ دەڵێ و ئاشکرایە زمانەکە زمانێکی پاراو و دڵگرە. ئەم فیستیڤاڵە کرانەوەی دەروازەیەک بوو بە ڕووی مندا بۆ ئاشنا بوون دەگەڵ ئەدەبی کوردی و نووسەرانی کورد. فەرهەنگ و شعوورێک کە ئەم ئەدەبە پشت ئەستوور دەکات، منی سەرسام کرد و هۆگری ئەوە بووم پتر کاتی خۆم بۆ خوێندنەوەی ئەدەبی کوردی تەرخان بکەم. هەوڵ بدەم دۆستانی کوردی زان بۆ وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی هان بدەم و ئێمە بتوانین پتر لەگەڵ ئەم ئەدەبە ئاشنا بین.




# دەوڵەمەندیی ئەدەب و دەسکورتی ڕەخنە

سەعدوڵڵا پەرۆش



ئەمڕۆ بە بەراورد کردن لەگەڵ حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو ئەدەبی کوردی گۆڕانێکی ڕوو لە هەڵکشانی زۆری لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بەخۆیەوە بینیوە، دەکرێ بڵێین دەوڵەمەندتر و قووڵتر و فراوانتر بووە. بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆیی و بابەتیانەی خۆی هەیە و هەروا لەخۆڕایی نەهاتووە، دەتوانین هۆکارە بنەڕەتییەکانی لەم چەند خاڵەی خوارەوە چڕ بکەینەوە:

(١) بە دەستهێنانی ئازادی و نەمانی سانسۆر.

(٢) دامەزراندنی دەزگای چاپ و زۆربوونی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب.

(٣) چاکتر بوونی باری گوزەرانی نووسەران.

(٤) دروست کردنی پردی پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی جیهان.

ڕەنگە هۆکاری تریش هەبن، بەڵام ئەمانە هۆکارە سەرەکییەکانن. دیارە پەرەسەندنی ئەدەب و کولتووری میللەتەکەمان مایەی دڵخۆشی هەموو لایەکمانە، چونکە نیشانەی دانەبڕانمانە لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری جیهانی و سوود وەرگرتنە لە تاقیکردنە ئەدەبییەکانی دنیا بە هەموو ژانرەکانییەوە، بەڵام زۆر بە بەداخەوە لە بەرانبەر ئەو بزووتنەوە مەزنەی کە لە ئەدەبی کوردیدا بەرپابووە و گەشەی بە ژانر و ڕێچکە و ڕێبازەکانی داوە، پرۆسەی ڕەخنە بە بەراورد لەگەڵ حەفتایەکان و هەشتایەکان، لە پاشەکشەدایە و نەیتوانیوە شان بە شانی ئەو بزووتنەوەیە و بەروبوومەکەی کە پانتاییەکی فراوانی لە دنیای بەخشش و داهێنان داگیر کردووە، بڕوات و ئەو بۆشاییەی کە بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێ پڕ بکاتەوە و بوێرانە هەوڵی گەڕان و دۆزینەوەی گەوهەر و مەرجانە بەهادار و لم لێ نیشتووەکانی بن دەریا بدا و شاکارە نایاب و دانسقەکان لە مەترسی دەرنەکەوتن و پێ نەحەسیانی خوێنەر ڕزگار بکات.

دیارە نەبوونی یان کەم دەرکەوتنی پرۆسەی ڕەخنەیەکی پشت ئەستوور بە کایە مەعریفییەکانی ئەمڕۆ و تەوژم و قوتابخانە سەردەمییەکان دواجار بە زیانی ئەدەب و بەخششەکانی دەشکێتەوە و داهێنەران مایە پووچ دەردێنێ، بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لێرە و لەوێ کەم تا زۆرێک لەم بوارەدا هەوڵی دڵسۆزانە نییە، بەڵام دیسانەوە دەڵێم بە بەراوردکردن لەگەڵ سەردەمی قۆناخی (ڕوانگە) و دواتریش کە چەند ڕەخنەگرێک ئامادەیی هەمیشەییان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەر دەقێکی شیعری، یان هەر چیرۆکێک، یان هەر کتێبێکی ئەدەبی هەبوو. هاوکات بە ڕەخنەی بەپێز و زانستییانە بەشدارییەکی بەرچاوی ئەکتیڤانەیان دەکرد لەوانە: (د. عزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ئازاد عەبدولواحید، د. عەزیز گەردی، کەمال میراودەلی) و چەندانی تریش کە بە ڕاستی زۆر دڵسۆزانە بە تەنگ پرۆسەکەوە دەهاتن و خزمەتێکی بەرچاویان بە ئەدەبەکەمان کردووە، بۆیە مایەی ڕێز و خۆشەویستی سەرجەم نووسەران بوون، حەق وایە نەوەی ئەمڕۆش خەمێکی خۆیان بخۆن و ئاوڕێک لەو بوارە گرنگ و زیندووە بدەنەوە.